# ئەلکساندر سیرگییڤیچ پوشکین

١٨٣٧-١٧٩٩

## پێشەنگی ئەدەبی ڕووسی

و: حەمە کەریم عارف

پێڕست


* . لەجیاتی پێشەکی

* . پوشکین، پێشەنگی ئەدەبی ڕووسی

* . دۆبرۆفسکی

* . دەقی قەرارو ڕەئی دادگا

* . کرێوە

* . ئیبراهیم، "خولامی پەترۆسی گەورە"

## لەجیاتی پێشەکی

### پوشکین

### ١-شاعیرو بنەماڵەکەی :

ئەلکساندەر سیرگی لڤوڤیچ پوشکین، لە شاری مۆسکۆ، لە ١٧٩٩/٥/٢٦ لە دایک بووە. بابی، سیرگی لڤوڤیچ Lvovitch موڵکدارێکی نەجیمزادە، لە بنەماڵەیەکی قەدیمی بوو، ئەوەندە بە کارەکانی خۆیدا رانەدەگەیی‌و گوێی نەدەدایە،تەنیا سووکە دەرامەتێکی لە موڵکەکانی هەبوو، چونکە گوێی بە خزمەتکردنیان نەدەدا. شەو ورۆژ هەر خەریکی خواردنەوەو رابواردن و خۆشگوزەرانی بوو، ولەزەتی لەم کارەش دەبرد. وێڕای ئەمەش زەوق وسەلیقەی شیعری هەبوو، هەر کاتێ بیویستایە دەیتوانی بە فەرەنسی وورووسی شیعر بڵێ.

ئەوەی لە شیعرەکانی پوشکیندا هەیە رەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی. خووخدەی ئەوو تەنانەت تایبەتمەندی وخەسڵەتی نەژادی ئەو لە بەرهەمەکانیدا بە تەواوەتی خویایە، هەروەها رەگ ورەچەڵەک و ئەسڵوفەسڵی خۆی لە بەرهەمەکانیدا نواندووەو بەرجەستە کردووە. هەرچەندە پوشکین لە نەژادو رەچەڵەکی رووسی بوو، بەڵام خوێنی ئەفریقیایش لە دەمارەکانیا هەبوو، چونکە دایکی، (نادژدا ئوسپیوڤنا – Nadejda Ossipovno) نەوەی (ئابراهام هانیپال) بوو کە لە دەرباری پوترووسی گەورەدا پایەیەکی هەبوو، و چونکە زۆر رەش بوو، ناویان نابوو (قولەکەی پوترووسی گەورە). هانیبال کوڕی یەکێک لەو شازادانە بوو کە لە حەبەشەدا پاشایەتیان کردووەو بە بارمتە بۆ ئەستەمبوڵیان بردبوو و لەوێندەرەوە بۆ رووسیا رۆیی بوو، و پوترووسی مەزن ناچاری کردبوو کە ببێ بە نەسرانی‌و لەوە بە دواوە بوو بە یەکێک لە نزیکانی ئەو. پوشکین بەخۆی ژیانی ئەم باپیرەی لە دایکەوە، نووسیوەو لە کتێبێکدا کە بە ناونیشانی (بەیاناتی بیلکین – Bielkine) بە پەخشان نووسیویەتی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە.

بابی، سیرگی لڤوڤیچ، یەکێک بوو لە موڵکدارە دیارەکانی زەمانی یکاترینی دووەم، واتە پیاوێک بوو ئاداب زان وخاوەنی زانیارێن جۆراوجۆرو لایەنگری باوەڕێن ڤولتیر وئازادئەنێش و پابەندی داب ونەریتی دەرباری. بۆیە کوڕەکەی هەر بە منداڵی بە مامۆستاو پەروەردەکارانی فەرەنسایی سپارد، وئەم پەروەردەکردنە بە جۆرێ کاری تێکرد کە پوشکین بە رادەیەک خووی بە فەرەنسیەوە گرتبوو وئاشنای بوو بوو کە لە ساڵی ١٨٣١دا، لە تەمەنی سی‌و دوو ساڵی دا، نامەی بۆ یەکێک لە دۆستەکانی، بە ناوی چائادایف – Tchaadaief نووسیوەو دەڵێت: "…. من بە زمانی ئەورووپا قسەت دەگەڵ دەکەم، چونکە بەم زمانە لە زمانی خۆم ئاشنا ترم…" لەو زەمانەدا گەلێک لە نەجیمزادەکانی رووسیا ئەو جۆرە لافو گەزافەیان لێدەدا، دەنا گومانی تێدا نیە کە پوشکین وێڕای ئەمەش زمانی رووسی لە هەموو کەس باشتر زانیوە. لە هەشت

ساڵیدا کە لە مۆسکۆ بوو چونکە زۆربەی رۆژان کارامزین و دیمتریفو باتیوشکوفی شاعیرانی ئەو زەمانەی لە ماڵی خۆیاندا دەبینی کەڵکەڵەی شاعیری کەوتە سەروهەندێ شیعری بە فەرەنسی و بە چاولێکەری، بۆ یادی ڤۆلتیر دانا.

ئەم منداڵە لە قوتابخانەدا ئەوەندە مایل بە دەرس خوێندن نەبوو، ودڵی نەدەدایە هیچ شتێک، وبە تایبەتی حەزی لە بیرکاری نەدەکرد. وێڕای ئەمەش هەر بەو منداڵییە جۆرە تاسەیەکی کتێب خوێندنەوەی هەبوو، وبە دزییەوە دەچووە کتێبخانەکەی بابیو هەر کتێبێکی بەردەست دەکەوت بۆ ماوەیەکی درێژ دەیخوێندەوە. لەو زەمانەدا، لە رووسیا، باو بوو کە نەجیمزادەکان زیاتر رموودەی زمانی فەرەنسی بوون، وچونکە لە ماڵباتی (پوشکین)شدا ئەم باوە هەبوو، ئەم منداڵەش لە منداڵیدا بە فەرەنسی باشتر لە رووسی قسەی دەکرد.

لە هەشت ساڵیدا گوساخ و حازر وەڵامو زیتەڵو بێ موبالات بوو، بە رادەیەک کە باب و دایکی خۆشیان نەدەویستو هەرگیز نەوازش ودلۆڤانیو میهرەبانی لێیان نەبینی. لە ساڵی ١٨٠١دا ناردیان بۆ قوتابخانەی سەرەتایی (تسارسکویە سلو- Tsar Skoye-Slo) کە تازە بۆ نەجیمزادان کرابووەوە.

دوای ساڵێک مامۆستایان و پەروەردەکارانی قوتابخانەکە بەمجۆرە رای خۆیان لەمەر ئەو دەربڕی بوو: "....قەریحەو بەهرەی باشە بەڵام جێگیر نیە... زەوقی ناسک و تیژە بەڵام ورد نیە... بەهیچ جۆرێ دڵ ناداتە شت... تواناى حازر وەڵامی هەیە بەڵام بەدبەختانە بۆ شتی بێهوودە... جرپنە" لە هەموو تەمەنی پوشکیندا، خەڵکانی رواڵەتبین و ئەوانەی کە بە باشی نەیاندەناسی، دەبوایە هەمان ئەو قسانە دەربارەی ئەو بکەن.

پوشکین لە قوتابخانەی دوا ناوەندی بایەخی زۆری بە کارێن زەوقیو هونەری دەداو کتێبی دەخوێندەوەو بیری دەکردەوە. لە تەمەنی پانزە ساڵیدا وەک بڵێی هەمان راوبۆچوونی مامۆستاکانی خۆی، دەربارەی خۆی هەبوو بێ، بۆیە ئەم چوار دێڕە شیعرەی بە فەرەنسی دەربارەی خۆی گوتبوو:

لە شەرارەتدا شەیتانی تەواو

لە سیمادا مەیموونی راستی

لە رادەبەدەر بزێو، تا بڵێی جرپن

بەگیانی خۆم ئەمەیە پوشکین

پوشکین بە گوێی سەرانو بەرپرسانی قوتابخانەی نەدەکردو هەر لە ساڵی یەکەمەوە کە بە دوا ناوەندیان سپارد، قوتابیەکانی دیکەشی بۆ ئەم کارە هاندەدا، لەو دواناوەندیەدا مامۆستایانو فێرکارانی فەرەنساییش هەبوون، یەکێک لەوانە (بودرێ- Boudry) ناوێک بوو کە بۆ شاردنەوەی ئەسڵو فەسڵی خۆی ئەم ناوەی

لە خۆی نابوو، چونکە لە راستیا برای داک و بابی (مارا)ی شۆڕشگێڕی بەنێوبانگی فەرەنسی بوو، و بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ هزرین و ئەندێشەی براکەیدا تێکی دەکردەوە.

لە قوتابخانەدا گۆڤاری دەستنووسیانیش بڵاودەکردەوەو گەلێک لە قوتابیان شیعریان تێدا بڵاودەکردەوە، (پوشکین)یش شیعری زۆری بڵاوکردەوە،و ئەو کەسانەی کە ئاگایان لەمە بوو، و ئەم شیعرانەیان خوێندبووەوە، پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە دەبێت بە شاعیرێکی گەورە.

لە ساڵی ١٨١٤دا، لە گۆڤاری (پەیامی ئەوروپا)ی گۆریندا، چەند شیعرێکی بە چاولێکەری (ئوسیان)، شاعیری ناوداری سکوتلاندی و (پارنی) شاعیری فەرەنسایی بڵاوکردەوە، و لە پاینی شیعرەکاندا دوو پیتی یەکەمی ناوی پوشکینیان، هەمان قوتابی سەرچڵ و سەرچەوت و نەژنەوی دوا ناوەندی ناڤبری، دانا بوو.

لە نێو قوتابیانی ئەم دوا ناوەندییەدا کە زۆربەیان خراپ و دەرس نەخوێن بوون، بەڵام شیعری باشیان دەگوت، خەڵکانی دیکەش هەبوون کە دوایی لە سیاسەت یان ئەدەبیاتی روسیادا ناویان دەرکردووە، لەوانە: (ئەی ئێم گۆرچاکۆف- A.A. Gortchakof) کە بوو بە سەرەک وەزیران، و ئەی ئەی دلڤیک A.A. Delvigی شاعیری بەناوێ. پوشکین لە هەموویان زیاتر بەهرەی شیعری تیا بوو. کارامزین و ژۆکۆفسکی، شیعرەکانیان بەگەن دەکرد، بەڵام مامۆستاکانی باوەڕیان وابوو کە: "ئایندەیەکی ئەوتۆی نیە". هەڵبەتە کەس وکارەکەشی لە ماڵەوە زیاتر بەلای بۆچوونی مامۆستاکانیا دایاندەکێشا.

لە ١٨١٥/١/٨دا لە قوتابخانەدا کۆبوونەوەی تاقیکردنەوەی ناوخۆ بوو تا بە زاراوەی ئەو زەمانە (بچووکان) بە پایەی (گەوران) بگەن. شاعیری کۆنە ساڵی ناوداری ئەو زەمانە دیرژاڤین، وەکو یەکێک لە تاقیکەرەوەکان بە عینوانی میوانی شەرەف لەوێ دانیشتبوو. کە پوشکین-یان بانگکرد، لە دوو هەنگاوی شوێنەکەی دیرژاڤینەوە وەستاو پارچە شیعرێکی بە ناونیشانی (یادگارەکانی تسارسکویە سلو) کە لەسەر رێبازی شیعرە نیشتمانیەکانی دیرژاڤین داینا بوو، خوێندەوە. ئەم شیعرە ئامادەبووانی هێنایە حاڵ و جۆش وخرۆش، دیرژاڤین بە چاوانی تەژی روندکەوە لە جێی خۆی رابوو، وئەو منداڵەی لە ئامێز گرت. پوشکین لەم رەفتارە ترساو هەڵات، و دیراژڤین بە دەنگی بەرز دەیگوت: "کەسێک کە ببێ بە جێنشینی دیرژاڤین ئەوە".

لە ساڵانی دواتردا پوشکین ئاشنایەتی دەگەڵ پلەدارانی گاردا،کە لە سەربازگەی تسارسکویە سلودا بوون، ئاشنایەتی پەیدا کرد. لەو زەمانەدا زۆربەی ئەم پلەدارانە بیروبۆچوونی توندڕەوانەیان هەبوو، وشاعیری لاو بە رێنوێنی پلەدارانی گروپی ناسراو بە(هوسارد –Husard) کە بەشێک بوو لە گروپەکانی گارد، ئاشنایەتی دەگەڵ وەشانخانەیەکی نهێنیدا کە لەو زەمانەدا رەواجی هەبوو، پەیدا کرد.

یەکێک لەو پلەدارانە هەمان چا ئادائیف، دۆستی پۆشکین بوو، کە پاش ئەوە ناوبانگی دەرکردو کارێکی زۆری کردە سەر شاعیری لاو. چا ئادائیف پیاوێکی یەجگار هزرڤانو دانا بوو، بیروبۆچوونی توندڕەوانەی هەبوو، و بیرو بۆچوونەکانی کارێکی زۆریان لە روحی پوشکین کرد.

## ٢-یەکەمین شاکارێن پوشکین :

پوشکین و هاوپۆلەکانی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨١٧دا قوتابخانەیان تەواو کرد. لە هەمان ساڵدا ئەنجوومەنێکی ئەدەبیو سیاسی بە ناوی (ئارزاماس)ەوە هەبوو، ئەوی بە ئەندام وەرگرت، و ئەم لاوە بە جۆش و خرۆشێکی فرەوە داخڵی ئەدەبیات و سیاسەت بوو. یەکێک لە ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە (ریلیئف – Ryleief) بوو کە لە سیاسەتدا شارەزاتر بوو تا لە ئەدەبیات، هەرچەندە یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەو ئەنجوومە دژایەتی بنەما ئەدەبیەکانی شیشکف بوو کە لەو سەروبەندەدا ئەم بنەمایانەیان بە تاقە میتۆد ورێبازی ئەدەبی دەزانی. پوشکین، بە پێچەوانەوە زیاتر دڵبەندی ئەدەبیات بوو تا سیاسەت.

پوشکین کە قوتابخانەی تەواو کرد، دەبوایە بەپلەی (کاتبی قوتابخانە) دابمەزرێ، بەڵام لە سانپوترۆسبۆرگ لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە دامەزراو ساڵی هەوت سەد منات موچەیان بۆ بڕییەوە. لەو رۆژگارانەدا دامەزرانی نەجیمزادان لە دایەرەێن دەوڵەتیدا تەنیا ناو بوو، چونکە هیچ کارێکیان نەدەکردو بە دەگمەن لە دایەرە ئامادە دەبوونو دەوامیان دەکرد، وهەر لە خەمی بەرز بوونەوەی پلەو پایەدا بوون، بۆیە پوشکین دەرفەت وماوەیەکی یەجگار زۆری هەبوو.

داک وبابیشی لە پوتروسبورگ خانوویەکیان گرتبوو، ئەو پەیوەندییە خانەوادەییو ئاشناییەی کە هەی بوو رێگای ماڵە دەوڵەمەندو ئەشرافەکانی لێکردەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لەم ژیانە دوا نەکەوێ پێویستی بە هەندێ دەرامەتان هەبوو وئەو موچەیەش کە لە دەوڵەتی وەردەگرت، بەشی ئەم کارەی نەدەکرد. لەلایەکی دیکەوە توانای مادی باب و داکیشی ئەوەندە کەم بوو هەندێجار بابی رەزیلییەکی زۆر دەکرد.

بۆیە شاعیری لاو شێت ئاسا خۆی بە گێژاوی ژیانی پایتەختی تزارەکاندا کرد، دەستی دایە ژیانی رابواردن وخواردنەوە، بەڵام بادەنووشییەکانی ئەو زیاتر کارێکی منداڵانە بوو، وبۆ ئەوە بوو کە لە خەڵکانی دی دوا نەکەوێت ولە کەس کەمتر نەنوێنێ.

لەم سەروبەندەدا هەندێ شەوان لە ماڵی چائادائیفدا، کە ئەویش هاتبووە پوتروسبۆرگ، دەمایەوەو دەربارەی هەندێ مەسەلەی زۆر جدی گفتوگۆو گێنگەشەی دەگەڵ دەکرد. هەندێجاریش لەگەڵ کارامزیندا دادەنیشت و لەم قۆناغەدا قەریحەو بەهرەو زەوق و سەلیقەو موتابەعەی ئەو مایەی سەرسامی هەمووان بوو. لە هەموو شتێک سەیرتر ئەمە بوو کە لە ناو ئەو ژیانی رابواردن وخۆشگوزەرانیەدا چتۆ دەپەرژا ئەو هەموو شیعرە

بڵێ! لەو سەردەمەدا بە دانانی بەیتێک لە ژێر سەرناڤی (روسلان ولویدمیلا) دەستی پێکرد. لە ساڵی ١٨١٨دا لە ئەنجوومەنی ئەدەبی ناڤبریدا هەوەڵین شیعرەکانی ئەم بەیتەی بۆ هاوکارەکانی خۆی خوێندەوە. ژۆکۆفسکیو باتیوشکف کە لەو کۆڕەدا ئامادە بوون، سەریان سوڕماو گوتیان: "شتێکی تازەیە!" لێ لایەنگرانی رێبازی شیشکوف پەسندیان نەکردو بە لاسایی کردنەوەیەکی نا تەواوی شاعیرانی پێشوویان دانا.
چەند ساڵێک پێشتر لە بەیتێکی منداڵانەدا کە بەنێوی (گارودوک – Gorodok) داینا بوو، بە چاولێکەری لوردبایرون لەو یاداشتە بەناوبانگەدا کە(مور) بڵاوی کردووەتەوە، ئەمیش وێنەیەکی ئەو کتێبانەی کە خوێندبوونیەوە،بە شیعر هۆنیبووەوە، لە نێو ئەم شاعیرە گەورانەدا کە پوشکین لەم بەیتەدا ناوی بردبوون، مولیر لە بەرانبەر ئاندرەشنیەو برانژە لە بەرانبەر ئوسیان دانراون. هەموو ئەم بابەتانە لە (روسلانو لیودمیلا)شدا بەرچاوو دەکەونو جگە لەوانە شوێنەوای (ویلاند – Wieland) شاعیری ئەڵمانیو (هردر – Herder)ی حەکیمی ئاڵمانیو هەروەها شوێنەواری هەندێ لە شاعیرانی ئیتاڵیایی ئاشکرایە. پوشکین جەوهەری ئەم بەیتەی لە داستانێکی گەپ ئامێزی (ئاریوست – Arioste)ی شاعیری بە نێوبانگی ئیتاڵیاییەوە کە (رۆڵانی توڕەی) ناوە، وەرگرتووەو بە شێوەیەکی گشتی ئەم بەیتە کۆمەڵە شیعرێکە کە هەر شتێکی لە شوێنێک و لە کەسێکەوە وەرگرتووەو لەم بەیتەدا لێکیداون. وێڕای ئەمەش شتێکی گەلەک جوانیشی تێدا هەیە، ئەویش ئەمەیە کە بنەماو رێسا تەوس ئامێزەکانی شاعیری ئیتاڵیایی کردووە بە زەمینە بۆ چیرۆکێکی میللی،وەهەمان کاری کردووە کە پێش ئەو لە ئینگلتەرادا هامیلتۆنو خەڵکانی دی هەوڵیاندا بوو بیکەنو وەکو پێویست دەرەقەتی نەهاتبوون. هامیلتۆن لە چیرۆکێن پەریان دا کە بەم شێوەیە داینا بوو تەنیا بابەتانی ئەفسانە ئامێزی سەیرو سەمەرەی سواو وکۆنی هەڵبژاردبوو، بەڵام پوشکین دەستی بۆ بابەتێک بردبوو کە تازە ئاشکرا بوو بوو وهێشتا کەس خۆی لێنەدا بوو. پاشان کە ئەزموونی پوشکین لە بواری شاعیریدا دەوەڵەمەندتر بووە، باشترین پرەنسیپو بنەمای چیرۆکبێژی بازاڕی لەم جۆرە بابەتانەدا گرتۆتە بەرو بە تەواوەتی رێگەی حەقیقەتی بڕیوەو راستگۆیی لە دەست نەداوە.
لەم سەروبەندەدا پوشکین بەش و پاژەکانی (روسلان و لیودمیلا)ی یەک یەک دەهۆنیەوەو بەدەم ئەوەوە غەزەلیاتی زۆریشی دەگوت. ئەو شاعیرانەی کە لەو بە تەمەنتر بوون زۆر بە گەرمی پێشوازیان لە پێشکەوتنو گەشەکردنی قەریحەو سەلیقەی شاعیرانەی دەکرد.
سەرەنجام بەیتی (روسلان و لیودمیلا)ی لە مانگی مارسی ١٨٢٠دا تەواو کردو بڵاوبوونەوەی بەوەرچەرخانێکی مێژوویی گرینگ لە ئەدەبیاتی رووسیدا دەژمێردرێ. دڵگیری و رەوانی دێڕەکانی ئەم بەیتەو ئەو هونەرکارییەی کە لە رێکخستنی بەشە جیاوازەکانیا کردویەتی، و دەربڕینی زۆر روون و ئاشکرای ئەو،و زمانە زۆر سادەو مەفهومەکەی کە دوورە لە هەر موبالەغەو گەزافەبێژییەک، بووە مایەی سەرسامی.

ئەوەی کە لە هەموو شتێک پتر سەرنجی راکێشاوە ئەمە بوو کە شاعیر بە هیچ کلۆجێ لە بەکارهێنانی زاراوەی عامیانە نەپرینگاوەتەوەو ئەمە هەرگیز لە شیعری رووسیدا پێشینەی نەبووە.

٣-تاڵی و مەینەتیەکانی ژیان :

لەو دەمانەدا کە ئەم شاعیرە کەوتبووە سەر سکەی شۆرەت و نێوبانگ، رووداوێکی ناخۆش هاتە پێشێ. سیاسەتی ئیمپراتۆر ئەلکساندەری یەکەم لە جاران زیاتر بەرەو کۆنەپەرستیەت دەچوو. کاروبارە ناوخۆکانی وڵاتی بە دەستی (ئاراکچئیف – Araktcheief) سپارد بوو و ئەویش هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو کە گوشاری سوپایی لەسەر خەڵکی پتر بکات و هەموو کارێک هەر بەزۆرو تۆبزی بکات.

وڵاتی رووسیا لە ئەنجامی شەڕێن پەیتا پەیتا، هەژار بوو بوو. ئەو ئەفسەرو پلەدارە لاوانەی کە بەدەم لەشکرکێشییەوە بۆ وڵاتانی بێگانە، بە تایبەتی فەرەنسا چوو بوون و کەمێک لەوەپێش شۆڕش لەوێ بەرپا بوو بوو، لە رۆژاوای ئەوروپادا بنەما وریسای حکومەتێکی ئازادانەتریان بینی بوو. هەموو ئەمانە بووبوونە باعیسی ئەوەی کە ناڕەزاییەکی زۆر دەرهەق بە سیاسەتی دەوڵەت هاتبووە ئاراوە، لە نێو ئازادیخوازانی چینی نەجیمزاداندا، پارتی نهێنی دامەزرابوو و دەیانویست دەسەڵاتی چینی فەرمانڕەوا سنووردار بکەن.

پوشکین لەو سەردەمەدا، پەیڤدارو جارچی نارەزاییەتیەکانی چینی نەجیبانی وڵات بوو، بۆیە هەجوویەکی زۆری دەربارەی ئەلکساندەری یەکەم و یاریدەدەرو هاوکارەکانی دەگوت. لە بەیتێکیدا (منڤومە) کە (گوندی) ناوە، کۆیلایەتیو ئەسارەتی جووتیارانی بە زمانێکی یەجگار زبرو ناشیرین وەسف کردووە. نوسخەی شیعرەکانی لەسەرانسەری رووسیادا بڵاوبووەوەو زۆری نەبرد هەرئەفسەرو پلەدارێکی بچووک کە سووکە سیواتێکی هەبا شیعرەکانی ئەوی لەبەر دەخوێندەوە.

لە ساڵی ١٨١٤دا کە یەکەمین هۆزانێن پوشکین بڵاوبووەوە، لە هەموو ئەوروپادا جۆشو خرۆشێک لە سیاسەت وئەدەبیاتدا بەدی دەکرا. لە بەریتانیادا بایرون ئاوازە پەراگەندەکانی گودوین- Godoinو توماس پین – Thomaspayneو بورنز – Burns و لاندور- Landی لە داستان سەرایی خۆیدا گردکردبووەوەو بانگی ئازادیخوازی هەڵدا بوو. لە ئیتاڵیادا. مانزونی- Manzoniو هوگوفوسکولو- Hugofoscolo، هەمان رێچکەی خەونەکانی (دانتی)یان گرتبوو کە بریتی بوو لە یەکێتیی و پەیوەستەگی میللەتانی لاتین. لە فەرەنسادا، شیعرو نووسینی شاعیرانەی شاتوبریان و بنجامین کونستانو سنانکورت و مەدام دوستال بوو بوو بە قیبلەنماو سەنگەری ئەو روحانەی کە عەوداڵی سەربەخۆیی بوون و تۆڵەی خۆیان لە بەرهەمەکانی واندا دەبینییەوە. لە ئاڵماندا لەسەر گۆڕی (ویلاند) کە هێشتا وشک نەبوو بووەوە خەڵکانی مەستی سەرفرازی وشادی ئاهەنگی ئازادی خۆیان دەگێڕا.

ڕێبازی ڕۆمانتیزم-ش کە لە ئەدەبیاتی ئەورووپادا دەستی پێکرد بوو، هەر ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە بوو، کەچی تەقریبەن هیچ شتێک لەو وەزع و حاڵ و بیروبۆچوونانە لە رووسیادا پەیدا نەبوو بوو،چونکە لەم وڵاتەدا چینی هزرڤان وچینی ئەدیبان هێشتا بە تێکەڵەیەک لە خەڵکانی هەڤدژ دەژمێردران، وهەستپەروەری و ژیاندۆستی زانایانی گەشبینی فەرەنسی و ڕەگەزێن فەلسەفەی شلینگو Shilling و ئوکن- Oken، زانایانی ئەڵمانی، و رووسپەروەری و تەسەوف لەگەڵ مرۆڤپەروەری خەیاڵی شیلرو ئامۆژگارییەکانی ئادەم سمیت – Adam smithی ئابوریزانی سکۆتلاندی و هزرێن ئاڵۆزی ئازادیخوازی و مەشروتەخوازی تێکەڵی یەکدی بوو بوو. بەڵام لە نێو ئەم هەموو هەراو هەنگامەیەدا، زمانێکی تازە پەیدا بوو بوو کە بە فاکتەرو هۆکارێکی زۆر چاک دەژمێردراو چاوەڕوانی مامۆستایەک بوو کە بۆ ئاوازە دەرونی و بێرونییەکانی بەکار بێنێ، لە نێو ئەم هەراو هوریایەدا کەسایەتیەکی ئەخلاقی تازە سەری دەرێنا بوو کە بیرو هەستی پاکژو خالیسەی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتبوو، ئەویش ڕوسیایەکی نوێ بوو کە (کریلوف)ی شاعیر بەر لە هەمووان ناساندبووی و دەبوایە پوشکین ئەم ناساندنە تەواو بکات و ئەم ئاڵایە بە دەستی گوگولو تورگنیف، جێنشینانی شایستەی خۆی، بسپێرێت.

هەندێ کەس باسی ئەم خاڵەیان کردووە کە ئاخۆ پوشکین، نوێنەرو ناسێنەری ئەم کەسایەتیە بووە یان نا؟ ماوەیەکی دوور ودرێژ، لە رووسیاشدا، لەم بارەیەوە باس و خواس و گێنگەشەیان کردووە. ئەو کەسانەی کە هاوعەسری پوشکین بوون. جگە لە گۆگول، واتە هەوەڵین ڕەخنەگرانێ کە لەو وڵاتەدا پەیدا بوونە، میناکی نادیژدین – Nadiejdine و دوای ئەو پالیڤوی – Palevui هەمیشە بە هەڵەو ناهەقی ئەویان بە لاسایی کەرەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژاوا زانیوە. یەکەم کەس کە لێیان ڕابوو ڕەخنەگری ئاڵمانی، فارنهاگن ڤون ئەنز – Farnhagen Von Enze بوو. لە دوای ئەو بەرە بەرە لە رووسیاشدا کەوتنە دژایەتی ئەو بیرو باوەڕە کۆنەو ئیدی چ گومانێک نەما کە پوشکین باشترین نوێنەری روحی رووسیاو فەسیحترین تەرجومانی ئەو هەست و سۆزو هزرانە بووە کە لە زەمانی ئەودا لە نێو چینی ڕۆشنبیری ئەو وڵاتەدا باو بووە.

خاڵێکی دیکە کە دەربارەی پوشکین دێتە پێشێ ئەمەیە کە ئایا ئەم شاعیرە هەستیارە، کە هەمیشە گوزارشتی لە هەست و سۆزی هاووڵاتیانی کردووە، دەبێ بە شاعیری نەتەوەیی رووسیا بژمێردرێ، یان دەبێ پایەی ئەو بەرزتر بکرێتەوەو لە خانەی شاعیرانی دنیای مرۆڤایەتیدا دابنرێ وهزر وبیری نەخرێتە قاڵب وچوارچێوەی تەنگی بیری نەتەوەییەوەو بەڵکو دەبێ بگەیەنرێتە ئاستی بەرزی بیری مرۆڤایەتی شاعیرانی جیهانی؟ جا لەم زەمینەیەدا بەناوبانگترین داکۆکیکاری بێگانە لە پوشکین، (ئوژن ملشیور دڤوگە –

Engene Melchior Devoge)ی ڕەخنەگری فەرەنسیە کە دەڵێت: "پێویستە ئەم شاعیرە لە نەتەوەکەی خۆی وەربگیرێ و بدرێ بە دنیای مرۆڤایەتی".

جا لێرەدا بە ناچاری خاڵێکی دیکە دێتە پێشێ کە سەبارەت بە هەموو شاعیرانی گەورەی جیهانیش دروستە، ئەویش ئەمەیە کە شاعیر تا پتر پابەندی میللەتی خۆی بێت و ڕوونترو ڕەوانتر هەستی نەتەوەیی خۆی دەرببڕێ، قازانجی بۆ تیرەی بەشەر پترەو تاپتر شەقڵی شەخسیو تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی بەرجەستەو ئاشکرا بکات، پتر جێگەی بایەخی خەڵکی دەبێت و دەبێتە مایەی سەرنج.

ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە دەتوانین دەربارەی فیردەوسی بیهێنینە ناو ناوانەوە، گومانی تێدانیە کە ئەگەر شانامەکەی فیردەوسی تەنیا کۆمەڵە هەستێکی هاوبەشی تیرەی بەشەر بوایە،و ئەم هەموو شیعرە دڵگیرەی تێدا نەبوایە کە هەستی تایبەتی نەژادی ئێرانی پێ دەربڕیوە، بێگومان بایەخی کەمتر دەبوو. جیاوازی زۆر زەق وئاشکرای مابێنی شاعیرانی ناوەنجیو شاعیرانی زۆر مەزن ئەمەیە کە شاعیرانی مامناوەندی لە سنووری عمومیاتی هەستێن بەشەری هێوەتر ناڕۆنو شاعیرانی مەزن ئەو کەسانەن کە هەموو هەست وسۆزو شادی و خەمی نەژادو وڵاتی خۆو کۆمەڵگەی خۆو تەنانەت شەخسی خۆشیان دەکەن بە تانوپۆی شیعرەکانیانو لە سنووری عمومیات ڕوانی بۆ جیهان ، هێوەتر دەڕۆن.

دەتوانرێ هەمان قسە دەربارەی (پوشکین)ش بکرێ ،چونکە هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە بەرهەمەکانی ئەو تا ڕادەیەک بە توخم ورەگەزی بێگانە ئاوێتەن و زادەی هەمان ئەو قۆناغە بەرزەخیەیە کە ئاماژەم کردێ، واتە زادەی قۆناغێکە کە ئەدەبیاتی ڕووسی هێشتا ڕێگەیەکی سەربەخۆی بۆ خۆی نەکردبووەوە، ولە هەر لایەکەوە نموونەیەکی دەکرد بەسەر مەشقی خۆی، تا لە نێو ئەو نموونە جیاوازانەدا بە زەوق وپەسندی خۆی شتێک هەڵبژێرێ. بەڵام ڕوحی پوشکین لەنێو ئەو بەرهەمە، ئاوێتانە بەرەگەزێن بێگانە، ماوەیەکی زۆر مژولی دانانی بەیتێکی زۆر گرنگ بوو کە لە ١٨٢٢ تا ١٨٣١ ماوەی نۆ ساڵی تەمەنی خۆی، کە مەخابن زۆر کورت بووە، بۆ تەرخان کردووە، ئەو بەیتە ناودارە کە پێویستە بە شاکاری ئەو بژمێردرێ (یڤگینی ئونیگین- Ebgueni Onieguine) بەرهەمی زندووی ئەوەو گومانی تێدا نییە کە شاکارێکی نەتەوەییەو لە ڕیزی باشترین ئەو نموونانەیە کە شاعیرانی گەورەی جیهان بۆ دەربڕینی هەستێن نەتەوەیی نەژادی خۆیان، گوتوویانە.

ناڕەزایی پوشکین لە وەزع وحاڵی ئەو ڕۆژگارە، لە بەشێکی بەرهەمەکانیا ڕەنگی داوەتەوەو ماوەیەکی زۆر دەستنووسی گەلێک لە شیعرەکانی لە نێو خەڵکیدا دەستاو دەستی دەکرد. لەوانە هۆنراوەیەک بە نێوی "ستایشی خەنجەر" کە بەبۆنەی ئیعدامی (کارل سان- Karl Sand)، بکوژی (کوتزبو- Kotzebue) کە یەکێک بوو لە پیاوانی سیاسی ڕووسیا، داینا بوو، و هەجوویەک دەربارەی ئاراکچێیفو هۆنراوەیەکی

دیکە بە نێوی (گابریلید- Gabrielide) بە تەقلیدی (جەنگی خودایان)ی (پارنی) شاعیری فەرەنسایی کە تەنانەت لە رووی وشەو بیریشەوە، دوور لە چاوەڕوانی خەڵک، لە هۆنراوەکەی (پارنی)ش توندتر بوو،بەڵکو شاعیر لەو شیعرەدا مەبەستی فەلسەفیشی نەبووە.

وا دیارە پوشکین زۆری لەم جۆرە شیعرانە وتووە کە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خەڵکی ئەو زەمانەوە پڕ بوون لە وشەوماناو چەمکی تایبەتیو نهێنی، بۆیە تا ماوەیەکی زۆر ئەو جۆرە شیعرانەیان لە چاپی "کۆ بەرهەمەکانیا" دانەناوە، وەکو هەمان ئەو (شۆخیبازی)و (ریشخەن)و (خەباساتە)ی کە هەندێ جار لە بەرهەمی شاعیرانی گەورەی ئێرانی، تەنانەت (سعدی)شدا دەبینرێ کە هەمیشە رەخنەگران دەخاتە گومانەوە کە ئەو شیعرانە بەهی ئەو شاعیرە مەزنە دابنرێ و وەکو بەشێک لە بەرهەمی ئەو بڵاوبکرێتەوە یان نا، بۆیە لە هەندێ نوسخاندا هەیەو لە هەندێکی دیکەدا نیە. تەنانەت هەندێ کەس پێیان وایە لەو نوسخە باوانەی ئەمڕۆی کۆ بەرهەمەکانی پوشکیندا، لەبەر هەندێ نەرمکێشی دەستکاری ئەسڵی قسەکانی وی کراوەو هەندێ پەیڤ و وشەی توندو زبریان لابردووەو وشەو پەیڤی نەرمیان لە جێی داناوە. بۆیە ماناکانیان بە جارێ گۆڕاوە، هەڵبەتە نابێ ئەوەش لە یادبکرێ کە هەندێ کۆ شیعری گەپ ئامێزو شۆخیبازی و هەجوو لە دەرێی رووسیادا بە ناوی پوشکینەوە چاپ بووە.

٤-لە تاراوگەدا :

هۆی ئەو رووداوە ناخۆشانەی کە دوای ئەمە بەسەر پوشکین دێن، ئەگەر ئەم شیعرانە بووبن، یا بیروباوەڕی سیاسی ئەو بووبن، لە هەردوو بارەکەدا ئیمپراتۆر ئەلکساندەری یەکەم لێبڕا کە یا بۆ سیبریای دووربخەنەوە یان لە دێری (سولوڤتیسکی – Solovetski) بەند بکرێ، دۆستەکانی، کە ژمارەیان زۆر بوو، نیگەران بوون،و بە زۆری کارامزین و ژۆکۆفسکی لێبڕان لە بری ئەوەی بۆ سیبریا یا دێری سولوڤتیسکی رەوانە بکرێ، بۆ باشووری رووسیا، بۆ شاری (یکاترینوسلاڤ)ی، کە ئەمڕۆ (دەنیپرو پتروڤسک)ی پێ دەڵێن، بنێردرێ کە ژەنەڕاڵ (ئینزوف- Inzof) بەڕێوەی دەبردو تەقریبەن زیندانەوانی ئەم جۆرە کەسانە بوو،و لەبەر ئەمە "سەرپەرشتیاری هەموو موهاجیرانی رووسیا"یان پێ دەگوت.

پوشکین لە ١٨٢٠/٥/٦دا لە پوترووسبۆرگ وەدەرکەوت. ئەم دوور خستنەوەیە هێندەی دی شۆرەت ونێوبانگی ئەدەبی ئەوی زیاد کرد، وەکو چۆن لە فەرەنسادا هاوعەسرانی ڤۆلتیر بە هۆی بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی ئەوەوە بایەخێکی زۆریان بە کارە ئەدەبییەکانی ئەو(ڤۆلتیر) دا بوو، لە رووسیاشدا هاوعەسرانی پوشکین بە هەمان هۆ شۆرەتێکی زیاتریان پێ بەخشی. دوور کەوتنەوە لە پوترووسبۆرگ بۆ ئەم لاوە نەجیمزادە خۆشگوزەرانو ئەهلی رابواردنە سوودێکی فرەی هەبوو،لەوانە: دوور کەوتنەوەی بوو لە خەڵکانێک کە کاریگەرییەکی باشیان لەسەر میزاجی ئەو نەبوو. هەڵبەتە ئەم دوورکەوتنەوەیە لە بواری

ئەدەبیشدا سوودوکاریگەری خۆی هەبوو، ئەوە بوو دەڤەری قەفقازی ناسیولە ئەنجامی ئەم ناسینەوە کۆمەڵێک بەرهەمی دڵگیر هاتە ئاراوە. لەلایەکی ترەوە وەکو بایرون، خۆی بە مەزڵومو چارەنووس نادیار دەزانیو هەمان ئەو حاڵەتانەی کە بەسەر بایروندا هاتو شاکارە بەناوبانگەکانی لێکەوتەوە، بەسەر ئەویشدا (پوشکین) هاتو هەمان شتی لێکەوتەوە. وەکو چۆن روحی پوشکین لە روحی بایرون نزیک دەبووەوە، جار جاریش پەیڕەوی ئەوی دەکرد. بۆیە ئەم شاعیرە مەزنە لە ساڵی ١٨٢٠ تا ١٨٢٤ کۆمەڵێک کاری گرینگی بەرهەم هێناوە، وەک: (زندانی قەفقاز، فوارەی باخچە سەرای، لولیان، و یەکەمین بەشەکانی یڤگینی ئونیگین) کە هەم دیمەنێن قەفقازو هەم کاریگەری بایرونیان تێدا دەبینرێ و هەروەها یادگاری ئەم سەفەرەین.

بە تەواوەتی ناتوانرێ بگوترێ کە پوشکین ئیلهامی تەواوەتی لە دیمەنێن قەفقازو بەرهەمێن بایرونەوە وەرگرتووە، چونکە ئەو بەر لە هەر شتێک لە ژێر کاریگەریی زەمانو ژینگەو نەژادی خۆیدا بووە. گومانی تێدا نییە کە بەرهەمەکانی ئەو زادەی کاریگەری رابواردنو بادەنۆشی یان خوێندنەوەی هۆزانێن ئەموئەو نەبووە،بەڵکو هەستوسۆزی زۆر شەریفانەو فیداکاریە بەرزەکانیو تەبیعەتی زۆر قورسی ئەو داینەمۆو بزوێنەری زەوق و سەلیقەو بەهرەی ئەو بوون. بەڵکو ئەو تەربیەتەی کە لە لاویدا داویانەو ئەسڵ و فەسڵی ئەو و هاونشینانی هەمیشە هەوڵیانداوە پەڕو باڵی روحی مەزنو تەبعی بەرزی ئەو بکەنو لەو مەقام و پایە روحییەوە دایگرن، بەڵام ئەو هەمیشە خۆی لەم کۆتو بەندانە ئازاد کردووە.

لەم سەردەمانەدا دیمەنانی ژیانی قەفقازی وەرگرتووەو دیمەنانی ئەفسوناوی لێ دروست کردووە کە هەندێ جاریش پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە روحی ئەوەوە نەبووە،و هەروەها پەیوەندی بەو کەسانەشەوە نەبووە کە هەستیانی لەم شیعرانەدا بەرجەستە دەکرد.سەبارەت بە بایرون تەنیا هەندێ گوزارشتی لێوەرگرتووە کە هەندێجار زۆر بووەو هەندێجاریش تەنیا رستەو زاراوەو سووکە دەستەواژانی لێ وەرگرتووە.

یەکێک لە پایەدارانی سوپای سوارە، ژەنەراڵ نیکولا نیکولایوڤیچ رایڤسکی- Rayevski، کە یەکێک بوو لە سەرکردە ناودارەکانی رووسیا لە جەنگی ناپلیوندا، لەم سەردەمەدا لە پوتروسبۆرگەوە بۆ گەڕاوەکانی (ئاوی مەعدەنی) قەفقاز دەڕۆیشتو دوو کیژە چکۆلەکەیو نیکۆلای کوڕی کە لە دەستەی سوارەی گاردی سەروان بوو، لەگەڵ خۆدا دەبرد. پوشکین لە پوتروسبۆرگ لەگەڵ ماڵباتی رایڤسکی دا ئاشنایەتی پەیدا کردبوو و لە زەمانی قوتابخانەی ئامادەیی (تسار سکویە سلو)ەوە کە سەربازگەی هەنگی سوارەی گارد لەوێ بوو، بوو بوو بە دۆستی نیکۆلا.

جەنەرال رایڤسکی بە ئیزنی ژەنەراڵ ئینزف، پوشکینی بۆ قەفقاز برد، وهاوین دەگەڵ ماڵو منداڵەکەی رایڤسکیدا لە گەڕاوەکانی قەفقازدا مایەوە، ئەوجا دەعوەتی رایڤسکی قەبوڵ کردو لەگەڵ ئەواندا بۆ قرم

رۆییو لەگەڵ ئەواندا سێ هەفتە لە (گۆرزوف – Gourzouf) مایەوەو یادگاری خۆشو شادی ئەم سێ هەفتەیە بۆ هەتا هەتایە لە روحی پوشکیندا مایەوە.

لەم سەروبەندەدا، ئیدارەکەی جەنەرال ئینزف لە (یکاترینوسلاڤ)ەوە بۆ شاری کیشینف- Kichinev، لە بسارابیا، گواستبوویەوەو پوشکینش بۆ ئەوێندەر چوو.لە ڕێگەدا توشوی "تێ" بوو و کە نەخۆشییەکەی زیادی کرد لە شاری باخچە سەرای لایداو لەوێ کۆشک وتەلارەکانی قرم و فوارە بەناوبانگەکەی ئەوێندەری،کە بە (فوارەی روندک) بە ناوبانگە،بینی. ئەنجام لە ٣١/ سێپتەمبەری هەمان ساڵدا گەییە کیشینف.بارەگای سەرکردایەتی یەکێک لە لەشکرەکانی سوپای باشوور لەو شارەدا بوو.فەرماندەی ئەم لەشکرە، جەنەراڵ میخائیل فیودوروڤیچ ئورلۆف- Orlof ئەندامی کۆمەڵەیەک بوو بە نێوی (یەکێتیی تەقوا). ئەم پیاوە بەوپەڕی میهرودلۆڤانیەوە پێشوازی لە پوشکین کردو لە ماڵی ئەودا ئاشنایەتی دەگەڵ ئەفسەران و پلەدارانی ئەو لەشکرەدا پەیدا کردو خەڵکی بە زەوق وسەلیقەو هوشیاریان زۆر تێدا بوو.

ئەم(یەکێتی تەقوا)یە دوو لقی هەبوو، یەکێکیان لە پوتروسبۆرگ وئەویتریان لە شاری (تولچینو – Toultchino)ی باشووری رووسیا بوو، کە بارەگای سەرکردایەتی گشتی سوپای باشوور لەوێندەر بوو. ئەندامانی لقی پوتروسبۆرگ خوازیاری دەستورێک بوون کە مافی نەجیمزادانو موڵکداران بپارێزێت. ئەندامانی لقی باشوور کە توندڕەوتر بوون، دەیانویست حکومەتێکی کۆماری میللی لە رووسیادا دامەزرێننو هەموو جیاوازییەکی چینایەتی لابەرن تا هەموو خەڵکی لە مافدا یەکسان وبەرانبەربن.

پێشەوای لقی باشوور سەرهەنگ (پستل- Pestel)ی ناو بوو. پوشکین لە شاری کیشینڤ دا، کاتێ کە پستل بۆ ئەوێ چوو بوو، ناسیاوی لەگەڵ پەیدا کرد. لە دوای ئەوە چەند جارێک لە (کیشینڤ)ەوە بۆ ویلایەتی (کیف) بۆ گوندی (کامینکا- Kamenka) چوو کە گوندێکی بە پیت و بەرەکەت و،لە موڵکەکانی دایکی ژەنەراڵ رایڤسکی بوو،وکوڕێکی لە مێردی دووەمی هەبوو بە نێوی (ڤاسیلی لڤوڤیچ داڤیدوف – Lvovich Davidof) لەوێ دەژیاو ئەندامی کۆمەڵەیەک بوو بە نێوی (کۆمەڵەی باشوور).هەموو ساڵێک لە کۆتایی هەیڤی نوڤەمبەردا بە بیانووی جەژنی لە دایک بوونی خانم، خاوەنی ماڵەکەوە، ئەندامانی ئەو کۆمەڵە نهێنییە، لە کامینکادا کۆدەبوونەوەو پوشکین بە ڕێکەوت لە یەکێک لەم کۆبوونەوانەدا ئامادە بووە .

ئەم هاتوچۆیە دەگەڵ ئەم خەڵکە سەرنجڕاکێشانەدا، کە پێشەوایانی تەڤگەرێن سیاسی ئەو زەمانە بوون، کاری زۆر کردە سەر هزرێن سیاسی پوشکین، وشاعیری مەزن لەسەر بیروبۆچوونەکانی خۆی سوورترو پایەدارتر بوو. خەفێکانی دەوڵەت راپۆرێکیان دایە پوتروسبۆرگو لەو راپۆرە ئەمەیان نووسی: "پوشکین بە ئاشکراو تەنانەت لە چاخانەدا، نەک هەر جنێو بە دامو دەزگای سوپایی دەدات، بەڵکو سوکایەتی بە

دەوڵەتیش دەکات". هەر چەندە پوشکین مەیلی ئەم کۆمەڵە نهێنیانەی هەبوو، بەڵام لە هیچیاندا ئەندام نەبوو. ئەندامی ئەم کۆمەڵانە چونکە لەو سەروبەندەدا لە مانگی دیکابەر (دیسامبەر)دا رابوو بوون، (دیگابەری- Decabriste)یان پێدەگوتن ،هیچ یەکێک لەوانە کە هاوپەیمان بوون و لە مێژووی تەڤگەرێن سیاسی ئەو رۆژگارەدا ناوێکیان هەبوو، رازو نهێنی خۆی بە پوشکین نەگوت.

لەلایەکەوە دەترسان، بەدەم گفتوگۆو گێنگەشانەوە دووچاری هەڵچوونێک ببێ و رازەکەیان بدرکێنێو لەلایەکی ترەوە بە هۆی ئەو بەهرەو سەلیقە شاعیرانە زۆر بەرزەوە کە هەیبوو، مدارایان دەکردو پێیان وابوو دەتوانێت لە رێگەی قەڵەمەوە تا ئەندازەیەک خزمەتو کۆمەکی مەبەستو ئامانجەکانیان بکات.

ئەو دۆستانەی کە پوشکین لە پوتروسبۆرگ هەیبوون، دایمە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە دەوڵەت پوشکین بۆ شارێکی دیکە بنێرێ کە لە باری زانستییەوە لە کیشینف لە بارتربێ. لەم سەروەختەدا (گراف م.س. ڤورونتسوف- M.S.Vorontsof) کە لە ئەوروپا خوێندبووی کرا بە حوکمڕانی دەڤەری ئودیسا. پوشکین بە خۆشییەوە (کیشینف)ی بە جێهێشت و بۆ ئودیسا رۆیی. وەزعو حاڵی مادی ئەو زۆر باش نەبوو، چونکە یەکێک بوو لە ئەندامانی نووسینگەی ئۆفیسی (گراف ڤورونتسوف) مانگانە پەنجاو هەشت مناتو چەند کوپیکێکی وەردەگرت. لەبەر ئەمە زەرورەت و پێداویستی ژیان ناچاری کارێکی دەکرد کە بۆ شاعیرێکی سەر بە چینی نەجیمزادانی ئەو رۆژە زۆر تازە بوو.

لەو ژینگە ئەشرافیەی کە پوشکین یەکێک بوو لەوان، وەرگرتنی پولی نەخت لە بری کارێن ئەدەبییان بە مایەی ریسوایی‌و ئابڕوچوون دەزانی‌و دەیانگوت ئەم کارە وەکو ئەوەیە کە: "کەسێک بەهرەو زەوق وسەلیقەی خۆی بفرۆشێ" پوشکین دژی ئەم باوەڕەی ئەشرافان رابوو و دەیگوت: "نافرۆشرێ بەڵام دەتوانرێ نوسخەی نووسراوی بفرۆشرێت".

٥-بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەم قۆناغە :

لەم سەفەرانەی باشووری رووسیادا، پوشکین زۆر شیعری گوت و زۆر شتی نووسی‌و بە خۆی دەڵێت لەوێندەرەوە (شەیدای بایرون) بووە. قارەمانانی هەندێ لە هۆنراوەو بەیتەکانی پوشکین، میناکی (زیندانیی قەفقاز، فوارەی باخچە سەرای، و برایانی رێگر) کە بە چاولێکەریی بایرون گوتراون، قارەمانانێکن کە هەم زۆر رەشبین و نائومێدن و هەم شەهوەتبازن و سەختی‌ودژواری زۆریان تەحەمول کردووە. لەو زەمانەدا هەموو کەس هەر دڵبەندی بایرون بووە.

ئەو هۆنراوەو بەیتانەی کە لەو سەرو وەختو رۆژگارەدا گوتوونی‌و پڕن لە شیعری جوانو سەرڕێژن لە وێنەودیمەنانێک کە زۆر وەستایانە خراونەتە روو، ولەو زەمانەدا جیلوەو رەونەقێکی یەجگار زۆریان بووە، وخەڵکی شیعرەکانیان لەبەر دەکردو بەمەش رۆژ بە رۆژ شۆرەتی پوشکین لە زیادی دەدا.

پوشکین،له (ئودیسا)دا بەشێکی له شاکاری (یڤگینی ئونیگین)ش نووسی.پەیوەندی پوشکین هەندێ جاران دەگەڵ (گراف ڤورنتسوف)دا تێک دەچوو. چونکه ئەو له نێو کارمەندانی رووسیای ئەو رۆژگارەدا به پڕ زانیاریی‌و جدیەت‌و ئیشکەر ناسرا بوو، و پیاوێکی فیتنەگێڕو خۆپەرست‌و دوو زمان وخوێنسارد وپشوو درێژو به حەوسەڵه بوو،و ریایی‌وخۆشکێنی پێ خۆشبوو. پوشکین تاقه کارمەندی ژێر دەستی ئوفیسەکەی ئەو بوو که بەو حاڵەشەوه سەربەخۆیی خۆی له دەست نەدەداو چاوەڕوان بوو که به هاوتای خەڵکانی دیکەی بزانن. لەبەر ئەوه داوای خانەنشینی کردو لێبڕا بوو به دەرامەتی کاره ئەدەبیەکانی خۆی بژی.

ژیانی تاراوگەوئەو گوشارانەی که ڤورونتسوف لێی دەکرد،و چونکه به هۆی ئەو سەختگیریانەوه نەیدەتوانی له هزرو بیری خۆیدا ئازاد بێ، پوشکین بەره بەره کەوته سەر ئەو بیرەی که له رووسیا هەڵێت. خۆی ئامادەکرد بەو کەشتیەی که بۆ ئەستەموڵ دەچوو، هەڵێت. هەندێ له دۆستەکانی لەم کارەدا کۆمەکیان کرد، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی نادیار ئەم سەفەرەی نەکرد، ناچار چاوەڕوان بوو که خانەنشینی بکەن، و لەم بەینەدا رۆژگار گوشارەکانی خۆی یەک له دوای یەک دەخسته سەری.

پوشکین له نامەیەکیدا بۆ دۆستێکی خۆی گوتبووی ئەو بەڵگانەی بوونی پەروەردگارو نەمریی‌و جاویدانی روح و گیان دەسەلمێنن، بنجبڕ نین، وئاسایشی مۆسکۆ ئەم نامەیەی خراو شرۆڤه کرد بوو، لەبەر ئەمەیه له پۆتروسبۆرگەوه نامەیەک به ڤورنتسوف گەیی که پوشکین لەبەر بەد پێشینەیی له دەزگاو ئۆفیسەکەی خۆی دەربکات و به پەلەو بێ دواکەوتن و له ژێر چاودێری دا بۆ ئەو موڵکه بنێرێ که داکو بابی له ویلایەتی (پسکۆڤ دا – Pskov) هەیانبوو.

٦- . قۆناغی دووەمی دوور خستنەوه :

له ١٨٢٤/٧/٣٠دا، ئاسایشی (ئودیسا) پۆشکینی بەرەو مۆسکۆ ڤڕێ کرد. له کیشینڤ و ئودیسادا به هۆی رەفتاری سەیروتایبەتی خۆی‌و لاسایی کردنەوەی ئەتواره تایبەتییەکانی بایرونەوه، پۆشکین بووه باعیسی حەیرمان ونا ئومێدی وبێزاری دام‌و دەزگا دەوڵەوتییەکان. گەشتوگەڕانی سەرکێشانەی ئەو له کۆساران و قومارو‌شەڕی تەن به تەن‌و زێدەڕەوییی‌و هەراو هوریاو ئاژاوه جۆراو جۆرەکانی سەرنجی هەمووانی راکێشا بوو، بوو بووه باوی سەرزان که شەڕی تەن به تەنی دەگەڵ ئەفسەرێکدا به ناوی "زبوف" هەبوو، کاتێ که ئەو ئەفسەره تەقەی دەکرد، پوشکین پێکی هەڵدەدا، به خۆیشی ئەم خاڵەی له بەشێکی (بەیاناتی بیلکین)دا که له ساڵی ١٨٣٠دا به پەخشان نووسیویەتی، ویەکێکه له پەسندترین بەرهەمه پەخشانیەکانی، تۆمار کردووه، بەو حیسابەی بێوگرافیای خۆیەتی. وەکو له کۆتایی ژیانی ئەودا هاتووه وردەکاریانی ئەو شەڕه تەن به تەنەی که مەرگی ئەوی فەراهەم کردگە، تا ئەندازەیەک دەشوبهێته سەر ئەم بابەتە،ودیاره دەشێت کەسێک که ئەو رەفتارەی کردبێ ئەم کارەشی له دەست بێ، گومان لەوەدا نییه که

پوشکین جۆرە پۆزێکی بەدەنیو سەرکێشییەکی شێتانەی تێدا بووە، چ بەرانبەر بە خەتەرو مەترسیانو چ بەرانبەر بە دابو نەریتانی رۆژو وەخت، بێ موبالات و بێباک و بێ منەت بووەو دەڵێن ماوەیەکیش دەگەڵ کێوەلیان ژیاوەو خووی ئەوانی گرتووە. ناچار دەبێ بگوترێ کە ئەم ئەتوارە بەرەنجامی خووی بیابانگەڕیو سروشتو تەبیعەتی توندی ئەفریقای ئابادوئەژدادی ئەو نەبووە، بەڵکو زیاتر لە رێگەی هەواو هەوەسی شاعیرانەوە بۆ راکێشانی سەرنجو لادان لە دابو نەریت و دژایەتی خوو خدەی باوی زەمان بووە کە ئەم رەفتارانەی نوواندووە. ئایا زیاتر لاسایی بایرونی نەکردووەتەوە؟ تاقە جیاوازی ئەو دەگەڵ بایروندا ئەمەیە کە شاعیری ئینگلیزی، قوماربازو شەڕانی نەبووە.

یەکێکی تر لەو چیرۆکانەی کە دەربارەی گێڕاویانەتەوەو دیار نیە تا چ ئەندازەیەک راستە، ئەمەیە کە لە شانۆدا لە کاتی نمایشدا، لە ئەنجامی هەڵچوونی دەروونیەوە قەپی بە بازووی ژنێکدا کردووە، ولەسەر قومار کاتێ کە بێ پارە بووە، نوسخەی شیعرەکانی خۆی لەسەر مێزی قومار داناوەو هەر بەیتێکی بە بایی پێنج منات قەبڵاندووە .

بە هەرحاڵ تەبیعەتی توندو سروشتی سەرکێشی بێ هەوسارو لغاوی ئەو هەندێجار بەمجۆرە سەرکێشیو بێ پەروایییە سەیرانە سەری کردووەو کاتێ کە هەڵوێستێکی گرنگی ئەوتۆ هاتۆتە پێشێو پێویستی بە تەبیعەتی مەزنانەی ئەو بووبێ، خێرا هەمان ئەو سروشتە منداڵانەو سەرکێشیانەی رەویوەتەوەو گەورەیی و پیاوەتی دەرکەوتووە.

یەکێک لەو شاکارانەی کە بە رەنگدانەوەی روحی تایبەتی پوشکین دەژمێردرێت، هۆنراوەیەکە بە ناوی (زیندانیی قەفقاز)و لە هۆنینەوەی ئەم بەرهەمەدا چاوی لە بەیتی (زیندانیی شییون)و بەیتی (چیلد هارولد)ی بایرون کردووە بەڵام قارەمانی چیرۆکەکەی (بەیت) پۆشکین، لە (چیلد هارولد)ی قارەمانی بایرون، پتر خەسڵەتی بەشەریی تێدایەو ئاشقێنی وئەڤینداری دەگەڵ کیژێکی چەرکەسیدا دەکات.

بابەتی بەیتی (فوارەی باخچە سەرای) بریتییە لە ململانێی پڕ ئازاری ژیانی حەرەم سەراو ئەڤینداری پیاوێک بۆ ژنێک، و بابەتی بەیتێکی بایرونـ ش بە ناونیشانی (کافر) هەمان بابەتە.

لە هۆنراوەو بەیتی (لولیان = قەرەج، کێوەلی)دا قارەمانی چیرۆکەکەی پۆشکین کە (ئالکو)ی ناوە، لە درۆو دەلەسەو فریوکارییە باووبڵاوەکانی کۆمەڵگەی بەشەری هەڵدێ،و ئەمە هەمان خەسڵەتی بایرونە، بەڵام بایرونێک کە تۆزێک گۆڕیویەتیو لەوەیە هەمووو خورافاتو بێ تواناییەکانی کۆمەڵگەیەک، کە لێی هەڵاتووە، بخاتە هەواروهۆبەی قەرەج و کێوەلیانەوە (لولیان).

هەندێ لەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەیان دەربارەی پوشکین کردووە، گوتوویانە ئەم بەیتە بۆ رەتکردنەوەی بیروباوەڕی بایرونودەربڕینی باوەڕی شاعیرێکی رووسی لە بواری هەستی نیشتمانپەروەریدا گوتراوە، بەڵام

پوشكين بە خۆی لە ساڵی ١٨٢٥دا لە وەڵامی ژوكۆفسكی دا دەربارەی ئەم بەیتە نووسیویەتی: "مەبەست لە لولیان چییە؟ جگە لە شیعر هیچی دی نیە".

بەم پێیە، لەم بەیتەدا، تەنیا لە شێوەو رواڵەتدا لاسایی بایرونی كردووەتەوە، چونكە وەكو خۆی گوتوویەتی لەو زەمانەدا شێتو شەیدای بایرون بووە، بەڵام لە نێوەڕۆكداو لە شرۆڤەی مەبەستی خۆیدا لە بایرون دوور كەوتووەتەوە، چونكە دەبوایە لە بنچو بناوانەوە لەم جۆرە ئیلهامو سەرۆیانەی بایرون دوور بێ.

شاعیری گەورەی ئینگلیزی، لە گەلونەتەوەیەك بووە كە لە سەدەی هەژدەیەمی زاینیدا، لە خەمی بیری بەرزی بەشەریدا بوونو چونكە ئەو سەیری كردووە ئەم هزروبیرانە كەوتوونەتە قوڕو چڵپاوەوەو بەرەو نەمان دەچن، زۆری لەبەر گران بووەو ئەم نائومێدیە دڵتەزێنەی لە شێوەی كینەیەكدا دەربارەی جیهانو تیرەی بەشەر دەربڕیوە. بەڵام پوشكین لە رووسانی سەدەی نۆزدەیەم بووەو ڤیانی ئەو دەرهەق بە ئازادی لەبەر ئەوە بووە كە شاعیرانی میناكی ئاندرەشنیە لە شیعردا وەسفیان كردووەو ئەویش پەی بە جوانیان بردووە، وكاتێ لە پوترۆسبۆرگ وەدەركەوتووە، ئامادەی ئەوە بووە كە هەموو جیهان ژێروژوور بكات. چونكە وەك خۆی دەڵێت بەر لە نەفی كردنو دوورخستنەوە ئەویان ئەشكەنجەی بەدەنی داوەو ئەو باسانەی كە دەربارەی ناڕەحەتیەكانی تاراوگە بۆیان دەكرد، ئەوی تووڕە كردبوو، لێ بەرە بەرە چووەتە ناو ژیانی خۆیەوەو خووی بە ناخۆشیەكانیەوە گرتووە، وبە تایبەتی لە پاش ساڵی ١٨٢٥ەوە بیروباوەڕی ئەو خاوتر بووەتەوەو میانڕەوانەتر بووە.

بە شێوەیەكی گشتی پوشكین لە سیاسەتدا وریا بووەو كات و شوێنی سیاسەتی زانیوە، لە رووی باوەڕێن ئەخلاقیەوە لە پرەنسیپ و بنەماكانی بایرۆندا تەنیا خۆیبوونی خودی (زاتی)و ئازادو سروشتی ئەوی قەبوڵ كردبوو، ولە هەنبەر ئەوەدا تۆزێكی لە باوەڕێن كۆنو دابو نەریتانی كۆمەڵایەتی تیادا هەبوو، وهەندێ شتی تایبەت بە خۆیشی تێدا هەبوو. لەوانە، هەرگیز نەیدەویست خەڵكی وا بزانن شاعیراتی كردووە بە پیشەو لەو رێگەیەوە ژیانی خۆی بەڕێوە دەبات، زۆربەی كات زیاتر باسی ئەسپ وقومارو ژنو رابواردنی كردووە تا باسی ئەدەبیاتو تەنانەت زۆریش بە ئەسڵو فەسڵی نەجیمزادەیی خۆی فشیوەو لەم بارەیەوە لە بەیتێكی بەناوبانگی خۆیدا كە بەناونیشانی (ئەسڵی من – Moia Rodoslovnaia) دایناوە بەوپەڕی شانازییەوە خۆی سەر بەم دەستەیە زانیوەو ئەسڵی شەش سەد ساڵەی خۆی لە بیر نەبردووە.

بەیتی (لولیان) لە ژیانی شاعیریی پوشكیندا وەرچەرخانێك نیشان دەدات كە ئەوی هەم لە دیمەنانی باشووری رووسیاو هەم لە بیرو ئەندێشانی بایرون دوور كردووەتەوەو ئەم وەرچەرخانە تەنیا حاڵەتێكی رەوتەنیو رێكەوتەكی نیە، چونكە ژینگەو دەوروبەر هەمیشە كاریان لە تەبیعەتو دڵناسكی ئەو كردووە. كاتێ كە لە "ئۆدیسا" وەدەركەوت خۆی گوتەنی "ماڵاوایی لە دەریاو شاعیری دەریای، كە وەكو ئەو پڕ

تواناو قووڵو تاریک و سەرکێش بوو، کرد"و ئەو شیعرانەی کە لەم بوارەدا نووسیوونی یەکێکە لە باڵاترین شاکارەکانی ئەو، لەم رێگەیەوە ئەو پەیوەندییە پەنهانیو نادیارەی لە نێوان قەریحەو بیروخەیاڵی ئەوو و رەگەزەکانی سروشتدا هەبووە، دەربرِیوە.

لەوەیە هۆی راستەقینەی دوورخستنەوەی ئەو لە ئودیسا ئەمە بوو بێ کە لە پوتروسبۆرگ لە پارنی شاعیری فەرەنسایی تێ پەڕاند بوو، ولە ئودیسا یەکێک لە دۆستانی ئینگلیزی ئەو،باسی شیلی شاعیری ئینگلیزی دانەری بەیتی (پروتە رهایی یافتە)ی کردووەو ئەوی ناچار کردووە لە شاعیری ئینگلیزی هێوەتر برِوات . ئیدی بەهۆی ئەمەوە جۆرە ئامادەییەکی بینی کە نکوڵی لە پەروەردگاری موتڵەق بکات، هەر لەمبارەیەوە نامەیەکی بۆ دۆستانی خۆی ناردو لەو نامەیەدا ئەم باسەی هێنابووە ناو ناوان وئەم قسانە بوونە باعیسی دووبارە دوورخستنەوەی.

بە هەر حاڵ بە گوێرەی فەرمانێکی رەسمی دەوڵەتی، دەبوایە پوشکین لەم سەفەرەیدا لە رێگا لە هیچ شوێنێ نەمابایەوەو لانەدات، و ئەوەبوو لە نۆی مانگدا گەییە موڵکەکەی بابی واتە گەییە گوندی (میخائیلوڤسکویە – Mikhailovskoye).نزیکەی دوو ساڵ لەم گوندەدا، لە گۆشەگیری تەواودا، ژیا. تاقە هاونشینی دایەنە پیرەکەی، (ئارینا رادیونوڤنا- Arina Radionovna)بوو، هەموو رۆژێ سپێدە زوو لە خەو رادەبوو و بە ئاوی سارد خۆی دەشتو دەکەوتە شت نووسینو شیعر گوتن.

مانەوەی دوو ساڵەی پوشکین لەم گوندە بچووک وسنووردارەو ئەو ژیانە لێوان لێوو سەرڕێژەی کە لەباوەشی سروشت داو لەگەڵ بیرەکانی خۆیداو دوور لە هەر شتێکی دەستکرد بەسەری بردبوو، وجگە لە هزرو خەیاڵی پرشنگداری خۆی چ پەنایەکی دیکەی نەدەبینی کە پەنای بەرێتێ،و هەمیشە سەری بەنێو بەهرەو سەلیقەو قەریحەی روو لە زیادی خۆیدا دەکرد هەرچیەک پاکو بێگەردو پرشنگدارتر بووە لەو سەرچاوە نەمرو جاویدانەوە هەڵی هێنجاوەو لە بەرهەمەکانیا رەنگی داوەتەوەو بەشێکی زۆری شاکارە نەمرەکانی زادەو یادگاری ئەم قۆناغەیە.

ئەم تاراوگەو گۆشەخانە تازەیە زۆر لە تاراوگەکانی پێشووتر لە گیانو تەبعی پوشکین گرانتر بووە . ئەم گوندە بچووکە جیاوازیەکی زۆری دەگەڵ شاری (ئودیسا)دا هەبوو، بابە پیرەکەشی کە ئەرکی پاسەوانیو زیندانەوانیو چاودێری کوڕەکەیان پێ سپاردبوو، ئیشەکەی زۆر بە جدی گرتبوو و چونکە خۆی بە بەرعۆدە دەزانی هیچ جۆرە ئاسانکارییەکی لەگەڵ دا نەدەکرد. یەکێک لەوانە ئەو نامانەی کە دەینووسین، دەیکردنەوەو پوشکین ناچار بوو چاو لە دیداری دۆستەکانی خۆیشی بپۆشێت.

سەرەنجام ژوکۆفسکی فریای کەوتو کارێکی کرد کە پوشکین بە تەنێ لەو گوندەدا وەمێنێ و تەنیا مامورانی دەوڵەتی ناوچەکە پاسەوانی بکەنو بابی لەوێندەر برِوات، وهەندێ ئازادترو سەربەست تر بێ.

بابی پوشکین لەم قۆناغەدا، شاعیری لاوی، بە کوڕێکی نا خەڵەفو نا شایستە دەزانیو خۆی لێ دوور دەگرت. لەوە بەدواوە دۆست و هەڤاڵەکانی چوونە دیدەنیو شاعیری گۆشەگیر توانی بەدەم کارە ئەدەبیەکانی خۆیەوە، کە بەردەوام بوو لەسەری. هەندێ جاریش سەرگەرمیو شادییەک بکات. لەم سەروبەندەدا پوشکین جۆرە پەیوەندییەکی دەگەڵ مەدام کرن (Kern)دا پەیدا کرد و ئەم پەیوەندییە لەوە دوا کاریگەریی خۆی لەسەر ژیانی ئەو دەبێ. لە هەمان سەردەمدا دەستی بە چاپکردنی بەیتی (لولیان) کردو کەوتە دانانی بەیتێکی دیکە بە نێوی (بوریس گودونوڤ- Boris Godounov)، و لە هەمان کاتدا کاری لەسەر بەیتی (یڤگینی ئونیگین)ش دەکرد.

٧_ یڤگینی ئونیگین :

یڤگینی ئونیگین، بەیتێکە کە بابەتەکەی زۆر خەیاڵئەنگێزو دڵگیر نییە. لەکۆی حەوت هەزار نیوە بەیتدا، خوێنەر تووشی بابەتێکی جوانو دڵتەزێنی ئەوتۆ نابێ کە بەری دڵ بگرێ. خۆلاسەی بابەتەکەی بریتییە لە: یڤگینی ئونیگین، بۆ ڕەواندنەوەی دڵتەنگیو گۆشەگیری لە شارێکەوە بۆ گوندێک هاتووە لەوێدا ڕووبەڕووی ڤیانی سادەی کیژێک بەناوی تاتیانا کە ماڵی لە نزیکی ئەو گوندەیە، دەبێتەوە. چونکە گوێ بەو کیژە نادات، کیژە دەست پێشکەری دەکاتو نامەیەکی بۆ دەنووسێت. کیژێ تەسلیم بەو دەبێتو ئەم ڕووداوە یەکەمین ئاماژەیە کە پوشکین بۆ تایبەتمەندی نەژادی گوندیزادەکانی ئەو زەمانو ڕۆژگارەی کردووە ، ئەو دابو نەریتەی کە لەو سەروبەندەدا لە نێویاندا باو بووە بە ئاشکرا دەخاتە ڕوو. بەڵام ئەم کارە کار لە دڵی ئونیگین ناکاتو بەوپەڕی ئارامیو خوێنساردیو ئەدەبەوە داوای دیدارێک لە کیژەی دڵکەتی دەکات، لە دیدارەکەدا پێی دەڵێت: "من پیاوی ڤیانی تۆ نیم". دڵدارو دلبەر لێکدی جودا دەبنەوەو چەندین ساڵ یەکتر نابینن، تا جارەکی دی دیدارێک دێتە پێشێو ئەو پیاوە خەمساردو بێ موبالاتە ڕووبەڕووی ژنە شازادەیەک دەبێتەوە کە مێردێکی نەخۆشی باداری هەیە کە لە هەموو لایەکەوە مایەی سەرنجە، دوای ئەوەی تاتیانا دەناسێتەوە، ئەویش نامەیەکی بۆ دەنووسێتو ئەشق و ڤیانی خۆی بۆ دەردەبڕێ. تاتیاناش وەڵامی دەداتەوە: "من ناتوانم هی تۆ بم. تۆم خۆشویستووە، هێشتاش خۆشم دەوێی، بەڵام شووم کردووەو بڕیارم داوە پشتی تێنەکەم".

بابەتی ئەم بەیتە، (چیرۆکە شیعر) ئەمەیە، تاقە بەیتێکی کە مایەی سەرنج بێو هەست بجوڵێنێ باسی دوئێلو شەڕی تەن بە تەنی ئونیگین و لنسکی (Linski)ی دەسگیرانی خوشکەکەی تاتیانایە کە لە دۆستانی خۆی بووەو بە تەواوەتی خویا نیە ئونیگین لەبەرچی لەو دوئێلەدا دەیکوژێت، لەوەیە بۆ ئەوە بێ کە دڵڕەشی خۆی بنوێنێو ئەو تەبیعەتو سروشتەی کە پوشکین لەم قارەمانەی خۆیدا بەرجەستەی کردووە، لەم ڕێگەیەوە زیاتر ئاشکرا بکات.

ئەم بەیتە تا رادەیەک بەیتێکی داستانیەو چونکە تەنیا نمایشێکی تەبیعەتی خەڵکی ئەو زەمانەی رووسیایە ئەگەر جگە لە زمانی روسی بە هەر زوبانێکی دیکەیان بهۆنیبایەوە ئەم کاریگەرییەی نەدەبوو کە ئەمڕۆ هەیەتی. ئەم بەیتە بە شێوەیەکی گشتی لە دەشتە بێ سنوورەکانی رووسیا دەچێت، واتە ئەو دەشتانەی کە تەبیعەت جوانیەکی تایبەتیان تێدا نانوێنێ، کەچی وێڕای ئەمەش کەسانێک کە بخوازن خۆ بە نێو جیهانی ئەندێشەو خەیاڵدا بکەن، جیلوەیەکی تایبەتی دەدەنێ.

پوشکین لەم بەیتەدا درێژدادڕی زۆری کردووەو لە هەموو شوێنێکیدا ویستویەتی بابەتەکان شەرح و شرۆڤە بکاتو بە دوورو درێژی گوزارشتی لێبکات. شێوەو رواڵەتی ئەم بەیتە لێکچونی تەواوی لەگەڵ بەرهەمەکانی بایروندا هەیە، بەڵام جیاوازی زۆر لە نێوان بابەت و نێوەڕۆکی ئەمو نێوەڕۆک و رێبازو رەوشی بەیتەکانی بایرون دا هەیە. جیاوازی هەرە زەقیان ئەمەیە کە بەرهەمەکانی بایرون هەڵقوڵاوی وڵاتێکن کە خەڵکەکەی ئازادی قسەکردنیان نیەو بەرهەمەکانی پوشکین هی وڵاتێکن کە خەڵکەکەی خامۆشو بێدەنگن، چونکە خەڵکی دەشت و بیابانە بێ سنوورەکانی رووسیا لەو سەروبەندەدا بە تەبیعەت بێدەنگیان پێ باشتر بووەو ئەگەر لە هەندێ هەڵوێستی تایبەتیدا بە ناچاری بهاتبانە قسان وات دەهاتە بەرچاو کە لافاوێک بەربەستێکی راماڵیوە، و ئەوپەڕی پڕپێژیو زێدە رۆییان دەکرد. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا خەڵکی ئەو دەشتانە لە هەنبەر ئەو تەنگبیری و کورتبینییەی کە دەوری دابوونو هەروەها لە هەنبەر ناچیزیی ئەو بیرو بەرژەوەندییانەی کە لە هەموو لایەکەوە دەوری دابوون. مەحکومو بێدەسەڵات بوون.

پوشکین لە گوندی (میخائیلوڤ سکویە)دا لە ژینگەیەکی زۆر تەنگ وسنووردارادا دەژیا. لە پیاسەو گەڕانەکانیا تاقە کۆسپ و لەمپەرێک کە دەهاتە رێگەی چەمێکی باریک بوو کە دەیتوانی بە پێیان لە بەستێنە وشکەکەی بپەڕێتەوە. پوشکین لەم بەیتەدا گەلێک لەم دیمەنانەی وەسف کردووە. بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم دیمەنانەیان نەبینیوە تاقە شتێکی جوانو دڵگیری نێو ئەم بەیتە کەسایەتی ئونیگینە. تاتیانا وەختێ کەوتووەتە خەیاڵی ئەوەی ئەو "پیاوێکی خەڵکی مۆسکۆ کە جلو بەرگی چیلدهارولدی لەبەر کردووە" ناوبێنێ دوو دڵ بووە لەوەی کە سەروکاری دەگەڵ بابەتێکی جدی شۆخی ئامێزدایە یان نا. لە حەقیقەتدا ئەم پیاوە خۆشگوزەرانە ناکامە نە لە چیلدهارولد دەچێت، نە. لەمانفرید، نە لە ئوبیرمان یان لە چارلز مووری قارەمانانی دیکەی بەیتەکانی بایرون دەچێت، بەڵکو قارەمانێکی تەواو رووسیە کە هاوشێوەی لە بەرهەمێن ئەدەبیاتی میللەتانی دیکەدا نیە. بەڵام لە ئەدەبیاتی رووسیدا لە هەر هەنگاوێکدا تووشی دەبێت ولەبەرهەمی شاعیرانو نووسەرانی دیکەدا هاوشێوەی زۆرەو بەناوانی جیاوازەوە دەردەکەوێ. بۆ نموونە لە بەرهەمی گریبایدوفدا بە نێوی چاتسکی- Tchatski، لە بەرهەمی لیرمانتوفدا بە نێوی پیچۆرین، لە بەرهەمی گونچاروف دا بە نێوی ئوبلوموڤ- Oblomovو لە بەرهەمێن تولستۆیدا. بە نێوی

پیوتەربزوخۆڤ دەردەکەوێ. لە سەرانسەری بەرهەمی ئەم نووسەرو شاعیرە گەورانەدا ئەم قارەمانە هەمان قارەمانە. واتە نوێنەرێکی پیاوانی رووسی ئەو زەمانەیە کە تورگینیف، نووسەری بەناوبانگ، بە نوێنەری دەستەو تاقمێکی کۆمەڵگەی زەمانی خۆیی دەزانێو پێی وایە ژمارەشیان زۆرەو ناوی ناون (پیاوانی زیادە) چونکە هیچ سوودێکی کۆمەڵایەتیان نیەو لە کۆمەڵگەدا نە کارێکیان پێ سپێردراوەو نە ئەوانیش هیچ کارێکیان لە دەست دێ،و ئەگەر بچنە ناو کۆمەڵگەیەکی دیکەش هەر بێکارەن و بێکارەترن.

یەکێک لە رەخنەگرانی رووسی ئەم قارەمانانەی بەمجۆرە وەسف کردووە: "ئەو نەجیمزادانەن کە باب‌و باپیرانیان بەشێک بوون لە لەشکریانی تزاران و کاتێ کە ئەوانە لەو خزمەتە دەربکەن، ئیدی ئازادی لە بەردەمیاندا وەکو دەزگایەکی بێتەل وایە کە بە دیاری بیدەن بە بابایەکی خەڵکی ئەفریقیا".

لەم حاڵەتەدا ئەم قارەمانە، هەر ناوێکی لێ بنەیت، لەو ژینگەیەدا کە تیای هاتووەتە دنیا، خۆی بە ئەندامێکی زیادەو بێکارە دەزانێ و نازانێ چۆن لەوێندەر بێتە دەرێ. بێئەوەی لەسەر هیچ کارێک بەردەوام بێ دەست دەداتە هەر کارێک وتا دەمی مردن هەر مژولی جەڕباندنی جیهانەو هەموو هۆش‌و بیری ئەمەیە کە لەوەیە ئەوەی لە پاش مەرگ دێتە پێشێ لەمەی کە لە ژیاندا هاتووەتە پێشێ باشتر بێ. بەردەوام چاوەنۆڕی پێشهاتێکە، لێ هیچ شتێک نایەتە پێشێو باشتربێ. بەردەوام چاوەنۆڕی پێشهاتێکە. لێ هیچ شتێک نایەتە پێشێو ژیانیش ڕادەبرێ و کە لە بیست و پێنج ساڵیدا دەیەوێ ڤیان بجەڕبێنێ، تەمەشا دەکات درەنگەو ئیدی ناتوانێ بە چارەو روخساری پڕ چرچ و لۆچەوە ڤیان بێنێتە رەدا. لەم جۆرە خەڵکانە لە هەر وڵاتێکا کە هێشتا پێی نەناوەتە ژیانی واقیعی‌و تامی ژیانی پڕ لە رەنج و تەقەللاو پڕ لە بەختەوەری و خۆشی ئاوێتە بە شیرینی نەچەشتووە، زۆر دەبینرێ و ئەگەر دوور نەڕۆین هێشتا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێرانی رۆژگاری ئێمە لەو بابەتە خەڵکانەن.

دۆستۆفسکی، نووسەری زۆر گەورەی رووسی لە رەخنەکانی خۆیدا ئەم قارەمانەی بە (ئالکو)ی قارەمانی بەیتی (لولیان) شوبهاندووەو وەکو لاوێکی رووسی شارستانی بەرجەستەی کردووە کە گیرۆدەی بەرەڵڵایی هەمیشەییەو شارستانیەت جیاوازی خستووەتە نێوان ئەوو خەڵکانی ترەوە. لە زەمانی دۆستۆفسکیدا کۆمەڵگەی رووسی یەک دوو هەنگاوێکی بەرەو مەدەنیەت نابوو وئەو پیاوانەی کە لە زەمانی پوشکیندا بەو حاڵە دەژیان لەم زەمانەدا بەمجۆرە جلوبەرگی خۆیان گۆڕی بوو.

لە ئێرانی ئێمەش دا ئەمڕۆ لێرەولەوێ لەم جۆرە خەڵکانە هەن، وەکو چۆن با لە دووری چەندین فەرسەخەوە بۆنێک بێنێ، بەو ئاوایە بۆنێکی شارستانیەتی رواڵەتیان بە کەپودا چووەو پەیکەرو قەدو باڵای جوانی خۆیان بە رواڵەتێکی دڵگیری مەدەنیەت بۆ فریودانی خەڵکی‌و زیاتر بۆ فریودانی خۆیان

رازاندووەتەوەو نە دنیا بە دڵی خۆیانو نە خۆیان بە دڵی دنیا دەبینن و دەزانن. لێکچوونێکی تەواو لە نێوان ئەم قارەمانەدا کە دۆستۆفسکی تەسەوری کردووەو ئەم جۆرە لاوانەی ئەمڕۆی ئێراندا هەیە.

قارەمانەکەی دۆستۆفسکی لە هەموو شارێیەکاندا وێڵ و سەرگەردانە. جارێ پەنا وەبەر پرەنسیپانی سوسیالیزمو جارێ پەنا وەبەر پرەنسیپانی نەهلیزم دەبات و وەکو چۆن پوشکین لە (بەیتی لولیان)ـەکەی خۆیدا باسی کردووە پەنا وەبەر هۆبەو چادری لولیان (کێوەلیان) دەبات، و دوای ماوەیەک لەوێش هەڵناکاو دێتە دەرێو بە دوای هێڤیو ئاواتێکدا دەگەڕێ کە هەرگیز نایانگاتێ. ئەم جۆرە قارەمانانە خەسڵەتانی دیکەشیان هەیە. لە حاڵێکا کە دەتوانن نهێنی دەرونی خۆیان باس بکەنو قسەی خۆیان بگەیەننە بەرانبەر، بە خۆیان لەسەر لاقی لەرزۆک وەستاون و لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دەخزێن و بەدەم هەر بایەکەوە دەلەرزێن و نازانن چ بکەن. بە هەرحاڵ لە زەمانی پوشکیندا لەم جۆرە خەڵکە لە رووسیادا زۆر بوونو ئەویش تەبیعەتی ئەوانی بە دروستی بینیوەو بەو حاڵەوە لە قاڵبی راستەقینەی مێژووی میللەتی خۆیدا وەسفی کردووە.

دۆستۆفسکی، لە بەیتی یڤگینی ئونیگین دا (تاتیانا)ی زۆر پێ پەسند نەبووە، لێ ناتوانێ نکوڵی لەوە بکا کە تاتیاناش لە سنووری خۆیدا مایەی سەرنجە، لەم خاڵەدا دوو دڵ بووە کە ئایا ئەم کیژە گەنجە گوندیەش کە دوایی بووە بە هاوسەری شازادەیەک، نوێنەری چینێکی خەڵکی رووسیای زەمانی خۆی بووە یان نا؟ گومان لەوەدا نییە کە لە رووی ویستی بنجبرِوئاوێتەی جوانیو دلۆڤانیو میهرەبانیەوە، نوێنەری گروپ و چینێکی خەڵکی زەمانی خۆیەتی. هەر چەندە ئەو نامە جوانەی کە ڤیانی خۆی تێدا بۆ ئونیگین دەربڕیوە لاسایی کردنەوەی یەکێک لە نامەکانی نێو کتێبی بە نێوبانگی (ئەلوئیزی نوێ)ی شاکاری جان جاک رۆسۆیە، و پوشکین لە زۆر شوێندا بە جۆرێ پەیڕەوی رۆسۆی کردووە کە قسەکانی تەواو پاچڤەی بەرهەمەکانی رۆسۆیە.

تاتیانا لە روویەکی ترەوە، واتە لە رووی وەفاداری لە رادەبەدەریشەوە، دەتوانرێ بە نوێنەری خەڵکی رۆژگاری خۆی بژمێردرێت و لەم رووەوە پابەندی یەکێک لە داب و رێساو کەلەپورەکانی نەژادی خۆی بووە. لە راستیدا لە رووسیادا، لەو زەمانەدا چونکە ماوەی چەندین سەدە بوو کارە کۆمەڵایەتییەکان هەموو پیاوانی ئازادی لە دەرێی ماڵی خۆیاندا سەرقاڵ کردبوو، ئەمە کردبوویە کارێک کە هەندێ سیفەتو فەزیڵەتی ژیانی رووسیا لە ماڵەوە بگاتە لوتکەی کەماڵو نموونە، بەڵام لە گۆشەنیگای دۆستۆفسکییەوە خەسڵەتی سەرەکی تاتیانا ئەو خەسڵەتەیە کە لە کۆتایی ئەم بەیتەدا نیشاندراوەو تاتیانا وەکو قارەمان ونموونەی بێگەردی و داوێن پاکی دەخاتە روو. لەوەیە زۆر کەس ئەم خەسڵەتە بەو ئەندازەیەی کە

دۆستۆفسکی موبالەغەی تیا کردووە، بە خەسڵەتێکی بەرجەستە نەزانن، وەکو هەندێ لە رەخنەگرانیش وای بۆچوون.

پوشکین پاش ئەوەی چەند بەشێکی لە بەیتی یڤگینی ئونیگین گوتووە، نامەی بۆ دۆستێکی خۆی نووسیووە: "دەستم بە دانانی بەیتێک کردووە لەسەر رێچکەی دون جوان" دوای ساڵێک گوتوویەتی: "هیچ لێکچوونێک لە نێوان یڤگینی ئونیگینو دون جواندا نابینم". ئەم جیاوازی بیروبۆچوونانە لە لای شاعیران زۆر بینراوە. بەڵام پوشکین لە بۆچوونی دووەمیا لەسەر هەق بووەو هیچ لێکچوونێک لە نێوان بەیتەکەی ئەو و دۆن جواندا کە یەک لە شاکارەکانی بایرونە، نیە. هیچ شوێنەوارێکی تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی بایرونو روحیەتی تایبەتی ئەو، واتە فەلسەفە ئاینیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کە بناغەی هەموو بەرهەمەکانی فەراهەم دەکەن، لە بەرهەمەکانی پوشکیندا نیە. بایرون شێرێکی ورۆژاو و یەکە سوارەی بێ باکی مەیدان بوو کە بەشکۆو مەزنایەتیەکی تایبەتیەوەو بە نەفەسێکی مەردانەو ئامیرانەوە دژی ریسواییەکانی شارستانیەتی تازە، واتە دژی بەدبەختیو جەنگ و زۆرداری و ململانێ شێتانەکانی نێوان دەسەڵاتو پایەخوازان و داواکانی خەڵکی، هەستا بوو، لە راستیا پایەی هزری ئەو چنگخستنە خوێنی ئەو ستەمکارانەیە کە بنکاسەی هەژارانیشیان دەڕفاند. بەڵام ئەم بیرو بۆچوونانە هەرگیز پوشکینیان تا ئەم ئەندازەیە مژول نەکردووە، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە تەمەنی پوشکین ئەوەندە نەبووە کە بگاتە ئەم قۆناغەی بیرکردنەوە. بایرون پیاوێکی یەجگار سەربەست و ئازادبیر بووەو هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵگەدا لە ململانێدا بووە، بەڵام پوشکین نەگەییوەتە ئەم ئەنجامگیرییە.

پیساروف، رەخنەگری گەورەی رووسی، دەڵێت ژیان لە گۆشەنیگای ئونیگینەوە بریتییە لە گەڕانو پیاسەی ناو شەقامەکان و شیو خواردن لێرەو لەوێ و چوونە پێشانگاو شانۆو تەماشاخانان یان کۆڕی سەماو سوڕو چەقەنان، بیرکردنەوەش بریتییە لە وردە ئیرادگرتن لە سەماکاران و سەرزەنشتی مانگ کە بۆچی خڕە، هەستی بەغیلی بردن بەم ئیمتیازە کۆمەڵە شەپۆلێکە کە لەبەر پێی ژنێکی جواندا سەرفرو دێنێ. لە راستیدا ئەم قارەمانەی پوشکین هەمیشە لە ژیان بێزار بووە.

ئەگەر وەکو بیلینسکی، رەخنەگری بەنێوبانگی رووسی گوتوویەتی ئەم بەیتەی پوشکین "ئەنسلکوپیدیایەکی ژیانی رووسی" بێ، دەبێ بگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە لەو زەمانەدا ژیان بریتی بووە لە خواردن وخواردنەوەو رەقسین و سەماو چوونە تەماشاخانەو پیشانگاو دڵتەنگی، و لە بێکاریدا خوو دانە ئاشقێنی یەک لە دوای یەک و تەحەمولکردنی رەنجی بێتاقەتی و دڵتەنگی و دڵداری، سەبارەت بە ژینگەی ئەرستۆکراتی رووسیا، کە باری سەرنجەکانی پوشکین تایبەتە بەوان، دەتوانرێ لە گۆشەنیگای مێژووەوە ئەم بەیتە تەقریبەن بە وەسفی تەواوی ئەو چینە بزانرێ.

به هەر حاڵ ئەم بەیتەی پوشکین لە (دۆن جوان)ی بایرون ناچێت، بەڵکو زیاتر لە (بیپو- Beppo) کە بەرهەمێکی دیکەی بایرونە، دەچێت. کاتێ کە پوشکین دەستی دەواتە دانانو هۆنینەوەی (یڤگینی ئۆنیگین) زیاتر ئەم بەیتەی دوایی بایرونی لەبەر چاو گرتووە. هەروەها چاوێکی لەسەر (ستیرن – Stern)، نووسەری ئینگلیزی و (رابلێ)، نووسەری ناڤداری فەرەنیش بووەو دوای ئەوەی پێنج سەد بەیتی هۆنیوەتەوە ئیدی بایرۆنی فەرامۆش کردووە. لەم سەروبەندەدا هزرو بیرێن پوشکین لە نکاودا گۆڕاوە، چونکە نەک هەر ژیانی لەو گوندە بچووکەی (میخائیلو ڤسکویە)دا نا رەحەت و ناخۆش بووە، بەڵکو لەو رووداوانەش کە لە رووسیادا هاتوونەتە پێشی رەنجاوەو بێزار بووەو ئەو شۆڕشەی کە لە هەیڤی دیسامبەری ساڵی ١٨٢٥دا رووی دا، لە کاتێکا بوو کە ئەو هێشتا لە تاراوگەدا دەژیاو ناچار بوو لەوێندەر وەمێنێ. زۆربەی ئەو کەسانەی لەو رووداوانەدا کوژران یا دۆستان یا خزمانی ئەو بوون و ئەگەر ئەویش لەو زەمانەدا لە پوتروسبۆرگ بوایە، لەوە بوو دووچاری هەمان چارەنووسی ئەوان بوایە، بۆیە نەک هەر مەمنون و سوپاسگوازری ئەو رێکەوتە بوو کە ئەوی لە فەوتان و نەمان رزگار کردبوو، بەڵکو وای بە چاک زانی کە چیتر خۆی نەخاتە ئەم جۆرە تالوکانەوە، بۆیە دەستی لە ژیان و هزرینی پێشووی خۆی کە میناکی ژیانی قەرەجیانی بیابانگەڕ بوو، وخۆی بە (کوڕی بیابان و ئازادی) ناو دەبرد، شۆردو پەنای وەبەر دروشمە باوەکەی (هونەر لە رای هونەردا) برد.

ئەم پرەنسیپ و دروشمە دەبوایە ئەو بەرەو بەرهەمەکانی گوتیەو پاشان بەرهەمەکانی شەکسپیر رێنوێنی بکات، لەوە بە دواوە ئیتر هۆزانی میناکی هۆنراوەی (تەنیایی) کە لەوێدا تا رادەیەک هێرشی کردووەتە سەر کۆیلایەتیو لە هەمان گوندا گوتوویەتی، ناڵێت. ئیتر وەکو جۆرج ساند، نووسەری فەرەنساییو رادیشچف، نووسەری رووسی، خەڵکی چینی خوێنەوارو رۆشنبیری بۆ یەکێتییو یەکڕیزی هان نادات. لەوە بە دواوە پەیوەندی دەگەڵ رابردووی خۆیدا بە تەواوەتی دەبڕێت. شاعیری مەزن لەوە بە دواوە هەندێجار ناڕەحەت دەبێ بە تایبەتی لە کاتێکدا کە هێزی دەسەلات، کە ئەو پێی دەگوت (خۆسەری رۆشنبیران) و بە خۆی لایەنگری بوو، پەنجەی ئاسنینی خۆی بباتە ناو قەرتاڵەو زەمیلەی ئەوەوە. لەم کاتەدا دەڵێت: "ئەهریمەن منی، کە هونەرو ویژدانو جورئەتێکم هەیە، لەم ولاتەدا هێناوەتە دنیا". لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ئەو بزووتنەوە فیکریو هێڤیو خۆزیو مشت و مڕانەی چوار دەوری کە ئەو لە پێشتردا لە هەموویاندا بەشداری کردبوو، چەند داوای یارمەتی لێبکەن، ئەو بەشدارییان تێدا ناکات و دەڵێت: "خەفە بە، بێدەنگ بە، ئەی میللەتی بێ هەستی کۆیلەی پێویستی و کارەکانی خۆت، من تاقەتی زەمزەمەی گوساخانەی تۆم نییە!".

٨-بوریس گودانۆڤ- Boris Godounov:

پوشکین لەم سەروبەندەدا هاوکات بەرهەمەکانی کارامزین، شاعیری بەنێوبانگی رووسی لەگەڵ بەرهەمەکانی شەکسپیردا کە بەجۆش و خرۆشێکی تایبەتیەوە رمووەدەی بوو بوو دەخوێندەوەو موتاڵا دەکرد. لە تاراوگەی گوندی میخائیلوفسکۆیەدا لێبڕا قەرەبووی ئەو کەم و کەسەریە لە خۆیدا بکاتەوە کە پێی دەگوت "تەربێت و پەروەردەی نەفرین کردە". هەڵبەتە (ئاریناراديونوڤنا)ی پیرە دایەنی رێنوێن و رێ پیشاندەری بوو بۆ دنیای سەیروسەمەری ئەفسانانی رووسی، و لەو سەروبەندەدا نەخشەی بەیتی (بوریس گودانوف)ی دارِشت.

پوشکین هەوڵیداوە خەسڵەتەکانی ریچاردی سێیەم وماکبس وهنری چوارەم، قارەمانانی شەکسپیر لە سیمای ئەم نەوجەوانەدا کە گەییوەتە تەختو تاج کۆ بکاتەوە. هەندێ دیمەنی ئەم درامایە، لەوانە دیمەنی هەڵبژاردنی بۆ سەڵتەنەت و پاشایەتیو دیمەنی دوا ئامۆژگاری و راسپاردەکانی بۆریس بۆ کوڕەکەی، لاسایی کردنەوەیەکی شەکسپیرە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم بەیتە (چیرۆکە شیعر) بەشێکە لە کارەکانی کارامزین کە پوشکین بە چاولێکەری شەکسپیر خستویەتی قاڵبی دەمەتەقێ و دیالۆگەوەو بە شیعری بێ کێش و لە قاڵبی مستەزادی پێنج برگەیی دا، بەو وەزن و کێشەی کە لە نێو شاعیرانی ئینگلتەراو ئاڵماندا زۆر باوە، هۆنیویەتیەوەو دایڕشتووەتەوە، بەڵام پوشکین لە باشترین بەشی ئەم بەیتەدا قەرزاربارى (ئاریناراديونوڤنا)ی دایەنیەتی، چونکە بەرجەستەترین بەشێن ئەم بەیتە کە تایبەتمەندیو حەقیقەتیان تیایە ئەو دیمەنانەیە کە پۆشکین لەو حیکایەتانەوە هەڵی هێنجاون کە دایەنەکەی بۆی گێڕاوەتەوە، و بەم شێوەیە عەوامی خەڵکەکەی بە حاڵی ئاسایی خۆیان بە روح و زەمانی تایبەتی خۆیانەوە لەم کارەدا بەشدار کردووە.

وێڕای گوتیە براندیس، رەخنەگری نامداری دانیمارکی قارەمانەکەی تری ئەم درامایە کە (دیمتریوس)ی درۆینەیە، یانی ئەو کەسەی کە بەدرۆ خۆی کردووە بە دیمتریوس، و هەموو ئەوانەی کە ویستویانە لە بەرهەمەکانی خۆدا بەرجەستەی بکەن، تەنانەت میریمی نووسەری بەنێوبانگی فەرەنساییش دەرەقەتی ئەم کارە نەهاتوون، لەم چیرۆکەی پۆشکین-شدا هیچ رەونەق و نموودێکی نیەو پوشکینش لە عۆیەی ئەم کارە نەهاتووە.

بەڵام سەبارەت بەم بوونەوەرە بێ دەسەڵات و نادیارەی کە قارمانێکی دیکەی ئەم چیرۆکەیەو ژنێکە کە (مارینا)ی ناوە، لە نامەکانی (پوشکین)ەوە وا دیارە کە لەوەیە حەقیقەتێکی مێژوویی دەربارەی هەبوو بێ، وبە هەر حاڵ بەجۆرێ وێنای کردووە کە لە گۆشەنیگای سایکۆلۆجیەوە یەکجار جوان و مایەی سەرنجەو لە یەکێک لە نامەکانی خۆیدا دەربارەی دەنووسێت:"تەنیا یەک ئارەزووی هەبووەو ئەویش دەسەڵات وپایەخوازییە، لێ بە ئەندازەیەک هەوڵی بۆ داوەو تامەزرۆی بووە کە ئاشکرا کردن و دەربڕینی دژوارە. پاش

ئەوەی کە لە پاشایەتی‌و دەسەڵات تێر دەبێ، دەبینی لە هەر بیرکردنەوەیەکی بێ بنج و بناوان خاوەبێتەوەو شانبەشانی هەر سەرکێشێک دەکەوێتە فەحشاکاری. جارێ رێی دەکەوێتە ناو جێگەی نەفرەتئەنگێزی جولەکەیەک و جارێ دەکەوێتە چادری قۆزاقیەک و هەمیشە ئامادەیە تەسلیمی کەسێک ببێ کە بتوانێ سەبارەت بەو تەخت و تاجەی کە بوونی نیە فشە ئومێدێکی بداتێ... و هەژاری و ریسوایی بە هیچ نەزانێ‌و لەگەڵ پاشای پۆڵەندەدا لەسەر تەخت و تاج رێک بکەوێ...."

پوشکین، ئەم قارەمانانەی وەستایانە وەسف کردووە. مەخابن لەو تاقە دیمەنەدا کە زەبەردەستی تیا بەکار نەبراوەو بابەتەکانی جێگەی باوەڕ نیەو پوشکین لەوێدا کیژی کۆشک نشین، (ساندومیر – Sando mir)ی رووبەڕووی دڵدارە سەرکێشەکەی کردووەتەوە، ئەو جۆرە بابەتە بە دەستەوە نایەت. پوشکین لەم درامایەی خۆیدا، تەنیا هێڵکارییەکی ئەم دوو قارەمانەی نیشانداوەو بە تەواوەتی بەرجەستەیان ناکات و نایان ناسێنێ، و ئەگەر بەیتی یڤگینی ئونیگین بخەینە لاوە، ئیدی سەرانسەری بەرهەمەکانی پوشکین چ دراماکانی و چ رۆمانەکانی تەنیا نەخشەی سەرەتایین و هیچی دی.

٩- بەرهەمەکانی دیکەی کۆتایی ژیانی :

(پۆلتاڤا- Poltava) بەیتێکی دیکەی پوشکینە کە لەزەرفی چەند هەفتەیەکدا دایناوەو وا دیارە بە نیاز بووە پاشماوەی ئەو هزرانەی کە لە بەرهەمەکانی بایرۆنەوە لە زەینیدا ماوە، هەڵرێژێتە دەرێ، هەرچەندە کە (مازپا- Mazeppa)ی ئەو هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ مازپای شاعیری ئینگلیزیدا نیە، بایرون تەنیا مازپای ڤولتیری خوێندووەتەوە. ئەگەر بایرون پەی بە ڤیانی دوو لایەنەی مازپای سەرکردەی هەفتاساڵەی قوزاقان لەگەڵ کیژە گەنجەکەی (کوچوبی- Kochoubey) بردبوو، ئەوا پوشکین گوتەنی هیچ کەسێکی دیکە زاتی نەدەکرد لە دوای ئەو دەست بداتە ئەم بابەتە یا خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە بدات. بەڵام لە بەیتی (پولتاڤا)دا ئەم ئەشق و ڤیانەی کە هیچ رونکردنەوەیەکی لەمەڕ نەکراوەو لە باری سایکۆلوجیەوە هیچ سۆنگەو ئەنگێزەیەکی نیە، قاڵبی مەتەڵێکی هاڕوژێنەری بێ ئەنجامی وەرگرتووە.

هەر لەم سەروبەندەدا پوشکین مژولی دانانی هەندێ بەشی دیکەی یڤگینی ئونیگین بوو، و ئیشەکەی بە ئاسانی لەبەر دەڕۆیی. ئەگەر تواناو بەهرە بەدەستییەوە نەهاتبان وملیان بۆ نەدابا ، بە شێوەیەکی کاتی دەستبەرداری بابەتەکەی دەبوو ودەچووە سۆراخی تیمەو بابەتێکی دی. بۆیە لە دوای خوێندنەوەی (لوکرس- Lucrece)ی شەکسپیر لەو سەردەمەدا لێبڕا ئەم بابەتە جدییە لە قاڵبێکی کۆمیدیدا بهۆنێتەوەو بەیتی (گراف نولین) بەمجۆرە فەراهەم بووە. ئەم بەیتە، چیرۆکی نەجیمزادەیەکە کە لەلایەن ژنێکی کۆشک نشینەوە کاتێ کە دەخوازێ رۆپۆشی تەختەکەی ئەو لابەرێ، زللەیەک دەخوات. مامورانی سانسۆر لە پوتروسبۆرگ بەشێکی ئەم بەیتەیان بە بێ ئەخلاقی زانی‌و تەنانەت خودی ئیمپراتۆریش

تەدەخولی لەم کارە کردو کارەکانی (گراف نولین)یان پەردەپۆش کرد. هەرچەندە دواتر ویستویانە لەم بەیتەدا پاکانە بۆ پوشکین و مەبەستی پۆشکین بکەنو بە پێشەکی یەکێک لە رۆمانە کۆمەلاٌیەتیەکانی گۆگۆلی نووسەری ناوداری رووسی، سەبارەت بە رەخنە گرتن لە ئەخلاقیاتی ئەو زەمانەی لە قەلٌەم بدەن، بەلاٌم مەبەستی پوشکین لە هۆنینەوەو دانانی ئەو بەیتە تەنیا بۆ کەیف وسەرگەرمی بووە. بە هەر حالٌ پوشکین لەم سەروبەندەدا هەموو تواناو بەهرەیەکی خۆی لە (یڤگینی ئونیگینو بوریس گدونوف)دا بەکار هێناوەو لە هەمان کاتدا ژیانێکی تازەی بۆ هاتووەتە پێشێ، واتە دەبوایە بگاتە لوتکەی بەرزی خۆی و لەو لوتکەی بەرزییەوە پرشنگی خۆی بنوێنێو لەوێندەرەوە بکەوێتە هەلدێرێکەوەو هەر لە سەرەتای بەرزییەوە زیرەکی و بلیمەتی ئەو لە گێژاودا غەرق بێ.

لە ٢/ سێپتامبەر/١٨٢٦دا مامورێک لەلای ئیمپراتۆرەوە هات و خۆی بە گوندی میخائیلوڤسکۆیەدا کردو پوشکینی خستە عارەبانەیەکی پۆستەچیانەوەو هەلٌیکردە غارو لەگەلٌ خۆیدا بردی. لەو گوندەدا نەیاندەزانی بۆ کوێی دەبەنو خەلٌکی هەراسان و شپرزە ئەمەیان لێکدی دەپرسی. چەند هەفتەیەک لەوە پێش پوشکین نامەیەکی ساردوسڕو تەنانەت تەوهین ئامێزی بۆ ئیمپراتۆر ناردبوو و داوای بوردنی لێکردبوو، ئەمە وەلاٌمی ئەو نامەیە بوو. مامورەکەو پوشکین یەکرێ بۆ مۆسکۆ رۆییشتن و هەرکە پۆشکین گەییە ئەوێ، بێئەوەی دەرفەتی بدەن ئیسراحەتێک بکات و جلێکی دیکە لەبەر بکات، ناچاریان کرد بچێتە حوزوری نیکولا. پاشان گێڕاویانەتەوە کە بەو حالٌە پەشێوەوە لەسەر قالٌدرمەکانی کۆشکی دەربادا، پارچە شیعرێکی، کە لەوە بوو چەرمەسەری و ریسوایی بۆ دروست بکات، لە دەست کەوتبووە خوارەوە، تومەز ستایشنامەیەکی پڕ جۆش بووە دەربارەی دیسامبەرییەکان (دیکابەریەکان). رەنگە ئەم ریوایەتە راست بێ، چونکە پوشکین لەوخەمساردی و فەرامۆشکاریانەی زۆر بووەو ئەم ستایشنامەیەش بەشێکە لە بەرهەمەکانی ئەو. خۆ ئەگەر ئەو شیعرە بەر دەستی ئیمپراتوریش بکەوتبووایە، رەنگە هەر لە هەلٌوێستی خۆی، واتە چاوپۆشی لە پوشکین، ژێوان نەبوایەتەوە، چونکە لەم قەسیدەیەدا رەشبینیو نائومێدییەکی ئەوتۆی نیشان نەداوە کە کەس تووڕەو قەلٌس بکاتو شاعیر لێهاتووانە خۆی تەبرێ دەکات و هیچ زیانێک بە کەس ناگەیەنێ.

لەم دیدارەدا ئمپراتۆر چاوپۆشی وبەخشینی خۆی دەربڕی و پوشکین تا ئەندازەیەک خۆی بچووک و پەشیمان نواندو لەوە بە دواوە توانی بە ئارەزووی خۆی لە مۆسکۆ یان لە پوتروسبۆرگدا بژی. حەیفێ کە ستایشکارانی پوشکین دەبوایە ئەفسوس و داخ بۆ ئەو سەردەمە بخۆن کە لەو گوندە بچووکەدا، لە میخائیلوفسکویەدا دەژیاو دەرفەتی چوونە شاری نەبوو، چونکە لە دوای ئەو قۆناغەوە ئیدی رۆژگاری پوشکین لە زێدەڕۆییو بێ سەروبەریدا بوریوەو هیچ کارێکی جوانی نەکردووە. شەوانی بە قومارو هەر جۆرە

بادەنۆشیو رابواردنێکەوە بەسەر دەچوو، و جار جارێ، ئەویش لە کاتی بێزاری لەم ژیانە، سووکە سەردانێکی کۆنە تاراوگەکەی دەکرد، بەڵام ئەو بەهرەو سەلیقە هونەرییەی جارانی نەبوو.

تەنیا لە ساڵی ١٨٣٠دا. کاتێ کە ناتالیا نیکۆلا ئیوڤنا گۆنچرۆڤا- Nathalia Nicolaievna Gonatchlrova، دەزگیرانی بوو، کەمێک گەڕایەوە سەر هزرو خەیاڵانی جاران و جارێکی دیکە توانای داهێنان و بەهرەی هونەری سەررێژی، بوژایەوەو کەوتەوە هەڵقوڵین. لەو سەردەمەدا توانی درێژە بە بەیتی (رۆمانی شیعری) یڤگینی ئۆنیگین بداتو بەدەم ئەو کارەوە غەزەلێکی زۆری هۆنیەوەو چیرۆکە میللیو عامیانەکانی کە دواتر چەندین جار چاپکرانەوەو رەواجێکی تەواویان هەبوو، یادگاری هەمان قۆناغە. هەندێ لەم چیرۆکانە وەک (ئەفسانەی تزار سالتان- Saltane، شاکارێکی واقیعییە. ئەو شیعرە سەرگەرمیانەی کە لە قاڵبی درامادا دایڕشتوون و بە ناوی (جوامێری سپڵە) و (موزارت Mozartو سالیری Salieri) و (خانەخوێی بەردین) بەناوبانگن، یادگاری ئەم قۆناغەن کە بەهرەو سەلیقەی ئەو جارێکی دی شکۆفەی کردووەو گەشاوەتەوە. بەڵام حەیفێ ژن گواستنەوەکەی لە ١٨٣١/٢/١٨دا ئاکام و ئاقیبەتێکی زۆر خراپی هەبوو. شاعیرێک کە لەو زەمانەدا بەوپەڕی ناڕەحەتییەوە بەخۆی دەگوت (کافرێکی خۆشبخەت) و هەر کاتێ کە دەهاتە سەر باسی دەزگیرانەکەی بە ژارخەنێکەوە دەیگوت سەدو سێیەمین ئەشقی ئەوە، دیارە کە نەدەبوو لە خێرو خۆشی ئەو ژن و مێردایەتیە بەرخوردار بێ. پاش ئەوەی سەفەرێکی کورتی دەگەڵ هاوسەرەکەی خۆیدا کردو بەر لە مەوعید لەو سەفەرە گەڕایەوە، ژن و مێردی لاو هەردووکیان کەوتنە گێژاوی بادەنۆشیو خۆشگوزەرانی و رابواردنەوەو هەر یەکێکیان لەلای خۆیەوە لە دووی کەیف و سەفایەک بوو کە رۆژ بە رۆژ کەمتر یەکیان تێدا دەگرتەوەو بەشداری یەکتریان دەکرد. زۆری پێنەچوو کە نیگەرانی دارایی بەرۆکی گرتن و بوو بە هاولفی کەیف و سەفاو رابواردنەکانیان. پوشکین دەرامەتی خۆی، کە بۆ ئەو رۆژگارە زۆر بوو، بێ حیساب خەرج دەکردو هەمیشە ئاتاجی پارە بوو. پۆستێکی فەخری بە مووچەیەکی فرە، لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە وەرگرت و حەزیدەکرد جێگەکەی (کارامزین) وەکو مێژوونووسی فەرمیو تەکلیفکراوی دەربار بەو بدەن.

سەرەنجام ئەم پۆستەی درایەو ئەویش سەری ژەنیە ناو بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی دەوڵەتەوە، بەو خەیاڵەی کە مێژوویەک دەربارەی پوتروسی مەزن لەوێندەرەوە دەربێنێ. بەڵام قۆناغی سەڵتەنەت و پاشایەتی یکاترینای دووەم، کە لەو زەمانەوە نزیکتر بوو، و رووداوە کارەساتاویەکەی سەرکێشییەکەی (پوگاچیف- Pouyatchev) دەبوایە زیاتر سەرنجی پیاوێکی خۆشخەیاڵ و خەیاڵپەروەری وەکو ئەو رابکێشێت. بۆیە هەر لەم زەمینەیەدا بەرو دوا چیرۆکێکی مێژوویيو رۆمانێکی بەناونیشانی (کیژی سوڵتان) نووسی. ئەم رۆمانە تەڕی و تازەییەکی ئەوتۆی تیا نیە، تەنیا ئەو سادەییە زۆرەی کە تیایدا بەکار هاتووەو ئەو بایەخە

ئاشكرایەی کە بە هەقیقەتبێژی دراوە ئەم کتێبە لەبەرچاو شیرین و دڵگیر دەکات. لە نێو قارەمانانی ئەم چیرۆکەدا (ساڤیلیچ- Savelitch) کە لەلەیەکی پیرەو حەقیقەتی ئەوی بە جوانیو دڵگیرییەکی تایبەتی نیشانداوە، لەو قارەمانانەیە کە بەزندوویەتی دەمێننەوە.

بەڵام لەم بەرهەمەدا بە چاولێکەری والتەر سکوت یان زیاتر لەبەر ئەمەی کە بابەتەکەی خۆی لە بەڵگەنامەو دیکۆمێنتی فەرمییەوە دەرهێناوە لە حاڵەتی ئیبتزال دەرنەچووەو هیچ یەکێک لەو مەسەلە سیاسیوکۆمەڵایەتیانەی، کە لەم رووداوە نادیارو تاریکەدا کاریگەر بوون و تەنانەت هەڵکشان وداکشانی هەستی گشتیی-شی کە بووبووە باعیسی پێشڤەچوونی پوگاچیف، نەدیتووە، یان ئەگەر دیبیشی نیشانی نەداوە.

پوشکین، لەم قۆناغەدا زۆر تیمەو مۆتیف و بابەتی لەبەر چاو بووەو زۆر نەخشەو هێڵکاری دارشتووەو کاریگەریی ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زەینیدا چەسپیوە، لێ وادێتە بەرچاو کە هێزی داهێنان و تەنانەت زەوق و سەلیقەی ئەدەبیی ئەو زیاتر روو لە پاشەکەشەو بووە.

هەندێجار لێبراوە لاسایی (لایتون بلور- Lytton Bulwer)ی نووسەری بەناوبانگی ئینلگیزی و چیرۆکێکی ئەو بەناونیشانی (پلهەم- Pelham) بکاتەوەو رۆمانێک دەربارەی ئەخلاق و داب و نەریتی ئەو زەمانە بنووسێت و ئەم رۆمانە دەبوایە سەربهوردی چەند نەسڵێکی پێش ئەو خەڵکە لە خۆبگرێت کە لیڤ تولستوی لە رۆمانی (جەنگ و ئاشتی)دا نیشانی داون و ناساندوونی. ئەم چیرۆکە تەنیا چەند بەرپەرێکی لێ ماوەتەوە. لە هەمان قۆناغدا پوشکین هەندێجار بە زمانی فەرەنسی، بەهەڵەی رێنووسیو زمانەوانی زۆرەوە، نەخشەو سکێچی درامایەک یان چیرۆکێکی شیعریی نووسیوە کە دەبوایە (جین- Jeanne) کە لە ئەفسانانەدا باوەریان وابووە گەییوەتە پایەی پاپا قارەمانی ئەم چیرۆکە بێ. ئەم درامایە دەبوایە لێکچوونێکی فرەی دەگەڵ (فاوست- Faust) شاکارە بە نێوبانگەکەی گوتیەدا هەبێو لە لایەکی ترەوە لێکچوونێکی دەگەڵ بەیتی (کریستابل- Christabel)ی (کولریچ- Goleridge)ی شاعیری بە ناوبانگی ئینگلیزیشدا هەبێ، لێ پوشکین ئەم بەرهەمەی تەواو نەکردووەو ئەگەر تەواویشی بکردبووایە لەوە نەبوو ببێ بە یەکێک لە شاکارەکانی.

پێدەچێ کە لەم زەمانەدا بەهرەو قەریحەی سەررێژی شاعیری رۆمانە شیعری یڤگینی ئونیگین خەفە بووبێو لەو ژینگەیەدا کە لەو زەمانەدا تیای ژیاوە هێزی ئیلهامی لە کارکەوتبێ و ئەو دیمەنانەی کە لەبەر چاوی بوون تەنگ و تاریکتر بووەتەوە.

لە ساڵی ١٨٣١دا لە ئەنجامی راپەرینێکدا کە لە پۆڵاندا روویدا بوو، رای گشتی رۆژاوا هاوسۆزییەکی دەگەڵ پۆڵاندییەکاندا پەیدا کردبوو و دەوڵەتی رووسیای بەستەمکاری تاوانبار دەکردو پوشکین لێبراوە داکۆکی لە

میللەتی خۆی بکاتو قەسیدەیەکی بەناوبانگی بەم بۆنەیەوە بە ناونیشانی (بۆ بوختانکەران بە رووسیادا) داناوە، بەڵام لە دەستپێکی ئەم قەسیدەیەدا لەم بەیتە زیاتر چیتری نەهاتووەتە خەیاڵ و بەرچاو: "لە تاوێرە بەستەڵەکەکانی فنلاندەوە، تا لمەلانی داغی کولخیدا دەزانن ئێمەچەند کەسین؟"

ئەم گوزارشتە خوێنەر دەخاتە بیری ئەو دەستە بەندیانەی کە پێشەوایانی میللەتانی رۆژهەڵاتی لە رۆژانی سەختی خەتەری یەکێتیی میللەتانی دیکەدا دەیانکرد. لەم قەسیدەیەدا بەیتێکی بەناوبانگ هەیە کە رەنگدانەوەی هەستی ئەوە لەو کاتەداو دەڵێت: "من وڵاتی خۆم سەراپا بە بچووک دەزانم، بەڵام قەبوڵم نیە بێگانان لەم هەستەدا، ببن بە شەریکم".

لە ساڵانی دواتریشدا، قەریحەی پوشکین جار جارێک پرشنگێکی داوەو هەندێ قەسیدەو هۆزانی گوتوون کە رەنگدانەوەی روحی تایبەتیو قەریحەی خۆین، یەکێک لەوانە قەسیدەیەکە  بە نێوی (سوارەی پۆلایین) کە بۆ یادی پوتروسی مەزن و پەیکەرە بەنێوبانگەکەی ئەو لە پوتروسبۆرگ، گوتوویەتی، بەڵام پێش ئەو قەسیدەیەو پاش ئەو قەسیدەیە بە زۆری لاسایی بەرهەمی خەڵکانی دیکەی کردووەتەوە.

هەروەها ئەو نووسراوو نامانەش کە لە پاشی بەجێ ماون، وەکو ئەو هۆزانانەی کە لەو سەروبەندەدا گوتوونی، ئەوە دەگەیەنن کە نائومێدی ئەو رۆژ بە رۆژ زیادی کردووەو هزرو بیری تاریک و رەشبینانە بەسەریا زاڵبووە، بەو رادەیە کە جێگۆڕەکەی خۆی دەست نیشان کردبوو و لە خودای داوا دەکرد کە ئەقڵی لێ نەسەنێتەوەو گوتوویەتی: "جگە لەمە هەر کارێکی دیکەت گەرەکە بیکە". لە ساڵی ١٨٣٤دا چیرۆکی (بی بی پیک)ی بە چاولێکەرییو لاسایی کردنەوەی چیرۆکە نا ئاساییەکانی (هوفمان- Hoffmann)ی نووسەری ناوداری ئەڵمانی نووسیوەو لاوازترین بەرهەمی پوشکینە.

١٠- سەرەنجام و ئاقیبەتی پوشکین :

لەم سەردەمەدا، واتە لە ساڵی ١٨٣٦دا حاڵی روحیو دەروونی پوشکین یەجگار پەریشان بوو. گۆڤارێکی بەنێوی (سەردەم) بڵاودەکردەوەو چ شتێکی گرینگی تێدا بڵاو نەدەبووەوەو سەرنجی کەسی رانەدەکێشاو خەڵکی بە دڵیان نەبوو. مێژوونووسی فەرمی دەرباریش بوو بەڵام زۆربەی کات بێ پارەو پول بوو وژیانی سەخت و دژوار بوو، لەبەر ئەمە زۆربەی کات بێتاقەت و توندە مجێز بوو. کەیف و سەفاو رابواردن و عەیش و نۆشەکانی، بەو هەموو گرفتە مادیو مەعنەویەوە دەرفەتی نەدەدا کە دروست چاو بکاتەوەو پەی بە پایەی واقیعی خۆی ببات و بزانێ کە ئەو شاعیرە سەرەڕۆو سەرکێشە چۆن رام بووەو ئەو پەیامبەری شیعرو هەست و سۆزە چۆن خانەنشین و بێکار بووە. هەندێجار تووڕە دەبوو. بەڵام هیچ دەروویەکی دەربازبوونی لەم وەزع و حاڵە نەدەبینییەوەو دەبوایە لەم ژیانە تاڵەدا شتێکی شووم رووبدات. ئەم رووداوە

شوومه بریتی بوو له ئاشنا بوونی پوشکین دەگەڵ (دانتس- Dantes)ی فەرەنسیدا که له ئەسڵدا خەڵکی ئیرلەندا بوو و زڕکوڕی سەفیری هۆڵاندا، بارون دوهیکرن- Deheekeren، بوو.

لەم بەینەدا له ڕێکەوتی ٤/نۆڤەمبەر/١٨٣٦دا، بەیانی نامەیەکی بێ ئیمزا له کەسێکەوە که دیار بوو خەتی خۆی گۆڕیوە بەم نێوەرۆکە بە پۆستەدا گەییە پۆشکین: "هەڵگرانی دەرەجاتی بەرزی دەرەجە یەک ودووی میدالی بەرزیی که به پیاوانی دەویت و ژن بەمز دەدرێ، له کۆبوونەوەیەکی گشتیدا که به سەرۆکایەتی جەنابی ئاغای د.ل. ناریشکین- D. L. Narichkine کرابوو، به تێکڕای دەنگ ئاغای (ئەلکساندەر پوشکین)یان بۆ پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی ئەم گروپەو مێژوونووسی گروپەکە هەڵبژارد". زۆریان لەم جۆرە نامانە بۆ دۆستان و ئاشنایانی پوشکین-ش ناردبوو، د. ل. ناریشکین، مێردی ماریا ئانتونوڤنا- Antonovna بوو، ماریا ژنێکی جوان بوو که ماوەیەکی زۆر ماشووقەی تزار ئەلکساندەری یەکەم بووه.

لەم نامەیەدا که پوشکین-یان به یاریدەدەری ناریشکین هەڵبژارد بوو، مەبەست ئەمە بوو هەمان ئەو پایەو پۆستەی که ناریشکین لەلای ئیمپراتۆر هەی بووه، به پۆشکینیان ڕەوا دیتووه. هەڵبەته خویایه که ئەم نامەیە (پ.ڤ دولگوروکوف- P. V. Dolgoroukkof) نووسیویەتی، بەڵام هەموو ئەو دژمنانەی که پوشکین له نێو ئەشرافاندا هەی بووه، لەگەڵ ئەودا هاودەست بوونەو مەزەندەی ئەوەش دەکرێ که (ئوڤاروف- Ouvarof)ی وەزیری مەعاریفی وەختیش لەگەڵیاندا هاودەست بووبێ،چونکه پوشکین له چامەیەکیدا به ناونیشانی (گەڕاندنەوەی لوکولوس- Lucullus) گاڵتەی پێ کردبوو. بەڵام خویا نیه که پوشکین له بەرچی هیکرنی سەفیری هۆڵەندای بەو کەسە زانیوه که ئەم نامەیەی ناردووه. هیکرن پیاوێکی هەرزەو هەڵەشەو زمان بەد بووه، ودانتسی زۆر خۆش ویستووەو شەش مانگ بەر لەوە کردبووی به زڕکوڕی خۆی.

پوشکین بیری کردەوەو سەیری کرد دەنگدانی ئەو سەفیره بۆ دوئێل و شەڕی تەن به تەن ماقول و بەجێ نیە، بۆیه (دانتس)ی بۆ دوئێل دەنگ دابوو.

له ئەورووپادا، له کۆنا باو بووەو هێشتا له زۆر وڵاتانی ئەورووپادا هەر باوه که هەر کاتێ کەسێک تۆمەت بخاته پاڵ کەسێکی دی یا سووکایەتی پێبکات و جنێوی بداتێ، کەسی سوکایەتی پێکراو داوای مەیدانداری له کەسی یەکەم دەکات و هەردوو لایەنەکه دەبێ شایەت بێنن و شوێنێ دیاری بکەن و بەشایەتەکانیانەوە لەوێندەر ئامادە دەبن و دکتۆرێک لەگەڵ خۆدا دێنن و کەسی سووکایەتی پێکراو هەقی هەیە چەکێک، که یا شمشێره یا دەمانچەیەکە، هەڵبژێرێ و له کات و شوێنی دیاریکراودا به یەک دەگەنو له مەودایەکی دیاریکراودا بەرانبەر به یەکدی دەوەستن و کەسی سووکایەتی پێکراو هەوەڵجار هێرش دەبات و زەربەیەک دەوەشێنێ یا گوللەیەک دەهاوێ و ئەگەر بوختانچیو جنێودەرەکە بمێنێ ئەوا هەقی هەیه ڕەدی زەربه یان

گوللەی سوکایەتی پێکرداوەکە بداتەوەو پاش ئەم شەڕە کە (دوئێل)، واتە دوو بە دووی پێ دەڵێن. سووکایەتیەکە لادەچێت و زۆرجار وا رێکدەکەوێ کە یەکێک لەو دوو لایەنە گیانی خۆ لەسەر ئەم مامەڵەو سەودایە دادەنەن.

هیکرن کە پیرەمێرد بوو لە ئاقیبەت وئاکامی ئەم جەنگە، کە لەوە بوو سەبارەت بە پایەو پۆستەکەی ئەو و زڕ کوڕەکەی خراپ بکەوێتەوە، دەترساو بە رەزامەندی (دانتس) رێگەیەکی دۆزیەوە کە دەستبەرداری ئەو کارە بن.

دەمێک بوو یەکاترینای ژن خوشکی پوشکین دڵداری دانتس بوو. بۆ خۆدزینەوە لە ئەگەری ئاقیبەتی جەنگی تەن بە تەن لەگەڵ پوشکیندا خانەوادەی هیکرن ئەوەیان بڵاوکردەوە کە دانتس پەیوەندی ئاشقێنی دەگەڵ ناتالیای هاوسەری پوشکیندا نەبووە، بەڵکو دڵداری لەگەڵ یکاترینی ژن خوشکی پوشکیندا هەبووەو ئامادەیە بیخوازێت.

پوشکین، داوای دوئێلەکەی خۆی کێشایەوەو لە ١٨٣٧/١/١٠دا یکاترین و دانتس لە یەکدی مارەکران و بەمجۆرە دانتس بوو بە خزمی پوشکین. بە بۆنەی زەماوەندەکەی خۆیەوە هات بۆ دیدەنی پوشکین. بەڵام پوشکین پێشوازی نەکردو فەرمانی دا کە پێی بڵێن حەز ناکات هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیدا هەبێ.

وێڕای ئەمەش لەو میوانداریانەی کە لە ماڵە نەجیمزادەو دۆستاندا لێیان دەکرا بەردەوام یەکتریان دەبینی. دانتس وەکو جاران لەگەڵ ناتالیای هاوسەری پوشکیندا ئاشقێنی دەکردو بگرە لە جاران رژدتر بوو لەسەر ئەم کارەو گوساخیو رووداری نیشان دەدا.

تووڕە بوونی پوشکین دەبووە باعیسی شۆخیو گاڵتەی ئەو و تەنانەت لە حوزوری ئەویشدا ڤیانی خۆی نەدەشاردەوە. لەم کاتەدا چی وای نەمابوو کە شاعیری مەزن بە هۆی ئەم نێگەرانیە دەرونیەوە شێت بێ.

بۆیە لە ١٨٣٧/١/٢٦دا نامەیەکی بۆ کوڕە گەورەکەی هیکرن نارد کە پڕ بوو لە جنێوی سەر بە کۆڵکە. لە دوای ئەم نامەیەوە ئیتر دۆئێلەکە مسۆگەر بوو وپوشکینش جگە لەمە هیچی تری نەدەویست، چونکە بۆ رزگار بوون لەو پەریشان حاڵیە جگە لەمە هیچ رێگەیەکی دیکەی نەدەبینی.

پاش رێکەوتنی نێوان هیکرن و دانتس، سەرەنجام دانتس داواکەی پوشکینی قەبوڵ کردو کە ئەم هەواڵە گەییە پوشکین یەکسەر هێور بووەوە.

پۆشکین سبەینێی ئەو رۆژە زووتر لە خەو رابوو و وەکو شەوی پێشوو بە کەیف و هێور بوو. چای خواردەوەو کەوتە نووسین. لە مەوعیدی دیاریکراودا (دانزاس- Danzasse) کە لە دۆستانی پۆشکین و لە شایەدەکانی ئەو شەڕە بوو بە دویدا هات. پێکەوە سواری سورتمە* (خزاک) بوون و چوون بۆ ژوانگەی دیاریکراو.

ژوانگەیان گوندی (کامیندانتسکایا- Kamendantskaia)ی کەناری رووباری (چرنائیا- Tchernaia)بوو لەگەڵ حەریفانی خۆدا گەیینە ئەوێندەر. ئەوسا بەرەو بێشەلآنێک رۆییشتن و شوێنێکی رووتەنیان هەڵبژارد. ئەرزەکە یەکپارچە تۆپەڵە بەفر بوو. ئەو دوو شایەدەو دانتس بەفرەکەیان بەپێیان ماڵیو رێگەیەکی پانیان کردەوە تا لەوێدا جووتە حەریف رووبەرووی یەکتر ببنەوە. پوشکین شانێلێکی فەروە ورچی لەبەر کردبوو ولەسەر تۆپەڵە بەفرێک دانیشتبوو و بەبێ قەراری چاوەنۆڕ بوو. شایەتەکان بە پێیان ئەندازەی مەوداکەیان گرت وشوێنی وەستانی هەر کەسێکیان دیاریکردو شانێلەکانیان لەوێ، لەسەر بەفران داناو ئەوجا دەمانچەکانیان سوار کردو لەم بەینەدا پوشکین بەبێ قەراری لێکدا لێکدا دەیپرسی: "ئێ، کارتان تەواو بوو؟".

زۆری نەبرد کە هەموو شتێک ئامادە بوو، حەریفەکان هەر کەسەو شوێنی خۆی گرت، دەمانچەکانیان دایە دەستیان. دانزاس کڵاوەکەی خۆی تەکان داو ئاماژەی کرد کە دەست پێبکەن. پوشکین بەلەز هاتە شوێنی خۆی، وێستا و نیشانەی گرتەوە، لێ لە هەمان کاتدا دانتس کە گەیی بووە یەک هەنگاوی شوێنەکەی خۆی فیشەکێکی تەقاند. پوشکین بە پشتا کەوتە سەر ئەو شانێلەی کە شوێنەکەی ئەوی دیاری دەکردو رووی بەرەو زەوی وەرچەرخا. شایەتەکان لەگەڵ دانتس دا بەرەو ئەو غاریاندا. وەهۆش هاتەوە، سەری راست کردەوەو گوتی: "سەبر کەن، هەستدەکەم ئەوەندەم هێز تێدایە کە تەقە بکەم".

دانتس گەڕایەوە سەر جێگاکەی خۆی، بە تەنیشتا وەستاو دەستی راستی خستە سەر سینەی خۆی. پوشکین ئەژنۆی داداو بە نیمچە خەوتووی نیشانەی گرتەوە. ماوەیەک نیشانەی گرتەوەو سەرەنجام فیشەکێکی تەقاندو دەمانچەکەی خۆی فڕێ داو هاواری کرد: "ئافەرین!".

ئەوجا بەبێ هۆش لەسەر بەفرەکە کەوت. لەم کاتەدا دانتس بە تەنێ بەدەم ئازاراوە دەتلایەوە گوللەکە نەرمایی بازووی دیواو دەر کردبوو ولەوێوە بەر دوگمەی پانتۆڵەکەی کەوتبوو، و ئەم دوگمەیە گیانی کڕی بووەوە.

پوشکین کە وەهۆش هاتەوە لە (دارشیاک- Darchiac)ی،کە یەکێک بوو لە شایەتەکان پرسی : "کوشتم"؟.

– نە، زامدارت کرد.

پوشکین گوتی:" سەیرە! دڵم خۆش بوو، وامزانی کوشتم ، کە چی وا نیە، چ قەیدییە؟ هەرکە چاک بووینەوە، تێ هەڵدەچینەوە".

بە کۆمەکی شایەتەکان پوشکینیان سواری سورتمە کرد. ناتالیای هاوسەری کەمێک بەر لەوە لە گەشت و گەڕان گەڕابووەو دەگەڵ (ئەلکساندەرینا- Alexandrina)ی خوشکیدا بۆ فراڤین چاوەڕوانی پوشکین

بوو. له نکاو دانزاس بێ خشپە خۆی وەژوورا کردو هەوڵیدا بە هێمنی تێیان بگەیەنێ کە پوشکین لەگەڵ دانتس دا دوئێلی کردووەو برینداره، بەڵام برینەکەی سووکە. ناتالیا بەرەو دالآنی ماڵەکە غاریدا، کە پوشکینیان گەیاندبووه ئەوێندەر. ناتالیا بە دیتنی ئەم دیمەنە بورایەوە، و پوشکینیان لە ئۆفیسەکەی خۆیدا لەسەر مۆبیلەیەک خەواند. کە وەهۆش هاتەوه، ژنەکەی ویستی بچێتە ژوورەوه، لێ بە دەنگی بەرز هاواری کرد: "مەیە ژوورەوه". نەیدەویست زامەکەی بدینێو ئەو کاتە بانگی کرد کە جلەکانی داکەندبوو و پاڵ کەوتبوو.

پوشکین بەم حاڵەوەو بە دەم ئازاری زۆرەوە زیاتر عەوداڵی هاوسەرەکەی بوو و دەیگوت: "بەستەزمانە هیچ خەتاو گوناحێکی نیه، خەم دەخوات و رەنگە بەهۆی قسەی خەڵکیشەوه رەنج بکێشێتو خەفەت بخوات".

بە ژنەکەی دەگوت: "بۆ مەرگی من دڵتەنگ مەبە؟ ئەمە کارێکە کە تەنیا پەیوەندی بە منەوە هەبووه".

ئەو رق و تورەییەی کە چەند مانگێک لەوەپێش هەمیشە ناخی دێنایە کۆڵ وجۆش ئێستا بە تەواوەتی دامرکابووەوەو هێدی و هێمن و میهرەبان بوو بوو. هەندێ لە دۆستان پێیان وابوو کە پوشکین خوازیاری مەرگ بووەو بە مردن شاده، چونکە لە رەنج و مەینەتی رزگاری دەکات.

پوشکین، سکی بریندار بوو بوو، گوللەکە مۆرەغەی پشتی شکاند بوو و وردە ئێسقانەکان گوشاریان دەخستە سەر ریخۆڵەی. ئاقیبەتی ئەم زامە زۆر ناخۆش کەوتەوه. چاوانی دەرپۆقین، لە تۆ وایە دەیانەوێ بێنە دەرێ. ئارەقەیەکی زەرد نیشتە سەر رووی و دەستەکانی سارد بوونەوه. هەرچەندە زۆری هەوڵدەدا دان بە خۆیدا بگرێ، بە جۆرێ هاواری دەکرد کە هەترەشی پیاوی دەبرد. پێشخزمەتەکەی هات و بە (دانزاس)ی گوت پوشکین فەرمانی پێکردووه یەکێک لە چەکمەجەکانی مێزی نووسینەکەی بۆ ببات وبە خۆی لە ژوورەکە وەدەربکەوێ، دەمانچەکانی پوشکین لەو چەکمەجەیەدا بوون. (دانزاس) بەلەز خۆی گەیاندە دیار پوشکین و ئەو دەمانچەیەی کە لە ژێر لێفەکەیدا وەشاردبوو، لێسەند. پوشکین دانی بەوەدا نا کە ویستویەتی خۆی بکوژێت، چونکە لەوەی پتر تەحەمولی ئازاری نەکردووه.

نزیکی بەیانی ئازارەکەی کەمێک نیشتەوه. پوشکین هێور بووەوەو ئیدی تا دەمی مردن نە بەهاوارو نە بەناڵەیەک ئەو ئازارەی کە دەیکێشا،دەرنەبری. لەم وەختەدا خەڵکی لە بەردەم ماڵەکەیدا خڕ بوو بوونەوه.

ئاشناو بێگانان بەردەوام دەیان پرسی: "حاڵی پوشکین چۆنە؟ باشترە؟ ئومێدی مانی هەیە؟".

رۆژی ١/٢٩، نزیکی نیوەڕۆ پوشکین داوای ئاوێنەی کرد،و تەمەشایەکی خۆی کردو بە دەست ئاماژەیەکی کرد. نەبزی خاو بووەوه، لە لێدان کەوت و دەستەکانی سارد بوونەوه. نەفەسی لە جاران زیاتر دایەکزی و ئەوجا دوا هەناسەی داو گیانی دەرچوو. ئەو کەسانەی کە لەو ئاوزینگ و ئاویلکەیەدا لەوێ بوو بوون

هەرگیز ئەو ئارامیو هێمنییە بەشکۆو ئەو شادمانیەی کە لەو دوا هەناسەیەدا نیشتبووە سەرسیمای پۆشکین و ئاشکرا بوو بوو لە یادیان نەچووە.

لە کەناری روباردا، لە کۆچەی (موئیکا- Moika)داو بەرانبەر بەو ماڵەی کە پوشکین گیانی تیا سپارد بوو، وەزعو حاڵێک دەبینرا کە لەو زەمانەدا هەرگیز ئاسایی نەبوو، قەرەباڵغیو ئاپۆرەی خەڵکەکە وەکو شەپۆل لە هەڵکشان و داکشاندا بوو و هاتبوون مالاوایی لە جەنازەکەی بکەن و بەرەو ماڵەکەی ئەو دەچوون، هیچ ئەشرافزادەیەک لە بەرانبەر تابووتەکەیدا نەبوو. تەنیا خوێندکارانی زانکۆکان وخەڵکانی ئازادپیشەو کارمەندانی بچووکی دایەرەکان و مامەڵەچیانو خەڵکی هەژار لەوێندەر خڕ بوو بوونەوە. واتە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە دەبوایە لە ئایندەداو لە رووداوەکانی ئایندەدا، لە رووداوە زۆر گرینگەکانی ئایندەدا دەورو ویستی خۆ بنوێنن و پایەی خۆ بەدەست بێنن یەکەمجار لە ماڵی ئەودا پەیدا بوون و لە دەوری یەکتر خڕ بوونەوە.

پوشکین. دوا ساڵەکانی تەمەنی خۆی لە کونجی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئەدەبیدا بەسەر بردبوو و بە نائومێدی و غەمگینییەوە دەربارەی خۆی دەیگوت: "بە تەنێ دەژیم". بەڵام بە هیچ جۆرێ وێنای نەدەکرد کە ئەم هەموو دۆستە ئەمەکدارو نە گۆڕەی لە دەرێی ئەو بازنەیەدا کە تیای دەژیاو گیانی تیا سپارد هەبێ. تا زندوو بوو دۆستەکانی گلەییەکی زۆریان لێی هەبوو و نەیاندەتوانی چاوپۆشی لێبکەن. بەڵام کە مرد سەیریان کرد شتێکیان لە دەست چووە کە بە هیچ کلۆجێ قەرەبوو ناکرێتەوەو ئەوسا قەدریان زانی. بۆیە لەو رۆژەدا بە بانگی بەرز، نەک بە ئاوازی ئاشکرا، بەڵکو بە ئەتوارو رەفتاری خۆ دەیانگوت کە ئەو لە ئێمەیە.

لەم زەمانەدا، تزار ناچار بوو بیەوێ و نەیەوێ رەفتارێکی دیکە بگرێتە بەرو مردنی پوشکین بە خەسارەتێکی نەتەوەیی بژمێرێت. بۆیە (دانتس)یان تەنزیل دەرەجە کردو لە رووسیا دەریانکرد و دەوڵەتی هوڵاند (هیکرن)ی لە پایەی سەفیری لابردو بانگی کردەوە بۆ وڵات. بەڵام لەلایەکی ترەوە (نیکولا)ی رێگەی نەفرەت و ناڕەزایی جەماوەری خەڵکی بڕی، ئەویش بەوەی کە دەستوریان دا هەر کەسێک هەواڵی مردنی پوشکین بڵاودەکاتەوە دەبێ بە شێوەیەکی میانڕەوانە بڵاوی بکاتەوە. لەو بەینەدا لە شوێنێک نووسرا بوو: "هەتاوی شیعرمان ئاوا بوو" یا "پوشکین لە لوتکەی نێوبانگی خۆیدا مرد" لە سەر ئەمە گلەییان لە نووسەران کرد. کۆمەڵێک ماموریان لە ماڵی دراوسێکانی پوشکیندا دانا بوو وکۆمەڵێک جاسوس و شۆفاریش بە بەر ماڵەکەیدا هاتوچۆیان دەکرد. شەوێ بەر لە هەڵگرتنی جەنازەکەی، واتە شەوی ٣٠-١/٣١ کە خەڵکەکە بڵاوەیان کردو جگە لە چەند دۆستێکی نزیکی پوشکین کەسی تر نەمایەوە، مامورانی دەوڵەت وەژوورکەوتن کە سەرتیپ (دوبلت- Doubelt)ی سەرۆکی سەرکردایەتی ئاسایش لە پێش هەموویانەوە

بوو. جەنازەکەی پوشکینیان لەبری ئەوەی بۆ کڵێسای (سەنت ئیساک- Saint – Isaac)ی بەرن کە دەبوایە ڕێورەسمی ڕەحمەتی لەوێ بۆ ئەنجام بدرێ، بۆ کڵێسای (کانیوشنایا- Koniouchennaia)یان برد. هەڵبەتە لە کاتی ڕێوڕەسمی ڕەحمەتەکەدا مامورانی دەوڵەتی هەموو دەرگاکانیان گرت و تەنیا ئەو کەسانەی کە باجی دەعوەتی تایبەتیان هەبوو توانیان بچنە ژوورەوە. لە پاش ڕێوڕەسمی پرسەو ڕەحمەت، جەنازەکەیان بردە ژێر زەمینی کڵێساکە.

لە شەوی ٣/٢ شوبات چەند شرِە عەرەبانەیەک لەبەر کڵێساکە وەستان، ئەفسەری ئاسایش سواری یەکێک لەو عەرەبانانە بوو، و(ئەی. ئای. تورگنیف- A. I. Tourguenef)ی دۆستی پوشکینش سواری عەرەبانەیەکی تریان بوو کە ڕاسپێردرا بوو تا دەڤەری پسکوڤ لەگەڵ جەنازەکەیدا بڕوات ولەوێندەر لە دێری (سڤیاتاگورسک- Sviatogorsk)ی نزیکی گوندی میخائیلوڤسکۆیەی زاگەی پوشکین، بەخاکی بسپێرێت.

ئەم دەستەی بە ڕێکەرانە زۆر بەلەز کەوتنە ڕێ، شەوو ڕۆژ هەر ڕێیان کرد، لە تۆ وایە تاقمە تاوانکارێکن و دەخوازن بە زووترین کات کەتنی خۆ ئەنجام بدەن و بە نهێنی تاوانێک ئەنجام بدەن. لە یەکێک لە کاروانسەراکاندا، هاوسەری یەکێک لە مامۆستایان کە سەفەری دەکرد، چاوی بەو مامورو عەرەبانچیانە کەوت کە بەلەز ئەسپی تازە نەفەسیان لە عەرەبانە دەبەست و لەو بەینەدا گالیسکەیەکی بینی کە جەنازەیەکی تێدا بوو و لە حەسیرەوە پێچرا بوو. لە کەسێکی، کە تەمەشای دەکرد، پرسی چ خەبەرە، وەڵامی دایەوە: "خودا شایەدە کەس هیچ شتێک نازانێ. گوایە پوشکین ناوێک کوژراوەو بەو پەڕی پەلەپەل لە حەسیریانەوە پێچاوەو خوا لێم نەگرێ میناکی سەگ و کسۆکان دەیبەن".

گەورەترین شاعیری ڕووسیایان بەو شێوەیە بەخاک سپارد.

## ١-٦ پایەی ئەدەبی پوشکین :

لە شوباتی ساڵی ١٨٣٧ەوە کە ئەلکساندەر پوشکین، گەورەترین شاعیری ڕووسیا لە جیهان دەرچووە، تا ئێستا پتر لە سەدو هەفتا ساڵ تێ دەپەڕێ، لەم ماوەیەدا وەکو چۆن دەربارەی گەلێک لە گەورە پیاوانی مێژووی هەر میللەتێک لە قۆناغانی جیاوازدا، ڕاوبۆچوونی هەمە جۆر دێتە دەربڕین، پوشکینیش لەم حاڵە بەدەر نەبووە. هەندێ لە هاوچەرخانی بە شاعیرێکی گەورەیان نەزانیوە، وەکو چۆن بیلینسکی لە ساڵی ١٨٢٥دا گوتوویەتی کە بەهرەو قەریحەی پوشکین وشکی کردووەو باوەڕی وابووە کە دەبێ گوگول ببێ بە پێشەنگی ئەدەبیاتی نەتەوەیی ڕووسیاو ئەو پایەیەی کە هۆزانڤانی یڤگینی ئونیگین لە دەستی داوە، وەربگرێ، و بەردەوام ئەم بۆچوونەی گوتووەتەوە.

گومان لەوەدا نیە کە تا پۆشکین لە ژیاندا بوو لە رووسیادا هەڤرکی نەبوو وشاعیرانی هاوعەسری هەموو لە دوای ئەوەوە بوون. بەڵام بەر لە مردنی، زۆر هەورازو نشێو لە شۆرەت و نێوبانگیدا بەدی دەکرێ. یەکەم لە قۆناغی ساڵانی ١٨٦٠-١٨٨٠دا کە قۆناغی قەیرانێکی هزری و رامیاری دیار بووە، دەبوایە بێ ئینسافی دەربارە بکەن.. لەو قۆناغە قەیراناویەدا گوتوویانە ئەم شاعیرە گەورەیە لە هیچ مەسەلەیەکی گرینگدا کە لە سەردەمی ژیانی ئەودا، چینی نەجیمزادە بە پەرۆشەوە بەشداریان تێدا کردووە، بەشداری نەکردووەو تاقە هەنگاوێکی لەم رێگەیەدا نەناوە. لەو زەمانەدا لە نۆرینی لاوانی پڕ جۆشدا، کە کەسانی وەکو بیلینسکیو دوبرولیوبوف- Dobrolioubof بەرەو پرەنسیپ و سەرەتاکانی خۆیانیان رادەکێشا، ئەو وەکو بەرەڵڵایەکی ئەهلی عەیش و نۆش هاتوەتە بەرچاو. لە دوای ئەوە کاتێ کە دروشمی بەناوبانگی "هونەر لە رای هونەر" لە نێو کۆمەڵگەیەکدا کە گەڕابووەوە باوەشی ئارامی و شادمانیەکانی ژیانی ئاسایی، رەواجی پەیدا کرد، ئەستێرەی بەختی ئەو دووبارە لە ئاسمانی هزرێن رووسیدا درەوشایەوەو لەوە بە دواوە ئەم ئەستێرەیە نەک هەر بە هەمان پرشنگداری دەمێنێتەوە بەڵکو رۆژ بە رۆژ پایەی ئەدەبی ئەو زیاد دەکات.
هیچ گومان لەوەدا نیە کە لە سایەی دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا شان و شەوکەتی پوشکین یەکجار چووە سەرێ و کار گەییە ئەوەی کە بوو بە شاعیری نەتەوەیی رووسیاو گەورەترین شاعیری ئەو وڵاتە. ئەو ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەی کە بە بۆنەی سەد ساڵەی مەرگ و سەدو پەنجا ساڵەی لە دایک بوونییەوە لە سەرانسەری جیهاندا بەرپا کرا باشترین بەڵگەیە کە نەک هەر لە وڵاتی پان و بەرینی رووسی زماندا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا ئەویان بە شاعیرێکی زۆر مەزن زانیوە. ئەمێستاش بەرهەمەکانی بۆ سەر زۆر زمانان پاچڤە کراوەو بێ چەندو چون بە رەواجترین و بەنێوبانگترین بەرهەمێن ئەدەبیاتی رووسیایە.
لە جیهانی ئەدەبدا پوشکینیان دەگەڵ گەلەک لە نووسەران و شاعیرانی مەزنی ئەوروپادا بەراورد کردووەو بەرهەمەکانیان دەگەڵ بەرهەمێن هەر یەکێک لەوانە بەراورد کردووەو گوتوویانە کە ئەو قووڵی شەکسپیرو گوتە، وقوەتی بایرون و هنری هاینەو شیلەرو جۆشو خرۆشی لیرمانتوف و ئالفرید دی موسەو تواناو دووربینی ڤیگتۆر هۆگۆی نەبووەو هەروەها لە نمایش و نواندنی گیانی نەتەوەییدا بە پایەی ئەو شاعیرانەی کە ناسنامەو رەمزی میللەتی خۆ بوونە وەکو فیردەوسیو حافیزو تەنانەت شاعیری بە نامێی پۆڵاندی میکسیویچ- Mickiewiez کە بە خۆی گوتوویەتی: "من لە جیاتی یەک ملێون خەڵکم" نەگەییوە. وێڕای هەموو ئەمەش ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە پوشکین بە زەبری ئەو هارمۆنیو هاوئاهەنگیەی کە لە نێوان وشەو مانای ئەودا هەیە، ئەو وردیە ئەفسوناوییەی کە لە دەربڕین و گوزارشتی خۆیدا بەکاری بردووەو بە زەبری ئەو ئاوێتەکردنە زۆر وەستایانەی کە شیرینی وجوانی دەربڕینی بە بەلاغەت و رەوانبێژی داوە،وبە

زەبری ئەو هەستانەی کە هەمیشە لە پەیڤەکانیا دەبینرێ و هەروەها بە حوکمی میانڕەوی و خۆ دزینەوە لە درێژ دادڕی لە گەلێک لەم هۆزانڤانە مەزنانە بالآترە.

هەندێجار هۆزانەکانی دەگەنە ئەوپەڕی جوانی وهەرگیز ئەو خزینەی کە هاتووەتە رێی گەلەک لە هۆزانڤانان، تووشی ئەو نەبووە. لە هەر شتێک پتر شاعیرێکی یەجگار شیرین بەیانە، مەگەر لە هەندێ هۆنراوەدا نەبێ وەکو هۆنراوەی (پەیامبەر) کە لە ساڵی ١٨٢٦دا گوتوویەتی، هەرچەندە درێژەدانێکی یەجگار جوانی تێدایە، هەندێ لە بەیتەکانی لێکدی نەبانن و هەروەها لە هەندێ بەیتی قەسیدەی (ئیزائی)شدا. وێڕای ئەمەش نووسەری ناڤدار دۆستۆفسکی خوێندنەوەی ئەو دوو چامەیەی زۆر پێخۆش بووە.

ئەم تەبیعەتە توندوسەرکێش و بێباکە لە نیهادا دەگەڵ سروشتی زۆر ئارامی پوشکیندا جمک بووەو کەسێک کە تا ئەم رادەیە توند وبێ موبالاتو بێ ئۆقرە بووە، لە بەرهەمەکانی خۆیدا لە هەموو شوێنێ خۆی لە خۆنواندن دوور گرتووەو وای نواندووە کە زۆر بەسەر خۆی و بەسەر ناوەڕۆکی خۆیدا زاڵ بووە.

قەریحەی شیعری هەمیشە ئەوی لە سەرمەستیەکانی ژیان وەئاگا هێناوەتەوە. لە شیعرەکانی خۆیدا لە جیاتی نیشانەکانی شاعیرانی کۆن و لە جیاتی گەرم وگوڕی دینامیکیانەی شاعیرانی رۆمانتیک، خەم سارد بووەو بە خۆی لە قەسیدەیەکیا بۆ ژوکۆفسکی ئەوە بە "ئیلهامی سارد" ناو دەبات و لەبەر ئەمەیە کە پوشکین پتر لە هەر شاعیرێکی دیکەی رۆژگاری خۆی عەودالّی حەقیقەت بووە. لە نێو قارەمانانی شەکسپیردا (فالستاف- FALSTAFF)ی لە هەموو ئەوانی دیکە پێ پەسند تر بووەو ئەوی بە باشترین نموونەی بەشەری ژماردووەو باوەڕی وابووە کە شاعیری مەزنی ئینگلیزی لە وەسفی ئەم قارەمانەدا روحی شاعیرانەی خۆی باشتر نیشانداوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو تەبیعەتە پڕ جۆش وخرۆشو سروشتە ئەهریمەنانەیەی مرۆڤانی باشوری ئەوروپای وەکو دۆن جوان لە روح و گیانی پۆشکیندا گۆڕاوە بۆ شادی شەهوەتئەنگێزی ژیان و سوود وەرگرتن لە جوانی.

ئەو خاڵەی کە دەربارەی ئەو دێتە پێشێ ئەمەیە کە ئایا لە بەرهەمەکانی خۆیدا پاچڤەوان و تەرجومانی راستەقینەی ژیان و هەستی رووسیای زەمانی خۆی بووە یان نا؟ ئایا دەتوانرێ ئەو بە ئاوێتەیەکی خۆشئاهەنگی رەگەزو توخمە جیاوازو ناکۆکەکانی شارستانیەتی ئەوروپا بزانرێ کە برێک لە هزرڤانانی هاوعەسری ئەو بەو رادەیە شەیدای بوو بوون؟ دۆستۆفسکی پێی وابووە کە واهی بووە. (گریگوریف- Grigorieg)، رەخنەگری ناودای رووسیا باوەڕی وابووە کە تەنیا مردن بووەتە کۆسپ کە ئەم شاعیرە گەورەیە خۆی بە تەرجومانی گیانی نەتەوەیی وڵاتی خۆی بزانێ و ئەگەر پتر بمایە ئەم گیانی نەتەوەییە لەودا جیلوەی دەکردو لە رێگەی خۆشەویستیو ڤیانەوە دەگەییە ئەم ئەنجامە. دۆستۆفسکی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی یەکێک لە قەسیدەکانی ئەوی کە (کۆڕی میوانداری) ناوە بە نموونە هێناوەتەوە، بەلآم

ئەم قەسیدەیە تەرجومەیەکە کە پوشکین لە هەندێ دیمەنی درامایەکی (جون ویلسن- john wilson) کردوویەتی کە (شاری پلا- The cityofth plague)ی ناوەو لە ساڵی ١٨١٦دا تەواوی کردووەو ئەم پاچڤەیەی پۆشکین تا رادەیەک دەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەیدا تێک دەکاتەوە. ئەو تواناو بەهرەیەی کە پوشکین لە گوێزانەوەی دیمەنەکانی ئینگلیستاندا بۆ زمانی رووسی هەی بووە، لە گۆشەنیگای دۆستۆفسکییەوە وەکو هێزێکی تێگەییشتنی گەورەو نائاسایی دەرکەوتووە. بەڵام لەو بەیتانەدا کە وەرگێڕ بۆ ئەسڵ و دەقە ئینگلیزییەکەی زیاد کردووە تاعونی بە زستان بەراورد کردووەو خویایە کە ئەم پێوەرە هیچ شەقڵ و لایەنێکی ئینگلیزی نیە.

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پوشکین ئەوەیە کە خۆی لە هەر بابەتێک داوەو نووسیوەو دەرەقەتی هەر تیمەو نێوەڕۆکێک هاتووەو ئەم خاڵە بووەتە باعیسی ئەوەی کە لە رووسیادا ستایشکەرانێکی زۆری هەبێ و ئەوەش یەکێکە لە کۆڵەکەو تایبەتمەندیەکانی شێوازی رۆمانتیکی ئەو. رۆمانتیزم کە هۆزانی مێژوویی لە ئەورووپادا هێناوەتە ئاراوە ئەم بیرەشی گشتاندووە کە لە هەنبەر ئایدیال و ئامانجی نموونەیی و ستراتیژی هەر قۆناغێکدا ئایدیالی دیکەش هەیە کە رەنگدانەوەی جوانی و ئەستاتیکای جیهانەو لەو دیوی زەمان و فەزاوە بوونی هەیە،واتە لە زەمانی بوریدا هەبووەو لە ژینگەێن دیکەدا،جگە لەو ژینگەیەی کە شاعیر تیایدا دەژی،هەیە. وەکو چۆن گۆتەی هۆزانڤانی مەزنی ئەڵمانی کە یەکێک لە زەبەردەست ترین مامۆستایانی رێبازی رۆمانتیزم لە قەسیدەی (تاس- Tass) و لە (ئیفیژنی- Iphigenei) و لە (فاوست)ی دووەمدا لەگەڵ هەر میللەتێکدا بووە بە هاونەژادو لەگەڵ هەر زەمانێکدا بووە بە هاوعەسر،واتە هەستی میللەتانی جیاواز و زەمانانی جیاوازی پەروەردە کردووە، (توماس مور- Thomas Moore)ی شاعیری رۆمانتیکی ئینگلیزیش لە قەسیدەیەکی وەسفیدا کە دەربارەی (برمودەکان- Bermuds) گوتوویەتی و لە هەندێ شیعرو هۆنراوەی پڕ لە هەست و سۆزدا کە دەربارەی وڵاتی ئیرلەندا گوتوویەتی و لە رۆمانێکی شیعریدا کە رووداوەکانی لە میسردا روویان داوەو لە چیرۆکی "لالە روو"دا کە ئەویش ئەفسانەیەکی شیعرییەو رووداوەکانی لە ئێراندا رووی داوە هەمان رێگەی گرتووەتەبەرو ئەم دوو شاعیرە ناودارە بەمجۆرە پەیڕەویان لە دەستووری رێبازی رۆمانتیزم کە تا ئەو رادەیە دەوڵەمەندو بەرفراوان بووە، کردووە، لێ پۆشکین لەم رێگەیەدا بەپێی ئەواندا ناگات. سەرباری هەموو ئەمەش هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە پوشکین یەکێکە لە شاعیرە گەورەکان و میللەتێک کە شاعیرێکی ئاوهای لە سەرەتای ئەدەبیاتی خۆیدا پەروەردە کردووە، دەتوانێ هەمیشە شانازی پێوە بکات.

زمانی شیعری پوشکین لەوپەڕی دەوڵەمەندی و نەرمی و رەوانی دایە، بەڵام هەندێجار شوێنەواری هەڵەو پەڵەی زادەی فێربوون وپەروەردەی خۆی تێدا بەدی دەکرێ، وەکو (کورش- Korch)، کە یەکێکە لە

رەخنەگرانی رووسی، هەندێ وشەی نادروست و دەستەواژە و رستەی تایبەتی لە شیعرەکانیا دۆزیوەتەوە. کاریگەری نووسەرانی فەرەنسایی کە لە شیعرەکانیا کەمتر دیارە، لە پەخشانەکانیا زیاتر بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە دەستەواژەکانی چیرۆکی (کیژی سوڵتان) کورت و رون و هەندێک وشکن و لێکچوونی زۆری دەگەڵ شێوازی نووسینی ڤۆلتیردا هەیە. ئەو کێشە شیعرییەی کە لە چامەو بەیتەکانی خۆیدا بە زۆری بەکاری بردووە کێشی هەشت سیلابیە کە لە شیعری فۆلکلۆرو عامیانەی رووسیدا فرەیە، لە قافیەو سەرواشدا سووکە گۆڕانی کردووە.

گەورەترین پایەی پوشکین لە ئەدەبیاتی رووسیدا ئەوەیە کە چ لە ژیانیاو چ لە پاش مەرگی بەردەوام لایەنگرانی فرەی هەبووە. لە ساڵی ١٨٣٠ دا گروپێک لە قوتابیان و لایەنگرانی دەوریان گرتبوو. وێڕای ئەوەی کە لەو زەمانەدا گەیی بووە پۆپەی شۆرەت. سەبارەت بە بەرهەمەکانی خۆی درژ پەسند بوو هەموویانی بەگەن نەدەکردو لە خۆی رازی نەبوو. بەڵام هەمیشە بە چاوی بەرزو لێبوردوانە دەیڕوانیە بەرهەمێن خەڵکی دیکەو دەرهەق بە هەموو کەسێک میهرەبان و رووخۆش بوو تەنیا دەربارەی چەند رۆژنامەنووسێکی پوترزبورگ نەبێ. بەڕادەیەک خاکیانە دەیڕوانیە بەرهەمەکانی خۆی کە بەرهەمەکانی (باراتینسکی- Baratinski)ی نووسەری ئەو رۆژگارەی بەسەر شاکارەکانی خۆیدا پەسند دەداو شتەکانی خۆی دەدایە (دلویگ) و رای ئەوی دەربارەیان دەپرسی. "دلویگ" لە ئامادەیی تسارسکوڤیەدا هاو پۆلی پوشکین بووەو پێدەچێ ئەو دۆستایەتی و هۆگرییەی کە لە منداڵیەوە لە نێوانیاندا پەیدا بووە، پوشکینی تا ئەم ئەندازەیە لەو نزیک کردووەتەوەو تا ئەم رادەیە باوەڕی بە بەرهەم و رای ئەو هەبووە.

شیعرەکانی پوشکین، لای خەڵکی رووسیا رەواج و رەونەقێکی ئەفسوناوی ئەوتۆیان هەیە کە هیچ شتێک هاوتایان ناکاتەوەو هێشتا هیچ یەکێک لە شاعیرانی ئەو وڵاتە نەیانتوانیوە بەرهەمێکی هاوتای شاکارەکانی ئەو بەرهەم بێنن. هەر بۆیە گەلێک لە ئاهەنگسازان و مۆسیقازانانی گەورەی رووسی کە دڵبەندی شیعرەکانی ئەو بوونە لەم ماوەیەدا ئاهەنگ و ئاوازی یەکجار جوانیان، کە زۆربەیان شاکاری بێ چەندو چوونن، بۆ هەندێ لە شیعرەکانی پوشکین داناوە، کە هەندێکیان لە ناودارترین موسیقازانانی جیهانن، وەک: گلینکا- Glinka، دارگومیژسکی- Dargomijski، موسورگسکی- Moussorgski، چایکۆفسکی- Tehaikovski، بۆرودین- Barodine، روبنشتین- Rubenstein، گلۆزونف- Glozounof، راخمانینوف- Rakhmaninof، ریمسکی کوساکوف- Rimski- Korsakof و ئاسافیوڤ- Assafiev.

تێبینی: بڕوانە مێژووی ئەدەبیاتی رووسی/ نووسینی سەعیدی نەفیسی

وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف/ چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٠، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

# پوشکین ،

# پێشەنگی ئەدەبی ڕووسی

"١"

چارەکە سەدەیەک پاش مەرگی پوشکین یەکێک لە ڕەخنەگرەکانی ڕووس، دەربارەی ئەو گوتوویەتی: "پوشکین موڵکی هەموومانە." بەڵام ئەگەر ئەم بۆچوونەشمان قەبووڵ نەبێت، دیسان دەبینین کە هەموو دنیا ئەم شاعیرە مەزنە بە نموونە و ڕەمزی بلیمەتی خەڵکی ڕووسیا دەزانن و هەمیشە و لە هەموو حاڵێکدا ستایشی دەکەن. سەردەمانێ هاوولاتیانی پۆشکین وا ڕاهاتبوون کە ئەو لە ڕیزی گەورەترین هونەرمەندانی ڕۆژاوای وەکو شەکسپیر و مایکل ئانژلیۆ و بتهۆڤن دابنەن، خۆ ئەگەر هەموو خەڵکی دنیاش باوەڕیان بەو بۆچوونە نەبێ، ئەوجاش ناتوانن نکوڵی لەوە بکەن کە پوشکین یەکێکە لە سیما درەخشانەکانی ئەدەبی جیهان، بەڵام لێرە پێویستە ئاماژە بۆ ئەم خاڵە بکرێت کە ئەم بلیمەتە ڕووسیە، لە دەرێی مەرزەکانی ڕووسیا وەکو پێویست و پڕاو پڕی پێگەو پایەی خۆی بایەخی پێنەدراوە و هەقی خۆی نەدراوەتێ، چونکە هێشتا بە ئەندازەی باقی نووسەرەکانی دیکەی ئەم وڵاتە نەناسراوە. جا با بزانین هۆی ئەم "نەناسینە" چ بووە؟ پەی بردن بەم "هۆیە" زۆر زەحمەت و ئەستەم نییەو لێرەدا بەکورتی و بە چڕی دەیخەینەبەر وردەبینی لێکۆڵینەوەو پاشان دێینە سەر ژیان و گوزەرانی ئەو.

کاتێ بەرهەمەکانی پوشکین دەخوێنینەوە دەبینین هونەری سەرەکی ئەو زیاتر شیعر وتن بووە، شیعرێک کە وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانانی دی، زۆر دژوارو سەختە. ڕەنگە هەندێک ئیراد لەم بۆچوونە بگرن و بڵێن کە شیعری پوشکین چونکە میتافۆڕ و فانتازیای شاعیرانەیان تێدا نەبووە زۆر سادەو بێ ڕتووشن و ئەمە خۆی لەخۆیدا لە بەهای شیعرییەتیان کەم دەکاتەوە، بەڵام پێویستە لە بەرسڤی ئەمانەدا بگوترێت کە: هۆزانێن پوشکین بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوانەوە، بە هەموو سادەیی و ڕوونی و ڕەوانیەکیانەوە، لە جوملەی شیعرە زۆر باڵاو قووڵەکانی دنیان، واتە لەو شیعرانەن کە پێیان دەگوترێ "ئاسانی قورس"، واتە ئەم شیعر و هۆنراوانە بە هۆی ئەو ناسکیە ئەفسوون ئامێزەوە کە لەڕوی سنعەت و هونەری شیعرەوە لە خۆی گرتووە، بەهۆی بەکاربردنی ژمارەیەک فرمانی زۆر و هاو ئاهەنگەوە کە لە کەم شیعری دیدا هەن، بەڕواڵەت زۆر سادە دەنوێنن و هۆنراونەتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەقووڵترین و دڵگیرترین ماناو نێوەڕۆک بارگاوین و ئەم خەسڵەتە کردوویەتیە کارێک کە پاچڤەو تێگەییشتنیان بۆ خەڵکی غەیرە ڕووس دژوارو سەخت بێت. لە هۆزانێن پوشکیندا، جگە لە جوانی و ئیستاتیکای بابەتە سەرەکیەکەی و بتەوی بونیادی شیعری، دەردو ئازارێک هەیە کە تا کانگای ڕۆحی مرۆڤ دادەچۆڕێت. ڕێک وەکو چۆن لە ئاوازەکانی چایکوفسکیدا شتێک

هەیە کە دڵ ڕادەچڵەکێنێ، شتێکی لەو بابەتەش لە هۆزانەکانی پوشکیندا هەیە و ڕەنگە هەر لە بەرئەمەش بێ کە هەموو خەڵکی جیهان پۆشکینیان خۆشدەوێ و ڕێزی تایبەتی دەگرن.

مەزناتی پۆشکین و ڕەسەنایەتی بەرهەمەکانی پوشکین، لەمەوە بەدی دەکرێت، کە وێڕای ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە دوای شۆڕش لە هەموو بوارو کاروبارەکانی ڕووسیادا، بەتایبەتی لە "بایەخی بەرهەمێن نووسەران" دا هاتە ئاراوە، ئەو نەک بەئاستەمیش شۆرەتی خۆی لەدەست نەدا، بەڵکو خۆشەویستی و قەدرو حورمەت و گەورەیی پوشکین لەنێو خەڵکیدا زیاتر بوو.

کاتێ لەساڵی ١٩٣٧دا، سەدەمین ساڵیادی مەرگی ئەم بلیمەتەی ڕووس، لە زۆر شوێنی دنیادا کرایەوە، مەزناتی پوشکین زیاتر دەرکەوت، چونکە بەدرێژایی ڕۆژانی ئەو ساڵیادە هەموو میللەتانی دنیا لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو شاعیرە بە موڵکی خۆ لەقەڵەم بدەن و بیسەلمێنن کە ئەم "کەسایەتیە هونەریە" بە موڵکی هەموو دنیا بناسێنن. هەموو خەڵکی دنیا پۆشکینیان خۆشدەوێ، لەنۆڕینی ئەو موهاجیرو ئاوارە ڕووسانەوە کە دەگەڵ حکومەتی ئێستای "مەبەست حکومەتی سوفیاتیە" ئەم وڵاتەدا نین، پوشکین ڕەمزی هەمیشەیی و نەمریی فەرهەنگ و داب و نەریت و ئەدەبیاتی میللەتێکە بە قەناعەتی وان بەشێوەیەکی کاتی دوو چاری هەرەس و داڕوخان بووەو، لەهەمان کاتدا ئەو خەڵکانەش کە لەناو ڕووسیادا دەژین و سەر بە ڕژێمی وەختی وڵاتن، هەمان بۆچوونیان بۆ ئەو شاعیرە هەیەو ئەم بلیمەتە گەورەیە بەسیمایەکی سەدی سەد نەتەوەیی و بە نموونەیەکی تەواو و بێ چەند و چوونی ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕووسیا دەزانن و ئەمەیش باشترین بەڵگەو محەکە بۆ پەی بردن بە گەورەیی و مەزنایەتی هونەرمەندێک.

لە ساڵی ١٨٩٩دا کە ڕێوڕەسم و ئاهەنگی سەدەمین ساڵیادی لەدایک بوونی پوشکین لەسەرانسەری ڕووسیادا بەرپاکرابوو یەکێک لە دەزگا شۆڕشگێڕیە نهێنیەکان کە لەو سەروبەندەدا لەکارابوو، بەیاننامەیەکی بڵاوکردبووەوە و هەوڵی دابوو پوشکین بخاتە ڕیزی دژمنانی سەر سەختی میللەتی ڕووس و وەکو یەکێک لە خزمەتکارانی تزاری لەقەڵەم بدات. لەم بەیاننامەیەدا نووسرا بوو: "پوشکین هەرگیز دۆست و داشداری خەڵک نەبووە، بەڵکو هەمیشە یەکێک بووە لە خزمەتکارە دڵسۆزەکانی خودی تزار." لەکاتێکا ئەمڕۆکە، لەم ڕۆژگارو سەردەمەی ئێمەدا، دنیا هەر هەمووی ئەو تۆمەتە ناڕەوایانە سەبارەت بەم شاعیرە مەزنە ڕەت دەکەنەوەو هەموو خەڵکی دنیا کەم و زۆر گەورەیی و بایەخی ئەویان بۆ دەرکەوتووەو چاک دەزانن کە پوشکین لە خزمەتی هیچکەسێکدا نەبووە.

لە ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی سەدەمین ساڵیادی مەرگی پۆشکیندا هەوڵێکی زۆر درا تا سیمای ڕاستەقینەی ئەم بلیمەتە بێ هاوتایە بە خەڵکی دنیا نیشان بدرێت. ملیۆنان نوسخە لە بەرهەم و نووسینەکانی ئەو بە زمانانی ناوچەیی و لۆکاڵی ڕووسیاو هەموو زمانانی زندووی دنیا هاتە چاپ و بڵاوکردنەوە. ڕەخنەگران

دنیایەک باسی شیکاری تێرو تەسەلیان دەربارەی نووسی و ئەم باسانە لە شێوەی بلاڤۆک و بڵاوکراوەدا بەسەر خەڵکیدا پەخش و بڵاوکرانەوە. هونەرمەندان و نیگارکێشانی ڕووسی هەزاران تابلۆ و وێنەی بێ نەزیریان لە دیمەنە جۆراو جۆرەکانی چیرۆکەکانی ئەم شاعیر و نووسەرە بەرزەوە هەڵێنجاوە کە هەریەکێک لەو تابلۆ و وێنانە بۆ خۆیان بەشاکارێکی هونەری دێتە ژماردن. سازڤانان، ئاوازی زۆریان لە چیرۆکەکانی ئەوەوە هەڵێنجاوە، دەرهێنەران و نووسەران، باشترین دراماو تراژیدیایان لە حیکایەت و چیرۆکەکانی ئەوەوە ئامادە کردووە و لەسەر شانۆ پێشکەشیان کردووە و بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە هەموو ڕادیۆکانی ڕووسیاوە بەرنامەیەکی یەک سەعاتی بەناوی "سەعاتی پوشکین" پەخش و بڵاوکراوەتەوە کە هەر هەمووی تایبەت بووە بە باس و لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ دەربارەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرەو لێکدانەوەو شرۆڤەی چۆنیەتی نواندنی چیرۆکەکانی و خوێندنەوەی شیعرەکانی.

نووسینەکانی پوشکین، لەڕاستیدا بۆ لاوان جۆرە خۆراکێکی پێویستی ڕۆحیە و نابێ ئەوە لەیاد بکرێت کە زۆربەی نووسەرانی لاو و تازەی دنیا لە سەرەتای کارەکانی خۆیاندا، بەرهەمە بێ نەزیرەکانی ئەویان خوێندووەتەوەو بەرهەمەکانی ئەویان کردووە بەسەر مەشقی شێوازو نووسینەکانی خۆیان.

وێڕای ئەمەش، دەبێ بەوپەڕی داخەوە دان بەوەدا بنەین کە سەرباری ئەو هەموو هەوڵەی کە شەو و ڕۆژ لە سەرانسەری دنیادا دەدرێت، هێستا هەر نەتوانراوە پوشکین وەکو پێویست و پڕ بە پێستی پێگەو پایەی خۆی بەخەڵکی دنیا بناسرێنێ و هێشتاش ئەم سیما پرشنگدارەی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەیەمی ڕووسیا بۆ زۆرێک لە میللەتان نەناسراوەو گەورەیی و مەزناتی ڕاستەقینەی ئەوەیان دەرک نەکردووە.

پوشکین لە ڕووسیای تازەدا قەدرو حورمەتێکی یەجگار گەورەی هەیەو بە گەورەترین شاعیری ڕووس و باوکی ئەدەبیاتی نوێی ڕووسیای دادەنەن و دەڵێن ئەو زمانی ئەدەبی خەڵکی ڕووسی یەک خستووەو..

بێگومان، خەڵکی تا گەورەتر بن، دوای مەرگیان ئەفسانە و چیرۆکی زیاتریان بۆ دروست دەکەن و وای لێدێت بەرەبەرە خەرمانەیەک لەم ئەفسانانەیان لە دەور چێدەبێت، کە ناسینەوەی کەسایەتی ڕاستەقینەیان زۆر زەحمەت دەبێت. بۆیە نابێ وا وێنا بکرێت کە کەسێتی پوشکین لەم ئەفسانەسازیانە بەتەواوەتی دوور بووە، بۆیە هێشتاش ژمارەیەکی زۆر هەن کە پوشکین بە شاعیرێکی یاخی و گەردنکێش دەزانن، لەکاتێکا پوشکین لەو گەورە پیاوانە بوو کە هەرگیز لە ئاستی ستەمکاران و پێشێلکارانی مافی خەڵکیدا، بێدەنگ نەدەبوو، هەر بۆیەش ئاقیبەت بەدەستی کابرایەکی تاوانباری ئالەتی دەستی چەپەڵی کۆمەڵێک کۆنە پەرست کوژرا. پوشکین خاوەنی گیانێکی بەرزو ئازادی ئەوتۆ بوو کە هەرگیز نە دەکەوتە ژێر باندۆرو کاریکەری بیروباوەڕ و فەلسەفەی گومانداران و بێ باوەڕانەوە و وێڕای ئەمەش هیچ کاتێک وەکو بیرو هزرین لە شێوازو بیرکردنەوەو هزرینی عیرفانی نزیک نەبوو بووەوە. ئەم شاعیرە مەزنە لە هەموو ژیانی کورتی

خۆیدا هەمیشە هەر کەسێکی لۆژیکی و واقیعبین بووە و بەوپەڕی ڕەندی و مەردی، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەئاشکرا و بە نهێنی دژی گەندەڵیەکانی ژینگەی ژیانی خۆی وەستاوە.

ئەگەر خوێنەرێکی بیانی بیەوێت سۆزو هەستی خۆی سەبارەت بەم پیاوە گەورەیە دەربرێت، بەر لەهەرشتێک سەری ڕێز و نەوازشت لەبەرامبەر سادەیی و دڵپاکی و بێگەردی بیری ئەو دادەنەوێنێت و دان بەوەدا دەنێت کە هەموو ئەو وێنە و دیمەنانەی پوشکین دیتوونی و بەرجەستەی کردوون ڕەنگدانەوەی هونەرێکی نەتەوەیی و گیانێکی ڕەسەن و لۆکاڵی و دەردو ئازاری بێ دەرمانی نەوەی سەردەمی ئەون.

"٢"

ئەلکساندر سیرگییڤیچ پوشکین، لە ڕۆژی ١٧٩٩/٦/٦ لە شاری مۆسکۆ هاتووەتە دنیایە. لەباوانەوە، لە بنەماڵەیەکی کۆنی ناسراو و بەنێوبانگ و بەرێز بوو کە ماوەیەکی دوورو درێژیان لە ڕووسیا بەسەر بردبوو، لە خاڵوانەوە، لەڕووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی دایکیەوە دەچێتەوە سەر "ئیبراهیم هانیبال" کە خولامی پوترسی گەورە بوو و گوایە شازادەیەکی حەبەشی دیارو گەورە بووە. ئەم ئیبراهیم هانیباله دەگەڵ ژنێکی نەجیبی ئەڵمانیدا زەماوەند دەکات و یازدە منداڵی لێی دەبێت، کە یەکێک لەوانە باپیری پوشکین بوو لە دایکیەوە. ئەم شاعیرە بەتوانایەی ڕووسیا، هەمیشە شانازی بە پێشینەی شەش سەد ساڵەی ماڵباتەکەی خۆیەوە دەکرد و زۆری حەز دەکرد، ڕەچەڵەکی ئەفریقایی خۆی بەهەموان بناسێنێ و هەر لەبەرئەمەش بوو کە هەر کاتێ ڕوو بە ڕووی ڕەش پێستێک دەبووەوە، هاوسۆزییەکی فرەی دەگەڵدا دەکرد و بە "برای ڕەشی من" ناوی دەبرد.

خانەوادەو ماڵباتی پوشکینش وەکو زۆربەی نەجیمزادانی ئەو زەمانەی ڕووسیا، پەروەردە و تەربێتیان زیاتر فەرەنسی بوو تا ڕووسی. لە ماڵەوە هەر بە فەرەنسی داخاوتن، ئەو مامۆستایانەی لەماڵەوە دەرسیان بە منداڵەکانیان دەگوتەوە هەر هەموویان فەرەنسی بوون و هەموو ئەو کتێبانەشی کە لە کتێبخانەکەی ماڵەوەیاندا هەیان بوو، بەزمانی فەرەنسی بوون. بابەتی ئەم کتێبانە. بۆ ئەلکساندری چکۆلە زۆر مایەی سەرنج بوون وزۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی ئەوانەوە بەسەر دەبرد، ژینگەی ماڵەوەش، تاڕادەیەک دەگەڵ بەهرە و حەزە ئەدەبیەکانی ئەودا تێکی دەکردەوە، چونکە لەنێو ئەو کەسانەدا کە هاتوچۆی ئەم ماڵەیان دەکرد، زۆرجار کەسایەتی گەورەی ئەدەبی بەدی دەکران. بابی، هەر بۆ کەیفی دڵی خۆی و بۆ کات بەسەربردن بە زمانی فەرەنسی شیعری دەگوت و یەکێک لە مامەکانی ناوبانگێکی هەبوو و بەنووسەر ناسرابوو. تەنانەت پێشخزمەتەکانی ئەم ماڵەش ئەدەبدۆست و شیعرناس بوون و زۆرجار پێکەوە شەڕە شیعریان دەکرد. هەڵبەتە پۆشکین لە تێکڕای ئەو زانیاریانەدا کە دەربارەی زمانی زکماک و فۆلکلۆر و

حیکاتێن خۆماڵیدا هەی بوون، بە پلەی یەکەم قەرزارباری هەمان خزمەتکار و پێشخزمەتەکانی ماڵی خۆیان بووە کە زۆربەی کات لەناو ئەواندا بووە و حیکایەت و چیرۆکیان بۆ گێڕاوەتەوە. داک و بابی پوشکین هەردووکیان خەڵکی مۆد پەرست و خۆشگوزەران بوون و دایکی کە ژنێکی جوان بوو و ناوی "گریول" بوو، ژنێکی وازوازی و دەمدەمی مجێز و خۆپەرست بوو، بۆیە هیچ بایەخێکیان بەو چوار منداڵە نەدەدا کە هێنابوویاننە دنیاوەو لە هەموویان زیاتر ئەلکساندریان فەرامۆشکردبوو، لەوە دەچێ ئەلکساندریش زۆر دڵبەستەی داک و بابی نەبووبێت. پوشکین بەدرێژایی هەموو تەمەنی بە گیانێکی ئازادو ڕەهاییەوە ژیاوە، بەڵام خاڵە لاوازە ئەخلاقیەکانی ئەو، وەکو میهرەبانی و دلۆڤانی و هەستیاری زیاد لە پێویست، هەمیشە وەکو کۆت و زنجیر لەدەست و پێی ئالابوون و شەو و ڕۆژ سەریەشەو کێشەیان بۆ دروست دەکرد.

ئەلکساندر، لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا چووەتە قوتابخانەی "تزارسکوی سلو" کە لەڕاستیا بە ڤیرسای ئەو زەمانەی ڕووسیا دەهاتە ژماردن و خەڵکانی تەشریفاتی بۆ ئایندە پەروەردە دەکرد. شوێنی ئەم قوتابخانەیە لە یەکێک لە تەلارەکانی کۆشکە گەورەکەی تزاردا (ئیمپراتۆر) بوو و لە ژێر چاودێری و پشتیوانی خودی تزاردا بوو. مامۆستایانی قوتابخانەی نێو براو بەزۆری خەڵکانی بەرجەستە و ناودار بوون و چەند مامۆستایەکی نێوداری فەرەنسیشیان تێدابوو. پرۆگرامی خوێندنی ئەم فێرگەیە، جگە لە ئەخلاق و مرۆڤدۆستی، دەرسی مافێن سیاسی و ئابووری و مەدەنیشی لەخۆ گرتبوو. بەڵام ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی ئەم قوتابخانەیە پەروەردە کردنی خەڵکی نەجیب و دیپلومات بوو نەک زاناو دانا! پوشکین شەش دانە ساڵی بەردەوام لەم ژینگە گەرم و خۆشەدا دەرسی خوێندو لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک دۆست و هاوڕێی بە ئەمەکی پەیدا کرد. ژینگەی قوتابخانەکەی بە ماڵی خۆی دەزانی و هاوپۆلەکانیشی وەکو خزمی نزیکی خۆی خۆش دەویستن. پوشکین کە قوتابییەکی مامناوەندی و خەمساردو بێ موبالات بوو لەو ڕۆژگارو سەردەمەدا زیاتر کاتی خۆی بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ڤۆلتیر و یەک دوو نووسەری دیکەی فەرەنسی و ئەدەبیاتی کلاسیکی لاتینەوە بەسەر دەبرد.

لە قوتابخانەی ناڤبریدا، ئەدەبیات یەجگار باو بوو و قوتابیەکان چالاکی ئەدەبی زۆریان دەکرد. یەکەمین بەرهەمی پوشکین بەزمانی ڕووسی بەیتێکی دوورو درێژ بوو بە ناونیشانی "ئورلیان خاتوون" کە لە بڵاوکراوەکەی قوتابخانەکەدا بڵاوی کردەوە، ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن قوتابیەکانەوە بە دەست دەنووسرایەوە. ئەم چامەیە سەرەتاکەی زۆر قورس و بتەوە، بەڵام زۆربەی بەشەکانی بەشێوازێکی لیریکی جوان هۆنراوەتەوەو، هەموو مەرجێکی چامەو بەیتی سەرکەوتووی تیابوو. ناسکی شێوەو پوختەیی ناوەڕۆکی ئەم بەیت و چامەو شیعرانە بوونە مایەی شۆرەت و نێوبانگی ئەو و ناوی کەوتە سەر زاری قوتابیان و خەڵکانی دوورو نزیک. کاتێ یەکەمین شیعری خۆی بە چاپ گەیاند تازە پێی نابووە ناو پازدە ساڵییەوە. لەم سەرو

بەندەدا بوو کە تاقمێک لە نووسەرانی گەنج و پێشڕەوی ڕووسیا کە ناوبەناو لە دەوری یەکدی خڕدەبوونەوە و ئیراد و ڕەخنەیان لە نووسەرانی کۆن و بە تەمەن دەگرت و گاڵتەیان پێدەکردن، "پوشکین" یان بە "ئومیدی ئەدەبیاتی ڕووسیا" ناو زەدکرد. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هەرگیز هیچ نووسەر و شاعیرێک وا زوو بەزوو و بە ئاسانی ئەو شۆرەت و نێوبانگە مەزنەی بەدەست نەهێناوە.

ئەو هەستە ڕۆمانتیکی و ئاشقانەیەی کە لە شیعرە هەوەڵیەکانی پوشکیندا هەیە زۆر زیاترە لە شێوازی ئەدەبی باوی زەمانی ئەو. ئەم بلیمەتە، چۆن لە شیعر و ئەدەبدا زوو ڕەس بوو، لە ئەشق و ئاشقینیشدا هەر زوو ڕەس بوو. ژیانی ئاشقانەی ئەو لە زەمانێکدا دەستی پێکرد کە هێشتا یونیفورمی نیلی ڕەنگی قوتابخانەی بەیەخەی سوورەوە، فڕێ نەدابوو.

پوشکین لە هەیڤی ١٨١٧/٦ قوتابخانەی تەواو کردو لە دایەرەی پەیوەندییە دەرەکیەکانی ڕووسیادا دامەزرا. لەم سەروبەندەدا بوو کە هاوڕێیانی ئەهلی کەیف و ڕابواردن دەوریان گرتبوو و پوشکین، هاوڕێ دەگەڵ واندا دەچووە ڕابواردن و کەیفان و شەو و ڕۆژ جگە لە مەیگوساری، قومار، دوئێل، تەمەشای بالێ و ئەشقبازی و مێبازی دەگەڵ سۆزانیانی جواندا، هیچ کارێکی دیکەی نەدەکرد. لە هەموو ئەمانەش خراتر شێتانە خووی دابووە ڕابواردنی سێکسی، کە سەرباری لاوازی جەستەیی خۆی و سستی مجێزی، تەندروستی خستبووە مەترسییەوە، بەڵام ئەو کەمترین بایەخی بە سەلامەتی خۆی نەدەدا. بەڵام هیچ یەکێک لەم پوخڵکاریانە، شاعیری گەنج و پڕ هەستی لە شیعر وتن دوورنەدەخستەوەو جگە لە شیعر دەستی بە نووسینی چیرۆکانیش کردبوو و تازە خەریک بوو دەبوو بە خاوەنی شێوە و شێوازی تایبەت بە خۆی.

لەو ڕۆژگارەدا پوشکین، بە هۆی ئەو بابەتە ڕەخنەییە بە ئێش و نێشانەی کە دژی ڕوحانیان و پیاوانی لەخۆڕازی زەمانی خۆی و تەنانەت دژی خودی تزار دەینووسین، گەیی بووە لوتکەی شۆرەت و نێوبانگ، ئەو شیعرانەی کە دەیگوتن هەر هەمووی دەربارەی ڕەنجی چینە چەوساوەکانی خەڵک و هاوسۆزی دەگەڵ ئەواندا بوو، دەربارەی بێ مانایی کۆیلایەتی و ژیانی بە ئازاری مسکێنان بوو. لە تێکڕای نووسین و هۆزانەکانیا ستایشی ئازادی دەکرد و هێرشی دەکردە سەر زوڵم و ستەمکاری و ڕەخنەی توندی لە سیستەمی حکوومەت دەگرت. لەمێژ بوو ڕەمەکی خەڵکی ڕووسیا لە ناڕەحەتی و تەنگانەدا دەژیان و ئەم ڕەوشە لە ئەنجامدا بووە مایەی دامەزراندنی ڕێکخراوانی نهێنی و تا کار گەییە پیلانەکەی ساڵی ١٨٢٥و هێرشی توند دژی ڕژێمی ڕووسیا دەستی پێکرد. لەو ڕۆژگار و کەش و هەواو هاماجەدا بوو کە نووسینە توند و ڕەخنەییەکانی پۆشکین، سەبارەت بە بەرگری لە ئازادی، پشتیوانی لە قانوون، ڕەخنە و ئیراد لە حکوومەتی وەخت، دەستاو دەستیان دەکرد و بە سۆز و گودازەوە پێشوازی گەرمیان لێدەکرا.

لەم سەروبەندەدا پوشکین، کاری لەسەر یەکێک لە چیرۆکە شیعرییەکانی خۆی بەناونیشانی (ڕوسلاند و لودمیلا) دەکرد. ئەم بەیتە کە بەیەکێک لە بەرهەمە نێودارەکانی ئەو دێتە ژماردن بریتیە لە حیکایەت و سەربهووردی شازادە خانمێک کە لەڕێگای کەسێکی جادووبازەوە لە پەردەی بووکێنی دا دەرفێنرێ و ئەنجام لەلایەن نەخیمزادەیەکی بوێرو ڕەندەوە ڕزگار دەکرێت. لەم قۆناغ و سەردەمەدا خێڵی ئەدیبانی ڕووسیا بوو بوون بە دوو دەستەی هەڤدژەوە؛ دەستەیەکیان بەسەرۆکایەتی دەریاوانێکی کۆنەپەرست بوو کە قەرار بوو ببێ بە وەزیری ڕۆشنبیری، ئەم دەستەیە خەڵکانی موحافەزەکار بوون. دەریاوانی ناڤبری دەیگوت دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین کە ئەدەبیاتی ڕووسیا لە وشەو زاراوەێن بێگانە پاک بکەینەوە و پەیوەندی بنەڕەتی ئەدەبیاتی ڕووسی بە زمانی کۆنی ڕووسی و زمانی کتێبانی کڵێسابییەوە بپارێزین. ئەمانە زۆر بەجدی داکۆکیان لە کلاسیسزمی سەدەی ڕابردوو دەکرد و ڕەواج و برەویان پێدەدا. لە هەنبەر ئەمانەدا دەستەیەکی دیکە لە نووسەرانی گەنج و بە بەهرە هەبوون، کە شێوازی نوێیان هەڵبژاردبوو و باوەڕیان وابوو دەبێ شێوەیەکی نوێ و عەوام پەسەند بە زمانی ڕووسی ببەخشرێت و تا دەکرێت لە زمانی جەماوەری خەڵک نزیک بخرێتەوە. شیعرەکانی پوشکین هەرکە بڵاو دەبوونەوە خێرا لەلایەن دەستەی موحافەزەکاران و لایەنگرانی "پاراستنی شێوازی کۆن" ەوە، بەر هێرشی توند دەدران. ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی زۆر خۆیاو ڕوونی لایەنگرانی "شێوازی نوێ" بوو و ئەوەی نیشاندەدا کە پێشەنگانی ئەم شێوازە تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوون. عەوامی خەڵکی مەفتونی تۆنی سادەو بەیتە کورت و وەستایانەکانی ئەم شیعرانە بوون و پۆشکین تا ساڵانێکی زۆر دوای بڵاوبوونەوەی بەیتی "ڕوسلاند" لەنێو خەڵکیدا بە دانەری "روسلاند و لودمیلا" بە نێوبانگ بوو. هەروەها ئۆپرای "گلینکا"ش، هێندەی دی ئەم بەیتەی لە دڵی خەڵکیدا شیرین و خۆشەویست کرد و شۆرەت و ڕەواجی دایێ.

"٣"

ئەو ڕۆژەی کە ئەم بەیتە، لەناميلکەیەکی بچووکی بەرگ ڕەنگینی جواندا بڵاوبووەوە، نووسەرەکەی لە پایتەخت نەبوو؛ چونکە یەک مانگ لەوە پێس بۆ باشووری ڕووسیایان گواستبووەوە تا لەوێندەر لەژێر چاودێری و لەبەردەست ژەنەڕاڵ ئینزوفدا خزمەت بکات و ئەم ماموریەتە لە ڕاستیدا جۆرە دوورخستنەوەیەکی نهێنی و بێ سەرو سەدا بوو. لە سەرەتای ساڵی ١٨٢٠دا، پوشکین کەڵکەڵەی خۆکوژی کەوتە سەر، چونکە دەنگۆیەکی نەنگین دەربارەی ئەو لەنێو خەڵکیدا بڵاو بووبووەوە و دەماو دەمی دەکرد، هەموو دەیانگوت پۆشکینیان بۆ پۆلیسخانە بردووەو لەوێندەر بەر شەلاقانیان داوە! بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگۆیە، زۆر کاری لە شاعیری لاو کردو هەستی بریندار کردو جا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم سووکایەتیە،

زۆر بەتوندی کەوتە دژایەتی دەوڵەت و بە ئاشکرا دەستی بە جم و جوڵ و سەرکێشی کرد تا بەڵکو دەوڵەت بە ئاشکرا بیگرن و سزای بدەن و لە ئەنجامدا کۆتایی بەم دەنگۆیە بێت.

ئاقیبەت بەوپەڕی تووڕەیی و نائومێدی لێبڕا لە پترسبۆرگ بڕوات، بەتایبەتی کە لە ژیانی بێ سەروبەرو بەرەڵڵایی و ڕابواردن بێزار بووبوو بەڵام بەر لەوەی ئەم بڕیارەی خۆی ئەنجام بدات، ئەمری گواستنەوەکەیان بۆ باشوور دایە دەستی و ئەم دوورخستنەوە پەنهانەی بە خۆشحاڵییەوە قەبووڵ کرد و ئەمەی بۆ خۆی بە جۆرە سەرکەوتنێکی ناچاری زانی. کاتێ کە دەیویست سەفەر بکات، وەزیری دەرەوە ڕاسپێرینامەیەکی، کە بۆ سەرۆکە تازەکەی ئەوێ نووسی بوو، دایە دەستی. کورتەی نێوەڕۆکی ئەم ڕاسپێرینامەیە دەربارەی پوشکین بەمجۆرە بوو: "... پیاوێکی سەیر کە نە هیچ هەستێکی خانەوادەیی، نە ژن و منداڵی هەیە، تەنیا هەستێکی زۆر بەهێزی هەیەو ئەوەش بریتیە لە مەیلێکی شێتانە دەربارەی ئازادی. لە دنیادا هیچ زیادەڕۆییەک نییە کە ئەم گەنجە بە کوڵ و بەدڵ پەنای بۆ نەبردبێ و مومارەسەی نەکردبێ، دەگەڵ ئەوەشدا بەزەبری بلیمەتی خۆی دەستی دابێتە هەرچییەک گەیاندوویەتیە لووتکە... چاوپۆشیمان لە هەموو ئەو خەتاو هەڵانە کردووە کە تائێستا کردوونی و ئایندەشی بەندە بەڕادەی سەرکەوتنی تۆوە لە ڕێنمایی و پەروەردەکردنی ئەودا، تا بزانین ئامۆژگاریەکانی تۆ تا چ ڕادەیەک چارەنووسی دەگۆڕێت."

بەڵام ژەنەڕاڵ "ئینزوف" هیچ یەکێک لەو کارانەی نەکرد، نە هیچ پەندێکی بەم "کوڕە سەرکێش و ترسناکە"دا و نە کارێکی فەرمی و قورسی بەسەردا سەپاند. بەڵام لەجیاتی ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و کۆنترۆڵکردن و چاودێری، خانوویەکی زۆرباشی دایە، خەرجی شیڤ و فراڤینی دەدایە، مۆڵەتی درێژخایەنی دەدایەو چەندیشی پارە بویستایە بەقەرز دەیدایە. کاتێ کە گوشاریان خستە سەر ژەنەڕاڵ کە بە بیانووی خۆدزینەوە، لە کاروباری وەزیفە پوشکین بخاتە زندانەوە، بەڵام هەموو ڕۆژ دەچوو بۆ زندان بۆ لای و بە گێڕانەوەی چیرۆکان دەربارەی شۆڕشی ئەسپانیا سەرگەرمی دەکرد. بەمجۆرە پوشکین مودەتێک لە "یکاترینوسلاف" ئاکنجی بوو و پاشان چوو بۆ "کیشینف" و دوو ساڵان لەوێندەر مایەوە. حیکایەتێکیان دەربارەی ئەم ڕۆژگارەی ژیانی ئەو دروستکردووە کە گوایە لەگەڵ جماعەتێک قەرەجدا چووە بۆ دەشت و دەرەکانی بسارابی باشوور، بەڵام دروستی و نادروستی ئەم حیکایەتە خویاو دیار نییە، بەڵام ئەوەی مەعلوومە، پوشکین لەو سەروبەندەدا دەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی ئەشرافزادەی خۆیدا چووە بۆ قەفقازی باکوور و نیمچە دورگەی قرم و چەندین هەفتەی لە هەوای هەتاوین و درەخشانی موڵک و مەزراکانی ئەواندا کە لە کەنارە جوانەکانی ئەم نیمچەدوورگەیەدا بوون، بەسەر بردووە. هەروەها چەند هەفتەیەکی خۆشیشی لە موڵک و مەزرای یەکێکی دی لە دۆستەکانی، کە لە نزیکی کییڤ دەبێت، بەسەر دەبات. لەوێدا ئاشنایەتی دەگەڵ چەند نەفەرێکی پێشەنگی بزوتنەوەی دیسامبەرییەکان پەیدا دەکات. لێرەدا ژمارەیەک

ژنی جوان دەژیان کە لەهەموویان جوانتر ژنێکی میهرەبان بوو کە خاوەن خانووەکە بوو. پوشکین حەز لە هەموویان دەکات و بەدزییەوە و ژێراو ژێر بەجیا ئاشقێنی دەگەڵ هەریەکێکیاندا دەکات.

هەوەڵجار لەم ڕەوشە تازەیەی خۆی لەم شوێنەدا زۆر ڕازی و خۆشحاڵ بوو. بەڵام زوو بە زوو لەم ژیانە یەکنەواو ڕۆتینییەی خۆی بێتاقەت و بێزار دەبێت. دووری لە ژیانی شارو شارستانی، دووری لە خەڵکی خوێنەوار و ڕۆشنبیران و دووری لە ژیانی خۆشگوزەرانی شار، بەرەبەرە بێتاقەتی دەکات. قەسیدەی "بۆیە ژیام تا ئاواتەکانم بەخاک بسپێرم" کە نموونەیەکی زەقی نائومێدی و نامرادی ئەوە، زادەی سەعاتە تاڵ و تاقەت بەرەکانی ئەو ڕۆژانەیە.

ژیام تا ئارەزووەکانم بەخاک بسپێرم.
تەمەشای لەناو چوونی خەونەکانم بکەم،
هەنووکە ئەوەی بۆم ماوەتەوە ئاگری
بێوەری یەکە
کە دڵی چۆڵی من دەسووتێنێ و دەیکات
بە خۆڵەکەوە.
تۆفانی بێ ڕەحمی چارەنووس
گوڵێن تاوسانی عومری منی کردووە
پەژموردە،
تەنیا و خەمبار، چاو لەڕێ چاوەڕوان
دەکەم کەنەبا کۆتایی سەربوورەکە
نزیک بێ.
کاتی بای زستانە دەلورێنێ،
و دەڵێی سەرما بۆ هەمیشە
بەسەر هەموو شوێنێکدا سەرکەوتووە،
بەسەر لقێکی ڕووت و قووتەوە
تەنیا یەک گەڵای لەرزۆک
بەشوێنی خۆیەوە ماوە.

***

تازیاتر لە شاری نەعلەتی "کیشنیف" دەمایەوە، تووڕەیی و سەرکێشی ئەو لەژێر گوشاری ئەم ژیانە ناچاری و تاراوگە بێ ڕەزایەدا، زیاتر دەبوو، ئەوە بوو بە زووترین کات، بایدایەوە سەر بای بەڕە بۆرەکەی جاران و شێتانە دەستی کردەوە بە ڕابواردن و وێڵخەرجی و مەیگوساری و بەمجۆرە جارێکی دی ئەوە ساغ بووەوە کە ئەم بلیمەتە هۆڤیە لە ڕام بوون نایەت و هیچ هێزێک لەدنیادا ناتوانێ ئەو بێنێتە سەر ڕێگای ژیانی خەڵکی ئاسایی. هۆزانی "خەنجەر" کە لەساڵی ١٨٢١دا گوتراوە، یەکێکە لە زەقترین و بێ پەردەترین هۆزانێن لیریکی و سیاسی ساڵانی هەوەڵی لاوی ئەو و هەرچی بێ پەروایی منداڵانە، فەرامۆشکردنی داب و نەریت، پەت پچڕی و ڕەشبینی ئەو هەیە سەبارەت بە تیرەی بەشەر و بوونەوەران، لەبن دێڕی ئەم شیعرەدا بەتوندترین شێوەی ناڕەزایی دژی دەسەڵاتی دەوڵەتی و سەنتەری هێز، کە هەمیشە خۆی بە قوربانی ئەوانە دەزانی، دەربڕیوە.

ئەنجام کاتێ لە هاوینی ساڵی ١٨٢٣دا دەستووریان دایە کە بۆ درێژەی خزمەتی خۆی بۆ شاری "ئۆدیسا" بۆ لای کۆنت "ڤۆرۆنتزۆڤ"ی فەرمانداری گشتی نوێی ڕووسیا بڕوات، توانی هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشێت. دیمەنی درەخشان و جوان و ژینگەی پڕ کارو چالاکی ئەم بەندەرە گەورەیە ڕێک بەپێچەوانەی شارە تەپوتۆزاوییەکەی بسارابیا بوو کە لەهەر چوارنکالەوە، دەشت و بیابانی بێ کۆتایی دەوری دابوو. ماوەیەکی کورت لەزەتی لە هەتاوی ڕەخشانی ئەم دەڤەرەو دەریای بەرینی بەرانبەری شار بینی، ئۆپرای ئیتاڵیایی و شانۆ گەورەکەی ئەم شارەی زۆر پێخۆش بوو، ڕۆژانێکی خۆشی بە تەمەشای بەرنامەکانی ئەو دەزگایانەوە بەسەر برد، بەڵام زۆری پێنەچوو کە لەژیانی ئەم شارەش وەڕز بوو و کەوتە گلەیی و گازاندە لەم "زندانە تەنگە ئاساییە" و کەوتە نەخشەدانان بۆ هەڵاتن.

ئەمجارەیان کێشەیەکی زیادەشی بۆ زیاد بوو بوو، ئەویش ئەوە بوو کە نەیدەتوانی دەگەڵ بەرپرسە تازەکەیدا بسازێت و ڕەفتارە کرێت و دزێوەکانی ئەو قەبووڵ بکات. فەرمانداری گشتی تازەی ڕووسیا کەمترین بایەخی بۆ بلیمەتی ئەم کارمەندەی ژێر دەستی خۆی دانەدەناو لە ڕەفتاریا بەرانبەر بە پوشکین جۆرە بەزەییەکی ئاوێتە بە دڵسۆزی و فەخرفرۆشی هەست پێدەکرا، شاعیری دڵناسک و تۆرینۆک و هەستیار ئەم ڕەفتارەی بە جۆرە سوکایەتیەکی لە تەحەموول نەهاتگ دەزانی. دوای ماوەیەک کۆنت. شێوازی خۆی گۆڕی و هەوڵیدا پوشکین ناچار بکات مل بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە فەرمی و قورسە بدات کە بۆی دیاری کرابوو، ئەمە بووە بایسی یاغی بوونی شاعیری لاو ڕۆژێک بەزبری بە کۆنتی گوت کە من "کاتبی تایبەتی و کارمەندی هیچ کەسێک نیم، بەڵکو نووسەرێکی پیشەییم و ناتوانم ئەم ڕەوشە قەبووڵ بکەم." لەو کاتەدا مووچەی ساڵانەی پوشکین تەنیا حەوت سەد ڕۆبڵ بوو و پێی وابوو کە ئەم بڕە پارەیە، مووچەی پێشخزمەتێکی ئاساییە. ئیدی گەییە تینی و وازی لە کارەکەی هێنا.

کونت ڤورونتزوف، کە ماوەیەک بوو خواخوای بیانوویەکی بوو تا خۆی لە شەڕی ئەم ملۆزمە ڕزگار بکات، ئەم بویەرەی زۆر پێخۆش بوو. یەکێک لە هۆیەکانی ڕقی ئەو لە پوشکین حەسوودی و بەغیلی بوو؛ چونکە پوشکین ئاشقی کۆنتێس بوو بوو و ئەوی وەکو هەموو ژنانی جوانی دیکە بە دڵ و گیان خۆش دەویست و دەیپەرست و "کۆنت"ش بەچاکی لەمە ئاگادار بوو و دەیویست بەهەر جۆرێک بووە، ئەو "پوشکین" لە دەست ڕەسی ژنەکەی خۆی دوور بخاتەوە. ئەوە بوو یەکسەر نامەیەکی بۆ کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی لە پترسبۆرگ، ناردو لەم نامەیەدا پۆشکینی بەوە تاوانبار کرد کە "دەرسی کوفرو خوانەناسی" لای مامۆستایەکی ئینگلیز دەخوێنێ و لە کۆتایی نامەکەیدا بە زمانێکی مەزڵوومانە ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە "ئەم ڕەوشە" نایەت تەحەموول کردن. کاتێ ئەم نامەیە گەییە پترسبۆرگ بڕیاردرا سزای پوشکین بدەن. فرمانی دەرکردنی ئەویان لە وەزیفەی دەوڵەتی دەرکرد و فرمان درا کە بۆ موڵکە خانەوادەییەکەی خۆیان "میخائیلوڤسکوی" لە دەڤەری "پسکوف" بڕوات و لەوێندەر بۆ هەمیشە لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی دەزگای ئاسایش و دام و دەزگای ڕوحانیدا بژی. ئێستا ئیدی دوورخستنەوەکەی ئەو ئاشکرا بوو بوو، ئاقیبەت لە مانگی ئابی ١٨٢٤دا، بەرەو تاراوگە تازەکەی کەوتەڕێ و گەردو تۆزی شاری ئودیسای لە جل و پێڵاوەکانی تەکاند. ئەزموونی ژیانی چوار ساڵەی لە باشووری ڕووسیادا، زۆر شتی فێرکرد، لە واری نووسیندا گەشەیەکی زۆری کرد، لەم ماوەیەدا شەو و ڕۆژ کاری دەکرد و توانی شیعرێکی زۆر بەرهەم بێنێ، بەرە بەرە ئەدەبیات بوو بە تاقە سەرچاوەی دەرامەتی نووسەو شاعیرێک کە زۆری پێویست بە پارەو پوول بوو. هەندێک لەو غەزەلانەی کە لەو ڕۆژگارەدا نووسی بوونی ئەوە نیشاندەدەن کە تا چ ئەندازەیەک لەژێر باندۆرو کاریگەریی "ئاندرێ چنیر"دا بوو. (ئاندرێ چنیر شاعیرێکی فەرەنسیە کە لە ساڵی ١٧٦٢ لە قەستەنتەنیە هاتووەتە دنیاو لە ساڵی ١٧٩٤دا لە پاریس لە سێدارە دراوە. چنیر کوڕی کونسوڵێکی فەرەنسی و ژنێکی قوبرسی بوو. بە منداڵی هێنایان بۆ فەرەنساو لەنێو کۆڕێکی شاعیران و نیگارکێشاندا کە شەو و ڕۆژ لە دەوری دایکی بوون، گەورەبوو. دوای ئەوەی هاتە ڕیزی خزمەتی سیاسیەوە، بە عینوانی سکرتێری سەفارەتی فەرەنساوە چوو بۆ لەندەن (١٧٨٧-١٧٩٠). ئاندری چنیر لە هەوەڵی تەمەنیەوە ئاشقی شۆڕش بوو، چونکە لە دژایەتی کردنی "ژیروندن"ەکاندا زۆر توندڕەو بوو، لە ئاخرو ئۆخری سەردەمی دکتاتوریەتدا دوای دادگاییەکی سەرڤە سەرڤەو لامسەرلایی، بەگیوتین ملیان پەڕاند."

هەروەها کاریگەری و باندرۆی قووڵی لۆرد بایرونیش بە زۆر شیعرییەوە دیارە، چونکە لەم قۆناغەدا بوو کە ئاشنایەتی لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە ئینگلیزیەدا پەیداکردو شەو و ڕۆژ شیعرەکانی ئەوی دەخوێندەوە.

کاریگەریی قووڵی بایرون زۆر بەزەقی بە بەیتی "دیلی قەفقازی" پۆشکینەوە دیارە کە لەڕیزی پێشەوەی ئەو شیعرانەیە کە لەو ماوەیەدا نووسیونی کە لەباشووری ڕووسیا بوو. ئەم بەیتە (چیرۆکی شیعری) بریتیە لە بەسەرهاتی کیژێکی چەرکەسی کە ئاشقی کۆیلەیەکی ڕووسی دەبێت و دوای ئامادەکردنی هۆی هەڵاتنی ئەو خۆی دەخاتە ئاوەوە و دەخنکێ. بەرهەمێکی دیکەی پوشکین کە هەمان هەوێن و ماکی بەیتی نێوبراوی هەیە، بریتیە لە بەسەرهات و سەربهووردی ئەشقی تاتارخان لەگەڵ شازادەیەکی پۆڵاندیدا کە یەکێکە لە کەنیزەکانی زێڕخڕی و ئەنجام لە حەرەمسەرادا بەدەستی ڕەقیب دەکوژرێ. بەیتی "قەرەجان" بریتیە لە بەسەرهاتی ژیانی گەنجێک کە لە شارستان بێزار بووەو پەنا وەبەر کۆمەڵە قەرەجێک دەبات و لەوێ ڕەقیب و ماشقەکەی خۆی دەکوژێت و قەرەجەکان دەری دەکەن. بەیتی "برایانی ڕێگر" کەمخابن وەکو گەلێک لە بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی ئەو بە نێوەچڵی ماوەتەوە و تەواو نەکراوە، یەکێکە لە شارەکانی پوشکین دەربارەی زوڵم و زۆری ئەو کەسانەی کە قانوون دەکەن بە دەستاوێزی شەهوەتڕانی و گەییشتن بە ئامانجێن ناڕەوای خۆیان، ئەگەر تەواوی کردبا، دەبوو بە یەکێک لە بەرهەمە تێرو تەسەل و بێ وێنەکانی ئەو. هەڵبەتە لەم شیعرانەدا ڕەنگدانەوەی هزرێن ڕۆسۆ "فەلسەفەی ڕۆسویزم" بەئاشکرا دیارە. "پوشکین یەکێک بوو لە خوێنەرانی بەرهەمەکانی جان جاک ڕۆسۆ." چونکە هەمان هەستیاریی لە ڕادەبەدەری ڕۆسۆی سەبارەت بە سروشت هەیە بەڵام "بەڵام لەقاڵبی زمانی ڕووسیدا" هەروەها هەمان بێزاری و نەفرەتی لە بەشەریەت و وەڕزی لە دنیاو خەم و پەژارەی قووڵ و هەمیشەیی "ڕۆسۆی" هەیە، بەڵام دەگەڵ "بایرونیزمدا" تێکەڵ بووە.

یەکێک لەو بەرهەمە درێژو تێرو تەسەلانەی کە پۆشکین لەو سەروبەندەدا کە لەباشوور بووە، تەواوی کردووە بەیتی "گاڤریلیاد"ە کە گوایە لەساڵی ١٨٢١دا، کاتێ کە دووچاری ئەشقێکی توند بووە نووسیویەتی و چیرۆکێکی بێ پەردەیە دەربارەی کەسێکی هەرزەو گەندەڵ کە ژیانێکی ئالوودەو کوفر ئامێزی بەشێوازی شاعیرانەی خەڵکی سەدەی هەژدەیەم هەیەو زۆر بێ پەردە هاتووەتە نووسین. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە پوشکین لە سەردەم و قۆناغی قوتابیەتیشدا هەندێجار شیعری هەرزانەو سێکس ئەنگێزو بێ پەردەی دەنووسی.

ڕۆمانتیزمی ئەو زۆر قووڵ نەبوو و لەهەمان کاتدا بە تەبیعەت کەسێکی یاغی و سەرکێش نەدەهاتە ژماردن، بەڵکو هەمیشە هەوڵیدەدا دەگەڵ ژیاندا ئاشت و تەبابێ، لێ هەلومەرجی ئەو سەردەمە و گوشاری ژینگە واداریان دەکرد کە یاخی ببێت . بە هەرحاڵ تا زیاتر تەمەنی هەڵدەکشا کاراکتەرێکی میانڕەوتری پەیدا دەکرد و واقیعبینتر دەبوو. هەندێ لەو بیروباوەڕ و قەناعەتانەی کە لەژیاندا دەینواندن بەباشی ئەوە نیشان دەدەن کە وێڕای هەموو وابەستەگی و پەیوەندییەک کە بەسەدەی هەژدەمەوە هەی بوو، هیچ گومانێک

لەوەدا نیە کەسەر بەنەوەی ڕۆمانتیک بوو و، بەکورتیەکەی دەبێ ئەوە بڵێین کە پوشکین "بایرونی ڕووسیا" بوو. هەڵبەتە کەسێکی ئینگلیز لە نامەیەکی شەوی جەژنی نوئێلیی ساڵی ١٨٢٩دا کە لە سنت پترسبۆرگەوە نووسیویەتی، ئەم نازناوەی "بایرونی ڕووسیا" لە پوشکین ناوە.

"٤"

پوشکین لە مانگی ئابدا گەییشتەوە میخائیلوفسکوی و جارێکی دی خۆی لە باوەشی ماڵباتەکەی خۆیدا دیتەوە. لەم کاتەدا بابی دەگەڵ دام و دەزگا و کاربەدەستانی ناوچەکەدا قەرارو مەداری کرد کە لەچاودێری کردنی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کوڕەکەیدا یارمەتیان بدات و لە هەر کارو ڕەفتارێکی پوشکین ئاگاداریان بکاتەوە. لە ئەنجامی ئەم کارەدا پێشهاتێن زۆر ناشیرین و دزێو هاتنە ئاراوە و کاری باب و کوڕ گەییە شەڕو قەرقەشەی توند، کە لە یەکێک لەم شەڕانەدا ئەلکساندر دەستی لە بابی کردەوە. ئەم پێشهاتە جارێکی دی بووە مایەی ئەوەی پوشکین دووچاری نائومێدی و خەم و پەژارەیەکی قووڵ ببێت و شەو و ڕۆژ دەیگوتەوە: "ئەگەر لە قەڵایەکدا زندانی بوایەم یا بچوومایە نک ڕەبەنان و دنیام تەرک کردبایە، بۆ من زۆر لە ژیانی ئەم دۆزەخە باشتر بوو." بەڵام خۆشبەختانە بابی زوو کۆتایی بەم ڕەوشە ناڕەحەتە هێناو دەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکەیدا بۆ موڵکێکی دیکە گواستیانەوە و ئەم کوڕە نائاسایی و نەسرەوتەی خۆی لە ماڵەوە بە تەنیا بەجێ هێشت.

بەمجۆرە پوشکین لە ماڵە بچووکەکەی بابیدا، کە پڕ بوو لە موبێلەو کەل و پەلی مۆدی زەمانی باوەگەورەی ئیبراهیم هانیبال، بەتاقی تەنیا مایەوە. جا بۆ دوورکەوتنەوە لەم تەنیاییە زۆربەی کاتی خۆی دەگەڵ خزمەتکاران و پێشخزمەتانی ماڵەکەدا دەبردەسەر، بەتایبەتی دەگەڵ پەرستارێکی پیردا کە لە شەوانی درێژی زستاندا، چیرۆک و حیکایەتی خۆماڵی ڕووسی بۆ دەگێڕایەوە. پوشکین لەم ماڵەدا ڕێک وەکو میوانێک دەژیاو کەمترین بایەخی بەکاروباری موڵکەکانی بابی نەدەداو هیچ مشوورێکی نەدەخوارد.

بەرۆژەوە، ماوەیەک پیاسەی دەکرد و هەندێجار سواری ئەسپ دەبوو و دەچووە تەمەشای دیمەنێن جوانی سروشت. زۆری حەز دەکرد. دەگەڵ ئەو گەدا ڕووسانەدا تێکەڵ ببێت کە لەبەر دێرەکاندا گۆرانی خۆماڵی و لۆکاڵیان دەگوت. زۆر لە ماڵباتێن ئەشرافان بێزار بوو، جگە لە ماڵێک کە پڕ بوو لە ژنانی جوان، ئیدی هاتوچۆی هیچ ماڵێکی دیکەی نەدەکرد. لێرەدا دەگەڵ خانمی خاوەن ماڵدا، یاری وەرەقی دەکرد، دەگەڵ یەکێک لە کچەکاندا شۆخی دەکرد و لەگەڵ ئەوانی دیدا چاوباشقاڵی دەکرد، سەرەنجام دایک و کچە گەورەکەی هەردووکیان ئاشقی ئەو بوون و لەسەر ئەم ئەشقەلێیان بوو بەشەڕ، لەکاتێکا پووشکین شەیدای کچی برایەکەی خانم بوو بوو کە بەمێرد بوو، لە یەکێک لە غەزەلە بەنێوبانگەکانیدا، بە "نموونەی جوانی ڕەها"ی وەسف کردووە. بەڵام دوای چەند ساڵێک لە نامەیەکی تایبەتیدا کە باسی سەرکەوتنی خۆی بەسەر

ئەم خانمەدا کردبوو، وەکو سۆزانیەک ناوی بردووە. لە هەمان کاتدا دەگەڵ یەکێک لەو کیژە دێهاتیانەی، کە لەماڵەوە بوو، پەیوەندی دروست کرد و کیژی تاین بەهۆی ئەم ئاشقێنی و ئەشقبازیەوە سکی پڕبوو. ئایا ئەم منداڵە هاتە دنیاوە یان نا، ئەگەر هاتووە دووچاری چ چارەنوسێک بووە، ئەمە یەکێکە لە نهێنییە پەنهانەکانی ژیانی ئەو کە هیچ پۆشکین ناسێک بۆی هەڵنەهاتووە.

لەم سەروبەندەدا بۆ یەکەمجار دەرفەتێکی بۆ کارکردنی بەردەوام پەیداکرد و توانی بەدەر لە هەر پەشێوی و پەرێشانیەکی ئاسایی ژیان، خۆی بەنووسینەوە مژوول بکات و کە هەستی کرد لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە کێماسی زۆری هەیە، خووی دایە خوێندنەوە، شەو و ڕۆژ دەیخوێندەوە، زیاتر مێژووی ڕووسیای دەخوێندەوە و لە هەمان کاتدا بەردەوام خەریکی نووسین بوو. چیرۆکی "قەرەجەکان"ی لەم سەروبەندەدا تەواو کرد و هەروەها دوو فەسڵی بەیتێکی دیکەی، کە تەواوی نەکردبوو، لە ئودیساوە لەگەڵ خۆیدا هێنابوو و ناوی "ئوگین ئونگین" بوو، تەواو کرد و چونکە وەکو هەمیشە زۆری پێویست بەپارە بوو، هەردووکیان لە دوو بەرگی ئەلاحەدەدا بڵاوکردەوەو ئیدی کەوتە نووسینی بەیتێکی دیکەی دوورو درێژ، ئەم بەیتە ناوی "کۆنت نولین"بوو، ئەم بەیتە بەرهەمێکی ڕەخنەیی توند بوو کە پوشکین خۆی بە نووسینیەوە سەرگەرم دەکرد.

ئەو شیعرانەی کە لەم سەروبەندەدا دایناون، نموونەیەکی گەشی هەست ناسکی و هەستیاری و ئازارە پەنهانەکانی ئەون. پوشکین زۆری حەز دەکرد بابەتی بیانی لە شێوەی بەیت و چیرۆکی شیعریدا دابڕژێت و بابەتی وڵاتانی بیانی و سەردەمانی ڕابردوو ئاوێتەی یەکدی بکات. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بووبێ کە چەندین شیعری لە دەقی چیرۆکە قورئانیەکانەوە هەڵێنجابوو. ئەگەری ئەوە هەیە کە شیعری "پێغەمبەر"ی لەوکاتانەدا نووسیبێ کە لە میخائیلوفسکوی دا دەژیا.

لەو سەروبەندەدا، کە دەورانی شاربەدەری خۆی لە موڵکەکەی باببدا، بەسەر دەبرد، دەستی بە نووسینی بەیتێکی تازە کرد کە بە تۆڕین و بۆچوونی خۆی تراجیدیایەکی ڕۆمانتیک بوو. ئەم بەیتە "بوریس گودنوف"ی ناو بوو و لە ئاخرو ئۆخری پایزی ساڵی ١٨٢٥دا تەواوی کرد، ئەم بەرهەمە باندۆرو کاریگەریی زۆر زەقی شەکسپیری پێوە دیار بوو. ئەلکساند پوشکین بەشێوەیەکی گشتی زۆری حەز لە نووسینی دراما بوو و هەوڵیدەدا ڕەوش و ئاراستەی شانۆ لە ڕووسیادا بگۆڕێت. دەڵێن لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا کومیدیایەکی زۆر جوانی بە زمانی فەرەنسی نووسی بوو کە بوو بووە مایەی ڕەزامەندی خەڵکی. بە شێوەیەکی گشتی ئەم بلیمەتە نەسرەوتە لە هیچ قۆناغێکی تەمەنی خۆیدا، دەستبەرداری بیرۆکەی درامانووسی نەبووەو لە پێناوی بەرهەمێن دراماتیکدا زەحمەتی زۆری کێشاوە. لە تێکڕای چیرۆکە شیعرییەکانیدا، بەتایبەتی لە بەیتی قەرەجەکاندا، هەست بەهەمان گیانی دراماتیک و بایەخدان بەشانۆ دەکەین. بوریس گودنوف درامایەکی مێژوویی پڕ جۆش و خرۆشە، دەربارەی ژیانی پڕ زەحمەت و

مەشەقەتی خەڵکی ڕووسیا لە دواساڵەکانی سەدەی شازدەیەمدا. پوشکین لەکاتی نووسینی ئەم شانۆنامەیەدا بە ئومێدی ئەوە بووە بتوانێت جۆری بیرکردنەوەو ئیدراکی جەماوەری خەڵکی ڕووس بگۆڕێت و هەستێکی تازەیان لا دروست بکات. یانی دەیویست شانۆی ڕووسی، کە لەسەرەتای دەورانی کلاسیزمی فەرەنسیەوە، بەتەواوەتی لەژێر باندۆرو کاریگەری ئەم ڕێبازەدا بوو، تازە بکاتەوەو شێوەو فۆرمێکی نوێی پێببەخشێت، چونکە باوەڕی وابوو کە شێوازی "نمایشنامە نووسی بۆ خەڵکی" زۆر لە ڕێبازی "نمایشنامەێن دەرباری" و تراژیدیەکانی ڕاسین، زیاتر دەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی خەڵکی ڕووسیادا دەگونجێت، لەبەرئەمە دوای لێکدانەوەو وردکردنەوەیەکی تەواو لەمبارەیەوە، بناغەی کاری درامانووسی خۆی لەسەر بناغەی شێوەو شێوازی باوکی شانۆی دنیا، ویلیام شەکسپیر ڕۆنا، کە لەمێژ بوو بە مەبەستی ناسینی ئەو، پاچڤەی هەموو بەرهەمەکانی ئەوی بە زمانی فەرەنسی خوێندبووەوە. وێڕای ئەمەش پوشکین هەرگیز نەیتوانی بە دڵی خۆی کار لە شانۆی ڕووسی بکات و گۆڕانی گەورە لەم هونەرەدا چێبکات.

هەرچەندە دام و دەزگاێن سانسۆری دەوڵەتی ڕووسی ڕێگە و مۆڵەتی شانۆنامەی "بوریس گودونوف"ی دابوو ،بەڵام تا ساڵی ١٨٣١یش ڕێگەی بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکە شیعریە نەدراو ئەو هەوڵەش کە دوای چل ساڵ بۆ نواندنی ئەم شانۆنامەیە درا، بێ ئاکام بوو، نواندنی دووچاری شکستی تەواو بوو، لەکاتێکا ئەم بەیتە لە ڕووی شیعرییەوە، بە یەکێک لە بەرهەمە شیعرییە هەرە باڵاو بە شکۆکانی شیعرێن ئەدەبیاتی ڕووسی دێتە ژماردن. لە ڕاستیدا ئەم نمایشنامە شیعرییە لە ڕووی شۆرەتەوە قەرزارباری ریمسکی کورساکوفی موزیسێنی گەورەی ڕووسیایە کە شیعرەکانی بۆ ئۆپرای موسورژسکی ئامادە کرد.

پوشکین، بە نووسینی ئەم نمایشنامەیە هەستی کرد کە هونەرەکەی گەییوەتە لوتکەی پوختە بوون و خەملێن، لە ژیانی میخائیلوفسکوی ڕازی بوو، بەڵام هەرکاتێ کە بیری دەکەوتەوە کە هێشتا بابایەکی زندانییەو ژیانی لە دیلیدا دەگوزەرێ، زۆر پەست و تووڕە دەبوو. ئەمجارەیان زۆر لەجاری پێشوو پتر ڕەنجی دەبرد، وای لێهات بیر لەوە بکاتەوە بە یەکجارەکی وڵات بەجێ بێڵێ و چیتر خۆی بە خەڵکی ئەم وڵاتە نەزانێ. مودەتێک لە بیری ئەمەدا بوو کە بەڵکو بتوانێت خۆی بگەیەنێتە ئەوروپای ڕۆژئاوا، جارێ بیری لەوە دەکردەوە بۆ یۆنان بڕوات، جارێ نەخشەی ئەوەی دەکێشا کە بۆ ئەمریکا بڕوات. ئەنجام بەرلەوەی دەورانی شار بەدەرییەکەی لەم دەڤەرەدا تەواو بکات، نامەیەکی بۆ تزار نووسی و داوای کرد کە بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕێگەی بدەن سەفەری هەندەران بکات، لەوەڵامدا، تەنیا مۆڵەتی ئەوەیان دا کە بڕوات بۆ شارێکی نزیکی "پسکوف".

تزار ئەلکساندری یەکەم لە ١٨٢٥/١١/١٩، ماڵاوایی لە دنیا کرد. تا ماوەیەک دیار نەبوو کە کێ لەدوو براکەی جێی ئەو دەگرنەوە. لەم سەروبەندەدا دوو ڕێکخراوی نهێنی لە ڕووسیادا هەبوون، لێبڕان سوود لەم

پاشا گەردانییە وەربگرن و لەڕێگەی کودەتایەکی سوپاییەوە، دەسەلات بگرنە دەست و حکومەتێکی پاشایی پەرلەمانی یا کۆماری ڕابگەیەنن. دەلێن کاتێ هەواڵی مەرگی تزار و ئەگەری کودەتاو ڕاپەڕین گەییە پوشکین، بڕیاری دا یەکسەر و بەپەلە خۆی بگەیەنێتە پترسبۆرگ. هەڵبەتە پوشکین ئەندامی هیچ یەکێک لەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە نەبوو، بەلام پێدەچێ بەهاندانی ژمارەیەک لە دۆستەکانی یان بەهاندانی هەندێ لەو ناحەزە بەڕواڵەت دۆستانەی کە دەیانویست تووشی کێشەو گێچەڵی بکەن، یا بە خوایشتی خۆی ئەو خولیایەی کەوتبێتەسەر. بەهەرحاڵ گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر پۆشکین لەو ڕۆژگارەدا لە پایتەخت بوایە، لە ژێر هەستی خۆیدا، پەیوەندی بە کودەتاچیەکانەوە دەکرد، بەلام ئەو شەوەی کە کودەتایەکە دەستی پێکرد، ئەو مژوولی تەواوکردنی بەیتی "کونت نولین" بوو و ڕۆژی پڕ بەلای چواردەیەمی دیسامبەری وەکو هەموو ڕۆژەکانی دی بە ئاسوودەیی و بێ هیچ بویەر و ڕووداوێک بەسەر برد. پوشکین، لەماوەی مانگە پڕ جەنجاڵەکانی دوای ئەو ڕۆژەشی، کە دیسامبەریەکان گەمارۆدران و شۆڕشەکەیان شکستی هێنا، بەئاسوودەیی و دوور لەهەر تالوکەو مەترسیەک لە میخائیلوفسکوی بەسەر دەبردو، تا ئەوکاتەی کە پێنج کەس لە شۆڕشگێڕەکان، کە یەکێکیان، نزیکترین دۆستی ئەو بوو، لە سێدارەدران، ئەو هەر لەوێندەر دەژیا.

بەهەرحاڵ، شکستی دیسامبەرییەکان، بیرو هەستی ئەوی تا ڕادەیەکی زۆر هێورکردەوە، ئێستا بوو بوو بە کەسێکی میانڕەو و نەزم و نیزام و زەبت و زاکوونی بە کارێکی پێویست دەزانی و لەکانگای دڵەوە حەزی دەکرد دەگەڵ دەوڵەتدا ئاشت ببێتەوە. لەم سەروبەندەدا یەکێک لەو دۆستە دەستڕۆیانەی کە پوشکین گوێی لە قسەی دەگرت و بەگوێی دەکرد، ئامۆژگاری کرد کە ئارام بگرێ و سەرکێشی نەکات و دەست بە نووسینی بەرهەمێن دیکەی وەکو "بوریس گودونوف" بکات، چونکە هەرچەندە دام و دەزگا دەوڵەتیەکان دەیانزانی کە ئەو پەیوەندی بەشۆڕشگێڕەکانەوە نییە، بەلام لەوەش پەست و تووڕە بوون کە شیعرێکی زۆری ئەو لەلای شۆڕشگێڕەکان هەبوو، پوشکین بە هەموو ڕق و نەفرەتێکەوە کە لە دەسەلاتدارانی ڕووسیای هەبوو، ئەو ئامۆژگارییەی قەبووڵ کرد و لە خەڵوەتی تەنیایی تاراوگەدا پەنای وەبەر بیرو خەیاڵەکانی خۆی برد و هەوڵیدا بەزووترین کات بەیتی "ئوگین ئونگین" تەواو بکات. لە هەیڤی پێنج دا نامەیەکی دیکەی بۆ تزار نووسی و بۆ جاری دووەم داوای لە تزار کرد کە مۆڵەتی بدات سەفەری مۆسکۆ، پترگراد یا ولاتێکی بیانی بکات و بەڵێنی دا کە بچووکترین سەرپێچی نەکات و لە فەرمان و ڕێنماییەکان یاخی نەبێت. بەلام ئەمجارەش وەلامی دڵخوازی نامەکەی نەدرایەوە. پوشکین دوای چەند ڕۆژێک لەنامەکەیدا کە بۆ یەکێک لە دۆستەکانی نووسی، بەوپەڕی تووڕەیی ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئازادی خۆی بەدەست هێنا، بۆ تاقە سەعاتێک لە ڕووسیا نامێنێتەوەو لە کۆتایی نامەکەیدا دووپاتی دەکاتەوە کە: "ئێمە لەسەردەمێکی خەمناکدا دەژین! هەرکاتێ کە شاری لەندەنم بەو هەموو سکەو کەشتیانەیەوە بیر

دەکەوێتەوە، یا پاریسم بەو هەموو شانۆ و سەیرانگاو گوڵ گەشتە جوانانەیەوە بیردەکەوێتەوە و دەبینم من لە گوندێکی چکۆلەی وەکو میخائیلوفسکوی دا دەژیم خەریکە شێت و شبر دەبم و ئاگری تووڕەییم بڵێسە دەسەنێ!" هاوینش هات و ڕۆیی و هیچ گۆڕانێک لە وەزع و حاڵی ئەودا چێنەبوو. ئاقیبەت ڕۆژێک لە سەرەتاکانی مانگی سێپتەمبەردا، نوێنەرێکی تایبەتی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ پسکوف هات تا پوشکین بەپەلە بۆ مسکۆ ببات. ئایا دیسان بیانوویەکی تازەیان لێ دۆزی بووەوە؟ ئایا دەیانویست دە زندانی پەستێون؟ یا دەیانویست وەکو گەلێک لە دۆستەکانی دیکەی ئەویش بۆ سیبریا دووربخەنەوە؟ بەڵام پوشکین، ئاگای لەوە نەبوو کە هیچ یەکێک لەو گومان و مەزەندانە دروست نەبووەو، مەسەلەکە تەنیا ئەوە بوو کە چەند ڕۆژێک لەوەپیش کاربەدەستانی دەوڵەتی لەلایەن یەکێک لە ئەمنەکانی خۆیانەوە، ڕاپۆرتێکی باشیان دەربارەی پوشکین بەدەست گەیی بوو و دەیانویست ئافەرین و ستایشی بکەن کە لەسەر ئەو ڕەوشە بەردەوام بێت.

هەرکە گەییە پایتەخت، یەکسەر بۆلای تزاریان برد. هیچکەسێک ئاگای لە حەقیقەتی ئەم گفتوگۆیەی لەنێوان پوشکین و تزاردا کرا، ئاگادار نییە. بەهەرحاڵ، دوابەدوای گفتوگۆ و کۆبوونەوەی ناڤبری، دەورانی ئاوارەیی و شاربەدەریی شاعیری گەورەی ڕووس، یەکسەر کۆتایی هات. دیار نییە ئەم دەنگۆیە تا چ ڕادەیەک دروستە کە دەڵێن پوشکین لەم دیدارەدا لە وەڵامی تزاردا گوتوویەتی کە "ئەگەر من لەکاتی شۆڕشەکەدا لە پتروسبۆرگ بوومایە، بێگومان بەگەڵ شۆڕشگێڕەکان دەکەوتم و لە خۆپیشاندانەکانی مەیدانی سەنادا بەشداریم دەکرد." بەڵام دیارە کە پوشکین لە دیداری ناڤبریدا، بەڵێنی بە تزار داوە کە لەوەو دوا سەبارەت بەو وەفادار بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچکەسێک ناتوانێ بڵێت کە ئەو لە ناخی دڵەوە تزارنیکولای بە ئینسانێکی واقیعی زانی بێ و ستایشی کرد بێت.

پوشکین، بەماوەیەکی کەم دوای تاراوگەی میخائیلوفسکوی بەدەستووری تزار زنجیرە وتارێکی بەمەبەستی ڕێنمایی خەڵکی نووسی و بڵاوکردەوە، لەو وتارانەدا داوای لە بەشدارانی شۆڕشی دیسامبەر دەکرد کە دەستبەرداری بیروباوەڕی ڕابردوویان ببن و ئەگەر براو کەس و کاریان ،هاوڕێیانیان لەم ڕووداوەدا ئیعدام کراون، زەرورەتی ئەم سزا سەختە لەلایەن دەوڵەتەوە قەبووڵ بکەن و لە ناخی دڵەوە سزادەرەکان ببەخشن، بەڵام پوشکین لەپەراوێزی نوسخەی ئەسڵی ئەم نووسینانەدا، لە دوو شوێن، وێنەی ئەو سێدارەیەی کێشابوو کە پێنج نەفەریان پێوە هەڵواسرابوو! لەوەدەچێ ویستبێتی لەم ڕێگایەوە ئەوە لە نیکولای بگەیەنێ کە خۆیشی لە گوناحی تزار، سەبارەت بە ئیعدامی ئەم پێنج نەفەرە، خۆش بووە. بەهەرحاڵ وێڕای هەموو ئەم قسانە، هەست و باوەڕی باتینی پوشکین، دەگەڵ ئەو شتەدا کە لەم ماوەیەدا بە خورتی پێیان نووسی بوو، جیاواز بوو، بۆ پەی بردن بە جۆری هزرینی ڕاستەقینەی ئەو، ئەوەندە بەسە بگەڕێینەوە سەر ئەو

شیعرانەی کە لەم سەروبەندەدا نووسیونی. کەیەکێک لەو شیعرە زۆر کاریگەرو جوانانە، هۆزانێکە بەناوی "پەیام بۆ سیبریا":

لەقووڵایی کانەکانی سیبریادا
سەبری غروورئامێزی خۆ
بپارێزن؛
ڕەنجی تاڵی ئێوە بەفیڕۆ
ناچێت
گیانی کۆت ناپەزێری ئێوە
لەشکست نایەت.
ئومێد کە دەستە خوشکی بەدبەختیە،
لەناخی تاریکیدا، بەبێ دەنگ
لەگەڵ شادمانیدا دەپەیڤێ و
جورئەت و دلێری بە بەر
دڵتاندا دەکات:
کە بەو زووانە ڕۆژی دڵخواز
هەڵدێت
وئەشق و دۆستایەتی لە دەریچەێن
تاریکیەوە
بەرەو ئێوە دادەڕژێ،
لەچواردەوری جێگای ئەسارەتی
ئێوەوە
ئاوازی ئازادی
دەنگدەداتەوە.
زنجیری قورسی سێداران دەپچڕێ،
دیوارەکان بەیەک فرمان
وێران دەبن
ئازادی لە ڕوناکی درەخشانەوە

سڵاوتان لێدەکات،

و برایان شمشێرەکانتان

دەدەنەوە دەستان.

پوشکین، ئەم شیعرە بەنهێنی دەداتە دەست ژنی یەکێک لە دیسامبەرییەکان، کە دەچوو بۆ تاراوگەی مێردەکەی تا پەیوەندی بە مێردەکەیەوە بکات، پوشکین لەم شیعرەدا دەیەوێ ئەوە بە دیسامبەریەکان بڵێت کە ئەگەر نەمتوانیوە بە کردەوە بەشداریتان دەگەڵدا بکەم، ئەوا بە شعر ستایشی ئازایەتی و دلاوەریتان دەکەم و هاوخەمی خۆمتان بە شیعر پێ ڕادەگەیەنم.

"٥"

"بەڕێزان! ڕێگەم بدەن پوشکینی تازەتان پێ بناسێنم، تکام وایە پوشکینی کۆن لەبیر بەرنەوە." ئەمە ئەو ڕستەیە بوو کە تزار نیکولا، دوای دیدارەکەی دەگەڵ پوشکیندا، بە ژمارەیەک لە دەرباریەکانی خۆی گوت. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم گۆڕانکارییەی کە تزار لە کەسێتی پوشکیندا دیاری کردبوو، بەهیچ جۆرێ دەگەڵ ڕاستیدا تێکی نەدەکردەوە. بەمجۆرە شۆرەتی پوشکین گەییە لووتکەو بایەخدانی تزارو چینی ئەشراف و نەجیمزادانی ڕووسیاش بە پوشکین ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو و هێندەی دی شۆرەتیان پێدەبەخشی. بەڵام ئەم ڕەوشە بۆوە بایسی ئەوەی کە زوو بەزوو بگەڕێتەوە سەر هەمان ژیانی بێ سەروبەری زوگورتیاتی سەردەمی لاوێتی و کار گەییە ئەوەی کە دوای ماوەیەک پۆلیسی مۆسکۆ ناوی بخاتە لیستی قوماربازە بەنێوبانگەکانی ئەو شارەوە. ئیدی شاعیری لاو جارێکی دی بایدایەوە سەر بای بەڕەبۆر و باجێکی گەورەی ئەم زێدەڕۆییانەی داو لەم هەموو کەیف و ڕابواردن و شەهوەتڕانی و داوێن پیسیە جگە لە خەم و پەژارە و پەشیمانی هیچی دیکەی نەدووررییەوە.

پوشکین، لەم سەروبەندەدا، لە پترسبۆرگ بوو، لە ئوتێلێکی نمرە سێدا، ژوورێکی پەرپووتی هەبوو، بەڵام بەردەوام بە مەبەستی دیدەنی دۆستەکانی هاتوچۆی مۆسکۆی دەکرد، زۆربەی کات بەهۆی ناڕەحەتی دەروونی و پەرێشانی هزرییەوە لەجم و جووڵدا بوو. بەرە بەرە کاری بەردەوامی لەشان قورس و ناڕەحەت دەبوو، تەنیا لەکاتی مۆڵەتە درێژەکانی خۆیدا، کە بەئانقەست دەیخستە پاییزەوە، وەرزی پاییزی زۆر پێ خۆشبوو، دەیتوانی بەئاسانی و بە ئاسوودەیی درێژە بەکاری نووسین بدات. ڕەوشی ژیانی ئەو، ڕەنگدانەوەی ئەشقی شێتانەی ئەو بوو سەبارەت بە سروشت، کاتێ شیعری "غەزەلی شاعیر" دەخوێنینەوە، کە لەساڵی ١٨٢٧ نووسیویتی، بەڕوونی هەست بە گەرمی ئەشقی ئەو سەبارەت بە سروشت دەکەین.

بەرە بەرە ئازادی تەواوی خۆی وەدەست هێنابووەوەو بەکەیفی دڵی خۆی لەناو ڕووسیادا، بۆ هەر شوێنێکی ویستبا دەڕۆیی، بەڵام مۆڵەتی ئەوەی نەبوو بۆ وڵاتانی دی بڕوات و بگرە هەندێجار، کۆسپ و تەگەرەیان دەخستە بەر سەفەرە ناوخۆیەکانیشی.

پوشکین، لەم سەروبەندەدا بەڕواڵەت ڕاستەوخۆ لە پشتیوانی خودی تزار بەرخوردار بوو، چونکە تزار بەخۆی سانسۆری بەرهەمەکانی لە ئەستۆ گرتبوو، لێ مخابن ئەم پشتیوانی و چاودێریەی تزاریش هیچ دادێکی ئەم شاعیرە نەگبەتەی نەداو و بگرە کۆمەڵێک کێشەو گرفتاری تازەی بۆ دروستکرد، چونکە نیکولای دوای ماوەیەک سەرۆکی گشتی ژاندارمری ڕووسیای، کەناوی "بنکندورف" بوو، ڕاسپارد کە سەروکاری پەیوەندی نێوان پوشکین و ئەو بکات، بەڵام لەڕاستیدا کۆنتی ناڤبری خۆی بە سەروەسێتی شاعیری لاو دەزانی و بۆ ساتێک غافڵی نەدەکرد و وای دەنواند کە بەگوێرەی فرمانی تزار، پوشکین بۆی نییە بەبێ ئیزنی ئەو لەجێی خۆی بجووڵێ و هەر کاتێ ڕەفتاری بەدڵی کۆنت نەبوایە، کۆنت وەکو منداڵە مەکتەبلیەک، ئەرکی بەسەردا دەسەپاند. چەند مانگێک دوای دیدارەکەی پوشکین دەگەڵ تزاردا، کۆنت بنکندورف، نامەیەکی بۆ تزار نووسی کە بەمجۆرە باسی پوشکینی تیا کردووە: "هەمان ئەو کەسەیە کە زۆرجاران عەرزی جەنابی باسەعادەتم کردوویت ئەم پیاوە (پوشکین) بەکەڵکی هیچ نایەت و هەموو نووسینەکانیشی تورەهات و بێ کەڵکن، بەڵام ئەگەر بتوانین قەڵەم و زمانی ئەو ڕێنوێنی بکەین لە گینە کەسێکی بەکەڵکی لێدەربچێت."

لەمانگی چواری ساڵی ١٨٢٨دا کاتێ جەنگی ڕووسیا لەگەڵ تورکیادا هەڵگیرسا، پوشکین ویستی پەیوەندی بەڕێزەکانی سوپاوە بکات، بەڵام داواکەیان ڕەت کردەوەو گراندۆک "کونستانتین پاڤلوفیچ" لە نامەیەکدا بۆ بنکندورف دەڵێت هاندەرو ئەنگیزەی ئەم گەنجە بۆ خزمەتی سەربازی بە هیچ جۆرێک زادەی هەستی نیشتمانپەروەری نەبووە، بەڵکو ویستویەتی لەم ڕێگایەوە ئەفسەرانی گەنج لەڕێ دەربکات و بەهەمان بیروباوەڕی گەندەڵی خۆی گۆشیان بکات. بەمجۆرە لە سوپادا قەبووڵ نەکراو ناچار جارێکی دیکەش نامەیەکی نووسی و داوای کرد ڕێگەی بدەن لە ڕووسیا بڕوات، لێ ئەم داوایەشی قەبووڵ نەکرا، چونکە دام و دەزگا دەوڵەتیەکان هێشتا متمانەیان بە پوشکین نەبوو و زۆری لێ بەگومان بوون و ئەم بێ متمانەییە کاتێ گەییە لوتکە کە مامورانی ئاسایش شیعرێکی ئەویان، کە لە ستایشی شۆڕشی دیسامبەریەکاندا گوتبووی، لە ماڵی ئەفسەرێکی گەورەو متمانە پێکراوی سوپادا، دۆزی بووەوە. جارێکی دی پوشکین بۆ تاقیق و پرس و جۆ بانگکرا، بەڵام توانی ئەوە بسەلمێنێ کە ئەم شیعرەی بەر لە شۆڕشی دیسامبەریەکان گوتووە. بەڵام مامورانی نهێنی ئەمن هەر دەستبەرداری نەبوون و پوشکین هەرگیز لەشەڕی ئەم تاقیب و تاقیبکاریە دژوارە نەخەلەسی. لە هەمان کاتدا (هاوینی ١٨٢٨) دووچاری کێشەیەکی تازە بوو

و دەعوایەکی دیکەیان لەسەر تۆمار کرد؛ سێ نەفەر لە مسکێنەکانی، لە دەزگای ئەمن سکاڵایان لەسەر ئاغاکەیان. واتە لە سەر پوشکین تۆمارکرد کە گوایە ویستویەتی بە خوێندنەوەی چیرۆکی سێکسی "گاڤریلیاد"، بناغەی باوەڕی مەزەبی ئەوان لەق بکات. پوشکین حاشای لە نووسینی ئەم بەیتە نەکرد و لە ئەنجامدا زەحمەتێکی زۆری بۆ دروست بوو. ئەنجام ئەم دەعوایەیان کە زۆر گرینگ و جدی بوو، گەیاندە تزار تا بە خۆی ڕەئی یەکجارەکی دەربارە بدات. کاتێ پوشکین بەمەسەلەکەی زانی، ئیعترافنامەیەکی نووسی و بۆ تزاری ناردو لەو ئیعترافنامەیەدا دانی بەوەدا نابوو کە ئەو ئەم بەیتەی هۆنیوەتەوەو هی ئەوەو لەم گوناحە گەورەیە پەشیمانە و داوای بووردنی کرد.

بەڵام لە نێو ئەو بەرهەمانەدا کە پوشکین لەماوەی ئەم ساڵانەدا نووسی بوونی، نەک هیچ بابەتێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت کە بووبێ بە مایەی بەدگومانی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان، بگرە لە چامەی دووروودرێژی "پاڵتاڤا ١٨٢٨"دا کە لەڕووی بونیادی شیعرییەوە لە ئاستی شیعرەکانی دیکەی ئەودا نییە، ستایشێکی لە ڕادەبەدەری تزاری کردووە، وەکو چۆن ڤیرجیل ستایشی ئیمپراتۆری ڕۆمی کردبوو. بابەتی چیرۆکی پاڵتاڤا بریتیە لەمەی کە پیاوێکی خیانەتکار بەناوی "مازپا" پیلانێک دادەنێت کە ناوچەی ئۆکراین لە حکوومەتی "موسکوڤی" بسەنرێت، لەکاتێکا پیتەری فاتیحی پاڵتاڤا کە ڕەمزی ئەم ئیمپراتۆرەیە وەکو خواوەندێک نیشان دەدرێت. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە پوشکین جگە لەیەک دوو جار، کە ستایشی ناسیونالیزمی کردووە، کە یەکێک لەو جارانە ستایشی شۆڕشی پۆڵاندا (١٨٣٠-١٨٣١) بوو، ئیدی هەوێن و ئامیانی سەرەکی بابەتی شیعرەکانی ژیانی خەڵکی و ئەو کۆمەڵگەیە بوو کە تیایدا دەژیا. بەپێچەوانەی تەسەوری تزارەوە، پوشکین لەناخدا بچووکترین گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو و تەنانەت دەشێت بگوترێ کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار زیاتر لە سەر بیروباوەڕەکانی خۆی سوور دەبوو و جۆری بیرکردنەوەی بە جۆرێ ڕیشاژۆ دەبوو کە زۆر لە بیرکردنەوەی تزار نیکولایەوە دوور بوو.

لە کۆتایی فەسڵی شەشەمی "ئۆگین ئونگین"دا کە لە دوا ڕۆژانی مانەوەی لە میخائیلوفسکوی نووسراوە، ماڵاوایی لە لاوێتی خۆی کردووە! لەم سەروبەندەدا هەستی دەکرد کە نیوەڕۆی تەمەنی تێ پەڕیوەو لەوەدوا ئیدی خۆری تەمەنی بەرەو خوار دەکشێ، کە هێشتا شەو و ڕۆژ بەدووی ژنانی جوان دەکەوت و دەستبەرداری "ژن و ئەشق" نەدەبوو، هەموو جیاوازییەکی دەگەڵ ڕابردوودا ئەوە بوو کە ئێستا بە نیازی زەماوەند بوو. ئەو کەسەی کە بەردەوام دەیگوت زەماوەند ڕوح دەکوژێت و سەربەخۆیی و کاراکتەری پیاو نابووت دەکات، هەنووکە تاقە ڕێگای ڕزگاری خۆی لە زەماوەندو ژن هێناندا دەبینی یەوە! لە زستانی ساڵی ١٨٢٨دا بۆ کۆڕێکی سەمای بەشکۆ لە مۆسکۆ دەعوەت دەکرێت، پوشکین لەم شەوبێرییە بەشکۆیەدا دەگەڵ کیژێکی یەجگار جواندا بە نێوی "ناتالی گونچاروڤا" ئاشنا دەبێت کە تازە پێی نابووە ناو شازدە ساڵییەوە.

دوایی ئەم ئاشناییە وەکو هەمیشە و بەهەمان جۆش و خرۆش و هەستی توندی هەوەڵێن ساڵانی گەنجیەوە، ئاشقی چەندین ژنی مێردار و بێ مێردی دیکە بوو کە یەکێکیان لەبەر جوانیە بێ وێنەکەی ناونرابوو "ڤینۆسی زێڕین" و پوشکین شیعرە بەنێوبانگەکەی خۆی "وێنە"ی بۆ ئەو گوتبوو و ماوەیەکی زۆر بەجدی بەنیاز بوو زەماوەندی دەگەڵدا بکات. بەڵام بەم حاڵەشەوە لە بیری ناتالی جوانیش غافڵ نەبوو و سیمای ئاسمانی ئەم کیژە کارێکی قووڵی لە دڵ و دەروونی کردبوو. لەبەهاری ساڵی دواتردا پوشکین جارێکی دی ناتاکی بینییەوە و یەکسەر داخوازی کرد کە زەماوەندی لەگەڵ بکات. هەڵبەتە دوای کۆتایی دەورانی ساڵانی ڕەهەنەیی و شاربەدەری چەندین جار هەوڵی زەماوەندکردنی دابوو، بەڵام هەر یەکێک لەو هەوڵانەی بەهۆیەکەوە سەری نەگرتبوو. ئەمجارەش ناتالی وەڵامی ئاشکرای نەدایەوەو هەوڵیدا بێ ئەوەی نائومێدی بکات خۆی لە داخوازیەکەی ببوێرێ . پوشکین ناچار نامەیەکی بۆ دایکی کیژێ نارد و سوپاسی ئەو بۆرە بەڵێنەی کرد کە کیژەکەی بە مەبەستی زەماوەند دابویە (بابی ناتالی شێت بوو و لە شێتخانەدا دەژیا) و لە هەمان ڕۆژدا کە ئەم نامەیەی نووسی، واتە لە ١٨٢٩/٥/١دا چووە سەفەرێکی دوورو درێژ.

لەم سەفەرەدا، بۆ قەفقاز، واتە بۆ هەمان دیارو دەڤەری ئەفسانەیی و خەیاڵ ئەنگێزی کە دە ساڵ لەوەپێش لەوێندەر بوو، ڕۆیی. بەڵام ئەمجارەیان دوورترین ناوچەی ئەم سەرزەمینەی دایە ژێر پێوەو خۆی گەیاندە دوورترین ئاوایی باشووری ناوچەکەو تەنانەت ڕۆژێک سواری ئەسپەکەی خۆی بوو ولە مەرزیش تێپەڕی و بۆ یەکەمین جار پێی نایە خاکی وڵاتێکی بێگانە؛ ئەم مەسەلەیە ئاوا بوو کە ئەسپەکەی ئەو خۆی بە ڕوبارێکدا دا کە بەسنووری وڵاتەکەی دەژمێردراو ئەوی گەیاندە کەناری تورکیا. لێ مخابن کە ئەم ناوچەیە هەمان ڕۆژ لەلایەن سەربازانی ڕووسییەوە بە فەرماندەیی "پاسکوفیچ" داگیرکرا بوو و بەمجۆرە چارەنووس هەرگیز ڕێگەی بە پوشکین نەدا کە لەخاکی بەرینی وڵاتی ڕووسیا وەدەرکەوێ و پێ بنێتە دنیای ئازاد. کاتێ گەییە بەستێن و کەنارەکەی ئەوبەری ڕوووبارەکە هەستی کرد کە زۆر لە شەڕگەکەوە دوور نییەو شەڕیش زۆر بەگەرمی بەردەوام بوو، پوشکین دوای هەوڵێکی زۆر توانی بەدیداری براکەی بگات. کە ئەفسەری یەدەگ بوو و هەر لەوێدا پەیوەندی بە سوپاوە کرد و سەرەنجام بە ئاواتە دێرینەکەی خۆی گەیی.

پاییزی هەمان ساڵ بۆ مۆسکۆ گەڕایەوەو جارێکی دی گیرۆدەی چاودێری توندی بنکندورف بووەوەو عەیب و ئیرادی لە بچووکترین کارو ڕەفتاری ئەم دەگرت و نەیدەهێشت لە پێستی خۆی بجوڵێت. یاداشتەکانی ئەم سەفەرەی لەدوای ڕۆژانە یاداشت و نامەکانی پوشکین، گرنگترین نووسینە دەربارەی ژیانی تایبەتی ئەو کە لە پاشی بەجێماوە. هەست و خەیاڵی ئەو دەربارەی سەرزەمینی خەیاڵ ئەنگێزی قەفقاز، لەو شیعرە لیریکیە جوانانەدا کە لە بەینی ئەم یاداشتانەدا نووسیونی زۆر بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە. هەڵبەتە کێشەو سەرقاڵی لەماوەی ئەم سەفەرەیدا یادی سەروسیمای جوانی ناتالی لەیادگەیدا نەسڕییەوە، بەڵام کچەی تاین

کەمترین بایەخی پێ نەدەداو زۆر لە گەڵیا ساردوسڕ بوو. بۆیە جارێکی دی مۆسکۆی بەجێهێشت و هەوڵیدا درێژە بە کاری نووسین بدات. دیسان نامەیەکی نووسی و داوای کرد مۆڵەتی بدەن لە ڕووسیا دەربچێت یان دەگەڵ ئەو شاندە فەرمیەدا کە بۆ چین دەڕۆیی، بڕوات بۆ چین. بەڵام دام و دەزگا دەوڵەتیەکان بێدەنگیان لێکردو وەڵامی هیچ یەکێک لەو داواکاریانەیان نەدایەوە. لە هەوەڵی بەهاری هەمان ساڵدا، پوشکین جارێکی دی لە مۆسکۆوە سەری دەرهێنا. دیسان داوای زەماوەندی لە ناتالی کردەوەو ئەمجارەیان داواکەی قەبووڵ کرا. کاتێ ئەم هەواڵە بڵاوبووەوە، یەکێک لە هاوڕێکانی نامەیەکی بۆ ناردو پیرۆزبایی لێکرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە ڕۆمانتیک ترین شاعیری ڕووسیا، دەیەوێت دەگەڵ کیژێکدا کە شاعیرانە ترین جوانی زەمانی خۆی هەیە، زەماوەند بکات.

قۆناغێکی تاڵ و ناخۆشی ژیانی شاعیر دەستی پێکرد بوو. پوشکین دەیویست دەگەڵ خانەوادەیەکی تازە پێداکەوتوودا تێکەڵاوببێ کە ئەندامەکانی تازە پێداکەوتوو بوون و لە هەوڵی ئەوەدا بوون بەخورتی خۆیان بەچینی ئەرستۆکرات و نەجیمزادانی ڕووسیاوە هەڵواسن. خەسووی ئایندەی ئەو، ژنێک بوو؛ ئەڵچاغ، پوولەکی، لاپرەسەن،نەزان و ترتڕی (خۆهەڵکێش) کە زوو لەم ویساڵە ژێوان بووەوەو کەوتە مینگە مینگ و بیانوو گرتن و ئەوەندەی بۆی کرا کۆسپی خستە ڕێی ئەم زەماوەندە تا بتوانێ بەڵکو کچەکەی لەم بڕیارە ژێوان بکاتەوە، شەو وڕۆژ لەلای کچەکەی زەمی پوشکینی دەکرد و باسی نالەباری ڕەوشی سیاسی ئەو و نەداری ئەوی بۆ دەکرد. پوشکین کە بەم حاڵەتەی زانی، بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونی دایکی ناتالی بگۆڕێت نامەیەکی تێرو تەسەلی لە بنکندورف وەرگرت کە پشتگیری کردبوو کە گوایە شاعیری لاو لەمێژە هیچ هانی هانییەکی سیاسی لەسەر نەماوەو هیچ گومانێکی دەوڵەتی لەسەر نییەو یەکێکە لەو کاراکتەرانەی کە جێگەی بایەخی تایبەتی تزارە. لە لایەکی دیکەشەوە کەوتە هەوڵی پارە پەیداکردن. دەیوست بەلای کەمەوە ئەو قەرزەی کە بەهۆی قومارەوە کردبووی بداتەوە و بەهەر جۆرێک بووە ئایندەی خۆی بۆ ماوەیەک مسۆگەر و دابین بکات. ماوەیەک لەوەپێش، بابی یەکێک لە موڵکە ئاوەدانەکانی خۆی، لە نزیکی "بولدینو"ی سەر بە ناوچەی "نیژنی نوڤوگرود"ی دابوو بەو و ئێستا پوشکین بە موڵکدارێکی گەورە دەژمێردراو نزیکەی دووسەد مسکێنی هەبوو. ئاقیبەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستەی خۆی، ئەم موڵکەی خستە ڕەهن و بارمتەوە و پتر لە نیوەی پارەکەی دا بە خەسووی ئایندەی تا بەم زەماوەندە قاییل بێت و بتوانێ جیازیەکی باش بۆ کیژەکەی فەراهەم بکات و باقی پارەکەشی بۆ خەرجی زەماوەندەکەو ئەو دیاری و سەوقاتیانە خەرج کرد کە بووکێ و دایکی دەیانویست.

بەڵام پوشکین، هێشتاش، وێڕای ئەو هەموو مەسرەفە، ئەو کیژەی وەکو پێویست نەدەناسی و نەیدەزانی کە کچیکی بێ ئەقڵ، بێ هەست، لەخۆڕازی، نەخوێنەوار و هەرزەیەو جگە لە سەماو ڕەقسین هیچ هونەرێکی

دیکەی نییەو تەنانەت نەیدەتوانی تەسەوری ئەمەش بکات کە ئەم کیژە بەئاستەمیش لە هەست و بیری ئەو ناگات و تەنیا کەوتووەتە ژێر باندۆرو کاریگەری شۆرەت و ناوبانگی ئەوەوە. بەڵام پوشکین زۆر زوو پەی بە هەموو ئەو ڕاستیانە بردو تێگەیی کە دووچاری چ هەڵەیەکی گەورە بووە.

پوشکین لە هەوەڵی پاییزی هەمان ساڵدا چوو بۆ "بولدینو" تا سەرپەرشتی موڵکەکەی بکات و بەو هیوایە بوو کە بتوانێ لە مەرازکانی ئەوێدا، هەندێک کار بکات. بەڵام بەرلەوەی بۆ ئەوێندەر بڕوات مەدام گونچاروڤا سیناریۆیەکی سۆز بزوێنی دروست کرد کە بووە هۆی ئەوەی پوشکین نامەیەک بۆ ناتالی بنووسێت و بڵێت: "من ئیدی تۆ بە دەزگیرانی خۆم نازانم، برۆ ئازادی، دەتوانی بەکەیفی دڵی خۆت بکەی!" بەڵام لە کۆتایی نامەکەدا ئەمەشی گوتبوو کە: "یا دەبێ لەگەڵ تۆدا زەماوەند بکەم یا هەرگیز ژن نایەنم."

کاتێ گەییە "بولدینو" نامەیەکی بۆ یەکێک لە دۆستەکانی نووسی کە بەمجۆرە دەست پێدەکات: "ناتوانی تەسەور بکەی چ خۆشیەکە کە ئەگەر ئینسان لەدەستی دەزگیرانەکەی هەڵێت و پەنا وەبەر گۆشەیەک بەرێت و دەست بە شیعر نووسین بکات." و ئەو هۆزان و شیعرانەی کە پوشکین لە ڕۆژانی پاییزی ئەو ساڵەدا وتوونی، لە جوملەی غەزەلە هەرە بەرز و جوانەکانی ئەون، لەوانە: "هۆزانێن شەوێکی بێخەوی" و شیعرە بەناوبانگەکەی "پاییز" وا بۆ نموونە پاچڤەی شیعری "پاییز" کە یەکێکە لە شیعرە هەرە باشەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی پوشکین، دەخەینە بەر دەستی خوێنەران:

پاییز

"هەنگێ چ "خەیاڵێک بە مێشکی خەواڵوی مندا نایەت...؟"

درژاڤین.

"١"

ئاقیبەت ئۆکتۆبەر دێت. بێشەکان دێنە لەرزین

ئەو دوا گەڵایانەی کە مەیلی کەوتنیان نیە

لە لقە ڕووتەکانەوە دەرژێن

شنەی ساردی خەزان هەڵیکردووە، و جادە بەستوویەتی

جۆبارەکە هێشتا لەپشت ماڵی ئاشەوانەکەوە

زەمزەمە دەکات،

لێ ئەستێل خامۆشە، هەنووکە هاوسێکەی من بە

کۆڵەپشتەکەی خۆیەوە

بۆ دەشت و بیابان دەڕوات،

تاژیەکانی ئەو، جەنگەڵەکان

بە حەپەی خۆ بێدار دەکەنەوە، و سمی ئەسپەکانی

گەنمی زستانە، بێڕەحمانە پایەماڵ دەکەن.

"٢"

کاتی من ئێستایە! بەهار چ دادێکی من دەدا؟

لەبەهارا، شێی هەوا ناخۆشە، گڵ و قوڕی

خەست و بۆگەن هەموو شوێنێ هەڵدەگرێ

بەهار نەخۆشم دەخات: لەم وەرزەدا هەرگیز مێشکم

لە خەونێن ئاجرِ و باجرِ ئازاد نیە، خوێنم بەردەوام

لە هەڵچووندایە

لەجیاتی بەهار مەینەتی زستان بە من بدەن.

بەو بەفرانەوە کە لەژێر مانگدا، ڕاکشاوە -و بەڕاست

چ شتێک لەوە خۆشترە کە دەگەڵ دلْداردا لە

خزاکێکدا کە سووک سووک دەخزێ، دانیشتبین

و قامکانی ئەو کە لەژێر فەروودا وەکو ئاگر

دەسووتێ، لەدەست بگرین؟

"٣"

ئاهـ کە چەند بەلەزەتە! ژێری ئاسنینی خزاک

بەسەرسیمای بلورینی ڕۆحانەوە نەخش و نیگارێکی

ڕوون دەنەخشێنێ.

چەند شادی بەخشە هەراو زەنای درەخشانی

ئاهەنگێن زستانی!

بەڵام ئەم هەراو زەنایە بەزوویی کۆتایی دێ —

چونکە شەش مانگ بەفر هەموو شوێنێکی داپۆشیوەو هیچکەس
ناتوانێت ئەم ڕەوشە تەحەموول بکات، تەنانەت ئەو
دانیشتووەی شکەفتان
کە ورچی ناوە، لە درێژی ئەم ماوەیە هەراسان دەبێ
دەنەڕێنێ کە "ئیدی بەسە."
و ئینسان بێزار دەبێ هێندە لەپاڵ سۆپادا پاڵدەکەوێ.

"٤"

ئاهـ، ئەی هاوینی خۆشەویست، من تۆم خۆشدەویست
ئەگەر گەرماو گەردو تۆز و مێشوولە و مێشیان لەتۆ دووربکردایەوە،
ئەمانە مێشک لەکار دەخەن، دڵ بێزار دەکەن. لە ڕۆژانی تۆدا
ئێمەش وەکو میر گوزاران لە بێ ئاویدا پەژموودە دەبین
دەچرمسین،
خواردنەوە، پاراوبوون تاقە ئومێدی ئێمەیە و، چەند خەفەت
دەخۆین.
خۆزگە بەو ڕۆژانەی کە لەکۆڕی ئەزیەتباری ئەم ژنە فەرتووسە
یانی زستاندا، شیرینی و شەرابیان بەسەرماندا دابەش دەکرد
و هەنووکە تەنیا یادەوەری ئاهەنگی بەستەڵەکی ئەومان
کە شیرین و ساردە، لەگەڵدا ماوە.

"٥"

قسەی خراپ بە ڕۆژانی ئاخرو ئۆخری پاییز دەڵێن،
لێ من ئەی خوینەری ئازیز، تاقە یەک قسەش لەوانە
قەبووڵ ناکەم
چونکە جوانی ئارامی ئەم ڕۆژانە کاری قووڵ لە من دەکات،
وەکو منداڵێکی ئارەزوومەندی کە هیچکەس خۆشی ناوێ
دڵم دەلەرزێنێ،

با ڕێک و ڕەوان پێتان بڵێم کە پاییز پتر لە هەر هەموو
وەرزەکانی دیکەی ساڵ،
من دێنێتە خرۆش.
من ئاشقێکی چکۆلەم، لە پاییزدا بۆ
هەموو چاکی و جوانیەکان دەگەڕێم.

"٦"

چۆنتان بۆ باس بکەم؟ من لەزەت لە سەفای پاییز دەبینم
ڕەنگە بەهەمان شێوە کە لەوەیە ئێوە کچێکی نەخۆشتان
کە مەحکووم بە مەرگە، خۆش بوێ،
کچێک کە زوو بەزوو دەکەوێتە هەڵدێری مەرگەوە
بێ ئەوەی زەمزەمەی سەرزەنشت ئامێزێک لەم
ژیانەی کە دەیەوێ ماڵاوایی لەو بکات بژنەوێ
و بەسەر لێوانی ڕەنگ زەردو ناسکی ئەوەوە سێبەری
زەردەخەنەیەک نەخشی بەستووەو
دەنگی ترسناکی باوێشکی کۆڕ ناژنەوێ،
ئەمڕۆ زندووە — و سبەینێ ماڵاوایی لە ژیان کردووە.

"٧"

ئاه، ئەی وەرزە خەمناکەکەی کە چاو لەزەت لە
دیتنت دەبینێ،
جوانی ماڵاوایی ئامێزی تۆ ڕۆحی من ڕادەکێشێ،
من شکۆی ڕەنگە مردەنیەکانی تەبیعەتم خۆش دەوێ،
ئەو لێڕەوارانەی کە جلکی سوور و زێڕینیان پۆشیوە،
هەڵکردنی بای پڕ دەنگ — و ئەو ئاسمانە ڕەنگ بزرکاوانەی،
کە نیوەیان بە هەورێن تاریک و گەواڵ گەواڵ پۆشراون،
وتیشکی کەم ڕەنگی خۆرو شەونمی سپێدەو،

هەڕەشەی زستانی کەوەیی کە لە دوورەوە دێتە گوێ
و گوم دەبێت،
هەموو ئەمانەم خۆش دەوێ

"٨"

هەرجارێ کە پاییز دێ، گوڵی تەڕو تازەی من لەتۆی
شکۆفە دەکات،
بۆ من سەرمای ڕووسیا لە هەموو شتێک باشترە،
دووبارە، بەتاسەوە بەرەو پیری ژیان دەگەڕێمەوە:
زوو دەخەوم و ئشتیام دەکرێتەوە،
هیواو ئارەزوو لە دەروونما شەپۆل دەدات و دووبارە
جەوان دەبمەوە
خوێنم دێتە جۆش و لێدانی دڵم زیاد دەکات
سەرڕێژ دەبم لە ژیان — ئەمە ئاواتی بوونی منە،
(ئەگەر ئێوە ئەم وڕاوەیەم لێ ببوورن)

"٩"

ئەسپەکەیان هێناوم؛ ئەو بە دەشتە دوورەکاندا
بەخۆشحاڵیەوە سوارەکەی دەگەڵ خۆیدا دەبات و
دووبارە،
بەفرێن درەخشان لەژێر سمەکانیا دەتوێنەوە.
بەڵام ڕۆژ زوو دەلەرزێ و ئاوا دەبێ. لەو
ئاتەشگا فەرامۆشکراوەدا کە ئاگر هەندێجار بە
ئارامی دەگرێ و هەندێجار وەکو با هەڵدەکا
و بڵێسەی دەسەنێ
هزرێن دووردرێژ دەخوێنمەوەو خولیاو
ئارەزووان پەروەردە دەکەم.

"١٠"

من لەم بێدەنگیە خۆش و شیرینەدا، دنیا لەبیر دەکەم،

لەحاڵێکا لە بیرو ئەندێشەکانی خۆمدا غەرق بووم

و ئارامیم دۆزیوەتەوە

لەپڕ جارێکی دی ڕوحم بەیادی جاران دێتە لەرزە.

دەشڵەژێ و عەودالی ڕێیەکە کە بارەکانی خۆی

هەڵڕێژێ، و بەدەم ئەم خەون خەیاڵانەوەیە

کە من ئەو منداڵانەی کە زادەی خەیاڵی منن

تەمەشا دەکەم،

دەبمە خانەخوێی حەشیمەتێکی نادیار و زۆر

کە دنیای تەسەورم پڕ دەکەن و ئاوازەکانم

چێدەکەن.

"١١"

خەیاڵ و ئەندێشان بە هەموو تواناوە لە مێشکمدا دەکەونە

جم و جوڵ

هەنگێ سەروا لەلایەکی دیکەوە بەپێی شێواز بلەز بە پیری ئەم

ئەندێشانەوە دێن

لێرەدا کە قامکەکانم دەگەنە قەڵەم و بەهەشتاو بەرەو

کاغەز دەڕۆم،

ساتێکی پێناچێت کە شیعر بەسەر لاپەڕەی کاغەزدا دادەبارێ

بەمجۆرە کەشتییەک بەسەر دەریای ئارامەوە

خەوی لێدەکەوێ.

گوێ بگرە: زەنگەکان دێنە دەنگ!

ئەوساکە هەموو دەستەکان بلەز بەرەو پەتەکان

درێژ دەکرێن،

چارۆکەکان پڕبوون و، با لەناویاندا لوول دەخوات،

"١٢"

بەناو دەریایا دەبیات، بەڵام ئاخۆ ئەم کەشتیەی

ئێمە بۆ کوێ دەڕوات.

(١٨٣٣)

لە یەکێک لەم شیعرە لیریکیانەدا کە لەم سەروبەندەدا گوتوویەتی بە تاڵی یادی ڕۆژانی خەمناکی ڕابردوو دەکاتەوە. کاتێ کە نەخۆشی و پەتا تازە بڵاوبووبووەوە، پوشکین هێشتا لە (بولدینو) شار بەدەر بوو، کە زندانێک بوو لەو گۆڕە. ئەم ڕەوشە تا سەرەتاکانی دیسامبەری هەمان ساڵ بەردەوام بوو. بەڵام نە ئەم ڕووداوە و نە بێ متمانەیی ئەوی بە دەزگیرانەکەی و نە هیچ بابەتێکی دیکە ئەوی لە نووسین و شیعر گوتن نەکردو، هیچ ڕووداوێک نەیدەتوانی ئەو لە نووسین دوور بخاتەوە. ئەم مانگانە، ڕەنگە بەهۆی ئاسوودەیی بیرو ئارامی دەروونەوە بووبێ، بەپڕ بەرهەمترین قۆناغی ژیانی ئەو دێتە ژماردن. شەو و ڕۆژ کاری دەکردو دەینووسی و زۆربەی کاتی خۆی بە جۆش و خرۆشێکی بێ پیشینەوە، بۆ بەیتی (ئوگنی ئونگین) تەرخان دەکرد تا ئەنجام فەسڵی حەوتەم و هەشتەمی تەواو کرد و دەستی بە فەسڵێکی تازە کرد. لەهەمان کاتدا سەرقاڵی ڕاستکردنەوەو تەواوکردنی چیرۆکێکی شیعریی دیکە بوو بەناونیشانی "کەوێڵەکەی کولومنا". ئەم بەیتە چیرۆکێکی کومیدیە کە بەشێوازی ڕەخنەیی ئەو سەردەمەی ئەدەبیاتی فەرەنسی نووسراوەو لەبەر جوانی و قووڵی بابەتەکەی و توندی و تۆنی تەنز ئامێزی خۆی، بە تایبەتی ئەو باسەی کە بەپێچەوانەی باوی ڕۆژەوە لەمەڕ ژیانی چینی چەوساوەو بەدبەخت کردوویەتی، یەجگار جوان و دڵگیر و مایەی پەسەندی جەماوەری خەڵکە.

هەر لەو چەند مانگانەدا، چوار شانۆنامەی یەجگار بەنێوبانگیشی نووسیوە؛ ئەم شانۆنامانە بریتین لە "جەژن و ئاهەنگی ڕۆژگاری پەتا" کە بەتەواوەتی سێبەرو کاریگەری "جۆن ویلسون"ی پێوە دیارەو دەتوانرێ بگوترێ ئەم شانۆنامەیە، لە چیرۆکی "شاری پەتا"ی ئەم نووسەرە ئینگلیزەوە وەرگیراوە. (جۆن ویلسون کە ناوی ئەدەبی ئەو "نورت کریستوفەر بووە، لەساڵی ١٧٨٥دا هاتووەتە دنیاوە، کریستوفەر یەکێک بووە لە ڕۆژنامەڤانە ناسراوەکانی سکوتلاندا دوای ئەوەی ساڵانێک "١٨٠٧ — ١٨١٥" لە ویست مورلاندا ژیاو ئاشنایەتی لەگەڵ شیعری شاعیرانی زەمانی خۆیدا پەیدا کرد، چوو بۆ ئەدینبورگ. کریستوفەر لەساڵی ١٨٢٠ بەدواوە، لە زانستگەی ئەدینبورگ دا کورسی مامۆستای فەلسەفەو ئاکاری بەدەست هێنا. لەمە بەدواوە ماوەیەک بەناوی خوازراوی "نورت کریستوفەر"ەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بلاک وود (١٨٢٢ –

١٨٣٥) وتارو نووسینی بڵاو دەکردەوە. زۆربەی وتارو نووسینەکانی ئەو، ئەو گفتوگۆ و بابەتانە بوو کە لەکۆڕ و کۆبوونەوەو مەجلیسانی شەونشینی و ئاهەنگانی بەشکۆ و جەلالدا دەگێڕدرانەوەو ڕوویان دەدا. بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە هەندێجار مەبەستی تایبەتیان لەپشتەوەیەو تۆنێکی توندی تەنزئامێزیان هەیە. ویلسون باوەڕێکی سەیری بە ڕەخنە هەبووە و قەناعەتی وابووە کە تاقە ڕێگای چاکسازی هەر کۆمەڵگەیەک، ڕەخنەیە و لە هەمان کاتدا تواناو بەهرەیەکی سەیری لە نووسینی چیرۆکەکانی دیالۆگی نێوان دوو کاراکتەردا هەبووە. یەکێک لە بەرهەمە هەرە بەنێوبانگەکانی ئەم چیرۆکی "شاری پەتا"یەیە کە پۆشکین لەژێر باندۆرو کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەودا ئەم چیرۆکی "ئاهەنگی ڕۆژانی پەتا" یەی نووسیوە". هەروەها "سوارچاکی تەماعکار" و "موتسارت و سالیری" و "میوانی بەردین" یش سێ شانۆنامەی دیکەی پۆشکینن، کە زۆر بەقووڵی و لە ڕووی دەروونییەوە، هونەرمەندانە سێ گوناهی گەورەو بنەڕەتی ئینسان تاوتوێ دەکات، واتە تەماعکاری، حەسوودی و شەهوەترانی. لە کۆی ئەم چوار شانۆنامەیەدا، تەنیا "موتسارت و سالیری" لە زەمانی ژیانی پۆشکین دا، واتە لەساڵی ١٨٣٢دا پێشکەش و نمایش کرا کە مخابن کەمترین سەرکەوتنی بە نسیب نەبوو.

پۆشکین لە هەوەڵین ساڵانی ئازادی خۆیدا دەستی بە نووسینی چیرۆکێکی خەیاڵی و زۆر جوان کرد بەناوی "خولامەکەی پەترۆسی گەورە" ئەم چیرۆکە بریتییە لە شەرح و شرۆڤە و گێڕانەوەی ژیان و ژن هێنانی ناکامی پڕ لە نەگبەتی باپیرە حەبەشیەکەی پۆشکین کە بەشێوەیەکی زۆر تێرو تەسەل و پاراو دەست پێدەکات و خوێنەر لە فەسڵی یەکەمەوە هەست بەوە دەکات کە نووسەری بەتوانا بەنیاز بووە بەرهەمێکی گەورەو بێ وێنە دابهێنێ. بەڵام خویاو دیار نییە پۆشکین بۆچی لەدوای تەواوکردنی شەش فەسڵی یەکەمی ئەم چیرۆکەوە، وەکو گەلێک لەبەرهەمەکانی دیکەی خۆی ئەم چیرۆکەشی بە نیوەچڵی بەجێهێشتووەو جارێکی دیکە نەچووەتەوە سەری. چیرۆکی "خولامەکەی پەترۆسی گەورە" وردبوونەوەو تاوتوێکردنێکی یەجگار جوانە دەربارەی سیفەت و ئاکاری بابایەکی ڕەش پێست کە لە دنیای شارستانیەتدا پەروەردە بووەو لە هەمان کاتدا بەرهەمێکی خەیاڵی مێژوویی ئەوتۆو هێندە جوانە کە ستایلی پەخشاننوسی بەر لەقۆناغی ڕۆمانتیزمی فەرەنسا وەبیر ئینسان دێنێتەوە.

پوشکین لە ڕۆژگاری ڕەهەنەیی خۆیدا "چیرۆکەکانی بلکین"ی تەواو کردو، ئەم چیرۆکانە بەجوانترین بەرهەمی ئەو دێنە ژماردن. دوای ماوەیەک قۆناغی ڕەهەنەیی تەواو بوو و ناچار بوو واز لە چالاکی ئەدەبی خۆی بێنێ و بگەڕێتەوە بۆ لای ماڵباتی "گونچاروڤا" لە مۆسکۆ، بەڵام دوای ئەوەی گەییەوە مۆسکۆ، جارێکی دی دەگەڵ ماڵباتی دەزگیرانەکەیدا بوو بەشەڕ و قەرقەشەیان . پوشکین جەژن و ئاهەنگی ئەو ساڵەی دەگەڵ گۆرانی بێژانی قەرەجدا بەسەر برد، هەفتەیەک بەر لە ڕێورەسمی زەماوەندەکەی خۆی لە

نامەیەکیا بۆ یەکێک لە دۆستەکانی نووسیویەتی: "بڕیاری ژن هێنانمان داوەو ئەمە کارێکی زۆر ئاساییە! بەڵام ئەم کارە ئاساییە بێ هیچ جۆرە تاسەو سۆز و گودازێک کە زادەی ئەم ساتانەیە، ئەنجام دەدەم، ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر ئەم زەماوەندەی ئێمە ئاقیبەتێکی خێری هەبێت، زۆر سەیرە!"

ئەنجام ڕۆژی زەماوەندەکە هات. لە کاتی زەماوەندەکەدا کە لەڕۆژی ١٨٣١/٢/١٨دا ئەنجام درا، پوشکین بە پێچەوانەی هەمیشەوە، زۆر خۆشحاڵ و ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو، بەڵام دەڵێن لەکاتی ئاهەنگی زەماوەندەکەدا چەند ڕووداو و بویەرک ڕوویان داوە، کە زاوا وەکو کەسێکی زۆر خورافاتی بە نیشانەی نەحس و شوومی لێکداونەتەوە.

"٦"

دوای چەند هەفتەیەکی زۆر خۆش، ژن و مێردی گەنج پێکەوە چوون بۆ "تزارسکوی — سلو"یانی چوون بۆ هەمان ئەو شوێنەی کە پوشکین هەموو ڕۆژگاری شیرین و خۆشی قۆناغی منداڵی خۆی لەوێندەر گوزەراند بوو. پوشکین بەهیوا بوو ژیانی ئێرە زۆر لەسەری نەکەوێ و ماوەیەک بەئارامی و ئاسوودەیی لێرەدا بەسەر بەرێت، بەڵام ئەم خەیاڵ پڵاوەشی کەڕووی هەڵێناو دووچاری ناڕەحەتی و کێشەیەکی بێ وێنە بوو. چونکە لەگەڵ دەستپێکی وەرزی هاوین و هاتنیماڵباتی پاشایەتی و خودی ئیمپراتۆردا بۆ "تزارسکوی —سلو" بەو بۆچوونە تایبەتیەوە کە تزار سەبارەت بە پوشکین هەی بوو، جارێکی دی ئارامی و ئاسوودەیی ژیانی ئەو شێواو دووچاری گرفتێن تازە بوو. تزار دوای هاتنی، لوتف و مەحەبەتێکی زۆری سەبارەت بە پوشکین نواند و لە وەزارەتی دەرەوەی خۆیدا کارێکی پێی سپارد کە دەرامەتی ساڵانەی پێنج هەزار ڕۆبڵ بوو. پوشکین سەربارى ئەم چاکەیەش، زۆر لەم ڕەوشە ناڕەحەت و ناڕازی بوو، بەڵام ناتالی ژنی کە لە مێردەکەی پتر، ڕەزامەندی و خۆشەویستی ڕاستەقینەی لە چاوانی تزاردا دەخوێندەوە، ئەم هەڵوێست و پێشهاتەی زۆر پێخۆش بوو و شەو و ڕۆژ لە کۆڕی بەزم و ڕەزمی دەستوپێوەندانی تزاردا بەشداری دەکرد. پوشکین هەوڵی دەدا لەم کۆڕو ئاهەنگانە دووربکەوێتەوە خەریکی شیعر و هونەری خۆی ببێت، لێ مخابن هەڵسوکەوت و ڕەفتارو هەوەسڕانی ژنەکەی، نەی دەهێشت ئەم ئاواتانەی بێنەدی.

ئەو بەرهەمانەی کە پوشکین لە ماوەی ئەم مانگانەدا بەرهەمی هێناون، لەچەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری و چەند غەزەلێک تێناپەڕن.. لەپاییزی ئەو ساڵەدا توانی بەیتی "ئوگین ئونگین"ی تەواو بکات. ئەم چیرۆکە کە لەساڵانی پڕ جۆشی گەنجیدا دەستی پێکرد بوو، بەیتێکی ڕەخنە ئامێزە کە بەشێوازو ستایلی بایرون هۆنراوەتەوە.

پوشکین، مودەتی هەشت دانە ساڵ، بە ڕەشنووسی ئەم بەیتەدا چووەتەوە و بەردەوام دەستکاری و گۆڕانکاری تیادا کردووە، دەڵێن کە ئەم بەیتە بەڕوونی گۆڕانە دەروونیەکانی شاعیر لە ماوەی ئەو ساڵانەدا نیشان دەدات. بەیتی "ئوگین ئونگین" بەرهەمێکی یەک نەواو یەکهاوی نییە، هەورازو نشێوێکی زۆری پێوە دیارە، لە خەمبارییەوە بۆ خۆشحاڵی و لە ڕەشبینییەوە بۆ هەڵچوون و جۆش و خرۆش هەڵدەکشێ و دەکشێت. شاعیر لەم بەیتەدا خۆی لە هەر قەڵەمبازییەک دوورگرتووەو زمانەکەی هەندێجار بەڕادەیەک جوان و دڵگیرە کە شان لەشانی شیعر دەسوێ. ڕاستە هەندێ بەشی بچووکی ئەم بەیتە بڕێک تاقەتبەرە، لێ بەشێوەیەکی گشتی توانای شێواز و تەکنیکی بێ نەزیری شیعرەکانی هەمیشە خوێنەر ڕادەکێشن. ئەم چیرۆکە، کە زادەی بیر و هزری گەورەی کەسێکی بلیمەتە و لە کانگای هەستەکانی ئەوەوە هەڵقوڵاوە، بەڵگەی وەستایی و هونەرمەندی بێ وێنەی پوشکینە لە هونەری چیرۆکڤانی و شاعیریدا. شاعیر لە هەر شوێنێکدا حەزی کردبێت کاراکتەری دۆستان و هاوڕێکانی خۆی لە دیمەنەکانی ئەم چیرۆکەدا نیشانداوە و پوشکین لە هیچ بەرهەمێکی دیکەی خۆیدا کاراکتەری واقیعی خۆی بەم ڕوونیە بەرجەستە نەکردووە. ئەگەر چی نووسەرانی پاش پوشکین هەرگیز چیرۆکەکانی خۆیان بە هۆنراوەو لە شێوەی بەیتدا نەنووسیوە، بەڵام هەرهەموویان لەم خاڵانەی خوارەوەدا، قەرزاریاری ئەون:

١-ئاگاداری ژیان و گوزەرانی کۆمەڵایەتی ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگەی خۆیاندا

٢-وردبوونەوە لەژیانی خەڵکی شارو دێ.

٣-بایەخدانی تەواو بەکاراکتەری کەسەکان.

چونکە هەر هەموو ئەم خاڵانە لە "ئوگین ئونگین"دا بەتەواوەتی ڕەچاوکراون و بەبێ هیچ زێدەڕۆییەک دەبێ بگوترێ کە ئەم بەرهەمە بەسەرمەشقی ڕۆماننووسی لە ئەدەبیاتی ڕووسیدا، دێتە ژماردن. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەو ئۆپرایەی کە چایکوفسکی لەم بەیتەوە هەڵیهێنجاوە، هێندەی دی بەرهەمەکەی خۆشەویست کرد.

کاتێ زستانی ئەو ساڵە هات، پوشکین هاوڕێ دەگەڵ دەست و پێوەندەکانی تزاردا بۆ پترسبۆرگ ڕۆیی و ئەمجارە شەش دانەساڵی خشت لەم شارەدا مایەوەو لەم ماوەیەدا بەپێچەوانەی جارانەوە. کەمتر بۆ دیتنی دیمەنێن سروشت لە شار وەدەردەکەوت و کەم و زۆر گوێی بە ژیانی گوندیاتی و جووتیاری نەدەدا.

ساڵێک دوای زەماوەندەکەیان، ژنەکەی پوشکین کیژێکی بوو و ساڵی دواتریش کوڕێکی بوو، هەرچەندە تەربێت و پەروەردە کردنی ئەم منداڵانە ئەرکێکی قورسی دایکایەتی بەسەر ئەم ژنەدا سەپاند بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش دەستبەرداری کەیف و سەفاو خۆشی و گەڕان و خۆشگوزەرانی خۆی نەدەبوو، ئەنجام پوشکین بۆی دەرکەوت کە مێردی ژنێکە کە هەرگیز پابەندی ژیانی خانەوادەیی و خێزانداری نییەو بۆیە

ناچار بوو زۆربەی کاتی گرانبەهای خۆی بۆ بردنی ناتالی بۆ کۆڕی ئاهەنگ و سەماو شەونشینی تەرخان بکات. هەڵبەتە لەم کۆڕو ئاهەنگانەدا ژنانی دیکەش سەرنجیان ڕادەکێشا و هەندێجار وەکو ڕۆژگاری گەنجاتی شاعیریان ناچار دەکرد دوویان بکەوێ. وێڕای هەموو ئەمانەش پوشکین مێردێکی وەفادار بوو، زۆر بەوە پەست بوو کە شەو و ڕۆژ ژمارەیەک پیاوی سەڵت و دەوڵەمەند و قۆز، دەوری ژنە بەناز و نۆزەکەیان گرتبوو، زیاتر لەمە پەست بوو کە ناچار بوو بەڕواڵەت وابنوێنێ کە دوستی ئەم پیاوە هەرزانەیە، جا چونکە لەو پیاوانە نەبوو کە بتوانێ هەستی دەروونی خۆی وەشێرێت بۆیە زوو بەزوو دژمنان و ناحەزانێکی زۆری لەنێو چین و توێژانی دەرباریدا بۆ پەیدا بوو. پوسکین لە دەرباردا دەرفەتی ئەوەی بەدەست هێنا تا دەستی بگاتە ئەرشیفخانەی فەرمی مێژوویی و لەم ڕێگایەوە ئاستی زانیاری مێژوویی خۆی تەواو بەرزکردەوەو دوای ماوەیەک بوو بە دیرۆکنووسی فەرمی دەربار. پوشکین هەمیشە ڕابردووی لەلا شیرین بوو و بیری لە ڕابردوو دەکردەوە و ڕەنگە گەورەترین هۆی ئەم دڵبەستەییەی ئەو بەڕابردووەوە ئەوە بووبێ کە لەڕابردووی ئەودا هیچ کۆسپ و تەگەرە و بەدبەختییەک نەبوو.. بەهەرحاڵ دوای ئەوەی تەواو لە مێژووی ڕابردوو قووڵ بووەوە و پەیجۆرییەکی زۆری مێژووی ڕابردووی کرد، لێبڕا، لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە شۆڕشی "پوگاچوف" ئەنجام بدات، ئەم شۆڕشە بویەرێکی خوێناوی بوو کە لەسەردەمی پاشایەتی کاترینی گەورەدا، ڕۆژهەلاتی ڕووسیای لە خاک و خوێنا هەڵکێشابوو. لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٨٣٣ دا پوشکین بەشێوەیەکی کاتی لە دەربار ڕزگار بوو و توانی بۆ چەند مانگێک گەشتی ناوچەی پوگاچوف بکات. کاتێ لەم سەفەر و گەشتە گەڕایەوە، دوای چەند ڕۆژێک، کارێکی بچووک و نزمیان پێ سپارد، کە بریتی بوو لە پاسەوانی و دەرگاوانی ژوورەکەی تزار. ئەم کارە زیاتر بەگەنجان دەسپێردرا. ئیدی پوشکین یەکسەر زانی کە بۆیە ئەم کارەیان بەو سپاردووە تا ژنەکەی بتوانێت بەردەوام، لە کۆڕی سەماو ئەو میوانی و ئاهەنگانەی کە خودی تزار سازی دەدا، ئامادە بێت. هەرچەندە پوشکین لەم کارە بێزار بوو و تەنانەت لە یونیفۆرمی تایبەتی ئەم کارەش بێزار بوو، بەڵام هیچ چارێکی نەبوو، دەبوا مل بدات و قەبووڵی بکات. وێڕای قەبووڵ کردنی ئەم کارە، ناچاریش بوو کۆمەکێکی دارایی گەورەش لە تزار وەربگرێت تا بتوانێ مێژووی شۆڕشی پوگاچوڤ، بڵاوبکاتەوە.

ڕەوشی پوشکین لەڕووی داراییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ خراتر دەبوو؛ چونکە بابی نابووت بوو بوو و ئەم ناچار بوو ئەرکی ئیدارە دانی تێکڕای ئەندامانی ماڵباتەکەیان دەستۆ بگرێت، بەم هەموو گوشارە قورسەشەوە، تاقە سەرچاوەی دەرامەتی ئەو قەڵەمەکەی بوو و بۆ نووسین پێویستی زۆری بە کات و ئاسوودەیی بیر هەبوو، بەڵام ئەو کارە پڕ کێشە و دەردەسەرەی بەو سپێردرا بوو، هەرگیز ئەو دەرفەت و ئارامیەی بەو نەدەدا. لەلایەکەوە ژنەکەی بە هیچ گلۆجێ ئامادە نەبوو بۆ کۆمەکی شووەکەی، چاو لە ژیانی پایتەخت و کەیف و

سەفای شار بپۆشێت و دەگەڵ ویدا بۆ شاروچکە و باژێڕۆکە دووره دەستەکان بڕوات. لەلایەکی دیکەشەوە پوشکین زاتی نەدەکرد ئیسیقالە لەم کارە بدات. لەمەش وەتر کاتێ کە بۆی دەرکەوت پۆلیس ئەو نامانەی ئەوی سانسۆر کردبوو کە بۆ ژنەکەیی نووسیبوون، بەجارێ دەهری و نیگەران بوو. ئەنجام لە ساڵی ١٨٣٤دا لێبڕا ئیستیقالە بدات، بەڵام ئەم کارە بە پێچەوانەی تەسەوری ئەوەوە بووە مایەی بێزراندنی زیاتری ئەو و ئیستیقالەکەی لێ قەبووڵ نەکرا. ساڵی دواتر دیسان داوای ئیستیقالەی کرد و بە تزاری ڕاگەیاند کە لەوەتای ژنی هێناوە پتر لەشست هەزار ڕۆبڵ قەرزدار بووەو تکای کرد کە تزار چوار ساڵ مادوونی و مۆڵەتی بداتێ تا بەڵکو بتوانێ لەم ماوەیەدا بەکاری شەو و ڕۆژ و نووسینی چیرۆکەکانی قەرزەکانی خۆی بداتەوە. لێ تزار لە جیاتی چوار ساڵ، تەنیا مۆڵەتی چوار مانگی دایەو لەهەمان کاتدا سی و پێنج هەزار ڕوبڵیشی بەناوی قەرزەوە بۆ نارد چونکە تزار وای بەباش دەزانی پوشکین لەبەرچاوی خۆی و لەژێر چاودێری خۆیدا بێ و لە بارەگای دەربار دوورنەکەوێتەوە. بەمجۆرە تا پتر هەوڵی دەدا لە ژیانی پڕ کۆت و بەندی خۆی ڕزگار بێت، زیاتر گیرۆدەو گرفتار دەبوو. دیارە ئەم پێنج هەزار ڕۆبڵەش هیچ دەردێکی ئەوی دەرمان نەکرد، چونکە هەمیشە دوو چەنانەی دەرامەتەکەی خەرج دەکرد، بۆیە قەت نەیدەتوانی ڕەوشی دارایی خۆی بێنێتەوە تایم. دوای ماوەیەک هەرچی کەلوپەلێکی بەهاداری هەبوو بە بارمتە ڕۆیی و تەنانەت قەرزداری نۆکەرەکەی خۆیشی بوو.

لە ئەنجامی ئەم هەموو گوشارەوە، بەرەبەرە نەخۆشی پیری لێدەرکەوتبوو و ئەرک و گیروگرفتی ژیان کردی بە کەسێکی دڵناسکی تۆرینۆکی تووڕە. ڕۆژ بە ڕۆژ کارکردنی لە شان قورس و دژوار دەبوو، بەدرێژایی ساڵی ١٨٣٥ تەقریبەن هیچ بەرهەمێکی نەنووسی، هۆی ئەمەش ئەوە نەبوو کە سەرچاوەی سەرڕێژی بیرو خەیاڵی ئەو وشک بووبێ، بەڵکو هۆیەکەی ئەمە بوو کە بەردەوام لە بیرێکەوە دەچووە سەر بیرێکی دیکەو هەرگیز هیچ کارێکی تەواو نەدەکرد. تاقە بەرهەمێک کە لەم سەروبەندەدا بەرهەمی هێنابێ، چیرکی نیوەچڵی "شەوانی میسر" بوو کە ئەویش بووە مایەی هێرشی توندی ڕەخنەگران.. ئیدی پێدەچوو دەوری ئەو تەواو بووبێ.

هەرچەندە، لەم ڕۆژگارەدا، بەرهەمەکانی لەڕووی چەندیەتیەوە دابوویانە کەمی، بەڵام لەڕووی چۆنیەتیەوە دابوویانە زیادی و باشترین بەرهەمی وی، چ شیعر و چ چیرۆک لەدوای ئەم ساڵانە هاتوونە نووسین بۆ نموونە "ئەسپ سواری برونزی" کە یەکێکە لە بەرزترین شاکارێن وی لەساڵی ١٨٣٣داو لە ماوەی کەمتر لەیەک مانگدا نووسراوە، هەڵبەتە ئەم بەرهەمەش بەهۆی ئەوەوە بۆنی شۆڕشگێڕی لێدەهات و زوو بەزوو هاتە سانسۆر کردن و تا سەدەی بیست هیچ جارێک بەتەواوەتی بڵاونەکرابووەوە.

پوشكين دوای ئەم شاكارەی خۆی چیرۆكە شیعری و فۆلكلۆریەكانی خۆی بڵاوكردنەوە كە لە ڕیزی باڵاترین و گرانبەهاترین كەلەپووری بەرهەمێن ئەدەبی ڕووسیدان. پوشكین زۆری حەز لە شیعر و گۆرانی فۆلكلۆری و حیكایەتی خەڵكانی نەخوێنەوار بوو، ئەم حەزە بێ پایانەی تێكەڵ بە وەستایی و هونەرمەندی ئەو بوو و شاكارێكی لێكەوتەوە بەناونیشانی "پێنج چیرۆكی پەرییان".

پوشكین لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا گرینگترین بەرهەمی پەخشانی خۆی نووسی، كە یەكێك لەوانە "بی بی پیك : ١٨٣٢ — ١٨٣٤" بوو وهەندێك لە ڕەخنەگرەكان بەسەرچاوەی "تاوان و سزا"كەی دۆستویفسكییان داناوە و نێوەڕۆكی هەردوو چیرۆكەكە ناڕەزایی و یاخی بوونە لە هەنبەر نەبوونی دادوەری كۆمەڵایەتی.

بەڵام گەورەترین بەرهەم، كە بە باشترین نموونەی مەزناتی بەرهەمەكانی پوشكین دابنرێت چیرۆكی "كیژی كاپیتان" ە كە تەقریبەن دوا بەرهەمی پوشكینە. بابەتی ئەم چیرۆكە بەسەرهاتێكی مێژووییە كە لەزەمانی كاترین دا ڕووی داوەو لە پەنای ئەم چیرۆكەوە مێژووی شۆڕشی "پوگاچوف"ش شرۆڤەكراوە، تولستۆی ئەم چیرۆكەی بەگەورەترین شاكاری پوشكین لەقەڵەم داوەو ڕەخنەگران بە "شەڕو ئاشتی" بچكۆلەیان ناو بردووە.

"٧"

سەرەتای ساڵی ١٨٣٦، بۆ شاعیری نائومێد، تروسكەی ئومێدێكی پێ بوو. لەمێژبوو حەزی دەكرد گۆڤارێك دەربكات و ئەنجام لەم ساڵەدا مۆڵەتی دەركردنی گۆڤارێكیان دایە. بەوپەڕی خۆشحاڵی و بەو هیوایەی كە بتوانێ لەم ڕێگایەوە قەرزەكانی خۆی، بەتایبەتی قەرزی خودی تزار بداتەوە، بە هاوكاری كۆمەڵێك لە نووسەران، كە یەكێكیان گۆگۆڵی گەنج بوو ئەم گۆڤارەی بڵاوكردەوە. بەڵام پێشوازی نەكردنی خەڵك لە بابەتە قورس و ئەدەبیەكانی ئەم گۆڤارەو نەخوێنەواری و نەزانی خەڵكی و سانسۆری پەیتا پەیتای دام و دەزگای سانسۆر، بوونە مایەی شكستی كارەكەی و جگە لەوەی هیچی لێدەست نەكەوت، زەرەرێكی زۆری لێكردو قەرزێكی زۆرتری هاتە سەر، دانی پاداشتی زۆر بە جۆرێ لە پەلوپۆی خستبوو كە بەتەواوەتی توانای كاركردنی لێ بڕی. لەم سەروبەندەدا، بویەرێكی تازە هێندەی دی سەرودڵی گرت، ئەویش ئەوەبوو كە لەژیانی ژن و مێردایەتیدا، ڕەقیب و مڵۆزمێكی پۆ پەیدابوو، پوشكین بەڕادەیەک غیرەی لەم پیاوە دەكرد، خەریک بوو شێت دەبوو، هێندەی دیكە ژیانی لەبەرچاوكەوت ولە دنیا یاخی بوو. ئەم پیاوەی كە دوای ناتالی ژنی پوشكین كەوتبوو و دەیانگوت ئاشقی ئەو بووەو تەنانەت پەیوەندیشی لەگەڵدا پەیدا كردووە (دانتی — d Athes) ناوبوو، جا پوشكین جارێک لەسەر ئەم ڕەفتارەی داوای دوئیلی لێدەكات، بەڵام یەكسەر دەبیستێ كە دانتی دەیەوێت دەگەڵ ژن خوشكەكەی ئەودا، واتە "كاترین گونچاروڤا"دا

زەماوەند بکات، ئیدی ئەم هەواڵە دەبێتە مایەی ئەوەی کە پوشکین لە پێشنیازی دوئێلەکەی خۆی ژێوان ببێتەوە. چونکە لەدڵی خۆیدا وای بۆ دەچوو کە لەوەیە هەموو ئەو واتە وات و دەنگۆیانەی دەربارەی دانتی و ناتالی بڵاودەبوونەوە، تەنیا دەنگۆی بۆش و بەتاڵ بووبن و زەماوەندی ئەو دەگەڵ خوشکەکەی ناتالی دا ئەوە نیشاندەدات کە پیاوێکی زۆر ئابڕومەندە ،بەڵام خەڵکانێک هەبوون کە قەناعەتیان وابوو، زەماوەندی دانتی دەگەڵ کاتریندا، لە پێناوی پەردەپۆشی ئەو ئەشقە ئاگرینەدا بوو کە سەبارەت بە ناتالی ژنی پوشکین هەی بوو و ڕووداوەکانی پاشتر دروستی ئەم بۆچوونەیان سەلماند.

دانتی دوای خواستنی کاترین، لە ئاشقێنی دەگەڵ ژن خوشکەکەی خۆیدا بێ پەرواتر بوو، عەشقبازیەکەیان گەییە ڕادەیەک لە هەموو شوێنێکدا بە ئاشکرا باس دەکرا. لەم سەروبەندەدا نامەیەک لە کەسێکی نەناسەوە گەییە پوشکین کە نووسەری نامەکە بە پوشکینی ڕاگەیاند بوو کە ژنەکەی لەگەڵ دانتی دا ژووانی هەیە. کە ئەم نامەیەی خوێندەوە، بەجۆرێ دەهری بوو کە نامەیەکی توند و تەوهین ئامێزی بۆ بارۆن دانتی نووسی و ئەنجامی ئەم نامەیە بەوە کەوتەوە کە ئەمجارەیان دانتی داوای دوئێلی لە پوشکین کرد و ئەم دوئێلە لە ١٨٣٧/٢/٨دا ئەنجام درا.

لەم دوئێلەدا ڕەقیبەکەی پوشکین بەسووکی زامدار بوو، بەڵام پوشکین بە خەستی بریندار بوو و دوای دوو ڕۆژ بە ئازاری ئەم زامە کوشندەیەوە سەری نایەوەو لە مەینەتیەکانی دنیا حەسایەوە. مەرگ، ئەم شاعیرە ئازادو سەرفرازەی لە گوشارو نامەردیەکانی بنکندورف، لە لوتف و کۆمەکە تەوهێن ئامێز و پڕمنەتەکانی تزار، لە هەرزەیی و خیانەتکاریەکانی ناتالی ژنی، لە نامورادی و سەنگەلایی ئەو هەستانەی کە بەردەوام ئەویان بەرەو ڕەنج و مەینەت بکێش دەکردو لەو خاڵە لاوازانەی کە هەی بوو، لە هەموو ئەوانەی ڕزگار کرد. پوشکین ژیانی خۆش دەویست بەڵام بەڕووگەشیش پێشوازی لە مەرگ کرد، بێئەوەی کەس بزانێت کە ئایا بەڕاستی باوەڕی بەدنیای دوای مەرگ هەبوو یان نا! بەڵام بەهەرحاڵ پوشکین ئەو نەمری و هەرمانەی، کە هەموو شاعیران و نووسەران خەوی پێوە دەبینن، بەدەست هێنا.. یانی ژیانی ئەبەدی لەسەر زاری خەڵکی زندوو.

ن:هوشنگ مستوفی

تهران — فروردین ماه/١٣٣٨

و: حەمە کەریم عارف

# دۆبرۆفسکی

"١"

چەند ساڵێک لەمەپێش "کیریلا پتروفیچ ترویکوروف"ی نەجیمزادەی ڕووسی کە لە ماڵباتێکی کۆنی خانەدان بوو، لە یەکێک لە مۆڵکەکانی خۆیدا دەژیا. بەهۆی دەوڵەمەندی و خانەدانی بنەماڵەکەی و پەیوەندی فراوانی خۆیەوە لە هەموو دەڤەری موڵکەکانیا، سەنگ و ئیحتوبارێکی زۆری پەیدا کردبوو. دەوروبەرو دەرو دراوسێکانی مەراییان دەکرد و تەواو خوویان شڕ کردبوو وهەر خواست و خولیایەکی بکەوتبایە سەر بۆیان جێبەجێ دەکرد. فەرمانبەرانی ئەو دیارو دەڤەرە کە گوێیان لەناوی دەبوو لەرزیان لێدەهات و کیریلا پتروفیچ، وا لەخۆی بایی بوو بوو کە هەموو ئەم مەرایی و ڕوپامایی و دەڵەچەییەی ئەوانی بە ئەرکی سەرشانیان دەزانی و خۆی لەوەش بە شایستەتر دەزانی. ماڵەکەی هەمیشە پڕ بوو لەو میوانانەی کە ئامادەبوون مەرایی لەبەر بکەن، کاتی لەگەڵ بەسەربەرن و ملکەچی گەورەیی ئەو بن و بەشداری کۆڕو مەجلیسە ئەرستوکراتییە بێ تامەکانی بکەن و دەخزمەتیدا بن. چ قورەت بوو کەسێک بەدەنگیەوە نەچێت و دەعوەتێکی ڕەفز بکات. یان لە ڕۆژی دیاریکراودا لە گوندی "پاکروفسکوی"دا ئامادە نەبێت و گوێڕایەڵی و ملکەچی و کۆیلایەتی خۆی بۆ نەنوێنێ، ئاغا بەخۆی لەم گوندەدا ئاکنجی بوو و دەژیا. کیریلاپتروفیچ لە ماڵیشەوە ڕەفتاری کابرایەکی بێ سیوات و نەخوێنەوار و نەزانی هەبوو. ملکەچی و گوێڕایەڵی و کۆیلە ڕەفتاوی و ڕیاکاری دەست و پێوەند و دەورو بەرەکەی خوویان شەڕ کردبوو، بۆیە ڕێگەی بەخۆی دەدا جڵەو بۆ تەبعی هەوەسڕان و ئەقڵی بچووکی خۆی شل بکات و هەر قۆریات و تورەهاتێکی بەزاردا بێت، بێ هیچ پرینگانەوەیەک بیڵێت. ئەم پیاوە هەرچەندە بەدەنێکی تۆکمەو گەورەی هەبوو، بەڵام هەموو هەفتەیەک دوو جاران تووشی بەد هەرسی وزگ یەشە دەبوو و هەموو شەوێک دەیخواردەوەو مەست و سەرخۆش دەبوو.

تەنیا چەند کیژە جووتیارێکی کەم، لەوانەی کە لەماڵەکەی ئەودا دەژیان، توانیبوویان لە دەستدرێژی و نیاز گڵاویە سێکسییەکانی ئەم پیرەمێردە پەنجا ساڵانە مێبازە بەسەلامەتی دەرباز ببن. لە یەکێک لە بەشەکانی ماڵەکەیدا شازدە کیژی گوندی دەژیان، ئەمانە کاری چنین و خەیاتیان دەکرد، بەدەستوری کیریلاپتروفیچ، پەنجەرەکانی ئەم بەشەی خانووەکەی بە ڕووکەشی دارین داخرابوون دەرگاکانیش هەمیشە بە کێلۆن داخرابوون و کلیلەکانیش بەخودی کیریلاپتروفیچ بوون. ئەم کچە گەنج و گۆشەگیرانە هەموو ڕۆژێک لە کاتێکی دیاری کراودا بە چاودێری و سەرپەرشتی دوو پیرەژن بۆ پیاسەو هەواگۆڕکێ دەچوونە حەوشی باخەکە. کیریلاپتروفیچ، هەر ماوە نا ماوەیەک دەگەڵ چەند کیژێک لەم کیژانەدا دەخەوت، دەیکردن بە ژن و کەلێیان تێر دەبوو دەری دەکردن و یەکسەر چەند کیژێکی دیکە دەهێنرانە شوێنیان. ئەم پیاوە دەگەڵ

مسکێن و ڕەعیەت و نۆکەرەکانی خۆیدا زۆر زاڵم و ستەمکار بوو. کەچی ئەوان بە پێچەوانەوە ئەو پەڕی فیداکاری و ملکەچیان بەرانبەر بەو دەنواند. ئەم ڕەعیەت و مسکێنانە هەمیشە بە دەوڵەمەندی و دەسترۆیی و دەسەلاٚتی ئاغاکەی خۆیانەوە دەفشین و بەپشتیوانی ئەو دەست درێژیان دەکردە سەر دراوسێکانیان و مسکێنانی موڵکەکانی دەرو دراوسێیان وهەر ناماقووڵیەکان بویستایە دەیانکرد.

کاری هەرە سەرەکی ترویکوروف بریتی بوو لە پیاسەو گەڕان بە موڵکە زۆر و زەبەنەکانی خۆیدا، لە سازدانی ئاهەنگ و کۆڕی گەورەو دوورو درێژی میوانداری، لە تەوس وتوانج و شۆخی و تەشەری بازاڕی و بێ تام بە دۆستان و ئاشنایانی تازەی خۆی، یانی ئەهلی ڕابواردن بوو، تەنانەت دۆستە کۆنەکانیشی جگە لە "ئاندرێ گاڤریلوفیچ دوبروفسکی" لەم تانەو تەشەرانە نەدەخەلەسین.

ئەم دوبروفسکیە ملازمێکی خانەنشینی گاردی ئیمپراتۆری بوو و نزیکترین هاوسێی ئەو بوو هەفتاو دوو دانە مسکێنی کۆیلەی هەبوو. ترویکوروف، کە دەگەڵ پایەبەرزترین کەسدا بەزبری و گۆساخی ڕەفتار و مامەڵەی دەکرد و خۆی بە کەس نەدەگۆڕییەوە، زۆر بەڕێزەوە دەگەڵ دوبروفسکی دا، هەرچەند موڵک و ماڵی کەم بوو، مامەڵەو ڕەفتاری دەکرد. ئەم دوو کەسە ڕۆژگارێک پێکەوە خزمەتی سەربازیان کردبوو و ترویکوروف بە ئەزموون بۆی دەرکەوتبوو کە دوبروفسکی هاوڕێی چەند کەم حەوسەڵەو بێتاقەت و بێ سەبرو چیکڵدانە تەنگە. دوای ئەوە ڕۆژگار بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لێکی دابڕین. دوبروفسکی لە بێ شانسی و نەداری و خراپی باری ژیاندا ناچار بوو واز لە خزمەتی سوپایی بێنێ و بێت لەو تەنیا گوندەدا، کە لەدارای دنیادا تەنیا ئەمەی بۆ مابووەوە، ئاکنجی ببێت و بژی. کیریلاپتروفیچ وەختایەک بەهاتنی دوبروفسکی بۆ ئەم دەڤەرەی زانی، ویستی بیخاتە ژێر باڵی خۆی وبیپارێزێت و پێشنیازی بۆ کرد کە سوود لەم دەسەلاٚت و دەسترۆییەی ئەم وەربگرێت. بەلاٚم دوبروفسکی سوپاسی کردو بەهەمان نەداری و سەربەخۆیی خۆی مایەوە.

دوای چەند ساڵێک ترویکوروف بە پلەی جەنەڕاڵی خانەنشین بوو و هات بۆ موڵکەکانی خۆی. ئەم دوو کۆنە هاوڕێیە جارێکی دی تووشی یەکدی بوونەوەو پێک شادو شکوور بوونەوە. ئیدی لەوەودوا هەموو ڕۆژێ یەکتریان دەبینی، کیریلاپتروفیچ کە بەعەمراتی پێی نەنابووە ماڵی کەس و ئەمەی بۆ خۆی بەکێماسی دەزانی، زۆرجار بێ ڕیاو بێ هیچ دوو دڵی و تەشریفاتێک دەچوو بۆ ماڵە پەرپووتەکەی هاوڕێکەی. جا ئەمانە چونکە هاوتەمەن بوون و سەر بەیەک چینی کۆمەلاٚیەتی بوون و تەربێت و پەروەردەیان لەیەکدییەوە نزیک بوو، لە هەندێک تەبیعەت و حەز و کەڵکەڵەدا لێکدی دەچوون، بگرە چارەنووسیشیان لە هەندێ ڕووەوە لێکدی دەچوو. هەردووکیان بە ئاشقێنی ژنیان هێنابوو و هەردووکیان زوو ژنەکانیان مردبوو و بێوە پیاو کەوتبوون و یەکی یەک منداڵیان هەبوو. کوڕەکەی دوبروفسکی لە پتروسبورگ گەورە بوو بوو و

لەوێندەر خەریکی خوێندن بوو. کیژەکەی "کیریلاپترۆفیچ"ش لەلای بابی و لە ماڵی بابیا دەژیا و ترۆیکوروف زۆرجار بە دوبرۆفسکی دەگوت:

-گوێ بگرە ئاندرێ گاڤریلۆفیچی برام ئەگەر ڤولودکا (سووکەڵە ناوی ڤلادیمیرە)ی کوڕت، کوڕێکی باش دەربچێت من ماشا "سووکەڵە ناوی مارییایە"ی کیژمی دەدەمێ، گرینگ نییە با دەوڵەمەندیش نەبێ، فەقیری شەرم نییە.

ئاندرێ گاڤریلۆفیچ هەموو جارێک وەڵامی دەدایەوەو دەیگوت:

-نا کیریلاپترۆفیچ! ڤولودکای کوڕی من شایستەی ماریا کیریلۆڤنای کیژی تۆ نییە. نەجیبزادە و خانەدانێکی بێ پارەو پوولی وەکو ئەو باشتر وایە نەجیمزادەیەکی نەداری وەکو خۆی بخوازێت و ئاغا و خاوەنی خۆی بێ نەک پێشکاری ئەو بێت.

ئیدی هەموو کەسێک بەغیلیان بەم تەنیایی و دۆستایەتیەی نێوان ترۆیکوروفی دەوڵەمەندو دەستڕۆ و هاوسێ نەدار و هەژارەکەی دەبرد، پێیان سەیر بوو کە دوبرۆفسکی کاتێ لەسەر خوانی کیریلا پترۆفیچ دادەنیشت، بەکەماڵی ئیسراحەت گوزارشتی لەڕاوبۆچوونی خۆی دەکردو کەم و زۆر گوێی بەوە نەدەدا کە ئەم بۆچوونەی دەگەڵ بۆچوونی کیریلا پترۆفیچ دا تێک بکاتەوە یان نا. هەندێجار، هەندێک لە ئامادەبووان هەوڵیان دەدا چاو لەو بکەن و لەو سنوورە دەربچن کە بۆیان دانرابوو، بەڵام جارێک کیریلاپترۆفیچی خۆپەرست و ستەمکار دەرسێکی وای دادان و هەڕەشەیەکی ئەوتۆی لێکردن کەس زاتی دووبارە کردنەوەی ئەو کارەی بە بیردا نەیات و ناماقووڵی وانەکات. ئیدی تەنیا دوبرۆفسکی لەم یاسا گشتیە بەدەربوو، بەڵام پێشهاتێکی بچکۆلە هەموو ئەم ڕەوشەی شێواند.

ڕۆژێک، لە هەوەڵی پاییزدا، کیریلاپترۆفیچ خۆی بۆ چوونە ڕاو وشکار ئامادە کرد. شەوی پێشوو ئەمری بەڕاوچی و تانجییەوانەکان دابوو، کە سەعات پێنجی بەیانی ئامادەی حەرەکەت بن. چادرو مووبەقیش پێشوەختە بۆ ئەو شوێنە ڤرێ کرابوو کە قەرار بوو لەوێندەر فراڤین بخۆن. لەوێ پتر لە پێنج سەد تولە و تانجی ڕاوی لە کولانەی گەرم و گوڕ و تازە، ئاسوودە و خۆشگوزەران دەژیان و بەزمانی بێ زمانی ستایش و سوپاسگۆی دڵاوایی و جوامێری کیریلاپترۆفیچ بوون.

لەوێ نەخۆشخانەیەکی تایبەتیان بۆ تاژیە نەخۆشەکان کردبووەوە کە بەسەرپەرشتی و چاودێری جەڕاحێک بەنێوی (تیموشکا) بەڕێوە دەبرا. هەر لەو نەخۆشخانەیەدا شوێنێکی تایبەتیان بۆ زایینی تاژیەکان کردبووەوە، تا تاژیە ڕەسەنەکان لەوێدا بزێن و تولەکانیان شیر بدەن. کیریلا پترۆفیچ زۆر بەم دام و دەزگا ڕێک و پێک و جوانەی خۆیەوە دەفشی، و هیچ بۆنەیەکی بە فیڕۆ نەدەدا کە باسی ئەم شوێنە بکات و لەبەرچاوی هەر میوانێکدا شانازی پێوە بکات، هەر یەکێک لە میوانەکانی پتر لە بیست کەڕەت ئەم

سەگخانەیەیان دیتبوو و باسیان بیستبوو. کیریلا، لەکاتێکا میوانەکانی دەوریان دابوو، هاوڕێ دەگەڵ تیموشکای دکتۆرو سەرپەرشتیاری گشتی سەگەکانیدا بەم سەگخانەیەدا پیاسەی دەکرد؛ لەبەر هەندێک لانەدا هەڵوەستەیەکی دەکرد و لەحاڵی سەگە نەخۆشەکانی دەپرسی و ئیرادی توندی دەگرت تا سەگەوانەکان زیاتر و باشتر بە ئەرکی خۆ هەستن، یان یەک دوو سەگی بەناو گاز دەکردە نک خۆو نەوازشی دەکردن و قسەی دەگەڵ دەکردن. هەڵبەتە هەموو میوانەکان بە ئەرکی خۆیان دەزانی کە لە دووی کیریلاپتروفیچەوە بڕۆن و هەمیشە ستایشی سەگ و تاژیەکانی بکەن. لەنێو ئەم هەموو میوانەدا تەنیا دۆبرۆفسکی بێدەنگ و پەست و گرژ و مۆن بوو. دوبروفسکی بەخۆی ڕاوچیەکی باش و ئاشقەڕاو بوو، بەڵام لەبەر نەداری و دەستکورتی، قەت نەیدەتوانی لە دوو سەگی ڕاوی و چەند تاژیەک پتر ڕابگرێت، بۆیە تا ڕادەیەک بەغیلی بەم دام و دەزگا سەگ پەروەریە جوانە دەبرد و نەیدەتوانی ئەم هەستی حەسوودیەی خۆی لە میوانەکان وەشێرێت.

ئەنجام کیریلا پتروفیچ لێی پرسی:

-براله بۆچی گرژو پەستی؟ ناشێ سەگ و سەگخانەکەی منت بەدڵ نەبێ؟

دوبروفسکی، بەتوندی بەرسڤی دایە:

-نەخێر بەپێچەوانەوە، ئەم سەگخانەیەی تۆ یەکجار باشە، تەسەور ناکەم ژیانی مسکێنەکانی تۆ، وەکو ژیانی ئەم سەگانە خۆش بێ.

یەکێک لە سەگەوانەکان، لەم قسەیە ڕەنجاو بەتەوسەوە گوتی:

-سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ لوتف و میهرەبانی ئاغامان، ئێمە هیچ گلەییەکمان لە ژیانی خۆمان نییە، بەڵام کە قسە هات نەیکەیت زەینت کوێر دەبێت، پێموایە هەندێک نەجیمزادە هەن کە ئەگەر موڵک و مەزراکانی خۆ بە یەکێک لەم کولانە سەگانە بگۆڕنەوە زۆر قازانجیانە، چونکە لەم حاڵەتەدا هەم خواردنی باشتر دەخۆن و هەم لە شوێنێکی گەرم و گوڕتردا دەژین.

کیریلاپتروفیچ کە گوێی لەم تەشەرە پڕ جورئەتەی نۆکەرەکەی خۆی بوو، لە قاقای پێکەنینی دا، میوانەکانی دیکەش، هەرچەندە هەستیان کرد ئەم تەشەرو تەوسە ئەوانیش دەگرێتەوە، هەر بۆ ڕیاو ڕووبینی گوێ بە گوێی ئاغا دەستیان بە پێکەنین کرد. دۆبرۆفسکی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، لێ تاقە وشەیەکی لە زار نەهاتە دەرێ. لەم کاتەدا چەند توڵەیەکی نۆ زاویان لە زەمیلەکەدا هێنا بۆ کیریلاپتروفیچ، چەند ساتێک بە توڵەکانەوە مژوول بوو. دوودانەی بۆ خۆی لێ هەڵبژاردن و دەستووری دا ئەوانی دی بخەنە ئاوەوە و بیان خنکێنن. لەم ماوەیەدا گاڤریلوفیچ بێ ئەوەی هیچکەسێک پێبەحسێت، دیارنەما.

کیریلاپترۆفیچ، دەگەڵ میوانەکانیا لە تەمەشاکردنی سەگخانەکە گەڕایەوەو دانیشتە سەر شیوخواردن، هەنگێ هەستی بەغیابی دوبرۆفسکی کرد و نۆکەرەکان هەواڵیان دایە کە گاڤریلوفیچ بۆ ماڵێ خۆی چووەتەوە. ترویکوروف یەکسەر ئەمری کرد برۆن و یەکسەر بیهێننەوە. ئەو هەرگیز بەبێ دوبرۆفسکی کە شارەزایەکی گەورەبوو لە ناسینی تواناو بەهرەی سەگ و تاژیان و حەل و فەسڵی هەموو ناکۆکی و هەڤدژیەکی نێوان ڕاوچیەکاندا، نەدەچووە ڕاو.

ئەو نۆکەرەی کە بەدووی دوبرۆفسکی دا ڕۆیی بوو، هێشتا شیو تەواو نەبووبوو، بەهەڵەداوان گەڕایەوەو بە ئاغای ڕاگەیاند کە ئاندرێ گاڤریلوفیچ گوێی بە قسەکانی وی نەداوەو ئامادە نەبووە بگەڕێتەوە. کیریلاپترۆفیچ، کە لەم کاتەدا سەری گەرمی شەراب بوو، زۆر تووڕە بوو و دووبارە هەمان نۆکەری ناردەوە تا بە ئاندرێ گاڤریلوفیچ بڵێت کە ئەگەر هەر ئێستا و بەپەلە بۆ کۆشکی "پاکروفسکوی" نەیات و شەو لەوێندەر نەمێنێتەوە، ئەوا ترویکوروف بۆ هەمیشە لێی زویر دەبێت و قسەی دەگەڵ ناکات. یارۆی نۆکەر هەمدیس بەهەڵەداوان بەرەو ماڵی ئاندرێ گاڤرویلوفیچ ڕۆیی. کیریلاپترۆڤیچش لەسەر خوانی شیو هەستاو میوانەکانی مەرەخەوس کردو چوو بۆ نووستن.

بۆ ڕۆژی دوایی، یەکەم پرسیاری ئەمە بوو: ئەرێ ئاندرێ گاڤریلوفیچ لێرەیە؟
لەجیاتی وەڵام، نامەیەکیان دایە دەست کە بەشێوەیەکی سێ گۆشە قەدو نوشت کرابوو. کیریلاپترۆفیچ، دایە دەست کاتبەکەی خۆی و ئەمری کرد کە بەدەنگی بەرز بۆی بخوێنێتەوە و بەم شێوەیە دەستی بە خوێندنەوە کرد:

"جەنابی بەرێزو حورمەت!

تا پاراموشکای سەگەوان نەنێری بۆ خزمەتم و داوای بوردنم لێنەکات، جارێکی دی پێ نانەمە کۆشکی پاکروفسکوی، ئیدی خۆم سەر پشک دەبم لەوەی کە سزای بدەم یا بیبەخشم. من ئامادە نیم گاڵتەو سوعبەت لە نۆکەرانی تۆ قەبووڵ بکەم، تەنانەت شۆخی و سوعبەت لە تۆش قەبووڵ ناکەم. چونکە من گەپجاڕ و گاڵتەچی هیچ کەسێک نیم، بەڵکو کەسێکی خانەدان و لە بنەماڵەیەکی وەچاخزادەی کۆنم. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سڵاوی دڵسۆزتان

ئاندرێ دوبرۆفسکی دا"

هەڵبەتە بەگوێرەی داب و نەریتی ڕۆژ، ئەم نامەیە زۆر کرێت و ناشایستە بوو، بەڵام ئەوەی کە کیریلاپترۆفیچی زۆر دەهری و پەست کرد، شێواز و ئینشای غەریبی نامەکە نەبوو، بەڵکو ناوەڕۆکی نامەکە بوو.

ترویکوروف، بە پێی پەتی لە تەختەخەوەکەی هاتە خوارێ و وەکو هەورە گۆڵە، گوڕاندی:

-چی! یانی نۆکەرەکەی خۆم بنێرم پۆزشی بۆ بێنێتەوە! ئەوجا ئەو سەرپشک بێ کە سزای بدات یان لێی خۆش بێت! نۆبەتی ئەو قەوانەیە! ئەم کابرایە خۆی بەچی دەزانێ؟ وادیارە نازانێ سەروکاری دەگەڵ کێدایە! باوابێ، پێی نیشان دەدەم. دەیخەمە گریان، تا بزانێ دژایەتی کردنی ترویکوروڤ دەکاتە چی!

کیریلا پتروفیچ، جلەکانی گۆڕی، بەهەمان شکۆ و جەبەڕووتی ئاساییەوە بەرەو ڕاو ڕۆیی بەڵام هیچ نێچیرێکی بەگیر نەهێنا. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە تەنیا یەک کەروێشکیان بەدی کردو ئەویشیان گوم کرد. هەروەها خواردنەکەی نیوەڕۆشی لە هەوای ئازادو لەژێر خێوەتدا بەدڵ نەبوو، یان بەلای کەمەوە بەگوێرەی تەبیعەت و مجێزی کیریلاپتروفیچ نەبوو. ئەوە بوو دوای فراڤین ئاشپەزەکەی دارکاری کرد و لە میوانەکان تووڕە بوو و لە گەڕانەوەدا بەئانقەست، لەگەڵ هەموو هاوڕێکانیا بەنێو مەزراکانی دوبرۆفسکی دا تێپەڕی.

"٢"

چەند ڕۆژێک بوورین و هەڤدژی نێوان جووتە دراوسێ هەر سووک نەبوو. ئاندرێ گاڤریلوفیچ، چیتر پێی نەنایە کۆشکی پاکروفسکوی، کیریلا پتروفیچ بێ ئەوی پێوە دیار بوو و خەفەتی دەخوارد، ئیدی داخی دڵی خۆی بە سووکترین جنێو بە دۆبرۆفسکی هەڵدەڕشت و هەموو ئەم جنێوە ساردو سووکانەی بەزیادەوە لەڕێگەی میوانەکانییەوە دەگەیینەوە بە دوبرۆفسکی.

ڕۆژێک بویەرێکی تازە هاتە پێشێ و هیچ جۆرە ئومێدێکی ئاشت بوونەوەی نەهێشتەوە. دوبرۆفسکی لەنێو موڵک و باخە چکۆلەکەی خۆیدا بەگالیسکەکەی پیاسەی دەکرد، کاتێ کە لە جەنگەڵێکی بچووک نزیک بووەوە گوێی لە دەنگی تەور بوو، دوای تۆزێک دەنگی شکان و کەوتنی درەختێکی بەرگوێ کەوت. بە هەشتاو خۆی بە جەنگەڵەکەدا کرد، چەند نەفەرێک لە مسکێنەکانی کیریلاپتروفیچی بینی کە بەکەماڵی ئیسراحەت سەرقاڵی دزینی درەختەکانی ئەو بوون. هەرکە چاویان بە دوبرۆفسکی کەوت پێیان وەغارێوەنا، بەڵام دوبرۆفسکی بە کۆمەکی عەرەبانچییەکەی خۆی دوو نەفەری لێ دەستگیر کردن و بە قۆڵ بەستراوی بۆ ماڵەوەی هێنانەوە. جگە لەوەش سێ ئەسپی دژمنیش کەوتنە دەست دۆبرۆفسکی و وەکو دەستکەوت، دەستی بەسەریاندا گرت. دوبرۆفسکی یەجگار تووڕە بوو. پێشتر ئەم مسکێنانەی ترویکوروف کە لەدزی دا بەنێوبانگ بوون، زاتیان نەدەکرد، خۆ بە ئاقاری موڵکەکەی ئەودا بکەن و شتی قۆڕ بکەن، چونکە دەیانزانی چ دۆستایەتیەکی پتەو لەنێوان ئەو و ئاغایاندا هەیە. بەڵام دوبرۆفسکی هەنووکە بەباشی دەیزانی کە ئەمانە دەیانەوێ سوود لەم ناکۆکی و ناتەباییەی نێوان ئەو و هاوسێکەی ببینن، بۆیە بەپێچەوانەی هەموو داب و یاسایەکی جەنگ بڕیاری دا بە هەمان ئەو شولکە تەڕانەی لە جەنگەڵەکەی ئەویان دزی بوو دیلەکان تەمبێ بکات و ئەسپەکان بکاتە نێو وڵاخەکانی خۆیەوەو پاشان بیانخاتە ژێر کار.

هەمان ڕۆژ هەواڵی ئەم هێرشە گەیی بە کیریلا پتروفیچ و زۆر تووڕە بوو. لە هەوەڵین کاردانەوەی تووڕەییدا بڕیاری دا دەگەڵ هەموو مسکێن و کەسوکارەکانیدا، پەلاماری گوندەکەی دوبروفسکی بدات و وەکو دەڵێن خاکی بە توورەکە ببێژێت و هەرچی دارو نەداری هەیە تالان بکات "گوندەکەی دوبروفسکی ناوی کیستنیوڤکا بوو". هەڵبەتە ئەم جۆرە کارە لە کەسێکی وەکو ئەو دوور نەبوو و پێشینەشی هەبوو، بەڵام زوو بیری گۆڕی و بیری بەلایەکی دیکەدا چوو. لەکاتێکا بەهەنگاوی قورس بەهۆڵەکەدا دەهات و دەچوو، لە پەنجەرەکەوە نیگای ئاوارەی دەرەوە بوو، لەبەردەم کۆشکەکەی خۆیدا گالیسکەیەکی سێ ئەسپەی بینی کە وەستاو پیاوێکی چکۆلەی بەکڵاوێکی سەفەری و چاکەتێکی چەرمین و پاڵتۆیەکی کوڵکنەوە لێ دابەزی و بەرەو ژووری پێسکارەکەی ڕۆیی.ترویکوروف، یەکسەر "شاباشکین"ی یاریدەدەری قازی ناوچەکەی ناسییەوەو ئەمری کرد کە بینێرێت بۆ لای ئەم. دوای چاوتروکانێک شاباشکین گەییە بەردەم ترویکوروف، یەک لەسەر یەک ئیکلامی بۆ دەکرد و کڕنۆشی بۆ دەبرد، بەوپەڕی ڕێزو ملکەچیەوە چاوەڕوانی فرمانی ئەو بوو.

ترویکوروف، سڵاوی لێکردو گوتی:

-ڕۆژباش، ها خێرە فلانی؟ تۆ چ دەکەی لێرە؟

شاباشکین، بەرسڤی دایەوە:

-ئەزبەنی! دەچووم بۆ شار، ویستم سەرێکی "ئیڤان دمیانوف"ی پێشکارت بدەم و بزانم جەنابی با سەعادەتتان هیچ ئەمرێکتان هەیە یان نا؟

-وەرە، بەڕاستی لەکاتی خۆیدا پەیدات بوو، پێویستم پێتە، جارێ وەرە پێکێک ڤۆدگا هەڵدەو گوێ بگرە.

ئەم بەرخوردە دۆستانەیەی کیریلا پتروفیچ، یاریدەدەری قازی ناوچەکەی، مەحجوب و سەرسام کرد، داوای بوردنی کردو ڤۆدگاکەی نەویست و بەوپەڕی ڕیایی گوێی بۆ قسەکانی ئاغا گرت.

ترویکوروف گوتی:

-من لێرە دراوسێیەکی خوردە دەرەبەگم هەیە، کابرایەکی زۆر لەخۆبایی و بەکەش و فشە، دەمەوێ بدەم بەسەریاو موڵکەکەی لێ داگیر بکەم و دەستی بەسەرا بگرم، تۆ لەمبارەیەوە چ دەڵێی؟

-قوربان، پایەبەرز، هیچ بەڵگە نامەو قەواڵەیە شتێکتان هەیە یان...

-قسەی هیچ مەکە برادەر.. مەبەستت لە قەواڵە و بەڵگەنامە چیە؟ کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە. مەبەستم ئەوەیە بە نەهەق، بەبێ قانوونی دەست بەسەر موڵک و مەزراکانیا بگرین و لە دەستی دەربێنین، ئا، سەبر سەبر، سەردەمانێ ئەم موڵکە هی ئێمە بووە. لە "سپیتزن" ناوێکمان کڕی بوو و پاشان بەبابی دوبروفسکیمان فرۆشت. ئایا دەتوانرێ ئەمە بکرێت بەسەرە داوێک بۆ ئەم ئیشە؟

-زەحمەتە قوربان، لە گینە ئەو مامەڵەو سەودایە بە شێوەیەکی قانوونی کرا بێت.

-باش بیری لێبکەوە، بەڵکو ڕێگایەک بدۆزیتەوە.

-قوربان، ئەگەر جەنابی باسەعادەتتان، توانیبای تاپۆ و قەواڵەی موڵکایەتی ئەم موڵکە لەم خاوەن گوندە وەربگرێت، هەنگێ هەڵبەتە..

-لە مەبەستت تێدەگەم، بەڵام کێشەکە لەمەدایە ئەوەندەی من ئاگادارم کە ئاگر لە ماڵەکەی بەربوو هەرچی قەواڵەو گرێبەست و ئەو شتانەی هەبوو سووتان.

-چۆن قوربان! قەواڵەکانی سووتان؟ ئۆیف، مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێ؟ لەم حاڵەتەدا دەشێت بەگوێرەی یاسا دەست بەسەر موڵکەکەیدا بگیرێت. بێ هیچ گومانێک بەو ئاواتەی خۆت دەگەیت.

-ئاوها..؟ دەی زۆر چاکە. بزانم چیت پێدەکرێ، برۆ دەست بەکاربە، هەموو ئومێدێکم بەتۆیە. لەپاداشتی خۆتیش دڵنیابە، هیچ خەمت نەبێ.

شاباشکین کڕنوشێکی وەهای بۆ برد کە خەریک بوو سەری بگاتە عاردی و لەوێندەر وەدەرکەوت. ئیدی لەو ڕۆژەوە دەست بەکار بوو، بەزیرەکی و هەوڵ و تەقەلای لەڕادەبەدەری خۆی کردیە کارێک کە دوای دوو هەفتە جەلبێک بەدوبروفسکی گەیی کە بەپەلەو بێ دواکەوتن لە دادگا ئامادە بێت و بەڵگەو قەواڵەی موڵکیەتی، گوندی "کیستنیوڤکا" لەگەڵ خۆیدا ببات.

ئاندرێ گاڤریلوفیچ دوبروفسکی، سەری لەو جەلب و داوا کوت و پڕە سوڕما. هەر ئەو ڕۆژە بەرسڤێکی توندی ئەو جەلبنامەیەی دایەوەو ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە ئەم گوندەی لە بابی ڕەحمەتیەوە بۆ ماوەتەوەو وەکو بەشە میرات بەم بڕاوەو هەر داواکردنێکی ئەم موڵکە لەلایەن کەسانی دیکەوە، بەتاڵ و بێ بنج و بناوانە.

شاباشکین، پڕ بەدڵ بەم وەڵامنامەیە خۆشحاڵ بوو و یەکسەر زانی ئەم دوبرۆفسکییە، یەکەم زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی یاساو ڕێسای ئەم مەسەلانە نییەو دووەم، مەحکووم کردنی پیاوێکی ئاوا توندەمجێز و توندە تەبیعەت کارێکی قورس نییە.

ئاندرێ گاڤریلوفیچ، پاش ئەوەی جەلبنامەکەی بە وردی و ئارامییەکی زیاترەوە خوێندەوە، هەستی کرد پێویستە وەڵامنامەیەکی تێرو تەسەلتر بنووسێت، ئەوەبوو وەڵامنامەیەکی دوورو درێژی نووسی کە پاشان دەرکەوت قەناعەتبەخش نەبووە. دوبرۆفسکی هیچ ئەزموونێکی لەمەڕ سکاڵاو دادگاو دادگایی نەبوو، باوەڕی بە عەدالەتی کێشەکەی خۆی هەبوو و بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەش، پەیڕەوی هەست و ئیدارکی خۆی دەکرد، دوای بۆچوونەکانی خۆی دەکەوت، کە بەزۆری دروست دەرنەدەچوون. ئەم دەعوایە درێژەی کێشا، لێ ئاندرێ گاڤریلوفیچ کە بەهەقانیەت و عەدالەتی کەیسەکەی خۆی پشت ئەستوور بوو، زۆر کەم نیگەرانی

ئەم مەسەلەیە بوو، بۆیە زۆر بەخەمی خەرج کردنی پارەو پول و بەرتیل دانەوە نەبوو، بەتایبەتی کە ڕەوشی دارایی خراپ بوو. هەرچەندە ئەو هەمیشە یەکەم کەس بوو کە گاڵتەی بە ویژدان فرۆشی و بەکرێ گرتەیی میرزا بنووس و کاتبەکان دەکرد، بەڵام هەرگیز ئەوەی بە بیرو بەخەیاڵدا نەهاتبوو کە لەگینە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆیشی ببێت بە قوربانی دەغەڵبازی و فەندەڵ فێڵانی ئەم چینە. لەولاشەوە ترویکوروف کە زۆر بەئومێدی بردنەوەی ئەم مرافەعەیە نەبوو، هیچ خەمێکی نەبوو، چونکە شاباشکین، لەجیاتی ئەو زۆر بەجدی پەیگیری مەسەلەکەی دەکرد و چ بە هەڕەشەو چ بەتەماح قازیەکانی دەمکوت و دەمچەور دەکردو، بڕگەو بەندە یاساییەکانی بە قازانجی موەکیلەکەی خۆی پێ ڕاڤەو شرۆڤە دەکردن. بەهەرحاڵ ئەنجام لەڕۆژی نوێ شوباتی هەزارو هەشت سەدو... لەڕێگەی پۆلیسی ناوچەکەوە، دوبروفسکی ئاگادارکرایەوە کە دادگای ناوچەی "..." ئامادە بێت تا گوێی لە قەراری دادگای ناوبراو بێ دەربارەی ئەو موڵکەی کە لەنێوان ملازم دوبرۆفسکی و جەنەڕاڵ ترویکوروف دا کێشەی لەسەرەو ڕەئی خۆی چ بە قبووڵ و چ بەڕەفز لەسەر قەرارو ڕەئی دادگا دەربب‌ڕێت.

دوبرۆفسکی هەمان ڕۆژ بەرەو شار کەوتەڕێ، لەڕێگادا تووشی ترویکوروف بوو کە ئەویش بۆ شار دەڕۆیی، جووتە دراوسێ، بەکەش و فش و لەخۆبایی بوونەوە ڕوانیانە یەکدی. دۆبرۆفسکی زەردەخەنەیەکی شەڕانی بەدەم و لێوی خەنیمەکەیەوە بەدی کرد.

کاتێ ئاندرێ گاڤریلوفیچ گەییە شار، بوو بە میوانی ئاشنایەکی بازرگانی خۆی و شەوی لەوێندەر قەتاند و بەیانی زوو چوو بۆ دادگای ناوچە. کەس گوێی نەدایە. دوای ئەو کیریلاپتروفیچ گەییە ئەوێندەر، هەموو میرزا بنووس و کاتب و سکرتێرەکانی دادگا لەبەری هەرستان و قەڵەمەکانیان نایە پەنا گوێیان. هەنگێ هەموو ئامادەبووان و ئەندامانی دادگا، بەڕێز و حورمەت و ملکەچیەوە بەرەو پیری چوون و بەهۆی پایەو تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتیەوە، کورسیەکیان بۆ دانا. ئیدی لەبەر دەرگاکەدا دانیشت. بەڵام ئاندرێ گافریلوفیچ هەر بەپێوە وەستا بوو و پشتی بەدیوارەکەوە دابوو. بێدەنگیەکی قووڵ باڵی بەسەر هۆڵی دادگادا کێشاو ئەوجا سکرتێری دادگا بە دەنگی بەرز کەوتە خوێندنەوەی قەرارەکەی دادگا.

جا ئێمە لێرەدا تەواوی دەقی قەرارەکە وەکو خۆی نەقڵ دەکەین چونکە پێمان وایە هەمووان حەز دەکەن ئەوە بزانن کە لە ڕووسیادا بە چ فڕوفێڵێک دەتوانن، دەست بەسەر ماڵ و موڵکی تایبەتیماندا بگرن و داگیری بکەن.*

کە سکرتێرەکە لێ بووەوەو بێدەنگ بوو، هەنگێ سەرۆکی کۆبوونەوەکە هەستاو ئیکلامێکی بۆ ترویکورف کێشاو داوای لێکرد کە بڕواتە پێشێ و قەراری دادگا کە بەقازانجی ئەو بوو ئیمزا بکات. ترویکوروف،

قەڵەمەکەی لە دەستی سەرۆکی دادگا وەرگرت و بە کەماڵی ئارەزوو ناوی خۆی لەژێر قەرارنامەکەدا نووسی و ئیمزای کرد.

ئێستا نۆرەی دوبروفسکی بوو. سکرتێرەکە قەرارنامەکەی بۆ برد، لێ دوبرۆفسکی بەدەقی خۆیەوە مات و بێدەنگ سەری داخستبوو. سکرتێرەکە لێی دووبارە کردەوە کە پاینی قەرارنامەکە ئیمزا بکات و ڕەزامەندی خۆی دەربارەی قەرارنامەکە دەرببڕێت و خۆ ئەگەر بە قەرارەکەش ڕازی نییەو خۆی بە غەدرلێکراو دەزانێ ئەوا دەتوانێ ئیمزای نەکات و لە ماوەی یاسایی دیاریکراودا داوا دژی قەرارنامەکە لە دادگادا تۆمار بکات.

دوبرۆفسکی هەر بێدەنگ بوو.. لێ لەناکاوا سەری هەڵبڕی و چاوانی ئەبڵەق بوون، پێی بەعاردیدا کوتاو پاڵێکی هێندە توندی بە سکرتێرەکەوە نا کە تەختی زەوی بوو. ئەوسا شووشە مەرەکەبەکەی هەڵگرت و کێشای بەسەری سەرۆکی دادگادا. هەموو ئامادەبووان ترسان، دۆبرۆفسکی هاواری کرد:

-چۆن ڕێز لە ماڵ و پەرستگەی خوا ناگرن؟ دەی خێرا لێرە وەدەرکەون هەی خوێڕی و تۆڕپیانە، بەکرێگیراوانە!

ئەوجا ڕووی کردە کیریلاپتروفیچ و گوتی:

-پایە بەرز ئایا هەرگیز شتی وا بووەو بیستراوە؟ ئایا قەت بیستووتە کسۆکان بێننە پەرستگەی خواوەند؟ سەگان بەناو کڵێسادا، بەناو ماڵی خوادا تەراتێن بکەن، نەمرم بۆ ئێوە دەمێنم! چێشتێکی وات بۆ لێدەنەم بستێ ڕۆنی بەسەرەوەبێ جەنابی ئەشرەف!

پاسەوانانی دادگا هەرکە گوێیان لەو هەراو هەنگامەیە بوو خێرا خۆیان گەیاندە ئەوێ و بەزەحمەتێکی زۆر ئەوسا کۆنترۆڵیان کرد. ئەوسا لە خزاکیان ناو ڕەوانەیان کرد. ترویکوروف لەدوای ئەوەوە وەڕێکەوت، هەموو ئەندامانی دادگا بەگەڵی کەوتبوون. هەڵچوونی شێت ئاسای کوتوپڕی دۆبرۆفسکی، زۆری کارتێکردو لەزەتی شادی سەرکەوتنەکەی لێکرد بە قوزەڵقورت وهەلاهیل. بەڵام ئەو قازییانەی کە چاویان لە کەرەمی دەستی ئەو بوو، تەنانەت دەستخۆشی و ئافەرینێکیشیان لێ نەبیست، ترویکوروف یەکسەر بەرەو کۆشکی پاکروفسکوی ڕۆیشتەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا دۆبرۆفسکی لە حەژمەتاندا نەخۆش کەوت و لەجێدا کەوت و ئیدی دکتۆری ناوچەکە کە لە خۆشبەختی دۆبرۆفسکی دا، دکتۆرێکی خراپ نەبوو، زوو گەییە سەری و دەستوری دا کە دەمارەکەی بریندار بکەن و زەرووی پێوە بنەن. دەمەو ئێوارێ نەخۆشەکە وەخۆهاتەوەو حاڵی باش بووەوە. ڕۆژی دوایی بۆ گوندی کیستنیوفکایان بردەوە کە تەقریبەن لە موڵکایەتی ئەو دەرچوو بوو.

ماوەیەک بووری. بەڵام حاڵی دوبروفسکی بەلەنگاز هەر خراپ بوو، ڕاستە تووشی هەڵچوونە شێتانەکانی نەدەبوو، بەڵام زۆر بەزەقی ئازای داهێزرابوو و بێتاقەت بوو بوو، هیواو حەزو سەرگەرمیەکانی جارانی خۆی تەرک کردبوو وبە دەگمەن لە ژوورەکەی خۆی وەدەردەکەوت. ڕۆژ تا ئێوارێ مات و بێدەنگ دادەنیشت و لە فکران ڕادەچوو. "یگۆروڤنا" کە پیرەژنێکی میهرەبان و دلۆڤان بوو و سەردەمانێک دایەنی کوڕەکەی ئەو بوو، ئێستا بوو بوو بە دایەن و پەرستاری خۆی. ئەم پیرەژنە ڕێک وەکو منداڵێک پەرستاری و چاودێری دەکرد. بیری دەخستەوە کە کەنگێ دەبێ نان بخوات و چ کاتێک بخەوێت. نانی دەدایەو پاشان دەی خەواند. ئاندرێ گاڤریلوفیچش لە قسەی دەرنەدەچوو و جگە لەو پەیوەندی بە هیچکەسێکەوە نەبوو. توانای ئەوەشی نەبوو بیر لە کارەکانی خۆی بکاتەوە و بە کاروباری موڵکەکانی و ڕەوشی دارایی خۆیدا ڕابگات ئیدی یگوروڤنا، بە پێویستی زانی دوبرۆفسکی کوڕی لە وردو درشتی ئەم واریقاتە ئاگاداربکاتەوە. دۆبرۆفسکی کوڕ، لە یەکێک لە فەوجە پیادەکانی گاردی ئیمپراتۆری لە پتروسبۆرگ، عەسکەر بوو. ئەوەبوو پەڕەیەکی لە دەفتەری حیساباتی ڕۆژانە کردەوە و چوو بۆ لای "خاریتوون"ی ئاشپەز کە تاقە خوێنەواری گوندی کسیتنیوفکا بوو مەبەستی دڵی خۆی پێ خستە سەر کاغەزەکەو هەر ئەو ڕۆژە نامەکەی بۆ پۆستەخانەی شار ڤڕێ کرد.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خوێنەرانی خۆمان بە قارەمانی ڕاستەقینەی چیرۆکەکەمان ئاشنا بکەین: ڤلادیمیر دۆبرۆفسکی کۆلیجی ئەفسەری بە پلەی ملازم تەواو کردبوو و ئێستا لە گاردی ئیمپراتۆریدا خزمەتی دەکرد. باوکی هیچ درێغیەکی لە پەروەردەکردنی نەکردبوو. ئەم کوڕە گەنجە پارەیەکی زۆر زیاتر لە پێویستی لە ماڵەوە بۆ دەچوو. بۆیە کوڕێکی دەست بڵاو و بێ موبالات بوو، بێ ئەقڵانە دەژیا، هەزارویەک کاری ناماقووڵی دەکرد. قوماری دەکرد، قەرزی لەم و لەو دەکرد، هیچ خەمێکی ئایندەی نەدەخوارد. جارجارێک بیری لەوە دەکردەوە کە ناچار دەبێت درەنگ یان زوو کیژێکی دەووڵەمەند بخوازێت؛ ئەو شتەی کە هەر گەنجێکی دەستکورت و هەژار خەونی پێوە دەبینێ.

شەوێک کە چەند ئەفسەرێک هاتبوونە دیدەنی و لە ماڵەکەی ئەودا، لەسەر تەخت و کەتان پاڵکەوتبوون و جگەرە بۆن خۆشەکانیان دەکێشا، گریشای خوڵامی نامەیەکی دایە دەستی کە ئەدرەس و مۆری سەر زەرفەکەی، دڵی دوبرۆفسکی لاوی داخورپاندو بووە مایەی سەرنجی وی، بەهەشتاو زەرفەکەی هەڵپچڕی و ئەمەی خوێندەوە:

"گەورەو سەروەرمان ڤلادیمیر ئاندرییفیچ — منی دایەن و پەرستاری پیری تۆ، بڕیارم داوە کە لەڕەوشی تەندروستی بابت ئاگادارت بکەمەوە. بابت حاڵی زۆر خراپە، هەندێجار وڕاوە دەکات، قسەی هەلەق و مەلەق دەکات، بەدرێژایی ڕۆژ وەکو منداڵێکی گەوج لە کونجێکدا دادەنیشێت — هەڵبەتە مردن و ژیان بەدەستی

خودایە. گیانی شیرینم وەرە دیدەنیمان، ئەسپت بۆ وێستگەی "پسوچنویە" بۆ دەنێرین. دەڵێن کە دادگای ناوچە دەیەوێ بمانخاتە ژێر دەستی کیریلا پتروفیچ ترویگوروف، دەڵێن گوایە ئێمە بەشێکین لە مسکێنەکانی ئەو. بەڵام ئێمە لە قالوبەلاوە هەر مسکێنی ئێوە بووین و لەوەتای لەبیرمانە هەر خۆمان بە مسکێنی ئێوە زانیوە. جا تۆ کە لە سنت پترسبۆرگ دەژیت، واچاکە ئەم واریقاتە بگەیەنیتە تزارو شەفاعاتێکمان بۆ بکەیت، من دڵنیام کە ئەو رێگە نادات ئەم زوڵمە لە ئێمە بکرێت.

کەنیزەکی بەوەفاو دڵسۆزی تۆ

ئارینا یگوروڤنا بوزیریفا

سڵاوی گەرمی من بگەیەنە گریشای خوڵامت، ئایا لێی ڕازیت، باش خزمەتت دەکات؟ دوو هەفتەیە لێرە، لای ئێمە بارانە. ڕودیای شوان، لە ڕۆژی جەژنی سنت نیکولادا قەزاو بەڵای تۆی برد.

فلادیمیر دۆبرۆفسکی چەند جارێک ئەم خەتە ناخۆش و بێ سەرو بەرانەی، بە نیگەرانی خوێندەوە. فلادیمیر لە قۆناغی منداڵیداو لە تەمەنی هەشتساڵیدا دایکی لەدەست دابوو و بۆ سنت پترسبۆرگیان ناردبوو، بۆیە بەزەحمەت سەرو سیمای بابی وەیاد دەهاتەوە، لێ وێڕای ئەم جوداییە دوورو درێژەش هەستێکی ڕۆمانسیانەی سەیری دەرهەق بەبابی هەبوو، هەرچەندە لەهەر لەزەت و خۆشی و شیرینیەکی ژیانی خانەوادەیی دوور بوو بوو، بەڵام زۆرریش ماڵباتەکەیان و بابی خۆی خۆش دەویستن.

بیری لەدەست دانی بابی، لەڕادەبەدەر دڵی هێنایە ژان. ڕەوشی خراپ و نالەباری بابە بەلەنگازەکەی خۆی هێنایە بەرچاو، بە نامەکەی یگوروڤنادا دیار بوو کە لە گوندێکی دوورە دەستدا، پیرەژنێکی گەوج سەرپەرشتی دەکات و کۆمەڵێک دێهاتی دەوریان داوەو هەزارو یەک نەگبەتی وبەدبەختی هەڕەشەی لێدەکەن و چرای عومری لەنێوان کێشماکێشی ئازاری ڕوحی و بەدەنیدا لە حاڵی کوژانەوەدایەو هیچ خەمخۆرێکیشی نییە. فلادیمیر لەسەر ئەم خەمساردی و بێ موبالاتیە تاوان ئامێزە خۆی سەرزەنشت کرد، چونکە لەمێژ بوو هیچ هەواڵێکی لەبابیەوە نەبوو و بەبیریا نەهاتبوو سۆراغێکی بکات و وای وێنا دەکرد کە بابی چووبێتە سەفەر یا مژوولی موڵکەکانی بێت. ئیدی بڕیاری دا بەپەلە بۆلای بابی بڕوات و تەنانەت ئەگەر نەخۆشیەکەی بخوازێت، دەستبەرداری خزمەتی سوپاش ببێت. هاوڕێکانی کە هەستیان بە نیگەرانی ئەو کرد، هەستان و ڕۆیشتن. کاتێ فلادیمیر بەتەنێ مایەوە، عەرزو حاڵێکی نووسی و داوای مۆڵەتی کرد. سەبیلەکەی پێکردو بەقووڵی دەبیرەوە چوو. هەمان ڕۆژ بۆ عەسرەکەی مۆڵەتی وەرگرت و ڕۆژی دوایی بەسواری گالیسکەیەک کەوتە ڕێ و گریشا، خوڵامە بە ئەمەکەکەیشی لەگەڵ خۆیدا برد.

***

فلادیمیر ئاندرییڤیچ لەو وێستگەیەی کە دەبوا لەوێندەرەوە بەرەو گوندی کیستینوفکا، پێچ بکاتەوە، نزیک بووەوە. دڵی پڕ بوو لە پێشبینیانی ناخۆش و خەمناک. لەوە دەترسا بەڕوح فریای بابی نەکەوێ. ئەو ژیانە خەمناکەی هێنایە بەرچاوی کە لەگوندیدا چاوەڕوانی دەکرد؛ پەرێشانی، تەنیایی، هەژاری و خەمخۆری لەکارو بارێک کە هیچی لێ نەدەزانی. کاتێ کە گەییە وێسگەکە چوو بۆ لای بەڕێوەبەری وێستگەکەو داوای ئەسپی تازەی کرد. بەڕێوەبەرەکە لێی پرسی دەیەوێت کێوە بچێت و کاتێ زانی کێیە، پێی گوت ئەو ئەسپانەی لە گوندی کیستینوفکاوە بۆی نێردراون، چوار ڕۆژە چاوەڕوانی دەکەن. دوای تۆزێک عەرەبانچیە پیرەکەیان، "ئانتون" کە فلادیمیری بەمنداڵی بۆ تەویلەکە دەبردو دەیگێڕاو جوانووەکەی بۆ بەخێو دەکرد، لە بەرانبەریا قوت بووەوە، هەرکە ئاغای گەنجی بینی، ڕوندک لە چاوانیا قەتیس ماو ئیکلامێکی بۆ کردو هەواڵی دایە کە ئاغای پیری هێشتا زندووەو ئەوجا بەهەڵەداوان ڕۆیی تا ئەسپەکان لە گالیسکە ببەستێ. فلادیمیر ئاندرییفیچ، ئەو سووکە بەرکۆڵەی نەخوارد کە بۆیان هێنابوو، چونکە پەلەی ڕۆیشتنی بوو. ئانتون، ئەوی بە کوێرە ڕێگاکاندا دەبردو بەدەم ڕێوە کەوتنە گفتوگۆ:

-ئەرێ ئانتون بێ زەحمەت پێم ناڵێی ئەم شەڕەی نێوان بابم و ترویکوروف چیەو چۆنە؟

-خوا دەیزانێ قوربان گیان. ئەوەی دیارە دەڵێن ئاغا لەگەڵ کیریلا پترۆفیچ دا شەڕی بووەو ئەویش لە دادگا داوای لەسەر تۆمار کردووە. هەرچەندە کیریلاپترۆفیچ بەخۆی هەمەکارەیەو ئێمەی نۆکەرو مسکێن بۆمان نییە خۆ لە کاروباری ئاغایان هەڵقوورتێنین، و قسە لە کاروبارو هەڵوێستی ئەوان بکەین، بەڵام بەزاتی خوا بابت بەخۆڕایی شەڕی کیریلاپترۆفیچ دەکات. سەری خۆی لەبەردی دەدات.

-کەواتە ئەم کیریلاپترۆفیچە هەرچیەکی بوێ بەرانبەر بە ئێوە دەیکات؟

-بەڵێ وایە قوربان گیان. حیسابی سەگێک بۆ قازی ئەم ناوچەیە ناکات و سەرۆکی پۆلیسیش نۆکەری ئەوە، هەموو پیاوماقووڵان و ئەشرافانی ئەو دیارو دەڤەرە، مەرایی دەکەن و کڕنوشی بۆ دەبەن وەکو دەڵێن میش لە شیرینی دەوڕوکێن.

-باشە ڕاستە کە دەڵێن گوایە دەیەوێ موڵکەکانمان لێ بسەنێ؟

-بەڵێ قوربان، ئێمەش ئەمەمان بیستووە. دوو سێ ڕۆژ لەمەپێش جانکوشی (مجێوری کڵێسا) کڵێساکەی گوندی پاکروفسکوی کە لە ئاهەنگێکی تەعمیدا میوانی پێشکارەکەی گوندی ئێمە بوو، گوتی: "وازبێنن، هەرچیتان کردووەو خواردووە تەواو، بەم زووانە کیریلاپترۆفیچ جڵەوتان دەگرێتەوە." و میکیتای ئاسنگەر لە وەڵامیا گوتی: "ساڤیلیچ، بیکە بەخاتری خوا نەخاوەن ئاهەنگەکە بێزار بکە نە میوانەکان، ئاندرێ گاڤریلوفیچ بۆ خۆی و کیریلاپترۆفیچ بۆ خۆی، ئێمە هەموومان بەندەی خواو تزارین" بەڵام ئاغا مەگەر دەمی خەڵک دەگیرێ؟ چما دەمی خەڵکی کونە دیوارە چەپکێ قوڕی پێدا بدەیت و بیگریت؟

-دیاره ئێوه ناتانەوێ ببن بە مسکێن و ڕەعیەتی ترویگوروف؟

-ببین بە مسکێنی کیریلاپتروفیچ؟ پەنا بەخوا! خوا بەو ڕۆژە نەکات؟ خودایە خۆت بمانپارێزە و لەشەڕی ئەو نەفرەجایەمان دووربکە. ئەو ڕەحم بە مسکێنەکانی خۆی ناکات، وا وەیلا بە حاڵی ئەو بێگانانەی کە دەکەونە بەردەستی. نەک هەر پێستیان دەگروێ، بەڵکو ئێسک و گۆشتیشیان ورد دەکات. نا ئاغا گیان، خوا "ئاندرێ گاڤریلوفیچ"مان بۆ بێڵێ و تەمەن درێژی بکات، خۆ ئەگەر خواوەند بۆ خۆیشی بباتەوە، ئێمە جگە لەتۆ کەسی دیکەمان ناوێ. هەرزان فرۆش و، ڕادەستی کەسمان مەکە، ئێمە لەگەڵ تۆدا دەبین.

ئەنتون، دوای ئەو قسانە قامچیەکەی بادا، جڵەوی ئەسپەکانی شل کردو ئەسپەکان هەڵیانکردە چوارناڵە. دوبرۆفسکی گەنج، کە کەوتبووە ژێر باندورو کاریگەریی دروستکاری و دڵسۆزی عەرەبانچیە پیرەکەیانەوە، بێدەنگ بوو و لەفکران ڕاچوو. دوای پتر لە سەعاتێک لەناکاوا دەنگی گریشا، ئەوی لە دنیای خەیاڵ هێنایە دەرێ، کە هاواری کرد:

-گەییشتین، ئێرە پاکروفسکوی یە!

دوبرۆفسکی سەری هەڵبڕی، ڕێک لەم کاتەدا گالیسکەکە بە کەنار دەریاچەیەکی گەورەدا تێدەپەڕی کە جوێبارێکی لێ دەبووەوەو بەنێو تەپە دوورەکاندا دەڕۆیی و لەچاو ون دەبوو. لەسەر یەکێک لەم تەپانەدا، لە سەرووی دارستانێکی چڕو سەوزەوە، سەربانی سەوز و ڕوناکی خانوویەکی گەورەی بەردین، بەدی دەکرا. لەسەر تەپەیەکی دیکە کڵێسایەکی پێنج گومەزی بە بورجێکی زەنگی مۆدکۆنەوە. قوت بوو بووەوە. ئیدی ماڵ و باخ و بیری جووتیاران، بە دەوری ئەم تەپانەوە، لێرەو لەوێ گیرسابوونەوە. دوبرۆفسکی ئەم شوێنانەی وەبیرهاتەوەو بیری کەوتەوە کە چۆن لەسەر هەمان ئەم گردو تەپانەدا دەگەڵ "ماشاترویکوروف"دا گەمەیان دەکرد. ماشا دوو ساڵ لەو بچووکتر بوو، بەو منداڵیە ئەوەی پێوە دیار بوو کە دەبێت بە ژنێکی شۆخ و شەنگ. حەزیدەکرد، هەواڵێکی ئەم کیژە لە ئانتون بپرسێت، بەڵام جۆرە شەرمێکی پەنهان ڕێگەی نەدا.

کاتێ کە بەقەراخ ماڵی خودان کێڵگەکەدا ڕەت دەبوون، کراسێکی سپی بینی کە لەنێو درەختەکاندا شەپۆلی دەداو جارێ دەردەکەوت و جارێ ون دەبوو. ڕێک لەم کاتەدا ئانتون ئەسپەکانی بەرقامچی داو بە کەش و فش و غرووڕێکەوە کە تایبەتە بە عەرەبانچیانی گوندی و بلەز بەسەر پردێکدا تێ پەڕی و لەو گوندە دوورکەوتەوە. بەهەشتاو ئەم گوندەیان بەجێهێشت و بەگردێکدا هەڵگەڕان و فلادیمیر چاوی بە قۆپەنە سپیدارێک کەوت، گوندەکەی خۆیانی ناسییەوەو لە دەستە چەپدا، لە مەیدانێکی کراوەدا، خانوویەکی کەوەیی بینی کە سەربانێکی سووری هەبوو. دڵی بەتوندی کەوتە لێدان. گوندی کیستینوفکا و ماڵە بچووکەکەی بابی لەبەردەمیا گیرسابووەوە.

دوای دە دەقیقەیەک گالیسکەکە خۆی بە حەوشەدا کرد. بە سۆزو گودازێکی لەوەسف نەهاتگ دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی. دوازدە ساڵی ڕەبەق بوو کە زاگەو زێدی خۆی نەبینی بوو. ئەو نەمامە سپیدارانەی کە ئەوسا لە نزیکی پەرژین و تەیمانی باخەکەدا تازە ڕواندبوویانن، ئێستا بوو بوون بە درەختی زەلامی پڕ لق و پۆ. ئەو حەوشەیەی کە سەردەمانێک بە سێ گردۆڵکە گوڵ ڕازابووەوەو ڕێگایەکی پانی پێچاو پێچ بەناویا ڕەت دەبوو، هەنووکە بوو بوو بە گیاجاڕێکی چڕ و پڕ وئەسپێکی پێ بە پێوەند لەناویا دەلەوەڕی. کسۆکان دەستیان بە وەڕین کرد. بەڵام هەرکە چاویان بە ئانتون کەوت وناسیانەوە کەوتنە لەقاندنی کلکە تووکنەکانیان. دەست و پێوەند و خولامان بەهەشتاو لە ماڵ وەدەرکەوتن و بەهەراو زەنای شادییەوە بەرەو پیری ئاغای گەنجیان چوون و زۆر بە زەحمەت لەنێو ئەم حەشامەتە بە جۆش و خرۆشاوەدا ڕێگای کردەوە تا خۆی بگەیەنێتە کۆشکەکە. بە پەیژە کۆن و شەق و شڕەکەدا سەرکەوت و لە هەیوانەکەدا، یگوروڤنا بە گریانەوە، بەپەلە، بەرەو پیری هات ولە هەمێزی گرت و بەخۆیەوەی گوشی. دوبروفسکی پیرەژنی دروستکاری لە هەمێزگرت و بە سینگ و بەرۆکی خۆیەوەی گوشی و چەند جارێک لە هەواڵی پرسی و ئەوسا گوتی:

-باوکم چیەتی؟ لەکوێیە؟ حاڵی چۆنە؟

لەم ساتەدا، پیرەمێردێکی باڵا بەرزی ڕەنگ و ڕوو سیسەڵەو چرچەڵە، بە جلکی خەو و شەوکڵاوەوە، بەپێ خشکێ خۆی بەهۆڵەکەدا کردو بە دەنگێکی کز گوتی:

-مەرحەبا فولودکای من، حاڵت چۆنە. (ڤولودکا: لێرەدا سووکەڵە ناوی فلادیمیرە. وەرگێڕ.)

فلادیمیر، بەگەرمی باوەشی بە بابیدا کرد. شادی ئەم دیدارە لەناکاوەدا، بەڕادەیەک کاری لە نەخۆشەکە کرد، کە لاقەکانی تەواو سست بوون، ئەگەر کوڕەکەی زوو فریای نەکەوتبا و نەیگرتبا، لەوە بوو بکەوێتە سەر عاردەکە.

یگوروڤنا، پێی گوت:

-بۆچی لە جێگا هاتوویە دەرێ؟ زۆر سەیرە، خۆی بە پێوە ناگرێ و دەیەوێ وەکو خەڵکی ساغ دەرپەڕێ.

پیرەمێردیان هەڵگرت و بۆ ژووری نووستنیان برد. زۆری هەوڵدا قسە دەگەڵ کوڕەکەیدا بکات، بەڵام هەرچی کردو کۆشا، نەیتوانی بیری خۆی کۆنترۆڵ بکات، بۆیە قسەکانی بێ سەروبەر بوون، ئەوسا بێدەنگ بوو تووشی نیمچە بوورانەوەیەک بوو. فلادیمیر کە بابی بەو حاڵەوە بینی، لێبڕا لە ژوورەکەی ئەودا، بەدیاریەوە وەمێنێ و داوای لێکردن کە بەتەنیا لەگەڵ بابیدا بەجێی بێڵن. خێڵکی ماڵەکە بەگوێیان کرد. ئەوجا گەڕانەوە بۆ لای گریشاو دەگەڵ خۆدا بردیان بۆ ژووری پێشخزمەتەکان و لەوێندەر بەشێوازی خەڵکی گوند بە گەرمی پێشوازیان کرد و بە سڵاو و خێرهانین و پرسیاران ماندوویان کرد.

دوبرۆفسکی گەنج، چەند ڕۆژێک پاش هاتنەوەی، ویستی بچێتە بنج و بناوانی کاروبارەکان، بەڵام بابی لە حاڵێکی وەهادا نەبوو کە بتوانێ شتەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە، ئاندرێ گاڤریلوفیچ پێشکارو بەڕێوەبەری کاریشی نەبوو کە یارمەتی بدات. فلادیمیر کاغەزو ئەوراقەکانی بابی گەڕا، تەنیا یەکەمین نامەی سەرۆکی دادگاو ڕەشنووسی ئەو نامەیەی دۆزینەوە کە بابی لەوەڵامی سەرۆکی دادگادا نووسی بووی. ئەم دوو نامەیەی خوێندەوە، بەڵام هیچ شتێکی بەتەواوەتی بۆ ڕوون نەبووەوە، بۆیە بە پشتیوانی عەدالەتی خودی دۆزەکەیان لێبڕا کە چاوەڕوانی ئەنجامی یەکجارەکی مەسەلەکە بکات.

هەر لەم کاتەدا، حاڵی ئاندرێ گاڤریلوفیچ، سەعات بەسەعات خراتر دەبوو و فلادیمیر وای پێشبینی دەکرد کە مەرگی ئەو زۆر نزیکە و بۆیە هەرگیز لە بابە پیرەکەی خۆی، کە بوو بووەوە بە منداڵێکی بچووک، دوور نەدەکەوتەوە و بەتەنیای بەجێ نەدەهێشت. لەم ماوەیەدا، ماوەی یاسایی تەمیزکردنەوەی دەعواکە تەواو بوو و هیچ کەسێک ناڕەزایی دەرنەبڕی و لە ئەنجامدا قەرارەکە ئیمزا کراو تەواو. ئێستا موڵکی کیستنیوفکا لە دەستی ئەمان دەرچوو و بوو بەموڵکی ترویکوروف.

ڕۆژێک شاباشکین، بەوپەڕی ملکەچی و ڕێزەوە هاتە خزمەتی ترویکوروف، تا هەم پیرۆزبایی لێبکات و هەم لێێ بپرسێت کە جەنابیان کەی بە باش دەزانێ تا بەخۆی بێت موڵکە تازەکەی وەربگرێت یان وەکیلێک بۆ خۆی دابنێت. کیریلاپێتروفیچ زۆر پەست و بێزاربوو، ئەم پیاوە بەتەبیعەت بوغزن نەبوو، بەڵام گیانی تۆڵە ئەستێنی لە خشتەی بردبوو، ویژدانی عەزابی دەدا، دەیزانی خەنیمەکەی ئەمڕۆی و هاوڕێ کۆنەکەی منداڵی، لە چ وەزع و حاڵێکی خراپدایە، بۆیە لە کانگای دڵەوە بەم سەرکەوتنە خۆشحاڵ نەبوو، مۆڕەیەکی هەڕەشەئامێزی لە شاباشکین کرد، لە بیانوویەک دەگەڕا کە جنێوبارانی بکات، بەڵام کە هیچ بیانوویەکی نەدۆزییەوە، بە تووڕەیی تێی خوڕی:

-لاکەوە لەبەرچاوم، تاقەتی دیتنی چڕوچاوی تۆم نییە!

شاباشکین، کە بینی ئاغا زۆر پەست و تووڕەیە، ئیکلامێکی کردو بەهەشتاو لەوێندەر وەدەرکەوت. کیریلاپێتروفیچ کاتێ بەتەنیا مایەوە، بەژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ و بەدەم هاتوچۆوە بە فیکە کەوتە لێدانی ئاوازی بەنێوبانگی "ئەی هەورە تریشقەی سەرکەوتن، دەست بکە بە گرماندن!" دیارە زەمزەمەکردنی ئەم ئاوازە هەمیشە نیشانەی نیگەرانی و پەرێشانی فیکری ئەو بوو.

ئاقیبەت ئەمری کرد گالیسکە بچووکەکەی ئامادە بکەن، جلکی گەرمی لەبەر کرد "چونکە ئاخرو ئۆخری مانگی سێپتەمبەر بوو و دنیا زۆر سارد بوو." بەخۆی کەوتە هاژۆتنی گالیسکەکە و لەوێندەر دوورکەوتەوە.

دوای ماوەیەکی کەم خانووە بچووکەکەی ئاندرێ گاڤریلوفیچی لێ بە دیارکەوت. بەدیتنی ئەم خانووە کۆمەڵێک هەستی هەڤدژ دڵ و دەروونیان پڕکرد. لەسەرەتاوە هەستی تۆڵە ئەستێنی و گیانی دەسەڵاتخوازی بەسەر هەستێن مرۆڤپەروەریدا زاڵ بوو، بەڵام هەر زوو هەستی مرۆڤپەروەریی، سەری کردو بەسەر هەستی تۆڵە ئەستێنیدا زاڵ بوو، لێبڕا کە دەگەڵ کۆنە هاوسێکەی خۆیدا ئاشت ببێتەوەو ئەم دژمنایەتیە بەتەواوەتی بسڕێتەوەو موڵکەکە بۆ خاوەنەکەی خۆی بگەڕێنێتەوە. کاتێ بەم نیازە جوان و باشە دڵ و دەروونی خۆی هێورکردەوە، هەنگێ سەری ئەسپەکانی بادایەوەو بەچوار ناڵە بەرەو موڵکەکەی هاوسێکەی کەوتەڕێ. یەکسەر خۆی بە حەوشەکەی ئەودا کرد.

لەم کاتەدا نەخۆشەکە، لەبەر پەنجەرەی ژووری نووستنەکەی خۆیدا دانیشتبوو و یەکسەر کیریلاپترۆفیچی ناسییەوە. نیگەرانیەکی زەق کەوتە سەر دەموچاوی، دەموچاوی بەڕادەیەک سوور هەڵگەڕا، کە ڕەنگە زەردەکەی بەتەواوەتی داپۆشی و شاردەوە. چاوانی ئەبڵەق بوون، چەند ورتە ورتێکی نامەفهومی لەزار هاتنە دەرێ. کوڕەکەی کە لەتەکیا دانیشتبوو خەریکی دەفتەری حیساباتەکانی بابی بوو، سەری هەڵبڕی و، سەری لەم گۆڕانە کوت و پڕەی حاڵی بابی سوڕما. پیرەمێردی نەخۆش، بەوپەڕی ترس و تووڕەیی قامکی بۆ نێو حەوشە درێژ کردبوو و شوێنێکی نیشان دەدا. لەم کاتەدا دەنگی هەنگاوە قورس و خێراکانی یگوروڤنا هاتەگوێ کە بەرەو ژوورەکە بەغار دەهات و هاواری دەکرد:

–ئاغا، ئاغا! کیریلاپترۆفیچ هاتووە.. لەسەر قاڵدرمەکانە.. ئەی خوای میرەبان! ئاغا چی بەسەر هاتووە؟ بۆ وای لێهاتووە؟

نەخۆشەکە دەیویست داوێن و پاڵدمی جلەکانی کۆبکاتەوەو لەسەر کورسییەکە هەستێت، لێ کاتێ نیو ئاخێزێکی بۆ کرد لەناکاوا بەربووەوە. کوڕەکەی بەغار خۆی گەیاندە دیاری، دوای گرتنی نەبزی گوتی:

–بابم سەکتەی کرد

وپاشان هاواری کرد:

–خێرا، خێرا بنێرن بۆ شار دکتۆری بۆ بانگ بکەن!

لەم کاتەدا یەکێک لە خزمەتکارەکان خۆی بەژووردا کردو گوتی:

–کیریلاپترۆفیچ، دەیەوێ جەنابت ببینێ.

فلادیمیر، نیگایەکی توندی کردو گوتی:

–بڕۆ بە کیریلاپترۆفیچ بڵێ، تا بەدەرکردن دەرم نەکردووە، بەخوایشتی خۆی لێرە بڕوات.. دەی خێراکە!

خزمەتکارەکە بەخۆشحاڵییەوە، لە ژوورەکە وەدەرکەوت تا فرمانەکەی ئاغای جێبەجێ بکات.

بەڵام یگوروڤنای دایەن و پەرستار، هەردوو دەستی دەدان بەیەکداو، بە ترس و پاڕانەوەوە دەیگوت:

-قوربان، تۆ سەری خۆت دەکەیت بە شاباشی ئەم هەڵوێستە! تۆ کیریلاپترۆفیچ ناناسیت، هەموومان لەنێو دەبات.

فلادیمیر، بەوپەڕی هەڵچوونەوە گوتی:

-یگوروڤنا بێدەنگ بە، خێرا ئانتون بنێرە بۆ شار بەدووی دکتۆرا.

یگوروڤنا، لە ژوورەکە وەدەرکەوت، هیچ کەسێک لە هەیوان و هۆڵەکەدا نەبوو. هەموو چوو بوونە نێو حەوشە تا کیریلاپترۆفیچ بدینن. یگوروڤنا کاتێ گەییە سەرقاڵدرمەکان، گوێی لێبوو خزمەتکارەکە پەیامەکەی ئاغای وەکو خۆی بە کیریلاپترۆفیچ گەیاند. کیریلاپترۆفیچ پەیامەکەی وەرگرت، دووبارە لەنێو گالیسکەکەیدا دانیشتەوە، ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕا، ڕەشتر لە شەو. بزەیەکی حەقارەت ئامێز نیشتە سەرلێوی، خێسەیەکی هەڕەشە ئامێزی لە دەست و پێوەندی ماڵەکە، کە دەوریان دابووو، کرد، بەکاوەخۆ گالیسکەکەی لە حەوشە بردە دەرێ، تەمەشایەکی ئەو پەنجەرەیەی کرد کە ساتێ لەمەپێش ئاندرێ گاڤریلوفیچ لەبەریدا دانیشتبوو، بەڵام ئاندرێی لەوێدا نەبینی.

دایەنە پیرەکە هێشتا لەسەر قاڵدرمەکە وەستابوو و ئەمرەکەی ئاغای هەر لەبیرنەمابوو. دەست و پێوەندەکە کردبوویان بەهەراو زەناو باسی ئەم مەسەلەیەیان دەکرد. فلادیمیر لەناکاوا لەناویاندا پەیدابوو و بە دەنگێکی تووڕە و توند هاواری کرد:

-پێویست بە دکتۆر ناکات، بابم مرد!

هەموو بەجارێ شڵەژان، ئەوسا بە کۆمەڵ هێرشیان بۆ ژووەرکەی پیرە ئاغای خۆ برد، لەوێ لەسەر ئەو کورسیە ڕاکشابوو کە کوڕەکەی خستبوویە سەری، دەستی ڕاستی لە کورسییەکەوە شۆڕ بوو بووەوەو گەیی بووە عاردی ، سەری بەسەر سینگیدا شۆڕ بووبووەوەو کەمترین نیشانە بە بەدەنییەوە نەدەبینرا، ئەو بەدەنەی کە هێشتا سارد نەبوو بووەوە، بەڵام شێوەشی گۆڕا بوو. یگوروڤنا دەستی بەشین و شەپۆڕ کرد، هەموو خزمەتکارو دەست و پێوەندەکانی ماڵەکە، دەوری جەنازەکەیان دا، کە چاودێری جەنازەکە بەوان سپێردرا بوو، دەم و دەست شۆردیان و جلە سوپاییەکانیان، ئەو جلەی کە لەساڵی ١٧٩٧دا درابووە دروون، لەبەرکرد و هەنگێ جەنازەکەیان لەسەر ئەو مێزە ڕاکێشا، کە ساڵانێکی زۆر بۆ ئاغایان ڕازاندبووەوە.

"٥"

ڕێوڕەسمی پرسەو ناشتن لە ڕۆژی سێیەمدا ئەنجام درا. جەنازەکەی پیرەمێردی بەلەنگازیان لەتابووت نا، پارچەیەکیان پێیداداو مۆم و شەمالکیان بەدەوراندەوریدا داگیرساند. ژووری نان خواردنەکەیان پڕ بوو لە خزمەتچی و دەستوپێوەندان و خۆیان ئامادە دەکرد کە جەنازەکە بەرنە دەرەوە. فلادیمیر بە یارمەتی سێ

کەس لە خزمەتکارەکان، تابووتەکەی هەڵگرت. کەشیش پێشیان کەوتبوو، سروودخوانێکی بەدواوە بوو، هەموو پێکەوە دوعایان دەکردو سروودی ئاینییان دەخوێند. خاوەنی گوندو موڵکی کیستینوفکا بە یەکجارەکی لە دەرگایماڵەکەیەوە وەدەرکەوت. تابووتەکەیان بەو بێشەیەدا برد کە کڵێساکە ڕێک کەوتبووە پشتیەوە. ئاسمان سایەقەو هەوا سارد بوو. گەڵای خەزان لە لق و پۆپی دارو درەختەکانەوە دەڕژا. کاتێ لە بێشەکە وەدەرکەوتن، کڵێسا دارینەکەو گۆڕستانەکەی گوندییان لێ وەدەرکەوت کە لەسێبەری پیرە درەختانی زیزەفۆندا گیرسابوونەوە. گۆڕەکەی دایکی فلادیمیر لەوێندەر بوو و گۆڕێکی تازەش کە دوێنێ هەڵیان کەند بوو لە کەناری گۆڕەکەی ئەودا ئامادەکرابوو.

کڵێساکە پڕ بوو لە مسکێنان و ڕەعیەتانی کیستینوفکا کە لەوێندەر خڕ بووبوونەوە تا دوا ماڵاوایی لە ئاغاکەیان بکەن. دۆبرۆفسکی لەبەرانبەر میحرابەکەدا وەستابوو، نەدەگریاو نەدوعای دەخوێند، بەڵام دەموچاوی ترسناک بوو. ئەنجام ئەم سرووتە خەمناکە کۆتایی هات. فلادیمیر لەپێش هەموانەوە چووە پێشێ تا ماڵاوایی لە جەنازەکە بکات و هەموو دەست و پێوەندەکەش لەدوای ئەوەوە ڕۆیشتن. ئەوسا سەری تابووتەکەیان هێناو بە بزمار دایان کوتا. دەنگی شێوەنی ژنان بەرز بووەوە، پیاوان ناو بەناو بە پشتی دەستیان فرمێسکەکانی خۆیان دەسڕی. هەنگێ فلادیمیر و سێ کەس لە خزمەتکارەکان تابووتەکەیان نایە سەر شانیان و بەرەو گۆڕستانەکەیان برد، تێکڕای خەڵکی گوند دوایان کەوتن. تابوتەکەیان لە گۆڕەکەنا، هەنگێ هەر یەکێک لە ئامادەبووان، مستێ خۆڵی بەسەریدا کردو ئەوسا چاڵەکەیان بە خۆڵ پڕ کردەوە، ڕێوڕەسمی دواماڵاواییان ئەنجام داو ئیدی بڵاوەیان لێکرد. بەڵام فلادیمیر بەهەشتاو لەوێندەر دوورکەوتەوەو لەهەمووان زووتر ڕۆیی و لە بێشەکەی کیستینوفکادا دیار نەما.

هەنگێ یگوروفنا بەناوی ئەوەوە، کەشیشەکەو هەموو مجێورەکانی کڵێسای بۆ نیوەڕۆژەی پرسە دەعوەت کردو بەهەموویانی ڕاگەیاند کە ئاغای گەنج ناتوانێ لەم ڕێوڕەسمەدا ئامادە بێت.

هەنگێ بابا ئانتون و فیدوتوفنای هاوسەری وسرووودخوانەکە بە پێیان بەرەو گوند کەوتنەڕێ و بەدەم ڕێگاوە لەگەڵ یگورڤنادا باسی دروستکاری و خواناسی ئەربابی کۆچکردوو و ئەو بویەرانەیان دەکرد کە لە گین بوو، بۆ کوڕەکەی پێشبێن. هەڵبەتە هەواڵی چوونی ترویکوروف بۆ ماڵی دۆبرۆفسکی و ئەو ڕەفتارەی کە لەوێندەر دەرهەق بەو کردبوویان، لە سەرانسەری ئەو دیارو دەڤەرەدا بڵاوبوو بووەوە. سیاسەتوانانی ناوچەی پێشبینی پێکادانێکی توندیان دەکرد.

ژنەکەی کابرای کەشیش گوتی:

-قەدەر هەرچیەک بێ هەروا دەبێ، بەڵام بەڕاستی حەیفە ئەگەر فلادیمیر ئاندرییوفیچ نەبێت بە گەورەمان. چەند گەنجێکی باشە! باشی ئەو لەکەس شاراوە نییە، کەس ناتوانێ نکۆڵی لەچاکی ئەو بکات!

یگورڤنا، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

-جگە لەو کێ هەیە ببێ بە گەورەمان؟ کیریلا پترۆفیچ، بەخۆڕایی ئەم هەڕوگیفە دەکات. بەخۆڕایی ئەم تەپوتۆزە دەکات. هەڤرکی کەسێکی ترسنۆک نییە. نووری چاوەکانم، هەڵۆیەکەم دەزانێ چۆن داکۆکی لەخۆی دەکات، ئیشەڵڵا دۆستەکانی لە تەنگانەدا پشتی بەرنادەن. کیریلاپترۆفیچ، زۆر بەخۆی دەنازێ، بەڵام خۆزگە دەتانبینی کاتێ کە گریشکای من نەڕاندی بەسەریاو گوتی: "گۆڵەپیر گوم بە لەم ناوە، تازووە لێرە بڕۆ!" چۆن کلکی لە گەڵۆزی ناو ڕۆیی.

سروودخوانەکە گوتی:

-ئاهـ! یگوروڤنا، گریشا... چۆن توانی ئەو قسانە بکات، چۆن ئەو وشانەی بەزاردا هات. بەزاتی خوا من پێموایە بە گژ قەشە باشیدا بچم زۆر ئاسانترە لەوەی تەمەشای کیریلاپترۆفیچ بکەم، کە چاوم بەو دەکەوێ لەرزم لێدێت و خۆ بەخۆ پشتم دەچەمێ.

کەشیشەکە گوتی:

-ئەمە هەمووی پەشمە. ڕۆژێ دێ مەرگ لە دەرگای کیریلاپترۆفیچ دەدات، وەکو چۆن ئێستا لە دەرگای ئاندرێ گاڤریلوفیچی داوە. ڕەنگە تەنیا ڕێوڕەسمی پرسەکەی ئەو تۆزێ بەشکۆتر بێ و نان و خوانێکی زیاتر بە میوانان بدرێت. بەڵام ئایا ئەمانە لای خوا هیچ فەرقێکیان هیە؟

یگورڤنا بەرسڤی دایەوە:

-بابی ڕوحانی، ئێمەش دەمانویست خەڵکی هەموو ناوچەکە دەعوەت بکەین بەڵام فلادیمیر ڕێگەی نەدا، لەخوا بەزیادبێ پاروە نانێکمان هەیەو دەتوانین میوانداریيەکی ئابڕومەندانەو سەربەرزانە بکەین.. بەهەرحاڵ هەرچەندە ژمارەی میوانان کەمە. خۆ بەلای کەمەوە دەتوانین دەعوەتێکی باشی ئێوە بکەین.

ئەم وەعدو بەڵێنە دۆستانەیەو ئومێدی خواردنی چەورو گەرم کردیە کارێک کە هەمووان پێ هەڵگرن و بەپەلەو بە سەلامەتی و بێ هیچ واریقاتێکی خراپ ڕووبدات، گەیینە ماڵی ئاغاو سەیریان کرد سفرە ڕازاوەتەوەو ڤۆدگاش دانراوە.

لەم کاتەدا فلادیمیر بەرەو قولایی بێشەکە دەڕۆیی و هەوڵیدەدا بەڕۆیشتن و خۆماندووکردن، خەم و پەژارەی دڵی بکوژێنێتەوە. ئیدی بەبێ هیچ ئامانجێک ملی دەناو دەچووە پێشێ. لقی دارو درەختان یەک لە دووی یەک بەسەروچاوی دەکەوتن و دەیان ڕووشاند. لاقی لێکدا لێکدا دەچوون بە چاڵاوەکاندا، بەڵام ئەو گوێی لە هیچ نەبوو. ئەنجام گەییە ڕووتەنێک کە هەرچوار دەوری چڕەدار بوو، دارانێک کە خەزان نیوەی پەلک و گەڵاکانی زەرد کردبوون. فلادیمیر وەستاو پاشان لەسەر چیمەن و سەوزەزارە ساردەکە ڕۆنیشت. شەپۆلێن بیری جیاواز، کە هەر شەپۆلێکیان لەویتر خەمناک ترو تاریکتر بوون بە مێشکیدا هات. هەستی بە

تەنیاییەکی قورس کرد. ئایندەی زۆر تاریک و پڕ هەڕەشە هاتە بەرچاو. گومانی لەوەنەبوو کە دژایەتی ترویکوروف، یەک دنیا نەگبەتی تازەی بۆ دێنێتە پێشێ. لەگین بوو سەروەت و سامانە ناچیزەکەی لەدەست بچێت و بکەوێتە دەستی کەسێکی دیکەو هەنگێ دەبێ چاوەڕوانی هەژاری و دەستکورتی بکات. ماوەیەکی زۆر بەبێ جووڵە دانیشت و چاوی بڕییە ڕەوتی ئارامی ئەو جوێبارەی کە بە بەرپێی دا دەڕۆیی و چەند گەڵایەکی پەژموردەو چرمسی دەگەڵ خۆیدا دەبرد، ئەم دیمەنە وێنەی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی لەبەرچاویدا بەرجەستە دەکرد. ئەنجام هەستی کرد کە دنیا خەریکە تاریک دەبێ. هەستا، کەوتە گەڕان بەدووی ڕێیەکدا کە بیگەیەنێتەوە ماڵێ، بەڵام ماوەیەک وێڵ و سەرگەردان بەنێو جەنگەڵەکەدا بە نەشارەزایی سووڕایەوە، تا لە کۆتاییدا کوێرە ڕێگایەکی دۆزییەوە و یەکڕاست بردییەوە بەر ماڵەکەی خۆی.

لە ڕێگا، لە دوورەوە کەشیشەکەو سروودخوانەکانی بەدی کرد، دیتنی ئەوانی بە نیشانەی بەدبەختی زانی (ڕووسەکان دیتنی کەشیش لە ڕێگاو بانان بە نیشانەی شوومی دەزانن) بۆیە خۆبەخۆ لەڕێگاکە لایداو خۆی لەپشت درەختەکانەوە پەنهان کرد. ئەوان، ئەمیان نەبینی، بەگەرمی لەسەر قسەو ئاخافتنی خۆ بەردەوام بوون و بەلایدا ڕۆییشتن، کەشیشەکە بە ژنەکەی گوت:

-نەعلەت لە شەیتان بکە، چاکەی خۆت بکە، ئەم مەسەلەیە هەر چۆنێ بکەوێتەوە پەیوەندی بە منو تۆوە نییە، پێویست ناکات ئێمە لێرە بمێنینەوە.

ژنەکەی کابرای کەشیش وەڵامێکی دایەوە، بەڵام فلادیمیر تێنەگەیی کە چی وت.

کاتێ لەماڵ نزیک بووەوە ئاپۆڕایەکی فرەی لە مسکێنان و دەستوپێوەندەکان بینی کە لەحەوشەکەدا خڕبووبوونەوە. فلادیمیر لە دوورەوە گوێی لە هەراو هەنگامەیەکی نائاسایی بوو. دوو گالیسکەی سێ ئەسپە لەبەر ماڵەوە وەستابوون. چەند پیاوێکی نەناس بە جلکی فەرمییەوە لەسەر قاڵدرمەکان وەستابوون و پێدەچوو دەربارەی شتێک قسان بکەن.

فلادیمیر، بەتووڕەیی لە ئانتونی عەرەبانچی کە ئاغای بینی بوو و بە هەڵەداوان بەرەو پیری غاری دەدا، پرسی:

-ئانتون، ئەم هەراو زەنایە چیە؟ ئەوانە کێن و چییان دەوێ؟

ئانتون بەهانکە هانک وەڵامی دایەوە:

-قوربان فلادیمیر ئاندرییفیچ، پیاوانی دادگا هاتوون و دەیانەوێ ئێمە ڕادەستی ترویکوروف بکەن.. گەرەکیانە ئێمە لە جەنابی با سەعادەتت بسەننەوە!..

فلادیمیر، سەری داخست، مسکێنەکان لە دەوری ئاغا کڵۆڵەکەیان خڕبوونەوە، بەدەم ماچ کردنی دەستەکانیەوە هاواریان دەکرد:

-تۆ باوکی ئێمەیت، جگە لەتۆ هیچ ئاغایەکی دیکەمان ناوێ، ئێمە پشت ناکەینە تۆ، دەمرین و خۆمان ڕادەستی ئەمانە ناکەین. تۆ تەنیا ڕێگەمان بدە تا ئێمە ئەم پیاوانە تڕۆ بکەین..

فلادیمیر، ماوەیەک تەمەشای کردن، هەستی بە خرۆشانێکی غەریبی دەروونی کرد، هەنگێ گوتی:

-ئێوە بێدەنگ بن تا من لەگەڵ ئەو مامورانەدا قسەبکەم.

حەشاماتەکە تێکڕا هاواریان کرد:

-قوربان بەخۆت قسەیان لەگەڵ بکەو ئەم بێ ویژدانانە بێنە سەر ڕێگای ڕاست.

فلادیمیر لە مامورەکان نزیک بووەوە. شاباشکینی وەکیلی ترویکوروف کڵاوێکی لەسەر کردبوو و دەستەکانی خستبوونە کەلەکەی و بەکەش و فش و لەخۆبایی بوونەوە دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی. سەرۆکی پۆلیسی ناوچەکە پیاوێکی باڵا بەرزو بەخۆوە بوو، دەوروبەری پەنجا ساڵ دەبوو، سوورەیەکی سمێڵ بابڕ بوو، کە بینی فلادیمیر دۆبرۆفسکی لەوان نزیک دەبێتەوە، گەرووی پاک کردەوەو بەدەنگێکی گیراو هاواری کرد:

-دیسان، قسەکەی خۆمتان بۆ دووبارە دەکەمەوە: بەگوێرەی بڕیاری دادگای ناوچە، ئێوە لە ئێستا بەدواوە، هەرهەمووتان موڵکی کیریلاپترۆفیچن و جەنابی شاباشکین بەنوێنەرایەتی ئەو لێرە دەبێت. پێویستە هەر هەموو ئەمرۆ فرمانەکانی جێبەجێ بکەن و ئێوەش خێڵی ژنان خۆشتان بوێ و ڕێزی بگرن، چونکە لە دۆستدارانی ڕاستەقینەی ڕەگەزی ژنە.

سەرۆکی پۆلیس، بەم سوعبەتە بێ تامەی خۆی لە قاقای پێکەنینی داو شاباشکین و هەموو مامورەکانی دیکەش دوا بە دوای ئەو لە قاقای پێکەنینیان دا. فلادیمیر کە لە تووڕەییدا تەواو هاتبووە جۆش، بەڕواڵەتێکی خوێنساردانەی دەستکردەوە، لەم سەرۆکە خەنۆل و سوعبەتچییەی پرسی:

-ئەرێ پێم ناڵێی ئەم بەزمە چیە بە ئێمەی دەگێڕی؟

کابرای ئەفسەری لەخۆبایی گوتی:

-ئەم بەزمە ئەوەیە کە ئێمە هاتووین، ئەم موڵکە ڕادەستی کیریلاپترۆفیچ بکەین، داوا لەوانی دی بکەین کە بەخۆشی خۆیان لێرە بڕۆن و تەشریف بەرن.

فلادیمیر گوتی:

-بەڵام بە تەسەوری من، دەبوایە دەربارەی ئەنجامی ئەم کارە، هەوەڵجار پەیوەندیتان بە منەوە بکردایە نەک بە مسکێنەکانەوەو ئەم بڕیارەی حکوومەتتان بەر لە هەموو کەسێک بە خاوەن موڵکەکە ڕابگەیاندایە.

شاباشکین، بەوپەڕی گۆساخی و بێ ئەدەبی هاواری کرد:

-ئەرێ پێم ناڵێی تۆ کێی؟ ئاندرێ کاڤریلوفیچ دوبرۆفسکی کە خاوەنی پێشووی ئەم موڵکە بوو، مردو براپەوە! بەڵام تۆ نە دەتناسین و نە دەمانەوێ بتناسین.

دەنگێک لەنێو ئاپۆڕای خەڵکەکەوە بەرزبووەوە:

-جەناب! ئەمە ئاغای گەنجی ئێمەیە، "فلادیمیر ئاندرییڤیچ"ە.

سەرۆکی پۆلیس هاواری کرد:

-ئەوە کێ بوو کە ئەو ناماقووڵیەی کرد، ئاغای چی؟ فلادیمیر ئاندرییڤیچ دەکاتە کێ؟ ئاغای ئێوە کیریلاپتروفیچە، گوێتان لێیە؟ گەوجینە!

هەمان دەنگ، دووبارە لەنێو ئاپۆڕاکەوە بەرز بووەوە:

-شتی وا نەبووەو نابێت.

سەرۆکی پۆلیس هاواری کرد:

-ئەمە یاغی بوون و ئاژاوەگەرییە! ئەهای کوێخای گوند وەرە ئێرە!

کوێخا بەرەو لای ئەو چوو. بە سەرۆکی پۆلیسی گوت:

-ئەو کەسەم بۆ بدۆزەوە کە ئەو ناماقووڵیەی کرد، دەمەوێ دەرسێکی وای دابدەم، بۆ حەفتا پشتی تەمێ خواردووبێ.

کوێخا ڕوویکردە ئاپۆڕاکەو پرسی:

-کیهەتان قسەتان کرد؟

ورتە لەکەسەوە نەهات. هەموو بێدەنگ بوون، بەڵام زوو دەنگە دەنگ و ژاوەژاوێک لە ڕیزی دواوەی ئاپۆڕاکەوە پەیدابوو ،بەرەبەرە بەرزو بەرزتر بووەوەو لە ماوەی کەمتر لە دەقیقەیەکدا بوو بە هەراو هەنگامە. سەرۆکی پۆلیس کە ئەم ڕەوشەی بینی، کەمێک دەنگی نزمتر کردەوەو ویستی بەهەر شێوەیەک بووە، هێوریان بکاتەوە.

بەڵام دەست وپێوەندەکەی ماڵی دوبرۆفسکی، هاواریان کرد:

-کوڕینە گوی لە قسەقۆڕەکانی ئەم پیاوە مەگرن. چاوەڕوانی چین؟ کوڕینە تێیان بەربن! چاوەڕوانی چین؟

حەشاماتەکە جمان و بەرەو پێش هێرشیان هێنا.

شاباشکین و مامورەکانی دی بە هەشتاو خۆیان بە عەماری وێنجەکەدا کردو دەرگاکەیان لەسەر خۆیان داخست. هەمان دەنگ دیسان بەرز بووەوە:

-کوڕینە دەرگاکە بشکێنن.

حەشاماتەکە، بەرەو پێش هێرشیان برد.

دوبرۆفسکی لەم ساتەدا هاواری کرد:

-بوەستن! گەوجینە چ دەکەن؟ دەتانەوێ خۆتان و منیش بە فەتارەت بدەن؟ هەمووتان بۆ ماڵی خۆ بڕۆنەوەو وازم لێ بێنن. مەترسن، تزار پیاوێکی میهرەبان و دادپەروەرە، خەمتان نەبێ عەرزو حاڵێکی بۆ دەنێرم، نایەڵێت هیچ غەدرێکمان لێبکرێ. ئێمە هەموومان ڕۆڵەی ئەوین، بەڵام ئەگەر ئێوە ئەمە ڕەفتارتان بێ، ئەو چۆن دەتوانێ داکۆکیتان لێبکات؟

وتەکەی دوبرۆفسکی گەنج بەو دەنگە نەرم و کاریگەر و زوڵاڵەوە، بەو بەژن و باڵا جوان و بەسامەوە، کاری خۆی کرد. خەڵکەکە بێدەنگ بوون و ئەوسا بڵاوەیان لێکرد و هەرکەسەو بۆ ماڵی خۆی ڕۆییشتەوە. ئیدی حەوشەکە چۆڵ بوو، بەڵام مامورەکان هەر لە عەمارەکەدا مانەوەو نەهاتنە دەرەوە. فلادیمیر بەخەم و پەژارەوە بەقاڵدرمەکاندا سەرکەوت، شاباشکین بە پارێزێکی زۆرەوە دەرگای عەمارەکەی کردەوەو بەرەو قاڵدرمەکان ڕۆیی و لەوێندەر ئیکلامێکی پڕ مەرایی بۆ دوبرۆفسکی گەنج کرد کە فریایان کەوتبوو و لەو ئاریشەیەی ڕزگار کردبوون. فلادیمیر بەقێزوبێزێکی زۆرەوە گوێی لێگرت و هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. هەنگێ شاباشکین، درێژەی بە قسەکانی خۆی داو گوتی:

-ئێمە دەمانەوێ، ئەگەر تۆ ڕێگەمان بدەیت شەو لێرە بمێنینەوە چونکە تازە دنیا تاریک بووەو لەوەیە مسکێنەکانت لە ڕێگادا پەلامارمان بدەن. تکادەکەین بە لوتفی خۆتان ئەمر بفەرموون تۆزێ پوش و پەڵاشمان بۆ لەم عەمارەدا ڕابخەن، تا شەو لێرە بەسەر بەرین و هەرکە ڕۆژ بووەوە، لە کوێندەرەوە هاتووین بۆ ئەوێندەر دەڕۆینەوە.

دۆبرۆفسکی، بە بێتاقەتی وەڵامی دایەوە:

-بە کەیفی دڵی خۆتان بکەن، من چیتر خودان و ئاغای ئێرە نیم.

دوای ئەو قسانە، چوو بۆ ژوورەکەی باوکی و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست.

"٦"

فلادیمیر لەدڵی خۆیدا گوتی: "بەمجۆرە هەموو شتێک کۆتایی هات! ئەم بەیانیە هێشتا پارووە نانێکم هەبوو بیخۆم، گۆشەیەک هەبوو ئۆقرەی تیا بگرم، بەڵام سبەینێ دەبێ ئەم ماڵەی کەتیای لەدایک بووم و باوکمی تیا مرد، بۆ ئەو کەسە بەجێ بێڵم بوو بە باعیسی مەرگی ئەو و هەژاری من!"

فلادیمیر، بەتووڕەیی دانەکانی لێکدی سوون، چاوانی بڕینە وێنەکەی دایکی. نیگارکێشەکە، وێنەی دایکی ئەوی لە حاڵەتێکا کێشابوو کە پشتی بەدەرگاکەوە دابوو و جلی سپی بەیانیانی لەبەر و گوڵەباخێکی لەپرچی دابوو.

هەنگی فلادیمیر لە فکران ڕاچوو، لەدڵی خۆیدا گوتی: "ئەم وێنەیەش دەکەوێتە دەستی دژمنی ماڵباتەکەم، بێگومان دەگەڵ کورسییە شکاوەکاندا فرێی دەدەنە عەمارەکەوە، یان لە ژووری پێشخزمەتەکاندا هەڵیدەواسن، تا ببێت بە کەرەستەی پێکەنین و ڕابواردنی سەگەوانەکانی. بەڵام ژووری نووستنەکەی دایکم، یانی ئەم ژوورەی کە بابمی تیا مرد، دەکرێ بە ژووری وەکیل و پێشکارەکەی، یان دەکرێ بە حەرەمسەرای خۆی! نا، نا، هەرگیز نایەڵم ببێت بە خاوەنی ئەم ماتەمسەرایەی کە منی لێ دەردەکات، دەبێ بزانێ کە ئەویش هەرگیز نابێت بە خاوەنی ئەم ماتەم خانەیە."

فلادیمیر، دیسان لە حەژمەتاندا ددانەکانی لێکدی سوون، زۆر بیرێن ترسناکی بە مێشکدا هات، دەنگی ماموره دەوڵەتیەکانی بەباشی دەژنەوت کە وەکو خاوەن ماڵ ڕەفتاریان دەکرد و ئەمریان دەکرد و ئەم شت و ئەو شتیان داوا دەکرد و بەشێوەیەکی ناخۆش ڕشتەی بیری خەمناکی ئەویان دەپچڕی. ئەنجام بێدەنگی و خامۆشی باڵی بەسەر هەموو شوێن و گشت شتێکدا کێشا.

فلادیمیر، هەموو سەندوق و کۆمەدیەکانی کردەوەو بەسەنەدو نامەکانی بابیەوە مژوول بوو، زۆربەی هەرە زۆریان لیستی حیسابات و ئەو نووسراوانەبوون کە پەیوەندییان بە کاروبارە شەخسیەکانی خۆیەوە هەبوو، فلادیمیر هەرهەموویانی بێئەوەی بیانخوێنێتەوە درین. لەنێو ئەو نامەو نووسراوانەدا چاوی بە بەستەیەک کەوت کە لەسەری نووسرابوو "نامەکانی ژنەکەم" فلادیمیر، دووچاری هەستێکی سەیر بوو، دەستی بە خوێندنەوەیان کرد. ئەم نامانە لە سەردەمی هێرشی تورکاندا نووسرابوون، هەرهەموویان لە موڵکی کیستینوڤکاوە بۆ ئەدرەسی سەرکردایەتی سوپا ڤرێ کرابوون. دایکی فلادیمیر لەم نامانەدا باسی تەنیایی خۆی و کاروباری مەزراکەیانی کردبوو، باسی دەردی دووری کردبوو و داوای لە مێردەکەی کردبوو، کە بەزووترین کات بۆ ماڵ بگەڕێتەوە و لە باوەشی ئەمدا ئارام و ئۆقرە بگرێت. لە یەکێک لە نامەکاندا، سەبارەت بە سەلامەتی فلادیمیری چکۆلە نیگەرانی دەربڕی بوو و لە نامەیەکی دیدا ستایشی زیرەکی و هۆشنی زوو ڕەسی فلادیمیری کردبوو، پێشبینی ئایندەیەکی درەخشان و ژیانێکی خۆشی بۆ کردبوو. فلادیمیر بەجۆرێ لە خوێندنەوەی ئەم نامانەدا غەرق بوو بوو کە ئاگای لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە بڕا بوو و ئەفسوونی دیمەن و خەونەکانی ڕابردوو و بەختەوەری ڕۆژگاری منداڵی خۆی بوو بوو، هەستی بە تێپەڕبوونی کات نەدەکرد. سەعاتە چاڵمەکە یازدە زەنگی لێدا، فلادیمیر بەستەی نامەکانی لە بەرکی ناو ئەوسا مۆمێکی هەڵگرت و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. مامۆرەکان لە هۆڵەکەدا، لەسەر عاردی خەوتبوون. کۆمەڵێک بوتڵی شەرابی بەتاڵ بەسەر مێزەکەوە دەبینران، بۆنی مەی هەموو هۆڵەکەی پڕ کردبوو. فلادیمیر، بەقێزو بێزەوە بەنێویاندا بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیی. هەموو دەرگاکان داخرابوون، فلادیمیر کلیلی پێ نەبوو، دووبارە بۆ هۆڵەکە گەڕایەوە، کلیلەکە لەسەر مێزەکە بوو. فلادیمیر دەرگای کردەوەو لەناکاوا

پیاوێکی لە بەردەم خۆیدا بینی کە خۆی لە سووچێکدا مەڵاس دابوو و تەورێکی بەدەستەوە بوو، دەمی تەورەکە دەبریقایەوە. کە مۆمەکەی بردە پێشەوە یەکسەر ئارخیپی ئاسنگەری ناسییەوە. لێی پرسی:

-ئارخیپ، ئەوە چ دەکەی لێرە؟

ئارخیپ بە دەنگی نزم وەڵامی دایەوە:

-ئاهـ! فلادیمیر ئاندرییفیچ ئەمە تۆی! خوا ڕەحمی کرد، بەس نەبوو مۆمت پێ بوو!

فلادیمیر بەسەرسامی ڕوانیە سەروسیمای و پرسی:

-بۆچی خۆت لێرە مەڵاس داوە.

ئارخیپ، بەدەنگێکی زۆر نزم و بە دەمەڵاڵکێ گوتی:

-دەمویست بزانم ئەمانە هەموویان لێرەن یا نا.

-ئەدی ئەم تەورە چیە؟

-چیە؟ چۆن لەکاتی وادا خەڵکی بەبێ تەور دێنە دەرەوە؟ ئەم ماموورە حکوومەتیانە، زۆر نامەردو شەڕانین. نەبا شتێک ڕووبدات..

-تۆ مەستی ئارخیپ، زوو تەورەکەت دابنەو برۆ بخەوە.

-من مەستم؟ جەنابی فلادیمیر ئاندرییڤیچ؟ خودا شایەدە قەترەیەکیشم نەخواردووەتەوەو ئێستا وەختی خواردنەوەیە؟.. قەت شتی وابووە؟ ئەم مامورانە هاتوونە بمان بەن و ئاغاکانمان لەماڵی خۆیان وەدەرنێن.. بڕوانە چۆن دەپرخێنن، ئەم مەلعوونانە!.. حەزدەکەم هەر هەموویان بەجارێ لەناو بەرم و لەشەڕیان بخەلەسێین.

دۆبرۆفسکی برۆی وێکهێنانەوەو دوای سووکە هەڵوەستەیەک گوتی:

-گوێ بگرە ئارخیپ.. ئەم بیرە لە مێشکت دەربکە، ئەمانە ماموورن و هیچ خەتایەکیان نییە، چرایەک داگیرسێنەو دووم بکەوە.

ئارخیپ، مۆمەکەی لەئاغای وەرگرت، فانۆسەکەی لەپشت کوورەکەوە هەڵگرت و دایگیرساندو هەنگێ هەردووکیان بە ئەسپایی بە قاڵدرمەکەدا داگەڕان و بەنێو حەوشەدا تێپەڕین. پاسەوانەکە چەند جارێک لە تابلۆ ئاسنەکەی داو سەگەکان دەستیان بەوەڕین کرد.

دۆبرۆفسکی پرسی:-کێ پاسەوانە؟

دەنگێکی ناسک بەرسڤی دایەوە: -ئێمەین ئاغا.. ڤاسیلیساو ڤیلوکریا.

دۆبرۆفسکی پێی گوتن: -برۆن بۆ ماڵەوە.. پێویست بە ئێوە ناکات.

ئارخیپ گوتی:

-تەواو، برۆن.

هەردوو ژنەکە گوتیان:

-زۆر سوپاس، ئەربابی دلۆڤان.

یەکسەر بەرەو ماڵ چوونەوە.

دۆبرۆفسکی بەردەوام بوو لەسەر ڕۆیشتن، دووکەس لێی نزیک بوونەوەو بانگیان کرد. دۆبرۆفسکی دەنگی ئانتون و گریشای ناسییەوەو پرسی:

-بۆچی تا ئەم درەنگە شەوە نەنوستوون؟

ئانتون بەرسڤی دایەوە.

-کێ خەوی لێدەکەوێ ئاغا؟ کێ دەیگوت ڕۆژمان دەگات بەم ڕۆژگارە؟

دۆبرۆفسکی، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

-بێدەنگ.. یگوروڤنا لەکوێیە؟

گریشا بەرسڤی دایەوە:

-لە ژوورەکەی خۆیدایە.

-برۆ و لەگەڵ خۆتا بۆ ئێرەی بێنە و بە هەموو ئەوانی دیکەش بڵێ کە لەماڵەکە دەربچن و مەیەڵە، جگە لە مامورەکان، کەسی دی لەم ماڵەدا بمێنێتەوە. تۆش ئانتون گالیسکەکە ئامادە بکە.

گریشا ڕۆیی و دوای دەقیقەیەک لەگەڵ دایکیدا هاتەوە.. پیرەژنی بەلەنگاز ئەو شەوە جلەکانی دانەکەندبوو، جگە لە مامورەکان هیچ کەسێک خەو نەچووبووە چاوانی.

دۆبرۆفسکی پرسی:

-هەمووان لێرەن؟ کەس لەماڵەکەدا نەماوە؟

گریشا بەرسڤی دایەوە:

-قوربان، تەنیا مامورەکان لەماڵەوەن.

دوبرۆفسکی گوتی: -زۆر چاکە، کەواتە تۆزێ وێنجە یان کا بێنن.

پێشخزمەتەکان بەپەلە چوون بۆ تەویلەکە و چەند باوەشێک وێنجەی وشکیان هێناو گەڕانەوە.

دۆبرۆفسکی جارێکی دی گوتی:

-ئێستا ئەم پووشە لەژێر قاڵدرمەکەدا دابنەن. ئە ئاوها.. زۆر چاکە.. کوڕینە ئاگری پێوە بنەن.

ئارخیپ، شووشەی فانۆسەکەی بەرزکردەوەو دۆبرۆفسکی پارچە چێوێکی لێ داگیرساندو ئەوسا گوتی:

-ڕاوەستن، پێموایە من لە پەلە پەلی خۆمدا، دەرگاکانی ڕاڕەو و هۆڵەکەم داخست، ڕاکەن هەموو دەرگاکان بکەنەوە.

ئارخیپ بەرەو هۆڵەکە غاری دا، سەیری کرد کە هەموو دەرگاکان لەسەر گازی پشتن، بەپێچەوانەی فەرمانەکەی ئاغایەو، هەموو دەرگاکانی قفڵ داو لەدڵی خۆیدا گوتی: "وا خەیاڵ دەکات دەرگاکان دەکەمەوە تا ئەم بەرازباوکانە هەڵێن.. شتی وا مەحاڵە.." هەنگێ بەپەلە بۆ لای دۆبرۆفسکی گەڕایەوە.

دۆبرۆفسکی سەرە بزووتەکەی لە پووشەکان نزیک کردەوە و لەناکاوا ئاگر کڵپەی کردوو بڵێسەی سەندو هەر هەموو ئەو ناوەو حەوشەکە ڕوناک بووەوە.

یگورفنا هاوارێکی خەمناکی کردو گوتی: -ئاهـ فلادیمیر ئاندرییفیچ، ئێستا تۆ چ دەکەی؟

دۆبرۆفسکی گوتی:

-بێدەنگ.. دەی کوڕینە... خودا حافیز! من ئێستا دەڕۆم بۆ ئەو شوێنەی کە خوا بەقیسمەتی دەکات، هیوای شادیتان بۆ دەخوازم لەگەڵ ئاغای تازەتاندا.

بەڵام هەموو مسکێنەکان بەیەک دەنگ گوتیان:

-تۆ سەروەری ئێمەی، تۆ پشت و پەنای ئێمەی، ئەگەر مردووین دەستبەرداری تۆ نابین، هەموومان لەگەڵ تۆدا دێین.

ئەسپەکان ئامادەبوون، دوبروفسکی و گریشا سواری گالیسکەکە بوون، شوێنی دیدار لە بێشەی کیستینوفکادا دیاری کرا،ئانتون ئەسپەکانی بەر قامچی دا، گالیسکەکە لە حەوشە وەدەرکەوت.

با هەڵیکرد، لەچاوتروکانێکا هەموو ماڵەکە گڕی گرت، شووشەو جامی پەنجەرەکان بە تەق و هوڕێکی سامناک دەشکان و دادەڕووخان. ئەستوون و کۆڵەکە گڕگرتووەکان یەک لە دوای یەک هەرەسیان دێنا. دووکەڵێکی سورباو لەسەربانی کۆشکەکەوە هەڵدەستاو هاوارو پاڕانەوەی مامورەکان بەرزبووەوە کە هاواریان دەکرد: -ئەی هاوار فریامان بکەون، خەریکە دەسوتێین. فریامان بکەون!

ئارخیپ کە بەدەم بزەیەکی تووڕەوە دەیڕوانیە کڵپەو بڵێسەی ئاگرەکە گوتی:

-دە دەی.. هاوار بکەن، دەرگاکان دەکرێنەوە!

یگوروڤنا گوتی: -ئارخیب گیان، فریای ئەو مەلعوونانە بکەوە، خوا خێرت دەنووسێت.

یارۆی ئاسنگەر بەرسڤی دایەوە:

-ئەم قسانە چیە؟ مەحاڵە کاری وا بکەم!

لەم کاتەدا مامورەکان هاتنە بەر پەنجەرەکەو بەهەموو هێز و توانای خۆیانەوە هەوڵیاندەدا چوارچێوەی پەنجەرکان بشکێنن و خۆ ڕزگار بکەن، بەڵام ڕێک لەم ساتەدا سەربان و ساپیتەی هۆڵەکە هاڕەی کردو بەجارێ داڕوخاو هات و هاوارەکەی ئەوانیش خامۆش بوو.

ئیدی هەموو مسکێنەکان، خێرا بەرەو حەوشیماڵەکە هێرشیان برد، ژنان بەدەم هاواری کێویانەوە، هەوڵی ڕزگار کردنی کەلوپەل و شرەو پرەکانی خۆیان دەدا، منداڵەکان کە دیمەنی ئاگرەکەیان زۆر بەلاوە جوان بوو، لە کەیفان دەستی یەکیان گرتبوو و دەرەقسین. پرشگی ئاگر وەکو تۆم تەرەقە بەرز دەبووەوەو لە حەوادا دەتەقییەوە، کوختەی مسکێنەکان یەک لەدوای یەک گڕیان دەگرت.

ئارخیپ گوتی: -ئەمە خۆیەتی، ئێستا تەواوە، تەمەشا چەند باش دەسووتێ! هەڵبەتە دەبێ ئەم دیمەنە لە کۆشکی "پاکروفسکوی" یەوە زۆر جوان بنوێنێ.

لەم ساتەدا دیمەنێکی تازە سەرنجی ڕاکێشا. پشیلەیەک لە سەربانی عەمارەکەوە، بەنێو بڵێسەو کڵپەی ئاگرەکەدا، بەهەموو لایەکدا غاری دەداو نەیدەزانی چۆن خۆی ڕزگاربکات و لە کوێوە خۆی هەڵبداتە خوارەوە. شولەی سەرکێشی ئاگر لە هەموو لایەکەوە دەوری دابوو، ئەم حەیوانە بەستەزمانە، بەدەم هاواری دڵتەزێنەوە داوای کۆمەکی دەکردو منداڵەکان بەدەنگی بەرز بە نەگبەتی و نائومێدی ئەو پێدەکەنین.

یارۆی ئاسنگەر، بەتووڕەیی تێی خوڕین و گوتی:

-حەمرامزادەینە بەچی پێدەکەنن؟ لەخوا ناترسن؟ ئەم حەیوانە خەڵقەندەی خودایە، خەریکە دەسووتێت و ئێوە بەدیتنی ئەم دیمەنە خۆشحاڵی دەکەن؟

هەنگێ پەیژەیەکی نا بە لێواری گڕگرتووی سەربانی عەمارەکەوە و سەرکەوتە سەرێ تا پشیلەکە ڕزگار بکات، ئەو حەیوانە یەکسەر لە نیازی ئەو حاڵی بوو بەو پەڕی منەتبارییەوە، خۆی بەقۆڵی چاکەتەکەیدا هەڵواسی. یارۆی ئاسنگەر بە بەدەن و سەروچاوی نیوە سووتەوە، پشیلەکەی هێنایە خوارەوە و ڕوو لە مسکێنە حەپەساوەکان گوتی:

-دەی کوڕینە خودا حافیز، من ئیدی کارم لێرە نەما، هیوای بەختەوەریتان بۆ دەخوازم، یادی خێرم بکەن.

ئارخیپی ئاسنگەر دوورکەوتەوە. گڕو بڵێسەی ئاگرەکە مودەتێک بەردەوام بوو و ئەنجام بەرە بەرە خامۆش بوو و تەنیا هەندێ پشکۆی سورباوی سکڵان لە تاریکی شەوەکەدا دەدروەشانەوەو دانیشتوانی کیستینوفکا، کە ماڵەکانیان سووتا بوو، وێڵ و سەرگەردان بەدەوریا دەسوڕانەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی دەنگ و باسی ئاگرەکە لەسەرانسەری دەڤەرەکەدا بڵاوبووەوە. ئیدی بوو بەداستانی سەرزاران و هەر کەسە و بەشێوەیەک باسی دەکرد و جۆرە مەزەندەیەکی لێدەدا. هەندێک دەیانگوت کە پێشخزمەتەکانی دوبرۆفسکی دوای ڕێوڕەسمی ناشتنی جەنازەکە، زۆریان خواردووەتەوە، مەست بوون و ماڵەکە بەهۆی خەمساردی ئەوانەوە ئاگری گرتووە. هەندێکی دی گلەییان لە مامورانی حکوومەت دەکرد کە گوایە لەم شوێنە تازەیەدا سەرخۆش بوون و بوونەتە مایەی ئەم ئاگر کەوتنەوەیە. ژمارەیەکی زۆریش قەناعەتیان وابوو کە دۆبرۆفسکی گەنج لەگەڵ هەموو مامورەکان و پێشخزمەتەکانی خۆیدا لە ئاگرەکەدا سووتاون. بەڵام جماعەتێکیش پەیان بە حەقیقەتی مەسەلەکە بردبوو و بە قەناعەتەوە دەیانگوت کە دوبرۆفسکی لە ئەنجامی نائومێدی و تووڕەییدا، بەخۆی ئەم کارەی کردووە.

ڕۆژی دوایی ترویکوروف بەخۆی لە شوێنی بویەرەکە ئامادە بوو و دەستی بە تاقیق و لێکۆڵینەوە کرد، ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە بوو کە سەرۆکی پۆلیس، نوێنەری دادگا، ڕاوێژکار و پێشکارو کاتبەکەی دۆبرۆفسکی، خودی دۆبرۆفسکی و یگوروڤنای پیرەژنی دایەن و پەرستار، گریشای پێشخزمەت، ئانتونی عەرەبانچی و ئارخیپی ئاسنگەر، بێئەوەی هیچ شوێنەوارێکیان لەپاش بەجێ بمێنێ دیار نەماون و کەس نازانێ چییان بەسەر هاتووە... هەموو پێشخزمەتەکان شایەدیان دا کە مامورەکان، کاتێ سەربانی هۆڵەکە بەسەریاندا ڕووخا، کەوتنە ژێر دارو پەردووەوەو سووتان و ئێسک و پروسکی سووتاویان لە ژێر دارو پەردووەکەوەیە. "ڤاسیلیسا و ڤیلوکریا"ش دەیانگوت کە دۆبرۆفسکی و ئارخیپیان چەند دەقیقەیەک بەر لە ئاگر کەوتنەوەکە دیتووە. هەر هەموو مسکێنەکان قەناعەتیان وابوو کە ئارخیپی ئاسنگەر زندووەو ئەگەر ئەو تاقە سەبەبکاری ئەم ئاگرە نەبێت، ئەوا یەکێک بووە لە سەبەبکارەکانی. گومانێکی زۆر لە دوبرۆفسکی هاتە ئاراوە. کیریلاپتروفیچ، ڕاپۆرێکی وردو تێرو تەسەلی سەبارەت بەم بویەرە بۆ فەرماندار و پارێزگاری ناوچەکە نووسی و ئیدی کەیسێکی تازە کرایەوە.

خێرا، کۆمەڵێک دەنگوباسی تازە بڵاوبوونەوە کە بوون بە دەساوێزی زۆر باش بۆ خەڵکێن کونجکاو و لاپرەسەن و ئەهلی بانگەشەو دەنگۆیان. لە دەڤەری ( ×) کۆمەڵێک چەتەو ڕێگر پەیدابوون، ترسیان خستووەتە دڵی تێکڕای دانیشتوانی ئەو دەڤەرەو گوندەکانی دراوسێیان. دەرکەوتووە ئەو هەڵوێستانەی کە حکومەت دژیان وەری گرتووە، هەر هەمووی بێ ئاکام بووە. ئیدی بویەر لەدووی بویەر ڕووی دەدا، یەک لەیەکی سەیرتر، ئیدی هیچ ئەمن و ئەمانێک نە لەڕێگاو بانداو نە لە گوندەکاندا نەمابوو. چەندین عەرەبانەی سێ ئەسپەی پڕ لە یاغیان و ڕێگران بە ڕۆژی ڕوناک لەسەرانسەری ئەم دیارو دەڤەرەدا لە جم و جووڵدا بوون و ڕێگەیان بە ڕێبواران و پۆستەبەران دەگرت، هێرشیان دەکردە سەر گوندەکان، ماڵی فێودالەکانیان دەبڕی و تالان دەکرد و دەسووتاند. سەردەستەی ئەم چەتەو ڕێگرانە لە زیرەکی، ئازایەتی، جوامێری و

بەخشندەییدا شۆرەت و نێوبانگێکی بێ وێنە و گەورەی پەیدا کردبوو. بەرەبەرە شاخ و باڵی کەرامات و پەرجووانشینان لێدەنا.

ناوی دۆبرۆفسکی کەوتبووە سەر زاران و هەموو خەڵکی باوەڕیان وابوو کە جگە لەو هیچ کەسێکی دی ناتوانێت ڕابەرایەتی ئەم چەتەو ڕێگرە بێ باکانە لە عۆیە بگرێت. بەڵام خەڵکەکە سەریان لە یەک شت سووڕمابوو: کەس دەستی بۆ موڵکەکانی ترویکوروف نەدەبرد! ڕێگرەکان تەنانەت تاقە یەک عەماری ئەویان تاڵان نەکردبوو و تاقە یەک عەرەبانەو گالیسکەی ئەویان لە ڕێگاوبان نەڕفاندبوو. ترویکوروف، بەهەمان فڕناخی و کەش و فشی هەمیشەیی خۆیەوە، ئەم ڕیزپەڕەی دەگێڕایەوە بۆ ئەو ترسەی کە خستبوویە دڵی سەرانسەری خەڵکی دەڤەرەکەوەو دەیگوت زاکوونی و زەبت و ڕەبتی پولیس و پاسەوانانی دێهاتەکانی من وایان کردووە کە چەتەو یاغیان لەم دیارو دەڤەرە نزیک ببنەوە. لەهەوەڵەوە خەڵکەکە گاڵتەیان بەم فڕناخی و لەخۆبایی و خۆهەڵکێشانەی ترویکوروف دەهات و هەموو چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ئەم میوانانی ناوەختە، ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرێک لە کۆشکی پاکروفسکوی بدەن و بەدەسکەوتی گرانبەهاو زۆرەوە بگەڕێنەوە. بەڵام ئەنجام ئەوانیش ناچار بوون دان بە لاف و گەزافەکانی ترویکوروف دا بنەن و دان بەوەدا بنەن کە چەتەو یاغیەکان ڕێزو حورمەتی زۆریان بۆ ئەو هەیە. ئیدی قریوەی سەرکەوتنی ترویکوروف لە هەموو شوێنێکدا دەنگی دابووەوە، هەرکاتێ کە دەنگ و باسی تاڵانیەکی تازە لەلایەن داروودەستەکەی دوبرۆفسکی یەوە بڵاو دەبووەوە ترویکوروف، گاڵتەی بە فەرماندار و سەرۆک و ئەفسەرانی پۆلیس و مەفرەزەو گەشتیەکان دەکرد کە بەو هەموو مەسرەفەوە دەوڵەت لێی دەکردن، دوبرۆفسکیان بۆ بەرهەق نەدەکراو هەموو جارێک بەسەلامەتی لە چنگیان دەردەچوو.

ئیدی ڕۆژی ١٠/١: کە ڕۆژی جەژنی ساڵانەی کڵێسای گوندەکەی ترویکوروف بوو، هات... بەڵام بەرلەوەی باسی تەشریفاتی ئەم جەژن و ئاهەنگ و ڕووداوەکانی دواتری ئەم بۆنەیە بکەین، پێویستە خوێنەر بەو کاراکتەرانە ئاشنا بکەین کە یا تازە و نەناسراون، یان لەوانەیە کە لەسەرەتای چیرۆکەکەماندا بەتەنیا ئاماژەمان بۆ کردوون.

"٨"

بێگومان خوێنەر ئێستا هەست دەکات کە کیژەکەی کیریلاپتروفیچ کە هێشتا جگە لەچەند وشەیەک هیچی دیکەمان دەربارە نەگوتووە، قارەمانی چیرۆکەکەمانە. ئێمە باسی وەختێک دەکەین کە ئەو تەمەنی هەڤدە ساڵان بوو، لە هەرەتی جوانی و شکۆفیانەوەی خۆیدا بوو. بابی لە ڕادەبەدەر خۆشی دەویست، بەڵام بەگوێرەی تەبیعەت و مجێزی زبری تایبەتی خۆی مامەڵەی لەتەکدا دەکرد، هەندێجار هەوڵیدەدا بچووکترین ویستی دەروونی ئەو جێبەجێ بکات و هەندێجاریش بەڕەفتاری زبرو ترسناکی خۆی ترسی دەخستە

دڵییەوەو دەی ڕەنجاند. هەرچەندە دڵنیا بوو کە کچەکەی خۆشی دەوێت و زۆر ڕموودەی ئەوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانی متمانەی ئەو بە دەست بێنێ. ئیدی کچەش وا ڕاهاتبوو کە هەرچی هەست و نەست و هزرینێکی خۆی هەیە لێ بشارێتەوە، چونکە نەیدەزانی بابی چۆن ئەو هەست و هزرانە لێکدەداتەوەو وەردەگرێت. کیژێ هیچ دۆست و ئاشنایەک و خەمخۆرێکی نەبوو و لەتەنیایی و گۆشەگیریدا گەورە بوو بوو. ژنان و کیژانی دەرودراوسێ، کەمتر دەهاتنە دیدەنی کیریلاپترۆفیچ، چونکە شێوازی دەم و دوو و بەرخورد و سوعبەتە ئاساییەکانی ئەو بەجۆرێ بوون کە زیاتر بۆ کۆڕ و مەجلیسی پیاوان دەشیان نەک بۆ مەجلیسی ژنان. بۆیە کچە جوانەکەشی کەمتر لە مەجلیس و کۆڕی میوانانی بابیدا دەردەکەوت. ئیدی بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، کتێبخانەیەکی گەورەو بەنرخیان دەخزمەتیدا دانا بوو کە زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکانی بەرهەمێن نووسەرانی سەدەی نۆزدەی فەرەنسا بوون. هەڵبەتە بابی کە بەعەمراتی جگە لە کتێبی "ڕێنمای ئاشپەزی" هیچ کتێبێکی دیکەی نەخوێندبووەوە نەیدەتوانی لە هەڵبژاردنی کتێباندا ڕێنوێنی کیژەکەی بکات، بەڵام کیژی بەزەوق و سەلیقەی خۆی و دوای خوێندنەوەی جۆرەها کتێبان، زیاتر ڕووی کردە خوێندنەوەی ڕۆمانانی دڵداری و چیرۆکێن ڕۆمانسی، بەمجۆرە ئەو خوێندنەی کەسەردەمانێک لەلای مادموزیل "میمی" دەستی پێکردبوو، لەم ڕێگایەوە تەواو کرد.

کیریلاپترۆفیچ، لە هەوەڵەوە زۆر متمانەی بەم مادامۆزیل "میمی"یە هەبوو، بەڵام وەختایەک بەرە بەرە شوێنەواری دەرسەکانی ئەو بە کیژەکەیەوە دەرکەوت، دڵی لێ پیس کردو زۆر بە نهێنی و بە بێدەنگی بۆ موڵکێکی دیکەی خۆی نارد.

مادموزیل میمی، بیرەوەرییەکی باشی لەدوای خۆی بەجێهێشت. ئەمە ئافرەتێکی زۆر جوان ڕەوشت بوو، وێڕای ئەوەی کە کیریلاپترۆفیچ بایەخی تایبەتی پێدەداو نازی دەکێشا، بەڵام ئەو هەرگیز ئەمەی وەکو چەکێک بە قازانجی خۆی بەکار نەدەبرد، لەم ڕووەوە ڕێک بە پێچەوانەی ماشقەکانی دیکەی کیریلاپترۆفیچەوە بوو کە بەردەوام دەیگۆڕین. کیریلاپترۆفیچیش ئەوی لەوانی دی خۆشتر دەویست و ئەو کوڕە زیتەڵە چاو ڕەشە نۆ ساڵانەشی، کە سیمای نەژادی باشووریی مادموزیل میمی وەیاد دێنایەوەو لەماڵی کیریلاپترۆفیچ دا گەورە بوو بوو، بە فەرمی بەکوڕی خۆی قەبووڵ کرد، لەکاتێکا کە ژمارەیەک کوڕی پێ پەتی کە زۆریش لە کیریلاپترۆفیچ دەچووون، بە بەر پەنجەرەکانی ژوورەکەی ئەودا غار غارێنیان دەکرد، بە منداڵی خزمەتکارەکان دادەنران.

کیریلاپترۆفیچ، بۆ ئەم کوڕە چکۆلەیە، مامۆستایەکی فەرەنسی بەتایبەتی لە مۆسکۆوە هێنابوو. ئەم مامۆستایە ڕێک لە کاتی ئەم ڕووداوانەدا کە هەنووکە باسیان دەکەین. گەییە کۆشکی پاکرۆفسکوی.

مامۆستای گۆرین، بەڕواڵەتی جوان و بێ فیزی و سادەیی خۆی زۆر چووە دڵی کیریلاپترۆفیچەوە، شادەتنامەو کارنامەکانی خۆی لەگەڵ نامەیەکی یەکێک لە خزمەکانی کیریلاپترۆفیچ، کە ماوەی چوارساڵ لەماڵی ئەودا بەعینوانی مامۆستای تایبەتی خزمەتی کردبوو، نیشانی کیریلاپترۆفیچ دا.کریلاپترۆفیچ تەمەشای هەموو ئەو کارنامەو شادەتنامانەی کرد، هەمووی بەدڵ بوو، بەڵام تاقە شتێک کە بەدڵی نەبوو، بچووکی تەمەنی ئەم مامۆستا فەرەنسیە بوو، نەک لەبەر ئەوەی پێی وابوو منداڵەو ئەزمونی دەرس وتنەوەی کەمەو ڕەنگە نەتوانێ وەکو پێویست ئەرکی مامۆستایەتی بەجێ بینێ، بەڵکو گومانێکی تایبەتی لەلا دروست بوو بوو کە لێبڕا دەم و دەست ئەو گومانە بڕەوێنێتەوە. بۆیە دەستووری دا ماشای کیژی بۆ لابنێرێ (کیریلا پترۆفیچ زمانی فەرەنسی نەدەزانی و کیژەکەی دەوری دیلمانجی بۆ دەبینی.)
کیریلاپترۆفیچ، کاتێ ماشا هات گوتی:

-ماشا وەرە ئێرە، بەم مسێویە بڵێ من بەمەرجێ قەبووڵی دەکەم کە چاوبازی دەگەڵ کیژو ژنەکانم دا نەکات، چونکە ئەگەر کاری وا بکات، ئەم سەگبابە... ئەمەی بۆ باچڤە بکە تا قسەکەم تەواو بکەم.

ماشا لە شەرما سوور بووەوە، هەنگێ ڕووی کردە مامۆستاکەو بە فەرەنسی پێی گوت کە بابی ئومێدەوارە، کە لە ڕەفتارو ئەتوار و کاری مامۆستایەتی خۆیدا ڕێک و پێک وبەحەیاو حورمەتی بێ. کابرای فەرەنسی کڕنۆشێکی بۆ ماشا بردو گوتی ئەویش ئومێدەوارە، ئەگەر هاوسۆزیشی لەگەڵ نەکەن، ڕێزو حورمەتی ئەوان بەدەست بێنێ. ماشا قسەکانی ئەوی، وەکو خۆی بۆ بابی پاچڤەکرد.

کیریلا پترۆفیچ گوتی:

-زۆرچاکە، زۆر چاکە، ئەو نە پێویستی بەڕێزە و نە بە خۆشەویستی و هاوسۆزی، ئەرکی ئەو تەنیا ئەمەیە کە ئاگای لە ساشا بێت و دەستووری زمان و جوگرافیای فێر بکات... ئەمەشی بۆ پاچڤە بکە.

ماریا کیریلوفنا، قسە زبرەکانی بابی کەمێک نەرم کردەوە و بە زمانێکی هێورتر بۆ کابرای پاچڤە کرد. هەنگێ کیریلاپترۆفیچ مامۆستا فەرەنسیەکەی مەرەخەس کردو ناوبراویان بۆ ئەو بەشە برد کە لەوێ ژوورێکیان بۆ تەرخان کردبوو.

ماشا هیچ بایەخێکی بە یارۆی فەرەنسی نەدا. ئەم کیژە بەشێوەیەکی ئەرستۆکراتیانەی ئەوتۆ پەروەردە بوو بوو کە بابایەکی مامۆستای بە جۆرە خزمەتکارێکی هونەرمەند دەزانی و هەرگیز کەسێکی مامۆستا یان هونەرمەند و وەستای بە بەشەر نەدەزانی. بۆیە گوێی بە کاریگەریی حوزووری خۆی لەسەر مسیو دیفورج نەداو کەمترین بایەخی بە هەڵچوونی دەروونی و گۆڕانی دەنگی ئەو نەدا. دوای ئەوەش، بۆ چەند ڕۆژێکی یەک لە دووی یەک یارۆی بینی، بەڵام دیسان هیچ بایەخێکی پێنەدا. پاشان و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ

چون و تۆڕینی ماریا کیریلوڤنا سەبارەت بە مامۆستا فەرەنسیەکە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و بەتەواوەتی گۆڕا.

لەماڵی کیریلاپتروفیچ دا، بەردەوام چەند بێچوە ورچێکیان ڕادەگرت، ئەم بێچوە ورچانە، یەکێک بوو لە سەرگەرمیە گرنگەکانی خودان و ئاغای کۆشکی پاکروفسکوی. کاتێ ئەم ورچانە بێچو بوون هەموو ڕۆژێک دەیان هێنان بۆ ژووری دانیشتن و کیریلاپتروفیچ، بەسەعاتان یاری پێدەکردن و دەگەڵ پشیلەو سەگەکاندا بەشەڕی دەدان و بەری دەدانە گیان یەکدی. بەڵام کاتێ کە گەورە دەبوون، زنجیری دەکردن تا بۆ شەڕی ڕاستەقینە ئامادە ببن. هەندێجار ئەم ورچانەیان، لەبەر پەنجەرەی ماڵەکەی ئاغادا، دەگێڕاو بۆشکەی شەرابی بەتاڵی بزمار ڕێژیان دەخستە بەردەمیان تا ئەوان غلی بکەنەوە. ورچەکە هەوەڵجار بۆشکەکەی بۆن دەکرد و ئەوسا زۆر بەپارێزەوە دەستی پێدا دێنا، بزمارەکان دەچوون بەدەستیاو ئازاری دەگەیی، تووڕە دەبوو، توندتر دەڵەکی دەدا، ئازارەکەی دەستی زیاتر دەبوو. هەنگێ حەیوانی بەستەزمان، دەبوو بە دڕندەو شێت و هار دەبوو و خۆی بەسەر بەرمیلەکەدا دەداو بەتووڕەیی دەی نەڕاندو دەی بۆڵاندو دەیگرماندو ئەم بەزمە بەردەوام دەبوو تا بۆشکەکەیان، کە هۆی سەرەکی و بێهودەی ئەم حەیوانە داماوانە بوو، لەبەردەمیان لادەبرد. هەندێجاریش دوو ورچیان لە گالیسکەیەک دەبەست و هەنگێ چەند میوانێکیان، چ بەخوایشتی خۆ و چ بەخورتی سواری گالیسکەکە دەکرد و ورچەکانیان تاو دەدا تا بەکەیفی خۆ بۆ هەر کوێیان بوێت بڕۆن. بەڵام خۆشترین سەرگەرمی کیریلا پتروفیچ ئەمە بوو:

ورچێکی برسییان دەکردە ژوورێکی چۆڵەوە، بە پەتێک بە ئەڵقەیەکی قەد دیوارەکەیانەوە دەبەستەوە.پەتەکە تەقریبەن بە ئەندازەی درێژی ژوورەکە بوو، درێژی پەتەکە دەگەییە سەرانسەری ژوورەکە تەنیا سووچەکەی بەرانبەرو ڕووبەڕووی ورچەکە نەبێت. تەنیا ئەو سووچە لە دەسترەسی ئەم جانەوەرە ترسناکە دوور بوو، ئیدی عادەتەن کەسێکیان بۆ ئەم شۆخی و سەرگەرمیە هەڵدەبژارد کە کەم و زۆر ئاگای لەم بەزمە نەبێت، دەیان هێنایە بەر دەرگای ژوورەکە و لە ناکاوا بەپاڵێک تووڕیان دەدایە ژوورەکەوەو ئەوسا دەرگایان لەسەر قفڵ دەدا، ئیدی ئەم قوربانیە نەگبەتە، دەگەڵ ئەو دێوە تووکنەدا بەتەنیا لە ژوورەوە دەمایەوە. ئیدی میوانی بەلەنگاز، بە جلکی دڕاو و بەدەنی ڕووشاو خوێناوییەوە، خێرا خۆی دەگەیاندە سووچە بێ مەترسیەکەی ژوورەکە، بەڵام هەندێجار ناچار دەبوو سێ دانە سەعاتی تەواو لەوێدا بوەستێ و خۆی بەدیوارەکەوە بنووسێنێ و تەمەشای ئەو جانەوەرە هۆڤیە بکات کە لە دووی هەنگاوی ئەو وەستاوەو دەنەڕێنێ، هەڵدەستێتە سەر هەردوو پاشووی و بەگەردنی گوشار لەپەتەکە دەکات تا خۆی بگەیەنێتە ئەو.

ئەمە نموونەیەک بوو لەسەرگەرمی نەجیبانەی، دەرەبەگ و فیوداڵێکی ڕووسی!

دوای هاتنی مامۆستا فەرەنسییەکە، ترویکوروف ئەوی بیرکەوتەوە و لێبڕا، تامی ژووری ورچەکە بەویش بچێژێت. بەم مەبەستە بەیانییەک یارۆی مامۆستای بۆ لای خۆی بانگ کرد و دووی خۆی داو بە چەند دالآنێکی تاریکیدا برد، لە ناکاوا دەرگایەک لە تەنیشتیانەوە کرایەوەو دوو خزمەتکار، یارۆی گەنجی فەرەنسییان دەڵەک داو خستیانە ژوورێکەوەو خێرا دەرگاکەیان لەسەر قفڵ دا. مامۆستا کاتێ وەخۆهاتەوە ورچە زنجیرکراوەکەی لە هەنبەر خۆیدا بینی! ورچە دەستی بە مڕەمڕ کرد و لەشوێنی خۆیەوە کەوتە بۆن کردنی میوانەکەو لەناکاوا هەستایە سەر هەردوو پاشوو و بەرەو ئەو هێرشی برد.. بەڵام کابرای فەرەنسی خۆی شلوێ نەدەکردو هەڵنەهات، ڕێک لە هەنبەر هێرشی حەریفەکەی خۆیدا وەستا. ورچەکە نزیک بووەوە. دیفورچ دەمانچەیەکی بچووکی لە گیرفانی دەرهێنا، لوولەکەی لە ئاست گوێی ورچە برسییەکەدا ڕاگرت و گوللەیەکی بەناو گوێیەوە نا، ورچە لە خاک و خوێندا گەوزا. هەمووان بەرەو ژوورەکە غاریان دا، دەرگاکان کرانەوە و کیریلاپتروفیچ کە سەری لەکۆتایی ئەم شۆخییەی خۆی سوڕمابوو. هاتە ژوورەوە.

کیریلاپترۆفیچ، هەموو ئامادەبوانی بەگیرهێناو سوور بوو لەسەر ئەوەی بزانێت کە چ کەسێک پێشوەختە دیفورچی لەم سوعبەت و سەرگەرمیە ئاگادار کردبووەوەو چۆن دەمانچەی پڕ و لەسەرپێی لەبەرکدا بووە؟ ئەوسا یەکێکی لەدووی ماشا نارد. ماشا هات و پرسیارەکانی بابی بۆ کابرای فەرەنسی پاچڤەکرد . دیفورچ بەرسڤی دایەوە:

-من هەرگیز باسی ئەم ورچەم نەبیستبوو، بەڵام من هەمیشە دەمانچەم پێیە، بە هیچ کلۆجێ بێ ڕێزی لە کەس قبووڵ ناکەم.

ماشا، بەسەرسامی ڕوانییە دەموچاوی ئەو و قسەکانی دەقاودەق بۆ کیریلاپتروفیچ پاچڤە کرد. کیریلا پترۆفیچ هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، ئەمری کرد کەلاکی ورچەکە لەژوورەکە بەرنەدەرێ و پێستەکەی کەوڵ بکەن و هەنگێ ڕووی کردە دەستوپێوەندکەی و گوتی:

-گەنجێکی ڕەشیدە! کەمترین شوێنەواری ترسنۆکی پێوە دیار نییە، خودا هەڵناگرێت پیاوێکی عەگیدە.

ئیدی لەو ساتەوە مەحەبەتی چووە سەر دیڤورچ و چیتر بیری لەوە نەکردەوە کە جارێکی دی تاقی بکاتەوە. بەڵام ئەم بویەرە کارێکی قووڵی لە ماریا کیریلوڤنای کیژی کرد، خەیاڵی وروژاند و بۆچوونەکانی هەژاند بوو. کەلاکی ورچەکەی دەبینی کە دیڤورچ پێی ناوەتە سەرسەری و بێ خەم و خەیاڵ دەگەڵ ئەمدا قسان دەکات. ئەوساتە تێگەیی کە ڕەشیدی و ئازایەتی و غروورو نەفس بەرزی، تایبەت نییە بە چینێکی دیاری کراوەوە، لەوە بەدواوە ڕێزی تایبەتی لەم گەنجە فەرەنسیە دەگرت و سەعات بە سەعات زیاتر دەچووە دڵیەوە. جۆرە پەیوەندییەکی بێ وێنە و ناگەهانی کەوتە بەینی ئەو دووەوە، ماشا دەنگێکی خۆش و تواناو بەهرەیەکی مۆسیقی گەورەی هەبوو. دیفورچ ئامادەیی خۆی دەربڕی کە دەرسی پێ بڵێتەوە. دوای

ئەم پێشەکییە، پێموایە، خوێنەر بە ئاسانی پەی بەوە دەبات کە ماشا بێئەوەی تەنانەت لە دڵی خۆشیا ئیعتراف بکات، کەتە داوی ئەشقی ئەم گەنجە فەرەنسییەوە.

"٩"

ڕۆژێک بەر لەو جەژن و ئاهەنگەی کە باسمان کرد، میوانان بەرەو کۆشکی پاکروفسکوی پێیان کرایەوە. هەندێکیان لە ماڵی ئاغاو خانووە نزیکەکانی کۆشکەکەی خۆیدا داکران و هەندێکیان لەماڵی پێشکارو وەکیل لایاندا، تاقمێک چوونە ماڵی کەشیش و، کۆمەڵێکی دیکەش لەماڵی جووتیارە دەوڵەمەندەکان گیرسانەوە. تەویلەکان پڕبوون لە ئەسپی میوانان و دەوروبەری حەوشەو بەردەم باخەکان پڕبوون لە گالیسکانی جۆراو جۆر. لە سەعات نۆی بەیانیدا، زەنگەکان کاتی نوێژ و نزایان ڕاگەیاند. هەمووان بەرەو ئەو کڵێسا تازەیەی کە بە بەردو لەسەر حیسابی کیریلاپتروفیچ دروستکرابوو، کەوتنەڕێ. کیریلاپتروفیچ هەمیشە دەستی تیابوو، ساڵانە بەدیاری و توحفەێن خۆی دەیڕازاندەوە. ئیدی کڵێساکە بەڕادەیەک پڕ بوو لە نوێژکەران و میوانان کە شوێن بۆ جووتیارانی سادە نەمایەوە، ناچار بوون لە مەیدانەکەی بەردەم کڵێساکەو لە ڕاڕەوەکاندا و لەسەر قاڵدرمەکان بوەستن. هێشتا نوێژ و نزا دەستی پێنەکردبوو، هەموو چاوەڕوانی هاتنی کیریلاپتروفیچیان دەکرد، ئەوسا بەسواری گالیسکەیەکی شەش ئەسپە هات، ئیدی بە ئاسوودەیی و کەش و فشەوە، بەرەو شوێنی تایبەتی خۆی ڕۆیی. ماریا کیریلوڤنای کچیشی لەگەڵ بوو، ژنان و پیاوان ئاوڕیان لێدانەوە. پیاوان حەیرانی جوانی ماریا بوو بوون و ژنان، بە تاسەوە دەیانڕوانیە جل و بەرگ و جۆری ئارایشتەکەی.

نوێژ دەستی پێکرد. ئەو سروود خوانانەی کە لەماڵەوە مەشق درابوون، دەستیان بەخوێندنی سروودی دەستەجەمی کرد و کیریلاپتروفیچش لەگەڵیاندا، بێئەوەی ئاوڕی ڕاست و چەپ بداتەوە، دەیگوتەوە. کاتێ کەشیشەکە بەدەنگی بەرز دوعای بۆ دروستکەری ئەم پەرستگەیە کرد، کیریلاپتروفیچ بەخشوعێکی غروور ئامێزەوە سەری دانەواند.

ڕێوڕەسمی نوێژ و نزا تەواو بوو، کیریلا پتروفیچ یەکەم کەس بوو چوو بۆ لای خاچەکە تا ماچی بکات و ئامادەبووانیش هەموو دووی کەوتن. دەرودراوسێکان بە ڕیاو ڕووبینییەوە دەچوون بۆ لای و سڵاویان لێدەکرد. ژنان دەوری ماشایان دا. کیریلاپتروفیچ لەوکاتەدا کە لەکڵێساکە وەدەر دەکەوت، هەموو ئامادەبووانی دەعووت کرد کە بچن لەماڵی وی فراڤین بخۆن، ئەوسا سواری گالیسکەکەی بوو و بەرەو ماڵەوە وەڕێکەوت. هەموو میوانەکان دوای کەوتن. ژوورەکان بەرە بەرە پڕبوون لە میوان و سات بەسات سیمای تازە دەردەکەوتن، بەڵام نزیک بوونەوە لە خانەخوێ و دیداری ئەو زۆر زەحمەت بوو. ژنان لە شێوەی نیو بازنەیەکدا بە سەلاری لە دەوری یەکدی دانیشتبوون، جل و بەرگەکانیان کۆن و لە مۆد کەوتوو

بوو، بەڵام سەراپایان لە خشڵ و زێڕ و زەنبەری گرانبەهاو مرواری و ئەڵماسدا دەبریقایەوە. پیاوان لە نزیکی ڤۆدکاو خاویارەکاندا کەڵەکە بوو بوون و بە دەنگی بەرز قسانیان دەکرد و ژاوەژاوێکیان بەرپا کردبوو ئەوسەری دیار نەبوو. لە هۆڵەکەدا، مێزێکیان بۆ هەشتا نەفەر ڕازاندەوە. پێشخزمەتەکان مژوولی کاربوون، قاپە شەرابەکانیان دادەنا، دەستەسڕیان دادەناو سفرەیان ڕادەخست. ئەنجام پێشخزمەت باشی ڕایگەیاند کە نیوەڕۆژە ئامادەیە.

کیریلاپترۆفیچ، بەر لەهەمووان ڕۆیی تا لەجێی خۆی دانیشێت. ئەوسا ژنان لە دووی ئەوەوە ڕۆیشتن، هەموو سەلارو سەنگین، بەگوێرەی تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی هەرکەسەو لەجێی خۆ دانیشتن. کیژانی عازەب، وەکو مێگەلە بزنێکی شەرمن، هەموو بە تەنیشت یەکەوە بەرەو خواردنەکە چوون و یەک لە دوای یەک جێگەیان بۆ خۆدۆزییەوە. پیاوەکان ڕێک لەبەرانبەر ئەواندا دانیشتبوون، مامۆستا فەرەنسیەکە لەکۆتایی مێزەکەوە دانیشتبوو، ساشاشی لە تەنیشتەوە بوو.

پێشخزمەتەکان، بەگوێرەی پێگەو پایەی میوانەکان دەستیان بە خزمەت کرد. ڕەفتار و کاریان هێندە بە ئوسوڵ و ڕێک و پێک بوو کە کەمترین هەڵەیان نەدەکرد. دەنگی قاپ و مراکان تێکەڵ بە گفتوگۆی بەرزی میوانەکان بوو بوو. کیریلاپترۆفیچ بە خۆشحاڵییەوە، دەیڕوانیە دەوروبەری مێزەکەی خۆی و زۆر دڵی خۆش بوو کە توانی بووی ببێت بەم خانەخوێیە میوانپەروەرە... لەم کاتەدا گالیسکەیەکی شەش ئەسپە خۆی بەحەوشەدا کرد.

خانەخوێ پرسی:

-کێیە؟

چ دەنگێک پێکڤە بەرسڤیان دایەوە:

-ئانتون پاڤنوتوڤیچە.

دەرگا کرایەوەو ئانتون پاڤنوتوفیچ سپیتزین، کە پیاوێکی نەناسی کەلەش زەلامی قەڵەوی، پەنجا ساڵەی، دەموچاو کونجی ئاوڵاوی و غەبغەبە سێ چین، خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، بەدەم بزەوە بەردەوام کڕنۆشی دەبردو دەیویست تەرازی بێنێتەوە کە دواکەوتووە.

کیریلاپترۆفیچ بانگی کرد:

-ئادەی قاپ بێنن بۆ ئێرە... ئانتون پاڤنوتوفیچ خێرهاتی سەرسەر وسەرچاوان، پێمان بڵێ ئەمە چیە؟ نە بۆ نوێژەکە هاتی و بۆ خواردنەکەش ئەوەتا دێر کەوتووی. ئەمە لەکاری تۆ ناچێت، چونکە هەم خواپەرستی و هەم زۆر نەوسنی و ورگی خۆت زۆر خۆشدەوێ.

ئانتون پاڤنوتوفیچ، لە کاتێکا سووچی بەر کۆشەکەی لە کونی پاڵتۆکەی قایم دەکرد گوتی:

-ببورە ئاغا گیان، ببورن. زوو لەماڵ دەرچووم، بەڵام هێشتا دە کیلۆ مەترێکم نەبڕی بوو کە لەناکاوا پێچکەی پێشەوەی عەرەبانەکەم بوو بە دوولەتەوە، ئەدی تەگبیر؟ خۆشبەختانە زۆر لە گوندەوە دوور نەبووین، بەڵام تا گەیینە گوندو تا ئاسنگەرمان دۆزییەوە و دەگەڵ خۆمانمان بردو هەموو کارەکانمان ڕایی کرد سێ دانە سەعاتمان پێچوو و هیچ چارەیەکی دیمان نەبوو، نەمان وێرا بە نێو لێرەوارەکەی کیستینوفکادا ڕێگاکە قەد بڕ بکەین و ناچار بووین دووربکەینەوەو لە دوورترین ڕێگاوە خۆ بگەیەنینە ئێرە.

کیریلاپتروفیچ، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

-بەڕاستی وادیارە تۆ پیاوێکی ترسنۆکی،.. لەچ دەترسایت؟

ئانتون پاڤنوتوفیچ بەرسڤی دایەوە:

-کیریلاپتروفیچی ئازیز، چۆن لەچی دەترسام! ترسم لە دۆبرۆفسکی بوو، چونکە لەگین بوو بکەومە دەستی، ئەمە کوڕێکی زۆر کردەو کارامەیە، دەستبەرداری نێچیری خۆی نابێت، چاوپۆشی لە کەس ناکات، بە تایبەتی من، دەبێ لە هەموو کەس زیاتر لێی بترسم، ئەگەر بەر دەستی بکەوم، پێستم دەگروێ.

کیریلاپتروفیچ پرسی:

-باشە بۆ بەتۆوە گرتوویەتی؟

-بۆ؟ کیریلاپتروفیچی بەڕێز، تۆ بۆ ئەم پرسیارە دەکەی! ئایا دۆزو کەیسەکەی ئاندرێ گاڤریلوڤیچت فەرماۆش کردووە؟ مەگەر من نەبووم لەبەرخاتری تۆ، ببوورە هەڵەم کرد.. مەگەر من نەبووم بەپێی ئەرکی ویژدانی و لەبەرخاتری عەدالەت و دادوەری شایەدیم دا کە دۆبرۆفسکی بە نەهەق گوندی کیستینوڤکای داگیرکردووەو تەنیا لوتف و میرەبانی تۆ بووەتە بایسی ئەم زێدەگاڤیەی ئەو؟ خودا عافوی بکا، ڕەحمەتی دوبروفسکی هەڕەشەی لێکردم، کە بە شێوازی تایبەتی خۆی ئەم دڕکەم لەژێر پێیان دەربێنێ، هیچ دوور نییە کە کوڕەکەی ئەم هەڕەشەیەی باوکی جێبەجێ بکات، تا ئێستا خواوەند ستڕی کردووم و تەنیا یەک عەماری دانەوێڵەمیان تاڵان کردووە، بەڵام ئەم بایە لەم کونەوە بێ، ڕۆژێ دێ بدەن بەسەر ماڵەکەمداو..

کیریلاپتروفیچ گوتی:

-بەڵێ لە ماڵەکەتدا ئەو گەنجینە گەورەیە دەدۆزنەوە... دڵنیام سەندووقە چکۆلە سوورەکە، پڕ پڕە.

-دە قسەی باش بکە ڕەحمەتت لێ بێ، سەردەمانێک ئەم سەندووقە پڕ بوو، بەڵام ئێستا بەتاڵی بەتاڵە!

-درۆ مەکە ئانتون پاڤنوتوفیچ، ئێمە هەموومان تۆ دەناسین، تۆ لەکوێ پارە خەرج دەکەیت؟ تۆ وەکو بەراز خۆت خزاندووەتە کونی ژوورەوەو بەعەمراتت هیچ کەسێک دەعوەت ناکەیت. مسکێن و جووتیارەکانی خۆت تاڵان دەکەیت، ئیدی پارەکانت بەکەڵکی هیچ نایەن، مەگەر هەر عەماریان بکەیت و بەس.

ئانتون پاڤنوتوفیچ بەدەم زەردە خەنەیەکەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:

-بێ قەزابی تۆ لە سوعبەتی خۆت ناکەوی. بەڵام باوەڕم پێ بفەرموو، ئێمە بەتەواوەتی لێبووینەتەوە نابووت بووین.

لێرەدا، پارووەیەکی چەوری هەڵگرت و نایە دەمی تا تاڵی سوعبەتە بەنێش و ئێشەکەی خانەخوێیەکەی خۆی پێ برەوێنێتەوە.

کیریلاپترۆفیچ، وازی لەو هێنا و ڕووی کردە سەرۆکی تازەی پۆلیس کە بۆ یەکەمجار هاتبووە میوانی ئەو و لە کۆتایی مێزەکەو لە تەنیشت مامۆستا فەرەنسیەکەوە دانیشتبوو، گوتی:

-ئێ جەنابی سەرۆکی پۆلیس، ئایا ئێوە ئەنجام دۆبرۆفسکی دەگرن؟

سەرۆکی پۆلیس کە تەواو ترسی لێ نیشتبوو، کڕنۆشێکی برد، زەردە خەنەیەکی کرد، کەوتە دەمەڵاڵکێ و گوتی:

-بەڵێ پایە بەرز، هەموو هەوڵێکی خۆمان بەکار دەبەین.

-ئۆهۆ! هەوڵ دەدەم.. هەوڵ دەدەم.. لە مێژە کە ئێوە هەوڵ دەدەن، بەڵام هیچ ئاکامێکی ئەم هەوڵە دیار نیە.. باوەجو بۆ بیگرن؟ تاوانەکانی دوبرۆفسکی بووە بە خێرو بەرەکەت بۆ ئەفسەرانی پۆلیس. بە بۆنەی ئەوەوە سەفەری ئەم لاو ئەولا دەکەن و تەحقیقات و لێکۆڵینەوە دەکەن و پارەی باش دەخەنە تەنکەی باخەڵیان، ئیدی چۆن دڵیان دێت ئەم وەلی نیعمەتە لەناو بەرن؟ وانیە جەنابی سەرۆکی پۆلیس؟

سەرۆک، کە تەواو پەشۆکا، کڕنوشێکی بردو گوتی:

-قوربان ڕاست دەفەرموویت، چۆنی دەڵێی وایە.

میوانەکان لە قاقای پێکەنینیان دا.

کیریلاپترۆفیچ گوتی:

-من ئەم ڕاشکاوییەی ئەم پیاوەم زۆر پێخۆشە، بەڵام سەد حەیف و مخابن، بۆ سەرۆکی جاران، بۆ مەرحووم ئاراس ئالکسییڤیچ! ئەگەر نەیان سووتاند با، ئێستا هەموو ئەم ناوچەیە ئەمن و ئەمان دەبوو. ئێ هاڵ و هەواڵی دۆبرۆفسکی؟ ئاخرجار لەکوێ بینراوە!

دەنگی گڕی ژنێک بەرزبووەوەو گوتی:

-لە ماڵەکەی مندا کیریلاپترۆفیچ.. سێ شەممەی ڕابردوو لەلای من فراڤینی خوارد..

هەموو میوانەکان چاویان بڕییە "ئانا ساڤیشنا گلوبوڤا" کە بێوەژنێکی میهرەبان و خۆش ئاکارو ڕووخۆش وسیما خەنۆل بوو، هەموو ئامادەبووان خۆیان ئامادەکرد کە گوێ لەو حیکایەتەی ئەو بگرن، بێوەژنەکە گوتی:

-حەزدەکەم ئەوەتان پێ بڵێم کە من سێ هەفتەیەک پێش ئێستا وەکیل و پێشکارەکەی خۆم بۆ پۆستەخانە نارد تا نامەیەک بۆ ڤانیوشای کوڕم پۆست بکات. من کوڕەکەمم بەنازداری بەخێو نەکردووە، خۆ ئەگەر بشمەوێ نازی بکێشم، من ئەو توانایەم نییە. بەڵام وەکو هەمووتان دەزانن، ئەفسەرێکی گاردی تزاری پێویستە ژیانێکی شایستەی هەبێت و دەگەڵ پێگەکەی خۆیدا بگونجێت. بۆیە من ئەوەندەی بتوانم لە دەرامەتە کەمەکەی خۆم دەگرمەوەو بۆ ڤانیوشای کوڕمی دەنێرم. ئیدی ئەمجارەش دوو هەزار ڕۆبڵم بۆ نارد، هەرچەندە دووسێ جار خەیاڵی دوبروفسکی هات بە مێشکما، بەڵام لەدڵی خۆدا گوتم: لێرەوە تا شار فاسیلەیەکی زۆر نییەو هەمووی نزیکەی حەوت کیلۆمەترێکە و ئیشەڵا هیچ شتێک ڕوونادات. بەڵام گوێ بگرن، بزانن چی ڕوویدا : پێشکارەکەم بۆ ئێوارە بە ڕەنگی هەڵبزڕکاو و جل و بەرگی شڕو شەپرێوەوە و بەبێ گالیسکە گەڕایەوە، کە ئاهێکم هەڵکێشاو بەدەم هاوارەوە پرسیارم کرد چ بووە؟ چ بەڵایەکت بەسەرهاتووە؟ بەرسڤی دایەوە:

-خانم گیان، دزەکان ڕووتیان کردمەوە، چی وای نەمابوو خۆیشم بکوژن. دوبرۆفسکی بەخۆیشی لەوێ بوو، دەیویست لەسێدارەم بدات بەڵام دڵی بەحاڵم سووتاو ئازادی کردم، بەڵام هەرچییەکم پێ بوو لە پارەو ئەسپ و عەرەبانە هەرهەمووی برد.

ئیدی قەڵەمی دەست و پێم شکا، لەدڵی خۆدا گوتم: ئەی ماڵی وێرانم! ئێستا کوڕەکەم بەبێ پارە چ دەکات! ئیدی هیچ چارێکم نەما، هەستام نامەیەکم بۆ نووسی و حاڵ و حیکایەتەکەم لە سیری تا پیازی بۆ ڕوون کردەوە، لە جیاتی پارە سڵاوم بۆ نارد و دوعای خێرم بۆ کرد. دوای دوو هەفتە ڕۆژێک لەناکاوا گالیسکەیەک خۆی بە حەوشەکەی مندا کردو جەنەڕاڵێک داوای دیداری منی کرد. گوتم با بفەرمووێ. دوای تۆزێک پیاوێک خۆی بەژووردا کرد کە تەمەنی نزیکەی سی و پێنج دانە ساڵ دەبوو. پیاوێکی گەنم ڕەنگی قژ ڕەشی بەڕیش و سمێڵ بوو. خۆی ناساند و گوتی کە لە هاوقیتارانی کۆنی مێردە ڕەحمەتیەکەی منەو "ئیڤان ئاندریوفیچ"ی ناوەو پاشان گوتی: "کە بەم ناوەدا تێدەپەڕیم، حەزم کرد دیدەنیەکی ژنی دۆستەکەی جارانی خۆم بکەم، بەتایبەتی کە دەمزانی تۆ لەم دەڤەرە دەژیت." ئیدی دەعوەتی شیوم کردو هەر خواردنێکم هەبوو، دامێ، ئیدی بەدەم قسانەوە، قسەیەک لێرەو قسەیەک لەوێ سەرەنجام هاتینە سەر دۆبرۆفسکی. من باسی ئەو بەڵایەم کرد کە بەسەرم هاتبوو. جەنەڕاڵ ڕووی گرژ کردو گوتی:

-زۆر سەیرە! ئەوەی من بیستوومە دۆبرۆفسکی هەموو کەسێک تاڵان ناکات، هەقی بەسەر هەژارانەوە نییە، تەنیا دەوڵەمەندانی ناسراو تاڵان دەکات، تەنانەت ئەوانیش بەتەواوەتی تاڵان ناکات، شتێکیان بۆ دەهێڵێتەوە. تا ئێستا هیچ کەسێک نەیتوانیوە تۆمەتی کوشتنی بداتە پاڵ، پێت وانیە فێڵ و دەهۆیەک لەم

کارەدا هەبێت؟ ئەگەر زەحمەت نەبێ پێشکارەکەت بانگ بکە. ناردم بە شوێنیداو خێرا هات. بەڵام هەرکە چاوی بە جەنەڕاڵ کەوت لەجێی خۆی وشک بوو. جەنەڕاڵەکە پێی گوت:

-ئێ برادەر، بڵێ بزانم دوبرۆفسکی چۆن تۆی ڕووت کردەوە و چۆن دەیویست لەسێدارەت بدات؟

پێشکارەکەم کەوتە لەرزین و خۆی هاویشتە سەر لاقی جەنەڕاڵ و بەدەم پاڕانەوەوە گوتی:

-قوربان من خەتابارم، شەیتان پێی کردم. درۆم کرد.

یارۆی جەنەڕاڵ گوتی:

-کەواتە حیکایەیەکە وەکو خۆی بۆ خانم بگێڕەوە و منیش گوێت لێدەگرم.

بەڵام پێشکارەکەی من، زمانی لە گۆکەوت، جەنەڕاڵ لەسەری ڕۆیی و گوتی:

-دەی باشە، پێم بڵێ تۆ دۆبرۆفسکیت لەکوێ بینی؟

-ئەزبەنی لای جووتە دار کاژەکە، لای جووتە کاژەکە.

-چی پێ گوتیت؟

-لێی پرسیم کێم، کێوە دەچم و چ کارێکم هەیە؟

-زۆر چاکە، دوای ئەوە؟

-دوای ئەوە پارەو نامەکەی لێ داوا کردم و منیش دامێ.

-دوای ئەوە؟

-بەڵێ.. دوایی... ببورە قوربان من گوناحکارم.

-باشە ئەو چیکرد؟

-نامەکەو پارەکانی دامەوەو گوتی:-بڕۆ بەسەلامەت و کاغەزەکەت پۆست بکە.

-ئێ!

-ببوورە ئەزبەنی، بمبە خشە، گوناحکارم.

جەنەڕاڵ بەدەنگێکی سامناک گوتی:

-هەتیو من دەزانم تۆ دەبێ چیت لێبکرێت. خانم تۆش ئەمر بفەرموو کە سەندوقەکەی ئەم دزە بگەڕێن و پاشان خۆی ڕادەستی من بکەن؛ دەرسێکی باشی دادەدەم. ئەوەش بزانە کە دۆبرۆفسکی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەفسەری گاردی تزاری بووەو هەرگیز خیانەت لە دۆستەکانی ناکات.

هەڵبەتە من یەکسەر ئەم پیاوە بەرزەم ناسی، بەڵام بە پێویستم نەزانی هیچ قسەیەک بکەم، عەرەبانچییەکەی ئەو، پێشکارەکەی منی بەکورسی عەرەبانەکەوە تەناف پێچ کرد تا هەڵنەیەت، پارەکەمان دۆزییەوە. جەنەڕاڵ شیوی لەلای من خوارد و یەکسەر و بەپەلە ڕۆیی و پێشکارەکەی منیشی لەگەڵ خۆیدا

برد. بۆ ڕۆژی دوایی پێشکارەکەی منیان لە جەنگەڵێکدا دۆزییەوە، کە بەڕووت و قووتی بەدار بەڕوویەکیانەوە تەناف پێچ کردبوو و هێندەیان لێدابوو، پێستی بە بەدەنەوە نەمابوو.

هەموو ئامادەبوان، بەتایبەتی کیژان و ژنانی گەنج بەوردی و بێدەنگی گوێیان بۆ چیرۆکەکەی "ئاناساڤیشنا" ڕادەدێراو زۆربەیان لەدڵی خۆدا جۆرە خۆشەویشتی و سۆزێکیان دەرهەق بە دۆبرۆفسکی لەلا دروست بوو و وەکو قارەمانێکی ئەفسانەیی تەمەشایان دەکرد. بەتایبەتی ماریا کیریلوفنا کە خودان خەیاڵێکی سەرکێش و باڵدار بوو و زۆر لەژێر کاریگەری خوێندنەوەی ڕۆمانە ئاڵۆزو بەسام و ترسناکەکانی "ڕادکلیف"دا بوو.

کیریلاپتروفیچ پرسی:

-جا ئانا ساڤیشنا، تۆ بەڕاستی باوەڕت وایە کە ئەم پیاوە خودی دۆبرۆفسکی بووە؟ بەڵام حەزدەکەم دڵنیابیت کە تۆ هەڵەیت، زۆریش سەهویت، هەڵبەتە من نازانم میوانەکەت کێ بووە، بەڵام دڵنیام کە دۆبرۆفسکی نەبووە.

ئانا ساڤیشنا بەرسڤی دایەوە:

-دۆبرۆفسکی نەبووە؟ شتی وا چۆن دەبێت قوربان، جگە لەو کێ دەتوانێ ڕێبواران لە ناوەندی ڕێگەو بانان ڕابگرێت و بیان پشکنێ؟

-نازانم بەڵام ئەرخایەنم کە ئەوە دۆبرۆفسکی نەبووە، من دەورانی زارۆکینی ئەوم لە بیرە، نازانم لەوەیە ئێستا سەری ڕەش بووبێ لێ ئەوسا قژی زەردێکی لوول بوو. ئەوەش چاک دەزانم کە دۆبرۆفسکی پێنج دانە ساڵ لە ماشای کچی من گەورەترە، بەم پێیە تەمەنی سی و پێنج ساڵ نییە، بەڵکو بیست و سێ ساڵانە.

سەرۆکی پۆلیس گوتی:

-قوربان ڕاست دەفەرمووی، من هەموو نیشانەکانی فلادیمیر دۆبرۆفسکیم لە گیرفاندایە، بەگوێرەی ئەم نیشانانەی لای من تەمەنی ئەو دەقاو دەق بیست و سێ ساڵە.

کیریلاپتروفیچ گوتی:

-ئەها، کەواتە ئەو نیشانانەمان بۆ وەخوێنە، باگوێمان لێ بێ. خراپ نییە ئێمەش نیشانەکانی بزانین، لەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان تووشی ببین، ئەگەر بیناسین، ناتوانێ بەئاسانی لە دەستمان دەربچێت.

سەرۆکی پۆلیس، کاغەزێکی قەدکراوی هەندێ چڵکنی لەبەرکی خۆی دەرهێناو بەدەم پۆزلێدانەوەو بە دەنگێکی بەرزو ئاهەنگین دەستی بەخوێندنەوەی کرد:

-"نیشانەکانی فلادیمیر دۆبرۆفسکی بەگوێرەی گێڕانەوەی دەست و پێوەندو ڕەعیەتەکانی جارانی:

تەمەن: بیست و سێ ساڵان؛ باڵا: مامناوەندی؛ ڕەنگی ڕوخسار: کاڵ . ڕدێن: تاشراو؛ چاوەکانی: مەڕی، قژ: خورمایی، کەپوو: ڕاست. نیشانەێن تایبەتی: نییە."

کیریلاپتروفیچ گوتی: -تەواو، هەر ئەوەندەت پێیە؟

سەرۆکی پۆلیس بەدەم قەدو نوشتکردنی نامەکەوە گوتی:

-بەڵێ تەواو.

-کەواتە پیرۆزباییت لێدەکەم جەنابی سەرۆکی پۆلیس، بەڕاستی بەڵگەنامەیەکی بەنرخت پێیە! بە پشتیوانی ئەم بەڵگەنامەیە دەتوانن، بەئاسانی دۆبرۆفسکی بدۆزنەوە! تۆ پێم بڵێ کێ هەیە میانە باڵا نەبێ؟ کێ هەیە قژی خورمایی نەبێ و چاوی مەڕی و لووتی ڕاست نەبێ؟ من گرێوت دەگەڵ دەکەم لەگینە سێ دانە سەعاتی خشت ڕوو بەڕوو دەگەڵ دۆبرۆفسکی دا دانیشیت و قسەی لەگەڵ بکەیت و نەزانی دەگەڵ کێدا دانیشتوویت، ئەلهەقی ئەم مامورانەی دەوڵەت. کوڕی زیرەک و هۆشنن!

سەرۆکی پۆلیس، بەشەرمەزاری و تەریقییەوە نامەکەی لە گیرفانی نایەوەو هیچ قسەیەکی دی نەکردو ئیدی بەربووە ئەو گۆشت قازەی کە بەکەلەرمەوە لەسەر قاپەکەیان دانابوو. لەم بەینەدا پێشخزمەتەکان چەندین جار بەسەر میوانەکاندا گەڕابوون و پێکەکانیان بۆ پڕکردبووەوە. چەندین بوتڵە شەرابی "قەفقازو دۆن" بەسەرو سەدای زۆرەوە کرانەوەو میوانەکان ئەم شەرابەیان بەخۆشحاڵیەوە بە شامپانیا زانی. بەرە بەرە دەموچاوەکان سوور هەڵگەڕان، گفتوگۆی ئامادەبووان بەرزتر بوون، بابەتەکان ساکارانەترو ڕوخسارەکان گەشتر بوونەوە.

کیریلاپتروفیچ لەسەری ڕۆیی و گوتی:

-نەخێر، هەرگیز جارێکی دی سەرۆک پۆلیسێکی چاکی وەکو "تاراس ئالیکسییوفیچ" بەخۆوە نابینین. کابرایەک بوو زیرەک و کارامە. سەد حەیف و مخابن کە ئەو شێرە پیاوەیان سووتاند، دەنا یەک کەس لەم چەتە و ڕێگرانە بەسەلامەتی لە دەستی دەرباز نەدەبوو. هەرهەموویانی دەگرت و تەنانەت خودی "دۆبرۆفسکی"ش لە چنگی دەرنەدەچوو و نەیدەتوانی بە بەرتیل دەمی چەور بکات. من دڵنیام کە تاراس ئەلیکسییوفیچ، سەربەهای لێوەردەگرت ، بەڵام ئازادیشی نەدەکرد. من دەزانم ئاقیبەت ئەم کارە بەملی مندا دێت و هیچ چارێک نییە دەبێ پیاوەکانی خۆم بەرم و بەخۆم بکەومە تاقیبی ئەم چەتە و ڕێگرانە. لەسەرەتاوە بیست کەس لە پیاوەکانم چەکدار دەکەم و بەدەستی ئەوان تەواوی لێرەوارەکە لەم دزو چەتانە پاک دەکەمەوە. پیاوەکانی من خەڵکی ترسنۆک نین. هەر یەکێکیان بگری بەدەستی خاڵی ورچێکت بۆ ڕاو دەکات، بۆیە مەحاڵە لەبەر کەسێکی ڕێگرو جەردەدا هەڵێن.

ئانتون پاڤنوتیچ، کە گوێی لەم قسانە بوو، ئاشنا تووکنەکەی خۆی و شۆخی و سەرگەرمیەکانی پتروفیچی بیرکەوتەوەو پرسی:

-ئەرێ ورچەکەتان چۆنە کیریلاپتروفیچ؟

کیریلاپتروفیچ بەرسڤی دایەوە:

-ورچەکەم "میشا" عومری درێژی بۆتۆ بەجێهێشت، کەوتە دەستی دژمن و سەربەرزانە مرد.

هەنگێ کیریلاپترۆفیچ، لەکاتێکا کە بە قامکان ئاماژەی بۆ لای مامۆستا فەرەنسییەکە دەکرد گوتی:

-ئەوەی لەوێ دانیشتووە کوشتی. تۆ دەبێ وێنەیەکی ئەو فەرەنسیە بۆ یادگاری بگریت، چونکە ئەو تۆڵەی تۆی لە ورچەکە کردەوە. ئەرێ لەبیرت ماوە ورچەکە چی پێکردیت؟

ئانتون پاڤنوتیچ، بەدەم خوراندنی پەناگوێیەوە گوتی:

-ئەدی مانای چی، ئەوە شتێکە لەبیر بچێت؟ زۆر چاکیش لەبیرمە، ئێ.. کەواتە ورچەکەی تۆش (میشا) مرد.. زۆر بە داخەوەم! چەند کۆمیدی بوو! چەند هۆش و زیرەک بوو! مەحاڵە ورچێکی دیکەی وەکو ئەوت دەست بکەوێ، باشە ئەم میسۆیە بۆچی کوشتی؟

هەنگێ کیریلاپتروفیچ، بە ئاو وتاوێکی زۆر دەستی بە گێڕانەوەی شەڕو ململانێی یارۆی فەرەنسی و ورچەکە کرد، عادەتی وابوو زۆر بەوشتانەوە دەفشی کە پەیوەندییان بەخودی ئەوەوە هەبوو. میوانەکان بەوردی گوێیان لە چیرۆکی مردنی میشا (ورچەکە) دەگرت و بە سەرسامی چاویان بڕی بووە مامۆستا دیفورچ، کە بەئارامی دانیشتبوو و بێئەوەی گوێی لەوەبێ کە باس، باسی ئازایەتی و بوێری ئەوە، جار جار ئامۆژگارییەکی ئەخلاقی قوتابیەکەی خۆی دەکرد.

ئاقیبەت فراڤینەکە کە نزیکەی سێ دانە سەعاتی خایاند، کۆتایی هات، خانەخوێ خاولیەکەی خۆی لەسەر مێز و خوانەکە دانا، ئیدی هەموو هەستان و چوون بۆ ژووری میوان، بۆ ئەو شوێنەی کە قاوەو وەرەقبازی چاوەڕوانیان بوو، هەروەها بادە نۆشیش، بەهەمان گەرمی و گوڕییەوە کە لە ژووری نانخواردنەوە دەستی پێکردبوو، بەردەوام بوو.

"١٠"

دەور وبەری سەعات حەوتی ئێوارە بوو کە هەندێک لە میوانەکان بەتەمابوون لە خزمەت مەرەخەس بن، بەڵام خانەخوێ کە سەری گەرم بوو بوو و نەشە گرتبووی، دەستووری دا کە هەموو دەرگاکان دابخەن و ڕایگەیاند کە هیچ میوانێک بۆی نییە تا سبەی بەیانی لەم ماڵە وەدەربکەوێ.

خێرا دەنگی مۆزیقا بەرزبووەوە، دەرگاکانی هۆڵی سەمایان خستە سەر گازی پشت و ئاهەنگی سەما دەستی پێکرد. خاوەن ماڵ و دۆستە نزیکەکانی لە سووچێکەوە دانیشتبوون و پەیتا پەیتا پێکیان هەڵدەدا و تەمەشای خۆشحاڵی و شادی گەنجەکانیان دەکرد. خانمە پیرەکان سەرگەرمی یاری وەرەق بوون. سەماکارانی پیاو وەکو هەمیشە کەمتربوون لە سەماکارانی ژن. هەموو ئەو پیاوانەی کە بۆ سەمادەشیان لەلایەن ژنەکانەوە هەڵبژێردرا بوون و خەریکی سەماو ڕەقس بوون. مامۆستا فەرەنسیەکە لە هەمووان پتر دەرەقسی و لەم ڕووەوە زۆر دیار و کارامە بوو، هەموو ژنەکان حەزیان دەکرد دەگەڵ ئەودا بڕەقسن و باوەڕیان وابوو کە ئەو لە هەمووان باشتر سەمای ڤالس دەکات. چەندین سوور دەگەڵ ماریا کیریلوڤنادا ڕەقسی و ژنەکانی دی بەدەم بزەێن مانادارەوە تەمەشای ئەو دووەیان دەکرد.

ئەنجام نزیکی نیوەشەو، ماڵخۆ کە تەواو شەکەت بوو بوو، کۆتایی ئاهەنگی سەماکەی ڕاگەیاند و ئەمری کرد کە شێو بە میوانەکان بدرێ و بەخۆی ڕۆیی تا بخەوێ.

ڕۆیشتنی کیریلاپترۆفیچ، ئازادییەکی زیاتری بە میوانەکان بەخشی. پیاوەکان، جورئەتێکی زۆرتریان پەیدا کردو لە نزیکی ژنەکان دانیشتن. کیژەکان پێدەکەنین و دەگەڵ پیاوەکانی نزیکی خۆیانەوە فسکە فسکیان دەکرد. ژنەکان بەدەنگی بەرز دەگەڵ ئەوانەدا کە لەوبەری مێزەکەوە دانیشتبوون، قسەیان دەکرد. پیاوەکان پەیتا پەیتا دەیانخواردەوە، گەنگەشەیان دەکرد، قاقایان لێدەدا. بەکورتیەکەی شێوێکی خۆش و بەلەزەت خوراو یادو بیرەوەرییەکی خۆشی لەدڵدا جێ هێشتن. تەنیا یەک نەفەر لە شادی خۆشحاڵی ئەوانی دیدا بەشداری نەدەکرد، ئەویش ئانتون پاڤنوتیچ بوو کە بێدەنگ و خەمبار لە جێی خۆی دانیشتبوو، بە حەواس پەرتییەوە شیوی دەخواردو زۆر پەشێو و پەرێشان دەینواند. باس و خواسی چەتەو ڕێگرەکان کارێکی زۆری تێ کردبوو، هەڵبەتە هەر زوو دەرکەوت کە نەهەقی نەبوو لێیان بترسێت.

ئانتون پافنوتیچ کە خودای بەشایەد گرتبوو کە سەندووقە سوورەکەی بەتاڵەو هیچی تیا نییە درۆی نەکردبوو. سەندووقە سوورەکەی بەڕاستی خاڵی بوو؛ چونکە ئەو پارەو پولەی کە زەمانێ لە سەندوقەکەدا هەڵیدەگرت، هەنووکە خستبوویە جانتایەکی چەرمەوەو لەژێر کراسەکەیەوە بە بەرۆکی خۆوەی بەستبوو، هەمیشە بەخۆی بوو. تەنیا لەم ڕێگەیەوە هەندێ ئاسوودەیی بەدڵی خۆی بەخشی بوو و ترس و گومانی خۆی لەم و لەو ڕەواندبووەوە. بەڵام ئێستا کە ناچار بوو بوو شەوێک لە ماڵی بێگانەیەک بگوزەرێنێ، لەوە دەترسا نەبا لە ژوورێکی تەنیادا بیخەوێنن و دزان بتوانن بەئاسانی خۆ بەو ژوورەدا بکەن و ڕووتی بکەنەوە. ئەوە بوو بەچاو لە کەسێک دەگەڕا کە جێگەی متمانە بێ و لە ژوورەکەی ئەودا بخەوێ. ئەنجام نیگای لەسەر دیفورچ گیرسایەوە. هۆی ئەمەش ئەوە بوو کە ڕواڵەتی دیفورچ، توانایەکی بەدەنی پێوە دیار بوو، ئەمە جگە لەوەی ئازایانە چوو بوو بەگژ ورچەکەدا کە ئانتون پاڤنوتیچی بەلەنگاز کاتێ ورچەکەی

بیردەکەوتەوە ئازای دەکەوتە لەرزین. کاتێ میوانەکان لەسەر مێزو خوانەکە هەستان ئانتون پاڤنوتیچ ماوەیەک بەدەوری گەنجە فەرەنسییەکەدا سوڕایەوە. چەند جارێک کۆکی و سینگی خۆی پاک کردەوەو ئەنجام ڕوو لەو گوتی:

-ئحم.. ئحم.. ببورە مسیو، دەشێت ئەمشەو لە ژوورە بچووکەکەی تۆدا ڕۆژ بکەمەوە، چونکە، ڕاستت دەوێ..

دیفورچ. بەڕێزەوە سەری بۆ دانەواندو بە زمانی فەرەنسی گوتی: -چی دەفەرمووی قوربان؟

-خوا مەرگ خوا، هێشتا ڕووسی فێر نەبوویت مسیو. پاشان، بە فەرەنسیەکی تێک شکاو و لنگەوقووچ گوتی: -دەمەوێ لە ژوورکەی تۆ، لای تۆ بخەوم تێدەگەی؟

دیفورچ، بەهەمان ڕێز و نەزاکەتەوە، بەزمانی فەرەنسی گوتی:

-بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە قوربان، ئەمر بکە با شوێنت بۆ چاک بکەن.

ئانتون پاڤنوتیچ، کە زۆر لە فەرەنسیەکەی خۆی ڕازی بوو بوو، خێرا ڕۆیی تا دەستووری پێویست بدات کە جێگای بۆ چاک بکەن.

میوانەکان، دەستیان بە خوداحافیزی لێکدی کرد و شەوباشیان لێکدی کرد. هەرکەسەو چوو بۆ ئەو ژوورەی کە بۆی تەرخان کرا بوو. ئانتون پاڤنوتیچش دەگەڵ مامۆستا فەرەنسیەکەدا بەرەو ژوورەکەی ئەو چوو. شەوێکی تاریک بوو، دیڤورچ، ڤانۆسێکی هەڵگرتبوو و ڕێگاکەی ڕوناک دەکردەوە. ئانتون پاڤنوتیچ، گورج و گۆڵ و چالاک و چەلەنگ لە دووی ئەوەوە دەڕۆیی و جار جارێک دەستی لە سینگی خۆی دەدا تا دڵنیابێت کە پارەکانی ماون.

هەرکە چوونە ژوورەکەوە، مامۆستا مۆمێکی هەڵگیرساند و هەردووکیان کەوتنە خۆگۆڕین و ئانتون پاڤیوتیچ بەچوار دەوری ژوورەکەدا دەڕۆیی و دەسکی پەنجەرەکانی تاقی دەکردەوە. دەسک و جۆری داخستنی پەنجەرەکانی بەدڵ نەبوو و بە ناڕەزاییەوە سەری دەلەقاند. دەرگاکان تەنیا یەک سورگیان هەبوو و چوارچێوەو کەتیبەی پەنجەرەکان مکوم نەبوون. ویستی گلەیی ئەمە لەلای دیفورچ بکات، بەڵام فەرەنسیەکەی لەوە خراپتر بوو کە بتوانێ ئەو بابەتە دوورو درێژەی پێ دەرببڕێت. یارۆی فەرەنسی هیچی لێ حاڵی نەبوو، ئانتون "پاڤنوتیچ"ش ناچار بوو دەستبەرداری گلەییەکەی خۆببێت. جێگاکانیان بەرانبەر یەکدی بوون. هەردووکیان چوونە ناو جێگاوەو مامۆستا مۆمەکەی کوژاندەوە.

ئانتون پاڤنوتیچ، بەزمانێکی تێکشکاو کە نیوەی ڕووسی بوو و چەند وشەیەکی فەرەنسی تێهەڵکێش کردبوو، هاواری کرد:

-بۆ مۆمەکەت کوشت؟ ئاخر من ناتوانم لە تاریکییدا بخەوم، بۆ مۆمەکەت کوشت؟

بەڵام دیفورچ، هیچی لێ حاڵی نەبوو و شەوباشی لێکرد. ئانتون پافنوتیچ لەکاتێکا لێفەکەی لەخۆوە دەپێچا، لەبن لێوانەوە گوتی:

-کافری مەلعوون.. نەیدەتوانی بە ڕوناکی بخەوێ و مۆمەکە نەکوژێنێتەوە.. خۆ بۆ خۆی خراپە. من ناتوانم بەبێ ڕوناکی بخەوم.

هەنگێ دووجار بانگی کرد: -مسیو، مسیو

لێ کابرای فەرەنسی هیچ وەڵامێکی نەدایەوەو زوو بەزوو پرخ و هۆڕی بەرزبووەوە.

ئانتون پاڤنوتیچ لەبەرخۆوە گوتی:

-حەرامزادەی فەرەنسی بێ خەم و خەیاڵ دەپرخێنێ، کەچی من ناتوانم بەخەیاڵیش بیر لەخەو بکەمەوە.. دەترسم دزان لە دەرگا کراوەکان یا پەنجەرەکانەوە خۆ بەژوورا بکەن. ئەم حەرامزادەیە لە گرمەی تۆپیش بەخەبەر نایەت!

ئانتون پاڤنوتیچ، بێدەنگ بوو. ماندوویەتی و کاریگەری بادە بەرە بەرە بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بوو، ماوەیەک وەنەوزی داو زۆری پێنەچوو کە خەوێکی قووڵ بردیەوە. بەڵام زوو بەزوو هەستێکی سەیر بێداری کردەوە. لە خەویا هەستی کرد کە یەکێک بەئارامی یەخەی کراسەکەی گرتووەو ڕایدەکێشێت. ئانتون پاڤنوتیچ، چاوەکانی کردەوەو لەبەر ڕوناکی سپیواژی بەرەبەیانی پاییزدا دیفورچی بینی کە لە بەرانبەریا وەستاوە. کابرای فەرەنسی بەدەستێک دەمانچەیەکی چکۆلەی گرتبوو و بەدەستەکەی دیکەی جانتا چەرمیەکەی ئەوی دەکردەوە. ئانتون پاڤنوتیچ، قەڵەمی دەست و پێی شکا، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

-کسکی سی مسیو، کسکی سی؟ (ئەوە چیە قوربان؟)

مامۆستا، بەزمانێکی ڕووسی پاراو بەرسڤی دایەوە: -وس! ئەگینا دەتکوژم. من دۆبرۆفسکیم.

"١١"

هەنووکە داوا لە خوێنەران دەکەین کە ڕێگەمان بدەن، هەندێ لەو ڕووداوانە بگێڕینەوە کە بەر لەم ڕووداوانە، ڕوویان دابوو و کاتی ئەوەم نەبوو، پێشتر باسیان بکەین! "لەوێستگەی (...) لەماڵی بەڕێوەبەری هەمان بەڕێوبەری وێستگە کە پێشتر ئاماژەمان کردێ، ڕێبوارێک لە سووچێکدا دانیشتبوو کە زۆر هێمن و هێدی دیار بوو، بەڕواڵەتیا لەوە دەچوو کە پیاوێکی ڕەشۆکی یان بێگانە بێ، دیار بوو کە توانای نەبوو داوای هەقی خۆی بکات و سوود لە نۆرەی خۆی بۆ درێژەدان بە سەفەرەکەی بدینێ. گالیسکەکەی لەناو حەوشەی وێستگەکە وەستابوو ودەیانویست پێچکەکانی گریس بکەن. جانتایەکی بچووک لەنێو عەرەبانەکەدا بوو کە نیشانەی هەژاری و دەستکورتی خاوەنەکەی بوو. ئەم ڕێبوارە چاو قاوەی داوا نەکرد، ئیدی بە

مەلوولی لە شوێن خۆی دانیشتبوو. لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە دەرێ و فیکەی لێدەدا، ئەم فیکە لێدانەی ئەو ژنی بەڕێوبەری وێستگەکەی، کە لەپشت تارمەکەوە دانیشتبوو، زۆر پەست کرد، ڕووی کردە مێردەکەی و بە ئەسپایی گوتی:

-خودا چ فیکە کێشێکی بۆ ناردووین، بڕوانە چۆن فیکە لێدەدا! دەک خوا بتباتەوە کافری مەلعوون!

مێردەکەی گوتی:

-هەقت بەسەر خەڵکیەوە چیە؟ با هەر فیکە لێبدات.

ژنەکەی کە تووڕە بوو بوو، بەرسڤی دایەوە:

-چۆن هەقم چیە؟ مەگەر نەت بیستووە کە فیکە لێدان نیشانەی چیە؟

-نیشانەی چیە؟ یانی یانی دەتەوێ بڵێی فیکە لێدان، ڕزق و ڕۆزی دەبڕێت؟ لەماڵی ئێمەدا، فیکە لێ بدەن یا نەدەن، شوکر هیچ سەروەت و سامانێک نییە تا ببڕێت.

-سیدوریچ، تۆ بۆ لێرە ڕاتگرتووە.. ئاخر چ قازانجێک لەمە دەکەی؟ ئەسپی بدەیەو با ملی خۆی بشکێنێ و گۆڕی گوم بکات.

-پاخوموڤنا گیان با کەمێک چاوەڕوان بکات، ئێمە لەتەویلەکەماندا تەنیا سێ وەجبە ئەسپمان هەیە، وەجبەی چوارەم لە ئیسراحەتدایە. (هەر وەجبەیەک بریتییە لە سێ ئەسپ و ئەو گالیسکە سێ ئەسپیانەش (ترۆیکا)ی پێ گوتراوەو ئەوزارێکی گواستنەوەی باوی ئەو سەردەمەی ڕوسیا بووە.) نامەوێ بەهۆی ئەم کابرا فەرەنسیەوە کێشەو سەریەشە بۆ خۆ دروست بکەم. ئەگەر لە ناکاوا ڕێبوارێکی خانەدان و گەورە بێت و ئەسپی لێم بوێ هەنگێ من چی بکەم... گوێ بگرە! لەوەدەچێ پیشبینییەکەم ڕاست دەرچووبێ! دەنگی گالیسکەیەک دێت، بڕوانە بە چ خێراییەک دێت؟ پێدەچێ جەنەڕاڵ بێ؟

گالیسکەکە لەبەر قاڵدرمەکاندا وەستا. خزمەتکارێک لەسەر گالیسکەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوەو دەرگای گالیسکەکەی کردەوەو دوای چاوترووکانێک کابرایەکی گەنج کە پاڵتۆیەکی سوپایی لەبەرو کڵاوێکی سپی لەسەر بوو، خۆی بەژووری بەڕێوەبەردا کرد. دوای ئەو خزمەتکارێک بەخۆو سەندوقێکەوە وەژوورکەوت و لە قەراخ پەنجەرەکەی دانا.

یارۆی ئەفسەر بە ئەمرکردنەوە گوتی: -ئەسپم بدەنێ.

بەڕێوبەری وێستگەکە گوتی:

-بەسەرچاو، ئەگەر بە ئەرک نەبێ کارتی سەفەرەکەتم بدەیتێ، تا ئەسپەکانت بۆ بگۆڕم. (بەرلەوەی سکەی قیتار دروست بکرێ، سەفەر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە ڕووسیادا بەگالیسکە بوو، بەم گالیسکانە

پۆستەو ڕێبواران داگوازرانەوەو ڕێگای تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە هەبوو، ئەسپەکان بەپێی قۆناغ، کە هەر قۆناغەو وێستگەیەکی لێ بوو، دوای ئەوەی کارتی سەفەر دەدرا بە بەڕێوەبەری وێستگەکە، دەگۆڕدران)

-من کارتم نییە... چونکە بەڕێگای سەرەکیدا ناڕۆم.. نازانی من کێم؟

بەڕێوەبەری وێستگەکە پەشۆکاو بلەز وەدەرکەوت تا بە عەرەبانچییەکان بڵێت خێرا ئەسپەکان لە عەرەبانە ببەستن. ئەفسەرە گەنجەکە، بەژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ و ئەوجا چووە پشت پەردەکەوەو بەئەسپایی لە ژنی بەڕێوەبەری وێستگەکەی پرسی: -ئەم ڕێبوارە کێیە؟

ژنی بەڕێوەبەرەکە بەرسڤی دایەوە:

-خوا دەیزانێ!.. گوایە کابرایەکی فەرەنسیە.. پێنج دانە سەعاتە لێرەدا دانیشتووەو بەدەم فیکە لێدانەوە چاوەڕوانی ئەسپە.. بەڕاستی ئەم مەڵعوونە بێزاری کردووم.

ئەفسەرەکە، ڕووی کردە ڕێبوارەکەو بە زمانی فەرەنسی لە کابرای فەرەنسی پرسی:

-بۆ کوێ تەشریف دەبەی برادەر؟

یارۆی فەرەنسی بەرسڤی دایەوە:

-بۆ شارێکی ئەم نزیکانە دەڕۆم و لەوێوە دەچم بۆ ماڵی یەکێک لە دەرەبەگ و موڵکدارەکان، کە وەکو مامۆستا، بێ ئەوەی هەرگیز منی دیتبێ، بەکرێی گرتووم. وام دەزانی ئەمڕۆ دەگەمە مەزڵ، بەڵام پێناچێ جەنابی بەڕێوەبەر بەڕێم بکات. جەنابی ئەفسەر لەوە دەچێ پەیداکردنی ئەسپ لەم دەڤەرەدا زۆر زەحمەت بێ.

ئەفسەرەکە هەمدیس پرسی: -ئەو دەرەبەگەی کە کارت لای پەیدا کردووە کێیە؟

یارۆی فەرەنسی وەڵامی دایەوە: -جەنابی ترویکورفە.

-ترویکوروف؟ ئەم ترویگوروفە کێیە؟

-ئەوەی ڕاستی بێ قوربان، شتی زۆر خراپم لەبارەیەوە بیستووە. دەڵێن پیاوێکی ڕوح زل و لەخۆبایی و کەللەڕەق و دڵڕەقە، لەگەڵ دەست و پێوەند و ڕەعیەتەکەیدا زۆر خراپە، کەس ناتوانێ لەگەڵیا هەڵبکات، کەناوی ئەو دێت هەموو لە ترساندا لەرزیان لێدێت. ڕەفتاری دەگەڵ مامۆستایاندا زۆر بێ ئەدەبانەیەو گوایە تا ئێستا دووانیانی بە قەستی کوشت شەلاقکاری کردووە.

-عەجایەب! ئەدی تۆ چۆن قەرارت داوە لەنک ئەم جانەوەرە کار بکەیت؟

-چ بکەم قوربان؟.. مووچەیەکی باشم دەداتێ. ساڵانە سێ هەزار ڕۆبڵم دەداتێ، دەگەڵ خواردن و جلەوبەرگیش دا. بەڵکو من لە خەڵکی دی بەشانستربم، دایکێکی پیرم هەیە، نیوەی مووچەکەمی بۆ دەنێرم بەڵکو بتوانێ پێی بژی و دەتوانم باقیەکەشی پاشەکەوت بکەم و لە ماوەی پێنج ساڵێکدا دەستمایەیەکی

ئەوتۆ خڕ دەکەمەوە کە ئایندەم دابین بکات و بتوانم باقی تەمەنم بە ئاسوودەیی بگوزەرێنم. هەنگێ خودا حافیزی لە ئەڕباب دەکەم و بۆ پاریس دەگەڕێمەوەو بۆ خۆ خەریکی کاری ئازاد دەبم.

ئەفسەرەکە لێی پرسی: -باشە هیچ کەسێکی ماڵی ترویکوروف دەتناسن؟

یارۆی فەرەنسی وەڵامی دایەوە:

-کەس لەوێ من ناناسێت. لە مۆسکۆ لەلایەن یەکێک لە دۆستەکانی ئەوەوە، کە ئاشپەزەکەی هاووڵاتی من بوو، بەکرێ گیراوم. حەزدەکەم ئەوەشتان عەرزبکەم، کە من بەخەویش بەتەمای مامۆستایەتی نەبووم، بەڵکو دەمویست شیرینی خانە دابنەم، بەڵام دوایی زانیم کە کاری مامۆستایەتی لە وەڵاتی ئێوەدا، سوودی زیاترە.

ئەفسەرەکە مودەتێک لە فکران ڕاچوو و پاشان سەری هەڵبڕی و گوتی:

-گوێ بگرە، ئەگەر کەسێک لە جیاتی ئەم کارە ئامادەبێت دە هەزار ڕۆبڵی کاشت بداتێ و داوات لێبکات، یەکسەر بۆ پاریس بگەڕێیتەوە، چ دەکەیت؟

یارۆی فەرەنسی، بە سەرسامی ڕوانیە ئەفسەرەکە، پاشان بەدەم زەردەخەنەیەکەوە سەری لەقاند.

لەم کاتەدا بەڕێوەبەری وێستگەکە وەژوور کەوت و گوتی: -ئەسپەکان ئامادەن.

خزمەتکارەکەش هەمان قسەکانی ئەوی دووبارە کردەوە.

ئەفسەرەکە گوتی:

-زۆر باشە، هەر ئێستا دێم، ئێوە لە دەرەوە چاوەڕوانم بکەن.

بەڕێوەبەری وێستگەکە و خزمەتکارەکە هەردووکیان چوونە دەرەوە. ئەفسەرەکە دیسان بەزمانی فەرەنسی درێژەی بە قسەکەی خۆی داو گوتی:

-گاڵتە ناکەم، ئامادەم ئا ئێستا دە هەزار ڕۆبڵت بدەمێ بەو مەرجەی یەکسەر بڕۆیت و خۆت گوم بکەیت و هەرچی بەڵگەنامەو ناسنامەیەکت پێیە بیدەیت بە من.

بەدەم ئەو قسانەوە جانتاکەی خۆی کردەوەو چەند سەفتە ئەسکەناسێکی دەرهێنا، کابرای فەرەنسی چاوانی ئەبڵەق بوون و نەیدەزانی چ بکات و چ بڵێت. تەنیا بە حەپەساوی وسەرسامی ئەم وشانەی دووبارە دەکردەوە:

-خۆم گوم بکەم. بڕۆم . بەڵگەنامەو ناسنامەکەم بدەم بە تۆ! بەڵام تۆ وادیارە شۆخی دەکەیت، ناسنامەی من بە کەڵکی چی تۆ دێت؟

-ئەمە پەیوەندی بەتۆوە نییە، تەنیا ئەوەم پێ بڵێ ئایا بەم پێشنیازە قاییلی یان نا؟

یارۆی فەرەنسی کە هێشتا نەیدەتوانی باوەڕ بەگوێی خۆی بکات، هەرچی بەڵگەنامەو ناسنامەو پەساپۆرتی هەبوو دەری هێناو دایە دەستی ئەفسەرە گەنجەکە و ئەویش بلەز کەوتە تەمەشاکردنیان و گوتی:

-ئەمە پەساپۆرتەکەتە.. زۆر چاکە؛ ئەمەش ئەوراقەکانتە.. با تەمەشای بکەم؛ ئەمەش ناسنامەکەتە.. زۆرچاکە، ئەمە پارەکەت. بلەز بۆ وڵاتی خۆت بگەڕێوەو خوا حافیزت بێ.

ئەفسەرەکە جارێکی دی بۆ لای ئەو گەڕایەوەو گوتی:

-خەریک بوو شتێکی زۆر گرنگ فەرامۆش بکەم. بەڵێنی شەرەفم بدەیە کە ئەم شتانە هەر لەبەینی خۆماندا بێ.. قەولی شەرەف تێدەگەی؟

یارۆی فەرەنسی بەرسڤی دایەوە:

-وەعدی شەرەفت دەدەمێ... بەڵام ئەوراقەکانم.. من بەبێ ئەو شتانە چی بکەم؟

- ئەمە گرینگ نییە، هەرکە گەییتە یەکەم شار، برۆ بڵێ دۆبرۆفسکی رووتی کردوومەتەوەو ئیدی باوەڕت پێ دەکەن و ناسنامەو بەڵگەنامەی پێویستت دەدەنێ. خوداحافیز.. لە خودا دەپاڕێمەوە کە بەزووترین کات و بەسەلامەتی بگەیتەوە پاریس و بە دایکت شادو شوکر ببیتەوە.

دۆبرۆفسکی لە ژوورەکە وەدەرکەوت و رۆیی، سواری گالیسکەکەی بوو و حەرەکەتی کرد. بەڕێوەبەری وێستگەکە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرەوە، کاتێ کە گالیسکەکە دوورکەوتەوە، ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوەو گوتی: -پاخوموڤنا، دەزانی ئەمە کێ بوو؟ دۆبرۆفسکی بوو!

ژنەکەی بلەز خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکە، بەڵام زۆر درەنگ بوو، چونکە دۆبرۆفسکی تەواو دوورکەوتبووەوەو هەنگێ کەوتە سەرزەنشتی مێردەکەی و گوتی:

-سیدوریچ، ئەوە تۆ لە خواناتریست؟ بۆچی زووتر قسەت نەکرد تا بەلای کەمەوە جارێک لە نزیکەوە بیدینم، ئێستا دەبێ چاوەڕوان بکەم تا ئاخۆ کەی جارێکی دی دێتەوە. بەڕاستی کابرایەکی بێ ویژدانی، زۆر بێ ویژدانی، دەزانی؟..

کابرای فەرەنسی وەکو بت لەجێی خۆی چەقی بوو، ئەو قەراردادەی دەگەڵ ئەفسەرەکەدا کردبووی، ئەو پارەیەی وەری گرتبوو و هەموو ڕووداوەکانی دیکە وەکو خەون دەهاتنە بەرچاوی، بەڵام ئەو بەستە ئەسکەناس و بانکە نۆتانەی لە گیرفانیدا بوون، بەئاشکرا واقیعیەتی ئەو ڕووداوە سەیرەیان دەسەلماند. ئاقیبەت لێبڕا ئەسپێک بەکرێ بگرێت و خۆی بگەیەنێتە شار، یارۆی عەرەبانچی زۆر خاو دەیڕانی و هەوەڵی شەوێ گەییە شار.

دروست نزیک بەدەروازەی شار، لەو شوێنەدا کە لەجیاتی قەرەوڵ، قەرەوڵخانەیەکی دارینی داروخاو هەبوو، یارۆی فەرەنسی داوای لە عەرەبانچیەکە کرد کە بوەستێت. لە گالیسکەکە دابەزی و بە پێیان کەوتەڕێ و

بەئاماژەی دەست کابرای عەرەبانچی تێگەیاند کە گالیسکەکەو جانتاکە وەکو دیاری بۆ خۆی هەڵگرێت. عەرەبانچییەکە بەم بەخششە گەورەیەی یارۆی فەرەنسی سەری سوڕما، وەکو چۆن ئەو سەری لە پێشنیازەکەی دۆبرۆفسکی سوڕما بوو. بەڵام لەدڵی خۆیدا وای بۆچوو کە ئەم پیاوە بیانییە شێت بووە، بۆیە دوای ئەوەی ئیکلامێکی دوورودرێژی بۆ کردو منەتباری خۆی بۆ دەربڕی، وای بە باش زانی نەچێت. بۆ ناوشار بەڵکو بچێت بۆ یەکێک لەو کابارێ نزیکانەی کە خاوەنەکەی دەناسی و شەوەکەی لەوێندەر بەسەر برد، بۆ بەیانی بەبێ جانتاو بە عەرەبانەی بەتاڵ و بەسەروچاوی هەڵماساو و چاوانی سوورهەڵگەڕاوەوە لەوێندەر وەدەرکەوت و بەرەو دیارو دەڤەری خۆی ڕۆیی.

***

دۆبرۆفسکی دوای ئەوەی بەڵگەنامە و ناسنامەکەی کابرای فەرەنسی وەرگرت، وەکو دیتمان بەوپەڕی جورئەتەوە چوو بۆ ماڵی ترویکوروف، خۆی پێناساند و لەوێندەر مایەوە. نیاز و نیەتی ئەو لەم کارە چ بوو، پاشان بۆمان بەدیار دەکەوێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ڕەفتاری زۆر ئاسایی و بێ عەیب بوو. ڕاستە کەمتر بەخەمی فێرکردن و پەروەردەی ساشاوە بوو و، ئەوپەڕی ئازادی دەدایە کە بۆ خۆی گەمەو یاری بکات و لە دەرس و دەورەکانیا، لێ پێچینەوەی توندی دەگەڵدا نەدەکرد، تەنیا بۆ ڕێ گومکێ جار جار خۆی بەوەوە مژوول دەکرد، بەڵام زیاد لە پێویست بایەخی بە قوتابیە جوانەکەی خۆی دەداو هەوڵی دەدا موزیقای فێر بکات و زۆرجار بە سەعاتان لەگەڵیا لە پشت پیانۆکەوە دادەنیشت.

هەمووان ئەم مامۆستا گەنجەیان خۆش دەویست: کیریلاپتروفیچ لەبەر کارامەیی و ئازایەتی لە مەیدانی شکاردا خۆشی دەویست، ماریاکیریلوڤنا، بۆیە خۆشی دەویست، چونکە زۆری ڕێز لێدەگرت و بێ دڵی نەدەکرد، ساشا، بۆیە خۆشی دەویست چونکە چاوپۆشی لێدەکرد و دەرفەتی یاری کردنی دەدا. خەڵکەکەی دیکەی ماڵەکەش بۆیە خۆشیان دەویست چونکە زۆر میهرەبان و بەڕێز و دەست و دڵ تێر بوو، بەڕادەیەک بەخشندە بوو کە دەگەڵ ڕەوشی دارایی خۆیدا تێکی نەدەکردەوە. ئەویش ڕێز و حورمەتی زۆری دەگرتن و بەجۆرێ تێکەڵاو و ڕموودەیان بوو بوو کە خۆی بە یەکێک لەوان دەزانی و خۆی لەوان جیانەدەکردەوە.

لەوەتای بەعینوانی مامۆستا هاتبووە ئەم ماڵەو تا ڕۆژی ئەو ئاهەنگ و جەژنەی پێشتر باسمان کرد، یەک مانگ تێ پەڕی بوو، بەدرێژایی ئەم مانگە تاقە کەسێک گومانی ئەوەی نەکرد کە ئەم کابرا فەرەنسیە گەنج و ڕوح سووک و خۆشەویستە، هەمان ئەو ڕێگرە ترسناکەیە کە گشت دەرەبەگ و موڵکدارەکانی ئەو دەڤەرە زیرەیان لێکردبوو. بەدرێژایی ئەم ماوەیە دۆبرۆفسکی بۆ نیو نەخت، لە کۆشکی پاکروفسکوی پێی نەنایە دەرێ. بەڵام ناوبانگی دزی و هێرش و چالاکییەکانی بە هیچ جۆرێ کەم نەبوو بووەوە، لەم بارەیەوە دەبێ

بگوترێ خواوەند بەرەکەت بخاتە خەیاڵ و داهێنانی خەڵکانی ئەم دەڤەرە کە بەردەوام چیرۆک و ئەفسانانی تازەیان دادەهێناو، ئەمە جگە لەوەی پێدەچوو دارو دەستەکەشی لە غیابی ڕابەرەکەیاندا، چالاکی خۆ بکەن. ئەو شەوە کاتێ دۆبرۆفسکی، دەگەڵ کەسێکدا کە بەدژمنی شەخسی خۆی و یەکێک لە سەبەبکارە سەرەکیەکانی بەدبەختیەکانی خۆی دەژمارد، لەیەک ژووردا یەکیان گرتەوە، نەیتوانی خۆی لە بەردەم هەستی تۆڵە ئەستێنیدا ڕابگرێت و چونکە جانتاکەشی پێ شک دەبرد، لێبڕا لێی بسەنێت. ئەوەبوو هەموو دیتمان چۆن لەناکاوا لە مامۆستایەکی سادەوە بوو بە ڕێگرێکی ترسناک و چۆن ئانتون پاڤنوتیچی غافڵگیر کرد و حەپەساندی.

لە سەعات نۆی بەیانیدا، هەموو ئەو میوانانەی کە شەویان لە کۆشکی پاکروفسکوی دا ڕۆژ کردبووەوە، یەک یەک هاتن بۆ هۆڵی دانیشتن. لەوێ سەماوەر پێکرا بوو و لە کوڵ و جۆشدا بوو. ماریا کیریلوڤنا بەجلی بەیانیەوە بەدیاریەوە دانیشتبوو. بەڵام کیریلاپروفیچ، جلێکی قەستۆری لەبەر و جووتێ نەعلی لەپێدابوو. لە کووپێکی گەورەدا، کە لە سوراحی دەچوو، چای دەخواردەوە.

دوا نەفەر کە بۆ هۆڵی دانیشتنەکە هات ئانتون پاڤنوفیچ بوو، ڕەنگی تەواو هەڵبزرکا بوو، ڕواڵەتی هێندە پەرێشان بوو، کە میوانەکان هەموو هەستیان پێکرد، کیریلاپتروفیچ لەحاڵی پرسی. ئانتون پاڤنوتیچ لەوەڵامیا چەند قسەیەکی بێ سەروبەری کردو بەترسەوە ڕوانیە مامۆستا فەرەنسیەکە دیفورچ، وەکو ئەوەی نەبای دیبێ و نە باران، بێ خەم و خەیاڵ لە جێی خۆی دانیشتبوو. دوای چەند چرکەیەک پێشخزمەتێک وەژوور کەوت و هەواڵی بە ئانتون پاڤنوتیچ دا کە گالیسکەکەی ئامادەیە. ئانتون پاڤنوتیچ، بلەز خواحافیزی لە ئامادەبووان کرد و یەکسەر لە هۆڵەکە وەدەرکەوت و وێڕای خوڵکی زۆری میوانەکان و خاوەن ماڵەکەش، بەهەشتاو کەوتەڕێ. کەس نەیزانی چی لێقەوماوە، کیریلاپتروفیچ لەدڵی خۆیدا گوتی کە بێگومان زیادە خۆری کردووە.

دوای خواردنی چاو بەرچایی، میوانەکان دەستیان بە ڕۆیشتن کردو زوو بەزوو کۆشکی پاکروفسکۆی چۆڵ بوو و ژیانی ئەوێ ئاوەڕۆی ئاسایی خۆی وەرگرتەوە.

"١٢"

چەندین ڕۆژ تێپەڕی و هیچ بویەرو ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش ڕووی نەدا. ژیانی دانیشتوانی کۆشکی پاکروڤسکۆی یەکهاوی و یەکنەوابوو.

کیریلاپتروفیچ هەموو ڕۆژێک دەچووە ڕاو و شکار؛ بەڵام ماریا کیریلوڤنای کیژی، خۆی بەگەڕان، پیاسە، خوێندنی کتێبان و وانەکانی مۆزیقاوە خجڵ دەکرد. بەرە بەرە پەی بە نهێنییەکانی دڵی خۆی دەبردو بە

جۆره نیگەرانیەکی پەنهانەوه، بەبێ ئەوەی لەدەستی خۆیدا بێ، هەستی دەکرد سەبارەت بەم گەنجە فەرەنسیە بێ موبالات و خەمسارد نییە. مامۆستاش لەلای خۆیەوه، هیچ کاتێک سنوورو کەوشەنی ڕێز و نەزاکەتی نەدەبەزاندو، بەمەش جۆره ئاسوودەیی و ئۆخژنێکی بەدڵ و دەروونی کیژێ دەبەخشی. ماریا، ڕۆژ بە ڕۆژ، زیاتر خەیاڵی بە دیفورچەوه مژوول دەبوو و ژێراو ژێر بیری دەکردو ئارەزووی دیتنی دەکرد. بەبێ دیفورچ هەستی بە خەمینییەکی قورس دەکرد و لە حوزووریا، هەموو هۆش و گۆشی بەوەوه مژوول بوو، حەزی دەکرد ڕاوبۆچوون و تۆڕینی ئەو دەربارەی هەموو شتێک بزانێت و هەمیشەش هەر هاوڕەئی ئەو بوو. لەوه دەچوو هێشتا ئاشقی نەبووبێ، بەڵام دیار بوو، ژیلەمۆی ئەشق چاوەڕوانی شنەیەکی لەناکاودا بوو تا لە کانگای دڵیەوه کڵپە بکات و بڵێسە بسەنێ.

ڕۆژێک، کاتێ کە ماریا کیریلوڤنا، خۆی کرد بەو ژوورەدا کە مامۆستا فەرەنسیەکە لەوێندەر چاوەڕوانی دەکرد، زۆری پێ سەیر بوو کە ڕەنگی تەواو هەڵبزڕکابوو و نیگەرانی پێوه دیار بوو. ماریا کیریلوڤنا، سەری پیانۆکەی لاداو چەند ئاوازێکی خوێند، بەڵام دۆبرۆفسکی بە بیانووی سەریەشەوه تەوازی خواست و دەرسەکەی بڕی و نۆتەکەی داخست و بەدزییەوه کاغەزێکی نوسراوی لە دەستی ماریا نا. ماریا کیریلوڤنا، بێ هیچ هەڵوەستەیەک نامەکەی وەرگرت، لێ هەر ئەو ساتەش ژێوان بووەوه، بەڵام دۆبرۆفسکی لە ژوورەکە وەدەرکەوتبوو. ماریا کیریلوڤنا، چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و کاغەزەکەی کردەوەو ئەم ڕستانەی خوێندەوه:

"ئەمڕۆ، ئێواره سەعات حەوت وەره بۆ کەپرەکەی نزیکی جوێبازەکە، پێویستە قسەت دەگەڵدا بکەم."

هەستی کونجکاوی ماریا تەواو وروژا. لەمێژ بوو چاوەڕوانی ئەوه بوو کە دیفورچ، ئەشقی خۆی بۆ دەرببڕێت، هەم حەزی دەکرد و هەم دەترسا. زۆری پێخۆش بوو، مەزەندەکەی دڵی دروست دەربچێت.. بەڵام هەستی دەکرد ئەگەر مامۆستای تاین، گرێی دڵی خۆیشی بۆ بکاتەوه، لە وەزع و حاڵێکا نیيە، کە ئەم ئومێدی هاوسەرێتی پێ هەبێت و ئەمەی بە شتێکی دوور لە ئەدەب و نەزاکەت دەزانی. وێڕای ئەم هەموو نیگەرانی و دوودڵیەش هەر لێبڕا کە بۆ ژوانگەکە بڕوات، بەڵام سەبارەت بەیەک بابەت دوو دڵ بوو: تیامابوو بە چ شێوەیەک ئەشقی ئەم مامۆستایە وەربگرێت؟ بەتووڕەییەکی ئەرستوکراتانە، بەوەعدێکی دۆستانە، ،یا بەشۆخیەکی کینایە ئامێز، یان بە بێدەنگیەکی ڕەزایەت ئامێز؟ بەدەم ئەو خەیاڵانەوه، بەردەوام چاوێکی لە سەعاتەکە بوو. دنیا تاریک بوو، مۆمیان هێناو دایان گیرساندن. کیریلاپترۆفیچ. لەگەڵ چەند دراوسێیەکیاندا، کە هاتبوونە سەردانی، مژوولی یاری (بوستون) بوو. سەعاتە چاڵمەکە، سەعات حەوت چارەک کەمی ڕاگەیاند، ماریا کیریلوڤنا، بە خشکەیی لە کۆشکەکە هاتە دەرێ و لەسەر قاڵدرمەکان وەستا، بەوردی ڕوانیە هەر چواردەورو هەنگێ بلەز بۆ ناو باخەکە داخزی.

شەوێکی تاریک بوو، هەور بەری ئاسمانی گرتبوو.دنیا هێندە تاریک بوو، لە دوو شەقاوی خۆتەوە هیچیت نەدەبینی بەڵام ماریا کیریلوڤنا، وێڕای تاریکیەکەش، چونکە شارەزای ڕاڕەوەکانی باخەکە بوو، هەر دەچووە پێشێ، دوای چەند دەقیقەیەک گەیبە کەپرەکە. لەوێندەر وەستا تا پشوویەک بدات و نەفەسێک تازە بکاتەوەو بەرانبەر بە دیفورچ وا بنوێنێ هیچ پەلەیەکی ئەو دیدارەی نەبووەو دیداری ئەوی بەلاوە زۆر ئاسایی بووە. بەڵام پێش ئەوەی فریای ئەم سیناریۆیە بکەوێ سەیری کرد دیفورچ ڕێک لە بەردەمیدا وەستابوو و هەر کە ئەمی بینی، بەدەنگێکی نزم و خەمین گوتی:

–سوپاست دەکەم کە بەدەنگمەوە هاتیت، ئەگەر نەهاتبای تووشی نائومێدی دەبووم.

ماریا کیریلوڤنا، بەدەستەواژەیەک، کە پێشتر ئامادەی کردبوو، وەڵامی دایەوە:

–هیوادارم، کارێک نەکەی لەم گوزەشتەی خۆم پەشیمان ببمەوە.

دیڤورچ، بێدەنگ بوو. پێدەچوو غیرەت وەبەرخۆی بنێ تا قسەی دڵی خۆی بکات و ئەنجام گوتی:

–ڕەوشێک هاتووەتە پێشێ کە من ناچارم تۆ بەجێ بێڵم، ڕەنگە بەو زووانە هەواڵێک بژنەوی و هەموو شتێک بزانیت... بەڵام بەرلەوەی برۆم، حەز دەکەم نهێنییەکت پێ بڵێم.

ماریاکیریلوڤنا، هیچ وەڵامێکی نەدایەوەو ئەم وشانەی بە پێشەکیەک زانی بۆ درکاندنی ئەو ئەشقەی کە چاوەڕوانی بوو. دریفوچ، سەری دانەواند و لەسەری ڕۆیی:

–من ئەو کەس نیم کە تەسەوری دەکەیت، من مامۆستا فەرەنسیەکە نیم، دریفوچ نیم. من "دوبروفسکی"م

ماریا کیریلوڤنا، کە گوێی لەم قسەیە بوو، لەترسا قیژەیەکی کرد.

–تکایە مەترسە! تۆ نابێ لەناوی من بترسیت. بەڵێ من ئەو پیاوە نەگبەتەم کە بابی تۆ لەدوا پارووە نانیش مەحرووم و بێ بەشی کردوم و لەماڵی بابی خۆم وەدەری نام و ناچاری کردم سەری خۆ هەڵگرم، بدەمە دەشت و کێوان. ڕێگا لە ڕێبواران بگرم و دزی و چەتەیی و ڕێگری بکەم بە پیشەی خۆم، بەڵام تۆ نابێ لە من بترسیت، نەسەبارەت بە خۆت و نە سەبارەت بە باوکت لەمن مەترسە، هەموو شتێک تەواو بوو، لێی خۆش بووم، ئەوەی چوو چوو.. ئەوەی ڕاستی بێ تۆ ڕزگارت کرد، دەبوایە یەکەم هەنگاوی تۆڵە ئەستێنی من بەرەو ئەو بنرایە، لەوکاتەدا بەدەوری ماڵەکەی ئەودا دەسوڕامەوە، لەدڵی خۆدا ئەوەم دیاری دەکرد کە لەکوێوە خانووەکەی ئاگر بدەم و لەکام سەمتەوە خۆ بە ژووری نووستنەکەیدا بکەم و چۆن هەموو ڕێگایەکی هەڵاتنی لێ ببەستمەوە، بەڵام ڕێک لەم ساتەدا تۆ وەکو فریشتەی ئاسمانی پەیدا بوویت، بەلامدا تێپەڕیت و دڵم داسەکەنی و هەستم کرد ئەو ماڵەی کە تۆ تیای دەژیت، شوێنێکی پیرۆزەو نابێت هیچ کەسێک کە پەیوەندی خوێن و خزمایەتی بەتۆوە هەیە، بەر نەفرەت و کینەی تۆڵە ئەستێنی من بکەوێت. ئیدی لەو ساتەوە دەستبەرداری تۆڵەئەستێنی بووم و بەشێتایەتیم زانی. ڕۆژانێکی زۆر من بە باخەکانی

پاکروفسکوی دا وێڵ و سەرگەردان بووم تەنیا بە ئومێدی ئەوەی کە لە دوورەوە کراسە سپییەکەی تۆ بدینم. کاتێ کە بێ خەم و خەیاڵ، بێ هیچ ترس و دوودڵیەک پیاسەت دەکردو لە گوند دووردەکەوتیتەوە، دوورو نزیک بەدووتانەوە بووم و بەدزییەوە، لەم پەنا دەوەنەوە دەچوومە ئەو پەنا دەوەن، خۆشحاڵ بووم کە مژوولی پاراستنی تۆ بووم و بە دزییەوە چاوم لەتۆ بوو تا هیچ مەترسیەک نەیەتە ڕێگات. ئاقیبەت دەرفەت هەڵکەوت و تەقدیر وای هانی... کە من بێم و لە ماڵی ئێوەدا بژیم.. جا ئەو سێ هەفتەیە بۆ من خۆشترین ڕۆژانی ژیانم بوو، و بۆ هەتا هەتایە دەبێت بەسەلواو دڵخۆشی ژیانی خەمناکم.. ئەمڕۆ کە هەواڵێکم پێ گەییوە، ئەوە دەنوێنێ کە ناکرێت لەوەی پتر لێرە وەمێنم. من ئەمڕۆ لەتۆ جیادەبمەوە، لەم ساتەوە ئیدی دەڕۆم.. بەڵام هەستم کرد بەر لەخواحافیزی خۆمت بۆ کەشف بکەم، تا پاشان نەفرەتم نەکەیت و بەخراپی یادم نەکەیت. جار جارێک یادێکی دۆبرۆفسکی بکە، چاک بزانە کە ئەو بۆ ژیانێکی دیکە خولقابوو و ڕوحی شایستەی ئەشقی تۆ بوو، زانی چۆن بەدڵ تۆی خۆش بوێ، و هەرگیز...

ڕێک لەم ساتەدا، دەنگی فیکەیەکی نەرم هاتە گوێ. دۆبرۆفسکی بێدەنگ بوو، هەنگێ دەستی ماریاکیریلوڤنای گرت، بە هێواشی نایە سەرلێوە گەرمەکانی، دەنگی فیکەکە دووبارە بووەوە.

دۆبرۆفسکی گوتی:

-خودا حافیز! بانگم دەکەن، دەقیقەیەک دواکەوتن لە گینە ببێتە بایسی سەرم. ببورە.

یەکسەر کەوتەڕێ... ماریا کیریلوڤنا بێ جوڵە لەجێی خۆی وەستا. دۆبرۆفسکی دووبارە گەڕایەوە، دەستی گرت و بە دەنگێکی شیرین و لەرزۆک گوتی:

-هەرکاتێک تەنگانەیەک ڕووی تێکردیت و کەس نەبوو فریات بکەوێ و بتپارێزێت، قەولم دەدەیە کە هانا بۆ من بێنی و هەر کارێک بۆ ڕزگاری خۆت بە پێویست بزانیت، لە منی داوابکەی تا بەدڵ و بەگیان بۆتی بکەم؟ ئایا بەڵێن دەدەی کە ئەم فیداکاریەی من ڕەفز نەکەیت؟

ماریاکیریلوڤنا، بە بێدەنگی دەگریا، دەنگی فیکەکە بۆ جاری سێیەم بەرزبووەوە. دۆبرۆفسکی هاواری کرد: -دەتەوێ بە فەتارەتم بدەیت! تا وەڵامم نەدەیەوە بەجێت ناهێڵم، ئایا بەڵێنم دەدەیە؟

کچە بەلەنگاز، بە دەنگێکی گیراو و لەبن لێوانەوە گوتی: -بەڵێنت دەدەمێ!

***

ماریا کیریلوڤنا، بەدیدارەکەی دۆبرۆفسکی زۆر پەشۆکا بوو، لەباخەکە گەڕایەوە. کاتێ لەماڵ نزیک بووەوە، هەستی کرد هەموو خەڵکی ماڵەکە، لەماڵ هاتوونەتە دەرو لە حەوشەکەدا خڕبوونەتەوە. گالیسکەیەکی سێ ئەسپی لەبەر قاڵدرمەکان وەستا بوو. خزمەتچی و نۆکەرەکان پەلەپەلیان پێ کەوتبوو و

لێرەوە بۆ ئەوێ دەچوون و دەهاتن، هەموو ماڵەکە پەشۆکابوو. ماریا کیریلوڤنا، لە دوورەوە گوێی لە دەنگی کیریلاپترۆفیچ بوو.

بەپەلە بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیی، دەترسا کە هەستیان بە دیارنەبوونەکەی کردبێت. کریلاپترۆفیچ لە هۆڵەکەدا تووشی بوو. میوانەکان دەوری سەرۆکی پۆلیسیان گرتبوو و لە هەموو لایەکەوە پرسیاریان لێدەکرد، سەرۆکی پۆلیس کە جلکی سەفەری لەبەر کردبوو و سەراپای لەچەکدا نقووم بوو بوو، بەشێوەیەکی ئاڵۆز و بەپەلە وەڵامی دەدانەوە.

کیریلاپترۆفیچ لە کیژەکەی پرسی: -ماشا، لە کوێ بووی؟ مسیو دیفورجت نەدیوە؟

ماشا، بەزەحمەت توانی بڵێ نە.

کیریلاپترۆفیچ، لەسەری ڕۆیی و گوتی:

-تەسەور بکە، ئەم سەرۆکی پۆلیسە هاتووە دەستگیری بکات و زۆر بە متمانەوە دەڵێت کە ئەو کابرایە خودی دۆبرۆفسکییە.

یارۆی ئەفسەر بەڕێز و حورمەتەوە گوتی: -قوربان، هەموو نیشانەکانی ئەوی تیایە.

کیریلاپترۆفیچ، قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

-وازبێنە برا، نیشانە نیشانەی چیتە.. من تا بەخۆم مەسەلەکە لە بنج و بناوان نەکەم، ئەم مامۆستا فەرەنسیەی خۆمت ڕادەست ناکەم. ئاخر چۆن دەبێ باوەڕ بەهیچ قسەیەکی ئەم ئانتون پاڤنوتیچە درۆزن و ترسنۆکە بکەیت! بێگومان، لەخەویا دیتوویەتی کە مامۆستا فەرەنسیەکە تالآنی کردووە، ئەگەر شتی وا ڕاستە، بۆچی هەر ئەو بەیانیە بە منی نەگوت؟

سەرۆکی پۆلیس بەرسڤی دایەوە:

-قوربان، کابرای فەرەنسی هەڕەشەی لێکردووە و سوێندی داوە کە فزەی لێوە نەیەت.

کیریلاپترۆفیچ گوتی: -درۆی شاخدارە! هەر ئێستا خۆم هەموو شتێک کەشف دەکەم.

دوای ئەو قسانە، لە یەکێک لە نۆکەرەکانی، کە لەوکاتەدا هاتە ژوورەوە، پرسی:

-مامۆستا فەرەنسیەکە لەکوێیە؟

نۆکەرەکە وەڵامی دایەوە: -قوربان لە هیچ شوێنێک دیار نیە!

ترویکوروف، کە خەریک بوو گومانی پەیدا دەکرد، هاواری کرد:

-بچن بۆی بگەڕێن، لەبنی ئەرزیشدا بووە وەیدۆزن!

هەنگێ ڕوو کە سەرۆکی پۆلیس گوتی: -ئادەی نیشانە عەنابیەکانت بزانم...

سەرۆکی پۆلیس خێرا کاغەزەکەی دایە دەستی.

-ئمم، ئم... بیست و سێ ساڵ... ئەمە دروستە، بەڵام ئەمە هیچ شتێک ناسەلمێنێ، ناکاتە بەڵگەی بنج بڕ.. ئێ، بزانم مامۆستاکە چی لێهات؟

وەڵامیان داتەوە: -دیار نییە.

کیریلاپترۆفیچ، بەرە بەرە ناڕەحەت و نیگەران دەبوو، ماریا کیریلوڤناش، لەنێوان ژیان و مەرگا بوو.

بابی گوتی: -ماریا ڕەنگت زەرد بووە.. دەترسیت؟

ماشا بەرسڤی دایەوە: -نەخێر باوکە، سەرم دێشێت.

-ماشاگیان بڕۆ بۆ ژوورەکەی خۆت و هیچ خەمت نەبێ.

ماشا، دەستی بابی ماچ کرد و بەهەڵەداوان بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو و لەوێندەر خۆی دا بەسەر سیسەمەکەیداو لە هۆڕژنی گریانی دا، ئیدی تووشی جۆرە هیستریایەک بوو، کارەکەرەکانی بلەز خۆیان گەیاندێ و جلەکانیان گۆڕی، پاشان بە هەزار حاڵ بەئاوی ساردو بۆن و عەتران، وەهۆشیان هێنایەوەو هێوریان کردەوەو لەسەر جێگاکەی ڕایان کشاند و خەوێکی قووڵی لێکەوت.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە کابرای فەرەنسییان دۆزییەوە، کیریلاپترۆفیچ بەهۆڵەکەدا دەهات و دەچوو و بەدەم ڕاوێچکەوە، بە فیکە ئاوازی "بگرمێنە ئەی هەورە تریشقەی سەرکەوتن"ی لێدەدا. میوانەکان لە بەینی خۆیاندا فسکە فسکیان دەکرد، سەرۆکی پۆلیس تەریق و شەرمەزار، دەستێکی کەوتە ئەوبەرو دەستێکی کەوتە ئەمبەر. هەرچیەکیان کردو کۆشا کابرای فەرەنسی پەیدا نەبوو نەبوو، کەس نەیزانی عەرد قووتی دا، ئاسمان هەڵیکێشا! بیریان بۆ ئەوە دەچوو کە یەکێک لەکات و ساتدا ئاگاداری کردبێتەوەو توانیبێتی هەڵێت. بەڵام چ کەسێک و چۆن ئاگادار کرابێتەوە! ئەمە ڕازو لەگەزێک بوو بەکەس هەڵنەدەهات.

سەعات بوو بە یازدەی شەو. بەڵام کەس لە بیری نووستندا نەبوو. ئاقیبەت کیریلاپترۆفیچ بەتووڕەیی بەسەرۆکی پۆلیسی گوت:

-ئێ، بەتەمای ئەمشەو لێرە ڕۆژ بکەیتەوە؟ خۆ ماڵی من میوانخانە نییە، خۆ ئەگەر ئەو کابرایە "دۆبرۆفسکی"ش بێ، تۆ ئەو پیاوە نیت بتوانی بیگریت، خواردنی تۆ نییە. بڕۆوە بۆ ماڵی خۆت و جارێکی دی هەندێ زرنگتربە.

ئەوسا ڕووی کردە میوانەکان و گوتی:

-ئێوەش تەشریف بەرنەوە بۆ ماڵی خۆتان، بە خزمەتکارەکان بڵێن با گالیسکەکان ئامادە بکەن، من دەمەوێ بخەوم.

و ترویکوروف، بەو ساردو سڕی و بێ نەزاکەتیە، میوانەکانی بەڕێکرد و بەخۆی چوو بۆ خەوتن.

ماوەیەک بووری و هیچ بویەرێکی گرینگ ڕووی نەدا. بەڵام لە هەوەڵی تاوسانی (هاوین) ئەو ساڵەدا گۆڕانی گەورە لە ژیانی خانەوادەیی کیریلاپێتروفیچ دا ڕووی دا.

لە دووری سی کیلومەتری موڵکەکانی ئەوەوە، موڵک و مەزرایەکی بە پیت و بەرەکەت هەبوو کە هی میر ڤیریسکی بوو. ئەم میرە ماوەیەکی زۆر لە هەندەران ژیا بوو و لەم ماوەیەدا مێجەرێکی (ڕائد) خانەنشین ئیدارەی موڵکەکانی بۆ لە عۆیە گرتبوو. ناوی موڵکەکانی ئەو "ئارباتۆڤۆ" بوو، هیچ جۆرە ئاشنایەتیەک لەنێوان دانیشتوانی ئەوێ و کۆشکی پاکروڤسکوی دا نەبوو، بەڵام لە کۆتایی هەیڤی ئایاردا، میر لە هەندەران گەڕایەوە و هات بۆ گوندەکەی خۆی کە بەعەمراتی نەی بینی بوو. میر، کە خووی بە خۆشگوزەرانی و ژیانی کۆمەڵایەتیەوە گرتبوو، زوو لە ژیانی گۆشەگیری و تەنیایی بێزار و بێتاقەت بوو، لە ڕۆژی سێیەمی هاتنەوەیدا، بۆ فراڤین چوو بۆ کۆشکەکەی ترویکوروف کە تازە ناسیاویان پەیدا کردبوو. میر لە دەوروبەری پەنجا ساڵیدا بوو، بەڵام گەورەتر دەهاتە بەرچاو. زێدەڕۆیی لە ڕابواردن و بادەنۆشی و خۆخشگوزەرانی، کاریان لە سەلامەتی و تەندروستی کردبوو و کاریگەریان بەسەریەوە دیاربوو. بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش، ڕواڵەتی جوان و ناسک بوو، ژیانی کۆمەڵایەتی وای لێکردبوو، لە کۆڕو مەجلیساندا، بەتایبەتی دەگەڵ ژناندا، بە وێڵ و ماریفەت و بە نەزاکەت بێ. هەمیشە پێویستی بەسەرگەرمی و تێکەڵاوبوون بوو، هەمیشە بێتاقەت و خەمگین دەهاتە بەرچاو.

کیریلاپێتروفیچ، بە سەردانەکەی میر زۆر خۆشحاڵ بوو، ئەم دیدارەی لەلایەن پیاوێکەوە کە دنیای بینی بوو و سەروکاری دەگەڵ گەورە پیاواندا هەبوو، کۆمەڵگای ئەرستۆکراتی جەڕپاندبوو، بە نیشانەی ڕێز و حورمەت بۆ خۆی دەزانی. ئیدی وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی، میوانەکەی بە باخەکەداو بەهەموو دام و دەزگاکانی خۆیدا گێڕاو ئاقیبەت بۆ سەگخانەکەی برد. لێ میر، بە زەحمەت دەیتوانی، لە هەوای بۆگەنی سەگخانەکەدا هەناسە بدات، چیوای نەمابوو بخنکێ. بلەز لەوێندەر هاتە دەرەوە، دەستەسرێکی بۆنداری لەبەرکی دەرهێناو بە کەپوویەوەی گرت. نە باخە کۆنەکەی بەو دار زەیزفۆنە پەرچکراوانەوە، نە ئەستێڵە چوارگۆشەکەو نە ڕاڕەوە ڕاستەکانی، بەدڵ نەبوون، چونکە ئەو باخانی ئینگلیزی و ئەوەی پێی دەگوترا "سروشت"ی پێخۆش بوو، بەڵام وێڕای ئەمەش هەرچیەکی دەبینی، ستایشی دەکرد و سەرسامی خۆی دەربارەی دەردەبڕی. ئەوسا پێشخزمەتەکە هات و پێی ڕاگەیاندن کە خوان ئامادەیە. ئیدی بۆ نان خواردن و فراڤین گەڕانەوە. میر کە لەم گەشت و پیادە ڕۆییە ماندوو بوو بوو، کەمێک دەلەنگی و لەم سەردانەی ژێوان بوو.

بەڵام لە هۆڵەکەدا، ماریا کیریلوڤنا بە پیریانەوە هات، پیرەمێردی فەڕتووسی، ژنبازی، داوێن تەڕ، کە جوانی ئەوی بینی تووشی شۆک بوو. ترویکوروف، کیژەکەی خۆی لەلای میوانەکەیەوە دانا. ئامادەبوونی

ماریا، ڕوحی میری بەجۆرێ بوژانەوە کە نەیدەتوانی خۆشحاڵی خۆی وەشێرێت و ئیدی بەگێڕانەوەی چەند چیرۆکێکی سەیر توانی سەرنجی کیژێ بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. دوای نیوەڕۆژە، کیریلاپتروفیچ، پێشنیازی گەڕێکی ئەسپ سواری کرد، بەڵام میر، تەوازی خواست و پێڵاوە پاژنە بەرز و کەتانەکانی خۆی نیشان داو بەسوعبەتەوە باسی ڕۆماتیزم و باداری خۆی کردو گوتی ئەگەر هاونشینە جوانەکەی لێ دانەبڕن، حەزی لێیە بەگالیسکە گەشتێک بکات. گالیسکە ئامادە کرا. جووتە پیرەمێرد و کیژەی گەنجی جوان سواربوون و ڕۆیشتن. قسەوباسیان نەدەبڕایەوە. ماریا کیریلوڤنا، بەلەزەتەوە، گوێی لە نوکتەو مجامەلەکانی پیرەمێردی خۆشگوزەران ڕادەدێرا. لەناکاوا میر ڤیریسکی ئاوڕی لای کیریلاپتروفیچی دایەوەو پرسی: "ئەم بینا سووتاوە چیە و هی کێیە؟"

کیریلاپتروفیچ، ڕووی گرژ کرد و برۆکانی وێک هێنانەوە.. ئەو بیرەوەرییانەی کە ئەم خانووە سووتاوە وەبیری دێنایەوە، زۆر ناخۆش و بەسوێ بوو. ئەنجام بەرسڤی دایەوە کە ئێستا بووە بە موڵک و مەزرای ئەو، بەڵام جاران هی دۆبرۆفسکی بوو. ڤیریسکی، بەسەرسامی دوا ڕستەکەی ئەوی دووبارە کردەوەو گوتی:

-هی دۆبرۆفسکی؟ یانی چۆن، موڵکی ئەم یاخی و شەقاوە بەناوبانگە بوو؟

ترویکوروف، بەرسڤی دایەوە:

-نە، هی باوکی بوو، بەڵام بابیشی لەڕێگریدا چی وای لە کوڕەکەی کەم نەبوو.

-ئەرێ بەڕاست دوبرۆفسکی گەنج لەکوێندەرە؟ گیرا یان نا؟ هێشتا لە ژیاندا بە؟

-بەڵێ، زندووەو ئازادی ئازادە، تا سەرانی پۆلیسی ئێمە شەریکی دزان بن، ناگیرێت. ئەرێ وەکو بیستوومە، دوبرۆفسکی پارەکە دەستێکی بە موڵک و مەزراکەی تۆشدا هێنا بوو.

-بەڵێ، هزردەکەم پاربوو، کە هات چەند شوێنێکی سووتاند و تالآن کرد.

لەم کاتەدا میر، ڕووی بۆ لای کیژێ وەرگێڕاو گوتی:

-ئەرێ ماریا کیریلوڤنا، تۆ پێت وانییە، ناسینی ئەم قارەمانە ڕۆمانتیکە لە نزیکەوە خۆش بێ؟

ترویگوروف، بەرسڤی دایەوە:

-خۆشی چیە! ماشا هەنووکە زۆر باشی دەناسێت، دۆبرۆفسکی سێ هەفتەی تەواو دەرسی مۆزیقای پێ گوتەوە، لێ سوپاس بۆ خوا، هیچی لە بری ئەم دەرسانە نەبرد.

ئەوسا، کیریلاپتروفیچ، حاڵ و حیکایەتەکەی مامۆستا فەرەنسیەکەی بۆ میر گێڕایەوە. ماریا کیریلوڤنا، ئەمەی زۆر لە دڵ گران بوو. ڤیریسکی، بەتاسەوە گوێی دەگرت و ئەمەی زۆر بەلاوە عەنتیکەو سەیر بوو، ئاقیبەت بابەتەکەی گۆڕی. کاتێ لە گەشت گەڕانەوە، میر ڤیریسکی دەستووری دا کە گالیسکەکەی ئامادە بکەن، دوای چا خواردنەوە، چەند کیریلاپتروفیچ، خولکی کرد کە شەو وەمێنێ، هەر سوور بوو لەسەر

ڕۆیشتن، بەڵام بەرلەوەی وەڕێ بکەوێ، کیریلاپترۆفیچ و ماریا کیریلوڤنای دەعوەت کرد کە سەری بدەن. ئیدی ترویکوروف، بە هەموو فرناخی و لووت بەرزییەکی خۆیەوە دەعوەتەکەی قەبووڵ کرد، چونکە میر ڤیریسکی لەقەبی میرو دوو میداڵ و سێ هەزار سەر کۆیلەی زێرخرێوی هەبوو، تا ڕادەیەک بە هاوشانی خۆی دەزانی.

کیریلاپترۆفیچ و کیژەکەی دوای دوو ڕۆژ لە سەردانەکەی میر، چوون بۆ ماڵی میر ڤیریسکی. کاتێ لە موڵکی "ئارباتوڤو" نزیک بوونەوە، کیریلاپترۆفیچ مەفتوونی ماڵە پاک و خاوێن و دڵگیرەکانی مسکێنەکان و کۆشکە بەردینەکەی میر بوو کە لە سەرتەرزی کۆشکانی ئینگلیزی بونیاد نرابوو و دڵی نەدەهات نیگای لێ بگوازێتەوە. لە بەردەم کۆشکەکەدا، مێرگ و سەوزەرارێکی خۆش و سەوز درێژ بوو بووەوە، کە چێڵ و گاوگۆتاڵی سویسری تیادا دەلەوەڕین و بەدەم لەوەڕەوە زەنگۆڵەکانی گەردنیان دزرینگانەوە. پارک و باخێکی گەورەو بەشکۆ، لە هەر چوارلاوە دەوری کۆشکەکەیان دابوو. خانەخوێ لەسەر قاڵدرمەکاندا پێشوازی میوانەکانی کردو دەستی خۆی بۆ خانمی جوانکیلە ڕاگرت کە بیگرێت، هەنگێ خۆیان بە هۆڵێکی جواندا کرد کە مێزێکی سێ نەفەرییان تیا ڕازاندبووەوە. میر، میوانەکانی بردە بەر پەنجەرەیەک و لەوێندەرەوە دیمەنێکی دڵرفێنیان لێ بەدیارکەوت. ڕوباری ڤۆلگا بە بەر پەنجەرەکەدا تێدەپەڕی، پڕ بوو لە لۆتکەی (بەلەم) بچووکی ڕاوە ماسی. ئەوبەر ڕوبارەکە پڕ بوو لە گردۆڵکەو مەزرای پان و بەرین و چەند گوندێک ئەم دیمەنەیان پتر ڕازاندبووەوە. دوای ئەوە میوانەکان چوون بۆ تەمەشای ئەو وێنەو تابلۆیانەی کە میر لە هەندەران کڕی بوونی. میر بابەت و ناوەڕۆکی هەر یەکێک لەو تابلۆیانە، مێژووی ژیانی نیگارکێشەکان و لایەن ئەرێنێ و نەرێنییەکانیانی بە ئاو وتاو بۆ ماریاکیریلوڤنا شرۆڤە دەکرد، دەربارەی تابلۆکان بە زمانی هونەری نا، بەڵکو بە زمانێکی پڕ هەست و خەیاڵ ئەنگێز قسەی دەکرد و ماریا کیریلوڤناش، بەلەزەت و تاسەیەکی زۆرەوە گوێی لێدەگرت.

ئاقیبەت چوونە سەر مێزی نان خواردن، ترویکوروف، ستایشێکی زۆری بادەی خانەخۆیەکەی و کارامەیی ئاشپەزەکەی کرد، بەڵام ماریا کیریلوڤنا، لە قسەکردنا دەگەڵ کەسێکدا کە ئەمە دووەم جار بوو دەیبینی هەستی بە هیچ حەرەجێک نەکرد، زۆر ئازادو خۆمانی بوو. دوای نیوەڕۆژە، خانەخوێیەکەیان پێشنیازی کرد کە بۆ پیاسە بچنە باخەکە. لەوێ، لە کەپرێکی کەنار دەریاچەیەکی گەورەدا، کە چەندین دورگەی تیا دروست کرابوو، قاوەیان خواردەوە. لەناکاوا دەنگی موزیقای هەوایی بەرزبووەوە، بەلەمێکی شەش سەوڵی لەبەردەم کەپرەکەدا لەنگەری گرت، سواری بەلەمەکە بوون و بەناو دەریاچەکەداو بەکەنار دورگەکاندا کەوتنە گەڕان، لە هەندێک لە دورگەکاندا دابەزین، لە یەکێک لە دورگەکاندا پەیکەرێکی مەرمەڕینیان بینی. لە دورگەیەکی دیکەدا، شکەفتۆکەیەکی تاک و تەنیایان بینی، لە دورگەی سێیەمدا، مێنیمونتێکیان بینی کە

نەخشێکی سەیری لەسەر کرابوو، ئەم شوێنەوارە، کونجکاوی کچانەی ماریاکیریلوڤنای وروژاند، کاتێ لە ماناو ناوەڕۆکی شوێنەوارەکەی پرسی، میر، زیرەکانە خۆی لەوەڵامدانەوەی دزییەوە.. کات درەنگی کرد، دنیا بەرەو تاریک بوون دەچوو. بێئەوەی هەست بەخۆ بکەن وەخت تێدەپەڕی . میر، بە هەنجەتی ساردی کەش و هەواوە داوای کرد کە بلەز بۆ ماڵ بگەڕێنەوە، بۆ ئەو ژوورەی کە سەماوەرەکە چاوەڕوانی دەکردن. میر داوای لە ماریا کیریلوڤنا کرد، کە لەم ماڵە بێ کابانەدا، کابانیەکە بکات، ماریا بەدەم چا تێکردنەوە گوێی لە حیکایەتە بێ کۆتاییەکانی میر دەگرت. لەناکاوا گوێی لە دەنگی تەقەیەک بوو، فیشەکە شێتەیەک چوو بە ئاسماندا و دنیای ڕوناک کردەوە. میر، شاڵێکی دا بەماریا کیریلوڤنا کە بیدات بە شانیاو لەگەڵ کیریلاپتروفیچدا هەردووکیانی بۆ بەلەکۆنەکە دەعوەت کرد. لە بەرانبەر کۆشکەکەدا لە تاریکیەوە هەر ئاگری ڕەنگاو ڕەنگ بوو دەچوو بە ئاسماندا، دەخولانەوەو بەشێوەی بازنەیی بەرزدەبوونەوە و وەکو سەرچاوەی گەرم گەڵدەقوڵین و بە هەرچوارنکالدا بڵاودەبوونەوە، وەکو لێزمەو ئەستێرەباران دەدابارین، دەکوژانەوە و هەڵدەبوونەوە. ماریاکیریلوڤنا، وەکو منداڵ خۆشحاڵ بوو و میر ڤیریسکی لەزەتی لە خۆشحاڵی ئەو دەبینی، ترویکوروف بێ ئەندازە لێی ڕازی بوو. چونکە هەر هەموو ئەم تەشریفاتەی بەوە دەزانی کە لەبەرخاتری ئەو ئەنجام دراوە. شکۆ و جەلالی شێو لە هی نیوەڕۆژە کەمتر نەبوو، دوای شێو، میوانەکان هەریەکەیان چوون بۆ ئەو ژوورانەی کە بۆیان تەرخان کرابوو، بەیانی ڕوخسەتیان لە خانەخوێیە خۆشەویستەکەیان وەرگرت و بەڵێنیان بەیەکدی دا کە زوو زوو سەردانی یەکدی بکەن.

"١٤"

ماریا کیریلوڤنا، لە ژوورەکەی خۆی لەبەردەم پەنجەرە کراوەکەدا دانیشتبوو و بەسەر ئەتەمینێکدا دانەوی بووەوە و سەرگەرمی چنین بوو، بێئەوەی بچووکترین هەڵە بکات، بەهەمان پەرێشانی ئاشقانەی خۆی خەریک بوو گوڵەباخێکی بە هەودای ئاوریشمی سەوز دەچنی. دەرزیەکەی دەستی، بەسەر نەخشی ئەتەمینەکەدا، بەبێ کەمترین لادان و هەڵە دەڕۆیی. بەڵام وێڕای جووڵەی دەستی، بیری بە هیچ جۆرێ لەلای کارەکەی نەبوو، بۆ شوێنێکی دوور ڕۆیی بوو.

لە ناکاوا دەستێک بەئارامی بەرەو پەنجەرەکە درێژ کرا، بەرلەوەی ماریاکیریلوڤنا، وەخۆبێتەوە، نامەیەکی لەسەر تەوقی ئەتەمینەکە داناو دیار نەما. ڕێک لەم کاتەدا پێشخزمەتێک خۆی وەژوورا کردو ماریای بۆ لای کیریلاپتروفیچ گاز کرد. ماریا بە پەشۆکاوی نامەکەی لەژێر جلەکانیەوە پەنهان کردو بەپەلە بۆ ئۆفیسەکەی بابی ڕۆیی.

کیریلا پتروفیچ بەتەنیا نەبوو، "میر ڤیریسکی"شی لە لا بوو. کاتێ ماریاکیریلوڤنا وەژوورکەوت، میر لەبەری هەستا، بە بێدەنگی و پەشۆکانێکی نائاساییەوە کڕنوشی بۆ برد.

کیریلاپتروفیچ گوتی:

-ماشا وەرە، خەبەرێکم پێیە، هیوادارم بەدڵت بێ، میر هاتووەتە داوای تۆو، خوازگاری تۆی لە من کردووە.

ماشا، لەجێی خۆی وشک بوو، ڕەنگی مردووی لێنیشت بە بێدەنگی لەجێی خۆی وەستابوو. میر لێی نزیک بووەوە، دەستی گرت و بە بێدەنگی و نەرم و هێدی لێی پرسی کە ئایا ئامادەیە ئەو بەختەوەر بکات؟ لێ ماشا ورتەی لێوە نەهات.

کیریلاپتروفیچ گوتی:

-ئامادە؟ هەڵبەتە ئامادەیە، بەڵام دەزانی میر، وتنی ئەم وشەیە بۆ کیژان زۆر قورسە.. دەی یەکدی ماچ بکەن و بەختەوەربن.

ماشا بەبێ جوڵە لەجێی خۆی وەستا بوو، میری پیر دەستی ئەوی ماچ کرد، لەناکاوا ڕوندک بە گۆنا زەرد هەڵگەڕاوەکانی کیژێدا هاتە خوارەوە، میر، بە پەستی برۆی وێکهێنانەوە.

کیریلاپتروفیچ گوتی:

-برۆ کچم، برۆ فرمێسکەکانت بسڕەو وەرەوە بۆ لای ئێمە، برۆ گیانەکەم، ئیدی ئەمە عادەتی کچانە، کاتێ داخوازی دەکرێن و بەشوو دەدرێن، دەگرین.

ئەوسا ڕووی کردە میرو گوتی:

-میر، ئیدی ئەمە عادەتی کیژانە، ئێستا با بێینە سەر ئەسڵی مەسەلەکە، مەسەلەی جیازییەکە.

ماریا کیریلوڤنا، ئەم ڕوخسەت دانەی بەهەل زانی و بەهەشتاو بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیی. دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست، جڵەوی بۆ ڕوندکان بەردا، کە بەخەیاڵ ئەوەی دێنایە بەرچاوی خۆی کە ژنی ئەم میرە پیرو فەرتووسەیە، فرمێسکی وەکو بارانی بوهار دەهاتنەخوار، قێزی لەخۆی دەبووەوە. لەناکاوا ئەم پیاوەی لەبەرچاو کەوت، زۆر قێزەون هاتە بەرچاوی، بەڕادەیەک ترسی لەم شووە پەیداکرد وەکو ئەوەی بۆ گۆڕی بەرن. بە نائومێدیەوە، لەدڵی خۆیدا دەیگوت: "نا، نا، ئەگەر بمرم، ئەگەر تەرکی دنیا بکەم، ئەگەر ڕەدووی دۆبرۆفسکی بکەوم، زۆر لەم شووە باشترە."

لەم کاتەدا نامەکەی بیرکەوتەوە، بەتاسەوە کردییەوەو دەستی بەخوێندنەوەی کرد، بە مەزەندە هەستی کردبوو لە کێوەیە! هەر واش دەرچوو، نامەکە لەوەوە بوو، تەنیا ئەم ڕستەیەی تیا نووسرابوو:

-ئەمشەو سەعات دە، لەهەمان شوێن.

## "١٥"

مانگ بەحەوێقی ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە. شەوێکی کپی هاوین بوو. جارجار شنەبایەکی سووکی دەهات، خشەخشی نەرمی گەڵای درەختەکان لەسەرانسەری باخەکەدا دەنگی دەدایەوە. کچەی گەنج و جوان وەکو

تارماییەکی ناسک بەرەو ژوانگە دەڕۆیی. هێشتا کەس دیار نەبوو. لەناکاوا دۆبرۆفسکی لەپشت کەپرەکەوە هاتەدەرێ و لەبەردەمیدا وێستاو بەدەنگێکی نزم و خەمین گوتی:

–هەموو شتێک دەزانم! بەڵام تۆ سۆزو بەڵێنەکەی خۆت فەرامۆش مەکە.

ماشا بەرسڤی دایەوە:

–تۆ پشتیوانی خۆت بۆ من دەردەبڕیت، بەڵام تووڕە مەبە، من لەم کارە دەترسم. دەمەوێ بزانم بەچ شێوەیەک دەتوانی کۆمەکی من بکەیت؟

–من دەتوانم لەشەڕی ئەو پیاوە قێزەونەت ڕزگار بکەم.

–تو زاتی خوا دەستی بۆ مەبە، ئەگەر منت خۆشدەوێ وازی لێ بێنە، هەقت بەسەریەوە نەبێ، من نامەوێ ببمە سەبەبکاری کارێکی ترسناک...

–نا، خەمت نەبێ دەستی بۆ نابەم، داواو حەزی تۆم بەلاوە پیرۆزە، داوای تۆم پێ لە عاردی نادرێ. لە ئێستا بەدواوە، بەڕوح و ژیان قەرزارباری تۆیە. بەناوی تۆوەو لە سەرتۆ هیچ تاوانێک ناکەم، دەبێ بەپاکی و پاکیزەیی وەمێنی و تەنانەت بە تاوانەکانی منیش نەلەوتێی. بەڵام پێم بڵێ چۆن بتوانم تۆ لە چنگی ئەم بابە دڵڕەقەت ڕزگار بکەم؟

–هێشتا ئومێدبڕ نەبووم، بەڵکو بتوانم بەزەبری فرمێسک و نائومێدی و بێ پەنایی خۆم ژێوانی بکەمەوە، ڕاستە کەسێکی سەرسەختە، بەڵام زۆری خۆشدەوێم.

–زۆریش بە ئومێد مەبە. ئەو ئەم فرمێسکانەی تۆ بەو ترس و دوودڵی و ناڕەزاییە ئاساییانەی ئەو کیژانە دەزانێ کە داک و بابیان بە تۆبزی و بەپێچەوانەی ڕەزامەندی خۆیانەوە، بەشوو دەدەن. باشە ئەگەر ئەو سووربێ لەسەر ئەوەی کە بەپێچەوانەی حەزی خۆتەوە، بەخەیاڵی خۆی تۆ بەختەوەر بکات چ دەکەی؟ ئەگەر تۆ بەخورتی بەشوو بدات و ناچارت بکات کە هەموو تەمەنی خۆت دەگەڵ ئەم پیرەمێردەدا بەسەر بەریت، چ دەکەی؟

–هەنگێ.. هیچ ناکەم، هیچ چارێکم نامێنێ، وەرە بەدووماو ڕەدووی تۆ دەکەوم.

دۆبرۆفسکی، تەواو پەشۆکا، دەلەرزی، سیمای ژاکاو و زەردی سوور هەڵگەڕاو دوای تۆزێک ڕەنگی بەتەواوەتی هەڵبزڕکا. ماوەیەکی زۆر سەری لەبەرخۆناو بێدەنگ بوو، ئەوسا سەری هەڵبڕی و گوتی:

–غیرەت بدە خۆت، لە بابت بپاڕێوە، خۆت باوێژە سەر لاقی بابت، ئەو ئایندە ترسناکەی بێنە بەرچاو کە دەیەوێ بۆتۆی دروست بکات، گەنجی خۆتی بدە بەچاوا کە دەبێ دەگەڵ ئەم پیرەمێردە فەرتووسە داوێن پیسەدا بییەیتە سەر. شەرمی لێ مەکە، بەڕاشکاوی پێێ بڵێ کە ئەگەر بەقسەت نەکات، سەری خۆت هەڵدەگریت.. پێی بڵێ سەروەت و سامان، بۆ ساتێکیش بەختەوەرت ناکات، سەروەت و سامان، بۆ هەژاران

و داماوان شته، ئەویش تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم، پاشان خووی پێوە دەگرن. لێی مەترسە، خەمی تووڕە بوون و هەڕەشە و گوڕەشەکانیت نەبێ، تا تروسکەیەک ئومێد مابێ لێی مەبەوە، بۆ خاتری خوا دەستبەرداری مەبە. ئەگەر دوای ئەمە هیچ چارێکت نەما، هەنگێ بڕیارێکی قورس بدە، و ئەگەر هەر زانیت سووره لەسەر ڕای خۆی و نەرم نابێت، هەنگێ... هەنگێ پێی بڵێ کە پشتیوانێکی ترسناک دەدۆزیتەوە. دۆبرۆفسکی لێرەدا، بەهەردوو دەست دەموچاوی خۆی داپۆشی. لەوە دەچوو خەریکە بخنکێ... ماشا دەستی بەگریان کرد. دۆبرۆفسکی ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی:

–ئاخ لەم بەخت و نێوچەوانە ڕەشەی من! هەمیشە ئامادەم گیانم لە پێناوی تۆدا فیدا بکەم. هەموو بەختەوەری و شادییەکی من ئەوە بوو کە لە دوورەوە بتبینم، دەستم بەر دەستەکانت بکەوێ. کاتێ کە هەستم کرد ئەگەر دەرفەتی ئەوە هەیە بە دڵمەوەت بگوشم و بڵێم: فریشتەکەم، وەرە با پێکەوە بمرین! تەحا کە بەشەرێکی نەگبەتم! دەبوایە لەو شادمانیە هەڵێم و بە دەستی خۆم لە خۆمی دووربخەمەوە. من زات ناکەم خۆم باوێمە سەر لاقەکانت و سوپاسی خواوەند بکەم کە ئەم بەخششە گەورەیەی بە من ڕەوا دیتووە، منێک کە شایستەی ئەو بەخششەنیم... دەبوایە چەند ڕقم لەو کەسە ببێتەوە کە... بەڵام نا، هەست دەکەم کە هەنووکە ئیدی دڵی من، جێگەی هیچ ڕق و کینەیەکی تیا نەماوە.

بەنەرمی باسکی لە قەدی باریک و شووشی ماریا ئاڵاند و بەوپەڕی خۆشەویستی بە دڵی خۆوەی گوشی. ماریا، بەوپەڕی متمانەوە سەری نایە سەرشانی یارۆی ڕێگری گەنج. هەردووکیان بێدەنگ بوون.. کات بلەز دەڕۆیی. ئەنجام ماشا گوتی: –من دەبێ بڕۆم.

دۆبرۆفسکی، وەکو ئەوەی لە خەو ڕابووبێ، دەستی کیژێی گرت و موستیلەیەکی لە قامکی کردو گوتی:

–ئەگەر قەرارت دا پەنا بۆ من بێنی، ئەم موستیلەیە بێنە بۆ ئێرەو بیخە درزی ئەم دار بەڕووەوە، هەنگێ دەزانم دەبێ چ بکەم.

دۆبرۆفسکی دەستی ماچ کردو لەنێو دارو درەختەکاندا ون بوو.

"١٦"

ئیدی مەسەلەی خوازگاری ماریا کیریلوڤنا، لەلایەن میرڤیریسکییەوە لەکەس پەنهان نەبوو. دەرو دراوسێیان، پەیتا پەیتا پیرۆزباییان لە کیریلاپتروفیچ دەکرد و بەرە بەرە ئامادەکاری بۆ سازدانی زەماوەندەکە دەکرا. ماشا، قەرار و وەڵامی بنجبڕی خۆی بە ڕۆژ دەسپارد و لەهەمان کاتدا ڕەفتاری دەگەڵ دەزگیرانە پیرو فەرتووسەکەیدا زۆر ساردو فەرمی بوو. میر، ئەم بەرخودە ساردو سڕەی بەلاوە گرینگ نەبوو

و مەسەلەی ئەشق و خۆشەویستی ڕاستەقینەی بەهیچ کلۆجێ مەبەست نەبوو و بەم بێدەنگیەی ئەو، کە بەڕەزامەندی ژێراو ژێری دەزانی، قاییل بوو.

کات بلەز تێدەپەڕی، ئەنجام ماشا لێبڕا، بجوڵێت، کاغەزێکی بۆ میر فیریسکی نووسی و هەوڵیدا هەستی بروژێنێ و دڵی نەرم بکات و هەستی جوامێری و مەردایەتی بێدار بکاتەوەو زۆر بە ڕاشکاوی پێی ڕاگەیاند کە کەمترین خۆشەویستی بەرانبەر بەو نییەو تکای لێکرد کە چاوپۆشی لەم زەماوەندە بکات و ئەو لەم زوڵم و نەهەقیەی بابی بپارێزێت. بەخۆی، بە دزییەوە ئەم نامەیەی دا بەدەست میر و ئەویش، کە دەرفەتی دەستکەوت، لە گۆشەیەکی تەنیادا خوێندییەوەو ئەم ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەی دەزگیرانەکەی زەڕەیەک کاری تێنەکرد و ژێوانی نەکردەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەپێویستی زانی کاتی ڕێوڕەسمی زەماوەندەکە پێش بخرێت، بۆیە بە باشی زانی کە نامەکە پیشانی خەزووری ئایندەی بدات.

کیریلاپترۆفیچ زۆر تووڕەبوو، میر بە زەحمەتێکی زۆر توانی هێوری بکاتەوە و ڕازی بکات کە کارێک نەکات کە ماشا بزانێ نامەکەی بینیوە. کیریلاپترۆفیچ بە نەبەدڵی قاییل بوو، بەڵام بڕیاری دا بڕیاری دا کە لەوەی پتر کات بە فیڕۆ نەدات و مەوعیدی یەکجارەکی ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەی خستە سبەینێ. میر، ئەم قەرارەی بە قەرارێکی زۆر حەکیمانە زانی و چوو بۆ لای دەزگیرانەکەی و پێی گوت کە زۆر بە نامەکەی غەمگین بووە. بەڵام هێڤیدارە کە بەرەبەرە خۆشەویستی ئەو بەدەست بێنێ و هەرگیز ناتوانێ بەبێ ئەو هەڵبکات و مەحاڵە بەم حوکمی ئیعدامەی خۆی قاییل ببێت. ئەوسا بەوپەڕی ڕێزەوە دەستی ماشای ماچ کرد و ئەوسا بەبێ ئەوەی یەک وشەی دەربارەی قەرارەکەی کیریلاپترۆفیچ پێ بڵێ. ڕۆیی. بەڵام بەرلەوەی میر لە ماڵی ئەوان وەدەربکەوێ، کیریلاپترۆفیچ چوو بۆ لای ماشا و ئەمری پێکرد کە بۆ سبەینێ خۆی ئامادەبکات. ماریا کیریلوڤنا، کە لە قسەکانی میر ڤیریسکی پەست و تووڕە بووبوو، لە ناکاوا لە هۆڕژنی گریانی دا و، خۆی هاویشتە سەر لاقی بابی و بە دەنگێکی خەمناکی پڕ پاڕانەوەوە گوتی:

– باوکە، باوکە گیان، بە خۆڕایی مەم فەوتێنە، من میرم خۆش ناوێ، نامەوێ شووی پێبکەم.

کیریلاپروفیچ، بە هەڕەشەوە گوتی:

– یانی چی؟ تا ئێستا خۆت بێدەنگ کردبوو و خۆت ڕازی نیشاندەدا و ئێستاکە هەموو شتێک براوەتەوە، تازەبەتازە دەتەوێ داواکەی ئەو ڕەفز بکەیت؟ واز لەم گەوجە گەوجە بێنە، شتی وا ناچێت بە گوێی مندا.

ماشای بەلەنگاز دووبارەی کردەوە:

– باوکە! تکایە بە خۆڕایی مەم فەوتێنە! ئاخر بۆ دەتەوێ لە خۆتم دوور بخەیتەوە و بمدەیت بە پیاوێک کە خۆشم ناوێ؟ ئایا لە من بێزار بوویت؟ باوکە گیان، حەزدەکەم وەکو جاری جاران لەگەڵ تۆدا بم، تۆ بەبێ کیژەکەت هەست بە خەمباری دەکەیت، خۆ کاتی کە بزانی من خەفەتبارم، هێندەی دی خەفەتبار دەبیت. باوکە! بە تۆبزی بە شووم مەدە، من شووم ناوێ...

کیریلاپرتوفیچ، لە ناخەوە زۆری پێناخۆشبوو، لالانەوە و پاڕانەوەی کیژێ زۆری کارتێکرد، بەڵام خەمینی و ئازاری خۆی شاردەوە و لە خۆیی دوور خستەوە و گوتی:

– هەموو ئەم پەڵپ و بیانوانە بێهودەن. گوێت لێیە؟ من دەزانم مەسڵەحەت و بەختەوەری تۆ لە چیدایە. ڕوندک دادت نادات، دوو سبەی ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەت ئەنجام دەدرێت.

ماشا هاواری کرد:

– دوو سبەی، خودایا! نا، نەخێر، مەحاڵە، شتی وا نابێت. گویَ بگرە بابە، ئەگەر تۆ بڕیارت دا بیَ من بفەوتێنی، هەنگیَ من پەنا دەبەمە بەر کەسێک کە هەرگیز بە بیرتا نەیەت. بە چاوی خۆت دەبینی باوکە. هەنگیَ ژێوان دەبیتەوە لەوەی بۆچی ئەم کارەت لەگەڵ مندا کرد.

ترویکوروف گوتی:

– چۆن؟ چۆن؟ هەڕەشەم لێدەکەیت؟ بەڕاستی کیژێکی گۆساخی! ئەوەت پێدەکەم کە بە خەیاڵیش وێنای نەکەیت! هەڕەشەم لێدەکەیت! کەسێک نەمریَ ئەو پشت و پەنایەت دەبینین! پێم ناڵێی ئەو پشت و پەنایەت کێیە؟

ماشا بە نائومێدییەوە بەرسڤی دایەوە:

– ئەوە فلادیمیر دۆبرۆفسکییە!

کیریلاپرتوڤیچ، وای وێنا دەکرد، کچەکەی شێت بووە، تەماشایەکی کرد و بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوو. ئەوسا گوتی:

– زۆر چاکە، بە ئارەزووی خۆت چاوەڕوانی فریاڕەسان بکە، تۆ دەبیَ لەم ژوورە دەرنەچیت، بۆت نییە تا ڕۆژی زەماوەندەکەت لەم ژوورە وەدەربکەویَ.

کیریلاپتروڤیچ، دوای ئەو قسانە لە ژوورەکە وەردەرکەوت و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە قفڵ دا.

کچەی بەلەنگاز ماوەیەکی زۆر گریا، ئەوەی چاوەڕوانی بوو، هێنایە بەرچاوی خۆی. بەڵام ئەم گەنگەشە توندە ڕوحی هێور کردبووەوە، بۆیە دەیتوانی بە ئارامیەکی زیاترەوە دەربارەی ئایندەی ئاڵۆز و نادیاری خۆی بیربکاتەوە و بڕیاری پێویست بدات. گرنگترین شت لەلای ئەم، ئەوەبوو خۆی لەم زەماوەندە قێزەونە ڕزگاربکات. پێی وابوو شووکردن بە بابایەکی ڕێگرو هاوسەریی ئەو، لەچاو ئەم چارەنووسەدا کە بۆیان دیاری کردبوو، بەهەشت بوو. ڕوانییە ئەو موستیلەیەی کە دۆبرۆفسکی دابوویە. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد، بەرلەوەی کار لە کار بترازیَ، بەتەنیا بیدینیَ و شیرەت و ڕاوێژی پێبکات. هەستێک لە ناخەوە پێی دەگوت کە ئەو شەوە دۆبرۆفسکی لە باخەکەدا و لە نزیکی کەپرەکەدا دەبینیَ. بڕیاری دا هەر کە دنیا تاریکی کرد، بۆ ئەوێندەر بڕوات و چاوەڕوانی بکات.

هەرکە دنیا دەستی بە تاریک بوون کرد، ماشا خۆی ئامادە کرد کە بڕوات، بەڵام دەرگای ژوورەکەی قفڵ درابوو. کارەکەرەکەی لە پشت دەرگاکەوە پێی گوت کە کیریلاپتروفیچ، دەستووری داوە کە نەیەڵن لە ژوورەکە وەدەربکەویَ . دەست بە سەریان کردبوو. لەبەر پەنجەرەکە دانیشت، هەستی بە سووکایەتیەکی زۆر کرد، تا درەنگانێکی شەو، بیَ ئەوەی جلەکانی بگۆڕیَ دانیشت و چاوی بڕینە ئاسمانی تاریک. لە بەرەبەیاندا، سووکە خەوێکی لێکەوت، بەڵام بەدەم خەونی خەمناک و ئاجڕ و باجڕەوە، خەوەکەی شێوا و، بەدەم تیشکی هەتاوەوە بێدار بووەوە.

بێدار بووەوە، هەموو ئەو ڕەوشە ترسناکەی کە تێی کەوتبوو، لەبەرچاو خۆی بەرجەستەکرد. لە زەنگی دا، کارەکەرەکەی بە دەنگیەوە هات، کارەکەرەکە لە بەرسڤی پرسیارەکانی ئەودا گوتی: کیریلاپتروڤیچ دوێشەو لە ماڵی میر بووە و زۆر درەنگ بۆ ماڵ گەڕاوەتەوە. ئەمری جدی کردووە کە کەس نەخەڵەتابێ دەرگای لێبکاتەوەو لە ژوورەکەی وەدەربکەوێ و ڕێگەنەدرێ هیچ کەسێک قسەی دەگەڵدا بکات. هەروەها گوتی هیچ نیشانەیەکی خۆئامادەکردن بۆ ڕێوڕەسمی ئەنجامدانی زەماوەندەکە لە ئارادا نیە، تەنیا ئەوە نەبێ کە بە قەشەکە گوتراوە کە بە هیچ جۆرێ لە گوندی وەدەرنەکەوێت. کارەکەرەکە، پاش ئەوەی ئەو هەواڵانەی بە ماریا کریلوڤنا گەیاند، دەرگای ژوورەکەی لەسەر قفڵ دا و ڕۆیی.

بەڵام ئەو قسانە، ماشای دەست بەسەری بە جارێ دەهری کرد، خەریک بوو مێشکی دەتەقی، خوێنی هاتبووە جۆش، بڕیاری دا، بۆ هەر شێوەیەک بووە، دۆبرۆفسکی لە هەموو شتێک ئاگادار بکاتەوە. لە فکران ڕاچوو تا ڕێگەیەک وەدۆزێ و موستیلەکە بخاتە قەڵشتی (درز) دار بە ڕووەکەوە. لەم ساتەدا بەردێکی چکۆلە بەر پەنجەرەکەی کەوت و شووشەکەی زرینگایەوە و ماریا کیریلوڤنا، ڕابوو و ڕوانییە ناو حەوشەکە ساشای چکۆلەی بینی کە بە دزییەوە ئاماژەی بۆ ئەم دەکرد، ماریا چاک دەیزانی کە ئەم منداڵە چەند ڕوودەی ئەمە. بە دیتنی ئەو دڵی خۆش بوو، پەنجەرەکەی کردەوە و گوتی:

– چۆنی ساشا، بۆ بانگم دەکەی؟

– دادە گیان هاتووم پێت بڵێم کە بابمان ئێستا زۆر تووڕەیە و ئەمری کردووە کە هیچ کەسێک پەیوەندی بە تۆوە نەکات و هیچ کارێکت بۆ ئەنجام نەدات. جا هەر چیەکت دەوێ بە من بڵێ تا بۆتی ئەنجام بدەم.

– زۆر سوپاس ساشا گیان. گوێ بگرە... ئەو داربەڕووە کلۆرەی نزیک کەپرەکەت دیوە؟

– ئەدی چۆن دادە گیان.

– دەیسا ئەگەر منت خۆش گەرەکە، بە زووترین کات خۆت بگەیەنە ئەو درەختە و ئەم موستیلەیە بخە قەڵشت و کلۆرەکەیەوە، بەڵام وریابە کەس نەتبینێ ها.

ئەوسا موستیلەکەی بۆ هەڵدا و پەنجەرەکەی داخست.

ساشای چکۆلە موستیلەکەی هەڵگرت و تا هێز لەلاقیا بوو پێی وەغارەوە ناو بە سێ دەقیقە گەییە لای دار بەڕووەکە. موستیلەکەی لە قەڵشتی درەختەکە نا. دوای ئەوەی بە سەرکەوتوویی کارەکەی ئەنجام دا ویستی بگەڕێتەوەو ماریا کیریلوڤنا دڵنیا بکات، کەچی لە ناکاوا کوڕێژگەیەکی قژ سووری چاو چەپ خێلی، شڕۆڵە جل، لە پشت کەپرەکەوە وەدەرکەوت و یەکسەر خۆی گەیاندە دارەکە و دەستی بە قەڵشتەکەیدا کرد. لێ ساشا بە هەمان چاپوکی سمۆرەیەک، پەلاماری دا و بە هەردوو دەست گرتی و بە تووڕەیی گوتی: – چ دەکەی لێرە؟

کوڕێژگەکە هەوڵیدا خۆی لە چنگی ئەو دەرباز بکات، هاواری کرد:– تۆ هەقت چییە؟

ساشا هاواری کرد:

– موستیلەکە لەجێی خۆی دابنەوە کەروێشکە سوور، دەنا دەرسێکی وات دەدەم بە عەمراتت لەبیرت نەچێتەوە.

کوڕە لەجیاتی وەڵام، مستێکی بە دەموچاویا کێشا، بەڵام ساشا هەر بەری نەدا و بە هەموو هێزی خۆیەوە هاواری کرد: – دزا ئەهای دزا... خێراکەن وەرن.

کوڕێژگەکە، هەوڵیدەدا، لە چنگی ئەو دەربازبێت. پێدەچوو دوو ساڵێک لە ساشا گەورەتربێت و زۆر لەو بەهێزتر دیاربوو. لێ ساشا لەو چاپووکتر بوو. چەند دەقیقەیەک یەکێکیان هێنا و برد، ئەنجام کوڕێژگەکە بەسەریا زاڵ بوو، دای بە عاردیدا و هەردوو دەستی نایە بینی. بەڵام لەو ساتەدا دەستێکی بەهێز هات و قژە سوور و زبرەکەی گرت. ئەمە ستیپانی باخەوان بوو کە کوڕەی تاینی نیومەتر لە عاردی بەرزکردەوە و هاواری کرد:

– ئاهـ ، جانەوەری قژ سوور چۆن زات دەکەی لە کوڕی ئاغا بدەیت...

ساشا، دەرفەتی هێنا، خێرا هەستایەوە و خۆی ئامادە کردەوە و گوتی:

– تۆ یەخەت گرتم، دەنا نەتدەتوانی بمدەیت بە عاردیدا، دەی خێرا موستیلەکەم وێدەرەوە و گۆڕت گوم بکە لەم ناوە.

کوڕە قژ سوورەکە گوتی: – بەڵێ، وایە.

لە ناکاوا وەرچەرخا و قژی خۆی لە دەستی ستیپان دەرهێنا و پێی وەغارەوەنا، بەڵام ساشا دووی کەوت، لە دواوە دەڵەکی دا و بە دەما خستی، باغەوانەکە دووبارە گرتی و بە پشتێنەکەی خۆی بەستیەوە. ساشا هاواری کرد: – کوا موستیلەکە بێنە!

ستیپان گوتی: – سەبرکە ئاغای چکۆلە، دەیبەین بۆ لای پێشکار با سزای بدات.

کابرای باخەوان، کوڕێژگەکەی بەرەو حەوشەکەی ئاغا دەبرد، ساشاشی دەگەڵدابوو و بە نیگەرانییەوە دەیڕوانیە پانتۆڵە دڕاوەکەی خۆی کە بەهۆی کەوتنی لەسەر سەوزە گیایەکە پیس بووبوو، لە ناکاوا هەرسێکیان خۆیان لەبەردەم کیریلاپتروفیچ دا بینییەوە، کە دەچووە تەماشای تەویلەکان، ئاغا کاتێ ئەوانی بینی، بە ستیپانی گوت: – ئەم بەزمە چییە؟

ستیپان، بە کورتی حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە. کیریلا پتروفیچ بە وردی گوێی لە ستیپان گرت و ئەوسا ڕوویکردە ساشا و گوتی:– لاسار پێم بڵێ بۆ لەگەڵ ئەم کوڕەدا بەشەڕ هاتوویت؟

– باوکە گیان! چونکە موستیلەی ناو قەڵشتی دارەکەی دزی بوو. پێی بڵێ بابمداتەوە.

– موستیلەی چی قەڵشتە داری چی؟

– موستیلەکەی ماریا کیریلوڤنا... ئەو موستیلەیەی کە...

ساشا، پەشۆکا. زمانی تێک ئالا، زانی کە هەڵەی کردووە. کیریلا پتروفیچ، برۆی وێکهێنانەوە، ڕووی گرژ بوو، سەری لەقاند و گوتی:

– ئاوا، یانی ماریا کیریلوڤناش دەستی لەم کارەدا هەبووە. خێرا دان بە هەموو شتێکدا بنە، دەنا ئاگر لەسەر پشتت دەکەمەوە.

– باوکە گیان... بە زاتی خوا... ماریا کیریلوڤنا هیچ قسەیەکی لەگەڵ مندا نەکردووە و هیچی لێ داوا نەکردووم.

– ستیپان، خێرا بڕۆ چەند شوولی تەڕ و تازە لە درەختێک ببڕە و بۆمی بێنە.

– سەبرکە باوکە، هەموو شتێکت پێ دەڵێم، ئەمڕۆ لە حەوشەدا یاریم دەکرد، ماریای خوشکم پەنجەرەکەی کردەوە، من بەرەو پیری چووم، موستیلەکەی کەوتە خوارەوە، منیش هەڵم گرتەوە و بردم لە درزی درەختێکدا شاردمەوە... ئەم کوڕە سوورە ویستی بیدزێت.

– یانی، موستیلەکە، بە ڕێکەوت لە دەستی کەوتە خوارەوە و تۆش ویستت بیشاریتەوە. ستیپان برۆ شووڵی تەڕم بۆ بێنە.

– باوکە سەبرکە، هەموو شتێکت پێ دەڵێم . خوشکەکەم گوتی کە بە غار خۆم بگەیەنمە داربەڕووەکە و ئەم موستیلەیە بخەمە درزی دارەکەوە. منیش بە غار چووم و ئەو کارەم کرد، بەڵام ئەم هەتیوە بێ سەروبەرە...

کیریلا پتروڤیچ، ڕووی کردە کوڕیژگە قژ سوورەکە و بە هەڕەشەوە لێی پرسی:– تۆ خەڵکی کوێی؟

کوڕیژگە قژ سوورەکە گوتی:– من لە خوڵامانی ماڵباتی "دۆبرۆفسکی"م.

کیریلا پتروفیچ، ڕەنگی هەڵبزرکا و گوتی:

– ئاوا، وادیارە کە تۆ من بە ئاغای خۆت نازانی، زۆر چاکە، بڵێ بزانم، لەم باخەی مندا چیت دەکرد؟

کوڕەی تاین، بەوپەڕی سادەیی گوتی:– تووم دەدزی.

– ئاوا... کەواتە نۆکەریش وەکو ئاغایەتی، پێش نوێژ چۆن بێ، نۆێژکەرانیش وەکو ئەون... باشە داربەڕووەکانی من توو دەگرن؟

کوڕیژگەکە هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە.

ساشا گوتی:– باوکە پێی بڵێ موستیلەکەم وێداتەوە.

کیریلا پتروڤیچ، هاواری بەسەردا کرد:

– بێدەنگ ئەلکساندر! لەبیرت نەچێ کە دەبێ ئەم دڕکەت لەژێر پێ دەربێنم. خێرا برۆ بۆ ژوورەکەی خۆت!

ئینجا ئاوڕی لە کوڕیژگەکە دایەوە و گوتی:

– تۆش بەو چاوە چەپ و خێلانەتەوە، شەیتان دیاری... کوا موستیلەکەم وێدەوە و بڕۆوە بۆ ماڵی خۆتان.

کوڕیژگەکە دەستی کردەوە، کە گوایە ئەوەتا هیچی پێ نییە.

– ئەگەر هەموو شتێکم پێ بڵێی، نەک هەر شەلاقکاریت ناکەم، بەڵکو پێنج "کوپێک"شت دەدەمێ بۆ خۆت بیدە بە گوێز. ئەگەر قسە نەکەیت، کارێکت پێ دەکەم با بە دەرواری شڕی نەکردبێ. کوا موستیلەکەم وێدە!

کوڕیژگەکە، ورتەی لێوە نەهات، سەری داخست و بەتەواوەتی خۆی لە گێلی دا.

کیریلا پتروفیچ گوتی:– زۆر چاکە، ئەمە حەپس بکەن، وریا بن هەڵنەیەت، دەنا پێستی هەمووتان دەگرووم.

ستیپان، کوڕیژگەکەی بردە باڵەخانەی کۆترەکان و دەرگاکەی توند لێداخست و بە ئاگاڤیای مریشکەوانی گوت کە زۆر ئاگای لێبێ.

کیریلا پتروڤیچ، دوای ئەوەی تەواو لە کوڕیژگەکە وردبووەوە، گوتی:

– ئادەی بڕۆن بۆ شار و بەپەلە سەرۆکی پۆلیس لەگەڵ خۆتاندا بێنن.

کیریلا پتروڤیچ، بەوپەڕی تووڕەیی بە ژوورەکەی خۆیدا دەهات و دەچوو بە فیکە ئاوازی سرووودی "بگرمێنە ئەی تەشبریقی سەرکەوتن" لێدەدا، لە دڵی خۆیدا دەیگوت. "گومان لەوەدا نییە کە کچەکەم سەروسرێکی دەگەڵ ئەم دۆبرۆفسکیە مەلعوونەدا هەیە، بەڵام ماقووڵە ماشا داوای کۆمەکی لەو کردبێت؟ پێدەچێ ئەنجام سەرەداوێکمان کەوتبێتە دەست، ئەمجارەیان ئیدی لە دەستمان دەرناچێت... دەبێ ئەم دەلیڤەیە بقۆزینەوە... ئەها! دەنگی زرنگی گالیسکە دێت... سوپاس بۆ خوا، سەرۆکی پۆلیس هات. ئەهای ئەو کوڕیژەگەیەی حەپستان کردبوو بۆ ئێرە بێنن!

لەم کاتەدا گالیسکەیەکی بچووک وەناو حەوشە کەوت، ئاشنا دێرینەکەمان، سەرۆکی پۆلیس، کە سەراپای لە تەپوتۆزدا نقوم بووبوو، خۆی وەژووردا کرد.

کیریلا پتروفیچ هاواری کرد:

– مژدەیەکی خۆش! "دۆبرۆفسکی"م گرتووە!

سەرۆکی پۆلیس، بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

– سوپاس بۆ خوای پایەبەرز! کوا لەکوێیە؟

– دۆبرۆفسکی خۆی نا، بەڵکو یەکێک لە دارودەستەکەیم گرتووە، ئێستا دەیهێنن. هەڵبەتە یارمەتیمان دەدات تا سەرۆکەکەیان بگرین، ئەوە هێنایان.

سەرۆکی پۆلیس کە بەتەمابوو ڕێگرێکی ڕەزا قورسی ناقۆڵا ببینێ، کە چاوی بە منداڵێکی سیازدەساڵانی باریکەلە کەوت، هەر حەپەسا، بە نیگایەکی پرسیارئامێزەوە، ئاوڕی لە کیریلا پتروفیچ دایەوە و چاوەڕوانی کرد تا لە سەری بڕوات، کیریلاپتروفیچ بەبێ ئەوەی کەم و زۆر ناوی ماریا کیریلوڤنای کچی ببات، ڕووداوەکەی ئەم بەیانیەی لە سیری تا پیازی بۆ سەرۆکی پۆلیس گێڕایەوە.

سەرۆکی پۆلیس، بە بایەخەوە گوێی لە قسەکانی وی دەگرت و جارجارێک تەمەشایەکی سەروچاوی کوڕیژگە شەیتانەکەی دەکرد و ئەویش بە جۆرێ خۆی لە گێلی دابوو و وای دەنواند، کە کەم و زۆر ئاگای لەو ڕووداوانەی دەوروبەری نییە و بە هیچ جۆرێ پەیوەندی بەوەوە نییە.

ئەنجام سەرۆکی پۆلیس گوتی:

– قوربان، یارمەتی هەیە، بەتەنێ قسەتان لەگەڵدا بکەم.

کیریلا پتروفیچ بردی بۆ ژوورێکی ئەلاحەدە و دەرگاکەی لەسەر خۆیان داخست. دوای نیو سەعاتان هاتنەوە بۆ هۆڵەکە کە کوڕیژگە دەست بە سەرەکە چاوەڕوانی قەراری ئەوان و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بوو.

سەرۆکی پۆلیس گوتی:

– جەنابی ئاغا دەیویست ڕەوانەی زندانی شارت بکات تا لەوێ شەلاقکاریت بکەن و پاشان وەکو تاوانبار ڕەهەنەی سیبریات بکەن، بەڵام من شەفاعەتم بۆ کردیت و لێت خۆش بوو. دەی دەست و لاقی بکەنەوە.

دەست و لاقی کوڕیژگەی تاینیان کردەوە. سەرۆکی پۆلیس گوتی:

– دەی سوپاسی جەنابی ئاغا بکە.

کوڕیژگەکە لە ئاغا چووە پێشی و دەستی ڕامووسی. کیریلا پتروفیچ گوتی:

- خێرا بۆ ماڵی خۆتان برۆوە و جارێکی دی توو لە داربەڕوو نەدزیت.
کوڕیژگەکە، لە هۆڵەکە وەدەرکەوت، بە خۆشحاڵیەوە بە قاڵدرمەکاندا داگەڕا، بێئەوەی ئاوڕی پاشی بداتەوە، بە هەڵەداوان، بە دەشت و چۆڵاندا بەرەو گوندی کیستینوفکا نشێو بووەوە. کاتێ گەییە گوندی، لە ئاستی یەکەم ماڵی قەراخ گوند وەستا، بە قامکی دەست یەک دوو جاری لە پەنجەرەکە دا، پەنجەرە کرایەوە، پیرەژنێک وەدیارکەوت. کوڕیژگەکە گوتی:
- داپیرە گوێچکە نانێکم بدەیە! لە بەیانیەوە زەوادم نەچووەتە سەر زار، خەریکە لە برساندا بمرم.
پیرەژن گوتی:- ئەمە تۆیی میتیا! ئەوە لە کوێ بووی هەی ناقۆلا؟
- دوایی بۆتی دەگێڕمەوە... تۆ جارێ گوێچکە نانێکم بدەیە!
- دەی وەژوورکەوە کوڕەکەم.
- داپیرە پەلەمە... دەبێ بڕۆم بۆ شوێنێکی دیکە... توزاتی خوا تۆزێ نانم بدەیە...
پیرەژن بەدەم بۆڵژنەوە گوتی:- تووشی چ بەڵایەک بووم؟
لە پەنجەرەکەوە لەتێ نانی ڕەشی دایە و گوتی:
- هانێ، ئەوە نان، بیگرە...
کوڕیژگەکە، بە تامەزرۆییەوە بەدەم ڕێکردنەوە کەوتە نان خواردن. دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو، میتیا بەنێو عەمارە چۆڵ و باخچە سەوزەکاندا، بەرەو بێشە و جەنگەڵی کیستینوفکا دەڕۆیی. کاتێ گەییە ئەو دوو دار کاژەی کە وەکو دوو پاسەوان، لەبەردەم بێشەکەدا چووبوون بە ئاسماندا، وەستا، بە وردی ڕوانیە هەر چوار نکالی خۆی و پاشان فیکەیەکی بەرزی دوور و درێژی کێشا و مودەتێک گوێی هەڵخست. فیکەیەکی دوور و درێژ و نزم و نەرم وەڵامی دایەوە و ئەوسا یەکێک لە لێڕەوارەکەوە هاتە دەرێ و بۆ لای ئەو ڕۆیی.

"١٨"

کیریلا پتروفیچ، بە هۆڵەکەدا دەهات و دەچوو و ئاهەنگە دڵخوازەکەی خۆی بە دەنگێکی بەرزتر لە جاران، بە فیکە لێدەدا. دەست و پێوەند، هەموو لە جم و جۆڵدا بوون. نۆکەران ڕاکەڕاکەیان بوو، کارەکەران هەریەک بە کارێکەوە خجڵ بوون. عەرەبانچیەکان، لە تەویلەکەدا، عەرەبانەیان ئامادە دەکرد و ئەسپانیان لە عەرەبانەکان دەبەست. حەشیمەتێکی فرە لە حەوشەدا خڕبووبوونەوە. لە ژوورەکەی ماریا کیریلوفنادا، خانمێک لەبەر ئاوێنەوە وەستابوو، چەندین کارەکەر دەوریان دابوو، خانمی ناوبراو ماریای کیریلوڤنای ئارایشت دەکرد، ماریا ڕەنگ زەرد و ژاکاو بەبێ جووڵە لەبەردەستیا وەستابوو. سەری لە ژێر قورسایی خشڵ و زێر و زەنبەر و ئەڵماساندا داکەوتبوو. هەرجارێ کە دەستی ئارایشتکەرەکە نارەحەتی دەکرد،تەزوویەکی پێدا دەهات و ڕادەچڵەکی. بەڵام وێڕای ئەمەش بە بێدەنگی و زەق زەق دەیڕوانیە ئاوێنەکە بێ ئەوەی دەموچاوی هیچ شتێک بنوێنێ.
دەنگی کیریلاپتروفیچ، لەبەر دەرگاکەوە بەرز بووەوە کە دەیگوت: - زۆرتان ماوە؟
ژنە ئارایشتگەرەکە گوتی:

– هەر ئێستا دێت. ماریا کیریلوڤنا، هەستە تەماشای خۆت بکە، بزانە ئەمەت بە دڵە؟

ماریا کیریلوڤنا هەستا، بەڵام هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە، لەم کاتەدا دەرگا کرایەوە.

ئارایشتگەرەکە بە کیریلا پتروفیچی گوت:– بووکە خان ئامادەیە، ئەمر بکە با گالیسکەکە بێنن.

کیریلاپتروفیچ وەڵامی دایەوە:– بە ئومێدی خودا، ئاخری خێربێ!

ئەوجا ئیکۆنەیەکی حەزرەتی مریەمی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و ڕووی کردە کچەکەی، بە دەنگێکی لەرزۆک و پڕ لە هەڵچوونەوە گوتی:

– ماشا وەرە پێشەوە، دەمەوێ دوعای خێرت بە سەردا بخوێنم...

کچەی بەلەنگاز لە ناکاوا خۆی هاویشتە سەر لاقی بابی و لە هۆرژنی گریانی دا و، بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە گوتی:– باوکە... باوکە...

ئەوسا دەنگی لە گەروویدا خەفە بوو و نەیتوانی هیچ بڵێت. کیریلا پتروفیچ، بلەز دوعاکەی بەسەرا خوێند و ئەوانی دی هەڵیان ستاند و بە نیمچە هەڵگرتن، هەڵیان گرت و لە عەرەبانەکەیان نا. پاخەسوو و یەکێک لە کارەکەرەکان دەگەڵیا سواربوون. و گالیسکەکە بەرەو کڵێسا ڕۆیی کە زاوا لەوێندەر چاوەڕوانی دەکردن، هاتە پێشوازی بووکێ، بەڵام کە ڕەنگی بزرکاو و ڕەوشی نالەباری بووکێی بینی سەری سوڕما. ئەوسا بە دووقۆڵی خۆیان بە کڵێسا چۆڵ و ساردوسڕەکەدا کرد و دەرگاکەیان لە سەریان داخست. کەشیشەکە لە میحراب وەدەرکەوت و یەکسەر دەستی بە ڕێوڕەسم و سرووتەکان کرد.

ماریا کیریلوڤنا، نە هیچی دەژنەوت و نە هیچ شوێنێکی دەبینی. بە درێژایی ئەو ڕۆژە تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە: چاوەڕوانی دۆبرۆفسکی بوو، بۆ ساتێکیش لە هاتنی ئەو ئومێدبڕ نەبوو. کاتێ کەشیشەکە پرسیارە ڕۆتینیەکەی لێکرد، ماریا ڕاچڵەکی، لەجێی خۆی وشک بوو و وەڵامی نەدایەوە، هێشتا چاوەڕوانی هاتنی دۆبرۆفسکی بوو. کاتێ کەشیشەکە هیچ وەڵامێکی ئەوی نەژنەوت. دوا قسەی لە گەڕانەوە نەهاتگی خۆی کرد.

ڕێوڕەسمی مارەبڕین کۆتایی هات. کچەی بەلەنگاز و نائومێد هەستی بە ماچی سارد و سڕی مێردێک کرد، کە خۆشی نەدەویست. گوێی لە پیرۆزبایی ئامادەبووان بوو، بەڵام هێشتا باوەڕی نەدەکرد، کە ژیانی بۆ هەمیشە بەستراوەتەوە و دۆبرۆفسکی نەهات بۆ ڕزگارکردنی. میر، هەندێک وشەی ئاشقانەی بە گوێیدا دا، بەڵام ماریا هیچی لێ حاڵی نەبوو.

پاشان لە کڵێساکە وەدەرکەوتن. هەموو مسکێنانی پاکروفسکوی لە حەوشەی کڵێساکەدا خڕبووبوونەوە، نیگایەکی خێرای بە سەردا گێڕان و ئەوسا هیچ ئاگایەکی لە دەروبەری خۆی نەما. بووک و زاوا، پێکەوە لە گالیسکەکەدا دانیشتن و بەرەو گوندی ئارباتوڤا وەڕێکەوتن، کە کیریلاپتروفیچ، تۆزێ لەوە پێش بۆ ئەوێندەر ڕۆیی بوو، تا بێتە پێشوازی کیژەکەی.

میر و ژنەکەی بەتەنیا مانەوە، هیچ خەمی ڕەفتاری سارد و سڕی ژنەکەی نەبوو. نەیدەویست بە وشەێن ئاشقانە و دەربڕینی تاسەی کۆمیدیانە هێندەی دی غەمگینی بکات. ئەو وشانەی کە دەیگوتن، وشەێن سادە و ساکاربوون و پێویستیان بە وەڵام نەبوو. بەم حاڵەوە نزیکەی دە کیلۆمەتریان بڕی.

ئەسپەکان، بە لۆقە بەسەر کوێرە ڕێگا ناهەموارەکاندا تاویان دەدا و گالیسکەکە کە ئینگلیزی بوو بە دەگمەن لەسەر دەبڵەکانی دەجوولا و تەکانی دەخوارد. لەناکاوا، دەنگی ژمارەیەک خەڵکی کە دووی گالیسکەکە کەوتبوون، بەرز بووەوە. گالیسکەکە وەستا، کۆمەڵێک پیاوی چەکدار دەوریان گرت. پیاوێک کە نیو دەمامکی خۆی کردبوو، دەرگای ئەولایەی کە ماریای گەنجی لێ دانیشتبوو، کردەوە و گوتی:

- تۆ هەنوکە ئازادی، وەرە خوارەوە!

میر ڤیریسکی هاواری کرد: - ئەمە چیە؟ تۆ کێی؟

ماریا کریلوڤنا، بەرسڤی دایەوە:- ئەمە دۆبرۆفسکییە!

میر، خۆی شلوێ نەکرد، دەمانچەیەکی لە گیرفانی تەنیشتییەوە دەرهێنا و فیشەکێکی نا بە ڕێگرە دەمامکدارەکەوە. ماریا هاوارێکی کرد و لە ترسا هەردوو دەستی بە چاویەوە گرت. شانی دۆبرۆفسکی زامدار بوو و خوێنی لێ دەچۆڕا. میر بێ ئەوەی هەڵوەستە بکات، دەمانچەی دووەمی دەرهێنا، بەڵام دەرفەتیان نەدا کە فیشەکی دووەم بتەقێنێ، دەرگاکانی گالیسکەکە کرانەوە و چەند دەستێکی بەهێز هێنایانە خوارەوە و دەمانچەکەیان لە دەستی دەرهێنا. دەمی چەندین خەنجەر بەسەر سەرییەوە دەبریسکایەوە.

دۆبرۆفسکی هاواری کرد: - نەیکوژن ها. هەقتان بە سەریەوە نەبێت.

هاوڕێکانی، بە پەستی پاشەکشەیان کرد. دۆبرۆفسکی ڕوویکردە شازادە خانم، کە ڕەنگی تەواو هەڵبزرکابوو، گوتی:- تۆ ئێستا ئازادیت؟

ماریا کیریلوڤنا بەرسڤی دایەوە: - نە! تازە زۆر درەنگە! من مارە براوم ژنی "میر فیریسکی"م.

دۆبرۆفسکی بە نائومێدی هاواری کرد:- ئەوە تۆ چ دەڵێی! تۆ ژنی ئەو نیت. تۆیان ناچارکردووە، دەنا هەرگیز ڕازی نەدەبوویت...

شازادە خانم بە توندی بەرسڤی دایەوە:

- با، ڕازی بووم و سوێندم خواردووە. دەستوور بدەن ئازادی بکەن و وازم لێبێنە با لەگەڵیدا بڕۆم. من تۆم فریو نەداوە تا دواسات چاوەڕوانم کردیت... بەڵام ئێستا پێت دەڵێم: کە تازە زۆر درەنگە، وازمان لێ بێنە با بڕۆین.

بەڵام دۆبرۆفسکی، دەنگی ئەوی نەدەژنەوت. ئازاری زامەکەی و ئەو پەریشانیە دەروونیەی بە سەریدا زاڵ بووبوو بڕستی لەبەر بڕی بوو، لەلای پێچکەی گالیسکەکەوە کەوتە سەر زەوی، ڕێگرەکانی دی دەوریان دا، تەنیا توانی چەند وشەیەکیان پێ بڵێ. سواری ئەسپیان کرد، دوو نەفەر ئەملا و ئەولایان گرت، نەفەری سێیەم هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو و هەموو لەوێ ڕۆیشتن، دەست و لاقی نەفەرەکانیان لەنێو گالیسکەکەدا بەست، ئەسپەکانیان لە ناوەندی جادەکەدا بەرەڵڵا کرد، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بدزن، یان دڵۆپ خوێنێک لە تۆڵەی خوێنی سەر دەستەکەیان بڕێژن، لەوێ ڕۆیشتن.

له ناوەندی چڕە دارستانێکدا، پانتاییەکی سەوزەڵانی تەختانی تەسک هەبوو کە قوڵلەیەکی سوپایی بچووکی تیا قوت کرابووەوە، چواردەوری سەنگەر و خەنەک و بارستە خۆڵ و گڵ بوو، لە پشت ئەم نیمچە سەربازگەیەوە، چەند کوختە و کەوێڵێکی گڵین دەبینران. لە چوارچێوەی فەزای سنووورداری ئەم قەڵایەدا، ژمارەیەک کە یەکسەر بە چەک و جلە جۆراو جۆرەکانیاندا دیاربوو کە چەتە و ڕێگرن، بە سەری کۆتەوە لە دەوری مەنجەڵێکی گەورەدا دانیشتبوون و خەریکی نان خواردن بوو. قەرەوڵێک (پاسەوان) لەسەر بارستەگڵەکە بە دیار تۆپێکەوە چوار مشقی لێی دانیشتبوو بە وردی جلەکانی خۆی پینەدەکرد، هێندە بە کارامەیی دەرزییەکەی بەکاردێنا کە لە دوورەوە دیاربوو کە خەیاتێکی کارامە و ئەزمووندارە. ناو بە ناو سەری هەڵدەبڕی و تەماشای هەر چواردەوری خۆی دەکرد. هەرچەندە سوراحیەکی گەورە چەندین جار لە نێوانیاندا دەستاودەستی دەکرد، بەڵام بێدەنگییەکی سەیر باڵی بە سەردا کێشابوون. کاتێ ڕێگر و چەتەکان لە نان خواردن بوونەوە، یەک یەک هەستان و نوێژ و نزایان خوێند، هەندێکیان چوونە کوختەکانەوە و هەندێکی دیکەیان بەناو چڕەدارستانەکەدا بڵاوەیان لێکرد و هەندێکی دیکەیان وەکو عادەتی ڕووسان پاڵکەوتن تا چاوێ گەرم بکەن.

قەرەوڵەکە، لە کارەکەی بووەوە، جلەکەی تەکاند، مودەتێک بە خۆشحاڵییەوە تەمەشای پینەی جلەکەی کرد. دەرزییەکەی لە قۆڵی کراسەکەی دا، لەسەر تۆپەکە ڕۆنیشت. بە دەنگی بەرز هەڵیکردە گۆرانیەکی کۆنی خەمناک:

ئەی لق و پۆپی سەوز، زەمزەمە مەکەن، دایە گیان

بێدەنگ بە

ئەی بێشە! بیر و خەیاڵی من مەشێوێنە.

لەم ساتەدا دەرگای یەکێک لە کوختەکان کرایەوە، پیرەژنێک کە سەرپۆشێکی سپی بە سەرەوە بوو جلێکی یەجگار خاوێنی پۆشی بوو قەد و باڵایەکی جوانی هەبوو و پێدەچوو زۆر لە خۆ ڕازی بێت هاتە بەردەرگا و بە تووڕەیی گوتی:

- ستیوپکا بەسە، ئاغا نوستووە و تۆش بە دەنگی بەرز هاوار دەکەی، بەڕاستی کابرایەکی بێ ویژدان و دڵڕەقی.

ستیوپکا بەرسڤی دایەوە:- ببوورە یگوروڤنا، چیتر دەنگ هەڵنابڕم، با ئاغا پشوو بدات و زووتر چاک ببێتەوە.

پیرەژن، وەژوور کەوتەوە. ستیوپکا، بەسەر بارستە گڵەکەدا کەوتە پیاسە و ڕاوێچکە. دوبروفسکی، لەنێو ئەو کوختەدا، کە پیرەژنەکەی لێ هاتبووە دەرێ، بە برینداری لەسەر قەرەوێڵەیەکی سوپایی سەفەری، لەپشت پەردەیەکەوە، خەوتبوو. دەمانچەکانی لەسەر تەپڵەکێک لە بەردەمیدا دانرابوون، شمشێرەکەشی بە قەد دیوارەکەوەو بەدیار سەرییەوە شۆڕ بووبووەوە. دیوار ومیچی کوختەکە بە مافورێن گرانبەها داپۆشرابوون. لە سووچی ژوورەکەدا مێزێکی تەوالێتی ژنانە و ئاوێنەیەکی باڵا نما، کە چوارچێوەکەی زیوی خاڵیسە بوو دەبینرا . دۆبرۆفسکی کتێبێکی کراوەی بەدەستەوە بوو، بەڵام چاوانی لێک نابوون. پیرەژن کە لە پشت پەردەکەوە لێی ڕامابوو، نەیدەزانی ئاخۆ نوستووە یان دەبیرەوە چووە!

دوبرۆفسکی لە ناکاوا لەجێی خۆی ڕاپەڕی، دەنگی شەپپوری ئامادەباش لەناو بورجەکەوە بەرز بووەوە، ستیوپکا، لە پەنجەرەی کوختەکەوە سەری کێشایە ژوورەوە و هاواری کرد:

– فلادیمیر ئاندرییڤیچ، پاسەوانەکان ئیشارەت دەدەن، وادیارە سەربازان هاتوونەتە تاقیبمان!

دۆبرۆفسکی، بە گورجی لە قەرەوێڵەکەی هاتە خوارەوە. چەکەکانی هەڵگرت و لە کوختەکە وەدەرکەوت. چەتە وڕێگرەکان، بەدەم دەنگەدەنگ و هەراوزەناوە لە نێو حەوشەکەدا لە دەوری یەکدی خڕ بووبوونەوە. هەرکە دۆبرۆفسکی هات هەموو بێدەنگ بوون و بێدەنگیەکی قووڵ باڵی بەسەردا کێشان.

دۆبرۆفسکی پرسی: – هەمووتان لێرەن؟

وەڵامیان دایەوە:– هەموو نەفەرەکان لێرەن جگە لە پاسەوانەکان.

دۆبرۆفسکی هاواری کرد:– خێرا، هەرکەسە و سەنگەری خۆ بگرن!

هەر چەکدارێک، شوێنی دیاریکراوی خۆی گرت.

لەم کاتەدا سێ کەس لە پاسەوانەکان بە غار بەرەو دەروازەی قەڵاکە هاتن و سەرکەوتن. دۆبرۆفسکی چووە پێشیان و پرسی:– دەنگوباس؟

وەڵامیان دایەوە:– سەربازان لە لێڕەوارەکەدان. دەیانەوێ گەمارۆمان بدەن.

دۆبرۆفسکی فەرمانی دا دەروازەی قەڵاکە دابخەن و خۆیشی چوو بەلای تۆپەکانەوە. دەنگی چەند کەسێک لە بێشەکەوە دەهات. ئەم دەنگانە سات بە سات نزیکتر دەبوونەوە. چەتەکان بە بێدەنگی چاوەڕوانیان دەکرد. لە ناکاوا سێ چوار سەرباز لە بێشەکەوە وەدەرکەوتن، بەڵام لە ناکاوا پاشەوپاش کشانەوە و بەرەو ڕووی هاوڕێکانیان کەوتنە تەقەکردن تا ئاگاداریان بکەنەوە و خەبەریان بدەنێ.

دۆبرۆفسکی هاواری کرد:– خۆ بۆ شەڕ ئامادە بکەن!

جم و جۆڵ کەوتە بەینی چەتە و ڕێگرەکان، ئەوجا بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا.

دوای ئەوە دەنگەدەنگی سەربازەکان، کە نزیک دەبوونەوە، هاتە گوێ. لوولەی چەکەکانیان لە بەینی درەختەکانەوە دەبریقانەوە. نزیکەی سەد و پەنجا سەربازێک لە بێشەکەوە هاتنە دەرێ و بەدەم هاوارەوە بەرەو مەتەڕێزەکان هێرشیان هێنا. دۆبرۆفسکی فتیلەی تۆپەکەی ئاگردا و گوللە تۆپ دەرچوو، سەری سەربازێکی پەڕاند و دوانیشی کوشت. سەربازەکان پەشۆکان، بەڵام ئەفسەرەکەی فەرماندەیان لە پێشڕەوی نەوەستا، سەربازەکانیش بە دوویدا هاتن، خۆیان گەیاندە سەنگەر و خەندەکەکان. ڕێگرەکان، بە دەمانچە و تفەنگ کەوتنە بەرگری و پاشان بە تەور و تەورزین کەوتنە بەرگری لەو سەنگەرەی کە سەربازەکان تێی ڕژابوون. سەربازانی تووڕە، هەرچەندە بیست بریندایان دابوو و لە خەندەکێکی خوارەوە کەوتبوون، هەر سەردەکەوتن. شەڕی تەن بە تەن و دەستەویەخە، بەچەکی سپی دەستی پێکرد. سەربازەکان گەیی بوونە سەری سەرەوە، ڕیگرەکان دەستیان بە پاشەکشە کرد و ڕێگایان بۆ سەربازەکان چۆڵ کرد. بەڵام دۆبرۆفسکی بەرەو ڕووی فەرماندەکەیان ڕۆیی، بە دەمانچە سینگ و بەرۆکی دابێژت. یارۆی ئەفسەر بە پشتا کەوت. چەند سەربازێک هەڵیان گرت و بە هەشتاو بەرەو ناو بێشەکەیان برد، سەربازەکانی دی کە فەرماندەکەیان لە دەست دابوو، دەستیان لە شەڕ هەڵگرت. ڕێگرەکان کە ورەیان بەرز بووبووەوە، ئەم پەشۆکانەی ئەوانیان بە هەل زانی و پەلاماریان دان و بەرەو

خەندەکەکە پاشەکشەیان پێکردن. سەربازەکان بەرەبەرە کەوتنە هەڵاتن و ڕێگرەکان بە هاوارەوە چنگ لە سەر شان دوویان کەوتن. سەرکەوتن مسۆگەر بوو. دۆبرۆفسکی کە لە شپرزەیی و شکانی یەکجارەکی دژمن دڵنیابوو، چەکدارەکانی خۆی ڕاگرت و دەرگاکانی قەڵاکەی داخست و ژمارەی پاسەوانەکانی زیاد کرد، و ئەوسا فەرمانی دا کە بریندارەکان هەڵبگرنەوە و هیچ کەسێک نەڕوات و شوێنی خۆی بەرنەدا.

ئەم بویەرەی دوایی، سەرنجی جدی حکوومەتی بەلای چەتەیی و ڕێگریی چەکدارەکانی دۆبرۆفسکی دا ڕاکێشا. ئیدی زانیاری تەواویان لەسەر نشیمەن و بارەگایەکەی کۆکردەوە و دەستەیەک سەربازی دیکەیان بۆ سەر نارد تا بە زندوویەتی یان مردوویەتی دەستگیری بکەن. چەند کەسێکیان لە دار و دەستەکەی دۆبرۆفسکی گرت و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و تاقیقدا بۆیان دەرکەوت کە دۆبرۆفسکیان لە نێودا نییە. چەند ڕۆژێک دوای ئەو جەنگەی باسمان کرد، دۆبرۆفسکی دار ودەستەکەی خۆی کۆکردبووەوە و پێی ڕاگەیاندبوون کە بە تەمایە بە یەکجارەکی بەجێیان بهێڵێ و بەوانیشی گوتبوو کە جۆر و شێوازی ژیانی خۆیان بگۆڕن. پێی گوتبوون:

– ئێوە لە سایەی مندا، دەوڵەمەند بوون، هەر یەکێکتان ئەوەندەتان سەرمایە هەیە کە بتوانن بڕۆن بۆ دەڤەر و دیارێکی دوورەدەست ولەوێندەر بە ئاسوودەیی بژین و باقی تەمەنتان بە کارێکی ئابڕوومەندانەوە بەرنە سەر. بەڵام ئێوە خەڵکانێکی بودەڵەن و پێناچێت بەتەمابن دەست لەم کاسبیە هەڵبگرن."

دوای ئەم وتەیە لێیان جیابووبووەوە و یەکێک لە پیاوەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا بردبوو. کەس نەیدەزانی چی بەسەرهاتووە و کێوەچووە. لە سەرەتاوە دەسەڵات گومانی لە دروستی ئەو دەنگۆیانە هەبوو و چونکە دڵسۆزی ڕێگرەکان بەرانبەر بەسەر دەستە و فەرماندەکەیان لای هەموو کەس عەیان بوو، بۆیە حکوومەت و دەسەڵات وای بۆ دەچوو کە بیانەوێ بەو دەنگۆیانە ڕێگومکێ لە حکوومەت بکەن و فەرماندەکەیان بە سەلامەتی دەرباز بکەن. بەڵام ڕووداوەکانی دواتر دروستی ئەو دەنگۆیانەی سەلماند. لەوە دوا چەتەیی و ڕێگری تەواو کزبوو، تاڵان و ئاگر بەردان لە مەزرا و ماڵان بڕا؛ ئەمن و ئاساییش بۆ ڕێگا و بانەکان گەڕایەوە. پاشان خەڵکی لە ڕێگای هەواڵێن دیکەوە بۆیان دەرکەوت کە دۆبرۆفسکی بۆ یەکێک لە وڵاتە بیانییەکان هەڵاتبوو.

(١٨٣٣ – ١٨٣٢)

ئەم چیرۆکە یەکەمجار لەدوای مردنی پوشکین لە ساڵی ١٨٤١ دا بڵاوبووەوە

## * . دەقی قەرار و ڕەئی دادگا:

١٨....../٢/١٠

پارێزگای...

دادگای پارێزگا، دوای لێکۆڵینەوە لە دەعوا و کەیسی تایبەت بە داگیرکردنی بێ سەنەد و بەڵگەنامەی گوندی کیستینوفکا لەلایەن ملازمی گاردی تزاریەوە، کە بەشێکە لە موڵکەکانی کیریلا پتروفیچی کوڕی تریکوروف لە ناوچەی... موڵک و گوندی ناوبراو سەد و هەشتا و شەش ڕەعیەتی تیا دەژی و پانتاییەکەی نۆسەد و سی و دوو هیکتارە، گەییە ئەم ئەنجامگیرییەی کە کیریلاپتروفیچ لە بەرواری٩-٦ ساڵی.... ١٨ موراجەعەی دادگای کردووە و عەرز وحاڵێکی پێشکەش کردووە کە دەڵێت باوکی مەرحوومی لە بەرواری ٨/١٤/ساڵی..... ١٨دا کە لە خزمەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی پاشایەتیدا بووە، مەزار و موڵکی کیسیتیوفکای، کە کەوتووەتە پارێزگای "ک"ەوە کە بە گوێرەی ئاماری چوارەم "١١٣" نەفری پیاوی لەسەر بووە، بە هەموو زەوی و زارە کێڵراو و بەیارەکان و بێشە و لەوەڕگە و خانووە دارینەکانیەوە، لە پیاوێک بە ناوی "فادی یکوروف شپیتزن" بە بڕی ٢٥٠٠ منات کڕیوە و لەو ڕۆژەوە لە تۆماری سەنەدی موڵکداری یاساییدا تۆمارکراوە و باوکی لە ڕۆژی ٩/٦/.....١٧ کۆچی دوایی کردووە. کوڕەکەی ئەو، واتە ئەم ترویکورۆفەی حازریە لە ساڵی..... ١٧ کە لە تەمەنی هەرزەکاریدا بووە، لە خزمەتی سەربازیدا بووە و لە زۆربەی شەڕە دەرەکیەکاندا بەشداری کردووە و بۆیە بە هیچ کلۆجێ ئاگای لە مردنی باوکی و موڵکەکانی پاش مردنی ئەو نەبووە. بەمجۆرە دوای ئەوەی خزمەتی سەربازی تەواوکردووە و سەری موڵکەکانی باوکی داوە، کە پتر لە سێ هەزار مسکێنیان لە سەرن، بۆی دەرکەوتووە کە ملازم ئاندرێ دۆبرۆفسکی، بەبێ هیچ سەنەد و قەواڵەیەکی فەرمی، گوندی ناوبراوی بە هەموو زەوی و زار و ڕەعیەتەکانیەوە داگیرکردووە. ئیدی هەموو ئەو بەڵگانەی سەرەوەی کە بەڵگەی ئەوەن "یکوروف" موڵکی ناوبراوی بە باوکی کیریلا پتروفیچ فرۆشتووە، هاوپێچی عەرزوحاڵەکەی خۆی کردووە و داوای کردووە کە موڵکی ناڤبری، لە دۆبرۆفسکی، کە بەبێ هیچ سەنەدێک داگیری کردووە، وەر بگیرێتەوە و بدرێتەوە بە ترویکوروف. هەروەها شکاتکار داوا دەکات کە هەموو ئەو دەرامەتەی کە بەهۆی ئەم داگیرکارییە نەهەقانە و نایاساییەوە، دۆبرۆفسکی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا لەو موڵک و ماڵە بە دەستی هێناوە، بەگوێرەی یاسا لێی بسەنرێتەوە و بدرێتەوە بە ترویکوروف.

بەڵام دوای لێکۆڵینەوە و تەحقیق، ئاندرێ دۆبرۆفسکی ملازمی گاردی تزاری کە حاڵی حازر موڵکە جێ ناکۆکەکەی لەدەستدایە، دەڵێت کە موڵکەکەی ئەو کە کەوتووەتە ناوچەی کیستینوفکا، بە هەموو زەوی و خەڵکەکەیەوە، دوای کۆچی دوایی باوکی "گاڤریل یوگرانوف دۆبرۆفسکی" ملازمی تۆپخانە، بە ناوبراو بڕاوە، باوکی ئەم موڵکەی لە باوکی ئەم شکات کارەی حازرییە، کە جاران سکرتێری ناوچە بوو و پاشان بووە بە یاریدەدەری دادسێنی ناوچە، کڕیوە و ئەم سەودا و مامەڵەیە بە گوێرەی وەکاڵەتنامەیەک کە باوکی لە بەرواری ٨/٣٠/......١٧ بۆ "گریگۆری ڤاسیلیو - سوبولوف"ی کردووەتەوە، لەلایەن دادگای پارێزگاری "ک..."وە تۆمار و مۆرکراوە، جا بە گوێرەی ئەم کۆپیالە و وەکالەتنامەیە موەکیلی ناوبراو

دەبوایە سەنەد و تاپۆی موڵکیەتی موڵکی ناوبراوی بە ناوی باوکی دۆبرۆفسکییەوە بکردایە و لەم سەنەد و بەڵگەنامەیەدا بە ئاشکرا گوتراوە کە ناوبراو واتە ترویکوروف، هەر هەموو ئەو موڵکەی کە لە "سپیتزین" کڕیویەتی، کە سەد و سیازدە مسکێنی لەسەرە، بە هەموو زەوی و زار و دار و بەشەرییەوە بە باوکی دۆبرۆفسکی فرۆشتووە و بڕی ٣٢٠٠ سێ هەزار و دوو سەد مناتی لە بری ئەو موڵکە کاش لە بابی شکات لێکراو وەرگرتووە و داوای لە موەکیلی ناوبراو کردووە واتا "سولوبوف" کردووە کە سەنەدی موڵکیەتی موڵکی نێوبراو بدات بە باوکی شکات لێکراو و هەڵبەتە لە سەنەدی ناوبراودا ئەم خاڵەش باسکراوە کە چونکە شکات لێکراو هەموو باجێکی سەر موڵکی ناوبراوی داوە، دەتوانێ موڵکەکە بۆ خۆی بەرێت و ترویکوروف، بە هیچ جۆرێ مافی داواکردنی موڵکی ناوبراوی نییە.

بەڵام دەربارەی ئەمەی کە کەی و لە کام مەحەزەردا سوبۆلوفی وەکیل - ئەو سەنەدی موڵکیەتەی بە بابی داوە. ئاندرێ دوبرۆفسکی، هیچ زانیارییەکی نییە، چونکە ئەو لەو سەر و بەندەدا هێشتا منداڵ بووە و دوای مردنی بابیشی نەی توانیوە، سەنەدی موڵکیەتەکە پەیدا بکات و وا وێنا دەکات کە لەوەیە، لە ئاگرکەوتنەوەکەی ساڵی...... ١٧ کە هەموو هەوارگە و ماڵ و خانوو بەرەکەیان سووتاو هیچیان بۆ دەرنەچووبوو و کەوتبوونە سەر ساجی عەلی، سەنەدی ناوبراویش لەناوچوو بێت. هەڵبەتە هەموو دانیشتوانی ئەم گوندە، ئاگایان لەو ئاگرکەوتنەوە هەیە.

بەڵام سەبارەت بەوەی کە لە ڕۆژی تەسلیم کردنی وەکالەتنامەکەوە بە (سولوبوف) تا ئێستا موڵکی ناوبراو بەدەست ماڵبات و خانەوادەی دۆبرۆفسکییەوە بووە، پەنجاو دوو نەفەر لە خەڵکی دەڤەرەکە، دوای جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی سوێندخواردن شایەدیان دا کە ئەوەندەی ئەوان لەبیریان بێ موڵکی ناوبراو "موڵکی ناکۆکی لەسەر" لە هەفتا ساڵ لەمەپێشەوە، بێ هەڤڕک لەلایەن خانەدانی دۆبرۆفسکییەوە ڕەعەمەل هێنراوە و بەدەست ئەوانەوە بووە، بەڵام هیچ ئاگادارییەکیان لەمەڕ سەنەد و قەواڵەی موڵکیەتی موڵکی ناوبراوەوە نییە. خانووەکەی خانەوادەی دۆبرۆفسکی سی ساڵ لەوەپێش بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە بە تەواوەتی سوتابوو و خەڵکانی باوەڕپێکراو، جێ متمانە، دەیانگوت موڵکی نێوبراو بە شێوەیەکی گشتی ساڵانە بەلای کەمەوە پتر لە دوو هەزار منات دەرامەت و دەسکەوتی هەبووە.

سەبارەت بە وەڵام و بەرپەرچدانەوەی ئەو ئیدیعایانەی سەرێ، کیریلاپترۆفیچ ترویکوروف لە ٧/٣/ئەمساڵدا ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەش بە دادگا کردووە کە دەڵێت: هەرچەندە "ئاندرێ دۆبروفسکی، ملازمی گاردی تزاری لەکاتی تەحقیقات و لێکۆڵینەوەدا ئەو وەکالەتنامەیەی کە باوکی مەرحوومی "گاڤریل دۆبرۆفسکی" بە سولوبوفی ئەندامی دادگای داوە و سەبارەت بە فرۆشتنەکەی وەکالەتی بۆ ئەو کردووەتەوە، نیشان داوە، بەڵام سەبارەت بە بابەتی ئەم سەودا و مامەڵەیە نەک هەر ئەسڵی قەواڵە و سەنەدەکە لە ئارادا نییە، بەڵکو هیچ جۆرە بەڵگەیەکی ئاشکرا و باوەڕپێکراوی دیکەش نییە، کە ڕوودانی ئەو مامەڵەیە بسەلمێنێ و دەگەڵ مادەی نۆزدەی یاسای دادڤانی و یاسای مۆرکراوی بیست و نۆی نۆڤەمبەری ١٧٥٢دا تێک بکاتەوە. بۆیە بەم پێودانگە وەکالەتنامەی نێوبراو بەپێی یاسای هەموارکراوی مانگی ئایاری ساڵی ١٨١٨ لە دوای مەرگی موەکیلەکە بەتاڵ بووەتەوە و پێویستە کە موڵکی ناوبراو

بدرێت بە هەڵگری قەواڵە و سەنەدی موڵکیەتی بنجبڕی موڵکەکە، نەک بدرێ بە کەسێک کە دەیەوێ هەق و هەقانیەتی خۆی لە ڕێگەی شایەد و لێکۆڵینەوەوە بسەلمێنێ.

جا چونکە داواکەر، بۆ سەلماندنی داواکاریەکەی خۆی قەواڵە و سەنەدێکی نیشانداوە کە بەڵگە و نیشانەی ئەوەیە کە ئەو موڵکە هی باوکی ناوبراوە، بۆیە بە پێی دەقی ڕاشکاوی یاسای دەعواکە، دەبێ ئەو موڵکە لە دوبرۆفسکی بسەنرێتەوە کە بە ناهەق داگیری کردووە، بدرێت بە داوکەر کە بە میرات بە خاوەنی ئەو موڵکە دەژمێردرێت، هەروەها چونکە ئەم موڵکە لەلایەن شکات لێکراوەوە بەبێ قانوونی ڕەعەمەل هێنراوە و هیچ قەواڵە و سەنەدێکی قانوونی بە دەستەوە نەبووە و بەبێ قانوونی لە بەروبووم و دەرامەتی ئەو موڵکە بەهرەمەند و سوودمەند بووە. دەبێ لیژنەیەکی تایبەتی دەرامەتی ئەو هەموو ماوەیە دیاری بکات و بە گوێرەی قانوون لە دۆبرۆفسکی وەربگیرێتەوە و بدرێتەوە بە ترویکوروف.

ئیدی دادگای پارێزگا، دوای لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە و بە ڕەچاو کردنی بەند و ناوەڕۆکێن قانوونی، ئەم قەرارە دەدات:

"بەگوێرەی هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردنی ئەو سەنەد و قەواڵە و بەڵگەنامانەی کە لە فایلەکەدا هەن، دەرکەوتووە؛ کە کیریلاپتروفیچ ترویکوروف سەبارەت بە موڵکیەت و دانیشتوانی ئەو گوندەی کە کێشەی لە سەرە وحاڵی حازر بەدەست ئاندرێ گاڤریلوفیچ دۆبرۆفسکییەوەیە و بە گوێرەی سەرژمێری و ئاماری تازە، سەد و نەوەد و شەش مسکێنی تیایە، سەنەد و تاپۆی موڵکیەتی ئەم موڵکەی نیشان داوە و سەنەدی ناوبراو ئەوە دەسەلمێنێ کە باوکی ترویکوروف لە ساڵی...... ١٧ موڵکی نێوبراوی لە سپیتزین کە یاریدەدەری فەرماندەی وەخت بووە، کڕیوە. هەروەها بە گوێرەی پەراوێزی قەواڵەکە ئەوە دەردەکەوێ کە موڵکی ناڤبری لە هەمان ساڵدا لەلایەن ئیدارەی پەیوەندارەوە دراوە بە کڕیار و هەرچەندە ئاندرێ دوبرۆفسکی سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئەم ئیدیعایە ، ئەو وەکالەتنامەیە نیشان دەدات کە باوکی سەبارەت بە نووسینی سەنەدی موڵکیەت و کڕینی موڵکەکە بە سولوبوفی ئەندامی دادگای ناوچەیی داوە، بەڵام بەپێی قانوون... نەک هەر داگیرکردنی مردەماڵ بەبێ بوونی سەنەدی موڵکیەت بە تاوان دەزانرێ و یاساغە، بەڵکو داگیرکردنی کاتیش قەدەغەیە، بەتایبەتی کە وەکاڵەتنامەکەش یەکسەر دوای مردنی موەکیلەکە بەتاڵ بووەتەوە.

جگە لەو بابەتانەی سەرەوە، لەو ڕۆژەوە کە ئەم دەعوایە خراوەتە بەردەم دادگا، تا ئێستا لەلایەن ئاندرێ دوبرۆفسکیەوە هیچ بەڵگەیەکی ڕوونی ئەوتۆ کە بیسەلمێنێ کە سەودا و مامەڵەیەکی وەها ڕووی دا بێ، پێشکەش بە دادگا نەکراوە.

جا بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی کە لە سەرێ ڕا ڕوون کراونەتەوە، ڕەئی دادگا ئەمەیە کە موڵکی نابراو بە هەر سەد و نەوەد و شەش مسکێنەکەی سەریەوە، بە کردەکی و بە گوێرەی ئەو سەنەدی موڵکیەتیەی کە بە دەستی ترویکوروفەوەیە، هی ئەوە و دەبێ لە تەسەڕوفی دوبرۆفسکی ملازمی گاردی تزاری دەربهێنرێ و بدرێت بە کیریلاپترۆفیچ ترویکوروف کە بە گوێرەی قانوونی میراتگری، بە موڵکی بێ چەند و چوونی ئەو دەژمێردرێت. هەرچەندە کە ترویکوروف، داوای کردووە کە دەرامەتی ئەو ماوەیەی کە ملازم دۆبرۆفسکی بەناهەق ئەم موڵکەی بەدەست هێناوە، لە ناو براو وەربگیرێتەوە، بەڵام چونکە موڵکەکە

بە گوێرەی شایەدی خەڵکی ناوچەکە، مودەتێک بێ هیچ هەڤرکێک، بێ هیچ نارەزاییەک لەژێر تەسەرووفی خانەدانی دۆبرۆفسکی دا بووەو ئەوراقی ناو فایلەکە ئەوە نیشان نادەن کە تائێستا لەلایەن ترویکوروفەوە هیچ عەرزوحاڵێک دژی ئەم داگیرکردنە نایاسابییە درابێت و چونکە بە گوێرەی قانوون هەرکاتێ کەسێک بێت زەوی کەسێکی دی دابچێنێ و بیکات بە کشت و کاڵ یان حەساری بە دەورا بکێشێت و خاوەنی ئەسڵی دەربارەی داگیرکردنی نایاسایی عەرزوحاڵ بدات، دەبێ زەوییەکە بە بەر و بوومەکە و هەموو بیناکانی و حەوشە و حەسارەکەیەوە، بدرێتەوە بە خاوەنە ئەسڵیەکەی، بۆیە دادگا، سەبارەت بەم بابەتە ناچێتە ژێر ئەم داوایەی ترویکوروف، چونکە موڵکەکە، وەکو خۆی و بێ هیچ کەم و کووڕی و عەیبێک، بێ ئەوەی خرابێتە سەر ئەم بەناو خاوەنەی ئێستای، دەدرێتەوە بە ناوبراو، واتە ترویکوروف. وێڕای ئەمەش ترویکوروف، مافی ئەوەی هەیە کە ئەگەر بەڵگەنامەی دروست و قانوونی هەبێت، سەبارەت بەم ئیدیعایەی دوایی خۆی، بە جیا سەردانی دادگای سوڵح بکات و داوای لەسەر تۆمار بکات. هەڵبەتە دەبێ ڕەئی دادگا بە هەردوو لایەنی داواکار و داوالێکراو ڕاگەیەنرێ، هەردوو لایەنیش بە گوێرەی قانوون مافیان هەیە سەبارەت بە ناوەڕۆک و دیتن و خوێندنەوەی ئەم قەرار و ڕەئیە ڕەزامەندی یا نارەزایی دەرببڕن، پێویستە هەردوو لایەنی دەعواکە، لە ڕێگای پۆلیسەوە بۆ دادگا بهێنرێن.

قەرار و ڕەئی ناڤبری لەلایەن هەموو ئەندامانی ئامادەی دادگاوە هاتووەتە ئیمزاکردن."

# کڕێوە

ئەسپان بە غار سەرەولێژ دەبنەوە،
سمیان لە خەرمانی بەفرا ڕۆدەچێ
لەوێ، لە کەنار جادەکە
کڵێسایەک گیرساوەتەوە
خاچێکی تەنیا بەرچاو دەکەوێ
.........
لە ناکاوا کڕێوە دەست پێدەکا
کلو بەفر، وەکو دەست پێچکە خوری
دەورمان دەگرێ.
قەلەڕەشێک بە باڵەفڕێ
بەسەر خزاکەکەدا
دێت
باڵەکانی هاواریان لێ
هەڵدەستێ، گاڵتەیان
بە ئێمە دێ
هاواری ئەو سەیرە، دەڵێی
هاوارێکی پەشیمانی نەفرەت ئەنگێزە!
ئەسپەکان، بە هەشتاو تاو دەدەن،
هەموو هێزی خۆیان کۆ دەکەنەوە
گوێیان قوڵاخ کردوەتەوە، چاویان
بڕیوەتە قوڵایی تاریکیەکە.
***

لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٨١١دا، کە بۆ ئێمە ساڵێکی یەجگار خۆش و پڕ بیرەوەری بوو، "گاڤریلا گاڤریلوفیچ"ی پیاو چاک و دروستکار لە موڵکەکەی خۆیدا (نینارادوڤا) دەژیا. لەو دیار و دەڤەرەدا، بە میوان پەروەری و دڵپاکی بەنێوبانگ بوو، خەڵکەکە زۆریان خۆش دەویست؛ دەر و دراوسێ بە بەردەوامی سەردانیان دەکرد: هەندێک بۆ خواردن و خواردنەوە، هەندێک بۆ یاری و گەمەی بوستون (جۆرە گەمەیەکی وەرەقە) دەگەڵ پراسکوڤیا پیتروڤنای ژنیدا لەسەر پێنج کوپیک؛ و هەندێکیش بۆ

تەمەشای ماریا گاڤریلوڤنای کچیان، کە کیژێکی زەردەڵەی لاواز بوو و تەمەنی لە هەڤدە ساڵ تێ نەپەڕی بوو. زۆر کەس داخوازیان کردبوو یا بۆ خۆیان یا بۆ کوڕیان.

ماریا گاڤریلوڤنا، بە شێوازی فەرەنسی گەورەبووبوو، بەردەوام ڕۆمانی فەرەنسی دەخوێندەوە. ئیدی کیژێکی ئاشق بوو. ئەو دڵدارەی کە ئەو بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، ملازم دووەمێکی هەژار بوو، کە لەو سەروبەندەدا بە مادوونی بۆ گوندەکەی خۆی هاتبووەوە، تا مودەتی مادوونیەکەی لەوێندەر بگوزەرێنێ. هەڵبەتە ئەم گەنجەش بە هەمان جۆش و خرۆش و سۆز و گودازەوە کیژەی خۆش دەویست. کە داک و بابی کیژێ بەم کەین و بەین و ئاشقێنییەیان زانی، ئاگاداریان کردەوە کە بۆی نیە تەنانەت بیریش لە شتی وابکاتەوە، ڕەفتاریان دەگەڵیا زۆر خراپ بوو.

ئیدی جووتە ئاشق نامەیان بۆ یەکدی دەنووسی و هەموو ڕۆژێک بە دزییەوە، لە نێو کاژستانە چکۆلەکەدا یان لە نزیکی کڵێسا چکۆڵە کۆنەکەدا یەکیان دەبینی. لەوێندەر ڕاز و نیازیان دەکرد، بەڵێن و پەیمانی ئەشقی هەمیشەییان بۆ یەکدی تازە دەکردەوە و گەلەییان لە بەخت و چارەنووس دەکرد و نەخشە و پلانی جۆراوجۆریان دادەنا. ئاقیبەت ئەم ژوان و پەیوەندی و ڕاز و نیازانە گەیاندنی بەم ئاکامە ئاساییەکە: "ئێستا ئێمە کە بەبێ یەکدی هەڵناکەین و ویستی ئەم داک و بابە دڵڕەقانە بووە بە کۆسپی سەر ڕێگای بەختەوەری ئێمە، بۆچی، بەبێ پرس و ڕەزامەندی ئەوان ئەم کارە نەکەین؟"

هەڵبەتە ئەم بیرۆکەیە. هەوەڵجار بە مێشکی کوڕەکەدا هات و پاشان، دەگەڵ خەیاڵی ڕۆمانسیانەی ماریا گاڤریلوڤناشدا تێکی کردەوە.

زستان هات، ژوان و دیدارەکانیان بڕا. بەڵام نامەیان لە نێواندا زیاتر بوو. ڤلادیمیر نیکولایوفیچ، لە هەر نامەیەکی خۆیدا لە کیژێ دەپاڕایەوە کە بە قسەی بکات و بە دزییەوە زەماوەند بکەن و ماوەیەک بەو حاڵەوە وەمێنن و پاشان بێن خۆ باوێنە سەر لاقی داک و بابی ئەو و هەنگێ بێگومان، ئەم ئەشق و ڤیانە درێژ خایەن و پڕ لە بەدبەختیەی ئەوان کاریان تێدەکات و دڵیان بە حاڵیان دەسووتێ و دەڵێن: "منداڵینە، وەرنە باوەشی ئێمە!"

ماریا گاڤریلوڤنا، ماوەیەکی زۆر دوودڵ بوو، زۆر نەخشەی هەڵاتنی ڕەت کردبووەوە. بەڵام ئەنجام هاتە ڕەدا، قەراریان دا کە لە ڕۆژی دیاریکراودا نان نەخوات و بە هەنجەت و بیانووی سەریەشەوە بۆ ژوورەکەی خۆی بڕوات و پاشان دەگەڵ هاودەمەکەیدا، کە ئاگاداری نەخشە و پلانەکە بوو، لە قاڵدرمەکانی پشتەوەی ماڵەکەوە بۆ باخەکە داگەڕێن، لە پشت باخەکەوە سواری ئەو خزاکە بین کە لەوێندەر چاوەڕوانیانە و یەکڕاست بۆ گوندی ژادرینۆ بڕۆن کە پێنج کیلۆ مەترێک لە نینارادوڤۆوە دووربوو و لەوێندەرەوە بڕۆن بۆ کڵێساکە کە ڤلادیمیر لەوێ چاوەڕوانی دەکردن.

ماریا گاڤریلوڤنا، شەوی پێش سەفەرەکەی تا بەرەبەیان خەو نەچووە چاوی، هەموو جل و بەرگ و پێویستیەکانی سەفەرەکەی کۆکردەوە و لە بوخچەی نان، نامەیەکی دوور و درێژی بۆ کیژێکی گەنجی دڵپاک کە دەستە خوشکی بوو نووسی، نامەیەکی دیکەشی بۆ دایک و باوکی نووسی، لەم نامەیەدا خواحافیزییەکی گەرم و گوڕی لێکردن، داوای بووردنی لێکردن، کە ئاگری ئەشق ناچاری کردبوو، ئەم هەنگاوە بنێت. لە کۆتایی نامەکەدا بە دەستەواژەیەکی ناسک نووسی بووی، خۆشترین ساتی ژیانی، ئەو

کاتە دەبێت کە ئەگەر دایک و باوکە خۆشەویستەکەی ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە و خۆی باوێتە سەر لاقی ئەوان، هەنگێ خۆی بە بەختەوەرترین کیژی دنیا دەزانێت.

کاتێ نامەکانی تەواوکرد و لە زەرفی نان و مۆری کردن و بە تولێک بەستنی کە وێنەی دوو دڵی بە سەرەوە بوو، تازە بەیانی دابوو، خۆی دا بەسەر جێگاکەیدا، خەو بردییەوە، بەڵام خەونی ترسناکی یەک لە دووی یەک، بێداری دەکردەوە: جارێک لە خەویا، ڕێک لەو ساتەدا کە دەیویست سواری خزاکەکە بێت تا بڕوات و شوو بە فلادیمیر بکات، بابی هات بەسەرا و لە پەلی نەوی و بەسەر بەفرەکەدا ڕایکێشا و تووڕی دایە ناو گەرداوێکی تاریکی بێ بنەوە. کاتێ کە بەسەر سەرا دەکەوتە ناو ئەم گەرداوەوە، دڵی زۆر بە توندی لێی دەدا. جارێکی دی لە خەویا فلادیمیری بینی کە بە ڕەنگی زەرد و سەروچاوی خوێناوییەوە لەسەر سەوزە گیایەک کەوتبوو و لە حاڵی گیانەڵڵادا بوو و هاواری دەکرد و دەپاڕایەوە و تکای دەکرد بلەز بچێتە کڵێساکە و خۆی لەم مارە بکات. بەو جۆرە وێنە و خەونی ترسناک، یەک لە دووی یەک، بە بەردەمیا تێ دەپەڕین. ئەنجام ڕابوو، دەموچاوی ژاکا بوو و سەری زۆر دەیەشا. داک و بابی هەستیان بە نیگەرانی و حاڵ پەرێشانی ئەو کرد. بەوپەڕی پەرۆشی و دڵسۆزییەوە، بەوپەڕی دلۆڤانی و میهرەبانی لە پرسیاریان گرت: ماشا چیتە؟ چیتە ماشا گیان دەڵێی نەخۆشیت؟ هێندە بە گەرمی و پەرۆشەوە لە حاڵیان دەپرسی خەریک بوو ئاگر لە دڵی بەربێت. هەوڵی دەدا دڵنیایان بکات و وا بنوێنی کە هیچی نیە و بگرە خۆشحاڵیشە، بەڵام بێهودە.

ئێوارە هات، ئەم بیرەی کە دوا شەو لە باوەشی خانەوادەکەیدا دەگوزەرێنێ دڵی دەگوشی، و نیوە مردوو بوو بوو. لە دڵی خۆیدا خواحافیزی لە هەموو ئەو کەس و شتانەی دەوروبەری خۆی دەکرد.
شێو ئامادەبوو، دڵی بە پەلەپەل کەوتە لێدان. بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی کە نان ناخوات، ئەوسا مۆڵەتی مەرەخەسی لە دایک و بابی خواست. ئەوانیش وەکو هەموو شەوێک ڕایان مووسی و دوعای خێریان بۆ کرد. زۆر بە زەحمەت جڵەوی گریانی خۆی گرت. هەرکە گەیشتەوە ژوورەکەی خۆی، خۆی دا بەسەر کورسیەکەدا و فرمێسکی بەتاو هاتە خوارێ. هاودەمەکەی هەوڵی دا، دڵخۆشی بداتەوە و هێوری بکاتەوە و پێی گوت کە ورەی بەرز بێت و نەترە بەر نەدات، هەموو شتێک ئامادەبوو. دەبوایە دوای نیو سەعاتی دی ماریا، ماڵە باوان، داک و بابی، ژوورەکەی خۆی و ئەو ژیانە ئارامە کچێنیەی کە بۆی خۆش کرابوو، بۆ هەمیشە بەجێ بێڵێ...

لە دەرەوە بەفر و کڕێوە، بە تووڕەیی هەڵی کردبوو. بایەکە یەک بە خۆی دەیلوراند، تاکی پەنجەرەکان بە توندی دەلەرینەوە و بە یەکیاندا دەدا. دەتگوت هەموو دنیا بۆ بەدبەختی ماریا، هەستاوە. هەر زوو بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو ماڵەکەدا کێشا و هەموو خەوتن. ماشا جلێکی ئەستووری لەبەرکرد، خۆی لە شاڵێکەوە پێچا، جانتاکەی هەڵگرت، لە قاڵدرمەکانی پشت ماڵەوە داگەڕا، هاودەمەکەشی بە دوو بوخچەوە دووی کەوت. بە دوو قۆڵی خۆیان بە باخەکەدا کرد، بەفر و کڕێوە خۆشی نەکردبووەوە، بایەکە وەکو شەلاق بە ڕوویاندا دەچزا، وەکو ئەوەی بیەوێ ئەم تاوانکارە گەنجانە لەو نەخشەیە بگێڕێتەوە کە بە دەستیانەوەبوو پراکتیزەی بکەن. بە زەحمەتێکی زۆر خۆیان گەیاندە ئەوسەری باخەکە، لە قەراخ جادەکەدا عەرەبانەیەک چاوەڕوانی دەکردن. ئەسپە تەڕەکان لەسەرما ئۆقرەیان نەدەگرت. عەرەبانچیەکەی فلادیمیر،

که هاتبوو ئەوان ببات، بە بەردەم عەرەبانەکەدا دەهات و دەچوو، کە ئەوانی بینی جڵەوی ئەسپەکانی گرت، ویستی ئارامیان بکاتەوە، ئیدی یارمەتی ماریا و هاودەمەکەی دا و خستنیە عەرەبانەکەوە، جانتا و بوخچەکانیانی لە تەنیشت خۆیەوە بارکرد و جڵەوی ئەسپەکانی ڕاکێشا و خزاکەکە "عەرەبانەی سەر بەفر" بە هەشتاو وەڕێکەوت.

جا با لێرەدا دوو کیژە گەنجەکە لە نێو بەفر و کرێوەدا بەجێ بێڵین و بە چارەنووس و بە فون تریشکای عارەبانچیان بسپێرن و بە خۆمان. بچین بە سەروەختی ئاشقە گەنجەکەی لەمەڕ خۆمانەوە.

فلادیمیری گەنج، هەموو ئەو ڕۆژە لە هاتوچۆدابوو، بۆ بەیانی خۆی گەیاندە نک قەشەکەی "ژادرینو" دوای هەوڵێکی زۆر ئەوسا توانی قەناعەتی پێبکات کە ئەو کارەیان بۆ جێبەجێ بکات. هەنگێ بۆ پەیداکردنی شایەدانی پێویست، چوو بۆ گوندەکانی دەوروبەر و ماڵێن موڵکدارەکانی دەرودراوسێ. بۆ ئەو مەبەستە چوو بۆ لای ئەفسەرێکی سوارەی خانەنشین بە نێوی دراڤین، کە تەمەنی چل ساڵان بوو. ئەفسەری ناڤبری بەوپەڕی ڕووخۆشی و بێ هیچ چەند و چوونێک پێشنیازەکەی قەبووڵ کرد. کە گوێی لە واریقات و بەسەرهاتەکەی فلادیمیر بوو، ڕۆژانی گەنجی و بەرزەفڕییەکانی خۆی لە بەشی سوارەی لەشکردا وەبیرکەوتەوە، ئیدی فلادیمیری دەعوەتکرد کە میوانی ئەو بێ و لەگەڵ ئەودا نان بخوات و دڵنیای کرد کە دۆزینەوەی دوو شایەدی دیکە، کارێکی ئاسانە و نیگەرانی ناوێت. هەر واش دەرچوو، یەکسەر دوای شیو خواردن بە ماوەیەکی کەم "شمیت"ی مەساح "ڕووپێو"ی گوند بە چەکمە و مامێز و سمێڵە باریکەکەیەوە لەگەڵ کوڕی سەرۆکی پۆلیسی ناوچەکە، کە نۆ لاوێکی شازدە ساڵان بوو و تازە پەیوەندی بە هێزی سوپای سوارەوە کردبوو، خۆیان وەژووردا کرد، نەک هەر پێشنیازەکەی فلادیمیریان قەبووڵ کرد، بەڵکو سوێندیان خوارد کە ئامادەن خۆیانی لە پێناودا فیدا بکەن. فلادیمیر لە خۆشیاندا، دەستی لە ملی هەردووکیان کرد و بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە تا خۆی ئامادە بکات.

دنیا دەمێک بوو تاریک بووبوو. فلادیمیر، عەرەبانچیە ئەمەکدارەکەی خۆی بە خزاگە سێ ئەسپیەکەیەوە و بە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی زۆرەوە بۆ نینارادوڤا نارد و پێی گوت کە خزاکێکی تاک ئەسپەی بۆ پەیدا بکات. کاتێ ئەو خزاگەیان بۆ هێنا، هەر خۆی، بێئەوەی عەرەبانچییەکە لەگەڵ خۆیدا ببات، بە تەنیا سوار بوو و بەرەو "ژادرینو" ڕۆیی کە قەرار بوو، ماریا گاڤریلوڤناش تا چەند سەعاتێکی دی بۆ ئەوێندەر بێت. شارەزای ڕێگاکە بوو و دەیزانی کە بە خزاگ پتر لە بیست دەقیقە ناخایەنێت.

بەڵام فلادیمیر هەرکە لە گوندەکە وەدەرکەوت، بەفر وبایەکی ئەوتۆ هەڵیکرد، کەهیچ شوێنێکی نەدەبینی، لە چاوتروکانێکدا ڕێگاکە دیارنەما، دیمەن و شتەکانی بەردەمی لە تەمێکی ئامال زەدا نقوم بوو، کلو بەفری سپی لەناویا لوولی دەخوارد و ئەرز و ئاسمان هاتنەوە یەک. فلادیمیر لە ناکاوا هەستی کرد کە ڕێگای گوم کردووە، بێهودە هەوڵیدا ڕێگاکە بدۆزێتەوە. ئەسپەکەش سەرگەردان بووبوو، کوێرانە بە هەر لایەکدا تاوی دەدا و جارێ دەکەوتە خەرمانە بەفرێکەوە و جارێ لاقی دەچوو بە چاڵێکی قووڵدا و خزاگەکەش هەر جارناجارێ وەردەگەڕا. هەموو هەوڵێکی فلادیمیر هاتبووە سەر ئەوەی کە ئاڕاستەکەی لێ نەگۆڕێت. بەڵام پێی وابوو پتر لە نیو سەعاتە بەڕێوەیە و هێشتا بێشەکەی قەراخ گوندی ژادرینۆی لێ دەرنەکەوتووە. دە دەقیقەیەکی دیکەش بووری، کەچی هێشتا هیچ شوێنەوارێکی بێشەکە دیارنەبوو.

هەنووکە فلادیمیر لە ناوەندی دەشتێکدا خزاگەکەی دەڕانی، هەر چواردەوری کەند و دۆڵی قووڵ بوو. تۆف و کرێوەی بەفر زەڕەیەک کەم نەدەبووەوە و بچووکترین ڕووناکی بە ئاسمانەوە دەرنەدەکەوت. ئەسپەکە بەرەبەرە ماندوو بوو، هەرچەندە هەمیشە تاسینگی لە بەفرا ڕۆدەچوو کەچی ئارەقە زەنگۆڵ زەنگۆڵ، لەسەر و بەدەنییەوە دەهاتە خوارێ.

ئەنجام فلادیمیر، بۆی دەرکەوت کە ڕێگاکەی گوم کردووە و ئەم ڕێگەیە بۆ ئەو شوێنە ناچێت کە ئەو دەیەوێت. وەستا، لە فکران ڕاچوو، هەموو ئەو ڕێگایەی هێنایەوە بەرچاوی خۆی کە پێیدا هاتبوو، سەمتەکانی پێکدی بەراورد کرد و گەییە ئەم ئەنجامگیرییەی کە دەبێ بە دەستە ڕاستدا پێچ بکاتەوە. ئەم جارەیان سەمتی ڕاستی گرتە بەر، ئەسپەکەی هێندە شەکەت بووبوو بە زەحمەت دەیتوانی ڕێ بکات. پتر لە یەک دانە سەعات بوو کە بەڕێوە بوو، گومان لەوەدا نەبوو کە ژادرینو ئەوەندە دوور نەبوو، بەڵام هەر درێژەی بەڕێکردنی خۆی دا و دا، ئەم دەشتە پان و بەرینە هەر نەدەبڕایەوە، هەر چوار نکالی هەر بەفر و کەند و دۆڵی قووڵ بوو. خزاگەکە، پەیتا پەیتا ئاوەژوو دەبوو و فلادیمیر هەڵدەستا و ڕاستی دەکردەوە و دەکەوتەڕێ. کات درەنگ دەبوو. فلادیمیر بەرەبەرە هەستی بە ترس و نیگەرانی دەکرد.

ئەنجام ڕەشاییەک لە دوورەوە دەرکەوت، فلادیمیر ڕاست ڕووی تێکرد، کە نزیک بووەوە، بۆی دەرکەوت کە بێشەیەکە. لە دڵی خۆیدا گوتی:

– شوکور بە خوا، زۆر لە مەزڵ دوور نەکەوتوومەتەوە.

بەو ئومێدەی کە بچێتەوە سەر ئەو جادەیەی کە دەیناسی یان بە دەوری بێشەکەدا پێچ بکاتەوە، بە قەراخ بێشەکەدا درێژەی بە ڕێگای خۆی دا، چونکە دەیزانی کە ژادیرنو ڕێک لە پشت بێشەکەوەیە. دوای تۆزێک ڕیگاکەی دۆزییەوە و بە ئەرخایەنی خزاگەکەی بە ناوەندی چڕە درەختەکاندا کرد، کە زستان ڕووت و قووتی کردبوونەوە. بایەکە لێرە زۆر تووش نەبوو. جادەکە هەموار بوو. ئەسپەکە کەمێک بوژایەوە، فلادیمیر پشوویەکی وەبەر هاتەوە و ورەی بەرزبووەوە.

بەڵام دیسان خزاگەکەی ڕانی و ڕانی و هیچ هەواڵێک لە ژادرینۆوە نەبوو، دەتگوت بێشەکە کۆتایی نییە. ڤلادیمیر لە ناکاوا، بەوپەڕی ترسەوە، زانی کە خۆی بە بێشەیەکی نەناسدا کردووە. جارێکی دی نائومێدی لە سەراپای نیشت. بە شەلاقان کەوتە وێزەی پیرە ئەسپ. حەیوانی بەستەزمان هەڵیکردە یۆرغە، بەڵام زووبەزوو خاوبووەوە، لاقی سست بوون و دوای نزیکەی چارەکە سەعاتێک، وێڕای هەوڵ و تەقەلای فلادیمیری بەدبەخت، بە زەحمەت دەیتوانی لاقەکانی لە دووی خۆی بکێش بکات.

بەرەبەرە درەختەکان تەنک بوون، فلادیمیر لە لێرەکە وەدەرکەوت، بەڵام دیسان هیچ شوێنەوارێکی ژادیرنۆ، نە لە دوور و نە لە نزیک دیار نەبوو. دنیا درەنگ بوو، شەو لە نیوەدا بوو. ڕوندک بە چاوانیدا دەهاتنە خوارێ و خزاگەکەی بە نەبەدڵی و بێ هیچ ئومێدێک داژۆت. لەم ماوەیەدا بەفر و کرێوە بەرەبەرە هێور بووەوە و هەوران پەراگەندە بوون و دەشتێکی تەختانی لە بەفرا سپی لێ بەدیارکەوت. شەو ڕووناک بووەوە. فلادیمیر گوندێکی بچووکی چوار پێنج ماڵەی بەدی کرد کە زۆر دوور نەبوو و لەبەر یەکەم ماڵدا لە خزاگەکەی دابەزی و خێرا خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکە و دەستی بە لێدانی کرد، دوای

چەند دەقیقەیەک پەردەی دارینی پەنجەرەکە بەرز بووەوە، پەنجەرەکە کرایەوە، پیرەمێردێکی ڕدێن بۆز سەری هێنایە دەرێ و گوتی:- چیت دەوێ؟

- ئەرێ ژادرینۆ لێرەوە زۆر دوورە؟

- ژادرینۆ؟ لێرەوە؟

- بەڵێ، بەڵێ، لێرەوە زۆر دوورە؟

- نەخێر زۆر دوور نییە، نزیکەی دە کیلۆمەترێک لێرەوە دوورە!

فلادیمیر کە گوێی لەم وەڵامەبوو، دەستی نایە قژی خۆی و وەکو یەکێک فرمانی ئیعدامی دەرچووبێ، لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستا.

یارۆی پیرەمێرد لە سەری ڕۆیی و پرسی:- لەکوێوە دێی؟

فلادیمیر، توانای وەڵامدانەوەی نەبوو، گوتی:

- قوربان، دەتوانی ئەسپێکم بۆ پەیدابکەی کە بمگەیەنێتە ژادرینۆ؟

کابرای دێهاتی گوتی:- قوربان ئێمە و ئەسپ کوجا مەرحەبا، ئەسپمان لەکوێ بوو؟

- باشە دەلیلێکم دەست ناکەوێ لەگەڵمدا بێت؟ چەندی بوێ دەیدەمێ.

پیرەمێردەکە بەدەم داخستنی پەنجەرەکەوە گوتی:

- ڕاوەستە، کوڕەکەمت لەگەڵدا دەنێرم، ئەو ڕێگات پێ نیشان دەدات.

فلادیمیر بەدەم چاوەڕوانیەوە وەستا. بەڵام هێشتا دەقیقەیەک نەبووری بوو کە دووبارە لە پەنجەرەکەی دایەوە، پەنجەرە کرایەوە، یارۆی ڕدێن بۆز سەری دەرهێنا و پرسی:- چیت دەوێ؟

- کوا کوڕەکەت؟

- ئێستا دێت، خەریکە پۆتینەکانی لەپێ دەکات، سەرمات نییە؟ وەرە ژوورەوە خۆت گەرم بکەوە.

- مەمنوون، کوڕەکە زوو بنێرە زوو.

دەرگا، بە جیڕەجیڕ کرایەوە، کوڕێکی گەنجی گۆپاڵ بەدەت وەدەرکەوت، تا ڕێگای نیشان بدات، جارێ ئاماژەی بۆ ڕێگاکە دەکرد و جارێ لە نێو خەرمانە بەفردا بۆ ڕیگاکە دەگەڕا. فکادیمیر لێی پرسی.

- سەعات چەندە؟

کوڕەی دێهاتی بەرسڤی دایەوە:

- زۆری نەماوە کە ڕۆژ بێتەوە.

فلادیمیر دوای ئەوە هیچی نەگوت.

کاتێ کە گەیینە ژادرینۆ، دنیا ڕوناک بووبووەوە و کەڵەباب دەیانخوێند. دەرگای کڵێساکە داخرابوو. فلادیمیر پارەی ڕێنوێنەکەی دا و بەخۆی بەرەو ماڵی کەشیش چوو. ترۆیکاکەی (ترۆیکا: گالیسکەیەکی چکۆلەی سێ ئەسپییە) لە حەوشەدا نەبوو. چ هەواڵێک چاوەڕوانی بوو.

جا بە یارمەتی ئێوە با بگەڕێینەوە بۆ ماڵە بەڕێزەکەی نینارادوڤا و بزانین لەوێ چ باسە؟

هیچ!

بەیانی زوو، پیرە باب و داک لە خەو ڕابوون و چوون بۆ ژووری دانیشتن، گاڤریلا گاڤرییلوڤیچ شەو کڵاوێکی لەسەر بوو، پراسکوڤیا پتروڤنای ژنیشی گەلەبیەکی ئەستووری کۆنی ماڵەوەی لەبەربوو. سەماوەرەکەیان هێنا، گاڤریلاگاڤریلوفیچ، یەکێک لە کارەکەرەکانی نارد تا لە حاڵی ماریا گاڤریلوڤنا بپرسێت و بزانێ شەوی چۆن بەسەر بردووە. کارەکەرەکە گەڕایەوە و هەواڵی هێنا کە کیژەخان شەوێ باش نەخەوتووە، بەڵام حاڵی باشترە و هەر ئێستا بۆ نانی بەیانی دێت بۆ ژووری دانیشتن. ڕێک لەم کاتەدا دەرگا ڤەبوو و ماریا گاڤریلوڤیچ وەژوورکەوت و ڕۆژباشی لە داک و بابی کرد.

گاڤریلا گاڤریلوفیچ پرسی:- ماشا گیان، سەرت چۆنە؟

ماشا بەرسڤی دایەوە.- باشترە باوکە.

پراسکوڤیا پتروڤنای دایکی گوتی:

- کیژم، وادەزانم سەریەشەکەی دوێنێت هی بۆنی خەڵووز بووە، وانیە؟

ماشا بەرسڤی دایەوە:- دوور نییە دایکە گیان، خۆیشم وای بۆ دەچم.

ئەو ڕۆژە بە خۆشی تەواو بووری، لێ ماشا شەوێ نەخۆش کەوت، دایک و بابی، یەکێکیان بە دووی دکتۆردا بۆ شار نارد، دکتۆرەکە دەمەو ئێوارێ گەییە جێ، نەخۆشەکە حاڵی خراپ بوو، وڕێنەی دەکرد، تایەکی لێ بوو وەکو ئاگر دەسووتا، دوو هەفتەی تەواو کچەی تاین لە حاڵی مەرگا بوو.

هیچ کەسێک ئاگای لە پرۆژەی هەڵاتنە ڕۆمانسیەکەی ئەو نەبوو، ئەو نامانەی کە شەوی پێشوو نووسیبوونی، سووتاندبوویان و هاودەمەکەشی لە ترسی ئاغای تاقە وشەیەکی لەمبارەیەوە بە هیچ کەسێک نەگوتبوو. کەشیشەکە و ئەفسەرە خانەنشینەکە و مەساحە سمێڵ زلەکە و کوڕیژگە شازدە ساڵانەکەش لەم بارەیەوە هیچیان نەگوتبوو. تەنانەت عەرەبانچیەکەی فلادیمیریش کە کیژەکانی بۆ ژادرینۆ بردبوو، تەنانەت لە حاڵی مەستیشدا هیچی لەم بارەیەوە نەدرکاندبوو. بەمجۆرە ئەم نهێنییە لە نێو شەش حەوت کەسێکدا مایەوە و بڵاو نەبووەوە.

بەڵام ماریا گاڤریلوڤنا، لە ماوەی نەخۆشیەکەیدا و بەدەم وڕێنەوە ئەم ڕازەی خۆی درکاند. بەڵام وشەکانی هێندە پچڕپچڕ و نامەفهووم بوو، کە دایکی هەمیشە بە دیاریەوە بوو و بە نیونەخت بەجێی نەدەهێشت، تەنیا ئەوەندەی لە قسە هەلەق و مەلەقەکانی کچەکەی هەڵکڕاند کە زۆر ئاشق و شەیدای فلادیمیر نیکولایوفیچ بووە و لەگینە نەخۆشیەکەشی لە سۆنگەی ئەم ئەشقەوە بێ. دوای پەی بردن بەم ڕازە دایکی ماریا دەگەڵ مێردەکەی خۆی و هەندێک لە دراوسێکانیاندا لەمبارەیەوە کەوتنە شیرەت و ڕاوێژان و لە ئەنجامدا، تێکڕا گەیینە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە چارەنووسی ماریا گاڤریلوڤنا بووە و هیچ ژنێک لە دنیادا، تەنانەت ئەگەر سواری ئەسپ بێت و هەڵێت، ناتوانێ لەو مێردە هەڵێت کە تەقدیر و چارەنووس بۆی دیاری کردووە. خۆ هەزاری عەیب و تاوان نییە و ئافرەت شوو بە سەروەت و سامان ناکات، شوو بە ئینسان دەکات... ئیدی زۆری تر لەم جۆرە قسانە. بەڕاستی یاسا ئەخلاقیەکان، لەو کاتانەدا کە ناتوانین بڕیاری دروست بدەین، زۆر بەسوودن.

لەم ماوەیەدا، حاڵی کیژەخانیش بەرەبەرە بەرەو چاکبوونەوە ڕۆیی. ماوەیەکی زۆر بوو کە فلادیمیر هاتوچۆی ماڵی گاڤریلاگاڤریلوفیچی نەدەکرد. گوایە لە جۆری بەرخوردی ئاسایی ئەوان دەترسا، بۆیە

هاتوچۆی نەدەکردن. ئەنجام بڕیارباندا کەسێکی بۆ لا بنێرن و مژدەی ئەم هەواڵە خۆشەی بدەنێ و پێی بڵێن کە داک و بابی ماریا، بە زەماوەندی وان قایلن. بەڵام خاوەنانی موڵکی نینارادوڤا کاتێ لە وەڵامی نامەکەی خۆیاندا، نامەیەکی شێتانەی ئەویان پێگەیی زۆریان سەرسوڕما! فلادیمیر لەم نامەیەدا پێی ڕاگەیاندبوون کە هەرگیز پێ نانێتە ماڵی ئەوان و داوای کردبوو کە بیکەن بە خاتری خودا، ئەوی بەلەنگاز، کە جگە لە مردن چاوەڕوانی هیچ شتێکی دیکە نییە، فەرامۆش بکەن. دوای چەند ڕۆژێک هەواڵیان زانی کە فلادیمیر دووبارە پەیوەندی بە سوپاوە کردووە و چووە بۆ عەسکەری، ئەم بویەرە لە ساڵی ١٨١٢ ڕووی دا.

تا ماوەیەکی زۆر هیچ کەسێک نەدەوێرا ئەم بابەتە بە ماشا کە ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبوو، بڵێت. ماشاش ناوی فلادیمیری نەدەبرد. تا دوای چەند مانگێک بە خۆی ناوی ئەوی (فلادیمیر) لە لیستی ئەو کەسانەدا بینی کە بە سەختی لە بەرەی "بوردینو" بریندار بووبوون و یەکسەر بورایەوە. داک و بابی ترسیان لێنیشت کە دووبارە نەخۆش بکەوێتەوە، بەڵام سوپاسی خوایان کرد، کە بورانەوەکەی کاتی بوو و نەخۆشیەکەی لێ تازە نەبووەوە.

زۆری پێنەچوو، نەهامەتیەکی دیکە بەرۆکی پێگرت، گاڤریلا گاڤریلوفیچی بابی، کۆچی دوایی کرد و هەموو موڵک و ماڵەکەی بۆ ئەو کە تاقە میراتگری بوو، بەجێهێشت. بەڵام موڵک و میراتی فرە، نەبووە مایەی شادمانی ئەو و کیژێ بوو بە شەریکی ماتەمینی پراسکوڤیا پتروڤنای دایکی و سوێندی خوارد هەرگیز دایکی بەجێ نەهێڵێت. بە دوو قۆڵی لە موڵکی نینا رادوڤا ،کە مەڵبەندی ئەم هەموو یادەوەریە خەمناکانە بوو، باریان کرد و چوون بۆ موڵکێکی دیکەی خۆیان تا لەوێندەر درێژە بە ژیان بدەن.

لەم موڵکەدا، خوازگارانێکی زۆر دەور و خولی ئەم کیژە جوان و دەوڵەمەندەیان دەدا، بەڵام ئەو، هیچ ئومێدێکی بە شتاقیان نەدا. دایکی هەندێجار ئامۆژگاری دەکرد کە یەکێک لەو خوازگارانە هەڵبژێرێت و شووی پێبکات، بەڵام ماریا گاڤریولوڤنا سەری با دەدا و بە قووڵی لە فکران ڕادەچوو. فلادیمیر تەواو، ماڵاوایی لە ژیان کرد، ئەو شەوەی کە فەرەنسیەکان هاتبوونە مۆسکۆوە ئەو مردبوو. وادیاربوو کە ماشا هێشتاش یادگارییەکانی ئەوی لە لا پیرۆز بوو، هەر شتێک کە ئەوی وەیاد بێنایەتەوە، لەلای خۆی هەڵی دەگرت: ئەو کتێبانەی کە ئەو خوێندبوونیەوە، نیگارەکانی، ئەو نۆتە و هۆنراوانەی کە بە خەتی خۆی بۆ ماریای نووسی بوونیەوە. دەرودراوسێکانیان کە ئەم شتانەیان دەبیستەوە سەریان لە پایەداری و وەفاداری ئەو دەسوڕما و بە کونجکاوی چاوەڕوانی ئەو قارەمانە بوون کە بێت و بەسەر ئەمەکداری شێتانەی ئەم پاکیزە گۆشە نشینەدا سەربکەوێت.

لەم ماوەیەدا شەڕ بە سەرکەوتن کۆتایی هات. لەشکر و سوپاکانمان لە مەرزەکان گەڕانەوە و خەڵکی بە مەبەستی پێشوازییان لە ماڵ هاتنە دەرەوە. تیپێن موزیک ئاهەنگی سرووودی سەرکەوتنی "بژی هنری چوارەم" وڤاڵسێن تیرولی و هەندێ بەشی ئۆپرای جوکونداپان لێدەدا. ئەو ئەفسەرانەی کە بە مێردمنداڵی چووبوونە بەرەکانی شەڕ، هەنووکە گەورە بووبوون و بووبوون بە پیاوی تەواو، بە جل و بەرگی فەرمی سوپایی و نیشان و میداڵ بە بەرۆکەوە دەگەڕانەوە. سەربازەکان بە خۆشحاڵیەوە دەردەدڵیان دەکرد و ناو بەناو وشەێن ئەڵمانی و فەرەنسیان بەگەڵ قسەکانیان دەخست. چ ڕۆژگارێکی فەرامۆش نەکردەنی

بوو! ڕۆژگاری سەرکەوتن و شانازی و شادی! دڵی ڕووسان کە گوێیان لە وشەی "نیشتمان" دەبوو، بە چ تاسە و سۆز و گودازێکەوە لێی دەدا! چ شیرین بوو ئەو فرمێسکانەی کە بەهۆی دیداری دووبارەوە دەڕژان! بە چ یەکبوون و یەکێتییەکەوە، هەست و غووروری نەتەوەیی خۆمان ئاوێتە بە خۆشەویستی تزار دەکرد! چ ساتێکی بەشکۆ و پڕ شانازی بوو بۆ تزار!

ژنان، ژنانی ڕووس، لەم ڕۆژانەدا بێ وێنە بوون، نموونەیی بوون. سارد وسڕی ئاساییان ڕەوی بووەوە، جۆش و خرۆش و تاسە و تاسەمەندیان گەیی بووە ئاستی مەستی و لە خۆ بێ خەبەری، بەدەم هاواری شادییەوە خێرهێنانەوەی سەربازە سەرکەتووەکانیان دەکرد. لە خۆشیاندا تاسکڵاوەکانیان هەڵدەدایە ئاسمان.

کام ئەفسەری ڕووسی ئەو سەروبەندە هەیە، تائێستاش خۆی بە قەرزارباری ئەو ژنە ڕووسانە نەزانێت کە هاتبوونە پێشوازیان؟.

لەم ڕۆژگارە پرشنگدارەدا ماریا گاڤریلوڤنا و دایکی لە ناوچەی ک...دا دەژیان و نەیان بینی کە هەردوو پایتەختی ڕووسیا، چۆن پێشوازیان لە گەڕانەوەی هێزە سوپاییەکانی خۆ دەکرد. بەڵام لە گوند و باژێڕۆکەکانیشدا، ئەم جۆش و خرۆش و جەژن و ئاهەنگی پێشوازییە نەک لە هی شارە گەورەکان کەمتر نەبوو، بەڵکو زیاتریش بوو. دەرکەوتنی ئەفسەرێک لەم دەڤەرانەدا بۆ ئەو بە سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە و گەورە دەژمێردرا، خۆ ئەگەر ئاشقێک بە جلکی ئەهلییەوە دراوسێی ئەو بوایە، بچووک و بێ بایەخ دەهاتە بەرچاوی.

وەکو گوتمان ماریا گاڤریلوڤنا وێڕای هەموو سارد و سڕییەکی خۆی، وەکو جاری جاران خوازگارانێکی زۆر دەوریان دابوو. بەڵام هەموو ئەم خوازگارانە، دوای ئەوەی سەر و سەکوتی عەقید "بورمین"ی بریندار لەو مەڵبەندەدا بەدیارکەوت، پاشەکشەیان کرد. بورمین، ئەفسەری سوارە و هەڵگری میداڵی "سنت جورج" بوو، وەکو ژنان دەیانگوت ڕەنگ زەردییەکەی لێ بووبوو بە نیشان و هێندەی دی جوانی کردبوو. خوازگارەکان کە ئەویان بینی، هەموو پاشەکشەیان کرد. سەرهەنگ بورمین تەمەنی نزیکەی بیست و شەش ساڵ بوو. ئەمە مۆڵەتی وەرگرتبوو وهاتبووە سەردانی موڵکەکانی خۆی کە هاوسنووری موڵکەکانی ماریا گاڤریلوڤنا بوو. ماریا، ئەوی لە زۆر کەسی دی پێ پەسەندتر بوو و بایەخێکی تایبەتی پێدەدا. لە حوزوری ئەودا، بیر و خەیاڵە هەمیشەییەکانی خۆی فەرامۆش دەکرد. ناکرێ بگوترێ ئاشقێنیان دەکرد، بەڵام ئەگەر شاعیرێک ڕەفتاری دیتبان دەیگوت: ئەگەر ئەمە ئەشق نەبێ، ئەدی چییە؟

بورمین، لەڕاستیدا گەنجێکی زۆر قۆزبوو... بیر و ئەتوار و ڕەفتاری، بە دڵی ژنان بوو: کەسێکی سەلار و سەنگین، بە سەرنج و، خۆش ڕەفتار و، هەستیار بوو، زەڕەیەک خۆهەڵکێشانی نەبوو. لە هەمان کاتدا سوعبەتچی و زۆر خاکی و سادەبوو، هەڵسوکەوت و بەرخوردی دەگەڵ ماریا گاڤریلوڤناشدا زۆر سادە بوو. بەڵام ئەم کیژە هەرچییەکی دەکرد یان دەگوت ڕوح و نیگای بورمینی بە دووی خۆیدا بکێش دەکرد. پێدەچوو گەنجێکی هێمن و بێدەنگ بێت، بەڵام دەنگۆیەک بڵاوبووەوە کە گوایە بە نۆلاوی کوڕێکی هەرزە و دەست بڵاوبووە، ئەمە کەم و زۆر لەبەرچاوی ماریای نەخست، بەڵکو وەکو هەر خانمێکی دیکە، بە

دەرهاوێشتەی گۆساخی و بێ پەروایی گەنجانەی هەر گەنجێکی لە قەڵەم دەدا و قابیلی ئەوە بوو چاوپۆشی لێبکرێ.

بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر، لە میهرەبانیەکەی ئەو، لە دەم و دووی شیرینی، لە ڕەنگزەردیە جوانەکەی ڕوخساری، لە بازووە بریندارەکەی کە لە ملی کردبوو، زیاتر سەرنجی کیژەی ڕادەکێشا. بێدەنگی و مەندی ئەم ئەفسەرە گەنجە بوو. هیچ چارێکی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ کە ئیعتراف بکات ئەم گەنجەی زۆر خۆشدەوێ، لەوەیە بورمین بە حوکمی زیرەکی و ئەو ئەزموونە زۆرەوە کە هەی بوو، پەی بەوە بردبێ کە تاقە خۆشەویستی ئەم کیژە گەنجە هەر ئەوە؛ باشە چۆن بوو تا ئەو کاتە خۆی ناوێشتبووە سەر لاقی ماریا و ئەم ئەشقە ئاگرینەی خۆی بۆ نەدرکاندبوو؟ چ شتێک ڕیگەی ئەم کارەی لێدەگرت؟ ئایا شەرم و شکۆی خۆشەویستی و ڤیان بوو؛ یا کارامەیی ماشا بوو لە واری عیشوەگەریدا کە ڕێگەی ئەم کارەی نەدەدا؟ ئەمە بۆ ماشا بووبوو بە مەتەڵ و لەگەزێک و بۆی هەڵنەدەهات. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەییە ئەم قەناعەتەی کە تەنیا شەرم، هۆی سەرەکی ئەم بێدەنگییە بووە. بۆیە لێبڕا کە بە خۆی دەست پێشکەری بکات و بە شێوەیەکی ڕوونتر و زیاتر و ئەگەر پێویست بکات بە نیشاندانی ئەو مەحەبەتەی لە دڵیا پەنگی خواردبووەوە، هانی بدات. بەرەبەرە دەستی بە نواندنی ئەم هەست و سۆزانە کرد و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو ساتە بوو کە ئەو دان بەم ئەشق و ڤیانە ڕۆمانسیەدا بنێ. ڕاز و نهێنی، هەرجۆرێک بێ، هەمیشە بارێکی قورسە بەسەر دڵی ئافرەتەوە. ئەنجامی ئەم تاکتیکە وردە بە گوێرەی دڵخواز کەوتەوە، ئاقیبەت بورمین، کەوتە کەمینەکەوە و چاوە ڕەشەکانی کە گڕی ئەشق و ڤیانیان لێدەبووەوە، بەجۆرێ بڕییە ڕووخساری ماریا، کە یەکسەر هەستی کرد ساتی دڵخواز هاتووە. دەرودراوسێکان بە جۆرێ باسی زەماوەندی ئەم جووتەیان دەکرد وەکو ئەوەی هەموو شتێک بڕابووبێتەوە. پراسکوڤنا پتروڤنای دڵپاکیش، بەوە خۆشحاڵ بوو، کە ئەنجام کیژەکەی، خوازگاری دڵخوازی خۆی دۆزییەوە.

ڕۆژێک لەم ڕۆژانە، کاتێ کە پیرەژن بە تاقی تەنیا لە ژووری نیشتمان ڕۆنیشتبوو بە وەرەق فاڵی دەگرتەوە، بورمین خۆی وەژووردا کرد و یەکسەر لە ماریا گاڤریلوفنای پرسی.

خانمی پیر بەرسڤی دایەوە:- کیژەکەم لە باخەکەدایە، بچۆ بۆ لای، من لێرە چاوەڕوانتان دەکەم.

بورمین ڕۆیی، دایکە پیرەکە نیشانەیەکی خاچی کێشا و لە دڵی خۆیدا گوتی: لەوەدەچێ ئەمڕۆ کارەکە یەکلایی ببێتەوە!

بورمین، ماریا گاڤریلوڤنای لە کەنار ئەستێڵەکەدا، لەژێر داربییەکەدا بینییەوە، کە کتێبێکی بەدەستەوە بوو و خەریکی خوێندنەوە بوو، ڕێک وەک قارەمانێکی ڕۆمانەوانی ڕاستەقینە، جلێکی سەراپا سپی لەبەرکردبوو. دوای چاک و خۆشی ئاسایی، ماریا گاڤریلوڤنا، بە ئانقەست سەری قسانی بەو لایەدا بادایەوە کە خۆی دەیویست، لە ئەنجامدا سۆز و گوداز و جۆش و خرۆشی دوو لایەنە بەجۆرێ هەڵکشا بورمین هیچ چارێکی نەما تەنیا ئەوە نەبێ لە ناکاوا بە ڕاشکاوی گرێی دڵی خۆی بکاتەوە و ئیعتراف بە هەموو شتێک بکات.

ئەوەی لە نێوانیاندا ڕووی دا بەمجۆرە بوو: بورمین کە هیچ چارێکی نەما، دانی بەوەدا نا کە ماوەیەکی زۆرە، چاوەڕوانی دەرفەتێکی وابووە تا گرێی دڵی خۆی بۆ ئەو بکاتەوە و داوای لێکرد کە گوێی لێبگرێت و بزانێ چی دەوێ. ماریا گاڤریلوڤنا کتێبەکەی دەستی داخست و چاوانی بە نیشانەی ڕەزامەندی داخست.

بورمین، بە سۆز و گودازێکی زۆرەوە گوتی:- من تۆم خۆش دەوێ، شێت و شەیدای تۆم.

ماریا گاڤریلوڤنا، سووربووەوە و زیاتر سەری داخست.

بورمین، لە سەری ڕۆیی:

- من ماوەیەکە بێهوودە هەوڵ دەدەم خۆم لە دیداری شیرینی ڕۆژانەی تۆ، لە قسەکانی تۆ خۆم بدزمەوە... بەڵام ئێستا هەست دەکەم کار لە کار ترازاوە و ناتوانم لەوەی پتر بە گژ قەدەر و چارەنووسی خۆمدا بچم، لە ئێستا بەدواوە یادی تۆ و ڕوخساری بێ وێنە و ئازیزی تۆ هەم دەبنە مایەی عەزابی ڕوحم و هەم دەبنە سەرچاوەی خۆشی و شادیم، بەڵام هێشتا ئەرکێکی زۆر قورسم لە ملە کە ناچارم ئەنجامی بدەم، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ڕازێکی ترسناکت بۆ کەشف بکەم، کە لەمپەر و کۆسپێکی لە بڕین نەهاتگ لەنێوان من و تۆدا چێدەکات...

ماریا گاڤریلوڤنا، بلەز قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

- ئەم لەمپەرە هەمیشە هەبووە، دەتەوێ بڵێی کە من هەرگیز ناتوانم شوو بە تۆ بکەم...

بورمین بە نەرمی بەرسڤی دایەوە:

- دەزانم، دەزانم کە تۆ سەردەمانێک کەسێکت خۆش دەویست، بەڵام مەرگی ئەو و سێ ساڵ ئەزیەتباری بووە هۆی ئەوەی کە... بەڵام ماریا گاڤریلوڤنای ئازیز و میهرەبانم، هەوڵ مەدە کە من لە دوا ئومێدی ژیانم بێ بەش بکەیت، بیری ئەمەی کە لەوەیە ڕازی بی بەوەی شادمانیەکی وەهام پێ ڕەوا ببینی... ئەگەر

ماریا گاڤریلوڤنا، هاواری کرد:

- بیکە بە خاتری خوا بێدەنگ بە، ئەم قسانە عەزابم دەدەن.

- بەڵێ دەزانم، زۆر بە چاکی هەست بەوە دەکەم کە لەگینە تۆ بۆ من بی، بەڵام من نەگبەتترین بەندەی خودام لەم دنیایەدا... چونکە من ژنم هێناوە!

ماریا گاڤریلوڤنا، بە سەرسامی ڕوانیە ڕوخساری ئەو.

بورمین، لەسەری ڕۆیی و گوتی:

- بەڵێ، من چوار ساڵە ژنم هێناوە، نەدەزانم ژنەکەم کێیە و نەدەزانم لە کوێیە، ئایا قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان دەی بینم!

ماریا گاڤریلوڤنا، بە سەرسامی گوتی:

- ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ بەڕاستی بەسەرهاتێکی سەیرە! دەی قسەکەت تەواو بکە؛ پاشان پێت دەڵێم کە... تکایە بەردەوام بە.

بورمین گوتی:

- لە سەرەتای ساڵی ١٨١٢دا، من بە هەڵەداوان بەرەو "ڤیلنا" دەڕۆیشتم تا لەوێندەر پەیوەندی بە فەوجەکەی خۆمەوە بکەم. ئێوارەیەک لەکاتی خۆرئاوادا گەییمە یەکێک لە وێستگەکان، داوام کرد بە

زووترین کات ئەسپەکانم بۆ ئامادە بکەن، لەناکاوا تۆف و کرێوەیەکی بەترەف و ترسناک هەڵیکرد، بەڕێوەبەری وێستگەکە و عەرەبانچیەکان ئامۆژگاریان کردم کە چاوەنۆڕبکەم تا تۆف و کرێوەکە دەنیشێتەوە. بە قسەم کردن و چاوەڕوانم کرد، بەڵام نیگەرانیەکی سەیر لە سەراپام نیشت، لەتۆ وایە یەکێک بە تۆبزی وادارم دەکات کە هەرچۆنێ بووە بکەومە ڕێ. چەندم چاوەنۆڕکرد تۆفانەکە هەر نەنیشتەوە. ئیدی سەبرم سوا، نەمدەتوانی لەوەی پتر ماتەڵ بم. ئەوەبوو دووبارە داوام کرد ئەسپەکان بێنن و خزاگەکە ئامادە بکەن، لە گەرمەی تۆفانەکەدا کەوتمەڕێ. عەرەبانچیەکە پێشنیازی کرد بە کەناری ڕووبارەکەدا برۆین، چونکە ڕێگای ئەوێندەر سێ کیلۆمەترێک نزیکتر بوو. کەنارەکە یەکپارچە بەفر بوو، عەرەبانچیەکە ڕێگاکەی گومکرد و لەو شوێنە ڕەت بوو کە دەبوایە بچینەوە سەر ڕاستەڕێگاکە، بەهەرحاڵ خۆمان لە شوێنێکی نادیاردا بینییەوە. .. بەفر و کرێوە بەردەوام بوو، بواری نەدەدا، ئاقیبەت من لە دوورەوە ڕووناکی چرایەکم بەدی کرد و دەستوورم بە عەرەبانچیەکە دا کە بلەز بەرەو ئەوێندەر باژوێ: گەیینە گوندێک کە چرا لە کڵێسا دارینەکەیدا دەسووتا. دەرگای کڵێساکە کرابووەوە و لە مەیدانەکەی بەر کڵێساکەشدا چەندین خزاگ و عەرەبانە وەستابوون و خەڵکانێک بە داڵانی کڵێساکەدا دەهاتن و دەچوون، هەرکە چاویان بە من کەوت، چەند کەسێک پێکەوە هاواریان کرد:

– وەرە بۆ ئێرە! لێرەوە وەرە!

داوام لە عەرەبانچیەکە کرد بەرەولای ئەوان بڕوات. کە گەییمە بەردەم کڵێساکە یەکێک گوتی:

– بیکە بە خاتری خوا خێراکە! ئەم هەموو ماوەیە لە کوێ بووی؟ بووکێ بووراوەتەوە، قەشەکە نازانێ چی بکات، ئێمە هەموو خۆمان ئامادەکردبوو کە برۆین. لەزێکە، زوو وەرە خوارەوە!

من بێئەوەی هیچ قسەیەک بکەم، لە خزاگەکە هاتمە خوارێ و دەگەڵ ئەواندا، خۆم بە کڵێساکەدا کرد کە تەنیا دوو سێ شەمالکی (مۆمی بچووک) تێدا داگیرسابوو. کیژێکی گەنج لە سووچێکی تاری هۆڵی کڵێساکەدا لەسەر تەختێک ڕۆنیشتبوو و کچێکی دیکە شان و ملی دەشێلا و هەرکە منی بینی گوتی:

– سوپاس بۆ خوا کە ئاقیبەت هاتی، چیوای نەمابوو خانم بکوژیت.

قەشە پیرەکە هات بەلای منەوە و گوتی:– ئەرێ دەست پێبکەین؟

من بەبێ ئەوەی بزانم مەبەستی چیە گوتم:

– بەڵێ بابە کەرەمکە دەست پێبکە، خێرا دەست پێبکە.

کیژەیان هەستاند، سەیرم کرد کچێکی جوان بوو. لە تەنیشت ئەوەوە و لەبەردەم میحرابەکەدا ڕاوەستام. کەشیشەکە بلەز دەستی پێکرد. سێ پیاو لەگەڵ هاودەمەکەدا ژێر باڵەکانی بووکێیان گرت و ئاگاداری ئەو بوون. بەمجۆرە لێکدییان مارەکردین. کە ڕێوڕەسمەکە تەواو بوو، شایەدەکان گوتیان:– دەی یەکدی ماچ بکەن.

ژنەکەم، ڕوخسارە هەڵبزرکاوەکەی تێکردم، کاتێ دەمم برد کە ماچی بکەم. لە ناکاوا، قیژەیەکی کرد و گوتی: واو، خۆ ئەمە فلادیمیر نییە... ڤلادیمیر نییە!

یەکسەر خاوبووەوەو لە خۆ چوو. شایەدەکان بە نیگەرانییەوە تەماشایان کردم. بەڵام من یەکسەر گەڕامەوە، بلەز لە کڵێساکە وەدەرکەوتم و خۆم هاویشتە نێو خزاگەکەوە و بە عەرەبانچیەکەم گوت:

- خێرا باژۆ!

کاتێ سەربوورەکە گەییە ئێرە، ماریا گاڤریلوڤنا بە سەرسامی گوتی:

- هێشتا نازانی ژنە بەلەنگازەکەت چی بەسەر هاتووە؟

بورمین، بەرسڤی دایەوە:

- نە بەزاتی خوا هێشتا هەر نازانم. نە ناوی ئەو گوندە دەزانم کە ژنم تیا مارەکرد، نە ئەو وێستگەیەم لەبیرە کە ئەسپم لێی وەرگرت. ئەو کاتە بەڕادەیەک ئەم شۆخیە تاوان ئامێزەی خۆمم بەلاوە ئاسایی و بێ بایەخ بوو، هەرکە خزاگەکە کەوتەڕێ، تاکو بەیانی کە گەیشتینە وێستگەی سێیەم بێدار نەبوومەوە. ئەو موراسیلەیشی کە لەگەڵمابوو، لە شەبەیخۆنێکی چەند ڕۆژ دواتردا کوژرا و بۆیە هیچ ئومێدێکم نییە بەوەی کە ئەو ژنەی ئەو سوعبەتە بێ مانایەم دەگەڵدا کرد، بناسمەوە.

ماریا گاڤریلوڤنا، دەستی بورمینی گرت و گوتی:

- خودایا، خودایا! کەواتە ئەمە تۆ بوویت! کە هێشتاش نامناسیتەوە؟

بورمین، چووە داوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو، خۆی هاویشتە سەر لاقی ئەو.

# ئیبراهیم

# "خولامی پەترۆسی گەورە"

"١"

یەکێک لەو لاوانەی کە پەترۆسی گەورە بۆ تەواوکردنی خوێندن و ئاڵوگۆڕی کەلتووری بۆ هەندەرانی ناردبوون، زرکوڕە ڕەشەکەی خۆی، ئیبراهیم بوو. برایم، پاش ئەوەی کۆلێجی ئەفسەری پاریسی بە پلەی نەقیبی تۆپخانە تەواوکرد، خۆبەخش داوای بەشداری لە شەڕەکانی ئەسپانیادا کرد، دوای ئەوەی بە سەختی بریندار بوو، بۆ پاریس گەڕایەوە. تزار لە گەرمەی کار و مەشغەڵەتە زۆر و زەبەندەکانی خۆیدا، هەرگیز لە هەواڵی ئەم زڕکوڕە خۆشەویستەی خۆی و ژیان و گوزەرانی ئەو لە فەڕەنسا، غافڵ نەدەبوو و بەردەوام لە ڕێگای کەناڵێن جۆراو جۆرەوە لە پێشڤە چوونی خوێندنەکەی و جۆری هەڵسوکەوتی دەگەڵ خەڵکیدا دەپرسی و پێی ڕادەگەیی. پەترۆس، برایمی لەڕادەبەدەر خۆش دەویست، بۆیە زۆرجار داوای لێکردبوو کە بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە، بەڵام برایم هەر ملی نەدەدا و هەر جارەی بیانوویەکی تازەی دەدۆزییەوە؛ جارێ بۆ پەترۆسی دەنووسی کە زامەکانی هێشتا بە تەواوەتی چاک نەبوونەتەوە، جارێ دەینووسی بێ پارەم، جارێ دەیگوت کە خوێندنەکەم تەواو نەبووە. پەتروسیش بە کەماڵی ڕەزامەندی ئەم بیانووانەی لێ قەبووڵ دەکرد و هەموو هەفتەیەک لەو نامە پرسۆزانەدا کە بۆی دەنووسی بە دڵ ئامۆژگاری برایمی دەکرد کە لە هیچ کارێکدا زیادەڕۆیی نەکات و زۆر ئاگاداری سەلامەتی دەروونی و بەدەنی خۆی بێت. هەروەها ستایشی هەوڵ و ئارەزووی دەرس و دوەر و خوێندن و کەڵکەڵەی فێربوونەکەی دەکرد. هەرچەندە پەتروس لە ژیانی خۆیدا پیاوێکی ڕژد و پیسکە و یەجگار دەست نوقاو بوو، بەڵام هەرگیز لە ناردنی پارەی تەواو بۆ زڕکوڕە ڕەشەکەی خۆی درێغی نەدەکرد و هەموو جارێک وێڕای ئامۆژگاری باوکانە پارەیەکی مۆڵی بۆ ڤڕێ دەکرد.

بەگوێرەی تێکڕای بەڵگە و سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە، هیچ شتێک لە فەڕەنسادا بە ئەندازەی هەرزەیی، بێ موبالاتی و ڕابواردن و خۆشگوزەرانی باونەبوو. ئاخر و ئۆخری سەڵتەنەت و پاشایەتی لویسی چواردەیەم بوو. تێکڕای پابەندیە مەزەبی و پرەنسیپە ئاکاری و ئەخلاقیەکان لە دەرباری فەرەنسادا ڕوو لە داڕوخان و نەمان دەچوو، ئیدی مەیگوساری لە کۆشک و بارەگای پاشایەتیدا لە هیچ کەسێکی خەڵکی پاریس شاراوە نەبوو و ئەم دیاردەیە وەکو نەخۆشیەکی گیرۆ، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بڵاو دەبووەوە و خەڵکی کردبوویان بە سەرمەشقی خۆ و لاساییان دەکردەوە.

لەم سەروبەندەدا (جون لاو) (جون لاو: داهێنەری بەنێوبانگی نەخشەێن ئابووری) تازە هاتبووە مەیدان. تەماعی پارە و تینوویەتی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن هەموو شوێنێکی گرتبووەوە. چین و پلە و پایە، گەورەیی و بچووکی، بەتەواوەتی پایە ماڵ بووبوو و ئەخلاق و ئاکار بەجارێ لەناوچووبوو. لاوانی فەرەنسا دەستیان دابووە عەربەدە و سەرسەریاتی و ئیدی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە و گران لە هەرزەکاری و هەرزەگۆیی و بێهودەگەرییەدا نقوم بووبوو و لە حاڵی داڕوخان و هەرەسهێناندا بوو.

دیارە کۆمەڵگەش، وێنەیەکی مووبەمووی ئەم ڕەوشە بوو. داڕوخانی کەلتووری و شارستانی و گەڕان و سەیران و ڕابواردن هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکانی دابوو بەیەکدا. کەڵکەڵەی دەوڵەمەندبوون، شۆرەتخوازی، دوورکەوتنەوەی هەر کەسێک لە چینی خۆی، ئاژاوە و پاشاگەردانیەکی سەیری نابووەوە. هەرشتێک مایەی لەزەت و ڕابواردن بوایە، زۆر بە ئاسانی لە نێو خەڵکیدا بڵاودەبووەوە و دەبوو بە باو. ئەدەبیات و زانست و فەلسەفە و هونەر هەموو مانای ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست دابوو و لە شێوەی مۆدی ڕۆژدا، هاتبوونە کۆڕ و مەجلیسی گەورە پیاوانەوە. ژنان حوکمیان دەکرد و شوولیان لێ هەڵکێشابوو، ڕێز و حورمەتی ڕواڵەتی و دەستکرد جێگەی ڕێز و نەزاکەتی ڕاستەقینەیان گرتبووەوە.

دەورانی خۆشیە و بێ بەند و باری ئاشکرا

بازاڕی خۆشگوزەرانی گەرمە و ڕابواردن

بەدەم زەنگ لێدانەوە

بە هەنگاوی گورج بە سەرانسەری

فەرەنسادا دەسووڕێتەوە

زیندوانی فانی، هەقیان نیە بەسەر

ئۆڵ و تەقواوە

هەر کارێکیان بوێ دەیکەن

تەنیا تۆبە نەبێ.

هاتنی برایم بەو نیگا ئاگرین و تەربێت و زیرەکیە خۆڕسکەوە سەرنجی خەڵکی بۆلای ئەو ڕاکێشابوو. خانمان بۆ دیتنی ئەم "ڕەشەی تزار" و بردنی ئەو بۆماڵی خۆیان بێ قەرار بوون و ئیدی لە بەینی خۆدا هەڤڕکیان لەسەر وەدەستهێنانی ئەو دەکرد.

برایم هەر زوو پێی بۆ بالاترین کۆڕ و ئاهەنگێن سەما کرایەوە و بۆ گرنگترین ئەو شەوبێری و شەونشینانە دەعوەت کرا کە جێگری پاشای فەرەنسا سازی دەدان، ئیدی لەم کۆڕ و ئاهەنگە بەشکۆ و گەورانەدا بوو کە کوڕە ڕەشی زرکوڕی پەترۆس دەگەڵ گەورەترین کاراکتەرانی فەرەنسایی وەکو "مونتسکیو" و "فونتنیل"دا ناسیاوی پەیدا کرد. برایم هیچ یەکێک لەم دەعوەتانەی ڕەت نەدەکردەوە و بەوپەڕی ئارەزوو بەشداری لە هەموو ئەو ئاهەنگانەدا دەکرد کە دەعوەت دەکرا. لەم ئاهەنگانەدا بە هەموو هێز و جۆش و خرۆش و شێتاتی گەنجیەوە، خۆی بەدەستی سۆز و ئارەزووی ژنانی شەنگوڵ و ڤیانی ئاگرینی وان دەسپارد، دەڕەقسی، هاواری دەکرد، دەیقریوان، گۆرانی دەچڕی، لە نەعرەتەی دەدا و لە ئەنجامدا خۆی لە هەمێزی گەرم و بۆنی ژنانی جوان و شۆخ و شەنگدا غەرق دەکرد. تەنیا بیری لە لەدەستدانی ئەو ژیانە ئاسوودە و پڕ عەیش و نۆش و لەزەت و هەوەسڕانیە نەبوو کە برایمە ڕەشی لە گەڕانەوە بۆ ژینگەی وشک و مات و کڕ و کپی دەرباری ڕووسیا دەگێڕایەوە، بەڵکو ئیدی ڕشتەێن توندتر و بتەوتر ئەویان بە پاریسەوە بەستبووەوە: بەڵێ ئەم گەنجە ئەفریقاییە خوێنگەرمە، تەواو ئاشق بووبوو. "دۆتمیر د..." ژنێکی گەنج و منداڵکار نەبوو، بەڵام هێشتا لە جوانیا بەنێوبانگ بوو. ئەم دۆتمیرە جوانە، لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا، بەدڵی بابی شووی بە پیاوێکی نەگونجاو کردبوو، پیاوێک کە دۆتمیر، زەڕەیەک

ئەشقی ئەوی لە دڵدا نەبوو، پیاوێک بوو بە هیچ جۆرێک لە مانای ئەشق و ڤیان و سۆزداری تێنەدەگەیی و دوای ماوەیەکی کەم، هیچ مەیلێکی سەبارەت بە دۆتمیر نەما و لەگەڵیدا زۆر سارد و سڕ بوو، لەوە بەدواوە تەنانەت ئامادەنەبوو هاوسۆزییەکی ئاسایش بەرانبەر بە ژنەکەی بنوێنێ و سووکە مجامەلەیەکی بکات. واتە بەتەواوەتی ژنەکەی فەرامۆش کردبوو. بۆیە خەڵکی قسە و قسەڵۆکیان لە پاشملەی دۆتمیر دەکرد و پیاوانێکی زۆریان وەکو ئاشق و دۆستی ئەو ناودەبرد، بەڵام لەڕاستیدا، دۆتمیر، ساڵانێکی زۆر بوو بەتەواوەتی خۆی لە پیاوان دوور دەگرت و، حەیا و حورمەت و ناوبانگی خۆی لە هەر بوختان و قسەڵۆکێک دەپاراست، چونکە دەیانگوت لەو ساڵانەی دواییدا، هیچ کەسێک، تەنانەت جەربەزترین و مێبازترین پیاو نەیتوانی بوو توخنی بکەوێ.

ماڵە ڕازاوەو بەشکۆیەکەی دۆتمیر، یەکێک بوو لە کۆشک و خانووە هەرە جوان و بەشکۆکانی پاریس، ژوانگەی دیدارێن ئاشقانەی باڵاترین چینی خەڵکی ئەم شارە بوو. برایم هەوەڵجار لە ڕێگەی گەنجێکەوە بە ناوی "میرڤیل" ناسیاوی دەگەڵ دۆتمیردا پەیداکرد. میرڤیل، دوا پیاو بوو کە دەیانگوت حەزی لە دۆتمیر کردووە و هێشتا هەر لە هەوڵی ئەوەدایە کە جێگایەک بۆ خۆی لە دڵی ئەودا بکاتەوە.

دۆتمیر بە نەزاکەتێکی زۆرەوە، پێشوازی لە برایم کرد، بەڵام هیچ بایەخێکی تایبەتی و نائاسایی پێ نەدا. برایمە ڕەش ئەم بێ موبالاتی و خەمساردییە چاوەڕوان نەکراوەی زۆر لە دڵ گران بوو. چونکە جوانترین ژنانیش خۆیان لە هەنبەر ئەودا نەدەگرت و پشی پشیان بۆ دەکرد و خۆیان لێ نزیک دەکردەوە. بەرەبەرە کوڕە ڕەشی زڕکوڕی پەترۆسی گەورە، خووی بەوەوە گرت کە ڕووبکاتە هەر شوێنێ ژنان و کیژانی شەنگوڵ دەور و خولی بدەن و عاشقانە داوای ژوانی لێبکەن، ئەم ئەدا و ئەتوارەی ژنان بووبووە بایسی ئەوەی کە برایم زیاد لە پێویست لە خۆی بایی بێ و بەرانبەر بە ژنان مەغروور بێ. لەلایەکی دیکەشەوە، ئاشقێنی شیرین و بەلەزەتی ژنان، کە خەڵکی ئاسایی خۆی بۆ بەکوشت دەدەن، بەلای برایمەوە نەک هیچ نرخ و بایەخێکی نەبوو، بەڵکو تاقەت بەریش بوو، بەڕادەیەک هەندێجار، لە ئاشقانی خۆی تووڕە دەبوو و خۆی دەدزییەوە.

برایم، لەم ڕەوشە بێزاربووبوو! بەرەبەرە هەستی دەکرد خانمانی جوانی پاریس وەکو حەیوانێکی هۆڤی و دەگمەن تەماشای دەکەن و وەکو بوونەوەرێکی سەیر کە بەڕێکەوت ڕێی کەوتووەتە دنیای بەشەران، مامەڵەی لەتەکدا دەکەن. لەم شۆرەت و نێوبانگ و خۆشەویستییە بێزار بووبوو و، زۆرجار لە کانگای دڵەوە، بەغیلی بە شادمانی و ئازادی خەڵکی گومناو و هەژار دەبرد و خۆزیای پێ دەخواستن.

بیرۆکەی ئەمەی کە گوایە تەبیعەت ئەوی بۆ عەشقی دوو لایەنە نەخوڵقاندووە، هەموو متمانە بەخۆبوونێکی لەلا سڕی بووەوە و، بۆیە ڕەفتاری سەبارەت بە ژنان جۆرە خەمساردی و بێ موبالاتیەکی کەم وێنەی پێوە دیاربوو. هەمیشە دەم و دووی دەگەڵ ژناندا زۆر سادە و جددی بوو، قەت قسەی سووک و بازاڕی نەدەکرد. دۆتمیری خشکۆک و جوان، کە لە شۆخی و قسەێن بازاڕی و بێ تام و سواوی گەنجانی هەرزەی فەرەنسی بێزار بووبوو، لە یەکەمین بەرخوردیا، سەلاری و سەنگینی و ویقار و مەندیی برایمی چووە دڵەوە. برایم لەوە بەدواوە، ناوبە ناو دەچووە دیدەنی و دۆتمیر بەرەبەرە ڕمووەدەی ئەم کوڕە ڕەشە بوو و، وای لێهات هەر کاتێ دەیڕوانیە ڕوخساری ئەو، هەستی دەکرد کە لەو

نیگا ئاگرین و قژە لوول و ڕەشەی برایمدا شتێک هەیە، شتێکی خۆش کە ئەوی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. برایم تەمەنی بیست و حەوتساڵ بوو. بالا بەرز و بەژن ژراف بوو، هەموو ژنەکان بەر لەوەی بە نیگایەکی سادە و ئاسایی بڕواننە ڕوخسار و بەژن و بالای، بە تامەزرۆیی و مەراییەوە تەمەشایان دەکرد، لەکاتێکا ئەم ڕەشە سەختگیر و زبرە، کەمترین بایەخی بە ژنان نەدەدا و بەوپەڕی فرناخی و لووتبەرزییەوە ڕووو بە ڕوویان دەبووەوە. بەڵام کاتێ بۆ یەکەمجار دۆتمیری بینی و نیگای لە نیگای وی هەڵەنگوت ئەو بێ متمانەییەی کە لەمێژبوو بەسەریا زاڵ بووبوو، ڕەوییەوە. چاوانی درشت و مەندی دۆتمیر، سۆزێکی میهرئامێز و ئاگرینی سادە و دوور لە هەر خۆنوێنی و خۆفرۆشیەکی ئەوتۆی بۆ دەردەبڕی کە ئیدی زەڕەیەک گومانی لە دڵیا نەهێشتەوە.

هێشتا کەڵکەڵەی ئەشق و ڤیان لە کەللەی برایمی نەدابوو، بەڵام دیداری ڕۆژانەی دۆتمیری بە یەکێک لە پێداویستیە گۆڕان ناپەزێرەکانی ژیانی خۆی دەزانی. ئیدی خووی بە دیداری ئەوەوە گرتبوو، ئەگەر ڕۆژێک نەیدیتبا، هەموو شوێنێکی بۆ دەگەڕا و هەرجارێک کە دەچووە دیدەنی وەکو ئەوەبوو شادمانیەکی چاوەڕوان نەکراوی بەنسیب بووبێ. دۆتمیر، بەر لە برایم، سۆز و گوداز و هەستەکانی وی دەخوێندەوە. بێگومان ئەشق و ڤیانێک کە نە ئومێدێکی لێبکرێت و نە هیوایەک، زۆر لە هەوا و هەوەسی فریبۆک و سۆز و گودازی درۆینە و تیژگوزەر، دەچێتە دڵی ژنانەوە. دۆتمیریش دووچاری هەمان حاڵەت بووبوو. کە برایمی دەبینی چاودێری هەموو هەڵس و کەوت و ڕەفتارێکی ئەوی دەکرد، بەوردی گوێی بۆ هەر وشەیەکی ناچیز و بێ بایەخی ئەو ڕادەدێرا. هەرکاتێ لێکدی جودا دەبوونەوە، خەم و پەژارەیەکی قووڵ دایدەگرت و دووچاری هەمان پەرێشانی و ئاڵۆزانی هەمیشەیی دەبوو. یەکەم کەس کە پەی بەم سۆز و هەستە عاشقانەیە و بەم حەزە دوولایەنەیەی نێوان برایم و دۆتمیر برد میرڤیل بوو،کە بە ڕووخۆشیەوە پیرۆزبایی ئەم پەیوەندییەی لە برایم کرد.

هیچ شتێک لەم دنیایەدا ئاگری ئەشق، وەکو هاندانی تەمەشاڤانێک کە لە دەرێی ئەشقا وەستابێ، ناگەشێنێتەوە، چونکە ئەشق و ڤیان کوێرە و هەرگیز متمانەی بەخۆی نییە، بۆیە دەم و دەست پێشوازی لە هەر هاندان و سووکە هاندانێک دەکات و سوودی لێ دەبینێ. قسەکانی "میرڤیل"ش هەست و سۆزی برایمیان بزواند و ئاگرە بەتینەکەی دڵی هێندەی دی گەشانەوە. ئەم ڕەش پێستە دوو ئاتەشەیە تا دووچاری ئەشقی دۆتمیر نەبووبوو، بە خەویش وێنای ئەوەی نەدەکرد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ژنێکی خۆش بوێ و بتوانێ بیخاتە داوی ئەشقەوە. بۆیە تروسکەی ئومێدێک لە تاریکی ڕوحیا درەوشایەوە و ئاقیبەت شێتانە ئاشقی دۆتمیر بوو. دۆتمیریش کە بە چاکی ئاگای لە جۆشی ئەشقی ئاگرینی ئەو بوو، بێهوودە هەوڵی دەدا ئارەزووە دەروونیەکەی خۆی سەرکوت بکات و وا لە برایم بگەیەنێ کە ئەم خۆشەویستیە، مجامەلە و تێکەڵاوییەکی سادە و ئاساییە. بەڵام هەر خۆی زووبە زوو بەرانبەر بە ڤیانە دەرونیەکەی کۆڵی دا و دووچاری نیگەرانی و بێقەراری بوو. ئەو هەڵانەی کە یەک لە دووی یەک لەبەردەم برایمدا، لەو سادر دەبوو، ڕۆژبە ڕۆژ ڕازەکەی ئاشکراتر دەکرد تا ئەوەبوو بەهۆی ئاگری ئەو ڤیانەوە کە خۆی هەڵیگیرساندبوو، هاتە سەر چۆکان و ڕادەستی برایم بوو.

هـیچ شـتێک لە چـاوانی کونجکـاوی تەمەشـاڤان ون نـابێ. پەیوەنـدیە تـازەکەی دۆتمیـریش زۆر زوو ئاشــکرابوو و کەوتە ســەر زاران. هەنــدێک لە خانمــان ســەریان لەم ســەرکەوتنەی ئەو ســوورمابوو، ژمارەیەک، ئەم ئەشقەیان بە کارێکی زۆر ئاسایی دەزانی، هەندێک پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکرد، هەندێکی دی ئەم کارەیان وەکو خیانەتێکی گەورەی لە بەخشین نەهاتگ بۆ یەکدی دەگێڕایەوە. برایم و دۆتمیر، لە هەوەڵین ڕۆژانی جۆش و خرۆشی ئەم ئەشقەدا، گوێیان بە هیچ شتێک نەدەدا، گوێیان لە هیچ نەبوو، بەڵام زووبە زوو، سوعبەت و تەشـەری ناشـرینی پیـاوان و ئامـاژەی ئاشـکرا و تەوهـین ئـامێزی ژنـان، لێرە و لەوێوە بەر گوێیـان کەوت. برایم، تـا ئەو سـاتە تـوانی بووی بە ڕەفتـاری سـەنگین و خوێنسـاردی خۆی، خۆی لەم هێرشانە دووربگرێ، بەوپەڕی بێتاقەتی و تووڕەیی تانە و تەشەرانی دەبیسـتەوە و تەحەمـوولی دەکرد، بەڵام نەیدەزانی دەبێ چۆن خۆی لە شـەڕی زمـانی خەڵکی بپارێزێت. دۆتمیریش، بە حـوکمی ئەو ژینگە و دنیایە کە تیایدا دەژیا و خووی پێوەگرتبوو، نەیدەتوانی هێور و بێدەنگ دانیشێت و خۆی بکات بە ئامـانج و نیشـانەی تـۆمەتێن بـازاڕی و قسـە و قسـەڵۆک و بوختـانێن تەوسـامێزی خەڵکی. ئەوەبـوو کە شەوێک بە چاوانی ڕوندکبارەوە خۆی هاویشتە باوەشی برایمەوە و گرێی دڵی بۆ کردەوە، بەدەم گلەیی و گازانـدەوە لە قسـە و قسـەڵۆکی خەڵکـی، هەنـدێجار بە تونـدی ئەوی سەرزەنشـت دەکـرد و هەنـدێجار دەستەوداوێنی دەکەوت کە نەکەی بەهۆی بیستنی ئەم تۆمەتانەوە بیر لەوە بکەیتەوە کە داکۆکی لە من بکەیت و هەرا و هەنگامەی بێهودە بەرپا بکەیت ، کە لەوکاتەدا بەجارێ حەیام دەچێت.

لەلایەکـی دیـکەوە، بـویەرێکی تـازە، وەزع و حـاڵی دۆتمیـری هێنـدەی دی ئـاڵۆزتر کردبـوو. بەرەبەرە نیشانەکانی ئەم ئەشقبازیە بێ پەروایە زیاتر دەردەکەوت. ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی کەسوکارەکەی فایدەی نەبـوو. ئامۆژگـاری و دڵـدانەوەکانی ئەوان هـیچ بارسـووکییەکی پـێ نەبەخشـی و سـوکنایی بەدڵـی نەدا. ئـاقیبەت کـاتێ دوتمیـر هەسـتی کـرد کە هەرەس و داڕووخـانی حەتمیە، ئیـدی ڕادەسـتی نائومێدی بـوو و بەدەم چاوەڕوانیەوە دانیشت.

هەرکە نیشانەی دووگیانی و سکپڕی لێ بەدیارکەوت، دووبارە زمانی خەڵکی لێکرایەوە، وەکو مقەسـتی دۆمان بێ وتیژکرابێتەوە. ژنانی عـاتیفی، بە تـرس و دڵسـۆزییەوە باسیان دەکرد، پیـاوان گرێویـان لەسـەر ئەوە دەکرد کە مناڵەکەی دۆتمیر ڕەش دەردەچێت یان سپی. لە هەمان کاتدا شار پڕبووبوو لە چیرۆک و حیکایەتێن کۆمیکی و تەنز ئامێز سەبارەت بە کۆنت (میر) چونکە ئەو هێشتا ئاگاداری لەم بارەیەوە نەبوو و وەکو دەڵێن لە گوێی گادا نوستبوو.

بەرەبەرە کاتی منداڵ بوونەکە نزیک دەبووەوە. ڕەوشـی دۆتمیـر ترسـناک بـوو. برایم هەمـوو ڕۆژێک دەچووە دیدەنی و زۆرچاک دەیزانی کە چۆن باری دەروونی و ڕەوشی ژیانی ئەو بلەز بەرەو داڕوخـان دەڕوات. ساتبەسات ترس و نیگەرانی زیاد دەبوو،بەکوڵتر دەگریا و فرمێسکی دەڕشت. ئەنجام هەسـتی بە ژان و ژاری منـداڵ بـوون کـرد. کۆمەڵێک تەگبیـری خێـرا کـرا، توانیـان بە هەر جۆرێـک بـوو کۆنـت لەو سـاتانەدا لە مـاڵ دوور بـخەنەوە. ئەوسـا دکتـۆر وەژوورکەوت. دوو ڕۆژ لەوەپـێش ژنێکـی نەدار و دەستکورتیان بە پارەی زۆر هێنابووە ڕەدا کە ساوا نۆزاوەکەی خۆی بدات بەوان و کاتێ کە دکتۆرەکە هات، کەسێکی باوەڕپێکراویان بۆ لای ژنە نەدارەکە نارد تا منداڵە ساواکە بێنێ. دۆتمیری بەلەنگاز لەسـەر

گازی پشت لەسەر تەختە خەوەکە ڕاکشابوو و بەدەم ژانەوە دەتلایەوە، توانای هەناسەدانیشی نەبوو. برایم لە هۆڵەکەی تەنیشت ژووری نووستنەکەی دۆتمیرەوە، بە نیگەرانی و پەشۆکاوییەوە دەهات و دەچوو، دەنگیناڵینی دڵتەزێنی ئەو و ئامۆژگاری و ڕێنوێنییە خێراکانی دکتۆر و فسکەفسکی هاودەمەکانی دەژنەوت. ژان و ژاری دۆتمیر ماوەیەکی زۆری خایاند. ناڵەناڵی دڵتەزێنی ئەو، دڵی برایمی دێنایە لەرزین، کە ناوبە ناو ناڵەناڵی ئەو دەبڕا، سەراپای برایم دەهاتە لەرزین و دڵی پڕ دەبوو... لە ناکاوا واقەی کزی ساوایەک هاتە گوێی و بێئەوەی بتوانێ خۆی بگرێت بە هەشتاو بەرەو ژوورەکەی دۆتمیر ڕۆیی و دەرگاکەی کردەوە و وەژوورکەوت. ساوایەکی ڕەش پێست لەبەر پێی دۆتمیردا لەسەر تەختێک بەدەم لەقەفرتێوە دەگریا. برایم چووە پێشترەوە. دڵی بە توندی لێی دەدا، کوڕەکەی خۆی بە دەستانی لەرزۆکەوە لە باوەش گرت. دۆتمیر، بەوپەڕی بێتاقەتی نیگایەکی ڕوخساری ئەوی کرد و بزەیەک لێوانی بزواند. بەڵام دکتۆر لە ترسی ئەوەی نەبادا هەڵچوونی زیاد مەترسییەک بۆ دۆتمیر چێبکات، بەپەلە برایمی لە تەختەکە دوورخستەوە.

دوای تۆزێک منداڵە ڕەشەکەیان لە سەبەتەیەکی سەرداخراو ناو لە ڕێگا نهێنییەکەی کۆشکەکەی کۆنتەوە بۆ دەرەوەیان برد. هەنگێ ئەو ساوا سپی پێستەیان کە بە پارە کڕی بوویان، هێنایە ژوورەکەی دۆتمیر و لەنێو کاریکۆتێکی چکۆلەدا، لە تەنیشت تەختە خەوەکەی دۆتمیرەوە، خەواندیان. برایم کە تازە خەریک بوو هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد و خەیاڵی کەمێک هێور بووبووەوە، لەوێندەر ڕۆیی و هەموو چاوەنۆڕی هاتنەوەی کۆنت بوون. کۆنت زۆر درەنگ هاتەوە، کە هەواڵی نەجات بوونی ژنەکەی بیست، لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوو. بەمجۆرە ئەو خەڵکەی چاوەڕوانی بەرپابوونی هەرا و هەنگامەو ڕیسواییەکی گەورە بوون، ئەو خەیاڵ پڵاوەیان کەڕووی هەڵێنا و سەریان دای لەبەرد، ئیدی هیچیان بۆ نەمایەوە تەنیا ئەمە نەبێ کە لە دەوری یەکدی خڕببنەوە و دڵی خۆیان بەتۆمەت و بوختانان و قسە و قسەڵۆکی بێ بنج و بناوان خۆش بکەن. بەرەبەرە هەموو شتێک گەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی، بەڵام برایمیش زۆر چاک تێگەیی بوو کە دەبێ گۆڕانێک لە ڕەوشی ژیانی خۆی بکات، چونکە دڵنیا بوو کە کۆنت درەنگ یا زوو پەی بە پەیوەندی ئەو دەگەڵ ژنەکەی خۆیدا دەبات و لەو حاڵەتەدا هەر شتێک پێشهاتبا تیاچوونی دۆتمیری لێدەکەوتەوە. ئەو دۆتمیری بە هەموو دڵییەوە خۆش دەویست؛ دۆتمیریش بە هەمان جۆش و خرۆشەوە ئەوی خۆش دەویست. بەڵام برایم، نەیدەتوانی ئەمە فەرامۆش بکات کە ئەم ژنە بە تازەیی زۆر بێ پەروا و چاوقایم و ڕوودار و بێ شەرم بووبوو و ئیدی ئەو سەنگینی و سەلارییەی جارانی نەمابوو. دۆتمیر ئەمە یەکەمجاری نەبوو کە ئاشق دەبوو، بۆیە زۆر ئاسایی و ئاسان بوو کە بێ میهری و تەنانەت هەستی نەفرەت و کەرب و کینە و تۆڵە ئەستێنی، جێگەی ناسکترین سۆز و گەرمترین عەشق لە دڵی ئەودا بگرێتەوە. برایم پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ساتی ساردی و بێ مەیلی زۆر نزیک بووەتەوە. تا ئەو ساتە هەرگیز حەسوودی و غیرەی نەدەناسی، بەڵام کاتێ ئەم هەستە پێشوەختەی لە دڵدا بێدار بووەوە هەنگێ تێگەییشت کە بەرگەی ڕەنجی حەسوودی و غیرە ناگرێت. بیری کردەوە کە دەردی جودایی زۆر سووکتر و کەمتر دەبێ لە دەردی بێ لوتفی و ساردی دۆتمیر. بۆیە لێبڕا پەیوەندی خۆی دەگەڵ دوتمیردا ببڕێت. پاریس بەجێ بێڵێ و بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە. یانی بۆ ئەو شوێنە بگەڕێتەوە کە پەترۆس لەوێ بە

تاسـەیەکی زۆرەوە چـاوەڕوانی دەکـرد و مـاوەیەکی زۆریش بـوو، کە هەسـتێکی گۆنـگ و ئـاڵۆزی وەکـو ئەمەکداری ئەمی بۆ ئەوێندەر گاز دەکرد.

"٢"

ڕۆژان بوون بە هەفتە، هەفتە بوون بە مانگ و هەیڤان بوورین و برایمی ئاشق هەرچی کرد و کۆشا نەیتوانی بڕیار بدات و ئەو ژنە بەجێ بێڵێ کە بەم ڕادەیە شیفتەی خۆی کردبوو. دۆتمیر ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دڵبەستەی دەبوو. کوڕەکەیان لە شوێنێکی دوورە دەست گەورە دەبوو. قسە و قسەڵۆکی خەڵکیش دەربارەی ئەوان نیشتبووەوە. هەنووکە جووتە دڵداری بێقەرار، بە جۆش و خرۆش و تاسەیەکی زۆرترەوە یەکتریان دەپەرست و لەزەتیان لە مەستی ئەشق و ڤیان دەبینی. لەو بێدەنگی و ئاسوودەییەدا کە هاتبووە ئاراوە، تۆفانەکانی ڕابردوویان کاوێژ دەکردەوە و کەمترین بیریان لە ئایندە نەدەکردەوە.

ڕۆژێک برایم بەشداری لە دەعوەت و زیافەتێک کرد کە "دۆک ئورلیان" سازی دابوو، چوو بۆ کۆشکە کەی ئەو. دۆک کە گەیبە ئاستی ئەو، وەستا و نامەیەکی وێدا و گوتی دوایی بۆ خۆت بیخوێنەوە. نامەکە لە پەترۆسی گەورەوە بوو. تزار، پێشبینی هۆی دواکەوتنەکەی برایمی کردبوو و نووسی بووی کە: "هەرگیز مەبەستم نەبووە زرکوڕەکەم ناچار بە ئەنجامدانی کارێک بکەم و ئەمە وەستاوەتە سەر مەیل و ئارەزووی خۆی کە ئەگەر بیەوێ بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە یان لە فەرەنسا بمێنێتەوە. بەڵام لە هیچ حاڵەتێکا ئامادە نیم بە یەکجارەکی دەستبەرداری بم."

خوێندنەوەی ئەم نامەیە برایمی هەژاند و لەوساتەوە ئیدی بڕیاری خۆی دا و ڕۆژی دوایی بە جێگری حکومەتی ڕاگەیاند کە حەزدەکات بە زووترین کات بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە. دۆک بەرسڤی دایەوە:

– برایم! باش بیر لەو بڕیارەت بکەوە، ئەوەشت لەبیرنەچێ کە ڕووسیا نیشتمان و زێد و زاگەی تۆ نییە، تەسەوریش ناکەم لەمەودوا هەرگیز بتوانی زێدی گەرم و ئاگربارانی خۆت واتە ئەفریقیا ببینیتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە مانەوەی درێژخایەنی تۆ لە فەرەنسا بووەتە مایەی ئەوەی کە ڕەنگە نەتوانی لە ژینگە و هاماج و کەش و هەوای وڵاتێکی نیمچە کێوی وەکو ڕووسیا هەڵبکەیت. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە بزانی خواوەند تۆی بۆ کۆیلایەتی پەترۆس نەخوڵقاندووە. پیاوی چاک بە بەگوێی من بکە، سوود لەم مۆڵەتە شاهانە ناڕاستەوخۆیە وەربگرە و لە فەرەنسا بمێنەوە. ئەم فەرەنسایەی کە ماوەیەک لەمەپێش لە پێناویدا زامدار بوویت و خوێنی خۆت بە ڕشتن دا. وەرە بڕیاربدە و بۆ هەمیشە لێرە ئاکنجی بەو ئەرخایەن بە کە لە وڵاتی ئێمەدا هەرگیز، بایەخی خزمەتەکانی تۆ ون نابێت، بەهرە و تواناکانت بە باشترین شێوە ڕەچاو دەکرێن.

برایم، لە کانگای دڵەوە سوپاسی دۆکی کرد، بەڵام هەر سوور بوو لەسەر گەڕانەوە بۆ ڕووسیا. ئەنجام دۆک ملی دا و وەڵامی دایەوە:

– دەی باشە، ڕەنگە هەق بە تۆ بێ، بەڵام بەهەرحاڵ من ڕۆیشتنی تۆم پێ خۆش نییە.

پاشان قەولی دایە کە لە خزمەت فەرەنسا مەعافی بکات و ئیدی حاڵ و حیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی بۆ پەترۆس نووسی.

برایم، بە زووترین کات ئامادەی سەفەر بوو و هەموو پێویستییەکی خۆی کۆکردەوە. شەوی پێش سەفەرەکەی وەکو هەمیشە لە کۆشکەکەی دۆتمیر بەسەر برد. دۆتمیر هیچ خەبەرێکی لە سەفەرەکەی ئەو نەبوو. برایم زاتی نەدەکرد لەو ڕووەوە هیچ قسەیەکی دەگەڵدا بکات. دۆتمیر، زۆر ڕازی و خۆشحاڵ بوو و چەندجارێک برایمی بانگ کردە لای خۆی و بە شۆخی و پێکەنینەوە لە هۆی تێفکرین و خەمینی ئەوی پرسی. دوای شێو میوانەکان هەموو ڕۆییشتن و دۆتمیر و مێردەکەی بەتەنیا لەگەڵ برایمدا مانەوە. برایمی بەلەنگاز ئامادەبوو هەموو ژیانی بدات بەو مەرجەی بۆ ساتێ بەتەنێ دەگەڵ دۆتمیردا وەمێنێ، بەڵام کۆنت، هێندە بە ئاسوودەیی و بێ خەم و خەیاڵی لەبەر موغەیرییەکەدا پاڵی لێدابووەوە کە پێنەدەچوو بە ئاستەمیش لە شوێنی خۆی بجوڵێت چ جای ئەوەی کە لە هۆڵەکە وەدەربکەوێت. هەرسێکیان ماوەیەک بە بێدەنگی لە دەوریی یەک ڕۆیشتن. ئەنجام دۆتمیر هەستا و بە زمانی فەرەنسی گوتی:

- من دەچم دەخەوم، شەوباش!

دڵی برایم گوشرا و لەو دەمەدا بە هەموو بوونی خۆیەوە هەستی بە ئازار و ترسناکی جودایی کرد. بەڵام هەر بەو دەقەوە، بێ جوڵە و بەبێ دەنگی لەجێی خۆی وەستا و چاوی بڕییە ڕوخساری دۆتمیر. دۆتمیر دووبارە بە دەنگی بەرز دووپاتی کردەوە: - ئاغایان شەوباش، مەگەر گوێتان لێ نەبوو؟

لێ ئەمجارەش برایم بەبێ جوڵە وێستابوو و زەق زەق دەیڕوانیە ئەو و بەر چاوانی تاریک بووبوو، سەری گێژ بووبوو و نەیدەتوانی خۆی بەپێوە بگرێت. ئەنجام بە زەحمەتێکی زۆر ئەوجا توانی لەوێندەر بێتە دەرەوە. کاتێ گەییە ماڵەوە، لە پشت مێزەکەیەوە ڕۆنیشت و بێوەی لە دەستی خۆیدا بێ ئەم نامەیەی بۆ دۆتمیر نووسی:

"لیڤ نورای ئازیزم؛ بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە لە تۆ دوور دەکەومەوە. من دەڕۆم و بۆ هەمیشە بەجێت دێڵم. بۆیە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، چونکە لە خۆم ڕانابینم کە لە ڕێگەیەکی دیکەوە خەبەری سەفەرەکەمی خۆمت پێ ڕابگەیەنم.

بەختەوەری من دەگەڵ تۆدا بێ ئەندازە بوو. وێڕای ئەو چارەنووسەی کە بۆ من دیاری کرابوو، ئەوپەڕی لەزەتم لەو بەختەوەرییە بینی. بەڵام ڕێگەم بدە ئەوەت پێ بڵێم کە ماوەیەک بوو ڕەفتار و ئەتواری تۆ ئەوەیان بە من نیشان دەدا کە بەو زووانە ئاگری بەتینی ئەم ئەشق و ڤیانە دەکوژێتەوە و درەنگ یان زوو دەستبەرداری ئەشقی من دەبێت. هەستدەکەم کە ئەو سۆز و گودازەی هەوەڵجار بەخێرایی بەرەو نەمان و دامرکانەوە دەڕوات. ئەم بیرە بەدرێژایی ماوەی ناسیاویمان عەزابی داوم؛ تەنانەت لەو ساتە شیرین و خۆشانەشدا کە لە هەمێزی پڕ میهری تۆدا، هەموو شتێکم بە فەرامۆشی دەسپارد، لەو ساتانەدا کە خۆم داوێشتە سەر لاقی تۆ و مەکە ونابێی ئاوێتە بە ئەشق و میریڤانی بێ پایانی تۆ مەست و سەرخۆشی دەکردم، بۆ تاقە ساتێک لە ترس ئەم بیر و خەیاڵە ڕەها نەبووم... من چاک دەزانم کە ئەم دنیا زاڵمە هەمیشە دەگەڵ ئەو خەڵکانەدا کە بە ڕواڵەت ئازاد و بەختەوەر خوڵقاون دژمنە و پەلاماریان دەدات و بێڕەحمانە ئازاریان دەدات، بۆیە دڵنیام کە درەنگ یان زوو ساردی تەوسامێزی ئەشق بەسەر تۆشدا زاڵ دەبێت و هەنگێ ڕۆحی تابان و درەخشانت تاریک دەبێت و لە ئەشق و هەوەسبازییەکانی خۆت ژێوان دەبیتەوە... لیڤی نورای ئازیزم پێم بڵێ ئەگەر شتی وا ڕوودبات

چارەنووسی من چ دەبێت و چیم بەسەردا دێت؟ نا! لیڤ نورا، باوەڕبکە حەزدەکەم بمرم و تۆ بۆ هەمیشە بەجێ بێڵم ، بەڵام ئەو ساتە ترسناکە نەبینم.

خۆشی و شادی تۆ لە ژیاندا بۆ من لە هەموو شتێک ئازیزترە. بەڵام تا ئەوکاتەی کە چاوی کونجکاوی خەڵکیمان لەسەربوایە تۆ چۆن دەتتوانی لەم خۆشی و شادیە بەرخوردار بی؟ کەمێک بیربکەوە، ئەوە وەبیر خۆبێنەوە کە دوای ئاشنایەتیت دەگەڵ مندا چ ڕەنجێکت کێشا، چەند سووکایەتیت پێکرا، چ ئازارێکت لە ترسی ئابڕووی خۆت تەحەموول کرد. کەمێک بیربکەوەو لەدایکبوونی ترسناکی کوڕەکەمان وەبیربێنەوە. باشە تۆ پێت وایە، بەو هەموو ڕەوشە نالەبارەوە، من هەقی ئەوەم هەیە تەنیا لە پێناوی لەزەت و ڕابواردنی خۆمدا مایەی بەردەوامی ئەم هەموو ڕەنج و مەینەتی و ئازارەی ژیانی تۆ بم؟ بۆچی دەتەوێ چارەنووسی بوونەوەرێکی جوان ونازەنینی وەکو خۆت بە چارەنووسی شوومی بوونەوەرێکی بێنەوای وەکو منی ڕەش پێستی بەدبەختی نەدارەوە ببەستیتەوە کە هەرگیز شایستەیی ئەوەم نیە کە خۆم بە "پیاو" بزانم؟

خودا حافیز لیڤ نورا؛ خودا حافیز ئەی تەنیا و ئازیزترین مەحبووب و مەعبوودم، من تۆ بەجێ دێڵم، یانی یەکەمین و دوایین هەوێن و ئامیانی شادی ژیانی خۆم بەجێدێڵم. تۆ چاک دەزانی کە من لەم دنیایەدا نە نیشتمانێکم هەیە، نە خانەوادە و خانەدانێکم هەیە و نە هیچ ئومێدێک. بە دڵێکی خەمگین بۆ ڕووسیای تاریک و نوتەک دەگەڕێمەوە. بۆ ڕووسیایەک کە لە شەوان و ڕۆژانی ناخۆش و تاقەتبەری ئەوێدا، تەنیایی و گۆشەگیری ڕەها، تاقە سوکنایی بەخشی ئازارەکانم و هاودەمی گیان و ڕوحم دەبێت. ئەو کارە دژوار و ئەرکە قورسانەی کە لە ئێستا بەدواوە لە خۆمم بارکردوون، ئەگەر بەلای کەمەوە ئاگری دەروونم دانەمرکێنێتەوە، خۆ لە یادەوەرییە بە ئازارەکانی ڕابردوو و لە ڕۆژانی بێهوودە و ئەو شادییەی کە لە هەمێزی تۆدا هەمبوو، ڕزگارم دەکات... خودا حافیز لیڤ نورای ئازیز! وەکو چۆن بەوپەڕی ئازار و ئەشکەنجەی فراوانەوە خۆم لە تۆ و باوەشی گەرمی تۆ و پڕ ئومێدی تۆ دوورخستەوە، بەو ئاوایەش بەوپەڕی نەبەدڵی و نەفرەتەوە دەست لە نووسینی ئەم نامەیە هەڵدەگرم. بە دوعا ئەی نەونەمامی بەختەوەری و شادی من. هەر شاد و بەختەوەر بێت و جارجارێ یادێکی ئەم ڕەش پێستە بەدبەخت و بەلەنگازەی خۆت بکەوە. ئەوە وەبیر بێنەوە کە برایم بە وەفادارییەوە تۆی دەپەرست."

***

هەر ئەو شـــەوە بەرەو ڕووســـیا وەڕێـــکەوت. بەڵام ئەم ســـەفەر و دوورکەوتـــنەوەیە لە دۆتمیـــر، بەو ئەندازەیەی کە چاوەڕوان و وێنای دەکرد ترسناک و دژوار نەبوو. بەدەم خەون و خەیاڵەوە تا زیاتر لە پاریس دووردەکەوتەوە ئەو دیمەن و کەسانەی کە بەجێی هێشتبوون، زیاتر لەبەرچاویا تۆخ دەبوونەوە و نزیکتر دەبوونەوە.

بەرلەوەی وەخۆبێتەوە گەیبە سنووری ڕووسیا. پاییز تازە دەستی پێکردبوو، بەڵام عەرەبانچییەکان، وێـڕای ڕەوشـی خراپـی ڕێگـا و بانەکـان، ئەویـان وەکـو بـا دەبـرد، ئەوەبـوو کە لە هەڤـدەمین ڕۆژی سـەفەرەکەیدا گەیینە "کراسنویەسلۆ" کە لەو ڕۆژگارەدا شوێنی یەکانگێڕی شارێگاکانی ڕووسیابوو. لێ هێشـتا بیسـت و حەوت کیلۆمەترێک بـۆ سـنت پترسـبورگ مـابوو. بـرایم لەو مـاوەیەدا کە ئەسـپی ژێـر

گالیسکەکەیان دەگۆڕین، خۆی بە وێستگاکەدا کرد. پیاوێکی باڵابەرز کە پاڵتۆیەکی ئامال کەسکی بە شانیا دابوو و ئانیشکەکانی دادابووە سەر مێزێک و بەدەم سەبیل کێشانەوە لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا ڕۆژنامەکانی "هامبورگ"ی دەخوێندەوە. ئەم پیاوە هەرکە چاوی بە برایم کەوت، هەستا و بە هەشتاو بەرەو لای ئەو ڕۆیی و هاواری کرد:

– ئا برایم، کوڕەکەم! ئاقیبەت هاتییەوە، بڵێ بزانم ئاخۆ حاڵت چۆنە؟

برایم، یەکسەر پەترۆسی گەورەی ناسییەوە. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ئەویش بە هەمان هەڵەداوان بەرەو پیری تزار بڕوات و خۆی لە باوەشی ئەو بهاوێت. بەڵام بە پێچەوانەی حەزی خۆیەوە بەڕێز و حورمەتەوە، بەرزە پێ لەبەری هەستا و لەجێی خۆی وەستا. تزار نزیک بووەوە، بە تاسەو پەرۆشێکی زۆرەوە لە باوەشی گرت و سەری ماچ کرد.

– هەواڵی هاتنەوەی تۆیان پێ دابووم و تا ئێرە بە پیرتەوە هاتووم. لە دوێنێوە لێرە چاوەڕوانی تۆ دەکەم.

برایم هەرچی سەری دێنا و سەری دەبرد وشەیەکی بۆ نەدەهات تا وەفاداری و سوپاسگوزاری خۆی دەربهەق بەم هەموو لوتف و میرەبانیەی پەترۆس دەرببڕێت.

تزار لەسەری ڕۆیی:

– با گالیسکەکەی تۆ لە دووی ئێمەوە بێت، تۆ وەرە لای منەوە دانیشە تا پێکەوە بڕۆین.

دوای کەمێک گالیسکەی پاشایەتی کەوتەڕێ؛ برایم لە تەنیشت پەترۆسەوە دانیشت و گالیسکەکە بە هەشتاو بۆی دەرچوو، دوای نزیکەی سەعات و نیوێک گەیینە پەتروسبۆرگ. برایم بە سەرسامی و حیرەتەوە نقومی تەمەشای دیمەنی ئەو شارە تازەیە بووبوو کە بە فەرمانی فەرمانڕەوای ڕەهای ڕووسیا دروست کرابوو. بەربەستێن مەزن، کەناڵ و جوێبارێن فرە و پردێن دارینی گەورە. کە لە هەموو شوێنێک دەبینران و خۆبەخۆ گەواهی سەرکەوتنەکانی ئەم دواییانەی پەتروسیان دەدا و نیشانەی سەرکەوتنی ئیرادەی بەشەربوون بەسەر کۆسپ و تەگەرە سروشتیەکاندا. پێدەچوو کە خانوو بیناکانیان بەپەلە دروست کردبێت، لە سەرانسەری شاردا هیچ دیمەن و بەرجەوەنێکی جوانتر و بەشکۆتر لە ڕووباری "نیڤا" بەرچاو نەدەکەوت کە پڕبوو لە کەشتی جەنگی و پاپۆڕی بازرگانی. ئاقیبەت گالیسکەی پاشایەتی لە بەرانبەر کۆشکێکدا کە بە کۆشکی "تزارینا" بەنێوبانگ بوو وەستا. ژنێک تا پاینی پلەکانی دەروازەی کۆشکەکە هاتە پێشوازی پەتروس، ژنێکی جوان و یەجگار تەرپۆش بوو، کە ئەوپەڕی سی و پێنج ساڵێک دەبوو و نابوو، بەگوێرەی دوا مۆدی پاریس خۆی ڕازاندبووەوە. پەترۆس بە گەرم و گوڕی لێوانی ئەوی ڕامووسی و دەستی برایمی گرت و هێنایە پێشەوە و گوتی:

– کاتینکا (کورتکراوەی ناوی کاترینە. وەرگێڕ) برایمی زڕکوڕم دەناسیت؟ تکا دەکەم وەکو جاران لەگەڵیا بە لوتف و میهرەبان بە.

کاترین چاوە گەش و ڕەشەکانی بڕینە ڕوخساری برایم و بە شێوەیەکی زۆر ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە دەستی بەرەو ئەو درێژکرد. دوو کیژی گەنجی زۆر جوان و شووش و بەژن زراڤ لەپشت کاترینەوە وەستابوون دەتگوت گوڵەباخن. ئەو جووتەش بەوپەڕی ڕێزەوە لە تزار نزیک بوونەوە و بە ئاستەم کڕنۆشیان بۆ برد.

پەترۆس، ڕوو لە یەکێکیان گوتی:

– ئەرێ لیزە بیرت ماوە ئەو ڕەش پێستە بچکۆلەکە لە "ئورانین باوم" سێوەکانی منی دزی و بۆ تۆی هانی؟ ئەم گەنجە باڵا بەرزەی کە ئێستا لەلای منەوە وەستاوە، هەمان ئەو منداڵە چکۆلەیەیە با بە یەکدیتان بناسێنم.

خاگراندۆک پێکەنی و لە شەرماندا سوورهەڵگەڕا. هەموو پێکڤە کەوتنە ڕێ و دوای کەمێک خۆیان بە هۆڵی نانخواردندا کرد. لەبەر خاتری هاتنی تزار مێزەکە بە شێوەیەکی پڕ جەلال و شکۆوە ڕازێنرابووەوە و ئامادەکرابوو. پەترۆس و هەموو ئەندامانی ماڵباتەکەی لە دەوری مێزەکە دانیشتن تا شێو بخۆن. برایمیشیان دەعوەت کرد کە نانیان دەگەڵدا بخوات. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە شێو دەخورا، تزار بەردەوام دەگەڵ برایمدا قسانی دەکرد و دەربارەی بابەتی هەمەجۆر قسەی دەکرد، پرسیاری زۆری دەربارەی شەڕەکانی ئەسپانیا، بارودۆخی ناوخۆی فەرەنسا، وەزع و حاڵی جێگری پاشا کە هەم خۆشی دەویست و هەم گلەیی لە هەندێ کاری هەبوو، کرد. برایم گەنجێکی هۆشن بوو، یادگەیەکی زۆر بەهێزی هەبوو، بۆیە پەترۆس لەزەتی لە وەڵامە ورد و پوختەکانی ئەو دەبینی و زۆری لە گیان خۆش بوون. لەکاتێکدا کە گوێی لە قسەکانی ئەو دەگرت، دیمەنە جیاوازەکانی سەردەمانی زارۆکی برایمی وەبیردێنایەوە و هێندە بە ئاو و تاو و ڕووخۆشیەوە ئەو بیرەوەریانەی بۆ ئامادە بوان دەگێڕایەوە و بەجۆرێ نوکتە ناسکەکانی خۆی تێهەڵکێش دەکردن، هیچکەس باوەڕی نەدەکرد کە ئەم ماڵخۆیە میهرەبان و ڕووخۆش و مەشرەب خۆشە، هەمان قارەمانی مەیدانەکانی جەنگی "پولتاڤا" و فەرمانڕەوای وشک و بە دەسەڵاتی ڕووسیای تازەیە.

دوای شێو، تزار بە عادەتی باوی ڕووسان ڕۆیی تا سەعاتێک ئیسراحەت بکات. برایم دەگەڵ شابانۆ و شادۆتەکاندا بەتەنیا مایەوە. زۆری هەوڵدا تا هەستی کونجکاوی وان پاراو بکات. شێوازی ژیانی خەڵکی پاریس، چۆنیەتی بەسەربردنی ڕۆژانی پشوو، گۆڕینی خێرای مۆدێل لەم شارەدا بە تێر و تەسلی بۆ باسکردن. لەم کاتەدا ژمارەیەک لە یاوەران و ڕاوێژکارانی تزار خۆیان بە هۆڵەکەدا کرد، برایم یەکسەر لە نێوانیاندا میر "منشیکوف"ی سەلار و سەنگینی ناسییەوە، میر کە بینی کاترین، بەو جدیەتەوە دەگەڵ کەسێکی ڕەش پێستدا مژووڵی گفتوگۆیە زۆر ناڕەحەت بوو و نیگایەکی پڕ حەقارەتی بە سەراپایدا گێڕا. میر "ژاکۆب دولگوروکی" ڕاوێژکار و شیرەتکاری سەختگیر و زبری پەترۆس... "بروس"ی شەیتان و کارزان کە لە نێو خەڵکیدا بە "فاوستی ڕووسیا" ناسرابوو و "ڕاگوژینسکی" و گەلێک لە پیاوانی دی لە نێو ئەم کۆمەڵەدا دەبینران کە بۆ پیشاندانی چالاکیەکانی خۆیان و وەرگرتنی دەستوور هاتبوونە خزمەتی تزار.

دوای نزیکەی دوو سەعات، ئەوجا تزار هات و هەرکە وەژوورکەوت، ڕوویکردە برایم و گوتی:

– برایم، وادیارە تۆ ئەرکەکانی جارانی خۆت لەیاد کردووە، دەی خێرا لەوحێک هەڵگرە و دووم بکەوە.

برایم، دووی پەترۆس کەوت و چوو بۆ ئۆفیسەکەی ئەو و تزار لەوێندەر کەوتە موراجەعەی کار و باری وڵات و گوێگرتن لە ڕاپۆری مامورەکانی خۆی. گفتوگۆیەکی زۆری دەگەڵ بروس، میر دولگوروکی و سەرۆکی پۆلیسی خۆی "دڤیر"دا کرد و گەلێک بابەتی پێویست و بڕیار و ڕێنمایی خۆی بە دەنگی بەرز

دەخوێندەوە و برایم لەسەر لەوحێک کە لەبەردەمیا بوو دەینووسینەوە. برایم زۆر حەزی لە خێرایی گۆڕین و زبری بیرەکانی پەتروس نەدەکرد، زۆرجار سەبارەت بە توانای ئەندێشە و وردی بۆچوونەکان و قابیلیەتی نەرمکێشی و وەرچەرخانی بیری ئەو هەستی بە ناڕەحەتی و عەزاب دەکرد. وەختێک ئەم بەشەی کارەکان تەوا بوو، تزار دەفتەرچەیەکی لەبەرکی دەرهێنا تا بزانێ ئەو فرمانانەی کە ئەو ڕۆژە دەری کردبوون، جێبەجێ بوون یان نا، ئەوجا هەستا و لەکاتێکا کە لە ئۆفیسەکەی وەدەردەکەوت، ڕوویکردە برایم و گوتی:

- زۆر درەنگە؛ دڵنیام کە تۆش شەکەتی. کەواتە ئەمشەویش وەکو جاران لێرە بمێنمەوە، سبەی بەیانی خۆم بێدارت دەکەمەوە.

برایم کاتێ بەتەنیا مایەوە بەزەحمەت توانی بیرەکانی کۆبکاتەوە. هەنووکە لە پترسبورگ بوو، دووبارە ئەم پیاوە گەورە و سەیرەی لە هەنبەر خۆیدا دەبینی، دیسان لە هەمان پیاو نزیک بووبووەوە کە دوای ساڵانێکی دوور و درێژ و گوزەراندنی ڕۆژگاری زارۆکینی خۆی لە باوەشی ئەودا، هێشتا پەی بە بایەخی ڕاستەقینە و شەخسیەتی حەقیقی ئەو نەبردبوو، ماوەیەک دەبیرەوە چوو، هەنگێ بە خەم و پەژارەو حەسرەتێکی زۆرەوە کەوتە کاوێژکردنەوەی بیرەوەریەکانی ڕابردوو و شەوانی جوانی پاریس و لە دڵی خۆیدا و لەوەتای لە پاریسەوە بۆ ڕووسیا گەڕابووەوە، کە لە دووری دۆتمیر دووچاری خەم و پەژارەیەکی قووڵ بووە. بەڵام بیرکردنەوە لەم ژنە تاقە بابەتی بیرکردنەوەی ئەو ڕۆژەی ئەو نەبوو. زنجیرەیەک بیری دیکەش مێشکیان مژوول دەکرد؛ سەیری دەکرد ئەم ژیانە تازەیەی کە بۆی هاتبووە پێش و ئەو ڕۆژانەی کە چاوەڕوانی ئەون، ئەو چالاکیە بەردەوامانەی کە دەبێت ئەنجامیان بدات و ئەو ئەرکە قورسانەی کە بە ملیاندا داوە، هەمەڕەنگیەکی تەواویان بۆ هێناوەتە ئاراوە و تەڕی و تازەیی و گەشە و نەشەیان بە ڕۆحی بەخشیوە. ئەو ڕوحەی کە ساڵانێکی دوور و درێژ خووی بە سۆز و گودازی ئەشق و مەستی و هەوەسبازییەوە گرتبوو و خەمسارد و تەمەڵ و بێکارە و بێ موبالات و لەژێر گوشاری تاقەتبەری ئازار و خەم و پەژارە و ڕەنجی قووڵی دەروونیدا شەکەت و ماندوو بووبوو، هەنووکە، دووبارە بوژابووەوە و تین و تاوی تێگەڕابووەوە و لە ئەنجامدا هەست و سۆزێکی سەیر لە دڵی برایمدا پەیدا بووبوو. لەلایەکی دیکەشەوە کە بیری دەکردەوە، حاڵی حازر هاوکاری پیاوێکی گەورە و بەدەسەڵاتی وەکو پەترۆسی گەورەیە و شەو و ڕۆژی خۆی لەگەڵ پیاوێکدا بەسەر دەبرد کە چارەنووسی میللەتێکی گەورە و بەهێزی وەکو ڕووسی لەدەست دایە، گیانی شۆرەتخوازی و مەیلی خۆبەزلزانی لەلا دەوروژاند. ئاقیبەت بەدەم ئەو بیرە پەرت و پەراگەندانەوە لەسەر قەرەوێڵە سەفەرییەکەی پاڵ کەوت، دوای ساتێک هەموو شتێکی فەرامۆش کرد و دووبارە هەمان خەون و خەیاڵێن شیرینی ڕابردوو بە سۆراخیەوە هاتن و بۆ پاریس و گەرمی "دۆتمیر – د"یان بردەوە.

بەیانی ڕۆژی دوایی پەترۆس، وەکو قەولی دابوو بەخۆی برایمی لە خەو بێدارکردەوە و پیرۆزبایی ئەوەی لێکرد کە لە سریەی تۆپخانەی فەوجی (پریو براژنسکی)دا بۆ ملازمی یەکەم بەرزکراوەتەوە و پەترۆس بە خۆیشی بە پلەی نەقیبی لەم فەوجەدا خزمەتی کردبوو.

هەرکە ئەم فرمانە بڵاوبووەوە، هەموو دەست و پێوەندەکانی دەربار، بەسەر برایمدا داباریین و دەوریان دا، هەر هەموویان پیرۆزباییان لێدەکرد و پرسیاری جۆراوجۆریان دەربارەی ئەم تەرفیعە خێرا و پلە و پایە بەرزە دەکرد کە لەلایەن خودی تزارەوە پێی درابوو. ئێستا هەمووان هەوڵیان دەدا خۆیانی لێ نزیک بکەنەوە و پەیوەندی دەگەڵدا چێبکەن و بیناسن. میر "منشیکوف"ی خۆپەرست، زۆر بە جدی تەوقەی دەگەڵ کرد و دەستی گوشی. "شرمیتیف" هاتە پێشترەوە و داوای لێکرد کە سەربووری ئاشقێنیەکانی خۆی لە پاریسدا بۆ باس بکات. "گولوڤین" بە پەلە و زمانلوسی دەعوەتی شێوی کرد. ئەوانی دیکەش هەموو کەوتنە دەعوەت و دەعوەتکاری، برایم کاتێ بەخۆی زانی کە ئەگەر هەموو داوا و دیدار و دەعوەتەکانیان بۆ فراڤین و شیڤ قەبووڵ بکات، دەبێ تا پتر لە یەک مانگ شەو و ڕۆژ هەر میوان بێت.

برایم، لەوە بەدواوە ژیانێکی یەکنەواو پڕ مەشغەڵەتی دەست پێکرد. بەڵام وێڕای ئەوەش هەستی بە شەکەتی و بێتاقەتی نەدەکرد. ڕۆژبەڕۆژ مەحەبەت و دڵبەستەگی بەرانبەر بە پەترۆس قووڵتر و بتەوتر دەبوو، باشتر دەیتوانی ڕوحی بەرز و بەشکۆی ئەو دەرک بکات. کارکردن لە مەکتەبی گەورەپیاوان و ئەزموون وەرگرتن لەوانەوە، بۆ ئینسانێک گەورەترین دەرسی ژیانە. برامیش کۆمەڵێک دەرسی گرانبەهای لەم مەکتەبە وەرگرت. هەندێجار دەگەڵ تزاردا دەچوو بۆ ئەنجوومەنی پیران و لەوێندەر دەیبینی کە ئەم پیاوە گەورەیە چۆن سەبارەت بە دۆز و پرسە ئاڵۆز و یاسا گۆنگەکان دەگەڵ نوێنەرەکان گەنگەشە دەکات، هەندێجار لە "کۆمیتەی کەشتیوانی دەزگای هێزی دەریایی ڕووسیا"دا تزاری دەبینی کە چۆن ڕێنوێنی کارگێڕانی هێزی دەریایی دەکرد و هەروەها هەندێجاری دی دەیبینی کە پەتروس بە چ وردی و بایەخێکەوە گوێی بۆ بەرهەمێن نووسەرانی بیانی دەگرت و داوای دەکرد کتێبەکانیان پاچڤە بکرێ، یان سەردانی کارخانە شەخسی و قوتابخانە تایبەتیەکانی ڕۆشنبیران و مامۆستایان و کارگەکانی کرێکارانی سادە و ئاسایی دەکرد .

ڕووسیا، بەرەبەرە لەبەرچاوی برایم، بووبوو بە کارخانەیەکی مەزنی کار و چالاکی. کارخانەیەک کە شەو و ڕۆژ کاری دەکرد و کرێکارەکانی بە گوێرەی یاسا و ڕێسا و ڕێکاری جێگیر، بە باشترین شێوەکاری خۆیان ئەنجام دەدا. بەمجۆرە برایم خۆی بە ناچار دەزانی کە شەو و ڕۆژ کاربکات و ئیدی لەبەر سەرقاڵی نەیدەپەرژایە سەر ئەوەی بیر لە ژیانی ڕۆژگاری پاریسی خۆی بکاتەوە و خەفەت بخوات. بەڵام یەک شتی بەلاوە مەحاڵ بوو، ئەویش ئەوەبوو هەرچی دەکرد و دەکوشا نەیتوانی یادی ئازیزی "دۆتمیر – د" لە مێشکی خۆی دەربکات، زۆربەی کات بیری لە دۆتمیر دەکردەوە، بیری لەو هەموو ئەشک و ئەسرین و نائومێدی و ئەو هەموو تۆران و زیز بوون و تووڕەبوونە ڕۆمانسیانە... لەم بەینەدا بیرێکی ترسناکی دیکەش دڵی دەگوشی، ئەویش بیری عەزەمەتی ئەم دنیا گەورە و یاسا نەگۆڕانەی سروشت بوو، بیری ئەمەی کە دۆتمیر، بەگوێرەی هەمان ئەو یاسا جێگیر و نەگۆڕانە، بێگومان ئەشقێکی تازەی پەیداکردووە و دڵی بە پیاوێکی دی داوە، ئەم بیرە ئازای دەهێنایە لەرزین، ئاگری حەسوودی و غیرە

خوێنی ئەفریقایی ئەوی دێنایە جۆش و لەکاتی تەنیاییدا فرمێسکی گەرم لە چاوانی دەهاتن و بەسەر گۆنا ڕەشەکانیا دادەخزین.

برایم، بەیانیەک لە ئۆفیسەکەی خۆی دانیشتبوو و بەو فایلە زۆرانەدا ڕادەگەیی کە لەسەر مێزەکەی کەڵەکە بووبوون. لە ناکاوا گوێی لە دەنگی ئاشنای پیاوێک بوو کە بە زمانی فەرەنسی سڵاوی لێکرد. یەکسەر هەستا و بەرەو دەرگاکە ڕۆیی. لەوکاتەدا کرساکوفی گەنج، کە دوای ئەو لە پاریس مابووەوە، وەژوور کەوت. برایم لە سەرسامیدا هاواری کرد، جووتە هاوڕێی کۆن باوەشیان بە یەکدیدا کرد.

کرساکوف گوتی:

– برایم، ئا ئێستا گەییمەوە و یەکڕاست بۆلای تۆ هاتووم، هەموو دۆستانی پاریسیمان یەک بە یەک سڵاویان بۆت هەبوو، بەڕاستی هەموو بیریان دەکردیت. "دۆتمیر – د..." پێی گوتم کە بە پەلە و بێ دواکەوتن تۆ بۆ پاریس بنێرمەوە و ئەم کاغەزەشی بۆ نووسیوویت.

برایم دەستی لەرزۆکی بردە پێشێ و نامەکەی لێوەرگرت و چاوی بە دەست و خەتە ئاشنا و جوانەکەی دۆتمیر، کە ناوی ئەمی لەسەر زەرفەکە نووسی بوو کەوت، باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد، کرساکوف، هەودای بیری پچڕی و گوتی:

– بەڕاستی بەدیتنت خۆشحاڵم، چۆنە تا ئێستا لەم شارە کرێوکپ و کێوییەدا لە بێتاقەتی و تەنیاییدا نەمردوویت؟ پێم بڵێ خەڵکی ئەم شارە چی دەکەن؟ بە چیەوە خۆیان سەرگەرم دەکەن؟ کێ خەیاتی تۆیە؟ باشە لێرە ئۆپراتان هەیە؟

برایم بەرسڤی دایەوە کە تزار لەم ناوەیە و ئاگات لە زمانت بێ. کرساکوف گوتی:

– ئەها، کەواتە ئاوها! وادیارە دەرفەتت نییە کە بە من ڕابگەیت، دەیسا خەریکی کاری خۆت بە، منیش دەڕۆم، ڕێز و حورمەتم بە تزار بگەیەنە.

دوای ئەو قسانە، پاژنەکانی پێکدا کوتا، وەرچەرخا و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. برایم هەر خۆی لە ژوورەکە مایەوە، بلەز نامەکەی دۆتمیری کردەوە. دۆتمیر بە هەمان گەرمی و مێریڤانی هەمیشەیی خۆی بە گلەیی و گازاندە دای گرتبووەوە و گلەییەکی زۆری لێکردبوو کە لە ناکاوا ئەم سەفەرەی کردبوو و، نووسی بووی:

"... گوتووتە ئاسوودەیی و بەختەوەری من لەم دنیایەدا، بۆ تۆ و بەلای تۆوە لە هەموو شتێک ئازیزتر و بەنرخترە؛ برایمی ئازیزی دڵەکەم، پێم بڵێ ئەگەر ڕاست دەکەیت و وابوایە چۆن دڵت هات. من بخەیتە ئەم حاڵە نالەبارەوە؟ چۆن توانیت قەناعەت بە خۆ بکەیت کە من بە بیستنی هەواڵی ترسناکی سەفەری تۆ نیگەران و دڵگران نابم؟ لەوە دەترسایت ئەنجام ڕۆژێک بێت لە تۆ بێزار و وەڕەز بم؟ بەڵام با پێت بڵێم کە چ هەڵەیەکی گەورەت کردووە! دڵنیابە من ئەمڕۆ وێڕای ئەشقی ئاگرین و لە تەحەموول بەدەری خۆم، لەوە حاڵی بووم کە چۆن دەبوایە ئەشق و ئومێد و بەختەوەری و ئایندەی خۆم فیدای ئازادی و ئاسوودەیی تۆ بکەم، ئەو ئازادی و ئاسوودەییەی کە تۆ ناوت ناوە ئەنجامدانی ئەرک و ئەمەکداری بەرانبەر بە ڕووسیا و پەترۆس!"

دۆتمیر، بە سۆز و گوداز و هەڵچوونێکی پڕ لە سۆزەوە درێژەی بە نامەکەی دابوو و لە کۆتاییدا پاڕابووەوە کە ئەگەر گەڕانەوەی برایم بۆ فەڕەنسا و دیداری دووبارەی ئەو با بەلای کەمەوە جارجارێک، نامەیەکی بۆ بنووسێت. برایم نامەکەی پتر لە بیست جاران خوێندەوە و نایە سەر چاوانی. لە ئاگری بێتاقەتیدا دەسووتا و پڕ بە دڵ حەزی دەکرد شتێک دەربارەی دۆتمیر بژنەوێ. ئەنجام هەستا و خۆی ئامادەکرد کە بۆ بارەگای سەرکردایەتی هێزی دەریایی بڕوات، بە ئومێد بوو کە کرساکوف لەوێندەر بدینێ. بەڵام ڕێک لەم کاتەدا کرساکوف لە ڕێگاوە هات و خەبەری دایە کە دوای ئەوەی لای ئەو ڕۆیی بوو، یەکسەر پەترۆسی گەورەی دیتووە و ئەم دیدارە زۆر سەرکەوتوو بووە. کاتێ وەژوورکەوت، بە برایمی گوت:

– هەر بەینی خۆمان بێ برایم، ئەم تزارە چ پیاوێکی سەیرە! ڕێک لە قارەمانانی خەیاڵی چیرۆکان دەچێت. دوای گەڕانێکی زۆر لەسەر بورجی کەشتییەکی جەنگیدا دۆزیمەوە و ناچاربووم بە هەموو نامەکانمەوە سەربکەومە سەر بەرزترین بورج و بچمە لای ئەو. کاتێ گەییمە ئەوێندەر، لە سەر پەیژەیەکی هەڵواسراوی بە پەت دروستکراو، دەرفەتی ئەوەم نەبوو وەکو پێویست ئیکلامی بۆ بکەم، ئیدی بەتەواوەتی پەشۆکام؛ قەت لە ژیانما شتی وام بۆ پێش نەهاتبوو! بەهەرحاڵ، کاتێ تزار نامەکەی خوێندمەوە، بە نیگایەکی زۆر ورد سەراپای دابێژتم و هیچ گومانم نییە کە بەتەواوەتی کەوتبووە ژێر کاریگەری ڕواڵەتی ڕازاوەوە و سەلیقە و دیقەتی من لە هەڵبژاردنی جۆری جلەکانم. ئەنجام بەمە شکایەوە کە بزەیەکی بۆ کرد و دەعوەتی میوانی و ئاهەنگی ئەم شەوی کردم، بەڵام تۆ دەزانی کە من لە پترسبورگدا زۆر نامۆم. لە ماوەی ئەو شەش ساڵەدا کە لێرە دوور بووم، هەموو داب و نەریت و ڕێوڕەسمە خۆماڵی و لۆکاڵیەکانم لەبیر چووە. بۆیە دەبێ تۆ لەگەڵمدا بێیت و لەوێندەر بە میوانەکانم بناسێنی.

برایم، بێ چەند و چوون ئەم پێشنیازەی قەبووڵ کرد تا زووتر باسەکە بەرێتە سەر ئەو بابەتەی کە لە هەموو شتێکی دیکەی بەلاوە گرینگتر بوو، ئەوەبوو دوای بێدەنگیەکی کەم گوتی:

– ئێ بڵێ بزانم دۆتمیر چۆنە و حاڵی لەچیدایە؟

– دۆتمیر؟ هەڵبەتە لە ڕۆژانی هەوەلی دوورکەوتنەوەی تۆدا زۆر بێتاقەت بوو، خەفەتی دەخوارد، لێ زۆری پێنەچوو وەکو هەر ژنێک بەرەبەرە هێور بووەوە و دڵدارێکی تازەی بۆ خۆی دۆزییەوە. دەزانی ئەم دڵدارە تازەیە کێیە؟ هەمان "مارکیز – ڕ..."یە، ئەها کوڕە مردەڵە، مردەلۆخەکە! بۆچی بەو چاوە ڕەشانەت خێسەم لێدەکەیت؟ پێدەچێ ئەم هەواڵەت پێ سەیر بێت؛ هیچ پێت سەیر نەبێ، چما نازانی کە داخ و کەسەری هەمیشەیی لە تەبع و تەبیعەتی بەشەردا، بەتایبەتی لە تەبیعەتی ژناندا نییە. هەنووکە تۆ کەمێک بیر لەم مەسەلەیە بکەوە، تا منیش بڕۆم کەمێک ئیسراحەت بکەم، بیرت نەچێ، لەوەختا بێی و بێدارم بکەیتەوە.

چ جۆرە هەستێک دەروونی برایمی پڕ کرد؟ غیرە و حەسوودی؟ تووڕەیی؟ نائومێدی؟ نا! هیچ یەکێک لە مانە نەبوو. تەنیا جۆرە ساردی و خەمینییەک دڵی دەگوشی. لە بن لێوانەوە بەخۆی گوت:

– هەموو ئەمانەم پێشبینی کردبوو! دیاربوو کەوا دەشکێتەوە.

ئەوسا دووبارە نامەکەی دۆتمیری کردەوە، دووبارە خوێندیەوە و سەری خستە نێوان هەردوو دەستی و بە کوڵ گریا. ماوەیەکی زۆر فرمێسکی ڕشت، فرمێسکی گەرم و گەش، جۆشی دڵی دامرکاندەوە. کاتێ سەری هەڵێنا و چاوی بە سەعاتە چاڵمەکەی قەد دیوارەکە کەوت، بیری کەوتەوە کە کاتی چوونە ئاهەنگ و میوانیەکە نزیک بووەتەوە. زۆری حەزدەکرد نەچێتە ئەم ئاهەنگ و میوانیە، بەڵام ڕێوڕەسمی ئەو شەوە تەنیا لە کۆڵ کردنەوەی ئەرک بوو و تزار بەتایبەتی نزیکەکانی خۆی دەعوەت کردبوو کە لەم بۆنەیەدا ئامادەبن. برایم جلی لەبەرکرد و چووە سۆراغی کرساکوف. کرساکوف، جلی خەوی لەبەربوو و کتێبێکی فەرەنسی بە دەستەوەبوو دەیخوێندەوە. هەرکە برایمی بینی گوتی:

– زوو نییە برایم؟

– تەقریبەن وەختی ڕۆیشتنە، ئێستا سەعات پێنج و نیوە، ئەگەر ئێستا نەڕۆین، دوا دەکەوین، لەزێکە، زوو جلەکانت لەبەربکە با بڕۆین.

کرساکوف، هەستا و بە هەموو هێزی خۆیەوە لە زەنگی دا، چەند خزمەتچییەک بەهەڵەداوان وەژوورکەوتن و کەوتنە یارمەتیدانی کە جلەکانی لەبەربکات. خزمەتچیە فەرەنسییەکەی پێڵاوە پاژنە سوورەکانی و پانتۆڵە مەخمەلەکەی و پاڵتۆ ئەرخەوانیەکەی کە بە گوڵدۆزی نەخشێنرابوو، بۆ هێنا. کڵاو قژەکەیان بە پەلە لە ژوورەکەی تەنیشتەوە بۆدرە کرد و دایانە دەستی، کرساکوف، سەرە لووسەکەی کردە ناویەوە. هەنگێ داوای شمشێر و دەست کێشەکانی کرد و پتر لە دە کەڕەت چووە بەر ئاوێنەکە و بە دەوری خۆیدا سوڕایەوە و تەمەشای خۆی کرد. دوای هەموو ئەم کارانە بە برایمی گوت کە ئامادەیە.

پێشخزمەتەکان پاڵتۆ پێستە ورچەکانیان دانە دەست و ئەوان بەرەو کۆشکی زستانە کەوتنە ڕێ.

کرساکوف، لە ڕێگادا برایمی پرسیار پێچ کرد بوو و لێکدا لێکدا دەی پرسی: "بڵێ بزانم جوانترین ژنی پترسبۆرک کێیە؟ باشترین سەماکار کێیە؟ ئێستا چ جۆرە سەمایەک لە پایتەختی ڕووسیا مۆد و باوە؟...." و برایم، زۆر بە ویقار و خوێنساردی بەرسڤی پرسیارەکانی ئەوی دەدایەوە و هەستی کونجکاوی ئەوی تێردەکرد. ئەنجام گەیینە کۆشک. ژمارەیەکی زۆە خزاکی درێژکۆلە، گالێسکەێن فۆرمی کۆن، گالیسگەێن بەشکۆ و زێرکاری کراو، بەڕیز لە چیمەنە بەرینەکەی پێش کۆشکەکەدا وەستابوون. کۆمەڵێک عەرەبانچی پۆشتە و پەرداخ و سمێڵ بابڕ لە نزیکی قاڵدرمەکانی بەر دەرگای کۆشکەکەدا وەستابوون. بەگوێرەی داب و نەریتی ئەو ڕۆژگارە، خولامانی کوتەک بەدەست، ئەفسەرانی سوارە و شاگردان بە جلکی تایبەتییەوە لەبەر دەرگای چوونە ژوورەوەدا بەڕیز وەستابوون. هەرکە برایم وەدیار کەوت و نزیک بووەوە، چپەچپ کەوتە نێو ئامادەبووان کە "خولامەکەی پەترۆس! خولامەکەی پەترۆس! خولامەکەی تزار!" برایم بلەز باسکی کراساکوفی گرت و هەردووکیان بەرەو هۆڵی پێشوازی کۆشکەکە ڕۆیشتن. دوو پێشخزمەتی تایبەتی دەرگا گەورەکەی هۆڵەکەیان بۆ کردنەوە و برایم و کرساکوف پێکەوە وەژوورکەوتن... کرساکوف، کە شکۆ و جەلالی ئەم هۆڵەی بینی بە تەواوەتی حەپەسا و چاوانی ئەبڵەق بوون. سەدان مۆمی گەورە کە لە نێو چلچراکان یا ئاوێزە و بلورە ڕەنگاوڕەنگەکاندا دەسووتان، هۆڵەکەیان کردبوو بە ڕۆژی ڕووناک و دووکەڵی سەبیل و سیغاری ئامادەبووان وەکو تەنکە تەمێکی کاڵ، لە دەوری ڕووناکی مۆمەکان خەرمانەیان دابوو. بازنە دووکەڵی شینباو هێشتا لە دەمی گەورە باڵوێزان، بازرگانانی بیانی،

ئەفسەرانی گاردی تزاری کە یونیفۆرمی کەسکیان لەبەربوو، لە دەمی خاوەن کارخانانی کەشتی سازی کە چاکەتی ڕەش و پانتۆڵی خەت خەتیان پۆشی بوو، دەهاتە دەرێ و بە ئەسپایی بەرەو میچەکە و چلچرا و ئاوێزەکان بەرزدەبووەوە. دەنگی نەرم و خۆشی موزیقا کە ختووکەی گوێی دەدا نەدەبڕا. خانمان بە جلکی فاخیر و گرانبەهاوە لەسەر کورسی جوان لەپاڵ دیوارەکە ڕۆنیشتبوون. ژنانی گەنجتر جلەکانیان لەسەر باڵاترین و تازەترین مۆدی ڕۆژ دورابوون و زێڕ و زیو بە جلەکانیانەوە دەدرەوشایەوە. بەدەنی نەرم و ناسکیان لە تەنوورەی بەدەن چەسپ و گرانبەهادا جەڕی بوو، هەر دەتگوت چەپکە گوڵە و بە خشڵ و جەواهێرات ڕازبووەوە. ئەڵماسی درشت بە گوێیانەوە، گەردانە بە ملیانەوە، تەوقە بە زوڵفیانەوە دەبریقانەوە و چاویان دەخستە ڕێشکە و پێشکە. ئەمانە پەیتاپەیتا بە عیشوە و نازەوە دەیانڕوانیە ڕاست و چەپی خۆیان و بە بێقەراری چاوەڕوانیان دەکرد هەرچی زووترە سەما و ڕەقس دەست پێبکات و گەنجانی قۆز و باڵابەرز بێن بەلایانەوە و داوای ڕەقسیان لێبکەن.

خانمانی بەتەمنتر، هەوڵیان دابوو زیرەکانە مۆدێن تازە بە شێوازی جل پۆشینی کۆن تێکەڵ بکەن؛ بۆ نموونە کڵاوەکانیان لە کڵاوە پێستە سمۆرەکەی دایکی پەترۆس، شابانۆ "تزارینا ناتالیا کیریلوڤنا" دەچوو، بەڵام کاپەکانیان وەکو چاکەتی بێ قۆڵ وفەرودۆزی تازە بوو. لەوە دەچوو زۆریش لەم مۆدە دەستکردەی خۆیان ڕازی بن! چونکە بە چاوی تەوس و توانجەوە دەیانڕوانیە ئەو کیژۆڵە بێ سەر و بەرانەی کە کراسی سووری سادەیان لەبەرکردبوو و لە دەوری یەکدی خڕبوو بوونەوە و وەکو ئەوەی لە ماڵی خۆیان بن قسانیان دەکرد و پێ دەکەنین.

کرساکوف، تەواو گێژ بووبوو و بە وردی تەمەشای ئەوانەی دەکرد کە تازە دەهاتن. یەکێک لە پێشخزمەیەکان بە سینییەک بیرەوە لەوان نزیک بووەوە و بە دەنگێکی نەوی لە برایمی پرسی:

– ئەمە چ بەزمێکە کە ناوتەتەوە؟

برایم نەیتوانی زەردەخەنەکەی خۆی وەشێرێ. شابانۆ و شادۆتەکان بە جوانی دڵڕفێنی خۆیانەوە، بە نێو میوانەکاندا دەسوڕانەوە و بە مێریڤانی و ڕووخۆشی قسەیان دەگەڵ دەکردن. تزار لە ژوورێکی دیکەدا بوو. کرساکوف، کە زۆری حەزدەکرد خۆی پێ نیشان بدات، بە زەحمەت لە نێو ئاپۆرای میوانەکانەوە ، کە لە جم و جووڵی بەردەوامدابوون، ڕێیەکی پەیداکرد و بۆ ئەوێندەر ڕۆیی. زۆربەی میوانەکانی ئەم ژووره فەڕەنگی و بیانی بوون. هەموویان بە سەر و سیمای جدییەوە سەبیلیان دەکێشا و لە پەرداخێن سواڵەتیندا بادەیان دەنۆشی. سەر مێزەکە پڕ بوو لە قاپە بیرە و شەراب، لە کیسە تووتن، لە پەرداخێن پڕ لە ساردی و چەند تەختە شەترەنجێک.

پەترۆس، لەسەر یەکێک لەم مێزانە، دەگەڵ پیاوێکی ناوشان پاندا شەترەنجی دەکرد. هەردووکیان سەبیلیان دەکێشا و چەرە دووکەڵەکەیان دەچوو بە دەموچاوی یەکدیدا، تزار بەجۆرێ لە جوڵەی چاوەڕوان نەکرێ مۆزیکی حەریفەکەی شڵەژابوو کە هەستی بە کرساکوف، کە دەیویست خۆی نیشانی ئەو بدات، نەکرد. ڕێک لەم کاتەدا زەلامێکی کەتە، کە حەمایلێکی پانی ڕاست و چەپی بەسەر سینگەوە بوو، وەژوورکەوت و بەدەنگی بەرز ڕایگەیاند کە سەما دەستی پێکردووە و یەکسەر لە ژوورەکە وەدەرکەوت. ژمارەیەکی زۆر لە میوانەکان دووی کەوتن و "کرساکوف"یش یەکێک بوو لەوان.

له هۆڵی سەماکەدا، دیمەنێکی چاوەڕوان نەکراو، حەپەساندی. بەدرێژایی سەرانسەری هۆڵەکە، خانمان و پیاوان بە دوو ڕیزی ڕووبەڕووی یەکدی وەستابوون و بەدەم ئاهەنگ و ئاوازی موزیکێکی زۆر خەمناکەوە دەڕەقسین؛ بەمجۆرە یەکەمجار پیاوان کڕنۆشێکی بچووکیان دەبرد و پاشان ژنەکان زیاتر سەریان دادەنەواند. هەردوولایان سەر و هەنگاویان بۆ پێشەوە دەنا، هەنگاوێک بەڕاستا و هەنگاوێک بە چەپدا دەڕۆییشتن، پاشان دووبارە دەچوونە پێشەوە و بەرەولای ڕاست دەگەڕانەوە و بەردەوام هەمان جووڵەیان دووبارە دەکردەوە.

کرساکوف، کە بە دیتنی ئەم هەموو جوانیە چاوانی ئەبڵەق بووبوو، لە سەرسامیدا لێوی خۆی دەگەست. سەمایەکی هێدی و دڵنەواز پتر لە نیو سەعاتی خایاند، تا بەرەبەرە دەنگی موزیقاکە خامۆش بوو. لەم کاتەدا هەمان زەلامی کەتەی حەمایل کە مل بە دەنگی بەرز کۆتایی سەما تەشریفاتیەکەی ڕاگەیاند و دەستووری بە تیپی ئورکستەردا کە دەست بە ئاهەنگ و ئاوازی "منوت" بکەن. ئەمجارە "کرساکوف"ش خۆی ئامادەی سەماکرد. لە نێو ژنەکاندا کیژێکی سەلار و شەرمن و زۆر جوان و شەنگوڵ هەبوو، کە هەر شازدە ساڵان دەبوو و لە هەموو ژنەکانی دی پتر سەرنجی کرساکوفی ڕاکێشابوو. ئەم کیژە جل و بەرگێکی یەجگار گرانبەهای لەبەر بوو و لە تەنیشت پیاوێکی گرژ و مۆن و مەندەوە دانیشتبوو. کرساکوف، بە ئەسپایی لێی چووە بەرەوە و گوتی ئایا دەشێت شەرەفی سووڕێک سەمای پێ ببەخشێت؟

کیژە گەنجەکە، بە حەپەساوی تەمەشای کرد. دیاربوو نازانێت چ وەڵامێکی بداتەوە. ئەو پیاوە گرژ و مۆنەی کە لە تەنیشت ئەوەوە ڕۆنیشتبوو، زیاتر ڕووی گرژکرد و سەرێکی بەم لا و بەولادا بادا کە نەخێر. کرساکوف، بە هەمان دەقەوە دانەوی بووەوە و چاوەڕوانی بەرسڤی ئەوبوو، بەڵام لە ناکاوا هەمان مێردەکی(بۆرەپیاو) حەمایل لە مل کە دەستپێکی سەماکەی ڕاگەیاندبوو، لە کرساکوف نزیک بووەوە، قۆڵی گرت و بەرەو ناوەندی هۆڵەکەی برد و بە زمانێکی پڕ لە غروورەوە گوتی:

– ئاغا! کارێکی زۆر خراپت کرد، یەکەم بێئەوەی وەکو باوە، سێ جاران کڕنوش بەریت، لەم خانمە نزیک بوویتەوە، دووەم تۆ داوای سەمات لەو کرد لەکاتێکا لە سەمای "منوت"دا ئەمە مافی ژنانە نەک هی پیاوان، لەبەرئەمە دەبێ بە توندی سزا بدرێیت و سزاکەشتان، خواردنەوەی یەک پەرداخی گەورەی شەرابە.

کرساکوف، سات بە سات سەرسامتر دەبوو. میوانەکان دەوریان دا و بە دەنگی بەرز داوای سزادانیان کرد. پەترۆس لە دەنگی پێکەنین و هەراوزەنای میوانەکان، لە ژوورەکەی تەنیشتەوە هاتە دەرێ. زۆری حەزدەکرد لە ڕێوڕەسمی ئەنجامدانی ئەو جۆرە سزایەدا ئامادە بێت. ئاپۆڕاکە ڕێگایان بۆ کردەوە و بوون بە دوو بەشەوە و تزاریش هاتە نێو حەشیمەتەکە. سەرۆکی تەشریفاتەکە بە خۆ و پەرداخێکی زۆر گەورەی پڕ لە شەرابی سپییەوە لەبەردەم کرساکوفدا وەستابوو و هەوڵی دەدا ئەو بە مەیلی خۆی وادار بە قەبووڵ کردنی ئەم یاسایە بکات.

پەترۆس هەرکە چاوی بە کرساکوف کەوت، هاواری کرد:

– ئەهای! برادەر چاک تووش بوویت، وەرە پێشەوە و ئەم پەرداخە هەڵدە و بە خۆڕایی خۆت سەغڵەت مەکە.

هیچ چارەیەک نەبوو، کرساکۆفی بەلەنگاز بێئەوەی دەرفەتی هەناسەدانی هەبێت پەرداخە گەورەکەی وەرگرت و بەیەک بین هەڵیدا و چۆڕ بڕی کرد و پەرداخەکەی دایەوە دەست سەرۆکی تەشریفاتەکە.
ئەوسا پەترۆس گوتی:
- تەمەشا کرساکوف، ئەم پانتۆڵەی تۆ مەخمەلە، من هەرچەندە زۆرم حەز لە مەخمەلە و لە تۆش دەوڵەمەندترم بەڵام لەم قوماشە ناپۆشم، چونکە ئەمە زیادە مەسرەفە، ئاگات لێ بێ لێت نەچم بە قینا.
کرساکۆف، دوای ئەم هەڕەشە فەرمییە ویستی لەوێندەر دووربکەوێتەوە، بەجۆرێ بەلادا هات چیوای نەمابوو بکەوێت! ئەم دیمەنە بووە مایەی شادی لەڕادەبەدەری پەترۆس و پێکەنین و خۆشحاڵی هەموو میوانەکان. بەڵام ئەو بویەرە نەک هەر نەزم و ئاهەنگی کۆڕ و مەجلیسەکەی نەشێواند. بەڵکو شادی و خۆشیەکی زیاتری پێبەخشی. دووبارە پیاوان کەوتنە سەما و هەڵپەڕکێ، جارێ دادەنەوینەوە و جارێ بۆ چەپ و جارێ بۆ ڕاست بەدەم ڕەقسینەوە هەنگاویان دەنا. ژنان بەدەم سەما و هەڵپەڕکێوە، بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە پاژنەکانیان بەیەکدا دەدا و موزیقاکە هاوئاهەنگی دەگەڵ ئەم حەرەکاتانەدا دەکرد. کرساکوف، ئیدی بە هیچ کلۆجێ نەیدەتوانی لەم خۆشییە گشتیەدا بەشداری بکات، چونکە ڕێک لەم کاتەدا ئەو کیژەی کە کرساکۆف بۆ سەمای هەڵبژاردبوو، بە ئیزنی بابی "گاڤریلا ئاڤانا سیوفیچ ڕژوڤسکی" لە برایم نزیک بووەوە و لە کاتێکا چاوە شینەکانی بڕی بوونە ڕوخساری ئەو، بە شەرم و شکۆیەکی فرەوە، دەستی خۆی دایە دەستی ئەو. برایم یەک سووڕ سەمای "منوت"ی دەگەڵ ئەم کیژەدا کرد و دووبارە بۆ سەر جێگاکەی خۆیی بردەوە. ئەوسا چوو بە سۆراغی کرساکوفەوە، ئەوی لە هۆڵی سەما بردە دەرەوە، سواری گالیسکەی کرد و بەرەوماڵی بردەوە. کرساکوف لەڕێگادا، بەبێ ویستی خۆی کەوتە بەدگۆیی و گوتی: "نەعلەت لەم ئاهەنگ و میوانداریە!... نەعلەت لەو پەرداخە گەورە!..." بەڵام هەر زوو خەوی لێکەوت و پرخ و هوڕی لێ بەرزبووەوە و ئیدی نەیزانی کەنگێ گەییوەتەوە ماڵ یان چۆن جلەکانی داکەندووە و چووەتە جێگاوە. بەیانی کە چاوانی هەڵێنان سەری زۆر دەیەشا و بەزەحمەت دیمەنەکانی شەو، ڕاست و چەپ کردنی پیاوان بەدەم سەماوە، چەڕە دووکەڵی سیغار، ئەو پیاوەی کە حەمایلەکەی بە ملەوە بوو، پەرداخە گەورەکەی... وەبیردەهاتەوە.

"٤"

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە "گاڤریلا ئاڤانا سیوفیچ ڕژوفسکی" بە خوێنەری بەڕێز بناسێنم. ئەم پیاوە لە ماڵباتێکی خانەدان و کۆن بوو، مولکێکی یەجگار زۆری هەبوو، زۆر میوان پەروەر بوو، حەزی لە پەروەردە و ڕاگرتنی بازی ڕاوی بوو. خاوەنی پەز و مەڕ و ماڵاتێکی زۆر بوو، بە کورتیەکەی بە نەجیبزادەیەکی ڕاستەقینەی ڕووسی دەهاتە ژماردن. بنیادەمێکی خۆڕەئی بوو، هیچ کاتێک تەحەمولی گیانی ئەڵمانیەتی نەدەکرد، هەمیشە هەوڵی دەدا لە ماڵی خۆیدا داب و نەریتی کۆن، کە زۆری بەلاوە ئازیز بوو، ڕەچاو بکات و بیپارێزێت.
کچەکەی هەڤدە ساڵان بوو، هەر بە منداڵی دایکی لەدەست دابوو. ئەم کیژە بەگوێرەی داب و نەریتی کۆن پەروەردە و گەورە کرابوو و کۆمەڵێک هاودەم و پەرستار و کیژانی هاوزای خۆی دەوریان دابوو.

له چنینکـاری و گوڵـدۆزی دا زۆر کـارامه و لێهـاتوو بـوو، لـێ خوێنـدن و نووسـین بەڵەد نەبـوو. بـابی هەرچەنده ڕقی له هەر شتێکی بیانی بوو، بەڵام نەیدەتوانی سـەبارەت به فێربوونی سـەماێن ئەڵمـانی بێ دڵی ئەم کیژەی بکات. کیژەکەی ئەم سـەما و هەڵپەڕکێیانه، لەلای ئەفسـەرێکی سـوێدی که له مـاڵی ئەمـان دەژیـا، فێر دەبـوو، ئەم مامۆسـتای سـەمایه، که تەمەنـی نزیکەی پەنجـا سـاڵ دەبـوو، له شـەڕی (نارڤـا)دا بریندار بووبوو و گولله به لاقی ڕاستی کەوتبوو و نەیدەتوانی سـەمای "منوت" بکات، لێ لاقی چەپی به باشـترین شـێوەکاری دەکرد و به چـاپوکی قورسـترین فیگۆری سـەمای ئەنجـام دەدا. قوتـابییەکەی، واته کیژی ناوبراو، زۆر به ڕێزەوه دەیڕوانیه هەوڵ و زەحمەتەکانی ئەو. ناتالیا گاڤریلوڤنا، له هەمـوو کۆڕ و ئەنجوومەنەکاندا، به باشترین سەماکار ناوبانگی دەرکردبوو، ئەم کارامەییەی ئەو له سەمادا، بووه بایسـی پڕکێشی و جوڵاندنی کرساکوف و ئەوی به هەڵەدا برد. کرسـاکوف، ڕۆژی دوایی، به نیـازی عوزرخـوایی چوو بۆ ماڵی "گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ" بەڵام به هەمـوو سـەنگینی و شایسـتەییەکەوه که نواندی، نەیتـوانی له چاوانی ئەو خـاوەن مـاڵه به فیز و قۆڕەدەمـاغەدا، که ئەوی به مەیمـوونی فەرەنسـی نێو دەبرد، کەمترین شوێنەواری مەحەبەت و لوتف بەدی بکات.

ڕۆژێک پشوو بوو. گاڤریلا ئاڤانا سیوفیچ، ژمارەیەک له کەسوکار و هاوڕێکانی خۆی دەعوەت کردبـوو. له هـۆڵێکی قەیمیـدا مێزێکـی درێژیـان ڕازانـدبووەوه. میوانەکـان بەرەبەره دەگەڵ ژنەکـان و کیژەکانیانـدا دەرهاتن و وەژوور دەکەوتن. ناتالیا گاڤریلوڤنا سینییەکی به دەستەوه بوو که پڕبوو له فینجانی زێڕ و لەبەردەم هەر یەکێک له زەلامەکان دەوەستا و زەلامەکان داخیان بۆ ئەوه دەخوارد که بۆچی ماچی کیژان که جاران لەو جۆره بۆنانەدا باوبوو، له مۆد کەوتووه.

هەمـوو له دەوری مێـزەکه دانیشـتن، "میـر بـوریس ئەلیکسـوفیچ لیکـوف"ی پیـر و زورهـان لەلای خانەخوێکەوه که زاوای بوو دانیشتبوو. میوانەکانی دیکەش هەریەکەیان بەگوێرەی پایه و پێکەی خۆ له شوێنێکی گونجاو دانیشـتبوون، خەفەتیـان بۆ ئەو ڕۆژانه دەخـوارد که هێشـتا گەوره و بچووکی و ڕێز و حورمەت مابوو، پیاوان له بەرێکی مێزەکه و ژنان له بەرەکەی دی دانیشتبوون، له کۆتایی مێزەکەوه، ئەو ژنەی که بەرپرسـی پێشـوازی بـوو، چاکەتێکی مـۆدی کـۆنی لەبەرکردبـوو و له تەنیشـت ئەفسـەره دیـله سویدییەکەوه، له جێگای هەمیشەیی خۆیدا دانیشـتبوو. ئەفسـەره سـوێدییەکه یونیفۆرمێکی (جلکی فەرمی) کاڵەوه بووی لەبەردابوو. مێزەکه پڕبوو له جۆرەها بەلەم و قاپ و تاقمێک پێشـخزمەت دەوریـان دابـوو و بەردەوام له هـات و چۆدا بـوون. لەنێو پێشـخزمەتەکاندا، سەرسـفرەچی بەو ورگه زل و ویقـار و ڕواڵەته زۆر جدییەوه له هەمووان دیارتربوو. له هەوەڵێن سـاتەکانی دەست پێکردنـی شـێوخواردنەوه، بەگوێرەی داب و نەریتـی کـۆنی نـانخواردن، تەنیـا دەنگی پێکدادانی مـراک و قاپـان بێدەنگیەکەیان دەشکاند. ئەنجـام ماڵخۆ(خانەخوێ) کاتێ هەستی کرد کاتی ئەوه هـاتووه که میوانەکـان به قسـەی خـۆش سـەرگەرم بکات، سەری هەڵبڕی و گوتی:

– ئەرێ "یکیموڤنا" لەکوێیه؟

یەکسەر چەند نەفەرێک لە خزمەتچیەکان بە هەشتاو کەوتنە تاقیب، ڕێک لەم کاتەدا پیرەژنێک بە مکیاجێکی زۆر تۆخەوە، سەراپا لە گوڵا نقوم، لە جلێکی شان و مل و سینگ و بەرۆک ڕووتا، بەدەم گۆرانی سەماوە خۆی بە هۆڵەکەدا کرد و هەمووان بە دیتنی خۆشحاڵ بوون.

میر لیکوف گوتی:

- ڕۆژباش یکیموڤنا، حاڵت چۆنە؟

- زۆر باشم و هێشتا گۆرانی دەڵێم و دەڕەقسم و چاوەڕوانی خوازگارم.

خانەخوێیەکە پرسی:

- شێتە گیان لە کوێ بووی؟

- لەبەرخاتری ئەم ڕۆژە پیرۆزە، لەبەرخاتری میوانە ئازیزەکانمان، بە فەرمانی تزار و دەستووری خاوەن کۆشک چوو بووم بە شێوازی تازەی ئەڵمانی خۆم ئارایشت بدەم تا ئێوە بینمە پێکەنین و دڵتان خۆش بکەم.

میوانەکان کە گوێیان لەو قسانە بوو هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا و، پیرەژنی شێتۆکە چوو لە پشت کورسییەکەی ماڵخۆوە دانیشت.

"تائیانا ئاڤاناسیوڤنا"ی خوشکی گەورەی خانەخوێیەکە کە مایەی ڕێز و حورمەتی زۆری برایەکەی بوو گوتی:

- بەڕاستی شێتان هەندێجار قسەی دروست دەکەن. تۆ تەمەشا مۆدی ئەمڕۆی چەند کۆمیدییە. تەمەشاکەن؛ بۆ نموونە ئێوەی پیاوان ڕدێنی خۆتان تاشیوە و شانێلی کورتتان داوە بە شانتاندا، سەبارەت بە ژنان و جلە ڕەنگاوڕەنگەکانیان هەر قسەنەکەین باشترە، چونکە تەرزی جل پۆشین و ئارایشتی قژ و ئەو قردێلەیەیی کە لە سەری دەدان، بەڕاستی مایەی داخ و کەسەرە! دەبێ ئەوە بگوترێ دیتنی ئەم جوانانەی ئەم ڕۆژگار و سەردەمە، مایەی داخ و لە هەمان کاتدا کۆمیدییە. کرێمی فەرەنسیان لە سەر و زوڵفیان داوەو لوولیان کردووە و وەکو کلک لە پشت سەریانەوە شۆڕ بووەتەوە، ناوقەدیان هێندە توند دەبەستن لە تۆ وایە بوون بە دوو بەشەوە. سپرینگی تەنوورەکانیان ئەوەندە زۆرە و فش دەوەستن، کە ناچارن لەسەرلا لە گالیسکەدا دانیشتن و کاتێ بیانەوێ لە دەرگایەکەوە تێپەڕن، ناچارن تا دەتوانن خۆدانەوێننەوە، نە دەتوانن بوەستن، نە دەتوانن دانیشن و نە دەتوانن هەناسە بدەن، ئەمانە بەڕاستی بووکەڵەی دیلن!

کیریلاپترۆفیچ کە فەرمانداری پێشووی "ڕیازان" بوو و لەوێندەر سێ هەزار مسکێن و ژنێکی گەنجی هەبوو گوتی:

- ئەوەندەی من بزانم، ژنەکەی من بە کەیفی دڵی خۆی جل لەبەردەکات، ڕەنگە ڕۆژێک خۆی بە شێوەی ژنانی دێهاتی ئارایشت بدات و برازێنێتەوە و ڕۆژێکی دی خۆی وەکو شابانۆی چین برازێنێتەوە، بەڵام هەرگیز ئەوە ناکات کە هەموو مانگێک دەستێ جلکی تازە بداتە دورین و جلە کۆنەکانی فڕێ بدات. جاران، لە ڕۆژگاری کۆندا، جلە کۆنەکەی داپیران دەبوون بە جیازی نەوەکانیان، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا هەموو شت گۆڕاوە، ئەو جلەی کە ئەمڕۆ خانمی ماڵ لەبەری دەکات، سبەینێ لەبەری کارەکەرەکەیدا دەیبینی، ئاقیبەتی

ئەم وەزع و حاڵە چییە؟ هیچ، پرەنسیپی نەجابەت و ڕەسەنایەتی لە ڕووسیادا پایەماڵ دەبێت و ئەمەش بەڵایەکی گەورەیە.

بەدەم ئەو قسانەوە ئاهێکی هەڵکێشا و ئاوڕێکی لای "ماریا ئیلینیشنا"ی دایەوە، دیاربوو ژنەی گەنج بە هیچ جۆرێ قسەکانی مێردەکەی، سەبارەت بە ستایشی مۆدی کۆن و گلەیی لە مۆدی تازە، بەدڵ نەبوو. خانمە گەنجەکانی دیکەش هەمان ناڕەزایی مارێیان هەبوو، بەڵام هیچ قسەیەکیان نەکرد و بێدەنگ بوون چونکە لەو ڕۆژگارەدا هێشتا شەرم و حەیا بە بەشێک لە سیفەتە زەروریەکانی ژنان دەهاتە ژماردن.

گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ، لەکاتێکا پەرداخەکەی خۆی لە خواردنەوەیەکی کەفاوی پڕ دەکرد گوتی:

- خەتای کێیە؟ ئایا خەتایەکە لە خودی خۆمانەوە نییە؟ خانمانی گەنج کارێن گەوجانە دەکەن و ئێمەش هانیان دەدەین.

کیریلا پتروفیچ بەرسڤی دایەوە:

- بەڵام کاتێ کە کەس هیچ بە کڵاوی ئێمە نە پێوێ و کەس گوێ بە بیروبۆچوونی ئێمە نەدات، چیمان لە دەست دێت؟ تەنانەت ئەگەر کەسێک ژنەکەی لە کونی ژوورەوەش حەپس بکات، ئەنجام ئەگەر بە دەنگی دەهۆڵیش بووە، بانگ دەکرێت بۆ ئاهەنگ و کۆڕان. مێرد لە هەڵپەی ژیان و گوزەراندایە و ژن لە خەمی خۆڕازانەوە و ئارایشت کردندایە. داخ لە دەست ئەم کۆڕ و ئاهەنگانە! خواوەند لەبەر ئەم گوناحانەیە کە بەمجۆرە سزای داوین .

ماریا ئیلینیشنا، دەتگوت لەسەر دەرزی دانیشتووە، زمانی بێزووی بە قسەکردنەوە دەکرد. ئاقیبەتیش هەر بە خۆی نەوەستا و ئاوڕی لای مێردەکەی دایەوە و بەدەم بزەیەکی ناشرینەوە لێی پرسی کە چ نابەجاییەکی لە کۆڕ و ئاهەنگاندا دیتووە.

مێردەکەی ماریا بە گەرمی بەرسڤی دایەوە:

- چ نابەجاییەک؟ ئێستا پێتی دەڵێم: لەوەتای ئەم بەزم و ڕەزمانە برەوی سەندووە، مێردان ئیدی ناتوانن ژنەکانیان کۆنترۆڵ بکەن؛ ژنان بەتەواوەتی ئەو فەرموودەیەی مەسیحیان فەرامۆش کردووە کە دەڵێت ژنان دەبێ لە ئەمروڕای پیاوەکانیاندا بن و کڕنۆشیان بۆ ببەن و بیان پەرستن؛ کەچی ئەمڕۆ کە ژنان بە هیچ کلۆجێ لە خەمی ماڵ و مێردا نین و جگە لە ئارایشت و زێڕ و زێوەر و خشڵی خۆیان بایەخ بە هیچ شتێک نادەن. تاقە شتێک کە بیری لێناکەنەوە، وەدەست هێنانی خۆشەویستی مێردەکانیانەو شە و ورۆژ لە بیری ئەمەدان کە چۆن سەرنجی ئەفسەرانی سەرسەری و هەوەسباز بەلای خۆدا ڕاکێشن. خانمی بەڕێز! ئایا ئەمە شایستەی ژنێکی ڕووسییە کە دەگەڵ کارەکەرانی ماڵان و ژنانی جگەرەکێشی ئەڵمانیدا هەڵس و کەوت بکەن؟ ئایا هەرگیز شتی وابیستراوە کە ژنان تا حەوت نیوەشەو دەگەڵ پیاوانی گەنجدا بڕەقسن و تێکەڵاو ببن؟ هەڵبەتە ئەگەر ئەم گەنجانە خزم و کەسوکار بن هەر نەیسە، قەیدێ ناکات، بەڵام ئەم ڕەفتارە دەگەڵ بێگانان، دەگەڵ پیاوانی غەوارە، دەگەڵ پیاوانێکدا کە هیچ ڕێزێکی ژنیان لەلا نیە، مانای چیە!

گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ، برۆی وێکهێنایەوە و گوتی:

– بۆیە ئەم قسانە بە دزییەوە دەکەم، چونکە لەگینە گورگ لە کەمیندا بێ! ڕاستت گەرەکە منیش حەزم لەم کۆڕ و ئاهەنگانە نییە، کاتێ بەخۆ دەزانی یا تووشی کابرایەکی مەست دەبیت، یان هێندەت مەی و شەراب دەرخوارد دەدەن تا تەواو مەست دەبێت و دەبیت بە مەخسەرە و گەپجاڕی خەڵکی، هەنگێ لە ترسی ئەوەی نەبادا کەسێکی بێ مانا شەڕ بە کیژەکەت بفرۆشێت، دەبێ دوو چاوت هەیە دووانی دیکەش قەرز بکەیت، بەڵێ گەنجانی ئەمڕۆ تا ئەم ڕادەیە خوویان شەڕ بووە و گەندەڵ بوون. بۆ نموونە ئەم کوڕەی "یوگراف سیرکییوفیچ کرساکوف"ی ڕەحمەتی وەربگرە کە لە ئاهەنگەکەی دوێشەودا، چ بێ ئەدەبی و گۆساخیەکی سەبارەت بە "ناتاشا" کرد، بەڕاستی ئەم ڕەفتارەی ئەو خوێنی هێنامە جۆش. ڕۆژی دوایی سەیرم کرد گالیسکەیەک یەکڕاست خۆی بە حەوشەکەی مندا کرد، لە دڵی خۆدا گوتم: خودایا، ئەمە کێیە کە لەم کاتەدا بۆ ماڵی من هاتووە؟ تۆ بڵێی ئەلکساندرڤانیلوفیچ بێ! بەڵام نا، من بە هەڵە چووبووم، چونکە هەمان ئیڤان کرساکوف بوو. بەڵێ جەنابی نەیدەتوانی گالیسکەکەی لەبەر دەرگا ڕابگرێت و لەوێوە تا بەر کۆشکەکە بە پێیان بێت! خوا خۆی لە شەڕی ئەم زەمانەیە بمان پارێزێت! ئەم یکیموڤنا لێبۆکە، زۆرچاک لاسایی دەکاتەوە، یکیموڤنا وەرە، ئا ببینم لاساییەکی ئەم مەیموونە فەڕەنگیەمان بۆ بکەوە.

یکیموڤنا، قاپێکی هەڵگرت و لەجیاتی کڵاو نایە بن هەنگڵی و لەکاتێکا کە بەملا و بەولادا خۆی بادەدا و دادەنەویەوە و ڕاست دەبووەوە و بە هەموو لایەکدا وەردەچەرخا و لاسایی کرساکوفی دەکردەوە و یەک لەسەر یەک دەیگوت: مسیو... مامزل... ئاسا میلە... پاردۆن. و بۆ ئەوەی میوانەکان پتر پێ بکەنن، درێژەی بەم کارە دا و چەند جارێک دووبارەی کردەوە.

میرلیکوفی پیروزورهان، کە لە پێکەنیندا ئاو بە چاویا دەهاتە خوارەوە و دەیگوت:

– کوت و مت ڕێک دەڵێی خودی کرساکۆفە. بەڵام پیاو درۆیەک بۆ دزیش بکات، ئەمە نە یەکەمین گەنجەکە بەم قەشمەربازاریەوە لە هەندەرانەوە بۆ ڕووسیا بگەڕێتەوە و نە دوا کەسیش دەبێت. تۆ پێم بڵێ بزانم ئەم کوڕانەی ئێمە کە دەچن بۆ هەندەران، لەوێندەر جگە لە کڕنوش و هەندێ ئەدا و ئەتواری ڕواڵەتی چ شتێک فێردەبن؟ جگە لە پێ ڕاکێشان بە ئەرزا، جگەلەوەی بە زمانێکی گۆنگ و ناڕوونی بیانی قسان دەکەن، جگە لە بێ حورمەتی بە گەوران و دووکەوتنی ژنی خەڵکی چ شتێکی دی فێر دەبن؟ لەنێو هەموو ئەم گەنجانەدا کە لە هەندەران پەروەردە بوون (خودایا لێم مەگرە) تەنیا خوڵامەکەی تزار لە بەشەر دەچێت.

گاڤریلا ئافاناسیوفیچ، قسەکانی میرلیکۆفی سەلماند و گوتی:

– بەڵێ، وایە، بەڕاستی ئەو کوڕێکی سەنگین، پاک و سەلارە، وەکو ئەو کرساکوفە بێ سەر و بەرە نییە... ئەمە گالیسکەی کێیە، کە ئێستا هاتە حەوشەی منەوە؟ ناشێت ئەو مەیموونە فەڕەنگییە دیسان گەڕابێتەوە؟

پاشان ئاوڕی لای پێشخزمەتەکانی دایەوە و لەسەری ڕۆیی:

– حەیوانینە، بۆچی وەستاون و زەق زەق تەمەشای من دەکەن؟ خێرا بڕۆن پێی بڵێن، ئێرە شوێنی ئەو نییە و، لە ئایندەشدا...

یکیموڤنا قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– پیرەمێرد، وڕێنە دەکەی یا کوێری؟ ئەمە خزاگەکەی تزارە، تزار هاتووە!

گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ، بە هەشتاو هەستا و هەموو میوانەکان هوروژمیان بۆ بەر پەنجەرەکان برد و بە چاوی خۆیان تزاریان بینی کە خۆی بە شانی خولامەکەیدا دابوو و بە قالدرمەکاندا سەردەکەوت. ژاوەژاو و هەراوزەنایەکی زۆر دەستی پێکرد، مالخۆ بە هەلەداوان بە پیری پەترۆسەوە چوو. پێشخزمەتەکان وەکو شێت و هار بەملا و بەولادا غاریان دەدا. میوانەکان شپرزەبوون؛ تەنانەت هەندێکیان کەوتنە بیری ئەوەی کە چۆن بتوانن، تا زووە خۆ بدۆزنەوە و بۆ مالی خۆیان برۆنەوە. لەناکاوا دەنگی هەورە تریشقە ئاسای پەترۆس لە هۆلەکەی تەنیشتەوە دەنگی دایەوە؛ هەر هەموو بێدەنگ بوون و تزار وەژوورکەوت، خانە خوێیەکەشی لەگەلدا بوو و هەولیدەدا خۆی شاد و خۆشحال بنوێنێ.

پەترۆس بە ڕوخسارێکی گەشەوە گوتی:

– ئاغایان ڕۆژتان باش.

هەموو ئامادەبووان، ئیکلامێکی دوور و درێژیان کرد. چاوانی تیژی تزار لەنێو ئاپۆرای میوانەکانەوە لە تاقیبی کیژی خانەخوێیەکەدا بوون و کیژێی بۆ لای خۆی گازکرد. ناتالیا گاڤریلوڤنا بەوپەڕی بێباکی چووە پێشێ، بەلام نەک هەر گوێیەکانی بەلکو شان و ملیشی سوور بووبوونەوە.

تزار گوتی:– تۆ سەعات بە سەعات جوانتر دەبیت کچەکەم.

وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی سەری کیژێی ماچ کرد و ئەوسا ئاوڕی لای میوانەکانی دایەوە و لەسەری ڕۆیی: وەزعم لێ تێکدان؟ خەریکی نان خواردن بوون؟ تکایە فەرموو دانیشن نانەکەتان بخۆن. گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ تۆش برۆ تۆزێ بیراندی بۆ من بێنە.

مالخۆ، بەپەلە بەرەولای خزمەتکارێکی خۆش پۆش، کە بەوپەڕی ویقارەوە وەستابوو، ڕۆیی، سینیەکەی لەو وەرگرت و بەدەستی خۆی یەک جامی زێڕی پڕکرد و بە کڕنۆشەوە پێشکەش بە تزاری کرد. پەترۆس بیراندییەکەی خوارد و ئەوسا پسکیتێکی بەسەرا خوارد و بۆ جاری دووەم داوای لە میوانەکان کرد کە نانی خۆیان بخۆن. هەموو لەجێی خۆیان دانیشتنەوە، تەنیا خانمی خانەخوێ نەبێت کە زاتی نەکرد لە حوزوری تزاردا لەسەر مێزەکە دانیشێت. پەترۆس لەلای مالخۆکەوە دانیشت و داوای سوپی کەلەرمی کرد . خولامە تایبەتیەکەی ئەو مراکێکی دارینی عاجنیشان و چەقۆیەک و چنگالێکی دەسک ئێسقانی کەسکی لەبەردەمیا، لەسەر مێزەکە دانا، چونکە پەترۆس هەرگیز بەبێ کەوچک و چەتالی خۆی نانی نەدەخوارد. بەمجۆرە ئەو فراڤینەی کە تا تۆزێ لەمەپێش بەو هەموو چالاکی و هەراوزەنایەوە دەخورا، بەوپەڕی بێدەنگی بەردەوام بوو. خانەخوێیەکە کە بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە لەلای تزارەوە ڕۆنیشتبوو، هیچی نەدەخوارد، میوانەکان بەوپەڕی شەرم و ئەدەبەوە دانیشتبوون و بە ڕێزێکی زۆرەوە گوێیان لە قسەکانی تزار دەگرت کە دەگەل یارۆی دیلی سوێدیدا باسی شەبەیخونەکەی سالی "١٧٠١"ی دەکرد. تزار چەندین جار هەندێ پرسیاری لە یکیموڤنای لێبۆک کرد و پیرەژن، بەجۆرێ وەلامی دەدایەوە کە گەوجێتی و گەمژەیی خۆی ڕاستەوخۆ دەرنەدەبڕی. ئەنجام نیوەڕۆژە تەواو بوو. تزار هەستا و دوابەدوای ئەو هەموو میوانەکان هەستان. هەنگێ تزار بە خانە خوێیەکەی گوت:

– گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ، یەک دوو قسەی نهێنیم پێت هەیە.

پاشـان، قۆڵی گـرت و بە دوو قـۆڵی بـۆ ژووری پێشـوازی چـوون و دەرگاکەیـان قفڵ دا. میوانەکـان لە ژووری نـانخواردن مـانەوە و دەربـارەی ئەم دیـدارە کـوت و پڕ و چـاوەڕوان نەکراوە کەوتـنە چپەچپ و فسکەفسـک و پاشـان بـۆ ئەوەی تووشـی گێچەڵ و سـەریەشـە نەبـن بێئەوەی سوپاسـی خانەخوێیەکەیـان بـکەن، یەک لە دووی یەک، بـۆ مـاڵی خۆیـان ڕۆیشـتنەوە و خەزووری خـاوەن مـاڵ و کـچەکەی و خوشـکەکەی میوانەکانیـان تـا بەر دەرگـا، بە کـرێ و بێـدەنگی بەڕێ کـردن و هەرسـێکیان بـۆ ژووری نانخواردن گەڕانەوە و بەدەم چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی تزارەوە، لەوێندەر دانیشتن.

"٥"

دوای نیو سەعات دەرگا کرایەوە و تزار هاتە دەرەوە. بە ئاماژەی سەر وەڵامی ئیکلامە سێ قۆڵیەکەی میرلیکـوف، تاتیانـا ئاڤـا سـیوڤنا و ناتاشـای سـەندەوە و یەکسـەر چـوو بـۆ ژووری جـل داکەنـدنەکە. خانەخوێیەکە، پاڵتۆ سورباوەکەی ئەوی دایە دەست و تـا لای خـزاگەکە بەڕێـی کـرد و لەسـەر قاڵدرمەکان جارێکی دی سوپاسی ئەو شەرەفەی کرد کە پێی براوبوو.

پەتروس سواری خزاگەکە بوو و دوورکەتەوە.

گـاڤریلا ئاڤاناسـیوفیچ، کە بـۆ ژووری نـانخواردن گەڕایەوە زۆر شـپرزە و نـیگەران بـوو؛ بە تـووڕەیی فەرمانی بە پێشخزمەتەکان دا هەرچی زووترە مێز و خوانەکە خـاوێن بکەنەوە، ناتاشـای بـۆ ژوورەکەی خۆی ناردەوە و پاشان خەزووری و خوشکەکەی ئاگادارکردنەوە کە دەبێ دەربارەی مەسەلەیەکی گرینگ گفتوگۆ بکەن، ئەوانی بۆ ژووری نوستنەکەی خۆی، کە عادەتەن دوای نیوەڕۆژە لەوێ ئیسراحەتی دەکرد، برد. میری پیر لەسەر تەختێکی داربەڕوو پاڵکەوت، تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا لەسـەر قەنەفەیەکی گوڵداری کۆن دانیشت و پێیەکانی لەسەر تەپڵەکێک دانا. گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ هەموو دەرگاکانی قفڵ دا و هـات لە خـوار پێی میرلیکوفەوە لەسـەر تەختە خەوەکە دانیشت و ئەوسا بە دەنگی نزم دەستی بە قسان کرد و گوتی:

– هاتنی ئەمڕۆیی تزار بۆ ئێرە بە بەلاش نەبوو، بە بۆچوونی ئێوە، بۆچی هـاتبوو، دەیویست دەربـارەی چی قسە لەگەڵ مندا بکات؟

تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا گوتی:– جا ئێمە لەکوێ بزانین؟

میرلیکوف گوتی:

– لەوەیە بیەوێ بتکات بە فەرمانداری دەڤەرێک یان بتکات بە سەفیرباشی. بەڕێکەوت دەرفەتی ئەم جۆرە پێشـهاتە لەبـارە، چـونکە نەجیمـزادان نەک لە کـار و پۆسـتی نـاوخۆدا دادەمەزرێن، بەڵکو پۆسـتی گرینگـی دەروەشیان پێ دەسپێرن .

زاواکەی میر، برۆی وێکهێنانەوە و بە گرژی گوتی:

– نـا، مـن لە نەسـلی کـۆنم؛ ئیدی دەوری ئێمەمانـان بەسـەرچووە، کەس ئاوڕمـان لێنـاداتەوە، بـا کەسـێکی نەجیمـزادەی ئەرتەدۆکس زۆر لەم تـازە پێیـا کەوتـووە کـافر و دەستفرۆشـانەی کە لە شـەقامانداﭘ* گەورە بوون، بە شەخسیەت تر بێ. بەهەرحاڵ مەسەلەکە ئەم شتانە نیە. (* مەبەسـتی نووسـەر لە منشیکوفە کە بە گەنجی لە شەقامەکانی مۆسکۆدا، شیرینی و کولیچەی فرۆشتووە. وەرگێڕی فارسی).

تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا گوتی:

– کەواتە برای ئازیز پێمان بڵێ، لەم ماوە درێژەدا تزار دەربارەی چی قسەی دەگەڵتا کرد؟ هیچ کێشەیەکت بۆ دروست بووە؟ خودا خۆی بمان پارێزێ!

– نا، ناتوانم بڵێم کێشەم بۆ دروست بووە، بەڵام مەسەلەکە زۆر جدیە و شایەنی بیر لێکردنەوەیە.

– کەواتە زوو بڵێ برا، مەسەلەکە چیە؟ دەربارەی کێیە؟

– دەربارەی ناتاشایە، تزار هاتبووە خوازبێنی ناتاشا.

تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا، ئاماژەیەکی خاچی کێشا و گوتی:

– سوپاس بۆ خوا! کچەکەمان گەورە بووە و وەختی شوویەتی و مادامێکی خوازگار کەسێکی وا گەورەیە، دەبێ زاواش کەسێکی ماقووڵ بێت. خوا بە هەردوولا ئەشق و ئەقڵی ژیان بدات، شانازی و شەرەفێکی گەورەمان پێ براوە. ئێ، تزار کیژێی بۆ کێ دەوێ؟

گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ، دەبیرەوە چوو، ئەوسا گوتی:– ئم! بۆ کێ؟ مەسەلەکە ئەمەیە، بۆ کێ!

میرلیکوف، کە کەوتبووە وەنەوزدان، دووبارە پرسی:– بەڵێ، بۆ کێ؟

گاڤریلا ئاڤانادیوفیچ گوتی:– خۆتان هەڵی بێنن!

خانمی پیر بەرسڤی دایەوە:

– برای ئازیز، ئاخر ئێمە لەکوێ بیزانین؟ لە دەرباردا گەنجانێکی زۆری شایستە و ڕێک و پێک هەن کە هەر هەموویان لە خوایان دەوێ ئەگەر ناتاشای تۆیان بەنسیب ببێت، ئایا دالگوروکی یە؟

– نەخێر، دالگوروکی نییە.

– باشتر، چونکە ئەو کابرایەکی زۆر خۆپەرستە. خۆ شاین یان تریکوروڤ نیە؟

– نەخێر، هیچیان نییە.

– دەیسا باشتر، حەزم لە چارەی ئەوانیش نییە، زۆر بادی هەوان و ئەڵمانی تەبیعەت و زبرن، ئەدی میلوسلاڤسکی نییە؟

– نە، ئەویش نییە.

– دەی باشتر، چونکە ئەویش کابرایەکی دەوڵەمەندی کەودەنە... کەواتە دەبێ کێ بێ؟ یەلتسکی؟ لڤوڤ؟ نە! ڕاگوژینسکییە؟ من کەسی دیکەم لەبیرنییە، دەی خۆت بڵێ تزار ناتاشای بۆ کێ خوازبێنی کردووە؟

– بۆ برایمە ڕەش.

پیرەژن، لە سەرسامیدا قیژەیەکی بۆ کردو هەردوو دەستی دان بە یەکدا، میرلیکوف، سەری لەسەر بالیفەکە هەڵبڕی و چەند جارێک بە هەڵچوونە و ئەم ڕستەی دووبارەکردەوە:– بۆ برایمە ڕەش؟

خانمی پیر، بە دەنگێکی خەمناک گوتی:

– برای ئازیزم، منداڵەکەی خۆت مەفەوتێنە، ناتاشای منداڵکار وبێنەوا ڕادەستی ئەم شەیتانە ڕەشە مەکە.

گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ پرسی:

– چۆن دەتوانم ئەم کارە بکەم؟ ئایا دەتوانم قسەی تزار لە عاردی بدەم، لەکاتێکا ئەو بەڵێنی داوە، لەبری قبووڵی ئەم خوازگارییە، بەهەر هەمووماندا، بە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەمان ڕابگات؟

میرلیکوف کە تازە بەتەواوی بێدار بووبووەوە بە سەرسامی هاواری کرد:
– چۆن؟ ناتاشای نەوەم بدەم بە کابرایەکی ڕەشی زێڕخڕی؟
گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ گوتی:
– بەڵام برایم ڕەشێکی ئاسایی نییە، ئەو کوڕی سوڵتانی ڕەش پێستەکانە کە لەلایەن موسوڵمانەکانەوە بەدیلی گیراوە و لە قستەنتەنیە فرۆشراوە و سەفیری ئێمە لەوێندەر کڕیویەتی بەدیاری داویەتی بە تزار، ماوەیەک لەمەپێش برا ڕەشەکەی برایم، بە شکۆ و جەلالێکی زۆرەوە هاتە رووسیا و...
پیرەژن، قسەی براکەی بڕی و گوتی:
– گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچی ئازیز! ئەفسانە و حیکایەتی میر بوڤاولازاروڤیچمان ژنەوتووە. بڵێ بزانم تۆ چ وەڵامێکی تزارت داوەتەوە؟
– پێمگوت کە ئێمە هەمووومان ملکەچی فرمانی ئەوین و لەسەرمانە لە هەموو کاتێکدا لە ئەمر و ڕای ئەودابین.
لەم کاتەدا دەنگێک لە پشت دەرگاکەوە هات. گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ چوو دەرگا بکاتەوە، بەڵام دەرگا گیربوو و هەرچەند ڕایکێشا نەکرایەوە، کاتێ توندتر گوشاری لە دەرگاکە کرد، دەرگا کرایەوە و ناتاشای بینی کە بەبێ ئاگایی لە ئەرزەکەدا کەوتووە و هەر چواردەوری خوێنە.
کاتێ تزار لەگەڵ بابیدا تاک کەوتبووەوە، دڵی ئەم کیژە خەبەری دابوو و جۆرە هەستێکی پێشوەختە لە دڵ و دەروونی چەسپی بوو کە مەسەلەکەیان دەربارەی ئەوە. کاتێ کە گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ پێی گوتبوو بڕوات بخەوێ، چونکە قسەیەکی نهێنی دەگەڵ پوری و باپیرەیدا هەیە، ئەم گومانەی کیژێ زیاتر بوو و نەیتوانی بەرانبەر بە هەستی کونجکاوانەی ژنانەی خۆی، خۆی بگرێت، ئەوەبوو کە بە دزییەوە هاتبووە پشت دەرگای ژووری نوستنەکەی باوکی و گوێی لە دوا وشەی گفتوگۆکانی ئەوان گرتبوو، بەڵام کاتێ گوێی لە دوا وشەی بابی بوو، کیژەی بێنەوا، ئیدی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دا و، سەری بە توندی کێشا بە قەراخ ئەو سەندووقە ئاسنینەدا کە جیازیەکەی ئەویان تێدا هەڵدەگرت.
خزمەتچیەکان، بە هەشتاو گەیینە شوێنی بویەرەکە، ناتاشایان هەڵگرت و بۆ ژوورەکەی خۆیان برد و لە جێگاکەیدا خەواندیان. دوای ماوەیەک وەخۆ هاتەوە، چاوانی هەڵێنان، بەڵام نە باوکی ناسییەوە نە پووری. تایەکی لێبوو وەکو ئاگر دەسووتا، بەدەم وڕێنەوە باسی ڕەشەی تزار و زەماوەندی دەکرد و لە ناکاوا بە ڕوونی و بە دەنگی بەرز هاواری کرد:
– ڤالرین، ڤالرینی ئازیز. حەیاتەکەی من، فریام بکەوە، ڕزگارم بکە! هاتن... هاتن...
تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا، بە پەشۆکاوی ڕوانیە ڕوخساری براکەی، ڕەنگ بە ڕووی گاڤریلا ئاڤاناسیوڤیچەوە نەمابوو، بەدەم لێو کرۆشتنەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت و بۆ لای میری پیر گەڕایەوە کە چونکە نەیتوانی بوو بە قاڵدرمەکاندا سەربکەوێ، هەر لە خوارەوە مابووەوە.
میر پرسی: – ناتاشا چۆنە؟
باوکی بە نائومێدی بەرسڤی دایەوە:

– زۆر خراپە، خراپتر لەوەی کە وێنام دەکرد، وڕاوە دەکات و قسەی بێ سەر وبەر دەربارەی ڤالرین دەکات.

پیرەمێرد، بە نیگەرانییەوە پرسی:

– ئەم ڤالرینە کێیە؟ هەمان ئەو کوڕە هەتیوە نییە کە بابی عەسکەری پیادەی سوپا بوو و تۆ هێناتە ماڵی خۆت و بەخێو و گەورەت کرد؟

گاڤریلا ئافاناسیوفیچ گوتی:– بۆ نەگبەتی پێموایە ئەو بێت. بابی لەکاتی شۆڕشدا منی ڕزگار کرد و ئیدی شەیتان لە خشتەی بردم و ئەم گورگەم، لەجیاتی ئەو چاکەیەی باوکی، هێنایە ماڵی خۆم. لەبیرمە کاتێ دوو ساڵ لەمەپێش ئەم کوڕە لەسەر داوای خۆی، بۆ فەوج و نەقڵ بوو ناتاشا لەکاتی جیابوونەوە لەو، وەکو بارانی بەهار فرمێسکی دەڕشت و ئەم کوڕە وەکو پەیکەر وەستابوو. ئەم دیمەنە تووشی بەدگومانی کردم و هەر ئەو کاتە، دەربارەی ئەم هەڵوێستە قسەم دەگەڵ خوشکەکەمدا کرد. بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا ناتاشا بۆ تاقە جارێکیش ناوی نەبردبوو و، بە شێوەیەکی گشتی هیچ شتێکمان لە بارەیەوە نەبیستووە. من وام وێنا دەکرد ئەوی فەرامۆش کردووە، بەڵام وادیارە مەسەلەکە وانییە. تەواو بڕیاری خۆم داوە: ناتاشا دەبێ شوو بە برایم بکات.

میرلیکوف، هیچ دژایەتیەکی ئەم بڕیارەی نەکرد، چونکە دەیزانی فایدەی نییە، یەکسەر هەستا و بۆ ماڵ ڕۆییشتەوە. تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا، بەدیار ناتاشاوە مایەوە. گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ کەسێکی بە دووی دکتۆردا نارد و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و دەرگاکەی لە ژوورەوە قفڵ دا و بێدەنگی و خەم باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا.

ئەم پێشنیازە کوت و پڕ و چاوەڕوان نەکراوە، برایمی بە ئەندازەی گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ، ساکان و حاڵ و مەسەلەکەش بەمجۆرەیە:

پەترۆس کە دەگەڵ برایمدا سەرگەرمی کاربوو پێی گوت:

– هاوڕێ هەست دەکەم کە تۆ زۆر دڵشکاوی، ڕاست و ڕەوان بڵێ، بزانم چیت دەوێ؟

برایم، تزاری دڵنیا کرد، کە لە بەختی خۆی زۆر ڕازییە و لەوەی زیاتر هیچی دیکەی ناگەرەکە.

تزار گوتی:

– دەی زۆر چاکە، جا کە تۆ بەبێ هیچ هۆیەک ئەوەندە خەمباری، من خۆم دەزانم چۆن خۆشحاڵت دەکەم.

دوای کۆتایی کاری ئەو ڕۆژە، پەترۆس لە برایمی پرسی:

– ئایا ئەو کیژەت بەدڵە کە لە ئاهەنگەکەی ئەوێ شەویدا، سەمای "منوت"ت لەگەڵ کرد؟

– کیژێکی زۆر نەشمیلە خاوەنشکۆ، زۆریش بە شەرم و حەیا دیارە.

– کەواتە دای بنە بۆ من. حەزت لێیە بۆتی بێنم؟

– من خاوەنشکۆ؟

– گوێ بگرە برایم، تۆ لەم دنیایەدا پیاوێکی تەنیا و تەنیا باڵی، نە پۆستێکت هەیە، نە کەسوکارێک، بۆ هەموو کەسێک غەوارەی جگە لە خودی من، باشە ئەگەر من ئەمڕۆ بمرم، سبەی تۆی بێکەس و کار، تۆی ڕەشی بێنەوای من، چیت بەسەردێت؟ کەواتە تا وەخت بە بەریەوە ماوە دەبێ ژیان و حاڵێک بۆ خۆت

پێکەوە بنەیت، لە ڕێگای پەیوەندیانی تازەوە پشتیوانێک پەیدا بکەیت و لەگەڵ خانەوادە و ماڵباتێکی ئەشرافی ڕووسیادا خزمایەتی بکەیت.

– خاوەنشکۆ، من لە سا و پەنای ئێوەدا زۆر بەختەوەرم. خودا شایەدە مەحاڵە لە دوای تزار کە وەلی نیعمەتی منە، لە ژیاندا بمێنم. ئەمڕۆش لە هیچم کەم نییە و هیچ داوا و ئارەزوویەکم نییە؛ بەڵام بەڕاست ئەگەر بۆ نموونە بمەوێ لەگەڵ ئەم کیژە گەنجەدا زەماوەند بکەم، ئایا خۆی و کەسوکارەکەی قاییل دەبن؟ چونکە شێوەی من...

– شێوەی تۆ؟ کە بیرکردنەوەیەکی گەوجانەیە! تۆ گەنجێکی شایستەیت! ئەمە جگە لەوەی کچ دەبێ گوێڕایەڵی ویستی دایک و باوکی بێ، کەواتە، من بە خۆم دەچمە داخوازی تا بزانم گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ چ دەڵێت.

تزار، بەدەم ئەو قسانەوە فرمانی دا کە خزاگەکە ئامادە بکەن و، برایمی کە لە فکران ڕاچووبوو، بەجێهێشت.

یارۆی ئەفریقایی گەنج لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوە:

– ژن بێنم؟ جا بۆ نەی هێنم؟ ئایا من مەحکوومم بەمەی کە بە درێژایی تەمەنی خۆم بە زوگورتیاتی بمێنمەوە و لە گەورەترین لەزەتی ژیان و پیرۆزترین ئەرکی پیاوێک مەحرووم بم هەر لەبەرئەوەی لە ناوچە گەرمەکان هاتوومە دنیاوە؟ من نابێ بەتەمای ئەوەبم کە ژنێک خۆشی بوێم: چ خەیاڵ پڵاوێکی منداڵانەیە! یان دەکرێ باوەڕ بە ئەشق و ڤیان بکرێت؟ گریمان ئەشق و ڤیان هەیە، ئایا لە دڵی پڕ هەوا هەوسی ژندا هەیە؟ جا کە من بۆ هەمیشە چاوپۆشیم لەم فریوە شیرینە کردووە، کەواتە با ڕێگایەکی دیکە هەڵبژێرم، ڕێگەیەک کە ئاقڵانەتر و دڵفریوترە. تزار ڕاست دەکات کە دەڵێت: من دەبێ بیرێک لە ئایندەی خۆم بکەمەوە. خواستنی کیژە گەنجەکەی رژوڤسکی، من دەکات بە خزمی چینی پڕ شانازی ئەشرافی ڕووسیاوە و ئەمە جگە لەوەی کە دەبم بە هاووڵاتی هەمیشەیی ئەم وڵاتە تازەیەم. من چاوەڕوانی ئەشق و ڤیان لە ژنەکەم ناکەم، بەڵکو تەنیا بە ئەمەکداری و وەفاداری ئەو ڕازی دەبم و دۆستایەتی و هاوڕێتی ئەو بە میهرەبانی بەردەوام و متمانە پێکردن و دانی ئازادی تەواو، بەدەست دێنم.

برایم، حەزی دەکرد خۆی بە کارێکەوە مژووڵ بکات، بەڵام هێزی خەیاڵی زۆر بەهێزتر بوو. بۆیە کاغەزەکانی لەسەر مێزەکە دانا و بە نیازی سووکە پیاسەیەک چوو بۆ کەناری ڕووباری "نیڤا". لەوێندەر، لەناکاوا گوێی لە دەنگی پەتروس بوو، ڕوانیە دەوروبەری خۆی و پەتروسی بینی کە خزاکەکەی مەرەخەس کرد و بە سیمای گەشەوە بەرەو ئەو هات.

کاتێ کە گەییە ئاستی برایم، قۆڵی گرت و گوتی:

– هەموو شتێک تەواو بوو، براپەوە! قەراری زەماوەندەکەتم برانەوە، سبەینێ برۆ خەزووری ئایندەت ببینە. بەڵام تەبیعەتی ئەشرافیانەی ئەو ڕەچاو بکەی ها: خزاگەکە لەبەر دەرگای ماڵەکە ڕابگرە، لە دەرگاکەوە تا بەر کۆشک و سەراکە بە پێیان برۆ و باسی خزمەت و ئیمتیازەکانی بکە... هەڵی بکێشە، ئیدی بەو جۆرە بەتەواوەتی دەچیتە دڵییەوە.

پاشان، بەدەم بادانی داردەستەکەیەوە گوتی:

- هەنوکە من بەرە بۆ لای ئەم "دانلیچ"ە ئەڵچاخە تا دەگەڵ ئەودا دەربارەی خۆهەڵکێشانەکانی دوایی گفتوگۆ بکەم.

برایم لە کانگای دڵەوە سوپاسی ئەم هەموو لوتف و مەرحەمەتە باوکانەیەی پەتروسی کرد بەرانبەر بەم و دەگەڵیا تا بەر کۆشکەکەی میر منشیکوف ڕۆیی و لەوێندەرەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە.

"٦"

ڕوناکی چرایەک، دەیدا لەو سەندووقە شووشەییەی کە خشڵ و زێڕ و زیوی خانەوادەیی کۆنی ئاڤاناسیوفیچی تێدا هەڵگیرابوو و دەبریقایەوە. ئەم ڕوناکییە لەرزۆکە بە زەحمەت ئەو تەختە خەوەی، کە چواردەوری بە پەردە گیرابوو و تەپڵەکێکی لەبەردەمدا بوو کە یەکپارچە شووشەی بچووک و گەورەی دەرمان بوو، ڕووناک دەکردەوە. یەکێک لە هاودەم و کارەکەرەکان لەبەردەم خەرەکەکەی خۆیدا دانیشتبوو و دەنگی نەرم و دڵگیری خەرەکەکەی ئەو تاقە دەنگێک بوو، کە بێدەنگی ژوورەکەی دەشڵەژاند. ناڵەیەکی کز پرسی:- کێ لێرەیە؟

کارەکەرەکە بلەز هەستا و لە تەختە خەوەکە نزیک بووەوە و پەردەکەی بە ئەسپایی لادا. ناتالیا پرسی:

- زۆری ماوە بۆ بەیانی؟

- دنیا خەریکە دەبێ بە نیوەڕۆ.

- ئەدی بۆ وا تاریکە؟

- چونکە پەردەکانمان داداوەتەوە خانم.

- کەواتە خێرا بمگەرێ تا جلەکانم لەبەر بکەم.

- نابێ شتی وابکەیت چونکە دکتۆر لێی قەدەغە کردوویت.

- یانی من نەخۆشم؟ باشە لە کەیەوە وام لێهاتووە؟

- نزیکەی دوو هەفتەیە.

- چۆن شتی وا دەبێ؟ بەزاتی خوا وا هەست دەکەم کە دوێنی لە جێگادا کەوتبم...

ناتاشا، بێدەنگ بوو. هەوڵی دا، بیرە پەریشانەکانی کۆبکاتەوە. دەیزانی شتێکی بەسەرهاتووە، بەڵام ئەم شتە چی بوو، بیری نەدەکەوتەوە. کارەکەرەکە بە دیارییەوە وەستابوو و چاوەڕوانی فرمانی ئەو بوو. لەم کاتەدا دەنگی گفتوگۆیەکی گۆنگ لە قاتی خوارەوە هاتە گوێ.

کیژەی نەخۆش پرسی:- ئەم دەنگە چیە؟

کارەکەرەکە بەرسڤی دایەوە:

- نیوەڕۆژە تەواو بووە و لەسەر خوانەکە هەستاون. ئێستا تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا بۆ ئێرە دێت.

ناتاشا، بە بیستنی ئەم هەواڵە خۆشحاڵ بوو. دەستە لاوازەکانی تەکان دا. کارەکەرەکە پەردەکەی دادایەوە و دووبارە لە پای خەرەکەکەی دانیشتەوە.

دوای چەند دەقیقەیەک، سەری خانمێک بە کڵاوێکی سپی قەراخ پانەوە کە نەواری تۆخی پێوە بەسترابوو، لە درزی دەرگاکەوە وەدیارکەوت و بە دەنگێکی نزم گوتی:- ناتاشا چۆنە؟

کیژەی نەخۆش بە دەنگێکی کز گوتی:- سوپاس پووریَ گیان، حاڵی تۆ چۆنە؟
تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا، بلەز خۆی گەیاندە دیاری.
کارەکەرەکە، کورسییەکی بردە نزیک تەختە خەوەکەوە و گوتی:- کچە خان، حاڵی باشترە.
پیرەژن، بە چاوانی تەژی ڕوندکەوە دانەوییەوە و روخساری هەڵبزرکاو و لاوازی برازاکەی ماچ کرد و لە لایەوە دانیشت. لەدوای ئەو، دکتۆرێکی ئەڵمانی کە کڵاوقژێکی بە سەرەوە و پاڵتۆیەکی ڕەشی بەسەر شانەوە بوو، وەژوور کەوت. نەبزی ناتاشای گرت و یەکەمجار بە زمانی لاتینی و پاشان بە زمانی ڕووسی گوتی کە مەترسی لەسەر نەماوە. ئەوسا قەڵەم و مەرەکەبی داوا کرد و ڕەچەتەیەکی نووسی و هەستا و ڕۆیی. پیرەژنیش هەستا. دووبارە ناتالیای ماچ کرد و یەکسەر و بەپەلە بۆ قاتی خوارەوە ڕۆیی تا ئەم مژدەیە بە گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ بدات.
برایمە ڕەشی پەترۆس بە یونیفۆرمی (جلکی فەرمی) سوپایی و شمشێرەوە، لەکاتێکا کڵاوەکەی نابووە بن باڵی، لە ژووری پێشوازیدا لەلای گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ دانیشتبوو. "کرساکوف"ش لەسەر تەختێکی نەرم دانیشتبوو و گوێی لە گفتوگۆی ئەو دووە دەگرت و دەگەڵ سەگە گەورە بۆرەکەی ماڵەکەدا گەمەی دەکرد. ئەنجام لەم کارە ماندووبوو. هەستا و چووە بەر ئاوێنەکە کە پەناگای هەمیشەیی ئەو بوو. لە ئاوێنەکەدا تاتیانا ئاڤاناسیوڤنای بینی کە لە ناوەندی دوو تاکی دەرگاکەدا وەستابوو و بێئەوەی هیچ ئەنجامێکی دەست بکەویَ، ئاماژەی بۆ براکەی دەکرد.
کرساکوف، بۆ لای ئەوان گەڕایەوە، قسەکەی بە برایم بڕی و گوتی:
- گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ، یەکێک بانگت دەکات.
گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ، یەکسەر هەستا و بۆ لای خوشکەکەی چوو و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست.
کرساکوف، بە برایمی گوت:
- بەڕاستی بە تەحەموولی! ڕێک یەک دانە سەعاتە کە تۆ گویَ لە وڕینەکانی ئەم پیرەمێردە دەربارەی شتە کۆن و توحفەکانی بنەماڵە و خانەدانی "لیکوف" و "ژروڤسکی" دەگریت و لەمەش خراتر ئەوەیە کە تۆش زۆر بە نەزاکەتەوە مدارای دەکەیت و ڕاوبۆچوونی خۆت لەم بارەیەوە دەردەبڕیت! باوەڕبکە من لەجیاتی تۆ بام، ئەم پیرەمێردە درۆزنەم بە هەموو خێڵ و خێویەوە و تەنانەت بەو ناتالیا گاڤریلوڤنا فشەکەر و خۆپەسەندەشەوە، دەکوشت، چونکە ئەم کچە بەدرۆوە خۆی نەخۆش خستووە، دەنا نەخۆشیەکەی زۆر سووکە و هیچ نییە. ئەریَ ڕاست و ڕەوان پێم بڵیَ بزانم ئایا تۆ بەڕاستی ئاشقی ئەم کارمامزە بوویت؟
برایم وەڵامی دایەوە:
- نەخێر، من بەنیاز نیم لە پێناوی ئەشقدا ژن بێنم، بەڵکو دەمەویَ بۆ مەسڵەحەت ژن بێنم و تەواو، تەنیا ئەوەندەم بەسە کە ڕقی لێم نەبیَ، لێم بێزار نەبێت.
کرساکوف گوتی:
- گویَ بگرە برایم؛ وەرە ئەمجارە بەگوێی من بکە، چونکە لە ڕاستیدا من لەوە فامیدەترم کە تۆ وێنای دەکەیت. وەرە ئەم بیرۆکە گەوجانەیە لە مێشکی خۆت دەربکە و دەستبەرداری ئەم ژن و ژنخوازییە ببە.

چونکە ئەوەندەی من تێدەگەم ئەم کیژە کەم و زۆر دڵی بە تۆوە نییە. ئەمە جگە لەوەی لەم دنیایەدا هەموو شتێک لەگینە، بۆ نموونە من بە خۆم گەنجێکی زۆر قۆز نیم، کەچی زۆرجار وا ڕێکەوتووە کە کڵاوم کردووەتە سەر مێردان، هەڵبەتە لەنێو کۆمەڵێک گەنجدا خوا عەلیمە کە زۆریان لە من قۆزتر بوون. تۆ خۆت... ئایا هاوڕێ پاریسییەکەی خۆمانت "کونت – د..." بیرماوە؟ کەواتە چاک بزانە کە هەرگیز متمانە بە وەفای ژن ناکرێت. خۆش بە حاڵی ئەو کەسەی کە سەبارەت بەم بوونەوەرە بێ موبالات و خەمسار‌دە. بەڵام تۆ!... تۆ بەم تەبیعەتە ئاگرین و خانە گومانیەی خۆتەوە، بەم لچ و لێوە ئەستوورەتەوە، بەم لووتە فسەتەوە، بەم قژە لوولەتەوە، پەلەی ژن هێنانت چیە، ئەم پەلەپەلە جۆرەها مەترسی و کێشەت بۆ دروست دەکات!...

برایم، بە ساردی قسەکەی بڕی و گوتی:

– زۆر سەپای ئامۆژگاریە دۆستانەکانت دەکەم، بەڵام ئایا ئەم پەندەت ژنەوتووە کە دەڵێت. ئەرکی تۆ نییە منداڵی خەڵکی بخەوێنیێ؟

کرساکوف، بە پێکەنینەوە بەرسفی دایەوە:

– ئاگات لە خۆ بێ برایم، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان داوا لە خۆت نەکەن کە ئەم پەندە دەقاودەق پراکتیزە بکەی.

لەم کاتەدا، گفتوگۆ و دان و سان لە هۆڵەکەی تەنیشتەوە زۆر گەرم بووبوو. خانمی پیر بە براکەی دەگوت:

– کچەکەی خۆت دەکوژیت، مەحاڵە بتوانێ دەگەڵ ئەم دێوە بێ ڕەزایەدا هەڵبکات.

برا سەر سەختەکەی بەرسڤی دایەوە:

– خوشک گیان من ناڵێم تۆ بیڵێ؛ ڕێک دوو دانە هەفتەیە کە ئەم گەنجە وەکو دەزگیرانی ناتالیا هاتوچۆی ماڵی ئێمە دەکات و بەدرێژایی ئەم ماوەیە تاقە جارێکیش دەزگیرانەکەی خۆی نەدیتووە. ئەنجام ئەم کوڕە وای لێدێت کە وا وێنا بکات کە نەخۆشیەکەی ناتالیا، درۆ و دەستکردە و ئێمە تەنیا دەمانەوێ کات بەسەر بەرین، تا بە هەر شێوەیەک بووە خۆمان لە شەڕی ئەو دووربخەینەوە، ئەوسا کە تزار چ دەڵێت؟ بەخۆی تا ئێستا سێ جاری خەڵک بۆ هەواڵپرسی ناتالیا ناردووە. تۆ هەر کارێکت دەوێ بیکە، بەڵام من شەڕی ئەوم پێناکرێ و نایکەم.

تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا گوتی:

– خودایا. چی بەسەر منداڵە بەلەنگازەکەم دێت؟ کەواتە ڕێم بدە با بچم بەلای کەمەوە بۆ ئەم دیدارەی ئامادە بکەم.

گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ ڕازی بوو و بۆ ژووری میوان گەڕایەوە و بە برایمی گوت:

– شوکر بۆ خوا! مەترسیەکەی لەسەر نەماوە، ناتالیا زۆر باشتر بووە. ئەگەر میوانە ئازیزەکەمان "ئیڤان یوگراڤیوفیچ" ڕوخسەتم بدات، حەزم دەکرد تۆ ببەمە نهۆمی سەرەوە، تا چاوێکت بە دەزگیرانە جوانەکەت بکەوێ.

کرساکوف، پیرۆزبایی چاکبوونەوەی ناتالیای لە گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ کرد و داوای کرد کە خەمی ئەمی نەبێ و دڵنیای کرد کە بەبێ ئەوەش هەر پێوە بوو کە بڕوات، ئەوجا بێئەوەی بیڵێ خانەخوێیەکەی بەڕێ بکات، بلەز لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

لەم کاتەدا تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا بەهەشتاو خۆی بە ژوورەکەی کیژە نەخۆشەکەدا کرد تا بۆ پێشوازی میوانە ترسناکەکەی، ئامادە بکات. دوای ئەوەی چووە ژوورەوە، لەلای تەختە خەوەکەوە دانیشت تا پشوویەک بدات و هەناسەی وەبەر بێتەوە. پاشان دەستی ناتاشای گرت؛ بەڵام بەرلەوەی فریای یەک وشە بکەوێ، دەرگا کرایەوە.

ناتاشا پرسی:- کێیە؟

پیرەژن، دڵی داخورپا، گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ پەردەکەی لادا و بە ساردی تەمەشایەکی کیژەی نەخۆشی کرد و لە حاڵی پرسی. ناتاشا دەیویست بە ڕوویەوە بگرژێتەوە، بەڵام نەیتوانی، نیگای گرژ و مۆنی بابی لە ناخەوە هەژاندی و حاڵی تێک چوو. لەم کاتەدا وای هەست کرد کە یەکێک بە دیار تەختەخەوەکەیەوە وەستاوە، بەزەحمەت سەری هەڵبڕی و لەناکاوا ڕەشەکەی تزاری ناسییەوە. هەنگێ هەموو شتێکی وەبیرهاتەوە و هەرچی ترسی ئایندە هەبوو لەبەر چاویدا بەرجەستە بوو. کە ئەم دیمەنەی بینی لە ناخی ڕوحیەوە داچڵەکی، لێ لەوە ماندووتر و کەسیرەتر بوو، کە هەست بە داچڵەکینەکەی بکرێت. دووبارە سەری نایەوە سەر بالیفەکە و چاوانی نوقاندن... دڵی بە ئازارەوە لێی دەدا. تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا، ئاماژەی بۆ براکەی کرد کە نەخۆشەکە دەیەوێ بخەوێ و بە ئەسپایی لە ژوورەکە وەدەرکەوتن و تەنیا کارەکەرەکە کە لە جێی خۆی لە پای خەڕەکەکە دانیشتبوو، لە ژوورەوە مایەوە.

کچەی بەدبەخت، چاوانی هەڵینا، کە کەسی لە ژوورەوە نەبینی کارەکەرەکەی گازکرد و گوتی بچێ بە دووی ئەو کچە کورتیلەیەی کە لە ماڵی ئەماندا دەژیا. بەڵام ڕێک لەم کاتەدا کیژێکی خڕەڵە و بە تەمەن وەکو تۆپێک بەسەر عاردیدا غل ببێتەوە، هاتە دیار تەختەخەوەکەی ناتاشا. ئەم کیژە کورتیلەیە کە نێوی "لاستوچکا" بوو، بە هەموو هێزێکی لاقە کورتەکانیەوە، بە غاردان دووی گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ و برایم کەوتبوو و خۆی لە پشت دەرگاکەوە حەشار دابوو.

ناتاشا، هەرکە چاوی بەو کەوت، کارەکەرەکەی ناردە دەرەوە. کورتیلە لەسەر تەپڵەکێک لە تەنیشت تەختەخەوەکەوە دانیشت. هەرگیز لە دنیادا نەبینراوە کە ئەم هەموو وزەیە لە جەستەیەکی قەڵەو و بچووکی وادا کۆبووبێتەوە. ئەمە خۆی لە هەموو کارێک هەڵدەقورتاند و گشت شتێکی دەزانی. بە زیرەکی خۆی توانی بووی خۆی لەلای هەموو ئەندامانی خانەوادەکە خۆشەویست بکات و لە ئەنجامی ئەم خۆشەویستیەوە هەموو کارەکەرەکانی ماڵەکە، کە زۆر بە توندی چاودێری دەکردن، ڕقیان لێی بوو. گاڤریلا، بە وردی گوێی لە چیرۆکەکانی، لە سکاڵا و پرسیارە بێ بایەخەکانی دەگرت. تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا، هەمیشە دەربارەی کێشەکانی ژیان پرس و ڕاوێژی پێدەکرد و بە قسەی دەکرد. ناتاشا، زۆری خۆش دەویست، هەرچی هزر و بیر و کەڵکەڵە و خەم و خولیا و سۆز و گودازی دڵە شازدە ساڵانەکەی هەبوو، بۆ ئەوی هەڵدەڕشت.

ناتاشا گوتی:- لاستوچکا، دەزانی بابم بەتەمایە من بدات بەم کابرا ڕەشە؟

کورتیله، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و ڕوخساری پڕ چرچ و لۆچی، هێندەی دی پڕ لۆچ بوو.

ناتاشا لەسەری ڕۆیی:- ئایا هیچ چارێکی دی نییە؟ ئایا بابم بەزەیی بە مندا نایەتەوە؟

کورتیله، کڵاوەکەی لەسەری ڕێک خستەوە و سەری بەملا و بەولادا بادا کە نەء.

- ئایا باپیرم یان پوورم، بۆم تێناکەون؟

- نەخێر کیژەخانم! لە ماوەی ئەم نەخۆشیەی تۆدا ئەم کابرا ڕەشە توانیویەتی هەموو کەسوکارەکەت ئەفسوون بکات. ئاغا شیفتەی ئەو بووە، تاتیانا ئاڤاناسیوڤنا دەڵێت حەیفێ کە ئەم پیاوە ڕەشە، چونکە ئێمە زاوای لەمە باشترمان دەست ناکەوێ. تاقە کەسێک کە لێی دەخوێنێ و قسەی پێ دەڵێت میر لیکوفە.

ناتاشای بەلەنگاز ناڵەیەکی بۆ کرد و گوتی:- خودایا! خودای من!

کورتیله، لەکاتێکا دەستەلاوازەکەی ئەوی ماچ دەکرد گوتی:

- مەناڵێنە نازەنینەکەم، ئەگەر تۆ شوو بەم ڕەشە بکەیت، نانت دەکەوێتە ڕۆنەوە، هەرگیز لە ئەمر و ڕات دەناچێت و هەموو کارێک بە دڵی خۆت دەبێت. ئێستا دنیا گۆڕاوە، وەکو جاران نەماوە. مێردان چیتر ناتوانن بە قفڵ و زنجیر دەرگا لەسەر ژنەکانیان دابخەن، دەڵێن ئەم ڕەشە زۆر زەنگینە، تۆ کۆشکێکی یەجگار بەشکۆت دەبێت و ژیانت بە خۆشی دەگوزەرێ.

ناتاشا، بە ئەسپایی گوتی:- ژارۆ ڤالرین!

لێ دەنگی هێندە نەوی بوو کە تەنیا کورتیله، ئەویش بێ ئەوەی گوێی لە وشەکانی بووبێ، دەیتوانی بە مەزەندە بزانێت کە چی گوتووە، ئەمیش، بە دەنگێکی ڕازئامیزی یەجگار نزم گوتی:

- بەڵێ خانم... وایە! ئەگەر تۆ کەمتر بیرت لەم ڤالرینە بکردباوە، بەدەم وڕینەکانتەوە ناوت نەدەهێنا و باوکت بەم ئەندازەیە تووڕە نەدەبوو.

ناتاشا کە تەواو شڵەژابوو، بە سەرسامی گوتی:

- چی؟ من بەدەم وڕینەوە ناوی ڤالرینم بردووە؟ باوکیشم گوێی لێ بووە و لەسەر ئەمە تووڕە بووە؟

کورتیله گوتی:

- بەڵێ، تەنیا ئەم شتە کێشەی دروست کردووە، چونکە ئەگەر ئێستا بتەوێ داوا لە بابت بکەیت نەتدات بەم ڕەشە، لە دڵی خۆیدا وا وێنا دەکات کە هۆی ئەم داوایەی تۆ خۆشەویستی ڤالرینە، بۆیە ئیدی هیچ کارێک ناکرێت جگە لەوەی مل بۆ باوکت بدەیت، چونکە ئەوەی ئەو دەیەوێ ببێ، هەر دەبێت و تەواو.

ناتاشا، بەرسڤی نەدایەوە، بیری ئەوەی کە ڕازی دڵی لە لای بابی ئاشکرا بووبوو، کارێکی زۆری لە بیر و خەیاڵی کردبوو، ئێستا تەنیا یەک ئومێدی بۆ مابووەوە، ئەویش بریتی بوو لەوەی لە سەرگرتنی ئەم زەماوەندە قێزەونە و هاتنی شەوی گواستنەوەی بمرێت! ئەم بیرۆکەیە کەمێک سوکنایی پێ بەخشی و بەو دڵە خەمناک و جەستە لاوازەوە خۆی بە چارەنووس سپارد.

"٧"

لە خانووەکەی گاڤریلا ئاڤاناسیوفیچ دا، بەدەستەڕاستی بەر تاقەکەدا، ژوورێکی تەنگ و چکۆلە هەبوو کە یەک پەنجەرەی هەبوو، ئەم ژوورە تەختە خەوێکی سادەی بەیەک لێفەی خورییەوە تێدابوو، تەپڵەکێکی

چکۆلەی لە دارکاژ لە بەردەم تەختەخەوەکەدا هەبوو کە مۆمێکی پیوینی لەسەر دەسووتا. چەند دەفتەر چەیەکی کراوەی نۆتەی مۆسیقاشی لەسەربوو. دەستێک یونیفۆرمی (جلکی فەرمی) شینباوی سوپایی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، کڵاوێکی سێ گۆشەشی لە تەنیشتەوە هەڵواسرابوو، لە سەرووی کڵاوەکەوە وێنەیەکی بەد چاپی، شارلی دوازدەیەمیش بەسەر ئەسپێکەوە بوو کە بەسێ بزماران بە دیوارەکەوە داکوترابوو. لەم ژووره پەرپووتەدا، ئاوازی فلوت، دەنگی دەدایەوە، دیلە سوێدییەکە کە هەمان مامۆستای سەمابوو، شەو کڵاوێکی لەسەر کردبوو و دەستێک جلکی کەتانی لەبەرکردبوو و دەیویست ماندوویەتی شەوی زستان، بە ژەنینی یەکێک لە مارشە کۆنەکانی سوید، کە ڕۆژانی خۆشی لاوی وەبیردێنایەوە، لە لەشی دەربکات . دوای ئەوەی دوو دانە سەعاتی خشتی بەم مەشقەوە بردە سەر، فلوتەکەی کرد بە دوو بەشەوە و لە کیفێکی ناو، ئەوسا کەوتە خۆگۆڕین و داکەندنی جلەکانی.

ڕێک لەم کاتەدا دەسکی دەرگای ژوورەکە بادرا و گەنجێکی باڵابەرز و قۆز کە یونیفۆرمی سوپایی لەبەربوو هاتە ژوورەوە. ئەفسەرە دیلە سوێدییەکە بە سەرسامی هەستا. ئەو گەنجەی کە وەژوورکەوت بە دەنگێکی پڕ لە هەڵچوون و لەرزۆکەوە گوتی:

- گوستاڤ ئادامیچ من دەناسیت... ها؟ ئەو کوڕیژگەیەی کە هەمووجار دەرسی سوپاییت پێ دەگوتەوە و چیوای نەمابوو بەهۆی تەقاندنی تۆپێکی چکۆلەی منداڵانەوە لەم ژوورەدا، ئاگرێک، بەرپا بکەیت، لەبیرت نەماوە؟ گوستاڤ ئادامیچ لە نزیکەوە ڕوانیە ڕوخساری و ئەوسا لەپڕ باوەشی پێدا کرد و هاواری کرد:

- ئەها، ئەها، لەکەیەوە لێرەی؟ وەرە دانیشە منداڵی نەزان، وەرە با قسان بکەین.

(١٨٢٧)

ئەم چیرۆکەش مخابن یەکێکە لە نووسینە نیوەچڵ و تەواو نەکراوەکانی پوشکین کە لەدوای مەرگی ئەو بڵاوبووەتەوە، ئەو مەرگە لە ناکاوەی مەودای نەدا کە ئەم چیرۆکە تەواو بکات.

"وەرگێڕی فارسی"

ئەمرۆ ٢٠١٧/٣/٢٧، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لەپاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە پاچڤەم کردووە:

دوربروفسکی/ مجموعە سە داستان از آلکساندر پوشکین/ ترجمە هوشنگ مستوفی شرکت چاپ فردوسی/ تهران/ ١٣٣٨.